




# بەشێک لە بابەت و نووسراوەکانی هاوڕێی تێکۆشەر عومەر باڵەکی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عومەر باڵەکی ................. هەیاس کاردۆ ......... لاپەڕەی..... ٦

سالی ٢٠١٢....................... بۆ لاپەرەی ......... ١٠

٢- سیاسەتی ئیعدام بۆ پێشگیری لە بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان

٣- کارەساتی هەڵەبجە زامێک بە جەستەی مرۆڤایەتی‌یەوە بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجەوە

٤- چەند وتەیەک لە سەر دادگایی پێشەواو هاوڕێیانی

٥- نیزامی کۆماری ئیسلامی‌و سیستمی کۆماری

٦- بە بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن

٧- شووڕای نیگابانو چاوەدێریی ئیستیسوابی «استصوابی»

٨- پێگەی سەرکۆمار لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا

٩- کێ لە پاراستنی لێرەوارەکانی کوردستان بەرپرسیارە؟

١٠- عومەر باڵەکی: "ئێمە ئەرکمان نوێنەرایەتیی حیزبی خۆمان نییە، ئەرکمان نوێنەرایەتیی رۆژهەلاتی کوردستانە"

١١- ٩٣ ساڵەی پەیمانی سیورو چەند سەرنجێک

١٢- بیرەوەری یەک شەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی...

١٣- قانوونی سزادانی ئیسلامی و دەست ئاوەڵەبوونی زیاتری رێژیم بۆ ئێعدام

١٤- ێگەی ژن لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا.

١٥- ئایا گیرۆدە بوون بە مادەهۆشبەرەکان تاوانە یا نەخۆشییە؟

## ساڵی ٢٠١٤ .................. بۆ لاپەڕەی ............ ٦١


١٦- تێڕوانینێک لە مەنشوور مافی شاروەندی «روحانی»

١٧- دادوەری لە کۆماری کوردستاندا

١٨- خوێندن بە زمانی زگماکیو هەڵوێستەیەک

١٩- ئەرکی نوێنەرە کوردەکان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئیران

٢٠- مافی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا

٢١- پەرەگرتنی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا

٢٢- کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی رووداوەکاندا

٢٣- ٢١ی خاکەلێوە ساڵرۆژی حوکمی دادگای میکۆنۆس

٢٤- جینایەتی بەندی٣٥٠ی زیندانی ئێڤینو خوێندنەوەیەک بۆ مافی زیندانیان

٢٥- چەند سەرنجێک لەسەر وتارەکەی سەرکۆنسوولی ئێران لە سلێمانیە

٢٦- دەزگای قەزایی ئێران و دژایەتی لە گەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

٢٧- لابردنی ناوە کوردییەکان لە سەر تابلۆی دوکانو کۆمپانیاکان بە چ مەبەستێک؟

٢٨- رۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ ئیعدامو بەرپرسایەتی کۆماری ئیسلامی

٢٩- وەزارتی ئیتلاعاتو بەرژەوندیی کۆماری ئیسلامیو کۆمەڵگای ئێران

٣٠- تاوانی پرژاندنی ئەسیدو فتواو قانونەکانی کۆماری ئیسلامی

٣١- ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێو دەرئەنجامەکانی

٣٢- سەد ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانیو مەسەلەی کورد

٣٣- دوو لایەن بە دوای چیدا دەگەڕێن؟

٣٤- رۆژی پێشمەرگە، رۆژی هەلکردنی ئاڵای کوردستان

**ساڵی ٢٠١٥ ...................... بۆ لاپەڕەی............ ١٣٠**

٣٥- کۆماری ئیسلامیو داعش دوو ڕووی دراوێکن

٣٦- هەڵوێستەیەک لەسەر ناوی کۆماری کوردستان

٣٧- ڕووحانیو پرسی ئابووریو ڕێفراندۆم

٣٨- سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و دەسکەوت بۆ گەلانی ئێران

٣٩- ڕۆژهەڵاتی کوردستان وهەواڵی چالاک بوونی داعش

٤٠- شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی چالاکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٤١- ژن لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا

٤٢- کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاڵۆزییەکانی یەمەن

٤٣- لە ڕۆژی شەهیداندا وەفایەک بۆ ژنانی شەهید

٤٤- لێک تێگەیشتنی لۆزان سەرکەوتنی ئەتۆمی یا ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابووری

٤٥- پیلانێکی نوێی ڕیژیم بۆ بەدناوکردنی ناوی پێشمەرگە

٤٦- ئایا پەرەپێدانی گەندەڵیو ئیدارەکردنی وڵات پێکەوە هاوسەنگەن؟

٤٧- پاساوی تەقەکردن لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

٤٨- یادێک لە ٥٩ شەهیدی مەهاباد

٤٩- مهابادو دیسان خەمی لەدەستدانی تێکۆشەرێک

٥٠- با هەوڵ نەدەین مەقبوڵیەت بە جاشایەتی بدەین، هەوڵ بدەین بنبڕبکرێ

٥١- چەکی شیمیایی و کارەساتی شاری سەردەشت

٥٢- کێ بەرامبەر بە مەرگی ئاکام تەلاج بەرپرسیارە؟

٥٣- لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەیەکەوە یادێک لە ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلیار و هاوڕێیانی

٥٤- سەفەری روحانی بۆ پارێزگای سنە و هەڵوێستەیەک

٥٥- حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەریی وڵات لەریگەی قانوونەوە

٥٦- حیزبی دێموکڕات و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەی بە شوڕاکان

٥٧- تێرۆری میکۆنۆس و دەرەنجامەکانی

٥٨- هەڵوێستەیەک لە سەر قسەکانی روحانی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا




سەرچاوە
Serchawe

٥٩- سەرنجێک لە دادپرسی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا
٦٠- رفتاری نامرۆڤانەی زیندانوانان، رووی راستەقینەی کۆماری ئیسلامیە
٦١- ئیعدام، کەم کردنەوەی تاوان یا پەرەپێدانی
٦٢- لە پەراوێزی قسەکانی روحانی لە کردنەوەی پیشانگای چاپەمەنی
٦٣- هەڵبژاردن و پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا
٦٤- لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک نانی تەنگانە و ئیمانی پێشمەرگە

## ساڵی ٢٠١٦ .................. بۆ لاپەڕەی....... ٢٢٦

٦٥- ڕوانینێک بۆ قسەکانی رووحانی لە کونفرانسی "وحدت اسلامی"دا
٦٦- ڕەفتاری دووفاقەی کۆماری ئیسلامی و حوکمی ئیعدام
٦٧- پێشێل کردنی مافی کەمینە نەتەوەو ئایینییەکان لەژێر ناوی قانوون
٦٨- کارەساتی هەڵەبجە و ناسینی بە ژینوساید
٦٩- لە پەراوێزی سەفەری روحانی بۆ تورکیە
٧٠- با رۆژی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە: رۆژی یەکیەتیی نەتەوەیی
٧١- دیسان چەواشەکردنی ڕاستییەکانی کوردستان
٧٢- سەفەری روحانی بۆ مەهاباد و چەند سرنجێک لە قسەکانی
٧٣- شیمیایی بارانی سەردەشت و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی
٧٤- بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت و راگرتنی شەڕی ئێران - عێراق
٧٥- ٢٥ی گەلاوێژ لە روانگەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان"(١٣٢٤)ەوە
٧٦- سزای ئیعدام؛ کەم کردنەوەی تاوان یان پەرەپێدانی!
٧٧- ٢ی خەزەڵوەر ساڵرۆژی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٧٨- سرنجێک لەسەر قسەکانی پاسدار رەحیم سەفەوی
٧٩- ٢٦ی سەرماوەز لە چەند قۆناغی مێژوویی‌دا
٨٠- تنۆکێک لە دەریای فیداکاریی پێشمەرگە

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عومەر باڵەکی




**هەیاس کاردۆ**

باریکەرێی نێوان ماڵان و سەر "چاک"ی، وەک مارێکی رەش خوار و پێچەی دابوویە. ئەو رۆژەش وەک هەموو رۆژانی زیارەت، ریزی نەپچڕاوەی باوەڕمەندان رێچکەی بەرەو گردیان گرتبوو هەتا دەگەڵ "پیر"ی خۆیان راز و نیاز بکەن. هەر کەس ئاواتێکی هەبوو: کیژان و کوڕانی گەنج بۆ گەیشتن بە دڵدار داوای یارمەتی‌یان لە "پیر" دەکرد. بەساڵداچووان دوعای دوور بوون لە بەڵا و موسیبەتیان دەکرد. نوێ بوکان چاوەڕێی یەکەم منداڵی کوڕ بوون. وەرزێڕان ساڵێکی پڕپیت و بەرەکەتیان دەویست. ژن لە دەست ئازاری مێرد شکایەتی هەبوو. پیاو بە سرتە هێندێک شتی دەدرکاند و... لەپڕ، لەو بەری ئاوایی‌ڕا ریزی چەک لە شانانی بەهەیبەت وەدیار کەوتن. ئەوان رێگایەکی دووری دوای تێکهەڵچوونیان بڕیبوو، دەبوایە لە شوێنێک بحەسێنەوە. هەر کە دوایین دەستەی رێچکە بەستووانی بەرەو "چاک" کۆڕی خەباتکارانیان دی، رێگایان گۆڕی و سەربەرەوخوار داگەڕان. بە دوای ئەوانیشدا شەپۆلی ئەویندارانی ئازادی خۆی دەباوەشی "پێشمەرگە" هاویشت. گۆڕەپانی دەوری ئاوایی بوو بەجێ زیارەت و دەوری "چاک" چۆڵ کرا. دواتر رەشبەڵەکی کچان و کوڕان دەست لە نێو دەستی پێشمەرگە گەرم داهات. جارێکی دیکە "ماسی" خۆی لە نێو دڵی "دەریا"دا دیتەوە. هەموو بە ئاواتی دڵ گەیشتن.

کاتێک هێزی وەگەڕخەری کۆمەڵ پەکی دەکەوێ، نوتفەی سەرهەڵدانی زوڵم دەگوورێ. کە زوڵم سەری هەڵدا، بێدەرەتانی پەرە دەگرێ. ترس، زادەی نەکبەتی بێ دەرەتانی‌یە و هەر خۆشی پەرەپێدەری زوڵمی زیاترە. هەتا مەیدانی زوڵم بەرینتر

بێ، زاڵم غەڕڕەتر دەبێ. هەر کە ترس لە زاڵم دڵی مرۆڤەکانی ڕێک گوشی، مێشکیشیان لە تێکۆشان دەوەستێنی و هەر بۆیە مەیدانی ڕمبازێنی زاڵم زیاتر دەبێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا بەشی زۆری ئینسانەکان مل بۆ "چارەنووس" کەچ دەکەن و چاوەڕێی دەستێکی یارمەتیدەرن ڕزگاریان بکا. لە نێو ئەو دنیای بێدادی و ناهومێدی‌یەدا، "پێشمەرگە" دێتە مەیدان و شەق لەو "چارەنووس"ە هەڵ دەدا. ئەو خاوەن غیرەت و خاوەن بڕیار و خاوەن ئیرادەیە، هەر بۆیە خۆشەویستە.

***

ناوی عومەر باڵەکی لە ریزی تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و مەیداندارانی خەباتی چەکداری‌دا، ناوێکی تەواو ئاشنا و جێکەوتوویە. هەر کەس مانای فیداکاری بزانێ و دەگەڵ ترس بێگانە بێ، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس خەڵکی خۆش بوێ و لە ڕێی ئامانجەکانی گەل‌دا خۆی ماندوو بکا، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس چەکی شانازی لە شان کردبێ و هەوراز و لێژی کوردستانی بڕیبێ، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس پێشمەرگە بووبێ، پێشمەرگە مابێتەوە و پێشمەرگە خۆشەویست بێ، باڵەکی دەناسێ. لە باسی ئەمجارەی "مێژووی زیندوو"دا ڕێز لە خەباتکارێک دەگیرێ کە لەپڕ چەکی تاو داوەتێ، خۆی لە مەیدانی بەربەرەکانی‌دا تاقی کردۆتەوە، دەگەڵ ڕەوتی شۆڕش هاتوە و هەدای نەداوە، کۆڵەبارێکی لە ئەزموون و دەرسی بەرخۆدان دەگەڵ خۆ هێناوە و خەریکە دڵ ئاواڵایانە بۆ ئێمەی ڕۆ دەکا. کاک عومەر لەو پێشمەرگە بەوەفا و بەئەمەگانەی کوردە کە پێویستە دەرسی لێ فێر بین و بیری تێکۆشەرانەی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.

با بزانین کاک عومەر چۆن ڕیزی پێشمەرگەی هەڵ بژاردوە: "لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧دا لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بووم و وردەوردە بەرەو تەشکیلاتی ئەو حیزبە چووم و کاتێک وەخۆ هاتمەوە ببوومە پێشمەرگە". هەڵگرتنی چەک تەکانێک و خۆ بەنێو شەپۆلە سامناکەکانی شەڕی چەکداری کردن، تەکانێکی دیکە بوو. عومەر کە ئێستا ئیدی نەک هەر پێشمەرگەی دەدی، بەڵکوو بۆخۆشی پێشمەرگە بوو، ئەو داستانانەی دەورانی منداڵی وەبیر دەهاتنەوە کە لە بارەی پێشمەرگە بیستبوونی و جا ئەوجار دەیزانی پێشمەرگە چ مانایەکی قووڵی هەیە. لەمێژ نەبوو چەکی هەڵ گرتبوو کە بۆ بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی سەقز و مەریوان ناردرا و لە بەر بێ‌ئەزموونی ئێستاش نەیزانی چی کرد و چۆن گەڕایەوە.

خۆشەویستیی وڵات و باوەڕمەند بوون بە خەبات و تێکەڵاوی دەگەڵ کۆڕی یارانی چاونەترس و بەورە، عومەری لە درێژەدان بە پێشمەرگایەتی سەرخۆشتر کرد. بڕیارێک کە دابووی پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبوو. هاواری ئەو، وەک هاواری هەزاران تێکۆشەری دیکە، هەدانەدان هەتا وەدیهێنانی ئاواتەکانی گەل بوو. بۆ گەیەشتن بە مەبەست، سەختیی ڕێگا و مەترسی‌یەکانی ژیان و دوور بوون لە بنەماڵە هیچ گرینگ نەبوو. ئەوەی بیری ئەو لاوەی بەخۆیەوە خەریک کردبوو خۆماندوو کردنی زیاتر و ئیدیعای کەمتر بوو. ماوەیەک مانەوە لە ناوچەی مەهاباد و دوایە گیرسانەوە لە سوێسنایەتیی سەردەشت و تێکەڵاو بوون دەگەڵ خەڵکی خۆڕاگری ئەو دەوەرە و هاوسەنگەر بوون دەگەڵ پێشمەرگەی قەت نەبەزی موعینی (دواتر بوو بە گیارەنگ)، دەرسێکی باشی دا بە کاک عومەر و فێری خۆڕاگریی زیاتر و تەحەمولی هەر جۆرە سەختی‌یەکی کرد. ئەو کە لە مەڵبەندی مەهاباد دەگەڵ کارناسە نیزامی‌یەکانی وەک سەرگورد عەبباسی و کاک هەژار و سەرهەنگ چیا

کاری کردبوو، لە ناوچەی سەردەشتیش بوو بە هاوڕێی چەندین فەرماندەی هەڵکەوتووی ئەو دەوەرە. دوای چەندساڵ مانەوە لە ریزی خەباتکارانی ناوچەکانی سەردەشت و وەرگرتنی چەند بەرپرسایەتی وەک سەرپەل و سەردەستە و کادری سیاسیی لک، سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا وەک فەرماندەری هێزی زاگرۆس لە ناوچەی سنە دیاری کرا و پاش ٣ مانگ مانەوە لەو شوێنە کرایە فەرماندەی هێزی شەهید پێشەوا و بەمجۆرە دووبارە بە دیداری مەڵبەندی دڵبەندی خۆی شاد بۆوە.

کە لێی دەپرسم ئەرکی فەرماندەری هێزی پێشمەرگە چیە؟ باڵەکی واقیع بینانە جواب دەداتەوە و دەڵێ:" فەرماندەی هێزی پێشمەرگە سەرەڕای ئەوە کە دەبێ گەلاڵە و تەرحی هەبێ بۆ جێبەجێکردن، دەبێ خۆشی یەکێک بێت لە شەڕکەرە باش و ئازاکان. فەرماندەری پێشمەرگە سەرەڕای ئەرکی فەرماندەریی هێزەکەی خۆی، دەبێ کادرێکی باشی سیاسی بێت و ئاگاداری بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکەی خۆی بێت و بتوانێ ئامانج و ئەهدافی سیاسی بۆ خەڵک شی بکاتەوە و بەتایبەت دەبێ توانای تێگەیاندنی خەڵک و پێشمەرگەی هەبێ لە مەسەلەکان". دیارە فەرماندەرێک بەو ئامادەییەوە و بە لە بەردەستدا بوونی ئەزموونی چەند ساڵەی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا، شانسی سەرکەوتنی زیاتر و رادەی خۆشەویستیی لە نێو هاوسەنگەرانیدا پترە. هەر واش بوو، عومەری باڵەکی لە هەموو ئەوساڵە سەختانەی شەڕی مان و نەماندا، ئازایانە پێشمەرگایەتی کرد، لێزانانە فەرماندەریی کرد، دڵسۆزانە حیزبایەتی کرد، رەفیقانە هاورێیەتی کرد و ئەمەگدارانە پەیمانی بردە سەر.

بەخۆشییەوە کاک عومەریش وەک زۆر پێشمەرگەی نێو سەنگەر، هاوکات لە چەند بواردا شارەزایی پەیدا کردوە و هەرکات پێویست بووبێ ئەرکی دیکەشی وەئەستۆ گرتوە. بە گشتی لە ماوەی زیاتر لە ٣ دەیە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام لە رێی ئازادیدا، لەو رۆژەوە بە بێئەزموون چەکی تاو داوەتێ و رەگەڵ دەریای چەکبەدەستان کەوتوە، هەتا ئێستا کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەیەتی ئەم بەرپرسایەتییانەی هەبوە:

پێشمەرگە، سەرپەل، سەردەستە، کادری سیاسیی لک، فەرماندە هێز، بەرپرسی کۆمیتە شارستان، موشاویر، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و ئەندامی دەفتەری سیاسی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە و گەلیک بەرپرسایەتیی دیکەش.

کاک عومەر لەساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا ساڵی ١٣٧٥ بەردەوام لە ریزی پێشمەرگەدا شاخ و کێو و دەشت و دەری کوردستانی کردوە، دێ بە دێ گەڕاوە، خەڵکی بەسەر کردۆتەوە، فەرماندەریی پێشمەرگەی کردوە، سیاسەتەکانی حیزبەکەی بردۆتە نێو کۆمەڵانی خەڵک، پێشی پەلاماری هێزی دوژمنی گرتوە و هێرشی بردۆتە سەر مۆڵگە و دام و دەزگای بەکرێگیراوان. لە هەمووی ئەو ساڵانەدا بە دەیان جار لە مەترسی کەوتوە، چوارجار بریندار بوە و هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی، خۆی گەیاندۆتەوە مەیداندکانی شانازی خوڵقاندن. لەو ماوەیەدا دەیان جار بۆ مەرگی سووری هاوسەنگەری

فرمێسکی هەڵ وەراندوە و خەمی لەدەستدانی رۆڵەی کورد ئەوکی رێک گوشیوە. هەمووی ئەوانە لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلەکەیدا کراون و خۆی گوتەنی چەندی دیکەش پێویست بێ ئامادەی بەڕێوە بردنە. بەڕاستی ئێمە لە بەرامبەر ئیرادەیەکی ئاوا بە هێز و ئیمانێکی ئاوا قایمدا دەتوانین چی بڵێین جگە لە ئافەرین و داوای سەرکەوتن؟

تێکۆشەر باڵەکی هەر بەوانە نەوەستاوە. ئەو کە ئاشقی رزگاریی گەلەکەیەتی و بە دڵ و بە گیان بۆی تێ دەکۆشێ، باش دەزانێ رۆژێک بەو ئاواتەی دەگا. هەر بۆیە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە کردوە هەتا بە بیر و مێشکێکی پڕتڕەوە خزمەتی نیشتمانەکەی بکا. کاک عومەر لە هەر دەرفەتێک بۆی هەڵ کەوتوە کەڵکی وەرگرتوە و خەرمانەی زانیارییەکانی خۆی گەورەتر کردۆتەوە. خوێندن لە زانستگای کۆیە و وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانسی یاسا لەو ناوەندە زانستییەش بەشێکی دیکە لە هەوڵ و تەقەلاکانی ناوبراون کە سەرکەوتووانە تەواوی کردوە. جگە لەوانە رێزدار باڵەکی لە مەیدانی نووسین و وەرگێڕانیشدا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەتا ئێستا چەند بەرهەمێکی خستۆتە سەر کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەوانەی بەرزترین لووتکەکان فەتح دەکەن، ئەو کەسانەی هەتا قووڵترین قووڵاییەکان دەچنە خوار، کەسانی دۆزێنەرەوەی نەدیترا و نەبیستراوەکان، ئەو ئینسانە خۆبەختکەرانەی هەوڵی پێک هێنانی جیهانێکی خۆشتر و ئاوەدانتر دەدەن، هەموو خاوەن ئیرادە و خاوەن ئیمان و خاوەن غیرەتن. پێشمەرگەش کە سەرتۆپی غیرەت و ئیمان و ئیرادەیە لە بەرزییدا هاوتای نییە. عومەر باڵەکی لە نێو بازنەی ئەو سەربەرزانەدا جێگای گرتوە و هیوادارم هەروا قورس و قایم لەو جێگایەدا راوەستێ.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



# ساڵی: ٢٠١٣

## سیاسەتی ئیعدام بۆ پێشگیری لە بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرکان لە کومەڵگای مرۆڤایەتی دا شتێک نیە تازە سەری هەڵدابێ. بۆ وێنە بە پێی هێندیک سەرچاوە بەشێک لە مادە سڕکەرەکان بۆ سۆمەرییەکان و بابلیەکان و میسرییەکان لە ٥٠٠٠ سال لەوەپێش شتیکی ناسراو بووە و زیاتر وەک دەرمان لە ڕێورەسمە ئایینیەکان دا بەکاریان هێناوە.

بەڵام بە تێپەربوونی زەمان و پەیدابوونی مادەی هۆشبەری دیکە ئەگەر سەردەمانیک ئەو مادە هۆشبەرانە عیلاج و شەفای نەخۆشییەکان بوون لە سەردەمی ئێستادا بوونەتە هۆکاری نەخۆشیی مالویرانکەر و تێکدانی ڕایلکەی بنەماڵە و سەرئەنجام شێواندنی کۆمەڵگا.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا زۆر لەمێژە بە هەموو توانایانەوە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەکەن و لە بەربەرەکانیی خۆیاندا لەگەڵ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەودیاردەیە وەک نەخۆشیی کومەڵایەتی پێناسە بکەن و لە فکری چارەسەریدا بن، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئێسلامی دا وەک نەخۆشی چاوی لێ ناکری بەڵکوو وەک تاوان چاوی لێ دەکرێ و هەربۆیە لە سالی ١٣٥٨ بەم لاوە هەتا ئێستا یاساکانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توندوتیژییەکانیەوە نەیتوانیوە پێش بە پەرەگرتنی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە بگرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری تووش بوون بە مادەهۆشبەرەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا روو لە زیادبوونە.

ئێستا لە سەردەمێک دا دەژیین کە هەوڵ دەدرێ موعتاد بە شێوەی جۆراوجۆری وەک «موعتاد مەحکوومە»، «موعتاد جیگای شک و گومانە»، «موعتاد جیگای باوەرنیە»، «موعتاد شێتە» و دەیان عینوان وناوی دیکە پێناسە بکرێ و بناسێندرێ بەو مەبەستە کە لەو ڕێگایەوە دزێوی و ناشیرینی موعتاد بوون و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرکان نیشان بدرێ و هەتا بەو شێوەیە پێشگیری لە بڵاو بوونەوەی زیاتری مادە هۆشبەرەکان بکرێ و ئاوا مەزەندە دەکرێ ئەگەر ویست لە سەرمادە هۆشبەرەکان کەم بێتەوە لە ئاکام دا خستنە روو «عرضە«کەم دەبێتەوە.

بەڵام لەو ساڵانەی دوایی دا لە نێوان توێژەرانی بواری تاوانناسی و شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ تاوان ئەو باسە هاتۆتە گۆڕێ کە ئایا یاساکانی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان وەڵامدەر بوون یان نا؟ ئەگەر وەڵامدەر بوون، بۆچی رۆژ لەگەڵ رۆژ رادەی بە کارهێنانی مادە هۆشبەرەکان روو لە زیاد بوونە. ئاکام وەردەگرن کە یاساکان زیاد لە حەد توندوتیژن هەر ئەو توندوتیژییە وای کردوە کە دەستی قاچاغچی مادە هۆشبەرەکانی پترئاوەڵە کردوە بۆ بردنە سەری نرخی ئەو مادانە و کەسی بەکارهێنەری وا لێ کردوە بۆ پەیدا کردنی بەشە مەسرەفی خۆی تووشی تاوانی دیکەش بێت. بۆ وێنە لە سەرەتای سەدەی بیستمدا لە ئێران زۆربەی ئەو بنەماڵانەی خۆیان «تریاک»یان دەچاند مەسرەفێشیان دەکرد و لەو سەردەمەدا وەک نەخۆشی چاوی لێ دەکرا خەڵکێکی کەمتر روویان لە کێشان یا خواردنی دەکرد، بەڵام بەدوای قەدەغەکردنیدا کارێک کە دەیان ساڵ شتێکی سەرەتایی و ئاسایی دەهاتە بەرچاو بوو بە کردارێکی پێچەوانەی قانوون و هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە بە کارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان. هەر وەک لە سەرەوە باسمان کرد ئەوجار لە رێگای نا قانوونییە وە بە دوای وەدەست هێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە بن، چونکە بە پێی قانون بەرهەمهێنان و بڵاو کردنەوە و کەڵک لێ وەرگرتنی بە تاوان دەژمێرێ. هەر ئەوە وای کرد کە نرخی ئەو مادەیە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چووە سەرێ و بوو بە هۆی گەشە کردنی بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان، کە لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش دا زۆرن کە بە مەبەستی قازانجی مادی و سیاسی لەو هەلومەرجە کەڵکیان وەرگرتوە.

ئەگەر سەرنجێک بدەینە ئامارەکان زیاتر ئەو راستیەمان بۆ دەر دەکەوێ کە یاسا توندوتیژەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە پێشگیری لە پەرە ئەستاندنی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بکا.

بە پێی ئامارەکان لەو کاتەوە کە یاسای قەدەغە کردنی مادە هۆشبەرەکان کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تووشبووان بەمادە هۆشبەرەکان زیادی کردوە بۆنمونە: (٢٩٤١ کەس لە ساڵی ١٣٤٦)، (٢٨٢٨٦ کەس لە ساڵی ٦٦) و (٩٨هەزار کەس لە سالی ١٣٨١ ...)

هەر لە و پێوەندییە دا لە گەڵ چوونەسەری ژمارەی موعتادان، سزای ئیعدامیش لە پیوەندیی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکاندا رووی لە زیادبوون کردوە. بۆ نموونە »٦٠ کەس لە سالی ١٣٥٨«،»نزیک بە ٤٠٠ کە لە سالی ١٣٥٩« و» نزیک بە ٦٠٠ کەس ١٣٦٣« ولە نێوان سالی ١٣٧٤ هە تا ١٣٨٤ ئەو رادەیە خۆی لە ٥٠٠٠ کەس نزیک کردۆتەوە کە بە هۆی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان ئێعدام کراون و لەو ئامارانەرا بۆمان دەردەکەوێ کە ساڵ بە ساڵ ئێعدام بە ناوی قاچاغچی مادە هۆشبەرەکان رووی لە زیاد بۆونە بێ ئەوە کاریگەریی هەبێ لەسەر کەم بوونەوەی تووشبووان بەمادە هۆشبەرەکان و ئەو دیاردە دزێوو مالویرانکەرە.

دەوڵەت و سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی نەهاتوون هۆکاری نەخۆشییەکە ببێتەوە و هەڵسەنگاندنی وردی بۆ بکەن و ریگا

چارەی پێشگیری و بنبڕ کردنی بۆ بدۆزنەوە وبە دوای دا برۆن، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری بەدانانی حاکمی شەرع و یاسای توندی شلاق لە پێش چاوی خەلک و سزای ئێعدام نەک پێشگیری پێ نەکراوە بەڵکوو رێخۆشکەر بووە بۆ پەرەگرتنی مادە هۆشبەرەکان. بۆ نمونە ئەگەر کۆمەلی میلیۆنیی موعتادەکانی ئێران ئیدعا بکەن کە پەنابردن بۆ مادە هوشبەرەکان رێگایەکە بۆ هەلاتن لە دەست ئەو ئێش و ئازارە کە لە کومەلگادا تووشی بوون کە خولقینەری ئەو نەهامەتیانە خودی کوماری ئیسلامییە کە نەیتوانیوە بۆ کومەڵگا بەگشیی و ئەو کومەڵە گەورە کە بە ناوی موعتادان ناسراون هەلی ژیانێکی سالم و بە ختەوەر بڕەخسێنێ وای کردوە کە لاوەکان لە بەر بێ کاری و بێ ئیمکاناتی و بێ داهاتوویی پەنا بەرەنە بەر مادە هۆشبەرەکان. ئەو کات وەلام چ دەبێ.

بە پێی ئامارەکان زیاترلە ٢/٣ی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی پرە لە کەسانیک کە یا مادە هۆشبەرەکان بەرهەم دێنن یا دابەشیان دەکەن یا بە کاریان دێنن و لێرە دایە کە دەبینین یاساکان بە تایبەتی یاسای ئێعدام نەی توانیوە کاریگەریی لە سەر کەم کردنەوەی بە کارهێنانی مادە هوشبەرەکان هەبێ.

سەرچاوە: کتیبی «جامعەشناسی انحرافات مسائل جمعیتی ایران»

مقالە: تأملی در مجازات مرگ و مبارز ناکام با قاچاغ مواد مخدر

لە ژمارە ٦٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٣






سەرچاوە
Serchawe

## کارەساتی هەڵەبجە زامێک بە جەستەی مرۆڤایەتی‌یەوە بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجەوە

سەدەی بیستەم چەندین جار شاهیدی لە نێوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان بوو. کوشتاری ئەرمەنی‌یەکان بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٥و ١٩١٦ دا، کوشتنو لە نێوبردنی یەهوودی‌یەکان بەهۆی ئەڵمانی نازی‌یەوە، کوشتاری میلیۆنیی کامبۆجی‌یەکان لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠دا بەدەستی ڕێژیمی خەمیرە سوورەکانو کوشتاری بە کۆمەڵی گەلی کورد لە ژێرناوی «ئەنفال»دا لەلایەن سوپای عێراقەوە چەند نموونەیەکی ئەو کارەساتە مرۆیی‌یەن کە زۆرترین ئابڕووچوونی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە گشتی بە دواوە بووە، کە بە داخەوە لە ئاست ئەو کارەساتانە یان تەواو بێدەنگ بووە، یان هەرنەبێ زۆر درەنگ وەدەنگ هاتوە.

ئەم ساڵ ٢٥ ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام زامو ژانی ئەو کارەساتە لەبیرو ئەندیشەی هیچ کوردێکو هیچ مرۆڤدۆستێک دا لەبیر نەچۆتەوەو دەیان ساڵی‌دیکەشی دەوێ هەتا برینەکانی گەلی کورد لە عێراقدا سارێژ ببنەوە. خۆ سارێژبوونەوەی ئەو زامانە ئەگەریش ڕوو بدا لە ڕادەی سامناکیو قێزەونیی ئەو کارەساتە کەم ناکاتەوەو بۆ هەتا هەتایە وەک پەڵەیەکی شەرمو شوورەیی بە نێوچاوانی مێژووی مرۆڤایەتی‌یەوە دەمێنێتەوە.

کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەلایەن سوپای عێراقەوە لە ژێرناوی پاراستنی خاکی عێڕاق ڕۆژی ١٦ی مارسی ١٩٨٨ بەڕێوە چوو، هەرچەند کیمیابارانی شاری هەڵەبجە وەک بەشێک لە عەمەلیاتەکانی ئەنفال نەهاتۆتە ئەژمار، بەڵام دەکرێ بە لایەنێکی شاڵاوەکانی ئەنفال دابنرێ. ئەگەر عەمەلیاتەکانی دیکەی ئەنفال وەک ستراتیژی‌یەکی سیاسی – نیزامی بۆ پاکتاوی ڕەگەزی بوو بەو مەبەستە کە دیمۆگرافی حەشیمەتی ئەو ناوچانە بە جۆرێک بگۆڕی کە بنکەی جەماوەریی ڕێژیم لەو ناوچانە بە هێزترو بەربەرینتر بکاتەوە، کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەنێوبردنی شارێک بوو کە لە چرکە ساتێکدا زیاتر لە ٥٠٠٠ مرۆڤی تێدا کوژرانو بە هەزاران پیرو لاو، ژنو منداڵیشی بریندار بوون کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەشێکی زۆریان بە ئازاری زامەکانیانەوە دەناڵێننو تەنانەت دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا کاریگەریی لەسەر زاوزێو لەدایکبوونی منداڵانی نەخۆشو کەم‌ئەندامیش هەیە.

ئەگەر تاوانی ئەنفال بە گشتیو کیمیابارانی هەڵەبجە بە تایبەتی لەبەر تیشکی یاسا نێودەوڵەتی‌یەکان ڕابگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو تاوانانە دەچنە خانەی ژێنوساید واتە لە نێو بردنی کەکۆمەڵی نەتەوەیەک یان نژادێک بەمەبەستی تایبەت کە ڕێژیمی سەدام حوسێن هەم شاڵاوی ئەنفالو هەم کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی بە بەرنامەو مەبەستێکی تایبەت

بەرێوە بردوە.

مادەی ٢ی پەیماننامەی بەرگری و سزادانی تـاوانی ژێنۆسـاید بـە شێوەی خـوارەوە ئەوکـردارانەی دەسـتنیشـان کـردەو کـە بـە ژێنۆسـاید دەنـاسـرێنو دەوڵـەتـانی ئـاگـادار کـردۆتـەوە کـە بـەرێوەبـردنی ئـەو جـۆرە کـردارانـە تـاوان بـە دژی مرۆڤـایـەتی بـە مەبەستی لە نێوبردنی هەموو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، نیژادی یان ئایینیە:

الف: کوشتنی ئەندامانی گرووپ.

ب: زیانگەیاندن بە شێوەیەک کە سەلامەتی جەستەییو رووحیی ئەندامانی گرووپێک بخاتە مەترسیەوە.

ج: دانانی بە ئەنقەستی گرووپێک لەبەردەم هەلومەرجێکی نالەباری ژیاندا کە ببێتە هۆی لە نێوچوونی جەستەیی هەموو یان بە شێک لە گرووپەکە.

د: بەرێوەبردنی رێوشوێنێک بە مەبەستی پێشگری لە زاوزێی گرووپەکە.

و: گواستنەوەی زۆرەملیی منداڵانی گرووپێک بۆ گرووپێکی دیکە

حکوومەتی سەدام حوسین لەوماوەیەدا کە لە سەر دەسەڵات بووە لەپێوندی لـە گـەڵ ئەرکە نێونەتەوەیی‌یـەکانیدا، زۆربـەی کۆنواسیۆنە نێونەتەوەیی‌یـەکانی واژۆو پەسـند کـردن وەک کۆنوانسیۆنی مافـە مـەدەنیو سیاسـی‌یەکانو کۆنواسـیۆنی مافـە ئـابووری، کۆمەڵایـەتیو کلتووری‌یـەکان ..... بـەڵام لـە کـرداردا بـە هیچکـام لـەو کۆنوانسـیۆنانە پابەنـد نـەبووەو شـاڵاوی ئەنفالو کیمیابـارانی هەڵەبجە بە تـەواوی پێشێلکردنی ئـەو پابەندی‌یـە نێودەوڵـەتی‌یەیـە کـە دەبوایـە دەوڵـەتی عێـراقو دەوڵەتانی هاوچەشنی ڕەچاویان کردبایە.

ڕاگەیەنـدراوی ژمـارە ٩٦ی کـۆڕی گشـتیی نەتـەوە یـەکگرتووەکان سـەبارەت بـە کۆنواسـیۆنی «ڕێگـری‌و سـزادانی تـاوانی ژێنوساید» دەڵێ: ئەوانە ئوسوولێکن کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ناسراونو لـە سـەر دەوڵـەتـەکان ئەرکە تـەنانەت ئەگـەر پابەندی‌یـەکی ئیمزاکراویشیان نـەبێ پێیـان پابەنـد بـن. هـەروەها لـە درێـژەی ڕاگەیەندراوەکـەدا پـێ لەسـەر ئەوە داگیـراوە کە ژێنۆسـاید پێوەنـدیی بـە تـەواوی کۆمـەڵگای جیهانی‌یـەوە هەیـەو پێویستیی بـە مەحکوومیـەتی جیهـانی هەیـەو دەوڵەتەکان دەبێ هاوکاری یەکتر بن بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە دەست ئەو کردارە دزێوە ڕزگار بێ.

پێویستە لێرەدا ئیشارە بەوە بکەین کە مادەی ٥ی ئەساسنامەی «دیوانی نێودەوڵەتیی سزادان « و مـادەی ١١ی ئەسـاسـنامەی «دادگای تایبەتیی عێراق» پێناسەی مادەی ٢ی پەیماننامەی بـەرگری‌و سزادانی ژێنۆسایدیان دووپـات کـردۆتـەوە. هـەروەک ئاگادارین دادگای تـایبەتیی عێراق بۆ مەحکەمەی بکەرانی جینایەتی ژێنۆسـایدو تـاوان بـە دژی مرۆڤایـەتیو تـاوانی شـەڕو هەموو ئەو پێشێلکاری‌یانەی بە دژی تـاکو کۆی خـەڵکی عێـراق لـە (١٧ی ژوئییـەی ١٩٦٨ هـەتـا یەکـەمی مـانگی مـەی ٢٠٠٣)

بەرێوە چوون، پێک هات. لەو نێوەدا تاوانی ژێنۆسایدی لە پلەی یەکەمدایە بە تایبەت تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە. لە ئاکامدا دادگا بڕیاری خۆی دا. هەم سەددام حوسێنو هەم عەلی حەسەن مەجید وەک دوو تاوانباری ئەسڵیی تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی شاری هەڵەبجە ئێعدام کران.

بەو هیوایە ئەوە دەرسێک بێ بۆ هەموو ئەو دەوڵەتو دەسەڵاتدارانە کە لە بیری فەوتاندنو لە نێوبردنی نەتەوەو گەلێکدا دەبن.

لە ژمارە ٦٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٣



## چەند وتەیەک لە سەر دادگایی پێشەواو هاوڕێیانی

١٠ی خاکەلێوەی هەموو ساڵێک بۆ نەتەوەی کورد بە گشتیو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی بیرخەرەوەی ڕووداوێکی تاڵو ناخۆشە. لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاویدا واتە ٦٦ ساڵ لەوە پێش بە دەستووری ڕاستەوخۆی شای ئێران حوکمی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازیو ئەبولقاسم سەدری قازی کە پێشتر لە دادگایەکی ڕواڵەتیدا سەپابوو، بەڕێوەچوو.

سەبارەت بە لایەنی جۆراوجۆری کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان گەلێک بابەت نووسراونو لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. هەرچەند ئەو لێکۆڵینەوەو نووسینانە بارتەقای کەسایەتیو تێکۆشانو کوردپەروەریی زاتی پێشەوا لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیو مافخوازی بۆ گەلی کورددا نین.

لەم بابەتە کورتەدا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای سەرنجدان بە پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگای قازی محەممەدو هاوڕێکانیدا کەسایەتی پێشەوا زیاتر بەرجەستە بکەین بەتایبەتی کە چۆنو چەندە شای ئێرانو فەرماندەرانی ئەرتەشی ئێران لە دادگاییکردنو لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی بەپەلە بوون کە ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە بیرو ئەندیشەی پێشەواو هاوڕێیانی هەڵقوڵاوی ویستو داخوازەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە. ترسی دەسەلاتی تاران لە پێشەواو خەڵکی کوردستان وای کرد کە ڕەوتی دادگاییکردنەکە ئەوەندە کات نەبا.

هەیئەتی دادڕەسی ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان دەگەنە مەهابادو هەر ئەو ڕۆژە جەلەسەی داگایی کردنەکە پێک دێو دوای چوار سەعات دانیشتنی دادگا، داوەر حوکمی لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی دەخوێنێتەوەو تارانی لێ ئاگادار دەکاتەوەو هەر دوای ئەوەش هەیئەتەکە بەرەو تاران دەگەڕێتەوە.

لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزدا شاری تەورێز پێتەختی حکوومەتی میلیی ئازەربایجان لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە بێ هیچ بەربەرەکانییەک دەگیرێو بەو جۆرە حکوومەتی ئازەربایجان هەرەس دێنێ. بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە جۆرێک لە ترسو دڵەڕاوکە لە نێو خەڵکی کوردستاندا دەخوڵقێنێ. پێشەواو ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بۆ دەرکی هەلومەرجەکەو خوێندنەوەو لێکدانەوەی وەزعی خۆیان، دوای چەند جار ڕاوێژ لەگەڵ خەڵک بەو ئاکامە دەگەن کە بەربەرەکانی نەکەنو ئیزن بدەن ئەرتەشی ئێران بێ هیچ بەربەرەکانییەک بێتە نێو شاری مەهاباد بۆ ئەوەی پێشگیری لە کوشتاری خەڵکو کاولکاریی وڵات بکرێ. تەنانەت بۆ نیشاندانی نیازپاکی، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە پێشوازی ئەرتەشەوە چوون. بەڵام هەر بە جێگیر بوونی ئەرتەش لەڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا فەرمانی دەست بەسەرکردنی ڕێبەرانی کۆمار لەلایەن ئەرتەشەوە بەڕێوەچوو،و

دوای چەند ڕۆژێک پێشەوا قازی محەممەد خۆشی گیرا.

هەر وەک لە پێشەوە باسمان کرد ڕۆژی ٦ی ڕێبەبدان ١٣٢٥ هەیئەتی دادگایی کردنی قازییەکان کە لە چەند ئەفسەری پلە بەرزی ئەرتەش پێک هاتبوو گەیشتە مەهابادو هەرلەو ڕۆژەدا دادگاییکردنی پێشەواو هاوڕێکانی دەستی بەکار کرد. لە لایەن داواکاری گشتی "دادستان" تۆمەتەکان خوێندرانەوە. ئەو تۆمەتانەی خرابوونە پاڵ پێشەوا لە ١٢ خاڵ دا تەنزیم کرابوونو هەر دوای خوێندنەوەی تۆمەتەکان لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد بێ ئەوەی پێشەواو هاوڕێکانی کاتو هەلی ئەوەیان هەبێ کە بەڵگەی پێویست بۆدیفاع لە خۆیان ئامادە بکەن.

کاتێک چاو لەو بەڵگەو ئەسنادی هەرچەند کەمی دادگاییکردنی قازی محەممەدو هاوڕێکانی دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دادگایە هیچ پێوانەیەکی دادوەرانەی بۆ دادگایی کردن تێدا بەدی نەکراوە چونکە:

١- دادگاکە، دادگایەکی نیزامی بوو لە حاڵێکدا قازی محەممەدو هاوڕێکانی هیچ کامیان نیزامی نەبوونو لە هیچ بەرەیەکی شەڕدا دەستبەسەر نەکرابوونو تەنانەت پێشەوا لەسەردەمی دەسەڵاتیشیدا هیچ جۆرە فەرمانێکی نیزامیی بە دژی ئەرتەش دەرنەکردبوو کە بەرپرسیارەتی بۆ دروست کردبێ. بە پێچەوانەوە بەڵگەکانی سەردەمی کۆمار سەلمێنەری ئەو راستییەن کە سیاسەتی پێشەوا لەبەرەکانی شەڕدا تەنیا باری دیفاعی بووە.

٢- پێشەواو هاوڕێکانی (سەیفی قازیو سەدری قازی) مافی ئەوەیان نەبوو کە پارێزەر بۆخۆیان دەست نیشان بکەنو تەنانەت بەسەر ئەو پارێزەرەشەوە (سەروان شەریف) نەچوون کە خۆی بۆ دیفاع لە پێشەوا تەرخان کردبوو،و بەو "تاوان"ە کە ئەرکی پارێزەریی خۆی لە دیفاع کردن لە پێشەوا بەجێ گەیاندبوو لە بەرزکردنەوەی پلەی نیزامی کە ئەو ساڵە مافی خۆی بوو بێبەشیان کرد.

٣- هەروەک پێشتر باس کرا پێشەواو هاوڕێکانی دەستیان بە هیچ بەڵگەوسەنەدێک رانەدەگەیشت بۆ ئەوە بتوانن لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەی لەلایەن داواکاری گشتییەوە پێی تاوانبار کرابوون دیفاع لە خۆیان بکەن. تۆمەتەکان کە لەلایەن داواکاری گشتی "دادستان"ەوە ڕووبەرووی پێشەوا قازی محەممەد کرابوون تەواویان هەڵبەستراوبوونو تەنیا بۆ ئەوە بوون کە پێشەوای پێ مەحکووم بکەن. تۆمەتەکان بە شێوەی خوارەوە لە ١٢ خاڵدا ڕێک خرابوون.

١- بەستنو ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نەوت لە نێوان دەوڵەتی ڕووسیەو کۆماری کوردستاندا لە قەراری ٥١ بەش بۆ ڕووسیەو ٤٦ بەش بۆ کۆماری کوردستان بێئاگاداریو ڕازیبوونی دەوڵەتی ناوەندی.

"هەموومان باش دەزانین چێستاو چئەو کات سنووری ئەوکاتی کۆماری کوردستان نەوتی لێ نەدۆزراوەتەوەو پێشەوا لە وەڵامی ئەو تۆمەتەدا دەڵێ: کوا نەوت؟ نە ئەو کاتو نە دواتر سەنەدێک بڵاونەبۆوە کە نیشان بدا ئەو تۆمەتەی لە پێشەوا دراوە بسەلمێنێ."

٢- گۆڕینی نەقشەی ئێرانو جیاکردنەوەی پێنج ئوستانی ورمێ، سنە، کرماشان، تەورێزو ئیلام.

"کە چاو لە بەڵگەو نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەکەین هچ بەڵگەیەک دەست ناکەوێ کە ئەو تۆمەتە بسەلمێنێ."

٣- هەڵدانی ئاڵای کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوچو داس بە شێوەی ئاڵای ڕووسیەو شێواندنی تەرتیبی ڕەنگەکانی ئاڵای ئێران.

"پێشەوا لە وەڵامی ئەو تۆمەتەدا دەڵێ: ئاڵای کوردستان ئارمی چەکوچو داسی لەسەر نیەو تەرتیبی ڕەنگەکانی ئاڵای ئێرانیش لە هیچ بەڵگەیەکی قانوونیدا بە قانوون دیاری نەکراوە کە تەرتیبی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان پێشێلکردنی قانوون بێ"

٤- چاپی دراو بە ناوی حکوومەتی کوردستان بە شێوەی رووپیەی رووسیو هەڵقەندنی وێنەی قازی محەممەد لەسەر ئەو دراوە.

"ئەو تۆمەتەش وەک تۆمەتەکانی دیکە ئەسڵو ئەساسی نیە.

٥- دروست کردنی نەقشەی کوردستانی گەورە.

٦- ڕێ پێدانی بێگانەکانو دانی دەسەڵات بەوان وەک مەلا مستەفا بارزانی.

٧- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانو داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان.

٨- هەڕەشە لە شاو دەوڵەتی ئێران، ڕاگەیاندنی شەڕو هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاپەڕین بە دژی شای ئێران.

٩- بەستنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ حکوومەتی رووسیە بە دژی حکوومەتی ئێرانو هاوکاری لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی رووس لە سەرانسەری خاکی ئێراندا.

١٠- سەفەری ناقانونی بۆ دەرەوەی وڵات، ڕۆیشتن بۆ ڕووسیەو کۆبوونەوە لەگەڵ "باقروف" سەرکۆماری ئازەربایجانی رووسیە.

١١- بەستنی پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ بێگانەکانو دوژمنانی ئێران.

١٢- دەستبەسەرکردنو کوشتنی کاربەدەستانی دەوڵەتو بەتاڵان بردنی ماڵو داهاتیان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا.

پێشەوا قازی محەممەد زۆر بوێرانەو ژیرانە تەواوی ئەو تۆمەتانەی ڕەد کردەوەو تەنانەت بە قسەی شاهیدحاڵان ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگای محاکمە دەکرد بەو حاڵەش هەروەک پێشتر باسمان کرد شاو ئەرتەشی ئێران بڕیاری خۆیان دابوو کە قازی ممحەممەدو هاوڕێکانی لە سێدارە بدەن.

لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانیو پشتتێکردنی ڕووسیەو پشتگیری لە ئەرتەشی ئێران دوو حکوومەت لە دوو نەتەوەی جیاواز تێک چوون، سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجان سەری خۆی دەربازکردو خەڵکەکەی خۆی بەجێ هێشت. بەڵام بە پێچەوانەوە سەرکۆماری کوردستان لە نێو خەڵکی خۆیدا مایەوەو بە فیداکردنی گیانی خۆی پێشگیریی لە کوشتاری خەڵکو کاولکرانی ماڵو ژیان بە دەست ئەرتەشی شا کرد. هەربۆیە کاتێک ئەرتەش دەچێتە نێو شاری تەورێز خەڵک بە چەپڵەو دەربڕینی شادی بەخێرهاتنی دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک ئەرتەش دەگاتە مەهاباد پێتەختی کۆمار، خەڵک لە ماڵەکانیان نایەنەدەرو هیچ جۆر شۆرو شەوقێک بۆ هاتنی ئەرتەش دەرنابڕن.


حکوومەتی ئازەربایجان ڕووخا بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێک کە تروسکایی ئومێدی تێدا بێ لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ لە حاڵێکدا کۆماری کوردستان بەڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد نەک تۆوی ئومێدی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا چاند. بەڵکوو ڕێبازی قازی محەممەد بوو بە چرای ڕێگای تێکۆشان بۆ بەختەوەری و سەربەرزیی تاک تاکی خەڵکی کوردستان.

خەڵکی کوردستان چئەو کات کە لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکە بوونو چئێستا کە ٦٦ ساڵ بەسەریدا تێپەڕ دەبێ بیرو ڕێبازی پێشەوایان بە ئی خۆیان زانیوەو بێوچان لەو ڕێگایەدا خەباتیان کردوە، شەهیدیان داوەو تووشی مەرگو ماڵوێرانی بوون، بەڵام هەروا بە ئامانجو ڕێبازی قازی محەممەد وەفادار بوون .

بەو هیوایە کە ئامانجو ئاواتەکانی پێشەوای مەزنو هەموو شەهیدانی کوردستان بێنە دی.

لە ژمارە ٦٠٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٣



## نیزامی کۆماری ئیسلامیو سیستمی کۆماری

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ( ١٩٧٩)ی گەلانی ئێران بە دژی سیستمی پاشایەتی، لە ساڵی ١٣٥٨دا سیستمێکی دیکە بەجێی ڕێژیمی پاشایەتی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت کە بۆ خەڵکی ئێرانو جیهان سیستمێکی نەناسراو بوو، لە ڕۆژەکانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا لە ڕێگای ڕاپرسی گشتی «ڕێفڕاندۆم»ەوە ئەو سیستمە ناوی هاتە نێو ناوان کە ئەویش کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە تا ئەوکات کەس نەیبیستبوو.

لەماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا نێوەرۆکی دژەئینسانیو ئیسلامی ئەو سیستمە بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە بەڵام باسکردن لەو نەهامەتیو ماڵوێرانییانە کە ئەو سیستمە بەسەر خەڵکانی ئێرانی هێناوە ڕەنگە لەو بابەتەدا بە درێژە نەگونجێو تەنیا باسی ئەوە دەکەین کە چەندە ئەو سیستمە لە سەردەمی ئەمڕۆدا لەگەڵ سیستمی کۆماریو دێموکراسی لە ناتەباییدایە.

ناوی حکوومەت بە پێی ئەسڵی یەکەم لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران «سحکوومەتی کۆماری ئیسلامی»یەو لە ئەسڵی دووهەمدا باس لە شێوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەکا کە دەڵێ: «کۆماری ئیسلامی نیزامێکە کە لەسەر پایەی ئیمان بە خوای بێ هاوتا (لاالەالاالله) دامەزراوە کە حاکمییەتو قانووندانان تەنیا تایبەت بە خوای گەورەیەو پێویستە لە بەرامبەر ئەمرو فەرمانی خوادا خۆ بەدەستەوە بدەین.

ئەگەر جارێ هەر بەودوو ئەسڵە وەک نموونە لە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا وازبێنینو بێینە نێو باسەکە کە هەڵسەنگاندنێک لەنێوان حکوومەتی ئیسلامیو کۆماری دێموکراتیکدا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە دێموکراسی یان حکوومەتی دێموکراتیک کە لەسەردەمی ئێستای ئێمەدا شێوەیەکە لە بەڕێوەبردنی وڵات، مانای بەربڵاوی هەیە کە لە کردارو عەمەلدا قاڵبو شێوەی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەبینێ، بەڵام تایبەتمەندییەک کە لە هەموو شێوەکانی دێموکڕاسیدا هەیە بریتی یە لە »حکوومەتی خەڵک» و «هەڵبژاردن» کە لە فەرهەنگی سیاسیدا کۆماری بەو شێوەیە مانا دەکرێتەوە: «کۆمارری دێموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتو دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدار جا چبە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێ بە هەڵبژاردن لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵبژێردرێو بە پێی وڵاتو هەلومەرج ماوەی دەسەڵاتداری بەقانوون دیاری دەکرێو لە نیزامی کۆماریدا زۆرتر بە ڕێژیمی دێموکراتیکی پارلمانی دەگوترێ کە ئەحزابو ڕێکخراوە جەماوەرییەکانو پارلمان ڕۆڵی بەرچاویان لە دیاریکردنو چالاک کردنی سیستمی بەڕێوبەریی وڵاتدا هەیە.

بەڵام کە باس لە حکوومەتی ئیسلامی دەکەین خاڵێکی جێگای سەرنج و تێڕامان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام ئایینی

خواوەندەوقانوونو فەرموودەکانی بۆ مرۆڤ نەهاتوە کە دەستکاریان بکا. بەڵام دێموکراسی شێوەیەکە لە بەڕێوەبردنی وڵات کە خوڵقاوی دەستی مرۆڤە، بۆیە لەو سیستمەدا هەر کاتێک بە پێویست بزانرێ مرۆڤ دەتوانێ دەستکاریی قانوونەکان بکا.

حکوومەتی ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتو چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا کەرەسەی ئیجرایی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەگەڵ کەرەسە ئیجراییەکانی حکوومەتی دێموکراتیک زۆر لە ناتەبایی‌دایە.

پێناسەی نیزامی دێموکراتیک بریتی‌یە لە : سەروەریی قانوون، کۆماری، دابەشکردنی دەسەڵاتو دابینکردنی ئازادی‌یە گشتی‌یەکان، وەک ئازادیی بەیانو ئەندیشە، ئازادیی حیزبو رێکخراوەکان، بەشداریی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، ئەویش لە رێگای بەشداری لەهەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکڕاتی‌دا.

بەڵام هەروەک پێشتر باسمان کرد حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەپێی ئەسڵی دووهەم لە قانوونی بنەڕەتی لەسەر ئەساسی قانوونەکانی ئیسلام دامەزراوە کە مرۆڤ ناتوانێ هیچ دەستکاریان بکا. لە خوارەوە لە چەند لایەنەوە هەڵسەنگاندن بۆ حکوومەتی ئیسلامی بە شێوەی ئێرانو نیزامی کۆماری لە سەردەمی ئێستادا دەکەین:

١- رەسەنایەتی قانوون: نیزامە دیموکراتیکەکان بۆ ئیدارەو بەڕێوەبردنی وڵات پێداگری لە سەر ئەساسی قانوونو دابەشکردنی دەسەلات، چاوەدێری قەزاییو پشتیوانی لە مافو ئازادیی تاک بە تایبەت مافو ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەن.

لە نیزامی ئیسلامیی ئێراندا هەر چەند لە قانوونی بنەڕەتی‌دا ئیشارە بە بنەماکانی دیموکراسی کراوە کە لە سەرەوە باسمان کردوون بەڵام هەر وەک دەبینین لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتداریی ئیسلامیی ئێران بە ئاشکرا ئەو بنەمایانەی دیموکراسی پێشێل کردوەو لە رێگای گرتنو زیندانی‌کردنو ئەزیەتو ئازاردانو ئێعدامی جیابیرانەوە بگرە هەتا ئێعدامی بە کۆمەڵو بێ‌حورمەتی بە کرامەتو کەسایەتیی مرۆڤەکان دەسەڵاتی خۆی سەپاندوەو هەر نارەزایەتی‌یەک هەبێ بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە بە بێ ئەوەی گوێ بە نارەزایەتی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکانیش درابێ. بۆیە ئاکام وەردەگرین کە نیزامی ئیسلامیی ئێران تەنیا بۆ جوانکردنی ناوەکەی پێشگری کۆماریی وەرگرتوە، ئەگینا هیچ پێوەندی‌یەکی بە نیزامی کۆماری‌یەوە نیە چونکە رەسەنایەتیی قانوونی تێدا بەرچاو ناکەوێ.

٢- کۆماری: لە مانای گشتی‌دا کۆماری بە مانای بەشداریی خەڵک لە پێکهێنانی حکوومەتداو دیاریکردنی شێوەو نێوەرۆکی ئەو حکوومەتەیە. بەڵام لە سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی ئێراندا ئەوەی بایەخی بۆ دانانرێ دەنگی خەڵکە. لە ساڵی ١٣٥٨دا خەڵکانی ئێران ئەگەر دەنگیشیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی دابێ لە راستی‌دا هیچیان لە نێوەرۆکی ئەو نیزامە نەزانیوەو تەنیا لە بەرامبەر نیزامی پاشایەتی‌دا کە خۆیان ڕووخاندبوویان دەنگیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌داوەو ئەگەر



سەرچاوە
Serchawe

بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە کە خەڵک لە نیزامی پاشایەتی بێزار ببوونو بە دوای نیزامێکدا دەگەڕان کە بە دەستی خۆیانەوە بێ واتە لە ڕێگای خۆیانەوە هەڵبژێردرێو بتوانن خۆشیان لە دەسەڵاتی بخەن، هەر بۆیە خەڵک پێیان وابوو مادام نیزامەکە کۆمارییە، شانسی بەشداربوونی خەڵکی تێدایە. حکوومەتی ئیسلامییش هەتا ئەو کات بەو شێوەیە کە ئێستا دەناسرێ نەناسرابوو کە تاقمێک بە ناوی ئیسلامو دین بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ بە سەر ئێرانو خەڵکانی ئێراندا حکوومەت دەکەنو کەسێک بە ناوی «ولی فەقیە« جێگای پاشا دەگرێتەوەو لە سەر کورسیی دەسەڵات دادەنیشێ، بێ ئەوەی خەڵک لە دیاریکردنو لابردنیدا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان هەبێ. لە حاڵێکدا لە نیزامی کۆماریدا بەڕێوەبەریی وڵات یان بە واتایەکی دیکە دەسەڵاتداریی وڵات لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێو ماوەی دەسەڵاتدارییشی بۆ دیاری دەکرێ.

٣- دابەشکردنی دەسەڵات «تفکیک قوا»

ئەو ئەسڵە یەکێک لە گرینگترین ئوسوولی دیموکراسییە کە پایەدارێژەری ئەو زانای بەناوبانگی فەرانسەیی «مونتسکیو»یە. لەو کاتەوە لە لایەن حکوومەتە دیموکراتیکانەوە وەرگیراوەو کاری پێ دەکرێو ئەو ئەسڵە واتە دابەشکردنی دەسەڵات بۆتە پێناسەیەک بۆ ناسینەوەی حکوومەتە دیموکراتیکەکان. لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا ئەو ئەسڵە واتە دابەشکردنی دەسەڵات هاتووە لە ماددەی ٥٧دا بەو شێوەیە باس دەکا:

«دەسەڵاتەکانی حاکم لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بریتین لە (قانووندانان «مەجلیس»، بەڕێوەبەری «ئیجرایی»و قەزایی «قضایی» کە لە ژێر چاوەدێری ویلایەتی موتەڵەقەی فەقیهـ واتە ئیمامی ئۆمەتدا بەڕێوە دەچێ).

هەروەها قانوونی ئەساسی تواناو دەسەڵاتی ئیمامی ئۆممەت لە سەرەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە دادەنێو دەسەڵاتێکی بەدەر لە قانوونی پێدەدا بۆ نموونە:

* زۆر جاران بڕیارو لایحە پەسندکراوەکانی مەجلیس بە حوکمی حکوومەتی لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەوەشێندرێنەوە.

* کاتێک سەرکۆمار لە لایەن خەڵکەوە بە هەر فێڵو تەڵەکەو عەیبو عارێک هەڵدەبژێردرێ ڕێبەر بە بڕیارێک دەتوانێ لە پۆستی سەرکۆماری لای‌بەرێ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵکو لە کاتی سوێندخواردنیشدا دەبێ ڕێبەر حوکمەکەی بۆ ئیمزا بکا ئەو کات دەتوانێ پۆستی سەرکۆماری وەربگرێ.

* سەرۆکی دەسەلاتی دادوەری لە لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێو دەسەلاتی پێدەدرێ. تەنیا لە بەرامبەر ڕیبەریشدا بەرپرسیارە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام لە نیزامی دیموکراتیکدا کە بە شێوەی کۆماری بەڕێوە دەچێ دابەشکردنی دەسەڵاتو شێوەی هاوکاریی ئەو دەسەڵاتانە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بە قانوون دیاری دەکرێو هیچ کام لەو دەسەڵاتانە ناتوانن لە چوارچێوەی قانوونیی خۆیان دەربچن. هەر وەک پێشتر باسمان کرد بە پێی ئەسڵی ٥٧ ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران هەر سێ دەسەڵاتەکە لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەر دانو بە پێی ئەسڵی ٩٣ لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران دەسەڵاتی قانووندانان «مەجلیسی شووڕای ئیسلامی» بێبوونی «شورای نگهبان» ئێعتباری قانوونیی نیە لە حاڵێکدا مەجلیس هەڵبژێردراوی خەڵکەو شووڕای نیگابان دیاری کراوی دەستی ڕێبەرە.

بەو شێوەیە دەگەینە ئەو ئاکامە کە نیزامی کۆماری لەگەڵ نیزامی ئیسلامی لە ناتەباییدایە. نیزامی کۆماری لە سەر بنەمای دیموکراسی دادەمەزرێ کە خوڵقاوی دەستی مرۆڤەکانەو لە هەر کاتو سەردەمێکدا بە پێی نیازو پێداویستیەکانی کۆمەڵگا دەتوانرێ یاساو ڕێساکانی دەسکاری بکرێن، بەڵام حکوومەتی ئیسلامی کە لە سەر بنەماکانی ئایین دامەزراوە لە هیچ کاتو ساتێکدا ناتوانرێ دەسکاریی یاساوڕێساکانی بکرێ چونکە ئەو یاساوڕێسایانە خوڵقاوی دەستی مرۆڤ نین بەڵکوو بەدەر لە توانای مرۆڤنو مرۆڤ بۆی نیە دەسکارییان بکا.

لە ژمارە ٦٠٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٣



## بە بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن

ماوەیەک لەوە پێش لە شاری مەریوان تۆمەتبارێک لە لایەن دادگای ئەو شارەوە بە پۆشینی جلی کوردیی ژنانو گێڕانی بە نێو شار دا مەحکووم کراو لە لایەن هێزی بە ناو ئینتزامیی ئەو شارە حوکمەکە ئیجرا کراو ئیجراکردنی ئەو حوکمە بەو شێوەیە ئیعترازو نارەزایەتیی ژنانی مەریوانی لێکەوتەوەو لە ماوەی چەند ڕۆژدا نارەزایەتی بەو حوکمە شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانو تەنانەت دەرەوەی کوردستانی گرتەوەو داکۆکیکارانی مافی ژنان بە وەڕێخستنی کەمپەینی ئیعترازی پشتگیریان لە ژنانی مەریوان کرد.

لەو نووسینەدا ناچینە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە کە ئایا ئەو کەسە کە سزا دراوە بە پۆشینی جلی ژنان تاوانبارە یان نا؟ ئەوەی لەو بابەتەدا جێگای سەرنجو تێڕامانە ئەو حوکمەیە کە لە لایەن دادوەری دادگای مەریوانەوە دەرچووەولە لایەن هێزی بەناو ئینتزامی شاری مەریوانەوە ئیجرا کراوەو تاوانباریان بە جلی ژنانەوە بە سواری ماشێن بە نێو شاردا خولاندۆتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند لایەنی کۆمەڵایەتیو یاساییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو حوکمە بکەین. بەڵام پێویستە لە پێشدا ئیشارە بە خاڵێکی گرنگ بکەین کە بزانین سزا بۆچی دیاری کراوەو ئەو سزایە کە دادوەری شاری مەریوان بۆ ئەو تاوانبارەی دیاری کردوە دەچێتە خانەی ئەو پێناسانەی کە لە بواری یاساییدا لە سزا کراوە.

سزا بە پێناسەیەکی کورت: «قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەیە کە بە هۆی تاوانێکەوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا یان تاکێک کەوتوەو نەزمی نێو کۆمەڵگەی تێکداوەو لە ڕێگای سزادانی تاوانبارەوە هاوسەنگی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێتەوە» یان بەواتایەکی دیکە بە سزادانی تاوانبارهەم قەرەبووی ماددیو مەعنەویی تاوان لێکراوەکە بکرێتەوەو هەم دەرسێک بێ بۆ کەسانی دیکە کە تاوانی لەو چەشنە ئەنجام نەدەن دەنا تووشی لێپێچانەوەی قانوونی دەبنو سزا دەدرێن.
لە ژێر ڕووناکایی ئەو پێناسەیەدا کە لە سزا کراو ئەو حوکمەی داوەری شاری مەریوان وەک سزا بەسەر تاوانباردا سەپاندوویەتی، دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئەو سزایە قەرەبووی ئەو زیانەی کردۆتەوە کە بەهۆی تاوانی تاوانکار لە کۆمەڵگا بە گشتی یان تاک بە تایبەتی کەوتوە؟

ئایا لە بڕگە قانوونییەکانی سزادانی گشتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە جلوبەرگی ژنان وەک سزایەک دەبەر پیاوان بکرێو یان بە پێچەوانەوە جلوبەرگی پیاوان وەک سزا لەبەر ژنان بکرێ؟ وەڵامی هەر دوو پرسیار بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە لە هیچ بڕگەیەکی سزادانی کۆماری ئیسلامیدا سزای لەو بابەتە نابینرێو ئەو سزایە نەیتوانیوە ئەو هاوسەنگییەک لە کۆمەڵگەدا دروست بکاتەوە کە بە هۆی تاوانی، تاوانکار تێک چووە. لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەی چۆنە

دادوەری شاری مەریوان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە حوکمی لەو شێوەیە بەسەر تاوانباردا بسەپێنێ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەگەر لە هیچ بڕگەیەکی سزادانی گشتیی ئێراندا ئیشارە بە سزای لەو چەشنە نەکراوە، بەڵام نابێ شکو گومانمان هەبێ کە دەرکردنی حوکمی لەو بابەتەو بەکارهێنانی جلوبەرگی ژنان وەک کەرەسەی سزا لە بیروئەندێشەی کۆماری ئیسلامی لەبارەی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە ماددەو بڕگەکانی «قانون مجازات اسلامی»دا بگێڕین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە نزیک بە تەواوی ئەو بڕگەو ماددە قانوونی‌یانەی کە لەو قانوونەدا هاتوون جێگەو پێگەی ژن لە پلەی دووهەمو بە دوای پیاودا دانراوە. واتە کاتێک ژن دەبێتە لایەنێکی داوایەکی قانوونی لە مافو حەقدا نیوەی پیاوی پێ‌دەدرێ، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە تاوانباری دەرەکییش بێ. بۆ نموونە:

ماددە ٢٠٩: لە »قانون مجازات اسلامی» لە بەشی «قصاص»دا دەڵێ:

«هەر کاتێک پیاوێکی موسڵمان ژنێکی موسڵمان بکوژێ مەحکووم بە قەساس دەبێ، بەڵام دەبێ کەسوکاری ژنە کوژراوەکە پێش لە بەڕێوەچوونی قەساسی بکوژ، نیوەی خوێنبایی بدەن بە پیاوە قاتڵەکە«.

ماددە ٢٥٨: «هەر کاتێک پیاوێک ژنێکی کوشت «خوێنگر» مافی قەساسی بکوژی هەیە بە دانی نیوەی «خوێنبایی» بە قاتڵو هەرلەوکاتەدا قاتڵ دەتوانێ بەڕادەی کەمتر یان زیاتری «خوێنبایی» لەگەڵیان پێک بێ.

ماددە ٤٨٧: خوێنبایی لەبەربردنی کۆرپەڵە »دیه سقط جنین» لە خاڵی ٦ی ئەو ماددەیە دا دەڵێ: «ئەو کۆرپەڵەیە کە لە منداڵدانی دایکدا ڕووحی وەبەرهاتوە ئەگەر کوڕ بێ خوێنبایی تەواو وەردەگرێو ئەگەر کچ بێ نیوەی خوێنبایی کوڕەکە وەردەگرێ...»

لێرەدا تەنیا بە هێنانەوەی ئەو چەند بڕگەیە لە قانوونی «مجازات اسلامی» بەس دەکەینو پێویستە هەڵوێستەیەک لە سەر تێڕوانینی قانووندانەرو بەڕێوەبەرو حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژنو جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا بکەین. ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر ئەو سێ بڕگە قانوونی‌یەدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ژن لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا مرۆڤی پلە دوویەو تەنانەت لە هێندێک بواری خاوەنداریەتیی ماف لە قانووندا وەک کوێلە چاوی لێ‌دەکرێو پیاو لە هەموو بوارێکدا بە ئەرشەدو خاوەنی ژن دیاری کراوەو ئەو کاتەش کە پیاو ژن دەکوژێو گیانی لێ‌دەستێنێ، پیاوەکە لە بەرامبەر مەحکەمەو قانووندا ڕێ پێدراوە کە نیوەی خوێنبایی لە کەسوکاری ژنەکە وەربگرێ جا ئەو کات سزای بۆ دیاری بکرێ لە حاڵێکدا ژنو پیاو وەک مرۆڤ لە سروشتداو بە پێی ئایینە ئاسمانی‌یەکانیش مافی وەک یەکی ژیانیان هەیەو هیچیان مافی ئەوەیان نیە گیان لەوی دیکە بستێنێ. بەڵام قانووندانەری کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەو ڕاستی‌یە سروشتی‌یە خۆی گێل دەکاو تەنانەت بە دانانی جیاوازی حوکم لە سەر ئەو کۆرپەڵەیەش دەدا کە هێشتا نەهاتۆتە سەر دنیاو هەست بە بوونی خۆی لە باری جسمیو جنسی‌یەوە ناکاو تەنانەت کۆرپەڵەکە خۆی لە دیاریکردنی جنسی خۆیدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە هەتا لە دوایی‌دا قانوونە دەستکردەکانی حکوومەتی

ئیسلامیی ئێرانو هاوشێوەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەسەریدا بسەپێو ملکەچیان بێ.

هەر ئەو ڕوانگەیەی کۆماری ئیسلامی‌یە کە دادوەری شاری مەریوانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە پێگەی ژن لە پێگەی پیاو نزمترەو تاوانباری پیاو بەو پێگە نزمە سزا دەدا لە حاڵێکدا دادوەر بە تەواوی لە هەڵەدایە، رەنگە ئەو ڕوانگەیەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژن لە هێندیک ناوچەی ئێراندا بەستێنی خۆی هەبێ بەڵام جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە زۆر لایەنەوە جیاوازیی لەگەڵ ناوچەکانی‌دیکەی ئێرانو وڵاتانی دەوروبەری هەیە. هەر بۆیە دادوەری مەریوان لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی کوردستاندا بە هەڵە چووە. چونکە هەم فەرهەنگو هەم مێژووی نووسراوی کورد کە بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری بە دەستی بێگانەکان نووسراوە زۆر بە حورمەتو شایستەوە باس لە ژنی کوردو جێگەوپێگەی لە نێو کۆمەڵدا دەکەن.

ئەوەتا مینۆرسکی لە کتێبی «کوردو تێبینی‌و وردبوونەوە» لە لاپەرەی ١٥٩ چاپی کوردیدا بەو شێوەیە باس لە ئازادیی ژنی کورد دەکا. «ئافرەتیان بێ‌پەچەن، بە ئازایی‌و بە بێ شەرمکردن لە نێو کۆڕو کۆمەڵدا دادەنیشنو زۆر جاریش لە گفتوگۆدا هاوبەشیی پیاوان دەکەن...».

لە لاپەرەی ١٦٢ی ئەو کتێبەدا مینۆرسکی لەبارەی کەسایەتیی ژنانەوە ئاوا دەنوسێ: «گومانی تێدا نیە کە ئافرەت لە نێو کوردەکاندا شەخسییەتی هەیە، هیچ سەیریش نیە ئەگەر ببینین ناویان بخرێتە سەر ناوی کوڕەکانیان...»

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە کە لە زمانی مینۆرسکی‌یەوە باسمان کردن کە مێژووی نووسینیان بۆ ١٠٠ ساڵ پێش دەگەڕێتەوە دەرخەری ئەو راستی‌یەن کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ژن جێگەوپێگەی خۆی هەبووەو هەیەو هەرلەو کاتەدا بەو ڕادەیە کە ژن حورمەتی هەبووە جلوبەرگو هەموو ئەو شتانەی تایبەت بەو بوونو هەن جێگای ڕێزو حورمەتنو هەموو ئەوانە سەلمێنەری ئەو راستی‌یەن کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژنبوون نەک کەمایەسی نیە بەڵکوو بەڕادەی پیاوبوون شانازی‌خوڵقێنەو دەبێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو راستی‌یەیان بۆ دەرکەوتبێ کە بێ‌حورمەتی‌کردن بە جلی کوردیی ژنان یان هەر کەرەسەیەکی دیکە کە مۆرکی نەتەوەیی کوردی پێوە بێ ناتوانرێ بە سووکو سانا چاوپۆشیی لێبکرێ.

سەرچاوە:

قانون مجازات اسلامی چاپ ٨٩

کتێبی کورد نووسینی مینۆرسکی ١٩١٤

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مەی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## شووڕای نیگابانو چاوەدێریی ئیستیسوابی «استصوابی»

هەرکاتێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا باس لە هەڵبژاردن دێتە ئاراوە، ناوی شووڕای نیگابانیش دەکەوێتە نێو باسی هەڵبژاردن. بەو مانایە هیچ هەڵبژاردنێکی نوێنەر یانن نوێنەرانی خەڵک، بێ شووڕای نیگابان بەڕێوە ناچێ. هەرچەند بە پێی قانوون ئەرکی ئامادەکردنو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە ئەستۆی وەزارەتی نێوخۆیە، بەڵام ئەوەی بڕیار دەداو چاوەدێریی ڕاستەوخۆ بەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردندا دەکا وەزارەتی نێوخۆ «کشور» نیە بەڵکوو شووڕای نیگابانە.

بە پێی مادەی ۹۱ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، شووڕای نیگابان لە ۱۲ ئەندام پێک دێ کە شەش کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێنو شەش کەسی دیکەشیان لە لایەن ڕەئیسی قوەی قەزاییەوە کە خۆی دەستنێژی ڕێبەرە بۆ تەئییدکردنیان بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەناسێندرێن.

شووڕای نیگابان بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران دەسەڵاتێکی بێسنووری هەیەو ناچار نیە ڕاپۆرت بداتەوە ئۆرگانێکی حکوومەتی. لە مادەی۹۸ی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا هاتوە:

«شیکردنەوەو لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتی لە ئەستۆی شووڕای نیگابانە........».
مادام تەفسیری قانوونی بنەڕەتی لە ئەستۆی شووڕای نیگابان بێ زۆر سروشتییە کە لێکدانەوەو شیکردنەوەی مادەکانی قانوونی بنەڕەتی لە چوارچێوەی بیرو ئەندیشەی ئەو ۱۲ کەسە کە پێکهاتەی شووڕای نیگابانن دەرناچێو هەرلەوکاتەدا ئەو تەفسیرو لێکدانەوانە لە بەرژەوەندیو مەسڵەحەتی ڕێبەردا دەبێ. بۆ نموونە لە مادەی ۹۹ی قانوونی بنەڕەتیدا باس لە چاوەدێریی ئیستیسوابی «استصوابی» نەکراوە بەڵام شووڕای نیگابان لە تەفسیری ئەو مادەیەدا «استصوابی» لە هەڵبژاردندا وەک ئەرک بۆخۆی دەستنیشان کردوە تەنیا بەڵگەیان ئەوەیە کە لە کۆتایی مادەکەدا دەگوترێ «لە ئەستۆیەتی».

مادەی ۹۹: شووڕای نیگابان چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری، سەرکۆماری، مەجلیسی شووڕای ئیسلامیو گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکو ڕاپرسیی لە ئەستۆیە«. ئێستا با بزانین چاوەدێریی ئیستیسوابی «استصوابی» چیە کە وا شووڕای نیگابانو دامودەزگاکانی سەر بە ڕێبەری بەو شێوەیە پشتگیریی دەکەن. لە چاوەدێری «استطوابی»دا چاوەدێر مافی ئەوەی هەیە بە پێی تێگەیشتنێک کە خۆی لە ئەسڵی مەسەلەکەی هەیە بڕیاری لەسەر بداو بڕیارو قسەی چاوەدێری ئیستیسوابی قانوونەو لایەنەکانی مەسەلەکە بێ ئەملاوئەولا دەبێ ڕەچاوی بڕیارەکە بکەنو هیچ دامودەزگایەکی

دیکە نیە کە لە سکاڵای ئەو کەسانە بپرسێتەوە کە سەلاحییەتیان تەئیید نەکراوە. لە بەرانبەر چاوەدێریی ئیستیسوابیدا چاوەدێریی «استطلاعی» زانیاریخوازی هەیە کە چاوەدێر ئاکامی لێکدانەوەو تێگەیشتنی خۆی لە ئەسڵی مەسەلەکە دەداتەوە بەڕێوبەرانو بەرپرسان کە مەئمووریيەتیان پێ سپاردوە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا لە لایەن ئۆرگانێکی قانوونییەوە چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردندا دەکرێو بۆ ئەوانەی هەڵدەبژێرنو هەڵدەبژێردرێن بە پێی قانوون کۆمەڵێک خاڵ دیاری کراون،بۆ ئەوەی کە هەم ئەو کەسانەی وەک سەرکۆمارو نوێنەرانی پارڵمان هەڵدەبژێردرێن لە بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیاندا سەرکەوتوو بنو هەم مافو بەرژەوەندیی خەڵکیش پارێزراو بێ. بۆ ئەو مەبەستە ئۆرگانی چاوەدێر بەسەر هەڵبژاردندا یان لەلایەن سەرکۆمارو پارڵمان یان لە لایەن مەجلیسی سەناو پارڵمانەوە دەستنیشان دەکرێن کە هەم سەرکۆمارو هەم نوێنەرانی پارڵمان هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵکن. لە وڵاتانی دێموکراتیکدا کە هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێ بێجگەلە ئۆرگانی چاوەدێر، حیزبەکانیش بەشێکن لە پرۆسەی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردندا، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوە شووڕای نیگابانە کە ئەرکی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکاندا بەڕێوە دەبا لە حاڵێکدا خۆی نە ڕاستەوخۆو نە ناڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوی خەڵک نیەو لەجێدا هەروەک پێشتر ئیشارەی پێکرا لە لایەن ڕێبەرییەوە دیاری دەکرێ کە خودی ڕێبەر هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵک نیە. هەر بۆیە لە بەرانبەر خەڵکیشدا خۆی بە وەڵامدەر نازانێ. بەڵام لە وڵاتانی دێموکراتیکدا سەرکۆمار وەکوو کەسی یەکەم لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا یان ئەندامانی پارلمان لە لایەن خەڵکەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەڵدەبژێردرێنولە بەرامبەر خەڵکیشدا بەرپرسیارن. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کام لە ئەحزابو کەسایەتییەکان ناتوانن بە بڕیاری شوورای نیگابان ناڕازی بن لە حاڵێکدا لە وڵاتانی دیموکراتیکدا ئەحزابو کەسایەتییەکان دەتوانن لە ڕێگای قانوونییەوە ناڕەزایەتی دەربڕنو تەنانەت گەلێک جار پەنا دەبەن بۆ دەنگی لایەنگرانی خۆیان بێ ئەوە ترسیان لە گیرانو زیندانو ئێعدام هەبێ.

هەرچەند پێشتر هەر لە هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە ئۆرگانێک بە ناوی شوورای نیگابان بۆ چاوەدێری بەسەر هەلبژاردنەکاندا هەبوو بەڵام هەتا سالی ١٣٧٤سەبارەت بە چاوەدێریی ئیستیسوابی ئەو ئۆرگانە لە نێوان وەزارەتی نێوخۆ «کشور»و شووڕای نیگابان لەسەر ڕادەی سەلاحییەتەکان کێشە هەبووە بەڵام لەو ساڵەدا مەجلسی پێنجەم بڕیارێکی پەسند کرد کە شوورای نیگابان مافی چاوەدێریی ئیستیسوابیی هەیە مادام مافی چاوەدێریی ئیستیسوابیی هەیە ئەگەر وایە لە بەرامبەر هیچ ئۆرگانێکدا بەرپرسیارو وەڵامدەر نیەو بۆ بڕیارەکانی خۆی پێویستی بە بەڵگەو دەلیل نیەو ئەوە لە حاڵێکدایە کە ناڕازییان لەوسەلاحیەتو مافە کە دراوە بە شوورای نیگابان، بەڵگەو دلیل بە پاڵپشتی هێندێک مادە لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا دێننەوە وەک ئەوە کە دەڵێ: «هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت لە بەرامبەر خەلکو نوێنەرانی ئەواندا دەبێ وڵامدەربن».

لەکوتاییدا ئەوەی ڕاستی بێ شوورای نیگابان پارێزەری ڕاستەقینەی ڕێبەرو دامودەزگاکانی ڕێبەرەو ئەوی لە خەتی ڕێبەردا نەبێ لە تەتەڵەی شوورای نیگابان دەرناچێو تەنانەت ئەگەر کەسێک یان کەسانێکیش کە لە خۆیان نەبن تەئییدی سەلاحییەت بکرێن بۆ ڕاگرتنی وەزعەکە لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردندا دیسان ئەوە شوورای نیگابانە کە دەزانێ کێ سەر لە سندووقەکانی دەنگدان دێنێتە دەر چونکە بێجگە لە تەئیید یان ڕەدی سەلاحییەتی کاندیداکان سەلاحییەتی چاوەدێری بەسەر حەوزەکانی دەنگدانو ژماردنی دەنگەکانیشیدا هەیە. دەتوانین بەو شێوەیە ئاکام وەربگرین کە ڕێبەر لە ڕێگای چاوەدێریی ئیستیسوابیی شوورای نیگابانەوە کۆنترۆڵی تەواوی بە سەر بەڕێوەبەریی ئۆرگانیزمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە کە ئەو شێوەیە نا دیموکراتیکترین شێوەی ئیدارەکردنی وڵاتە.

لە ژمارە ٦٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مەی ٢٠١٣





سەرچاوە
Serchawe

## پێگەی سەرکۆمار لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا

لە نیزامە دێموکراتیکەکاندا دابەشکردنی دەسەڵات بە تەواوی پێڕەو دەکرێ. سەرۆکی هەر کام لە دەسەڵاتەکانی " قانون دانان"، "بەڕێوەبەری"و "دادوەری" جێگەوپێگەی خۆیان هەیەو ئەندامانی هەر کامیان لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. هەر بۆیە لە بەرامبەر خەڵکیشدا بەرپرسیارن و بەرژەوەندیی خەڵکو وڵاتی خۆیان لەلا گرنگو پڕ بایەخە.

بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت دابەشکردنی دەسەڵات هەیە، هیچ کام لە دەسەڵاتەکان خۆیان سەرچاوەی دەسەڵات نین و هەرلەو کاتەدا بەرامبەر بە خەڵکیش خۆیان بە بەرپرسیار نازانن، چونکە سەرچاوەی دەسەڵات لەلای ڕێبەرەو ئەوە ڕێبەرە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرکۆمارو سەرۆکی دەزگای دادوەریو ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەستنیشان دەکا کاروباریان کۆنترۆڵ دەکا.

هەر بۆیە ئەوانە خۆیان لە بەرامبەر ڕێبەردا بە بەرپرسیار دەزانن چونکە ڕێبەر بەپێی بڕگەو بەندەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران خاوەنی نیزامی کۆماری ئیسلامییە.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە چەند بڕگەو مادەی قانوونی بنەڕەتی لێرەدا باس دەکەین کە پێگەی سەرکۆمار لە ژێر سێبەری ڕێبەردا دیاری دەکەن.

بەپێی مادەی ١١٣ لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران، سەرکۆمار دوای ڕێبەر لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا بەرزترین پلەی ڕەسمییە لە حاڵێکدا لە هەموو سیستمێکی کۆماریدا سەرکۆمار یەکەمین دەسەڵاتی سیاسییە. هەروەها لە مادەو بڕگەکانی دیکەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا کە باس لە سەرکۆمار دەکا لە زۆربەیاندا سەرکۆمار لە بەرامبەر ڕێبەردا بە وەڵامدەر دەزانێ و تەنانەت لەو کاتەدا کە هەڵبژاردنی ڕواڵەتیی سەرکۆماری کۆتایی پێدێ و لەلایەن شووڕای نیگابان و وەزارەتی نێوخۆ "کشور"ەوە سەرکەوتنی کەسێک بەناوی سەرکۆمار ڕادەگەیەندرێ، تەنیا کاتێک دەتوانێ پۆستی سەرکۆمار لە سەرکۆماری پێشوو وەربگرێ کە بە پێی مادەی ١١٠ فەقەرە ٩ لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران ڕێبەر حوکمەکەی ئیمزا بکا بەو مانایە کە سەرکۆمار ڕابسپێردرێ بۆ پێکهێنانی دەوڵەت.

هەر لە مادەی ١١٠ فەقەرە ١٠دا هاتوە کە ڕێبەر دەسەڵاتی هەیە سەرکۆمار لە دەسەڵات لابدا. یان مادەی ١٣٠ لە



سەرچاوە Serchawe

قانوونی بنەڕەتی باس لەوە دەکا کە سەرکۆمار دەبێ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە ڕێبەر بکاو ئەوە ڕێبەرە کە لێی قبووڵ دەکا یان نا؟و تەنانەت لە مادەی ٨٩ فەقەرە ٢ دا باس لەوە کراوە کە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەتوانێ متمانە لە سەرکۆمار وەربگرێتەوە،بەڵام بەڕێوەچوونی ئەو مادەیەی پێوەندی داوەتەوە بە بەندی ١٠ لە مادەی ١١٠ کە دەسەڵاتی ڕێبەری تێدا دەستنیشان کراوە.

مادەی ١٣١ی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا باس لە هەلومەرجێک دەکا کە دەوڵەت سەرۆکی نیە واتە پۆستی سەرکۆمار بەتاڵەو لەو حاڵەتەدا ڕێبەر دەسەڵاتی هەیە کە جێگری یەکەمی سەرکۆمار دەستنیشان بکا بۆ ڕاپەراندنی ئەرکی سەرکۆمارو لە حاڵەتێکدا سەرکۆمار جێگری یەکەمی نەبێ، ڕێبەر ڕاستەوخۆ کەسێک دیاری دەکا بێ ئەوە پرس بە مەجلیس یان شووڕای نیگابان یان دامەزراوەیەکی دیکەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکا.

بە باسکردنی ئەو چەند مادەیە لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە سەرکۆمار تەنیا ناوی هەیەو نێوەرۆکی نیەو ئەو کەسەی بەناوی سەرکۆمار بەڕێوەبەری پۆستی ئیجرایی ئێرانە لە ڕاستیدا سەرۆکی وەزیرانە کە لەلایەن ڕێبەرەوە ڕادەسپێردرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزیرانو ئەو ئاکامە وەردەگرین کە هەڵبژاردنی سەرکۆماری تەنیا بەو مەبەستەیە کە ئاپۆرای خەڵک لە حەوزەکانی دەنگدان دیار بێو ڕێبەر بە دنیا بڵێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێرانی لە پشتە.

لە ژمارە ٦٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٣



## کێ لە پاراستنی لێرەوارەکانی کوردستان بەرپرسیارە؟

ئاور سەرەکیترین دوژمنی دارستانو لێڕەوارە، هەر بۆیە بە چووکترین ئاور ڕەنگە زیان و زەرەرێکی وا لە ژینگە بکەوێ کە قابیلی قەرەبووکردنەوە نەبێ. مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی ئەوە کە کەرەسەیەکی وای لە بەردەستدا نەبووە کە بتوانێ پەرە بە زەوی و زاری کشتو کاڵی بدا پەنای بۆ ئاگر بردوەو بە سوتاندنی دارستانەکان زەوی کشتو کاڵیی دروست کردوەو ئەو شێوەکارە بە داخەوە هەتا ئێستاش لە زۆر وڵات کە خاوەنی لێرەوارو دارستانی چڕوپڕن بەردەوامە کە زیان و زەرەرێکی زۆری هەم بە سامانی سروشتی و هەم بە ژینگەی ئەو وڵاتانە گەیاندوە.

خاکی کوردستانیش یەکێک لەو ناوچە جوغرافیاییانە لە سەرتۆپی زەوەیە کە خاوەنی لێرەوار و دارستانی سروشتییە کە هەم ڕواڵەتی جوانی داوە بە کوردستانو هەم ژینگەیەکی لەباری بۆ دەیانو سەدان جۆر گیانلەبەر و دەیان جۆر گیاوگۆڵی خورسک کە کاریگەریی زۆریان لەسەر سروشتی کوردستانو وەک سامانی نەتەوەیی هەیە، خوڵقاندوە.

هەر وەک باس کرا لێرەوارو دارستان بۆ هەر وڵاتێک گرنگیو بایەخی زۆری هەیەو فەوتانو لە نێوچوونیان بەهەر هۆکارێک دەبێتە زیانێکی گەورەو قەرەبووکردنەوەی زۆر زەحمەتە. کارناسان لە بوارەدا دەڵێن بۆ زیندووکردنەوەی هەر هێکتارێک لێڕەوار پێویستیمان بە ٢٠٠ هەتا ٣٠٠ ساڵ هەیە و ئەو ماوە دورودرێژە دەبێتە تەمەنی سێ هەتا چوار پشت لە تەمەنی مرۆڤ، ئەویش بەو شەرتە کە لەو ماوەیەدا ئەو دارستانو لێرەوارە تووشی هیچ کارەساتێکی سروشتیو مرۆڤی نەبنو ئەوکات ڕەنگە وڵاتەکەمانو نەوەکانی داهاتوو ببن بە خاوەنی لێرەوارو دارستانێکی بە شێوەی ئێستا، ئەگەر وایە تاک تاکی مرۆڤی کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکی گرنگیان دەکەوێتە سەرشان بۆ پاراستنی ئەو لێڕەوارو دارستانانە کە ئێستا وەک سامانێکی گرنگ لە ئیختیارماندان.

ماوەی چەند ساڵێکە لە وەرزی هاوینێدا لێرەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەکانی مەریوانو بانەو سەردەشت تووشی سووتانو ئاورتێبەربوون دەبنو زیانو زەرەرێکی زۆری ماڵیو سروشتی بەخەڵک و ناوچەکە دەگا. ئەگەر بەباشی لەو مەسەلەیە ورد بینەوەو لایەنی سروشتی لەسەر هەڵدانی ئەو ئاگرکەوتنەوانەی لێدەربکەین دەگەینە دەرئەنجامێک کە ئەو ڕووداوانە دەستی مرۆڤیان تێدایە کە بەهۆکاری کەمتەرخەمی یان دەستی بە ئەنقەست ئەو سووتمانانە دەخوڵقێنن. ئەوەی جێگای سەرنجو تێڕامانە ئەوەیە کە ئەو شوێنانەی تووشی سووتمان دەبن نە جێگای سەیرانو گشتو گوزارنو نەسەر ڕێی ڕێبوارانن کە ئەو گومانەمان لا دروست کەن کە هۆکاری کەمتەرخەمی بۆتە هۆی ئاورتێبەربوونی دارستانو لێرەوارەکان، بەڵکوو ئەو شوێنانە لە لێرەوارەکان کە تووشی سووتمان بوون زۆربەیان کەوتوونەتە بناری چیا

سەختو چڕو حاسی‌یەکان، یان کەوتوونەتە بەرزاییەکان. لێرەدا ئەو گومانە بەهێز دەبێ کە سووتانی لێرەوارەکان دەستی بە ئەنقەستی تێدایە و ئەو کاتە ئەو گومانە خۆی لەڕاستی نزیک دەکاتەوە کە بزانین دەسەڵاتی سیاسی واتە دەوڵەت و داموو دەزگاکانی لەو ناوچانە لە ئاست سووتانو فەوتانی ئەو لێرەوارو دارستانانەدا بێدەنگو بێکردارن. چونکە پێش هەموو لایەنێک ئەوە داموودەزگای دەوڵەتی‌یە کە دەبێ پارێزگاری لە سامانی سروشتی بکا. بەڵام هەتا ئێستا هیچ لایەنێک لە دەوڵەت لەو ناوچانە هەوڵیان نەداوە بکەر یا بکەرانی ئەو ڕووداوانە دەستبەسەر بکەنو لە هۆکاری ئەو سووتانو ئاور تێبەربوونانە بکۆڵنەوەو لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانەوە خەڵکی لێ‌بەئاگا بکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە تەنانەت لە کاتی سووتمانەکەشدا هیچ داموودەزگایەکی دەوڵەتی هەوڵی نەداوە بە شێوەیەکی شیاوو بەرپرسانە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە بێت و زۆر جارانیش چالاکانی بواری ژینگە پارێزی راپێچی زیندان کراون بە تۆمەتی ئەوە کە لە ڕێگای دەنگ هەڵبرینیانەوە کۆمەڵگای خۆیان لە کەمتەرخەمیی دەوڵەتو داموودەزگای ئیداریی دەوڵەت لە ناوچەکە ئاگادار کردۆتەوەو داوای ئەوەیان بووە کە بکەر یا بکەرەکانی ئەو سووتاندنە ئاشکرا بکرێنو بۆ سزادانیان بدرێن بە دادگا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی ژینگە بەتایبەت پاراستی دارستانو لەوەڕگەکان قانوونی هەیەو لەو قانوونەدا پێناسەی لێرەوارو لەوەڕگەکانی کردوەو بەسامانی نیشتمانی ناویان دەباو هەر ئەو قانوونە باس لە شێوەی دامەزراندنی داموودەزگای پارێزگاریی لێرەوارو لەوەرگەکان دەکاو هەم باس لە ئەرکی ئەو ئۆرگانە دەکاو هەم بۆ ئەو کەسانە کە بە کەمتەرخەمی یان ئاگایانە دەبنە هۆی سووتانو تێکدانی ژینگەی سروشتی، ڕێگای یاساییو سزای دەستنیشان کردوە.

لە ماددەی ٤٧ لە یاسای پارێزگاری لە لێرەوارەکانو لەوەڕگەکاندا هاتوە: «هەرکەس بە ئەنقەست ئاور لە دارستان بەردا بە ٣ تا ١٠ ساڵ زیندان حوکم دەدرێ و لە حاڵێکدا ئەگەر بکەر مەئمووری پاراستنی لێرەواربێ، بە زۆرینەی ئەو سزایە سزا دەدرێ». هەر لە تێبینیی ئەو مادەیەدا هاتوە: «لە کاتی سووتانو ئاورگرتنی لێرەوارەکاندا تەواوی مەئموورینی لەشکریو ئیداریو شارەداری‌یەکان کە لە نزیک شوێنی ڕووداوەکەن لەبەرامبەر داواکاری مەئمورینی پارێزگاریی لێرەوارەکانو هێزە ئینتیزامی‌یەکان یان بەخشداردا لەسەر شانیانەو ئەرکە کە بۆ پێشگیری لە پەرەگرتنی ئاورو کووژاندنەوەی، چالاکانە دەست بەکاربنو هەروەها لە درێژەی ئەو «تێبینی‌یەدا» هاتوە کە ئەو مەئموورانەی ئیداریو شارەداری کە کەمتەرخەمی بکەن بە پێی ماددەی ٥٨ و ٥٩ لە قانوونی دامەزراندنی دەوڵەت سزایان بۆ دیاری دەکرێو مەئمورینی لەشکری بە پێی قانوونی نیزامی سزا دەدرێن.» هەر لەو بارەیەوە ماددەی ٦٧٥ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی دەڵێ: «هەرکەس بە ئەنقەست خانوویەک یان داموودەزگایەک، پاپۆڕ، تەیارە، کارخانە، یان ئەمبارو بە گشتی هەر شوێنێکی نیشتەجێبوون یان لەبار بۆ نیشتەجێبوون، وەک لێرەوار، خەرمان، یان هەر بەروبوومێکی کشتو کاڵی، دارستان، مووچەو مەزرا یان باغی کەسێکی دیکە ئاور تێبەربدا بە ٢ ساڵ هەتا ٥ ساڵ زیندان حوکم دەدرێ. بەڵام ئەو کردارانەی سەرەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە نیەتی دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بچن حوکمی محاربەی بەسەردا دەسەپێ.»

هەروەک لە پێشدا باسمان کرد لە جمهوریی ئیسلامیدا یاساو ڕێسا بۆ پارێزگاری لە لێرەوارو لەوەرگەکان هەیەو تەنانەت لە قانوونی سزادانی ئیسلامیشدا ماددەی قانوونیی بۆ تەرخان کراوەو سزادانی بکەرانی هەتا ڕادەی محاربە دیای کردوە. بەڵام بە پێی هەواڵەکان و ڕاگەیەنە نێوخۆیی‌یەکان و بەیاننامەی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی وەک ڕێکخراوی سەوزی چیای مەریوان ڕادەی سووتمانەکانی دارستانەکان لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا تەنیا لە ناوچەی مەریوان پتر لە ٧١ حاڵەتی ئاورتێبەربوونی ڕاگەیاندوەو لە زوربەی نزیک بە تەواوی حاڵەتەکاندا لایەنەکانی پێوەندیدار بە پارێزگاری لە دارستانو هێزە ئینتیزامی‌یەکان بە بیانووی جۆراوجۆرو بە چەکی جۆراوجۆر تەقە لەبەرزاییەکانو لێرەوارەکان دەکەن کە دەبێتە هۆی ئاورگرتنی دارستانو لەوەرگەکان، بێئەوە هیچ لایەنێک بەرپرسیاریی لێپرسینەوە لەو هێزانە وە ئەستۆ بگرێو بکەر یا بکەرانی ئاورتێبەردان هەر بە پێی ئەو ماددە و بڕگانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن سزا بدا.

بێتفاوەتیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکانی کوردستان لە پێوەندیی لەگەڵ ئاورگرتنی دارستانەکاندا، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر هیچ شتێک لە کوردستاندا خۆی بە بەرپرسیار نازانیو هەموو شتێک تەنانەت لێرەوارو دارستانی چڕوپڕیش بە چاوی ئەمنیەتی چاو لێدەکاو هەوڵی لە نێوچوونیان دەدا.

لێرەدا ئەرکی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ناوچە لێرەواریەکان قورستر دەبێ و دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگای پێکهێنانی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و پشتگیریکردنی ئەوانەوە ڕێگری لە زیاتر بە فیڕۆچوونی سامانی نەتەوەییمان بکەنو لەو کاتانەی کە شوێنێک لە دارستان ئاور دەگرێ پێویستە و ئەرکە لەسەر هەموولایەک بە هەر شێوەیەکی کە لەوکاتەدا دەگونجێ هاوکاربن بۆ کوژاندنەوەی ئاورەکە.

جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسو لایەنانە بکەین کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە خەمی پاراستنی ژینگەی کوردستان بەتایبەتی لێرەوارو لەوەرگەکانەوە بوون و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بۆ دامرکاندنەوەی ئاوری لێرەوارەکانی ئەو ناوچانە سەلماندوویانە کە وڵات و زێدی خۆیان خۆش دەوێ.

لە ژمارە ٦١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٣

## عومەر باڵەکی: "ئێمە ئەرکمان نوێنەرایەتیی حیزبی خۆمان نییە، ئەرکمان نوێنەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە"

**بەرنامەی "دیداری تایبەت " لە تی‌ڤیی کوردکاناڵ بۆ باس لە سەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، هۆکارەکانی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەستێن‌و ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیەو ڕوانگەو بۆچوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر ئەو کۆنگرەیە میوانداریی بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و نوێنەری حیزبی دێموکڕات لە کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کردوە. ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو وتووێژەیە:**

**پرسیار: کاک عومەر ئوسولەن کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆپێکهات، هۆکارەکانی پێکهاتنی چی بوون و ئایا وەک زەرورەتێک بوو یان ئایا چۆن لێکی دەدەیەوە جەنابت؟**

**وەڵام**: لەراستیدا ئەگەر چاو بە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەیی کوردا بخشێنین بە مێژووی موبارزاتیدا بخشێنین، هەمیشە ئەو ئەحزابانەی کە لەگۆرەپانی خەباتی ئازادییخوازنە، مافخوازانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد دا بوون، هەمیشە زۆربەی زۆری حەولیان ئەوەیان داوە کە بتوانن کۆنگرەیەکی لەو شێوەیە پێک بێنن و لەوکۆنگرەیەدا بتوانن کە کورد یەکدەنگ بکەن و کورد یەک پەیام بکەن و بتوانن دەنگی کورد بە هەموو جیهان بگەیەنن و لەهەمانکاتدا لە رێگای ئەم کۆنگرەیەوە بتوانن ئەو پەیامەی کەدەبێ کە پەیامی ئاشتی و برایەتی و تەبایی لەناوچەکەیە بە گەلانی دانیشتوی ناوچەکەو لەهەمانکاتدا بە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر پارچەکانی دیکەدا بگەیەنن. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەدوای ئەوەوە بووە، لەشەرایەت و هەلومەرجی جۆراوجۆراد هەوڵی ئەوەیداوە، مەسەلەن ئەگەر ئێمە بە نموونە بهێنینەوە کۆماری کوردستان کە لەسەر دەستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دامەزراوە، کۆماری کوردستان هەرچەند کیانێکی سیاسییە، دەوڵەت داریە، بەڵام لە حەقیقەت دا لە رۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا دەتوانین بلێن دەستپێکی کۆنگرەیەکی نەتەوەیە، چونکە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورەدا هەموو نوێنەرانی کورد بەشدار بوون، ئەوە بۆخی سەرەتایەکە . کورد هەمیشە ئارەزووی هەبووە کە لە دەروری یەکتر کۆ ببێتەوە، لەدەوری یەک کۆببنەوە، هێزیک یان لایەنیک هەبێت یان چەند هێز و لایەن هەبن کە کورد لە دەروری یەک کۆ بکەنەوە، کە من ئێستا نموونەم بە کۆماری کوردستان هێناوە، ئەگەر چاو لە دەیەکانی داهاتوو لە دەیەیی هەفتای میلادیدا ئەگەر چاو لێبکەین یان دەبینن لەو ووتوێژ و نوسینانەی ئەو دوایەدا کە لە کەناڵەکانی راگەیاندن بلاوبوونەوە کە بیرو بۆچوونی ئەحزابە جۆربەجۆرەکانی کوردستانە، یان ئەو وتارەی کە بەرێز کاک مەسعود بارزانی لە دەستپێکی کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی بە حزوری ٣٩ حیزبی سیاسی پێشکەشی کرد، کاک مەسعود باس لەوە دەکات و دەڵێ کە لە دەیەی

حەفتاکانەوە، هەندێک لایەنی سیاسی بەداوی ئەوەوە بوون، کەیەکێک لەو لایەنانە حیزبی دێمۆکراتی کورستان و ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو بوون. بۆیە لە ڕاستیەکەیدا کۆنگرەی نەتەوەیی ئارەزوو بووە و لەهەمان کاتدا کە ئارەزوو بووە ئامانجیش بووە. بەڵام لێرەدا ئەگەر باسی ئەوەی بکەین کە بۆچی لەوسەردەمەدا نەبووە و ئێستا دەبەسترێت. ئەو هەل ومەرجەی کە کورد تێیدا بووە لەوکات لەگەڵ ئەو هەڵ و مەرجەی کە ئێستا تێدایە جیاوازی زۆرە. بۆ هەڵ و مەرجی ئێستا لەبار ترە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەلیلەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کێشەی کورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو یان دەیەکانی ڕابردوو لەناوخۆی وڵاتەکان هاتۆتە دەرێ، ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەر دا دابەشکراوە، خاکی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، یانی لەمەسەلەیەکی ناوخۆیی هاتۆتە دەرێ، ئەگەر نەبووبێتە مەسەلەیەکی نێودەولەتی ئەوە بۆتە مەسەلەیەکی ناوچەیی، ئەوە یەک مەسەلە، مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە دنیا بەرەو پێشکەوتن ڕۆیشتووە، بەرەو تەکنەلۆژیا ڕۆیشتووە، لە دەیەکانی ڕابردوو قەڵاچۆ دەکرا، کورد بۆمبارانی کیمیایی دەکرا، دێیەک قڕ دەکرا، شارێک قڕدەکرا، بۆمباران دەکرا بەڵام کەس گوێی لەدەنگی نەدەبوو، بەڵام ئەمرۆ لیرە ڕوداوێک ڕوودات، لەسەرتاسەری دنیادا لە کەمترین کاتدا دەزانن و دەبیسترێ. هەروەها پێشکەوتنی مرۆڤایەتی چ لە بواری سەنعەتەوە یان چ لە بواری گەشەکردنی فکر و بیرو ئەندێشەی مرۆڤایەتی وایکردوە کە هەم ئەم گەشەکردنە کۆمەک بکات کە مەسەلەی کورد زیاتر بە جیهانی بێت و وە زیاتر بچێتە نێو ئەفکاری عمومیی دونیاوە ئەمە لە لایەک لەلایەکی دیکەشەوە بەرژەوەندیەکانیش گۆردراون، ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان لە ڕابردوودا لە داگیر کردنی وڵاتان دا بووە، ئەمرۆکە بەرژەوەندی زلهێزەکان لە ئابوری ئەم وڵاتانە دایە، وە ئابوری ئەو وڵاتانەش نیازی بە سەقامگیری هەیە. خاکی کوردستانی گەورە خاکێکی پڕ پیت وبەرەکەتە و پرە لە کانگای ژێر زەوی، ئەگەر سەقامگیری، ئاساییش و ئارامی تێدا بێت لە کوردستاندا ئەوە کۆمەکێکە بۆ بوژاندنەوەی ئەو وڵاتانە و بوژانەوەی ئەو وڵاتانە، لەهەمانکاتدا کۆمەکێکە بە ئابوری جیهان و وڵاتانی پێشکەوتوو

**پرسیار**: ئێوە وەک حیزبی دێمۆکرات، کۆنگرەی نەتەوەیی لە کوێی سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکرات جێ هەیە. ئایا کردوویەتە مەسەلەیەکی سەرەکی بۆخۆی یان سیاسەتە سەرەکیەکانی خۆی لە پێشەوەی ئیلزامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دا دەنێ؟ ئێوە وەک حیزبی دێمۆکرات پابەند دەبن بە قەرار دادەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەگەر جارو بار لە بەرژەوەندی حیزب دا نەبوو؟

**وەڵام**: ئێمە لەو بارەیەوە پێم خۆشە ئەوەت عەرز بکەم کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە مێژوو سابیتی کردوە کە لەو شوێنانەی کە قازانج و بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد پێویستی بە فیداکاری هەیە، ئەوە حیزبی دێمۆکراتی کورستان زۆر بە مەسئولیەتەوە لە بەرژەوەندیەکانی خۆی گوزەراوە، بەرژەوەندی حیزبی دێمۆکرات چیە، بەرژەوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرژەوەندی هەموو نەتەوەیی کوردە و بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد ئەگەر وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان حیسابی بۆ بکەین دەلێن ئەو پارچەیە لە کوردستان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام ئەی ئەوەنیە ئێمە ماوەیەکی دورو

درێژە بە بۆنەی پاراستنی باشور دەستمان لە زۆر شت هەڵگرتووە، ئەمە لە راستیدا هیچ کۆنگرەیەکی نەتەوەییش نەبووە، یان ئیلزاماتێکیش نەبووە، بەڵام ئیلزاماتێکی سیاسی و نەتەوەیی ئێمەی پابەند کردوە کە بەوەی ئامانجەکانی کورد لەم پارچە لە کوردستان بپارێزین، وە زۆر جار کەوتووینە بەر رەخنە و گازەندە و گلەیی هەروەها تۆمەت و ناتۆرەشمان لێدراوە، بەڵام ئێمە پێمانوایە مێژوو ئەو شایەدیەمان بۆ دەدات، ئێمە بە شناختێک کە لە دەورە بەر هەمانە بەشناختێک لەدەولەتەکانی ناوچەکە هەمانە، نا ئێمە کۆمەک بووین بەسەقامگیری لە باشوری کوردستان، مادام کۆمەک بووین بەسەقامگیری حکومەتی کوردی و دەسەلاتی کوردی لە باشور، زۆر تەبیعیە کە کۆنگرەی نەتەوەیی کە ئەگەر ئیلزاماتێکیش دروست بکات کە لە بەرژەوەندی هەموو نەتەوەیی کورد دابێت، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لێ سڵ ناکاتەوە. وەک نموونە حیزبی دێمۆکراتی کورستان لە پێشەکی بەرنامەی حیزبدا دا هاتووە و دەڵێ: مەسەلەی نەتەواوەیەتی کورد تەنیا کاتێک بەتەواوەتی چارەسەر دەکرێ، رەوتی سروشتی ببرێت و ویستی ئازادانەی نەتەوەیی کورد بکرێت بە بنچینە. کەواتە حیزبی دێمۆکرات لەسەر ئەو باوەرەیە، یان ئەسلەن لەمادەی یەکی بەرنامەی حیزبدا دەڵێ: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنوسی گەلی کورد تێدەکۆشێ. کەواتە حیزبێک هەر دەستپێکی بەرنامەکەی بەوە دەست پێ بکات، چۆن ئیلزاماتی نابێت بەنیسبەت مەسائیلی نەتەوەیی، وەک ئێمە بە چاوی ئومێدەوە دەروانین بۆ ئەو کۆنگرەیە و هیواداڕین کە ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت. و چمان لەدەست بێت بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئامادەی جێ بەجێکردنیەتی.

**پرسیار: کاک عومەر هەروەکو بینەرانی ئێمە ئاگادارن، کەمتر لە مانگێکی دیکە، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێر دەگیرێ، جەنابت یەکێک لە ئەندامانی یان دروستترە بڵێین کە نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە کومیتەی ئامادەکاری ئەم کۆنگرەیە، ئەرکەکانی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە چییە؟ ئەو کومیتە ئامادەکارییە چۆناو چۆن پێک هات؟**

**وەڵام**: لە سەرەتاوە پێم خۆشە پرسیارەکە ئیسلاح بکەم، راستە من و هەرکام لە رەفیقەکانی دیکە هەریەک لە لایەنێکی سیاسی تر بەشداری ئەم کومیتەیەین و منیش لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشدارم، بەڵام نا، ئێمە هەڵبژاردنێکمان کردووە کە لەو هەڵبژاردنەدا ٩ لایەنی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون و لەم هەڵبژاردنەدا ئەم ٥ لایەنە دەنگیان هێناوەتەوە، ئەو لایەنانەی کە دەنگیان هێناوەتەوە لە راستیدا ئەرکمان نوێنەرایەتی حیزبەکەی خۆمان نییە، ئەرکمان نوێنەرایەتی رۆژهەڵاتی کوردستانە! ئەوەشت عەرز بکەم کە ئێمە وەک نوێنەری ئەحزابی رۆژهەڵاتی کوردستان لەوێین و بەشداری کۆنگرەکەین، جا ئێستا ئەوەی کە جار و بار هەندێک شت دەبیستین یان لە تلویزیۆنەکان یان راگەیاندنەکان، موهیم ئەوەیە کە هەر لایەنێک و هەر کەسێک خوێندنەوەی خۆی دەکات بۆ ئەم باسە، بەڵام هەدەفی ئەسلی ئەوەیە ئەو ٥ لایەنە کە لەو هەڵبژاردنەدا هەڵبژێردراون، لە هەڵبژاردنێک کە ٩ لایەنی رۆژهەڵات بەشدار بوون، لەو ٩ لایەنە رۆژهەڵاتییە هەموو لایەنەکان بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە، دەنگی داوە و دەنگی وەرگرتووە، زۆریش تەبیعییە



سەرچاوە
Serchawe

کە ئەو ٥ لایەنە دەرچوون و هەر ئەو ٥ لایەنەی کە دەرچوون و لە یەکەم کۆبوونەوەدا بەشدار بوون، بە عینوانی نوێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کومیتەیەی ئامادەکارییەدا ئەرک و کاریان بۆ دیاری کراوە و خەریکی ئەرک و کارەکانی خۆیانن.

بەڵام ئەرک و کارەکانی ئەو کومیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەیە، یەکێکیان ئامادەکارییە بۆ کاری بەستنی کۆنگرە. ئامادەکاری وەک ڕێژەی بەشداربووان دیاری دەکات، ڕێژەی میوانەکان دیاری دەکات، دیاریکردنی کومیسیۆنەکانە، ئامادەکردنی بەرنامە و پرۆگرامی کۆنگرە، هەروەها دەعوەتکردنی میوانەکان و هەروەها جێگا و ڕێگا بۆ هەموو میوانەکان لەسەر تاسەری جیهان کە قەرارە بێن.

**پرسیار**: باشە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو کومیتە ٥ کەسییە چۆن بووە؟ هەروەک دەزانین کومیتەی ئامادەکاری ٥ نوێنەری بۆ ڕۆژهەڵات و ٦ بۆ باکور و ٥ بۆ باشوور و ٤ بۆ ڕۆژئاوا و ١ بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دیاری کردووە، ئایا ئەو نوێنەرانەی ڕۆژهەڵات لە چ پرۆسەیەکدا هەڵبژێردراون؟

**وەڵام**: دوای گفتوگۆکان لە کۆبوونەوەی یەکەم، بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی هەر پارچەیەک پێشنیار کرا لە لایەن کومیتەی ئامادەکاریی کۆبوونەوەکە کە هەر کەس موافقی ئەو ژمارانەیە دەست هەڵبێنێت، لێرەدا هەموو لایەنەکان دەستیان هەڵێناوە و هیچ ئیعترازێک نەبووە، دوای ئەوە کە ئەمە کراوە، دیسان ئەو کومیتەیە گوتی کە ئێمە پێشنیار دەکەین کە باکووری کوردستان ٦ نوێنەرو ڕۆژهەڵات ٥ نوێنەر و باشوور ٥ نوێنەر و ڕۆژئاوا ٤ نوێنەری هەبێت و لەگەڵ نوێنەرێکیش لە کۆنگرەی نەتەوەیی، دوای ئەوە داوا کرا کێ ئیعترازی هەیە و کێ پێشنیاری هەیە؟ کەس نە ئیعترازی هەبوو و نە پێشنیار، دوای ئەمە دەنگی بۆ وەرگیراوە، هەروەها بەڵاغی کۆتاییش دەنگی بۆ وەرگیراوە و بڕیاری لەسەر دراوە و هەموو لایەنەکان ئیمزایان کردووە بێ کێشە.

هەر ئەم ڕۆژە ٩ لایەنی ڕۆژهەڵات لە شوێنێکی دیکە لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە، بەعسییان کردووە و موناقشەیان کردووە، هەموو لایەک موافق بوون کە بە تەوافوق بێت، بەڵام تەوافوق چییە؟ دەبێ لایەنێک بڵێ من بەشداری ناکەم من دەکشێمەوە دەنگی من بۆ فلان لایەن، دوای ئەوەی کە بە تەوافوق نەگەیشتوونە دەرئەنجامێک و دواتر هیچ پێشنیارێکیش نەهاتووە بۆ تەوافوق، دوای ئەوە کە نەگەیشتوونە ئەنجامێک کار گەیشتۆتە هەڵبژاردن، هیچ کام لە لایەنەکان نەیانگوت ئێمە بەشداری ناکەین! ئەگەر لایەنێکیش گوتبای کە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە ناکەم، ئەوە حەقێکی پێ دەبڕا، بەڵام وا نەبووە و هەموو لایەنەکان بەشداری هەڵبژرادنیان کردووە، تەنها یەک لایەن نەبێت . پارتی سەربەخۆیی گوتی کە ئێمە کاندیداتۆرمان نییە، بەڵام زۆر تەبیعییە کە کە کاندیداتۆریان نییە، تەبیعییە کە مافی دەنگپێدانی لێ نابڕدرێ! مافی دەنگدان مافی بێ ئەم لا و ئەولای هەر تاکێک یان هەر حیزب و لایەنێکە لە کۆمەڵگادا . باشە دوای ئەمە ئەو ٩ لایەنە هاتوون و دەنگیان داوە و دەنگیان وەرگرتووە، دوای ئەوەی کە دەنگەکان ئاشکرا بوون دیسان موناقشە کراوە، بەڵام

بەداخەوە لایەنێک بەبێ ئەوەی هیچ حورمەتی کۆبوونەوەکە بگرێت، هەڵدەستێ و دەڕواتە دەرێ و دوایە ئێعترازاتێکی زۆریش دەکات، ئەو کاتەی کە دەنگی نەهێناوە ئەو ئێعترازی کرد، هەروەها بەداخەوە لایەنەکانی دیکەش دوای ئەوەی لەوێ زۆر رووخۆش بوون و ئامادەی هاوکاری بوون، بەڵام دوایە لەم راگەیاندن و لەو راگەیاندن گلەیی و گازەندەی خۆیان باس دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کومیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە کومیتەیەکی کاتییە، هەموو ئەو لایەنانەی چ ئەوەی دەنگی هێناوەتەوە و چ ئەوانەی دەنگیان نەهێناوەتەوە ، بەشداری کۆنگرەکە دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی جوولای ٢٠١٣



## ٩٣ ساڵەی پەیمانی سیورو چەند سەرنجێک

ئێستا شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێنەهاتبوو کە وڵاتانی بریتانیاو فەڕانسە لە بیری دابەشکردنی ناوچە داگیرکراوەکاندا بوونو پەیمانێکیان لە نێوان خۆیاندا ئیمزا کرد کە بە پەیمانی سایکس بێکو ناوبانگی دەرکرد بەڵام چونکە رووسیە لەو دابەشکردنە هیچی بە بەرنەبڕابوو ئەو پەیمانە نەیتوانی ئامانجی ئەو دوو دەوڵەتە بێنێتە دی، هەر بۆیە بە ناچاری لەگەڵ دەوڵەتی رووسیە رێککەوتنو پەیمانەکە ناوی نرا پەیمانی سایکس  بێکوسازانۆفو ئەو پەیمانە سەبارەت بە دابەش کردنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو کە لە ١٢ بەند پێک هاتبوو. بەڵام بە هۆی هەلومەرجی ناوخۆی رووسیەو شۆرشی ١٩١٧ ئۆکتوبرو دەرئەنجامەکانی شەڕی جیهانیی ئەو پەیمانە کاری پێنەکرا بەڵام بریتانیاو فەڕانسە کە سەرکەوتووی شەڕ بوونو چاوی تەماعیان لە دابەشکردنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو هەربۆیە لە مانگی ئووتی ١٩٢٠ پەیمانی  سێڤریان بە سەر تورکیەی عوسمانی داسەپاند کە بەشێک بوو لە پەیمانی وێرسای. ئەو پەیمانە لە لایەک بریتانیاو فەرانسەو چەند وڵاتێکی دیکەو لەلایەکی دیکەوە سوڵتانی عوسمانی بوو کە ئەو پەیماننامەیان مۆر کرد کە لەو کۆنگرەیەدا کە ئەو پەیمانەی تێدا مۆر کرا دەستەی نوێنەرایەتی کوردیش بە سەرۆکایەتی شەریف پاشا بەشدار بوو.

لە راستیدا مەبەست لە پەیمانی سێور  پارچە پارچە کردنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو بە جۆرێک ئەو دەوڵەتانەی دادەمەزرێن راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە زلهێزو سەرکەتووەکانی بەرەی شەڕ بە تایبەت بریتانیاو فەڕانسەدا دەبن.

مەبەستی ئێمە لە نووسینی  ئەو بابەتە وەبیرهێنانەوەی ئەو راستییەیە کە بۆیەکەم جار بوو بەڕەسمی لە پەیمانێکی نێودەوڵەتیدا باس لە مافەکانی کوردکراوەو حەدو سنووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی بە روونی دەست نیشان کردوە. هەرچەند پەیمانی سێڤر ماوەی ٩٣ ساڵ بە سەریدا تێپەڕ دەبێوکارایی سیاسی نەماوە، بەڵام کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیداو لە دانیشتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بە تایبەت عێراقو تورکیەو سووریە وەک  بەڵگەیەکی یاساییو مێژوویی پشت بە بەندەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤ی ئەو پەیمانە ببەستن.

ئەوە راستە رەنگە کورد نەتوانێ پەیمانی سێڤر زیندوو بکاتەوە بەڵام غەدر  لە خۆی دەکا  ئەگەر وەک بەڵگەیەکی مێژوویی کە مۆری نێونەتەوەیی خواردوە، کەڵکی لێوەرنەگرێ. چونکە هیچ بەندێک نە لە پەیماننامەی سێڤرو نە لە پەیماننامەی لۆزاندا نەهاتووە لە ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سێڤر بکاو لە هەمان حاڵدا هیچ ماوەیەکی بۆ دیاری نەکراوە کە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە کاریگەری خۆی لە دەست بداو  پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە هەر لە

سەردەمی ئێستادا نەخشەی سیاسیو یاسایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی پەیماننامەی سێڤر دارێژراوەو کاری پێدەکرێ.

لە بەشی سێهەمی پەیماننامەی سێڤر بە روونی ٣ بڕگەی تایبەت کردوە بە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئەو سێ بڕگەیە "٦٢، ٦٣، ٦٤" کە بەو شێوەیە باس لە شێوەی پێک هێنانی کومیسیۆنو رادەی دەسەڵاتو چوارچێوەی سنووری کوردستانو بەرپرسیارەتی دەوڵەتی تورکیاو عوسمانی دەکەن.

**بەندی ٦٢:**

لیژنەیەکی سێ قۆڵی پێک دێ لە حکوومەتەکانی بریتانیاو فەڕانسەو ئیتالیا دەستنیشانیان دەکەنو هەتا شەش مانگ دوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە ئەو کومیسیۆنە نەخشەیەک بۆ خودموختاری (ئوتۆنۆمی) مەحەللیی، ئەو مەڵبەندە پێشکەش دەکا، کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردەو کەوتوونە رۆژهەڵاتی چۆمی فوڕاتو باشووری رۆژئاوای ئەرمەنستان کە دەکرێ لەمەودوا سنووریان بۆ دیاری بکرێ یان کەوتوونە باکووری سنووری نێوان تورکیەو سووریەو بینو ئەلنەهرێین وەک لە فەقەرەی ٢ی بەندی ٢٧دا دەستنیشان کراوە. ئەگەر لە کاتێکدا لیژنەکە لەسەر مەسەلەیەک نەیتوانی بڕیارێکی تێکڕایی وەربگرێ هەر کام لە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆن مەسەلەکە لەگەڵ حکوومەتی خۆی دێنێتە گۆڕێ. ئەو بەرنامەیە پارێزگاری تەواوی ئاسۆرییەکانو کەمایەتییە قەومییەو رەگەزییەکانی دیکە لەو مەڵبەندەدا دابین دەکاو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە کومیسۆنێک لە نوێنەرانی بریتانیاو فەرانسەو ئیتالیاو ئێرانو کوردەکان بۆ پشکنینو بڕیاردان لە سەر هەر چەشنە دەستکارییەک کە بە گوێرەی شەرتەکانی پەیمانی سێور لە نێوان تورکیەو ئێران، لەسەر سنووری تورکیا ئیمکانی هەبێ سەر لەو مەڵبەندە دەدا.

ئەگەر بە باشی لەو بەندە ورد بیتەوە چەند نوکتەی جێگای سرنج و لێورد بوونەوەی تێدایە یەکەم بە روونی سنووری جوغرافیای کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دیاری کردوەو دووهەم دان بەوە دانراوە کە کورد وەک نەتەوەیەک کە لە سەر خاکی خۆی دەژی دوای بە دەوڵەت بوون دەبێ مافی کەمایەتییە قەومیو رەگەزییەکان دابین بکاو سێهەم بۆ دیاریکردنی سنووری کورد وەک لایەنی سەرەکی لەو کۆمیسیۆنەوە کە دەست کاریو پێشێل کاری سنوورەکان بە تایبەت لە نێوان ئێرانو عێراقدا دەکۆڵێتەوە دیاری کراوە.

**بەندی ٦٣:**

حکوومەتی تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە هەموو بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە کە لە بەرگەی ٦٢ دا باس کراون قبوڵ بکاو هە تا سێ مانگ پاش ئەوەی کە پێی راگەیەندرا جێبە جێیان بکا.

**بەندی ٦٤:**

ئەگەر تا ساڵێک پاش ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی لە بەندی ٦٢دا دیاری کراوە، بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیان ڕاگەیاند کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دەیان هەوێ لە تورکیا جیاببنەوەو ئەنجومەنیش دانی بەوە دانا کە ئەوانە دەتوان سەربەخۆ بژین و ڕای‌سپارد کە سەربەخۆیی یان بدرێتێ، تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە ئەو ڕاسپاردەیە قەبووڵ بکاو لە هەموو مافێکی خۆی لەو مەڵبەندە دەست هەڵگرێ. چۆنیەتی دەستبەرداربوونی تورکیا لەو مافانە بەدرێژی لە پەیمانێکی تایبەتی‌دا باس دەکرێ کە لە نێوان تورکیاو هاوپەیمانە گەورەکاندا دەبەسترێ کاتێک حکوومەتی تورکیاش لەو مافانە دەستبەردار بوو ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ بە دڵخوازی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو حکوومەتە کوردەوە، هاو پەیمانە گەورەکان هیچ چەشنە پێشگیریان لێ ناکرێ.

لەو بەندەشدا بە ڕوونی ئەو مافە بە کورد دراوە کە چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێو تەنانەت لەو چوارچێوەی بەندی ٦٢ش ترازاوەو باس لە کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ کە هەمان باشووری کوردستان دەکا ئەگەر خۆیان ڕازی بن دەتوان تێکەڵ بە دەوڵەتی نوێی کوردی بنو دان بەوە دانراوەکە

**ولایەتی مووسل کوردنشینە.**

ئەو سێ بەندە لە پەیمانی سێڤەر ئەوە دەخاتەڕوو کە کورد هەقی دامەزراندنی دەوڵەتی هەبوووە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی (١٩٢٩) کە مەرجی بەدەوڵەت بوونی لە سێ چەمکی "خاکو نەتەوەو دەسەڵاتی سیاسی" دا پێناسە کردوە و لە هەمان حاڵدا دەکرێ ئەو ڕاستییە کە لەو سەردەمەدا کورد پەرتەوازە بووەو هەلێکی گەورەی لە دەست داوە.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٩٣ ساڵ بەسەرپەیمانی سێڤەردا هەلومەرجی بە شێوەیەکی دیکە لە سەردەمی ئێستادا بۆ کورد خوڵقاوەو ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی کاریگەری خۆیان هەبووە لە سەر پرسی کورد. باشووری کوردستان دەسەڵاتی کوردی لێ دامەزراوە بۆیە شوێنێکی ئارام و سەقامگێر لە ناوچەکەداو لە باکووری کوردستان دەسەڵات تورکیە دانی بەوە داناوە کە خاکێک هەیە بەناوی کوردستانو کوردی لێ‌دەژینو خەریکە پرۆسەی ئاشتی چەکەرە دەکاو بەرەو گەشەکردن دەڕواو لە باشووری کوردستان بە هوی وەزعی ئاڵۆزی حکوومەتی سووریا کورد توانیویەتی خۆی نیشان بداو ئەگەر دوینێ ئەنکار دەکرا ئەورۆ لە سەر ئانتینی ڕاگەیاندنە گشتییەکانی جیهانو میزی دەوڵەتان خۆی دەبینێتەوەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی هەلومەرجی لە بارەو دەسەڵات هەر بەچاوی ئەمنییەتەوە دەڕوانێتە کوردستان بەڵام غافڵ نیە لەوە کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە چۆتە دەرێ کە کوردیان

بەسەردا دابەش کراوەو هەر ئیستا لە پێتەختی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بریارە ۲۰۱۳/۹/۱٥ی زایینی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەرێوە بچێ بەو هێوایە کە کورد بە یەک دەنگو یەکیەتی بتوانی کۆدەنگیی دروست بکاو ئەو هەوڵەش وەک سەردەمی بەستنی پەیمانی سێڤەر بە هۆی پرشو بڵاوی لە دەست نەدا.

**سەر چاوەکان:**


کتێبی کوردستانو کورد، نووسینی: د. قاسملوو

کتێبی: بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خویندنەوەیەکی‌تر

و. سەلام ناو خۆش

له ژماره ٦١٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۱۳



## بیرەوەری یەک شەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی..

تاریکی شەو باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشابوو و ڕێچکەی پێشمەرگە بە هەورازدا خولە پێچی دەخواردەوە و هەڵ دەگەرا، لە سەفەرێکی چەند مانگی ڕا بە ناعیلاجی لە بەر ساردو سەرماو نەبوونی ئیمکانی حەوانەوە بەرەو بنکەکانیان لە سنووردەگەرانەوە.

هەرکام لە بیرێکی قووڵ ڕاچووبوون و سواری ئەسپی خەیاڵ ببوون. هێندێکیان هات وچووی نێو خەڵکیان تاوتۆ دەکردوە و هێندێکیان نیگەران و دڵ بەغەم بوون بە هۆی گەرانەوە و بە جێ هێشتنی زێدو ناوچەی خۆیان، هێندێکی تر دوا فرمێسکی دایک و خۆشکانیان لە یادە کەلە ئاوایی خۆیان بۆ ئاخر جاران چاویان پێ کەوتبوو و تاقمێکی تر خۆشەویستەکانیان بە کوردستان سپاردبوو تا لە هەڵێکی دیکەدا باوەش پێک دابگرن.

دەستەیەک پێشمەرگە وەک شارەزا بەرەو پیرمان هاتبوون، یەکترمان گرتەوە. برا پێشمەرگە شارەزاکان کە لە سەر لوتکەی کێوەکە راوەستابوون دیمەنێکی جوانیان پێک هێنابوو. هەر پێشمەرگەیەک کە سەر دەکەوت بە باوەشی گەرم و ماچ پێشوازییان لێ دەکرد. ڕێگایان پشتوێندی ئەمنی سنووری ئێران و عێراق بە دەیان پێگەومۆڵگە، کاناڵ ، تەل دڕوو و مەیدانی مینی تێدا بوو و ئێمەش دەبوا پێ بە پێی شارەزاکانمان بڕۆین و ئامادەی هەر جۆرە ڕووداوێک بین.

یەکترمان ماچ کرد و دوای چاک و خۆشی گوتم!

ـ ڕێگا چۆنە؟ دەتوانین دەرباز بین؟

هاورێی شارەزا گوتی: خۆشە، بە هیوای خودا بە سلامەت تێپەر دەبین، ڕێگای تازەمان دۆزیوەتەوە.

ـ گوتم: ناوی خوای لێ بێنە، بابڕۆین و چیدی مەعتەل نەبین، ڕێگا لە حەواڵەی ئێوە و بەرەنگارییش لە حەواڵەی ئێمە.

پێکەنی و گوتی: هیچ نابێ، ئەوە یەکەم جارە بەو ڕێگایەدا هات وچوو دەکەین، ئاشکرا نەبووە و دوژمن هەستی پێ نەکردووە.

وەرێ کەوتین، ئەو جار ڕێگامان لابەلا و تۆزێکیش سەروژێر بوو و بە خێرایی هەنگاومان دەنا. بۆ من ناوچەکە تازەگی نەبوو. چەند ساڵ لەمەوبەر بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو ناوچەیە لە خزمەتی حیزب دابووم، بە تایبەت ئەو شوێن و ڕێگایە بۆ من پڕ بوون لە بیرەوەری لە گەڵ هاوڕێیانی ئەو ناوچەیە. بەپشت سەری یەکەم مۆڵگەی دوژمن کەلەکاتی شەری ئێران وعێراق تۆپخانەیەکی قورسی لێ بوو تێپەر بووین و رووبەرووی دووهەمین مۆڵگە بووینەوە کە دەبوایە زۆر نزیکتر لە مۆڵگەی پێشوو تێپەر ببواین.

دەشتێکی پان و بەرینمان لە پێش بوو و دەبوایە ببیبڕین. نزیکەکانی نیوە شەو بوو، شەو بە تەواوی زرینگابوو کە گەیشتینە سەر کانیاوێک شارەزاکانمان گوتیان کەمێک بحەسینەوە، پاشان وەرێ دەکەوین. لە کاتی پشوودان دا رووم لە هاورێی شارەزا کردوگوتم:

چۆن بوو بێرەدا هاتی؟ نەدەبوو بە سەرەوەتردا رۆیشتباین ؟ گوتی: بەڵێ وایە، دەبوایە لە گەڵتان باسم بکردبایە. نیازم وایە بە نزیک ئاوایی دا تێپەرین و پرسیارێک لە ڕێگای دەراو بکەین. ئەگەر هەواڵێکمان وەدەست بکەوێ، یەک سەعات ناخایەنێ لە مەترسی تێپەڕ دەبین،دەنا بەو شوێنەی ئێمە پێی دا هاتووین تا نزیکەکانی بەیانی هەردەبێ بە پیادە بڕۆین.
گوتم: بڕای بەرێزم! پێشینیان گوتەنی: بە مەقسەدمان بگەیەنە و تەنگەی ڕێگامان بۆ مەکێشە.

گوتی: خەمت نەبێ! نەفەرێکی شارەزا هەیە، خوابکا لە ماڵ بێ.
دوای ماوەیەکی کورت حەسانەوە، وەرێ کەوتین و بەرەو ئاوایی سەرە وژێر بووینەوە، زۆری نەخایاند گەیشتینە ئاوایی. کاکی شارەزا لە دەرگای ماڵێکی دا، هێندەی نەخایاند دەنگە دەنگ پەیدا بوو، چی گوترا و چ ڕابرد ئێمە لە دوورەوە بووین، دوو کەس لە گەڵمان هاتن و بەرێگای دەراودا وەپێشمان کەوتن. هەر لە نێو ماڵێن دا لە ڕێگا لایان دا و دەبوا بە لارێی دا بڕۆین. ئەویش بەنێو لێرەوارێکی چڕوپڕدا.

چۆن ئێمە بەڵەدو ئاشنا بەناوچەکە نەبووین و فێری ڕێگا رۆیشتن لە نێو لێرەواردا نەبووین، گیروگرفتمان هەبوو. ماوەی سەعاتێکی نەخایاند کە ڕێچکەی پێشمەرگە راوەستا. پرسیارمان کرد چیە؟

گوتیان: پێشرەوەکانمان مەشکووکن، وادیارە لە پێشمان کەمینە.

گوتم: ئەگەر کەمینە بۆ راوەستاوین؟ بگەڕینەوە تا هیچ نەبووە!

گوتیان: پێشڕەوەکانمان لە نێو کەمینەکەدان و بە فارسی لەگەڵ پاسدارەکان قسە دەکەن، تا ئێستا ئاشکرا نەبووین.

لەو قسانەدا بووین کە تەقەی تفەنگ و بریسکەی گوللە بێ دەنگی شەویان زڕاند. ئێمە لە کەمینێکی بەرین کەوتبووین، توانیمان بەچەند دەست ڕێژێک وەڵێمی کەمینەکە بدەینەوە و هەلێک بڕەخسێ بۆ ڕاپەڕ.

بە بی سیم ڕاگەیندرا کە هەموو بگەڕێنەوە بۆ نێو ئاوایی، سەرەوخوار بوومەوە بۆلای جادەی ئاوایی کەلە تەختایی دۆڵەکەدا بوو. کاتێک گەیشتمە جادە، چەند پێشمەرگەیەک خەریک بوون بریندارێکیان لە کۆڵ دەکرد، چەند هەنگاو ئەولاتر چەند پێشمەرگەی دیکە هاتنە سەر جادە و یەکترمان گرتەوە. تەقە بەردەوام بوو لە هەر چوارلاوە بە هەر چەکێکی لە پێگەکانی دوژمن دا بوو، ئەو نێو دۆڵە دەکوترا و ئاورباران دەکرا. لە دوایی بۆمان دەرکەوت لە ١٠ هەتا١٢ پێگەی زاڵ بە سەر شوێنەکەدا ئاوڕ بارانیان کردووین.

لە چارەکە سەعاتێک دا، لە نێو ئاوایی یەکمان گرتەوە. تەر دەست کەوتینە سەر ژمێری خۆمان، کێ هاتووەتەوە و کێ نەهاتووەتەوە و تەلەفاتمان چەند بووە. بەداخەوە بۆمان دەرکەوت، هاورێ یەکی شارەزامان لە نێودانیە و جێ ماوە. بە بێ سیم زۆرمان هەوڵ دا کەلە سلێمەتی و شوێنی ئەو ئاگاداربین بەداخەوە تەماس نەبوو و بریندارێکیشمان هەبوو کە هەر دوو لاقی گوللە گرتبووی، کات تەنگەبەر بوو، دەبوایە بڕۆین لەگەڵ هاورێ یەکی دیکە لە تیمی شارەزا کەوتینە ڕاو تەکبیر کەچ بکەین؟ یا دەبوایە بگەڕینەوە بۆ نێو خۆ ، یا دەبوایە لە سنوور تێپەربین. کات بەفیرۆدان هەڵەیەکی گەورە بوو. چوونکە هەر چوارلامان پێگەی دوژمن و تەنانەت هێزی زیادی بوو کە بۆ پێشگیری لە تێپەر بوونی ئێمە هاتبوونە ناوچەکە. بە کاکی شارەزام گوت: ئێستا کە ئەو هاورێ یەمان جێ ماوە و ڕێی گەڕانەوەش بەباش نازانم دەبێ چ بکەین؟
کاکی شارەزا گوتی: ئەگەر هیمەت بکەین و هەنگاوەکانمان خێراتر بە دوو سەعات لە سەر میللەی مەرزی دەبین. گوتم: یا "الله" و ناوی خوای لێ بێنە، ولاخێک پەیدا بکەن و بریندارەکەی سواربکەین. دەبێ ئامادەبین بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر چەشنە ڕووداوێک، چەند کەس دەست نیشان کران کەلە کاتی ڕوودانی هەر جۆرە ڕووداوێک ئەوان وەڵێمی بدەنەوە و پێشمەرگەکانی دیکە دوای سازمان دران دەست بەکاربن.

وەڕێی کەوتین دەبوا لە چیا بدەین و تووڵە ڕێی پێچاوپێچ بە خێرایی تێپەر بکەین. نەدەبوا بیری خەیاڵێتی خۆش بکەین و بکەوینە نێو بەحری خەیاڵ و ئارەزوو، دەبوایە چاومان ئاوەڵە بێت و هەنگاومان پتەو بۆ بەرەنگاری. هەروا کە خوارە پێچمان دەکرد و بەرەو سەر دەچووین لە پڕدا بە یەکێک لە هاورێیانی تیمی شارەزا کە دوای شارەزای یەکەم، ئەو هاورێ یە لە هەمووان شارەزاتر بوو کەوتە سەر زەویی و گوتی: بڕستم لێ بڕاوە و ناتوانم بڕۆم، گوتمان وادیارە برسیتە و بە خۆت نەزانیوە، یەکێک لە پێشمەرگەکان سێوێکی کە ماوەی ٢ ڕۆژ بوو لە کۆڵە پشتی یەکەی دا ڕای گرت بوو بۆ ڕۆژێکی ئاوا، پێی دا. سێوەکەی خوارد و ئێمەش هانمان دا کە گیان وسلێمەتی ئەو هەموو پێشمەرگەیە لە دەستی هیمەتی تۆدایە.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ئەوەی سووک بێت فیشەکەکانمان لێ وەرگرت و بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشمان کرد و تەنیا بە تفەنگی شانیەوە لە گەڵ تیمی پێشڕەو وەڕێ کەوت. تەقەی پێگەکانی دوژمن هەر بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەدا دەبوا زۆر بە خێرایی بڕۆین لە هەمان کاتیش دا دەبوایە بێ دەنگی بپارێزین. لە شوێنی خیزەڵێن و بەرداویی، ناڵی سمی ئەسپی بڕینداڕەکەمان دەنگی دەهات و زۆرجاریش بریسکەی هەبوو. پێشمەرگەکان چەکەکانیان لە گوڵمی دەستیان دابوو و ئامادەی بەربەرەکانی بوون. لە یەکێک لە پێگەکانی سەر سنوور نزیک کەوتینەوە و دەبوایە بە بن کەنداڵی جادەی پێگەکەدا تێپەڕین، ئەگەر تێپەڕباین تەنیا سەعاتێکی دەخایاند و لە سنوور تێپەر دەبووین و بۆ ئەودیو ئاوەژوو دەبوینەوە.

بەڵێم بەداخەوە پێگەکە ئامادە بوون و هەستیان پێ کردین و لە ئەنجام دا تەقەیان لێ کردین زۆریش بەخەستی، نەدەبوو وەڵێم بدەینەوە، بەپەلە گەڕاینەوە و ڕێگامان گۆری و ماوەی نیو سەعاتێک شۆڕ بوینەوە و لە دوایی دا لەو سەرەوخوار پێ هەڵگەڕانەدا هەموو هیلاک ببووین. لە ناوچەی مەهاباداڕا بە دوو شەوان گەیشتبووینە ئەوێ و لە کەمین کەوتنی نیوە شەوی ئەو شەوە بە تەواوی تاقەت و توانای ڕێگا ڕۆیشتنی لێ ئەستاندبووین، بەڵێم دەبوایە بڕۆین، ڕۆڵەی دێموکرات ڕێگای لەوەی سەخت تری بڕیبوو و کۆڵی نەداوە و چۆکی بە کوێرەوەریی یەکان دا داوە و لە تەنگانەدا هەمیشە روو سوور و سەر کەوتوو هاتۆتە دەر.

ڕۆژ سیوادی دابوو و دەهات سوپای رووناکی بە سەر شەوی تاریک دا زاڵ بێ، ئێمەش هەنگاومان دەنا. هەنگاوەکان وەک چەند سەعاتی لەوە پێش خێرا و توووند وتۆڵ نەبوو بەڵێم هەر دەبوایە بڕۆین و لەگەڵ رووناکی دا بچینە پێش. کات زۆر تەنگ و بە نرخ بوو، تەنیا یەک ئارەزووم هەبوو، ئەویش توانیبام تەنیا بۆ یەک دەقیقە تاریکی ڕابگرم و لەو هەلە کەڵک وەربگرین و کوڕەکان بە سلێمەت تێپەڕبن. چرکەکان دەچوونە پێش و لەگەڵ هەر چرکەیەک ئێمەش لە سنوور نزیکتر و نزیکتر دەبووینەوە و مەترسی دەرگیر بوونمان زیاتر هەست پێ دەکرد. گەیشتمە سەر جادەی نێوان ٢ پێگەی دوژمن کە تەنیا کیلومترێک لێک دوور بوون، ئێمەش دەبوایە بە نێوانیان دا تێپەڕین. سیمی تلفوونی سەرجادە کە ببوو بە مانعێک و نەماندەزانی ئەسپەکە چۆن بپەڕێنینەوە. سیمەکەمان بەرز کردەوە بەڵێم دیار بوو زۆریان سفت کردووە و لە مۆڵگەی دەستی چەپمان هەستیان پێ کردووین.

کەوتنە جم وجۆڵ بەڵێم ئێمە گوێمان پێ نەدان، لە چەند هەنگاوی دەرباز بوون و دەرباز نەبوون دا بووین، دەبوایە بڕۆین و لوتکەی ئاواتی ئەو ساتە داگیر بکەین.

چەند کەسێک خۆمان گەیاندە سەر میللەی مەرزی. کاتێک بەرەو دوا ئاورم دایەوە ستوونێکی دوور و درێژی ماشین لە دەشتەکەڕا بەرەو شوێنی ئێمە دەهاتن. یەک دوو کەس لە هاوڕێیان پرسیان ئەوەچیە،گوتم: رووبارێکی بچووکە، چوونکە بەو بەیانی یە تەنیا شووشەی ماشینەکان بریقەیان دەداوە و بە سەر یەکەوە دەهاتن و بریقەکە پسانەوەی نەبوو، دەبوایە

مەعتەل نەبین و ئەو چەند هەنگاوە ببرین، وەسەر کەوتین وەک ئەوە وابوو سەر کەوتنێکی گەورەمان وەچەنگ کەوتبێ، دوای شەڕێکی گەورە و هەڵۆ ئاساله بەرزایی لوتکە نیشتنەوە. تەڕ دەست چەند پێشمەرگە دامەزران بۆ بەرپەرچ دانەوەی جم وجۆڵی دوژمن، هاورێیانی دیکە بە خێرایی وەسەر دەکەوتن و بەرەو ئەو دیوی سنوور شۆڕ دەبوونەوە، هاورێی شارەزامان کە هەناسەیەکی هاتبۆوە بەر بە پەلە شۆڕ بووە و گوتی: هەر بە بەردەکان دا بەرەو خوار ببنەوە تا راستی ئەو تاقەدارە کە لە ناوەندی دۆڵەکە دایە، چوونکە ناو دۆڵەکە ئەو بەری مین رێژ کراوە.

ئاخرین نەفەرات لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە برینداره‌کە سەربخەن. لە هەر دوولاوە دوژمن هێرشی کرد و تەقە دەستی پێ کرد، ئەو پێشمەرگانەی بەرەو خوار ببوونەوە تازە لە دەسترەس دا نەبوون و نەشیان دەتوانی بگەڕێنەوە، لە سەرێ تەنیا چەند پێشمەرگەیەک مابوونەوە لەگەڵ برینداره‌کە و چەند پێشمەرگەی دیکە لە ناوەراستی چیاکە گیریان خواردبوو و نەدەیانتوانی بگەڕێنەوە سەرێ و نەدەیانتوانی بەرەو خواربڕۆن.

تا دەهات شەڕ گەرم و گەرمتر دەبوو و مەیدانی شەڕ بۆ رێبوارانی ئازادی تەنگەبەرتر.
دوژمن هێزی پۆشتەوکۆکی هێنابوو و هێزی پێشمەرگە ماندوو و هیلاک و لێک دابڕابوون.

ئەو پێشمەرگانەی لەسەر لوتکە لەلای برینداره‌کە بوون لە بەر برینداره‌کە نەیانتوانی بوو چەند هەنگاوێکیش بەرەو خواربێن، چوونکە برینداره‌کە جێ دەما و بەدیل دەگیرا، هەر بۆیە قۆڵی هیمەت و پیاوەتیان هەڵکرد و خۆیان بۆ بەربەرەکانی یەکی نابەرامبەر ئامادە کرد. لەولاوە ئەو پێشمەرگانەی کە گەیشتبوونە قوولاِیی دۆڵەکە و تا رادەیەکی زۆر ترسیان لە سەر بڕابوو، خۆیان لە عەزاب دا دەدی کە چۆن براکانیان کە ژمارەیان لە قامیکی دەستیان تێپەڕناکا لەو سەرە دەرگیر بن و ئەوانیش بە پیل راوەشاندن بەرەو شوێنێکی ئەمنتر بڕۆن. هەر بۆیە دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان بەرەو بەرزایی تێ هەڵبوونەوە، باش لە یادمە یەکێک لەو پێشمەرگانە بەری کەوشەکەی هەڵپچڕابوو و بە پێ خواسی دەرۆیشت و یەکێک لەو کەسانە بوو کە دەبوایە بگەڕێتەوە سەرێ بۆ یارمەتی هاورێیانی بە ناعیلاجی کەوشی پێشمەرگەیەکی دیکەمان بۆ وەرگرت کە چەکەکەی ئارپی جی بوو و لەو شوێنە کاریگەریەکی ئەوتووی نەبوو.

دەستەیەک پێشمەرگە لەگەڵ ئەوە شەکەت و ماندووی بە لەشیانەوە دیار بوو، دووبارە تێ هەڵبوونەوە بەلێم نەک بەو رێگایەدا کە هاتبوونە خوارێ بەڵکو دەبوایە بە تیرە باسکێکی دیکەدا هەڵگەڕابانەوە کە ئیحتمالی مینی چێندەراوی لێ بوو، بەلێم دەبوایە ئەوە بکەین چوونکە ئەگەر نەگەڕابانەوە ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان کە برینداره‌کەی شەویان پێ بوو لە دوو لاوە کەوتبوونە بەرهێرشی دوژمن و هەتا دەهات ئاڵقەی گەمارۆیان لێ تەنگ دەبۆوە، لە لایەک کوری دێموکرات پێ قەبووڵ نەدەکرا هاوسەنگەرە برینداره‌کەی جێ بهێڵێ و لە لایەکی دیکەوە دوژمن پەیتا پەیتا هێرشی دەکرد و هێزی زیاتری دەنارده مەیدانی شەرەکە. بۆیە ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان دەبوایە بگەرێنەوە سەرێ، هەر جۆرێک بوو ئەو

دەستەیە خۆی گەیاندە نزیک دوژمن و لە یەکەم هێرش دا ماشینێکی دوژمن کە هەڵگری دۆشکا بوو سوتێندرا و بوو بەهۆی ئەوە کە دوژمن ئارایشی گەمارۆدانی ئەو دەستە پێشمەرگەی بەجێ ماوەی لێ تێک بچێ و لە لایەکی دیکەوە بوو بە هۆی وەردان بە پێشمەرگەکان. هەموو هەوڵ و کۆشش ئەوە بوو کە بریندارەکە لە مەیدانی شەڕەکە ڕزگار بکەین هەر بۆیە لەو هەلە کەڵک وەرگیرا تا ڕادەیەکی باش بریندارەکە هێنرا خوارەوە، وردە وردە سێبەری بەسەر دۆڵەکە شۆر دەبۆوە و ئێمەش کە لە سەعاتی ٢ی شەوی پێشترەوە لە شەرو ڕاپەڕداین چاوەڕوانی ئەوەین بە تاریک داهاتنی هەوا بتوانین بریندارەکە و باقی پێشمەرگەکان لەو وەزعییەتە ڕزگار بکەین. لە لایەکی دیکەوە کە دوژمن کەوتبوو بەرهێرشی پێشمەرگەکان و تا ڕادەیەکی پاشەکشەی کردبوو و لەو لاشەوە لەگەڵ بەربەرەکانی توندی ئەو دەستەی دیکەیپێشمەرگە ڕووبەڕوو ببوو، کەوتە تۆپبارانی خەست بە شێوەیەک قەت پێت وانەبوو ئەو تۆپ بارانە و ئەو هەموو چەک جۆراوجۆر تەنیا بۆ ئەوەندە مەیدانی شەڕەیە بەڵکە ئینسان وای بیر دەکردەوە کە دووسوپای زەبەلاحی تەیار بەهەموو چەکێک لە ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستاوەن.

بەڵێم تۆپ بارن و ئاوربارانی دوژمن کاریگەری ترسی لە سەر ڕووحییەی شۆڕشگێرانی دێموکرات نەبوو لەگەڵ ئەوەدا ٤ پێشمەرگەی دیکە بە پریشکی تۆپ و خومپارە بریندار بوون و بێجگە لە برینداربوونی ئەو چوار پێشمەرگەیە، ناوچەکە ئاوری گرت بەجۆرێک کە دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتبوو و چاو چاوی نەدەدیت هەربۆیە لەو هەڵە کەڵکمان وەرگرت و بڕیارمان دا وردە وردە پێشمەرگەکان پاشەکشە بکەن، چوونکە کەس کەسی نەدەدیت، ئەو تۆپبارانە هەتا ١٢ی شەو ئیدامەی هەبوو، بەخۆشیەوە بە فیداکاری و لەخۆ بردووی کورانی دێموکرات ئەوجارەش بەسەر دوژمن دا زاڵ بووین لەگەڵ ئەوە چوار برینداری دیکەمان هەبوو بەڵێم برینداری شەوی ڕابردوومان جێ نەهێشت و ئەوە گەورەترین سەرکەوتن بوو، لەگەڵ ئەوەدا هێزی دوژمن ماشینێکی سووتاو ڕادەیەکی بەرچاوی کوژراو و برینداری هەبوو، نەیتوانی بە ئامانجی خۆی بگا بە قسەی خۆی بە چۆکمان دابێنێ، ئەوەی بە چۆک داهات دوژمن بوو کە بە هەموو لەشکروجبەخانەی نەیتوانی ڕێمان لێ بگرێ.

- ئەو ناوچەیە کە ئەو ڕاوداوەی لێ ڕوودا، دۆڵەتووی سەردەشتە.
- پێشمەرگەی بەڵەد کەلە کەمینەکەدا شەهید بوو، قادرمەمۆ بوو ڕوحی شادبێت
- بەڵەدی دووهەم حەسنی عەلی چاپەزی بوو کەبەداخەوە ئەویش لە مەئموریتێکی دیکەدا شەهید بوو.
- بریندارەکە کە چەند برینداری دیکەمان لەسەردا ، کاوە چالاکی بووکە بەداخەوە دوای چاک بوونەوەی برینەکەی لە دەروازەی کۆیە لەگەڵ چەند هاوری دیکە بە دەستی تیرۆریستان شەهید بوون، ڕوحیان شاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## قانوونی سزادانی ئیسلامی و دەست ناوەڵەبوونی زیاتری ڕێژیم بۆ ئێعدام

ماوەیەکە ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوەکارو گەنجو لاوانی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران بێئەوەی لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی بکرێن، بەتاوانی جۆراوجۆری وەک «دژایەتی لەگەڵ خوا» و «دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی» بە ئێعدام مەحکووم دەکرێنو سزاکەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ.

ئەگەر چاوێک بە ئاماری ئێعدامەکان لەماوەی ٣٤ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، دەبینین بە هەزاران کەس بە تاوانی جۆراوجۆرو بێبنەما ئێعدام کراونو لەو ماوەیەدا ئێران پلەی دووهەمی دوای چین لە ڕێژەی ئێعدام کردندا بۆخۆی پاراستووەو بەپێی ئەو ڕێژە زۆرە لە ئێعدام، ئێستا لەئێراندا دەبوایە کەس نەیوێرابایە کە تاوانی لەوچەشنە بکا کە پێی ئێعدام بکرێ.

دیارە مەبەست ئەوە نییە کە ئەوانەی ئێعدام کراون یا قەرارە ئێعدام بکرێن هەموویان تاوانبار بوون بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی تەڕو ویشک پێکەوە دەسووتێنێو تاوانبارو بێتاوان وەک یەک سزادەدا، چونکە ئەگەر چاوێک لە پێناسەی سزاو تاوان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کەبەڕاستی ئەوانەی ئێعدام دەکرێن زۆربەی زۆریان بەتایبەتی ئەوانەی تاوانی سیاسییان دەدرێتەپاڵ بێتاوانن. لەیاسادا بەو شێوەیە باس لەسزا دەکرێ «ئامانج لە سزا چاککردنی تاوانبار و دیفاع لە کۆمەڵگاو بەڕێوەچوونی دادپەروەرییە«، بەواتایەکی دیکە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی کە بە هۆی تاوانی تاوانبارێک لە کەس یا کەسانێک یا لە کۆمەڵگا کەوتووەو گەڕاندنەوەی تاوانبارە بۆسەرڕێگای دروست و ئوسووڵی کە کۆمەڵگا پەسەندی کردوە.

بە پێی ئەو پێناسەیە ئێعدام ناتوانێ ئەو سزایە بێت کە تاوانبار ئیسلاح بکاو بیگەڕێنێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو بە ئێعدام کردنی ئەویش ئەو زیانەی لە کۆمەڵگا کەوتووە قەرەبوو ناکرێتەوەو لە هەمان حاڵدا ناتوانێ ڕێگا چارەیەکی باش بێ بۆ کەم کردنەوەی تاوان.

ئەزموونو ئامار پێمان دەڵێ کە سزای ئێعدام نەتەنیا لە ڕادەی تاوانو جەنایەت کەم ناکاتەوە بەڵکوو بەپێچەوانە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی تاوانو تاوانکاری. حکومەتێک کە بۆخۆی ڕۆژانە کوشتنی ئینسانەکانی لەبەرچاوی خەڵک کردۆتە پیشە زۆر سروشتییە کە کردارەی ئەو بەجێێ پێشگیری لە توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگادا زیاتر پەرە بە توندوتیژی دەدا.

دەکوترێ کە سزای ئێعدام لە ڕادەی تاوانکاری کەم دەکاتەوە بەڵام ئامارەکان وا نیشان نادەن لە ساڵی ١٩٩٦-ەوە تا ئێستا سزای ئێعدام لە ئورووپا بەڕێوە نەچووەو بەو پێیە دەبێ لە ئێستادا ئەگەر هەموو خەڵکی ئوروپا تاوانباری جەنایی نەبن ڕادەی تاوانی جەنایی بەپێی تێک چڕژانی حەشیمەت لە ناوچەکەدا زۆر زیاتر لە ئێران بێ، کە دەبینین لە ڕاستیدا وا نییە. بەڵام لەئێران بەپێچەوانەیەو ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ئامارە ڕەسمییانەی لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی پاراستنی مافی مرۆڤەوە کە هەموو ساڵێ ڕاپۆرتێک لە بەڕێوەچوونی ئێعدامەکان لە ئێران ئامادە دەکەن، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕادەی ئێعدامەکان ساڵبەساڵ ڕوو لە زیادبوونە. ساڵی ٢٠٠٩ - ٣٨٨ کەس، ساڵی ٢٠١٠ - ٥٥٣ کەس، ساڵی ٢٠١١ - ٦٣٤ کەس، ساڵی ٢٠١٢ - ٥٤٤ کەس ئیعدام کراونو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣هەتا ٤ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ ڕادەی ئێعدامەکان گەیشتۆتە لانیکەم ٤٨١کەس کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئەوڕادەیە بریتیە لە ٢٨١ئێعدام کەبەڕێوەچوونو ٢٠٠ کەسی دیکەش هەر ئێستا چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامن.

هەروەک دەبینین ئاڵوگۆڕی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامی‌دا و دەست بەکاربوونی سەرکۆماری نوێ هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی لە بەڕێوەبردنی سزای ئێعدامدا پێک نەهێناوەو زۆربەی زیندانیانی مەحکووم بە ئێعدام لەدادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی ناکرێنو مەحکووم بوونی ئەو کەسانە زۆرتر لەسەر بنەمای بوختانو تۆمەتی نەسەلمێندراوەو تەنانەت لە هەمووچەشنە کەرەسەیەکی ئازارو ئەشکەنجە لەبواری ڕووحیو جەستەیی کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی کەسەکە دان بە تاوانێک دابنێ کە نەیکردوەو تەنانەت زۆربەی زۆری ئەو کەسانە لە بوونی پارێزەر بێبەشنو هۆکارو کاتی ئێعدام کردنی خۆشیان نازانن.

ئێستا ئەگەر زۆر بەکورتی سەرنج بدەینە چەند یاسایەکی کۆماری ئیسلامی ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە نادادپەروەری لە حوکمی ئەو ئێعدامانەدا هەیە.

مەجلیسی شورای ئیسلامی دوای چەند ساڵ وەدوا خستنی پەسەندکردنی قانوونی سزادانی ئیسلامی سەرەنجام لە١١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ ئەو قانوونەی پەسند کردو لە ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردانەوە بۆ ماوەی٥ ساڵ بەشێوەی تاقیکاری بۆ بەڕێوەچوون بە دەوڵەت ڕاگەیەندرا.

یاسای نوێی سزادانی ئیسلامی لە سزای ئێعدامدا هەتا ڕادەیەکی زۆر تەواوی بابەتەکانی قانوونی پێشووی پاراستووەو وا وێ دەچێ لە زۆربەی بابەتەکاندا چوارچێوەی سەڵاحییەتی بەربڵاوتر کردوون. لە قانوونی نوێدا هەروەک قانوونی پێشوو بەڕاشکاوی لە مادەی ٢٢٠یدا ئەو بابەتانەی کە قانوون باس لە سزاکانی «حدوود»ی نەکردوە، قازی دەتوانێ ئەسڵی ١٦٧ قانوونی ئەساسی بکاتە بناخە بۆ دانی حوکمو بڕیار.

بە پێی ئەسڵی ١٦٧ی قانوونی ئەساسی: «قازی لەسەریەتی هەوڵ بدا حوکمی هەر دەعوایەک لە قانونی نووسراودا


ببینێتەوەو ئەگەر لە قانوندا نەنوسرابوو، قازی دەتوانێ بە پاڵپشتی سەرچاوەکانی جێگای باوەڕ لە ئیسلامدا یافتوای جێگای ئێعتبار، حوکم لەسەر قەزیەکەیدا، قازی ناتوانێ بە بەهانەی نەبوون یا کەمو کورتی یا دژایەتی قانوونە نووسراوەکان لەگەڵ یەکتر خۆی لە پێ ڕاگەیشتن بەدەعواو دەرکردنی حوکم بپارێزێ. بەو پێیە ڕوونە کە قازیو حاکمە شەرعییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا، بێجگە لەو برگەو مادانەی کە لە یاسای سزادانی ئیسلامیدا دەستنیشان کراون لە بابەتگەلێکی زۆردا لەسەر ئەساسی شەرعییەتو تێگەیشتنی خۆیان لەمەسەلەکە دەستیان ئاوەڵەیە بۆ دەرکردنی حوکم. ئەوەتا لەقانوونی نوێی سزادانی ئیسلامیدا عینوانێکی دیکە بەناوی «بغی» زیادی کردوە کەلە قانوونی پێشوودا نەبوو و ئەو بەشە لەقانوون تەنیا بۆ ئەوە هاتووە کە چوارچێوەی سزای ئێعدام بۆ ئەو کەسانە پەسەند دەکا کەتاوانبارن بە پەرەپێدانی فەساد لەسەر زەوی. مادەی ٢٨٦ لەیاسای سزادانی ئیسلامی نوێدا «فەساد لەسەر زەوی» بەشێوەی خوارەوە پێناسەدەکا: «هەر کەس بەشێوەی بەر بڵاو، تووشی تاوان بەدژی تەواویەتی لەشی مرۆڤەکان، تاوان بەدژی ئەمنییەتی نێوخۆودەرەکیی وڵات، بڵاو کردنەوەی مادەی ژەهراویو میکرۆبی یا دروست کردنی ناوەندەکانی فەسادو لەشفرۆشی یا بەشداری کردن لە ئەوانەو کرداری دیکە کە ببێتە هۆی شێواندنی نەزمیگشتی وڵات، بەفەساد لەسەر زەوی دەناسرێنو بەئێعدام مەحکووم دەکرێنو سزادەدرێن.» بەڵام ئەو مادەیە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەئانقەست خۆی لە پێناسەیەکی ڕوون بۆ ئەوانەی لەسەرەوە بەتاوانی داناون خۆی پاراستووەو سنووری بۆدانەناونو وادیارە یاسادانەر ویستوویەتی دەستی دەسەڵاتو قازی لە خوێندنەوەی تاوانو بڕیاردانیدا ئاوەڵا بهێڵێتەوە. چونکە هەر ئەو ئێعدامانەی ئەو چەندڕۆژەی ڕابردوو لە کوردستان کەبەتۆمەتی شەڕ لە گەڵ خوداو فەساد لەسەر زەوی بەڕێوە چوون دەرخەری ئەو ڕاستیەن، ئەوانەی ئێعدام کراون نە کارێکیان کردبوو کە بە گژ یاساکانی خوادا بچنەوەو نە ئەو فەسادەیان لەسەر زەوی پەرە پێدابوو، تەنانەت دەستیان بەخوێنی کەسیش سوور نەببوو و تەنیاو تەنیا بیرو ئەندیشەیان لەگەڵ بیرو ئەندیشەی کۆماری ئیسلامی جیاواز بوو و داواکارییان ئەوەبوو کەوەک مرۆڤو نەتەوە مافیان بپارێزرێ.

لەمادەی ٢٨٧ لەیاسای سزادانی ئیسلامی نوێدا باس لە ئیستلاحێک دەکا لە ژێر ناوی «باغی» کە ئەو مادەیەش ئەوەندەی دیکە دەستی دەسەڵاتو قازیو بەڕێوەبەری حوکمی ئاوەڵەتر دەکا بۆ داسەپاندنی حوکمی زۆرتری ئێعدام بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکو هێنانیان بۆ ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیانو بەو شێوەیە پێناسەی دەکا: «دەستە یەک کەلەبەرابەری کۆماری ئیسلامیدا چەک هەڵبگرن، لەحاڵەتی کەڵک وەرگرتن لەچەک ئەندامانی ئەو دەستەیە بەسزای ئێعدام مەحکووم دەکرێن.» هەر وەکی دیتمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە بەلوچستان ئەو مادەیە دەقاودەق بەڕێوەچوو دوای ئەوە شەڕو پێکدادان لەنێوان تاقمەچەکدارییەکی دژبەری کۆماری ئیسلامیو هێزەکانی سەر سنووری کۆماری ئیسلامی ڕوویداو ١٤ کەس لە هێزەکانی دەوڵەت کوژرانو دەستبەجێ دەسەڵاتدارو قازی لە ناوچەکەدا ١٦ زیندانی بەلووچیان لەخەو هەستاندو بێ ئەوە بزانن چیڕووی داوەو لەسەرچی ئێعدام دەکرێن حوکمی ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ کردنو تەنیا لەبەر ئەوە کە گوایە ئەوانە ئەندامی ئەو تاقمەچەکدارە بوون.

لە کۆتایی‌دا بۆبەربەرەکانێ لەگەڵ ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی کەبەرگی یاسایی لەبەر کردوە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لەدایکو باوکان ڕا بگرە هەتا مامۆستاو خوێندکارو دوکاندارو بازاڕیو پارێزەرو پارلەمانتێر ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان کەبەهەر شێوەیەک کە دەگونجێ ئێعترازو خۆنیشاندان بکەن بەو شەپۆلە ئێعدامانەی کە وەڕێ کەوتوە. هەتا بیروڕای گشتی خەڵک وەجۆشو خرۆش نەکەوێ‌و بەدژی ئەو کردارە نامرۆڤانەیە، کۆماری‌ئیسلامی درێژە بەو سیاسەتەی خۆی دەداو زیاتر هەوڵ دەدا خەڵک چاوترسێن بکا.

لە ژمارە ٦١٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣



## پێگەی ژن لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا.

پێگەی ژن لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا. عومەر باڵەکیکۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٩ لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی خۆیدا لە خولی پەنجاو چوارەم لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی «کۆمیتەی سێهەمی جێبەجێکاری»و بە ڕەزامەندی نوێنەرانی ٧٩ وڵاتی ئەندام بڕیاردرا ٢٥ی نوامبری وەک ڕۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری بکرێ و لەو ڕێکەوتەوە هەتا ئێستا ١٤ ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا تێپەڕ دەبێ کە لە ماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا جیهان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و گەلێک ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاتوونەتە ئاراوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر مرۆڤایەتی بە گشتی و ژنان بە تایبەتی.

بەڵام ئەوەی لەم نووسراوە کورتەدا دەمانهەوێ ئیشارەی پێبکەین وەزعییەتی ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی ژنانە لە ئێراندا کە بە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانەی لە جیهاندا ڕوویانداوە بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ژن بە قانوون دەچەوسێندرێتەوە.
دەڵێین ئامانج لە دانانی یاساکان ڕێکوپێک کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگایە. بەڵام کاتێک چاو بە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا دەگێڕین ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە پایەو ئەساسی ڕێکوپێک کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا لە ڕێگەی یاساوە چۆنە؟ کە ژن وەک نیوەی کۆمەڵگای ئێران لە ڕێگەی یاساکانەوە مافی پێشێل دەکرێ.

لە پێشەکی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەو شێوەیە باس لە جێگەو پێگەی ژن دەکا و دەڵێ: «بۆ پێک هێنانی پایەو ئەساسی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی هێزە مرۆییەکانی کە هەتا ئێستا لە خزمەتی چەوسانەوەی هەمەلایەنەی دەرەکیدا بوون پێناسەی ئەسڵی و مافی ئینسانی خۆیان وەدەست دێنەوە و لەو خۆدیتنەوەودا سرووشتییە کە ژن بە هۆی تەحەمول کردنی ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە لایەن ڕێژیمی ملهوڕ «طاغوتی» پێشوو لێیان کراوە داواکاری ئەوان زیاتر دەبێ ... و لە ئاکامدا هەڵگری بەرپرسایەتییەکی گەورەتر دەبێ و لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەڵگری بایەخ و کەرامەتی زۆرتر دەبێ» . ئەو پێشەکیە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە یاسای بنەڕەتی ئێران کەسایەتی سەرەکی ژنان و مافی ئینسان ئەوان تەنیا لە چوارچێوەی پێکهاتنی دامەزراوە ئیسلامییەکان بە دروست دەزانێ. هەربۆیە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا مافی ژنان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرنجی پێنەدراوە بەڵکو ژن تەنیا وەک کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵکی لێوەرگرتووە.

هەر لەو پێشەکییەدا دەردەکەوێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگەدا کەمڕەنگ بکاتەوەو لە

نێوان بەشداریی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکاندا، گرینگی داوە بە ڕۆڵی دایکایەتی. هەرچەندە ڕۆڵ و نەخشی دایکایەتی زۆر گرینگ و پڕبایەخە بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە زانست و تکنۆلۆژیا ئەوەندە خێرا پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێ تەنیا ڕۆڵی دایکایەتی بۆ ژنان ناتوانێ بەهرەیەکی وای هەبێ کە نەقش و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا دەربخا و لەو وزە و تواناکانی ژن بەسودی کۆمەڵگا کەڵکی باش وەربگیرێ. ئەوە لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە زۆربەی زۆری خەڵک لە تەنزیمی پێوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا گوێڕایەڵی دەوڵەت نین، هەر بۆیە دەبینین زۆر ڕۆڵ و نەخش لە کۆمەڵگادا بە ژنان دەدرێ کە وەپێش ڕۆڵی دایکایەتی دەکەوێ.

دیارە ئەوەی جێگای سەرنجە هەر ئەوە نییە کە لەو پێشەکییە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەو شێوەیە باس لە ڕۆڵی ژن دەکا، بەڵکوو کاریگەری لەسەر ئەو یاسایانەی کە لە دواییدا لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی پەسند دەکرێن و ئەگەر هاتووە یاسایەک بە پێچەوانەی ئەو ڕۆڵە بوو کە لەو پێشەکییەدا هاتووە دەستی شوڕای نیگابان ئاوەڵەیە کە بڵێ ئەوە دژایەتیی هەیە لەگەڵ یاسای بنەڕەتی ئێران.

### لەئەسڵی ١٠ لە یاسای بنەڕەتیدا دەڵێ:

«بەو پێیە کە بنەماڵە هەستەی پێکهێنەری کۆمەڵگای ئیسلامییە هەموو یاسا و ڕێساکان و گەڵاڵەکانی پێوەندیدار دەبێ لە ڕاستای کارئاسانی پێکهێنانی بنەماڵە، پارێزگاری لە پیرۆزی ئەو و خۆڕاگری و مانەوەی پێوەندیی بنەماڵەیی لەسەر ئەساسی حقوق و ئەخلاق ئیسلامی دەبێ».

ئەوی لێرەڕا جێگای تێڕامانە یاسادانەر حقوق‌و ئەخلاقی ئیسلامی لە تەنیشت یەکدا داناوە لە حاڵێکدا ئەخلاق و حقوق دوو بابەتی لێک جیاوازن. ئەخلاق بابەتێکی تایبەتە بە تاک و هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی نیە لە حاڵێکدا حقوق بابەتێکە هەم کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە و هەم زەمانەتی ئیجراییشی هەیە. بۆ ئەوە زیاتر ئەو مەسەلەیە روون بێتەوە پێویستە ئیشارە بەو نموونەیە بکەین: بەپێی قانوون «نفقە«ی ژن بژێوی ژیانی ژن دەکەوێتە سەر شانی پیاو. بەڵام خەرج و مەخارجی نەخۆشیی درێژخایەن‌و چارەنەکراو ناکەوێتە سەر شانی پیاوو ئەوە بە قانوون دەستنیشان کراوە کە پیاوەکە لەو حاڵەتەدا لەوژنە نەخۆشە بەرپرسیارە و تەنیا پەسندە بەڕێنوێنی ئەخلاقی کراوە کە پیاوان لە بواری ئەخلاقییەوە وا باشە چاوەدێری زیاتری ئەو جۆرە ژنانە بکەن کە نیازیان زۆرترە و لێرەڕا دەبینین بەڕێوبردنی ئەخلاق پێوەندیی بە تاکەوە هەیە و هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی نییە.

### لە ئەسڵی ٢٠ی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا هاتووە:

«هەموو تاکەکانی میللەت لە ژن و پیاو بە شێوەی یەکسان قانوون پارێزگاریان لێدەکا و لە هەموو مافەکانی مرۆڤ، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەلەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی ئیسلام بەهرەمەند دەبن»

لەو ئەسڵەدا لە سەرەتادا دەگوترێ ژن و پیاو وەک یەک بە شێوەی یەکسان قانوون پارێزگارییان لێدەکا. بەلام ڕوونی نەکردۆتەوە لەو بابەتانەی کە وەک یەکن ئایا ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە. بۆنمونە لە مەسەلەی زینادا کە ڕووداوەکە بە پیاوو ژن دەکرێ، بەڵام زۆرجار دەبینین ژنەکە حوکمی قورسی وەک ئێعدام و بەردبارانی بەسەر دەسەپێ، بەڵام پیاوەکە وەک بەرزەکی بانان بۆدەردەچێ. لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەسڵە بەستراوەتەوە بەشەرتێک ئەویش لەبەر چاوگرتنی پێوەرەکانی ئیسلامە کە ئەوە هەم زۆر گشتییە هەم زۆر ناڕوونە، چونکە کە باس لە ئیسلام دەکرێ تەنیا ناتوانرێ ڕوانگەکانی مەزهەبی شیعە لەبەر چاو بگرین، ئیسلام بەدەیان فەرقە و مەزهەبی هەیە کە ڕەنگە ڕوانگە و بۆچوونیان لەسەر مەسەلەکان بەتایبەتی مافی ژن و پیاو لەیەکتر جیاواز بێ. بۆیە ئەو ئەسڵە ڕوونی نەکردۆتەوە کام ڕوانگە و بۆچوون بە بناخە دانراوە. هەر بۆیە هەر بابەتێک کە دێتە پێش زۆرتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سەلیقەیی ئەو کەسانەی دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتوون و هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەسڵی ٢٠ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا نەیتوانیوە و ناتوانێ پارێزگاری لە مافی ژن بکا و بەڕابەری ژن و پیاو بە یاسا بپارێزێ و لە ئەسلی ٢١شدا دەوڵەت رادەسپێرێ کە بە لەبەرچاو گرتنی پێوەرەکانی ئیسلام مافەکانی ژن لە هەموو بوارێکەوە پارێزراو بێ کە پێشتر باسمان کرد کە ئەو دوو ئەسلە ئەوەندە گشتی هاتوون کە روون نیە دەوڵەت چۆن مافەکانی ژن دەپارێزێ. ئەوەتا لە قانوونی مەدەنیدا هاتووە کە پیاو لە هەڵبژاردنی هاوسەردا بە تەواوی ئازادە و دەتوانێ لەگەڵ ژنی غێرە ئیسلام یا هاووڵاتی وڵاتێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێکبێنێ بەڵام ئەو ئازادیە بۆ ژن نیە. ئەگەر وایە چۆن ئەو بەرابەریو یەکسانییە دەپارێزرێ.

بە پێی مادەی ١٠٥٩ی قانوونی مەدەنی هاوسەرگیری ژنی موسڵمان لەگەڵ غێرە موسڵمان دروست نیەو لە مادەی ١٠٦٠دا دەڵێ هاوسەرگیری ژنێکی ئێرانی لەگەڵ پیاوێکی غێرە ئێرانی بەو شەرتە کە بەربەستی یاسایی نەبێ، بەستراوەتەوە بە ئیزنی تایبەتی دەوڵەت. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئێران کونواسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی ساڵی ١٩٧٥ی واژۆ کردووە کە ئەو کۆنۆاسیۆنە بە روونی و بە ئاشکرا دەڵێ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو پەیماننامەیان واژۆ کردوە لەسەریانە کە مافی یەکسانی ژنو پیاو بە مەبەستی سوودمەندبوون لە مافی مەدەنیو سیاسی کە لەو کۆنۆاسیۆنەدا هاتووە دابین بکرێ.

بەڵام ئەگەر ئاکامگیری بکەین بەو ئاکامە دەگەین کە چ لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیداو چ لە یاساکانی دیکەدا کە بە رواڵەت ڕێکخەری کۆمەڵگان، ژن وەک مرۆڤێکی سەربەست و ئازاد چاو لێناکرێ بەڵکوو وەک بوونەوەرێکی بەستراوە و ناسەربەخۆ کە لە ژێر چاوەدێری و پارێزگاری پیاو و دەوڵەتدایە چاوی لێدەکرێ.

لە ژمارە ٦٢٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## ئایا گیرۆدە بوون بە مادەهۆشبەرەکان تاوانە یا نەخۆشییە؟

چ لە سەردەمی ئێستاداو چ لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکاندا جێگەو پێگەیەکی تایبەت بۆ مرۆڤ لە بواری بوونی مافو پاراستنی ئەو مافە دەست نیشان کراوەو لە زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکانو یاساکاندا بایەخێکی زۆر دراوە بە مافەکانی مرۆڤ.

مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لە دەورو بەریان ڕوو دەدەن دژکردەوەی وەک یەکیان نییە، واتە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانو بە پێی وەزعییەتی رووحیو کاتو شوێنی ڕووداوەکان هەڵوێست لە خۆی نیشان دەداو لەو نێوەدا هێندێک بابەت هەیە کە لە لایەن زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەشیاو و ناپەسند دادەنرێو ئەگەر بەو لاوەتر بڕوات بە تاوان دەژمێردرێ.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا بە کردارێکی نەشیاوە و ناپەسندو بە تاوان دادەنرێ گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکانە. لەوەدا شکو گومان نیە کە بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان کە دەتوانێ خوڵقێنەری هەلومەرجی کرداری زیانهێنەرو تەنانەت تاوانکاری بێتو لە هەمان حاڵدا کۆمەڵگەش مافی خۆیەتی پێشگیری بکا لە پەرە گرتنی مادەهۆشبەرەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و بەختەوەر بە دوور لە مادە هۆشبەرەکان پێک بێ.

ئەوی لەو نووسراوەدا دەمانهەوێ باسی بکەین مافی ئینسانی کەسێکی گیرۆدە بووە بە مادە سڕکەرەکان. بە واتایەکی دیکە ئایا کەسی گیرۆدە بوو تاوانبارە یا نەخۆشە؟ کەسی گیرۆدە بوو بە مادە هۆشبەرەکان خۆی چەندە تاوان بارە لە تووشبوون بەو نەخۆشیەو کۆمەڵگە چەندە خەتای کردوەو هەلومەرجی خوڵقاندوە بۆ ئەوە ئەو نەخۆشییەوە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بێتەوە و پەرە بستێنێ.

یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە دەبێ سرنجی پێ بدەین مافی کەسی تووش بووە بە مادە هۆشبەرەکان، ئەو کەسە پێش ئەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بێ خاوەن ماف بوو، بەڵام دوای گیرۆدە بوون، ئەو مافەی نەماوە، بە واتایەکی دیکە ئەو مافەی وەک مرۆڤێک لەکۆمەڵە هەیبووە دوای گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان لێی زەوت دەکرێ.

ئەگەر قەبووڵ بکەین کە گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان «(اعتیاد)» نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە دەبێ لە کۆمەڵگەدا بە دوای ڕێگەچارەدا بگەڕێینو بۆ ئەو مەبەستە وا دروستە لەو ڕوانگەیەوە دەست پێبکەین کە ئەو کەسەی گیرۆدەی مادە

هۆشبەرەکان بووە نەخۆشە و بۆئەوەی ڕێگەچارەی بۆ بدۆزینەوە پێویستە بزانین ئەو کەسە بۆ رووی لە مادە هۆشبەرەکان کردوە چونکە هیچ کەس بە گیرۆدەیی مادە هۆشبەرەکان یا بەتاوانبار لە دایک نابێ‌و ئەوەی ئەوی تووشی ئەو نەخۆشییە یا تاوانێک دەکا بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری دەوروبەری لەسەری و شێوەی پەروەردەکردن‌و ئەو ژینگەی تێیدا دەژی.

رەنگە ئەو کەسە کە تووشی مادە سڕکەرەکان دەبێ بە هۆی گیرو گرفت یا ئارام کردنەوەی ژان‌و دەردێک کەلە لەش‌و دەروونی‌دا هەیەتی بە کار بێنێ‌و بۆ ماوەکی کورت و پێی‌وایە بەهەڵە خۆی لەدەست ئەو ئێش‌و ئازارە رزگار کردوەو شادی‌و کەیف خۆشێکی کاتی بەسەری‌دا زاڵ دەبێ، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات‌و بەکار هێنانی مادە سڕکەرەکان لەش بەتایبەتی مێشک گیرۆدەی خۆی دەکاو لەو حاڵەتەدا دەبێ بەردەوام ئەو مادانە بە لەش‌و مێشک بگاو جار لەگەڵ جار نیازی لەش زیاتر دەبێ‌و لێرەدایە دەبینین کەسەکە نەخۆش کەوتوە، بەڵام لە ئێران‌و لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا کەسی گیرۆدە بوو بە مادە سڕکەرەکان بە نەخۆش دانانێن بەڵکوو بە تاوانبار دادەنرێ.

ئەگەر چاو بە پرۆسەی یاسادانان سەبارەت بە «اعتیاد» لە ئێراندا بگێڕین دەبینین هەر لەو کاتەوە کە یاسا لە پێوەندی مادە هۆشبەرەکان دەرچووە و کاری پێکراوە، یاسادانەر کەڵک وەرگرتنی لە مادە هۆشبەرەکان وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چاو لێ نەکردووە بەڵکوو لە یەکەم قانووندا کە لە ساڵی ١٣٢٩کۆچی مانگی دەرچووەو هەلێکی ٨ساڵەی دیاری کردوە بۆ ئەوەی کێشەی ئەو کەسانەی شیلەی تریاک بە کاردێنن کۆتایی پێ‌بێ‌و بتوانن تەرکی بکەن.

قانوونی قەدەخەی چاندنی خەشخاش‌و کەڵک وەرگرتن لە تریاک کە لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی دەرچووە شەش مانگ مۆڵەت دەدا بە گیرۆدە بووان هەتا خۆیان بە ناوەندەکانی چارەسەری تەرکی مادە هۆشبەرەکان بناسێنن‌و مادەی ٣ی قانوونی ناوبراو بە کارهێنانی مادە سڕکەرەکان بێ ئیزنی دوکتور بەتاوان داناوە. هەروەها مادەی ٩ی لایحەی قانوونی پێدا چوونەوە بە قانوونی «قەدەخەی چاندنی خەشخاش‌و بە کارهێنانی» کە لەساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی دەرچوە کەڵک وەرگرتنی لە مادە سڕکەرەکانی بێ‌ئیزنی دوکتور بەتاوان داناوەو لە مادەی ٢١ی هەر ئەو یاسایەشدا باس لە دەرکردنی ئەو کارمەندانە لەسەر کار دەکا کە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بوون.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوت گەڵاڵەی بردنەسەری سزای تاوانبارانی گیرۆدە بوو بە مادە هۆشبەرەکان باس لەوە دەکا کە بۆ هەر کەسێک کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بووە ٦ مانگ مۆڵەتی هەیە کە بتوانێ لەو ماوەیدا تەرکی بکا. گەڵاڵەی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە سڕکەرەکان کە لە ساڵی ١٣٦٧ پێداچوونەوەی بۆ کراوە لە مادەی ١٥ی ئەو گەڵاڵە دا دەڵێ: « گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان تاوانە» بەڵام ئیزن دەدرێ بە تەواوی گیرۆدە بووان کە سەردانی ناوەندەکانی دەرمانی بکەن بۆ تەرک دانی «اعتیاد»و لەو ماوەدا کە لە ژێر چاوەدێری دەرمانی‌دان لە بە دواداچوونی قانوونی معاف دەبن.

بەوشێوەی لە سەرەوە باسمان کرد دەبینین هەر لە سەرەتای دەرچوونی یاساو ریساکانی سەبارەت بە گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان «اعتیاد» هەتا ئێستا هەموو یاساکان بە جۆرێک دان بەوە دادەنێن کە گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان نەخۆشییە و ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە یاسادانەر لەگەڵ ئەوەی دەزانێ کە ئەوە نەخۆشییە و بەجۆرێک لە یاساکاندا رەنگی داوەتەوە بەڵام دیسان بە تاوانی دادەنێ و لە مادەی ١٦ی پەسەند کراوی ١٣٦٧ باس لەوە دەکا کە ئەو نەخۆشەی ملکەچی دەرمانی نەخۆشیەکەی خۆی نەبێ هەم بە جەریمەی نەغدی وهەم بە لێدانی قامچی سزا دەدرێ. لێرەدا دەبینین کە حوکمی یاسادانەر لە دیاری کردنی سزا بۆ نەخۆش بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشێل کردنی مافی مرۆڤە چونکە لەبنەڕەتدا بە هیچ شێوەیەک لە نەخۆش نادرێ بەڵکوو تەنیا هەوڵ دەدرێ چارەسەری نەخۆشێکەی بکرێ و بە ساغ و سڵامەتی بگەرێندرێتەوە بۆ کۆمەڵگە.

روانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیماننامەی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی مادە سڕکەرەکان و رەوان گەردان لە سالی ١٩٨٨ لە ڤییەن بە پەسند گەیشتووە سەرنجی تایبەتی داوە بە مافی گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان. لە بەندی ٢ی مادەی ١٤ی پەیماننامەکەدا بەڕاشکاوی نیگەرانی خۆی لە پێوەندی پاراستنی مافی گیرۆدەبووان بە مادە هۆشبەرەکان دەردەبڕێ بەڵام لە یاساکانی ئێران دا بێجگە لەوەکە گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان وەک تاوانبار دەناسرێن لە مافی دادگایی کردنێکی دادپەروەرانەش بێ بەشن. لێرەدا مەبەست لە دادپەروەری ئەوەیە  کە هەم ئەو دژکردەوەیە کە کۆمەڵگە بەرامبەر کەسی گیرۆدە بوو لە خۆی نیشاندەدا و هەم جۆری ئەو (دادرەسییە )کە زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی گیرۆدە بوو بە مادە هۆش بەرەکان بەرێوە دەچێ.

لە روانگەی دژکردەوەی کۆمەلایەتی بە پێی مادەی ١٦ی «گەلالەی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان گیرۆدە بووان بەوپێیە کە لە مادەی  ٤ و ٨ دا هاتوون بە یەک میلیون هەتا پێنج میلیون  تمەن جەریمەی نەغدی و هەتا سی زەربەی قامچی حوکم دەدرێن هەر وەکوو لە حاڵەتی دووپات بوونەوەدا هەتا ٧٤ زەربە قامچی حوکم دەدرێن. بەوشێوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد لێدانی قامچی لە کەسی نەخۆش لە ژێر پێ نانێ مافی مرۆڤە و لەگەڵ عەقڵی سەلیم ناگونجێ و لە هەمان حاڵدا یاسادانەر ئەو ئیزنە بە کەسی گیرۆدە بوو بە مادەی سڕکەرەکان نادا کە داوای پێدا چوونەوەی بە حوکمی سزاکەی خۆیاندا بکەن.

گرفتی بنەڕەتی لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ رووداوێکی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئەوەیە کە دەبێ بەتوندی بەرخوردی پێ بکری، سەرچاوەی ئەو روانگەیە هەڵەیە چونکە بە جێگەی ئەوە کە بەربەرەکانی لەگەڵ هۆکارەکە بکرێ، دژکردەوە لە بەرامبەر بەرهۆدا؟ دەکری واتە ئەو کەسەی هۆکاریەک تووشی ئەو وەزعەی کردوە و عەقڵ و مەنتقیش دەڵێ هەتا ئەو کاتە هۆکار لە نێو نەچوبێ ناتوانرێ  پێشگیری لەوە بکرێ کە کەس تووشی ئەو نەخۆشییە نەبێ.

وا دێتە بەرچاو، یاسادانەری ئێرانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ رووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی زۆرتر مەیلی بە کەڵک وەرگرتن لە سزادانی ئیجراییە و تەنانەت لە هێندێک بابەتدا دەست نیشانی سزای توندتر دەکا و زۆربەی سزا ئیجراییەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی، سنووردار کردنی مافی تاکەکانە تەنانەت لێ ئەستاندنەوەی ئەو مافانەیە کە هەم سروشت و هەم یاسا بەتاکی بەخشیوە، بەڵام هونەری دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەری لە وڵاتێکدا ئەوەیە کە لە قۆناغی یەکەمدا بۆ بنبڕکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو بەرەو کردارێک هەڵبگرێ کە دووربێ لە سزادانی توند بەڵام هەر وەکی گوترا لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا هەم یاسادانەر و هەم حکوومەت هەنگاوی یەکەمیان بۆ چارەسەری گرفتە کۆمەلایەتییەکان سزادانی توندە و ئەوە کەم و کورتێکی بەرچاوی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەیە. یاسادانەر نەتەنیا یاساکانی لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و چوونەپێشی زانست یەک ناگرێتەوە بەڵکوو لە زۆر بواردا بە پێچەوانەی عیلم و زانستە. بۆ نموونە کۆمەڵگەی زانستی و عیلمی بێ شک و گومان گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان بە نەخۆش دادەنێ بەڵام یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرە کەسانە بە تاوانبار دەدەنە قەڵەم کە ئەوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤێکی نەخۆشە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران دەوڵەت لەسەریەتی کار و شوێنی نیشتەجێ بوون و هەلی ژیانێکی ئارام بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە بڕەخسێنێ مەبەست ئەوەیە ئەگەر کار و شوێنی نیشتەجێ بوون و هەلی خوێندن و دامەزراندن بۆ گەنج و لاوی وڵات دابین کرابایە ئایا بەڕاستی ئەو هەموو لاوە بەرەو گیرۆدە بوون بە مادەهۆشبەرەکانەوە دەچوون یا بەدوای ژیانێکی سروشتی و بەختەوەرانەدا دەڕۆیشتن.

گرفتی بنەڕەتی و ئەسڵی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئەوەیە کە لە هەڵسەنگاندن و شێوەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەگشتی لەسەر ئەو بیروبۆچوونەن کە بە سزادانی توند دەتوانن بەسەر گیروگرفتەکاندا زاڵ بن دەبینین بە درێژایی ساڵیانی دوور و درێژ هیچ کام لەو قانوون و یاسایانە کە بە توندترین شێوە وەک تاوانبار سزای گیرۆدەبوانی مادەهۆشبەرەکانیان داو سەرکەوتوو نەبوون دەبینین رۆژ لەگەڵ رۆژ ئاماری گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان ڕووله زیاد بوونە و هەتا ئەوکاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کێشە و گرفتە وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چاو لێ نەکاو لە بەستێنی کۆمەڵگەدا بەدوای چارەسەریدا نەگەڕێ بە تاوانبار کردن و لێدانی قامچی و زیندانی کردنی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان ئەو کێشەیە چارەسەر نابێ.

لە ژمارە ٦٢١ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## ساڵی: ٢٠١٤

## تێڕوانینێک لە مەنشوور مافی شاروەندی «روحانی»

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی راپۆرتی کاری سەد رۆژەی دەوڵەت لە لایەن روحانی‌یەوە یەکەم مەنشووری مافی شاروەندی کە پێش هەڵبژاردنی بە سەرکۆماری وەعدەی بە خەڵک دابوو بڵاو بووە بۆئەوەی بخرێتە بەر روانگەی خەڵکو داوا کرابوو کە لە رێگای سایتی دەوڵەت بۆچوونو روانگەی خەڵک لە سەر مەنشوور وەربگرنەوە.

لەیەکەم خوێندنەوەو چاوپێدا خشاندندا بە مەنشوور بۆمان دەردەکەوێ بێجگە لەوە زۆر دوورو درێژە بە جۆرێک دووپات کردنەوەی کۆمەڵێک مادەو برگەو ئەسڵی قانوونی ئەساسیین کە نووسەر یان نووسەرانی مەنشوور هەوڵیان داوە بە وشەی جوانو خەڵکپەسەند بیانرازێننەوەو لە هەمان حاڵدا بەستنەوەی زۆربەی مادە پێشنیارییەکان بە قانوونی بەرکارو یا باڵادەست کردنی قانوونەکان بەسەر مافی شاروەندی‌دا بە واتایەکی‌تر لە هەر مادەیەکی مەنشووردا ئەگەر مافێکی داوە بە هاووڵاتی‌تر دەست بەربەستێکی قانوونی بۆ دروست کردوە و ناڕوونی پێگەو جێگای مەنشوور لە روانگەی یاساییەوە بەهێزترین رەخنەیە کە لە منشوور روحانی دەگیرێ.

کە باس لە مافی شاروەندی دەکرێ لە بیروڕای گشتی‌دا تەڕدەست بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ وێنا دەبێ، بەڵام ئەوەی لە ناوەرۆکی مەنشووری ئاغای روحانی‌دا دەردەکەوێ نە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ رەنگی داوەتەوەو لە هەمان حاڵدا ئەو مافو ئازادییە نیە کە خەڵکی ئێران بە گشتی‌و تێکۆشەرانی دێموکراسی‌و ئازادی بەتایبەتی ماوەی ٣٤ساڵە خەباتی بۆدەکەنو لە پێناویدا خوێنو قوربانی بۆ دەدەن.

پشتبەستنی مەنشوور بە پێکهاتەی ئەو یاساو ریسایە کە خۆی لە بنەڕەت را پێشێلکردنی مافی مرۆڤە ناتوانێ ئەو ئامانجە کە هەیەتی وەدی بێنێ چونکە ئەو یاساو رێسایانە خۆیان پڕن لە نادادپەروەری هەربۆیە پشتبەستن بە یاسایەکی وا ناتوانرێ دادپەروەری دابین بکرێو ئەوە بەتەواویەتی مەنشوورەوە دیارە چونکە تاکید دەکاتەوە هەمووکردارێکو بەڕێوەچوونی عەمەلێک دەبێ لە چوارچێوەی یاسای ئیسلامی‌دا بێ‌و کە دەگوترێ یاسای ئیسلامی مەبەست لە مەزهەبی شێعەی ١٢ ئیمامی‌یە چونکە بە پێی ئەسڵی ١٢ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دینی رەسمی لە ئێراندا ئیسلامەو مەزهەبی رەسمی شیعەی ١٢ ئیمامی‌یەو لە زۆربەی بەرگە قانونی‌یەکاندا تاکید دەکاتەوە کە نابێ بەڕێوەچوونی یاساکان دژایەتی لەگەڵ

مەزهەبی رەسمی وڵاتدا هەبێو تەنانەت هەر لە مەنشووردا لەو جێگایە کە باس لە مافو ئازادییەکان دەکاو دەڵێ نابێ جیاوازی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا ببێ بەڵام لە عەمەلدا وا نیەو بە ناوی یاساکانی دینو مەزهەبەوە رۆژانە دەیان جار پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەلایەن دامو دەزگای ئیجرایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلانی ئێران دەکرێ وەک جیاوازی دانان لە پاراستنی مافی شارومەندی لە نێوان ژنو پیاو یا کەسێکی بە ئایینی ئیسلام لەگەڵ غەیرە ئیسلامو دەیان هەڵاواردنی دیکە بۆ نموونە: لە یاسای بنەڕەتی ئێران لە ئەسڵی ٢١دا سەبارەت بە مافی ژنان بەو شێوەیە باس دەکا: «دەوڵەت لە سەریەتی مافی ژن بە لەبەرجاوگرتنی پێوەرەکانی ئیسلام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بپارێزێ و لە درێژەدا دەڵێ دەوڵەت دەبێ ئەوانەی خوارەوە کە لە ٥ خاڵدا دەستنیشانی کردوون بەڕێوەبەری کە لەو ٥ خاڵەدا زۆرتر مافی ژنانی لە چوارچێوەی ماڵو ئەرکی دایکایەتیدا پێناسە کردووەو لە مەنشوور مافی شارومەندی رووحانیشدا سەبارەت بە مافی ژنان هەر دووپات کردنەوەی ئەو ئەسڵەیە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئەوەتا لە مادەی ٣/٩٩ی مەنشووردا دەڵێ: «دەوڵەت لە سەریەتی مافی ژنان لە تەواوی بوارەکاندا بە سەرنجدان بە پێوەرە یاساییەکان لە تەواوی شێوەکاندا وەک سوودمەندبوون لە بەستێنی لەبار بۆ گەشەکردنی کەسایەتیو زیندوو کردنەوەی مافی مادیو مەعنەوییەو پارێزگاری لە دایکان... و هەروەها بەخشینی مافی سەرپەرستی منداڵەکان بە دایکانی شایستە لە کاتی نەبوونی سەرپەرستی شەرعی لەبەرچاو بگرێ. هەروەک دەبینین لە هەردوو دەقدا ژن وەک مرۆڤێک کە خاوەنی مافی خۆی بێ لەبەرچاو نەگیراوە بەڵکوو زیاتر تاکید لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ژن ئەرکی دایکایەتی خۆی دەبێ بەجێ بگەیەنێو دەوڵەت لە سەریەتی ئەو زەمینەو بەستێنە خۆش بکا.

مەنشوور بە پشت بەستن بە بەشی سێهەم لە یاسای بنەڕەتی ئێران کە لە ئەسڵی ١٩ هەتا ٥٥ لە خۆدەگرێ باسی لە گرینگترین مافی شارومەندی لە بەشی دووهەمدا کردوە کە لە دوو مادده پێک هاتووەو ١٤١ خاڵ لە خۆ دەگرێو بە یەک چاوپێداخشاندندا بۆت دەردەکەوێ کە ئەو بەشە دووپات کردنەوەی ئەو ئەسڵانەیە کە لە بەشی سێهەمی یاسای بنەڕەتی ئێران داهاتوون. هەر بۆیە مەنشوور بۆ پاراستنی مافی شارومەندی ناتوانێ شتێک لەوە زیاتر بکا لەوەی هەتا ئێستا کراوە، چونکە لەلایەک خودی دەسەڵاتداران باوەڕیان بە پاراستنی مافی مرۆڤ نیە بەو شێوەیە کە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ داهاتووەو لەلایەکی دیکەشەوە دەقە یاساییەکان بە جۆرێک دارێژراون کە پاراستنی مافی مرۆڤو شارومەندی بەرتەسک کردۆتەوە بە پاراستنی پێوەرەکانی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی. ئەوەتا لە ئەسڵی ١٩ بنەرەتی ئێراندا دەڵێ: خەڵکی ئێران لە هەرقەومو و تیرەیەک بن مافی وەک یەکیان هەیە و رەنگ و تیرە، زمان و شتی لەو بابەتە نابێتە هۆی ئیمتیاز» دەوڵەت لە سەریەتی رێکاری پێویست بگرێتەبەر بە تایبەتی لە رێگای نووسینو بەڕێوەبردنی بەرنامەی چاکسازیو پەرە پێدانی سیستمی ماف پەروەری بە مەبەستی بە کردارکردنو بەڕێوەچونی ئەو مافو ئازادییە گشتییانە کە لە یاسای بنەرەتی ئیرانو قانوونە عادیەکاندا پێش بینی کراوەن»

ئەگەر هەڵوێستەیەکی کورت بکەین تەنیا لەسەر ئەسڵی ١٩و یاسای بنەڕەتی ئێران مادەی ٣ مەنشوور شاروومەندی کە



سەرچاوە
Serchawe

لەسەرەوە ئیشارەیان پێکراوە دەبینین لە ئەسڵی ١٩ دا یاسا دانەر بەئانقەست یا بە پێی باوەڕەکانی خۆی دوو پێکهاتەی بنەرەتی کۆمەڵگای ئێرانی لەبیر کردووە ئەویش ژنو ئایین (مەزهەبی یائید لۆژیک) چونکە کاتێک باس لە رەنگو تیرەو زمان دەکا باس لە جۆری رەگەز یا جیاوەزی باوەڕو ئەندێشە ناکاو لە مەنشور مافی شەروەندیشدا لە کۆتایی مادەی ٣دا دەڵێ ئەو مافو ئازادیانەی کە لە یاسای بنەرەتی ئیراندا پێشبینی کراون دەوڵەت لەسەریەتی کاریان بۆ بکاو زەمینەی لەباریان بۆ پێک بێنێ.

لە سەرتاوە هەتا کۆتایی مەنشور مافی شارەوەندی هەروەک پێشتریش ئیشارەی پێکراوە لە هەر بەرگەیەکدا کە مافێکی داوە بەربەستکی شەرعیو یاسایی لە بەر دەم داناوەو هەر لەبەشی یەکەمی مەنشور کە لە ژێر عینوانی رێکاری گشتیدا نوسراوەو لە ٦ مادە پێک هاتووە لە هەموو مادەکان تأکید دەکاتەوە کە ئەو مەنشورە لە ژێر رێنوێنییو رووناکی دینی ئیسلام و یاسای بنەرەتی ئیران ئەو یاسا ورێسایانەی کە کۆماری ئیسلامی کاریان پێ دەکا، دارێژراوە و دەوڵەت لە سەرێتی ئەو مەنشوورەوە مافی شارەوەندی گەلانی ئێران لە چواچیوەی ئەو یاسایانەدا بپارێزێ. کە دەبینین لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردوو دا تەواوی ئێعدامەکان، سەنگسارەکان، قەساسەکان و لەبەرچاونەگرتنی مافی کەمە نەتەوەکان بە پێی ئەو یاسایانەی کە مەنشوور پشتی پێ دەبەستی، بەرێوە چوون.

ئەگەر مافی شارەوەندی تەنیا بۆ تاقمەو دەستەیەکی دیاری کراو نووسرابێ و نەتەوەکانی دیکە جگە لە فارسەکان و باوەر دارانی ئایینو ئایینزاکانی دیکە وەک شارەوەند خۆی تێدا نەبینەوە نابێتە پاڵپشتێکی بەهێزو یاسایی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە ئاغای روحانی کە ئێستا پۆستی سەرکۆماری ئێرانی بەدەستەوەیە باش دەزانێ کە بەحوکمی مادەی ٩ لە یاسای مەدەنی ئێران هەر دوو رێکەوتننامەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ «بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤو پەیماننامەی مافی سیاسیو مەدەنی» دەبن بە بەشێک لە یاساکانی نێوخۆی ئێرانو تەواوی دەزگاکانی ئیجراییو قەزایی لە سەریانە کە ناوەرۆکی ئەو رێکەوتنامانە بەرێوەبەرن، بەرێوەبردنی ناوەرۆکی ئەو دوو رێکەوتننامەیە تەنیا پابەندی بۆ ئێران لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا دروست ناکا بەڵکوو پابەندی دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر پاراستنی مافی شاروەندی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێراندا دەست نیشان دەکاو ئەگەر دەوڵەتو سەرکۆمار غەمی زیندوو کردنەوەی مافی شاروەندیان هەیە پێویست بە نووسینی مەنشور ناکا بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە دەوڵەت رابگەیەنێ کە خۆی پابەند دەکا بە جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەو دوو رێکەوتننامەی پاراستنی مافی مرۆڤو ئەگەر ئیرادەی سیاسی لە پشت بێ لە روانگەی حوقووقی و یاساییەوە هیچ کۆسپیک بۆ ئاغای رووحانی دروست ناکا.

لە ژمارە ٦٢٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٤

## دادوەری لە کۆماری کوردستاندا

دوای ئەوە کە کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەرکی ئیدارەکردنی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە رووی سیاسی، ئابووری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پاراستنی سنوورەکان کەوتە سەرشانی بەڕێوەبەرانی کۆمار بە تایبەت کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتو پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئەو مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانی پێک هێناو بەڕێوەبەرو بەرپرسانی ئیداری شارەکانی دەست نیشان کرد، بەڵام بۆ ئیدارە کردنو بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی باشو تەندروست بێجگە لە هەیکەلی ئیداری پێویستە قانوونو یاسایەک هەبێ بۆ ئەوەی پێوەندییەکان دەست نیشان بکاو روون بێت پێوەندی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بەیەکەوەو لەهەمانحاڵدا پێوەندی تاکەکان لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی چۆنەو بە چشێوەیەکە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە سەر کۆماری کوردستان کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە چۆنیەتی یاسادانانو بەڕێوەچوونی یاسا بووە، چونکە کۆماری کوردستان بە هەر هۆیەکەوە بووبێ خاوەنی دەزگای یاسادانان واتە پارلمان نەبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی قانوونیو یاسایی لە دادوەری بێخەبەر بووبن. چونکە لە دیکۆمێنتو نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ بەڕێوەچوونی وڵات کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە پێوەندیان بە هەموو لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکو بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیەو ئەوە دەرخەری ئەو راستییەیە کە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستانو لەسەرەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد چەندەیان بۆ گرینگ بووە کە یاسا لە کۆمەڵگادا سەروەر بێ.

بۆ ئەوەی بۆشایی دەزگای یاسادانان پڕبکرێتەوەو وڵات بێ یاسا نەبێ کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئەرکەیان بەڕێوەبردوەو لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کۆماری کوردستاندا کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە هەم خەڵکو هەم بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ جێبەجێ کردنیان پابەندیان بوون .

ئەو یاسایانە کە دەرچوون لە رۆژنامەی کوردستاندا کە زەمانحاڵی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە چاپو بڵاوبوونەوەو لەو ڕێگایەوە خەڵکیان لێ ئاگادار کراوەتەوە. ئەو یاسایانە هەمە بابەتن لە یاسای سزادان ڕا بگرە هەتا دیاریکردنی نرخی کەلوپەل لە بازاڕدا. پێویستە ئیشارە بەو مەسەلەیە بکەین راستە دەزگایەکی یاسادانان هەموویاساکانی دانەناوە بەڵام کاتێک حوکمێک لە لایەن دەسەڵاتەوە بە خەڵک رادەگەیەندرێو ئەو حوکمە ئەرک دەستنیشان دەکاو سەرپێچی لەو ئەرکە دەبێتە تاوانو سزای بۆ دیاری دەکرێ، ئەگەر وایە زۆربەی زۆری ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ئاگادارکردنەوانەی خەڵک کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماردا بڵاوبوونەوە، حوکمی قانوونییان هەبووە چونکە هەر وەکی لە پێشدا ئیشارەی پێکرا هەم خەڵکو هەم دەسەڵات پابەندبوون بە جێبەجێ کردنیان. بۆ زیاتر روون بوونەوە چەند نموونەیەک ئەگەر بە کورتیش بێت لێرەدا باس دەکەین.

## خوێندن بە زمانی کوردی:

خوێندن بە زمانی کوردی لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد گرینگی تایبەتی پێدراوە هەر بۆیە لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە راگەیاندنی حوکمێک بە خەڵکی سابڵاغ خوێندن بە زمانی کوردی دەکاتە قانوونو لەو حوکمەدا دەڵێ بۆ پەرەپێدانو گەشەکردنی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە زمانی کوردییەو ١٠ڕۆژ مۆڵەت دەدا بە خەڵکێ کە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێو تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی خوێندن دەبێ رەوانەی قوتابخانەی بکاو بە پێچەوانەوە هەر کەس ئەو حەکمە جێبەجێ نەکا بەتوندی سزا دەدرێ. دەبینین ئەو حوکمە لە گەڵ ئەوەدا کە بۆ هەموو دانیشتوانی مەهاباده بێ جیاوازیو مۆڵەتو سزاشی تێدایە دەرخەری ئەو راستیەشە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان چەندە بایەخ دەدەن بە خوێندنو زمانی کوردیو لە هەمانحاڵدا سرنجو بایەخ دەدەن بە کچان کە تا ئەو دەم لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوونو دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە قانوون لە سەر کۆمەڵگای دەکاتە واجب کە ئەگەر هەر کەس جێبەجێی نەکا سزا دەدرێ.

دەقی حوکمەکە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ لاپەڕەی ٤ ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ی هەتاوی بەو شێوەیەی خوارەوە هاتوە:

### ئاگاداری

(بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی «سابلاغ» رادەگەیەندرێت لەسەر ئەمری پێشەوا معظم و قەراری «حزبی دێموکراتی کوردستان» لەوەی بەو لاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانی و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردیە لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕو کچی هەبێو تەمەنی اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینیرێتە مەدرەسە ئەڵبەت هەرکەس لەو ئەمرە روو وەرگێڕێ بە توندترین مجازات تەمبی دەکرێ».)

## چەک هەڵگرتن:

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەر خێڵو عەشیرەو تایفەیەک بۆ خۆی کۆمەڵێک چەکداری لە دەرەوە بووەو چەکێکی زۆریش بە دەست خەڵکەوە بووەو بۆ ئەوەی نەبێتە هەرەجمەرەجو هەرکەس بە کەیفی خۆی بە مەبەستی خراپ کەڵک لە چەک وەرنەگرێ، فەرماندەی هێزی دێموکرات- کوردستان حوکمێک دەردەکاو لەو حوکمەدا هەڵگرتنی چەکی بێمۆڵەت بە

تەواوی قەدەغە دەکاو دەست نیشان دەکا کە کەس یا کەسانێک کە بە ئانقەستو بە خۆڕایی تەقە بکەنو ببنە هۆی شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵک بە دواچوونی یاسایان بۆ دەکرێو سزا دەدرێن.

لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢ لاپەڕە ٣ شەممە ٢٢ - ١٠ - ١٣٢٤ بەو شێوەیە ئەو حوکمە بڵاو بۆتەوە:

### ئاگاداری:

بە تەواوی ئەهالی رادەگەیەندرێت کە هەڵگرتنی ئەسلەحە لە نێو شاردا غەیری ئەشخاصی مەجاز بە کلی قەدەغەیە هەر کەسێک لە نێو شاردا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیبو مجازات دەکرێ».

### کۆنترۆڵی بازاڕ:

بۆ ئەوە حکوومەتی کۆماری کوردستان کۆنترۆڵی بازاڕ بکاو ئیزن نەدا پشێوی لە بازاڕدا دروست بێو هەڵپەرەستو قازانج ویست خەڵکی کەم داهاتو دەستکورت نەڕوتێننەوە، هەر ماوە بە ماوە لە ڕێگای ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە ئاگاداری‌یەک بڵاودەکاتەوە کە حوکمی یاساییان هەیەو لەو ئاگادارییانەدا نرخی کەلو پەل دەست نیشان دەکا ئەوەتا لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە٩ لاپەڕەی ٤ شەممە ١٣ی ڕێبەندان ١٣٢٤ نرخی گۆشت لە لایەن شارەداری مەهابادەوە دیاری دەکرێو لە کۆتایی‌دا باس لەوە دەکا هەر گۆشت فرۆشێک لەو نرخە دیاریکراوانە لابدا کە شارەداری دیاری کردوە بە نێوی گرانفرۆشی سزادەدرێ.

### ئاگاداری:

«بە تەواوی ئەهالی موحتەرەم مهاباد رادەگەیندرێ نرخی گۆشتی مەڕو بزن سیەی ستمن (٣٠قران)و گۆشتی رەشەوڵاغ دووتمەن (٢٠قران) معلوم کراوە تا آگاداری دوم هەر قەصابیک زیاتری بفرۆشێت فورا بە اداری شهرداری خەبەر بدەن تا بە نێوی گرانفروشیو تخلف لە مقرراتی شهرداری تنبیەو جریمە بکرێ».

### بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن:

لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی ئێستادا هێندێک خەڵک بۆ ئەوە لە کاتی تووش بوونیان بە وەڵام دانەوەی یاسایی‌و ئامادە بوونیان لەبەردەم حاکمی دادوەری هەوڵ دەدەن کەس یا کەسانێک پەیدا بکەن کە بە هۆی دانی بەرتیل ناحەقی خۆیان بکەنو بەحەقو کارێکی نایاسایی بە یاسایی بکەنو ئەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا هەبووە، هەربۆیە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات یاسایەکی دەرکردووە لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ١٢ لاپەڕە ٤ بە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاوی کردۆتەوە کە لەو یاسایەدا هاتووە کە هەم مەئموورینی حکوومەتی کوردستانو هەم



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی کوردستان ئاگادار بن کە بە هەر نێوێکو بە هەر ڕێوشوێنێکدا بێ بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن قەدەغەیەو ئەگەر روون بێتەوە ئەو کەس یا کەسانە بەرتیلیان داوە یان وەرگرتوە بە خائین بە گەلو نیشتمان دەناسرێنو سزا دەدرێن بە سزایەک کە لە ١٠ ساڵ زیندان کەمتر نەبێو یا سزادەدرێن بە حوکمی ئێعدام. ئەوەی خوارەوە دەقی حوکمەکەیە:

### ئاگاداری:

بەهۆی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مامورینی حکومەتی کوردستان و ملت ڕادەگەیەنرێت هەرکەس لەهەر مەمەریکەوە بەهەر نێویک لە تمەنێک تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی «چە قانوونی و چە شەرعی و غیرە، بەرتیلو ریشوە بدات و یا وەربگری لە پاش مەعلووم بوون بە خاینی ملت و مملکت دناسرێ قەراری مجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبس هەتا کوشتن (اعدام) تصویب و مقرر کراوە.»

### کچان و ژنان:

دیارە مەسەلەی ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵگە چ لە بواری خوێندنو چ لە بواری بەشداری کردنیان لە ئیدارەکردنی وڵات خەمی گەورەی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بووەو هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستان دایە کە کچان ڕێگەی خوێندنیان بۆخۆش دەکرێو بۆ پاراستنی مافەکانیان یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێ و ئیزنی چالاکی پێ دەدرێ و بێجگە لەوانە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان هەوڵیان داوە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانیش پارێزراو بێ و پێشگیری بکرێ لە توندوتیژیو هەڕەشە بۆ سەر ژنان و کچان. ئەوەتا لە برپارێکدا کە بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حاجی بابا شێخ دەرچووە و لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥ لاپەڕە٤ ڕێکەوتی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بڵاوبۆتەوە بەو جۆرە باس لە دوو مەسەلەی پێوەندیدار بە ژنان دەکاو دەڵێ لەسەر بریاری هەیئەت ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ دەبێ ئەو پیاوە سزابدرێ بە ئێعدام کە هەمووومان باش دەزانین پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو سەردەمدا بەشێوەیەک بوو کە ڕەنگە زۆرجار بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و بێحورمەتی کردن لە نێوان دوو تایفەو عەشیرەو بنەماڵەدا ژن بۆتە قوربانی. هەر بۆیە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان ئەو گرفتەیان دیوە و بۆ چارەسەر یاسایان بۆ دەرکردوە و هەر لە درێژەی ئەو برگە یاسایەدا هاتووە ئەو کچانەی کە مانعی لەسەر ڕێگە نیە بەوشەرتە کە کوڕەکە پێشتر خوازبێنیی لە بنەماڵەی کچەکە کردبێو ئەوانیش وەڵامی ڕەدیان دابێتەوەو کچەکە خۆی رازی بێت دەتوانێ لەگەڵ کوڕەکە بڕواتو ژیانی هاوبەش پێک بێنێ. لەو حاڵەتەدا کوڕەکە هیچ سزایەکی یاسایی تووش نابێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانە کە باسمان کرد نەبوون کوڕەکە لە ٣ مانگ هەتا ٣ ساڵ لە زیندان دەکرێ.

لێرەدا دەبینین کە حکوومەتی کۆماری کوردستان چەند هەوڵی داوە و مەبەستی بووە کە هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی ژنو پیاودا بکا و ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە پێکهاتەی کۆمەڵکەی کوردەواری زۆرتر عەشیرەیی بووە تەنانەت لە وڵاتانی



سەرچاوە
Serchawe

دەورووبەری کوردستانیش مافی ژنان پێشێل کراوەو ژن خاوەنی هیچ مافێک نەبوون بەوشێوەیە کە ئێستا ئێمە لێی دەڕوانین. بەڵام لەو برگە یاساییەدا هەم پێش بە بێحورمەتی کردنی ژن دەگیرێ کە فیدای کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ و هەم ئیزن دەدا بە کچ کە خۆی بڕیاردەربێ لە هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی دا. ئەوە دەقەکەیە کە لە رۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە:

**ئاگاداری**

**ڕەدووگەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە**

لەسەر قراردادی هیئەتی ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ ئەو پیاوە دەبی بکوژرێ ئەمما کچ خوازیێنی بکاو نەیدەنێ و مانعی شەرعی نەبێ و بەمێرد نەبێ کچەکە رضای ببێ، جزای نیە وگرنە لە سە مانگەوە تا سە ساڵ حەبس دەکرێ»

بێجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە لە رۆژنامەی «کوردستان»دا چاپو بڵاو بوونەوە و بابەتی وەک ماڵیات، گمرک، لەدایک بوون و مردن، ڕەچاوکردنی لەشساغیو پاراستنی ژینگەو پاراستنی مافی کەمایەتییەکانی ئایینیو مەزهەبیو قانوونی سزادان و... هتد. کە ئەوانە یاسایان پێ دەرچوونو خەڵکو دەوڵەت لەسەریان بووە کاریان پێ بکەن. کە دیارە زۆربەی ئەو قانوونانە نزیک بە چوارجار لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوبوونەوە و ئەوکات کاریان پێکراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئیشارە بەوە بکرێ کە ئەگەر کۆماری کوردستان کات و مەودای زیاتر هەبوایە و بەچەندین ساڵ درێژەی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دابایە حەتمەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبوو بە خاوەنی دەزگای یاسادانانو ئەوکات هەم یاساکانی تۆکمەتر دەبوون و هەم دەزگای دادوەریو ئیجرایی بەتواناتر دەبوون لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و هەم خەڵکی کوردستان لەسەرەوەی یاسادا زیاتر سوودمەند دەبوون. بەڵام بەوحاڵەش لەو تەمەنە کەمەدا کۆماری کوردستانی پێدا تێپەڕ بووە، بەرێوبەرانی کۆمار لە دانانو بەرێوەبردنی یاساو ڕێسا غافڵ نەبوون و هەوڵیانداوە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ببینن‌و بتوانن ئەو لایەنانەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری بەیاسا ڕێک بخەن.

لە ژمارە ٦٢٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندن بە زمانی زگماکیو هەڵوێستەیەک

لە ئێراندا کاتێک باس لە پێویستیی خوێندن بە زمانی زگماکی "دایک" دەکرێ دەسەڵاتداران لە تاران چ لە سەردەمی پاشایەتیو چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا تەڕدەست ئەو باسە لە ڕێڕەوی ئەسڵی خۆی کە مافێکی بێئەملاو ئەولای مرۆڤە لادەدەنو بوختانی تاوانی بۆ هەڵدەبەستنو باس کردن لەو مەسەلەیە وەک پیلانگێڕی بۆ پارچە پارچە کردنی وڵاتو لاوازکردنی زمانی فارسی دادەنێن. ئایا دەسەڵاتداران بەڕاستی نازانن کە خوێندنو قسەکردن بە زمانی زگماکی "دایک" مافی سەرەتایی هەر مرۆڤێکەو ڕێگرتنو ئیزن نەدان بە تاکەکانی نەتەوەکانی دیکە راستەوخۆ پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤەو دەچێتە خانەی تواندنەوەی نەتەوەیەک لە نەتەوەی باڵادەستدا.

هەروەکی ئیشارەی پێکرا خوێندنو قسە کردن بە زمانی زگماکی مافی هەر تاکێکەو پێویستیی بە سەلماندن نیە چونکە منداڵ کە لە دایک دەبێ یەکەم دەنگ کە وەبەر گوێی دەکەوێ دەنگی دایکیەتیو لە هەموو حاڵەتێکدا تەنیا بە دەنگی دایکی ئارام دەبێتەوەو لە کاتی گەشەکردنو گەورەبوونیشدا تەنیا بەو زمانە دەتوانێ لەگەڵ دایکو بابو دەورووبەری خۆی پێوەندی دروست بکاو لە ڕێگەی ئەو زمانەوە دنیای دەورووبەری خۆی بناسێو لە هەمان حاڵدا بە هۆی زمانی زگماکیەوە دەتوانێ بوونی خۆی لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنێ.

لە بەڵگەو ئەسنادی نێونەتەوەییشدا خوێندن بە زمانی دایک گرینگی پێ دراوەو وەک مافێکی سروشتیو یاسایی دانیپێداهێندراوەو لێرەدا چەند نموونەیەک بە کورتی باس دەکەین:

مادەی٢٧ لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنیو سیاسی بە روونی باس لە مافی کەمینەکان دەکا بۆ کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی خۆیانو لە مادەی ١٤ی هەمان پەیماننامەدا مافدەدا بەو کەسانە کە ناتوانن لە زمانی رەسمی دادگا تێبگەن یا قسەی پێبکەن دەبێ وەرگێڕیان هەبێ.

مادەی ٣٠ پەیماننامەی مافی منداڵان دەڵێ:" منداڵانی سەربە کەمایەتییە نەتەوەکانو مەزهەبییەکان مافی ئەوەیان هەیە چ بە تاکو چ بە کۆ کەڵک لە زمانو فەرهەنگو مەزهەبی خۆیان وەربگرن".

بێجگە لەوانە لە مەنشووری زمانی دایک، بەیاننامەی جیهانیی مافی زمانی بەندەکانی ٣و٤ و بەیاننامەی مافی تاکەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەکان، زمانی و مەزهەبی باسیان لەوە کردوە کە خوێندن بە زمانی زگماکی مافی هەر تاکێکی



سەرچاوە Serchawe

ئەوکۆمەڵگایەیە کە تێدا دەژی.

بێجگە لەوانە کە لایەنی نێونەتەوەییان هەیە پێویستە ئیشارە بە یاساکانی نێوخۆی ئێرانیش بکەین. ئێران کە وەک دەوڵەتێک ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە مادەی ٩ی قانوونی مەدەنیدا هاتووە کە ئێران لە بەرامبەر تەواوی ئەو پەیماننامە جیهانیانە کە ئیمزای کردوونو بەرپرسەو ئەوانە لە حوکمی قانوونی نێو خۆییدانو لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێرانیشدا ئەو مافە دراوە کە خوێندن بە زمانی زگماکی نەتەوەکانی ئێران لە ناوچەکانی خۆیاندا ئازادە لە گەڵ ئەوەدا کە ئەو ئەسڵە خۆی عەیبدارەو لە بواری دارشتنەوە کەمو کەسری هەیەو مەسئوولییەتی بەرێوەچوونی ئەو کارەی بە بێ دەنگی هێشتۆتەوەو دیار نیە کێ بەر پرسیارە لە داڕشتنی خوێندن بە زمانی زگماکی، بەڵام دیسان وەک ئەسڵێکی قانوونی ئەساسی، پێویستە دەوڵەت کاری بۆی بکاو رێوشوێنی پێویستی بۆ دەستنیشان بکاو پابەندیی خۆیان بە ئەسڵی ١٥ لە یاسای بنەڕەتیو مادەی٩ لە قانوونی مەدەنی ئێراندا بسەلمێنن. بەڵام دەبینین لە ماوەی ٣٤ساڵی رابردوودا دەوڵەت هیچ هەنگاوێکی لەوراستایەدا هەڵنەگرتووە لەگەڵ ئەوە دا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا هێندێک لە بەربژێرەکانی سەرکۆماری دروشمی خوێندن بە زمانی زگماکی کەمە نەتەوەکان هەڵدەگرنو کاتێک بە دەسەلات دەگەن بە ناوی ئەوە کە لایەنێک یا چەند لایەن لە دەسەلات بەرهەڵستکاری دەکەن چاوپۆشی لە وادەو بەڵێنیەکانی خۆیان دەکەن.

ئاغای رووحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو و بە هۆی ئەو دروشمەوە دەنگی زۆربەی کەمەنەتەوەکانی وەک "کوردو عەرەبو بەلووچو تورک.." بە قازانجی ئەو رژانە نێو سندووقەکانی دەنگدانەوە. بەڵام ئێستا دەبینین هەر جارێ بە بیانوویەک ئەو مەسەلەیە پشتگوێ دەخرێو لە نوێترین هەڵوێستدا فەرهەنگستانی زمانی فارسی بە توندی بەرەنگاری ئەو پێشنیارەی دەوڵەت دەبنەوە بێ ئەوە گوێ بدەن بە یاسای بنەڕەتی ئێرانو قەولو بەڵێنیەکانی سەرکۆمار وەک سەرۆکی دوڵەتو کەسی دووهەم لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە پێی یاسا. بەڵام رەنگە وا نەبێ هەم دەزانن یاسای بنەڕەتی ئێران چی تێدا نووسراوەو بەڵێنی دەوڵەتی ئێران بە نیسبەت پەیمانە نێونەتەوەکان چیەو هەم قەولو بەڵێنیەکانی سەرکۆماریان لە کاتی هەڵبژاردندا لە بیرە بەڵام ئەوە تایبەتمەندی دەوڵەتە سەرەڕۆو سەرکوتکەرەکانە کە هەر کاتێک باسی ئەوە بکرێ کە کەمەنەتەوەکان دەتوانن مافی خوێندن بە زمانی دایکیان هەبێ تەحەموڵی ناکەن چونکە ئەوان لە بیری تواندنەوەی نەتەوەیەک دان لە رێگای فەوتاندنی زمانەکەیان. دەسەڵاتدارن لەو مەسەلەیە بە ئاگان کە زمان یەکێک لە گرینگترین پایەکانی دروست کردنی فەرهەنگە و ئەگەر زمان بە رەسمی نەناسرێو لە قوتابخانە نەخوێندرێو لە بازاروئیداراتو راگەیاندراوەکان و چاپەمەنی کاری پێنەکرێ هویت و شوناسی ئەو نەتەوەیە نەپارێزراوە و ئەوە لە راستیدا نیشانەی حاشا کردنە لە کەسایەتی نەتەوەیەکە. هەر وەک باس کرا زمان رۆڵی گرینگی هەیە لە پاراستنی فەرهەنگو کلتووری هەر نەتەوەیەک و کەڵکوەرگرتن لە زمان تێگەیشتنی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکاو ئەو

توانابییەی پێ دەبەخشێ رۆڵی چالاکو ئەکتیڤی لە کۆمەڵگادا هەبێ، بەڵام قەدەغە کردنی خوێندن بە زمای زگماکی دەبێتە هۆی بێبەشی کردنی نەتەوەیەک لە کلتورو فەرهەنگی خۆیو رێگای گەشەکردنی لە هەموو بوارێکەوە لێدەگیرێ.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر نەتەوە هەبوون بە هۆی ئەوە نەیانتوانیوە زمانی خۆیان بپارێزن لە ناوچوون و زۆر نەتەوەش بە هۆی ئەوەی توانیویانە زمانی خۆیان بپارێزنو پەرەی پێ بدەن هەر ئێستاش زیندوونو زۆریشن ئەوانەی دەوڵەتیان پێک هیناوەو زمانەکەی خۆیان کردۆتە زمانی رەسمی وڵاتو نەتەوەکانی دیکەشیان ناچار کردوە بەو زمانە بنووسنو قسە بکەن بۆ نموونە: لە دوای هێرشی ئیسلام بۆ سەر ئێران بۆ ماوەی سێ چوار سەدە زمانو کلتووری عەرەب لە ئێران دا زاڵ بوو، بەڵام زمانی فارسی دوای ئەو ماوەیە کاتێک دەرکەوت ئەوەندەی کار بۆکرا هەتا بوو بە زمانی دەربارو تەنانەت پاشا غەیرە ئێرانیو غەیرە فارسەکانیش نەیانتوانی خۆ لە کاریگەری ئەو زمانە دەرباز بکەنو نەتەوەی فارسیش ئەو هەلەی قۆستەوەو بۆ سەقامگیری خۆی کەڵکی لێ وەگرت.

ـ کاتێک لە ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا راستە لە سەر بنەمای ئایین ئەو دەوڵەتە دروست بوو، بەڵام ئیسرائیلیەکان پێش ئەوە دەوڵەت پێک بێنن زمانی یەکگرتویان دروست کرد و خزمەتی گەشەکردنی کلتوورو فەرهەنگی خۆیان پێ کرد.

ئەو نموونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو راستییەن کە زمان چەندە گرینگەو تاک تاکی نەتەوەی کورد دەبێ لە هەوڵی ئەوە دابن کە بتواندرێ بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنین چونکە بەو رادەیەکە گرینگی بدرێ بە زمانی زگماکیو بەو رادەیەش زمان یارمەتیدەر دەبێ بۆ دروست بوونی هەستی نەتەوایەتیو وڵات خۆشەویستیو گەشە کردنی نەتەوەیی کورد.

لەو هەلومەرجەدا کە پرسی خوێندن بە زمانی زگماکی لە هەمووکاتێک زیاتر لە نێو دەسەڵاتدارانی ئێران مەترەحە پێویستە لە سەر ئەندامان پارلەمانەکانو نوسەرانو رووناکبیرانو مامۆستایانی زانکۆو قوتابخانەکانو تاکتاکی کۆمەڵگا لە هەر رێگایەکی گونجاو کە بۆیان دەکرێ فشار بخەنە سەر دەوڵەتی روحانی بۆ ئەوە لە قەولو بەڵێنەکانی پەژیوان نەبێتەوەو پاشەکشەیان لێنەکاو خوێندن بە زمانی زگماکی بکرێ بە پرۆژەی خوێندنی دەوڵەت.

لە ژمارە ٦٢٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوری ٢٠١٤

## ئەرکی نوێنەرە کوردەکان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئیران

ئەگەر بمانهەوێ باس لە مەجلیسو پارلمان بکەینو بزانین چۆن پێک هاتوونو مەبەست لە پێک هێنانیان چ بووە کاریگەریان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی چۆن و چەندە بووە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەربەرین هەیە. چونکە مێژووی پێکهێنانی پارلمانو مەجلیسەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی بەر لە ئێستا. بەلام لە سەردەمی ئیستادا مەجلیسو پارلمانەکان بە پێی هەلومەرجی ئەورۆیی دروست بوونو پەرەیان گرتووە. لە سیستمی پارلمانی ئێستا دا یەکێک لە ئەرکەکانی پارلمان یاسا دانانە هەرچەند دەوڵەت واتە دەسەڵاتی بەڕێوە بەریش دەتوانێ یاسا دابنێ بەڵام بە پاڵپشتی ئەو یاسایانە دەبێ کە لە پارلمان یا مەجلیس دەرچوون چونکە مەجلیس یان پارلمان چاوەدێری بەڕێوەچوونی هەموو قانوونەکان دەکا کە لەلایان دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچن.

بە واتایەکی دیکە پارلمان هێزو دەسەڵاتی خۆی لە خەڵک وەردەگرێ هەر بۆیە دەتوانێ چاوەدێری دەزگای بەڕێوەبەری وڵات «دەوڵەت»و دەزگای قەزایی بکا لەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قانوونەکانو لە ڕێگای بانگهێشت کردنیو وەزیرەکان بۆ پارلمان لێپرسینەوە لە کارو کردەوەکانیان بکاو بە پێکهێنانی کومیتەو کومیسیونی جۆراو جۆری لێکۆلینەوەو کارو چالاکی دەوڵەت بێنێتە ژێر پرسیار. لە سەراسەری دنیادا پارلمانی جۆراوجۆر بە ناوی جیاواز لە یەکتری هەیە بەڵام، هەموویان لە یەک شت دا وەک یەک دەچن ئەوەش ئەوەیە کە بەهۆی خەڵکەوە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەندامانی پارلمان هەڵدەبژێردرێن.

هەروەکی لە سەروە ئیشارەی پێکرا یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی پارلمان قانوون دانانە بەڵام رۆڵو نەقشی پارلمان لە هەروڵاتێک دا لە ئەوەندەدا خولاسە ناکرێتەوە. چونکە لە سەردەمی ئێستا دا پارلمان ناوەندی بنەڕەتی سیاسی هەر وڵاتیکە و بە پێی هەلو مەرجو پێویستی کۆمەڵگا یاساکان دەستکاری دەکاو یاسای نوێ دادەڕێژێو پەسەندی دەکا بەڵام بێجگەلەوە بە چەندین ئەرکی دیکەش رادەگا وەک لێپرسینەوە لە دەوڵەت، کۆنترۆڵی بودجە، بینینی رۆڵی خەڵک ... هتد.

بەو پێشەکییە کورتە دەمانهەوێ باس لە ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران بکەین. رۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار پارێزگای ورمێ، سنە، کرماشانو ئیلام پێک هاتوو پانتایەکی بەربەرینی جوغرافیایی لەخۆدەگرێ لە بواری حەشیمەتەوە دوای نەتەوەی فارسو تورک سێهەمین رادەی حەشیمەت لە ئێراندا پیک دێنێ. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرکاتێک هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی مەجلیس شورای ئیسلامی کرابێ کەسانێک خۆیان دەستنیشان کردوە کە ببنە ئەندامی مەجلیسو بۆ ماوەی چوار ساڵ لەسەر کورسی نوێنەرایەتی شار یا حەوزەی هەڵبژاردنی شوێنی خۆیان لە مەجلیس دابنیشن.



سەرچاوە
Serchawe

لە ٢٩٠ کورسی مەجلیس کوردەکان لە نێوان ٣٠ هەتا ٣٥ کورسی بە پێی دابەش کردنی کورسییەکان بە سەر هەموو ئێراندا وەبەر کەوتووە ئەوە جیا لەو ناوچە کوردنشینانەیە کە بەفێڵو تەڵەکە لە کوردستان دابڕاونو خراونەتە سەر ناوچەی غەیرەکوردییەکان. بەو تێبینیانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد دەزانین کە نوێنەرانی کورد هەم لە کەمینە دانو هەم پرشو بڵاون هەر ئەوە وایکردوە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەو نوێنەرانە بێجگە لە فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی شەشەم نەیانتوانیوە بەو جۆرە کە خەڵک چاوەڕوانی لێیان هەیە ئەرکی نوێنەرایەتیی خۆیان بەجێ بگەیەنن. لێرەدایە کە دەبێ وەبیر ئەو ئەندام پارلمانانە بێنینەوە کە تەنیا دانیشتن لە مەجلیسو دەنگ دان بە پرۆژەیاسایەک کاری ئەوان نیەو دەبێ ئەو راستییە لەبیر نەکەن پێش ئەوەی نوێنەری مەجلیس بنو کۆتو بەندی یاسایی و ئەمنیەتی لە دەستو پێی خۆیان بکەن نوێنەری ئەو کەسانەن کە دەنگیان پێ داونو لە بەرابەر دەنگی ئەو خەڵکە دا بەرپرسیارن.

بێجگە لە مافە سیاسییەکانی کورد، کۆمەڵە مەسەلەیەک کە پێوەندی هەیە بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوەو هێندێک بابەتیش هەن کە پێوەندیان بە هەموو رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیەو لە سەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی ئێرانە کە بەدوای ئەو بابەتو مەسەلانەدا بڕۆنو رێگەچارەیان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەومەبەستە ئەوان دەتوانن لە دەریچەی یاساکانی ئێرانەوە واریدی ئەو وەدواکەوتنە بکەون. ئەسلەکانی ١٩/٨٤/ ٨٩/ ٩٠ لە یاسای بنەڕەتی ئێران دەتوانێ پاڵپشتێکی یاسایی بن بۆ لێدوان و قسەکانیان لە ژووری مەجلیسو تەنانەت لەگەڵ راگەیەنە گشتییەکان بۆ رۆشنگەری لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیان لە نوێنەرانی مەجلیس هەیە. رەنگە بگوترێ ئەگەر نوێنەرانیش باسی هەموو ئەو هەوڵاواردنو جیاکاریانە بکەن کە لەگەڵ خەڵکی کوردستان لەلایان رێژیمەوە لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوودا کراوە هیچ سوودی نییە چونکە دەزگای حاکمە بە شێوەیەک نیە کە وەڵامی کەس بداتەوە. ئەوە دروستە بەڵام لە جێی خۆی دانیە چونکە هەر ئەو وەدەنگ هاتنە نوێنەرەکانی لە مەجلیسی شوڕای ئێسلامی نیشانەی بوونی کوردە وەک نەتەوەیەک لە ئێراندا کە لەسەر خاکی خۆی دەژیو داوای مافەکانی خۆی دەکا.

هەر وەکی پێشتر ئیشارەی پێکرا لە مەجلیسی شەشەم نوێنەرە کوردەکان فراکسیۆنی کوردییان لەمەجلیس راگەیاندو ئەوە ئەگەر هیچ سوودی نەبووبێ ئەو سوودەی هەبووە کورد لە مەجلیس شورای ئیسلامی دیار بووو دەگوترا کە کورد ئەوەندە نوێنەرەی هەیە ئەوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوە کە دەسەڵات نەتوانێ حاشا لە بوونی کورد بکاو بۆ تاوتوێ کردنی بەشێکی بەرچاو لەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە کوردەوە بوو لە مەجلیسی ئێراندا ئادرەسو عینوانێکی سەرراست هەبوو بە ناوی فراکسیونی کورد هەر بۆیە دەبوایە لە هەر دەورەیەک لە مەجلیس نوێنەرانی کورد فراکسیونێکو کۆدەنگێکیان پێک هێنابایە. رەنگە بگوترێ خۆ زۆربەی ئەوانەی نوێنەری مەجلیسنو لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستنیشان کراون چۆن دەتوانن ئەرکێکی لەو بابەتە وەئەستۆ بگرن؟ لە وڵامدا دەبێ وەبیر بێنینەوە کە هەم خاوەنی ئەو شێوە بیرکردنەوەو هەم ئەندامپارلمانەکان رۆڵەی ئەو خەڵکەن بۆیە ئەرکی هەردوو لایە کە زیاتر هەماهەنگ بنو لێک تێبگەن.

لەهەر دەورەیەک لە مەجلیس ئەگەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی توانیـان کۆدەنگی دروست بکەنو بەناوی فراکسیۆنێک هەوڵیان دا بە قازانجی خەڵکی کوردستان کـاری دەستەجەمعی بکەن ئەوە کـارێکی بـاشو جێگەی پشتگیرییەو خەڵکیش لە کاتی وادا دەبێ دەستخۆشییان لێبکەن، بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵە نەدراوە وەک چەند دەورەی پێشووی مەجلیس ئەندامە کوردەکـان هەروا پـرشو بڵاو بـوونو هەروەک ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر بابەتەکانی ژیـانی خەڵکی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان کۆدەنگ بن لەسەر خەڵک پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی داهاتوودا کەسی وا هەڵبژێرن کە بتوانن ئەو کۆدەنگییە کوردیە لـە مەجلیسی ئێراندا دروست بکەن. ئەو کۆدەنگییە بـۆچی پێویستە کە ئەو هەمووە باسی دەکەین لـە حاڵێکدا سیستمی کۆماری ئیسلامی دەناسینو دەزانین بە چاوی ئەمنییەوە دەڕوانێتە کوردستانو بەربەست لە سەر ڕێگای زۆر کەسو لایەن درووست دەکاو تەنانەت مافی شاروەندی تاکەکانیش کە دەسەڵاتداران تەبلیغی پێوە دەکەن لە کوردستان ڕەچاو ناکرێو ناپارێزرێ. بەڵام ئەگەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە تاکوکۆ لە بەرامبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستیان هەبوایە ڕەنگە شێوەی بەرخوردی دەسەڵاتداران سەنگو سووکی تێدا کرابایەو بە شێوەیەکی دیکە بەرخوردیان بە مەسەلەو بابەتەکانی کوردستان کردبایە.

لێرەدا چەند نموونەیەک باس دەکەین کە نوێنەرە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەیانتوانی لە سەری کۆدەنگ بنو لە بەرامبەر دەوڵەتو دەزگاکانی دیکەی ئیجراییو سیاسی هەڵوێست وەربگرنو پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

- سووتانی قوتابخانەیەک لە شیناوێو مردنی دوو کچی مێرمنداڵو سووتانی ٢٧ کچی مێرمنداڵی دیکە کە کارەساتی لێ کەوتۆتەوە بەڵام بە داخەوە نوێنەرە کوردەکان نەیانتوانی کۆ دەنگ بنو هەوڵ بدەن بیکەن بە دەستووری کاری مەجلیس بۆ لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لە چۆنیەتی ڕووداوەکەو دەست نیشان کردنی تاوانبارو قەرەبوو کردنەوەو چارەسەر کردنی ئەو منداڵە سووتاوانە. یەکێک لەو کارانەی کە ئەندام پارلەمانەکان دەیانتوانی بیکەن لە ڕێگای سەرۆکایەتی پارلەمانەوە بانگهێشتی وەزیری پەروەردەو وەزیری بێهداشتی دەوڵەتی ئێران بۆ مەجلیس بووو داوای وەڵام دانەوەیان لێبکەنو ئەگەر سەرۆکایەتی مەجلیس بەهەر هۆکارێک خۆی لە بانگهێشتنی وەزیرەکان دەبوارد، لەسەر ئەندامە کوردەکان پارلەمان بوو کە لە ڕێگای ڕاگەیەنەگشتییەکانەوە خەڵکی ئێرانو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لێ ئاگادار کردبایەوە.

- ڕۆژنیە هەواڵی کوشتنی کاسبکاری کورد لەسەر سنووری ئێران- عێراق- تورکیە بڵاو نەبێتەوەو بەڵام بەداخەوە هەر لە چوارچێوەی هەواڵدا دەمێنێتەوەو خوێنیانو ماڵیان بە تاڵان دەڕوا بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە. ئایا بەراستی ئەوە کاری ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی نیە کە بۆ جارێکیش بێ لە سەر ئەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوانە وەجواب بێنو دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕن؟ ئایا گەنجو لاوی کوردستان ئەگەر هەلی کاری هەبێ ڕوو لە کۆڵبەری دەکاو ئەگەر ناچار

نەبێ بۆ برە سوودێکی مادیو ماڵی خۆی لە مەترسی داوێ. ئەی بۆ ئەندامە کوردەکانی پارلمانی ئێران هەوڵ نادەن هەلی کار بۆ ئەو گەنجو لاوانە دەستەبەر بکەن.

- مادە هۆشبەرەکان خەریکن گەنجو لاوی رۆژهەلاتی کوردستان ئەنفال دەکەن لە ساڵانی رابردوودا لە هەموو ئێراندا کوردستان وەک نموونە باس دەکرا کە خەڵکی کوردستان دوورن لە مادە سڕکەرەکان و نەفتش و رۆڵی ئەحزابی سیاسی کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر رێگری کردن پەرە گرتنی ئەو مادە هۆشبەرانە لە کوردستان دا. بەڵام بە داخەوە ئێستا دەبینین ئەو نەخۆشی‌یە رووی لە کوردستان کردووەو رۆژ لە گەڵ رۆژ پەرە دەستێنێ بێ ئەوەی هیچ دەزگایەک هەبێ لێپرسینەوە بکاو تەنانەت ناوەندی دەرمانی وا هەبێ کە بتوانێ چارەسەری ئەو نەخۆشییە بکا. ئایا بە راستی حەق وا نیە ئەندامە کوردەکانی مەجلیس ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە ئەو خەڵکەی ئەوان نوێنەرایەتیان دەکەن چۆنو لە چ رێگایەکەوە تووشی ئەو نەخۆشی‌یە بەربڵاوەی مادە هۆشبەرەکان بوونو بۆ دەزگاکانی ئینتیزامی‌و ئەمنی نایانەوێ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بکەن؟

ئەو چەند نموونەیە قەتریەکن لە دەریایەک نەهامەتی دیکە کە لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوودا رۆژانە خەڵکی کوردستان لە گەڵی رووبەڕوون. لێرەدایە کە ئەندامانی کوردی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بۆ جارێکیش بێ چاویان بکەنەوەو راستییەکان ببینن‌و لە خۆیان بپرسن کە بۆچی لەسەر کورسی پارلمان دانیشتوونو تەنیا بە پاساوی ئەوە کە ئەوان لە بواری رێژەوە لە کەمینەدان خۆیان لە ئەرکو وەزیفەی کە خەڵک پێی سپاردوون دەدزنەوە کە ئەوە شتێکی دروست نیەو پێویستە لە نێو خۆیاندا کۆدەنگی دروست بکەنو لەهەمان حاڵدا هەوڵ بدەن ئەو کۆدەنگیە بگوازنەوە بۆ نێو ئەندام پارلمانی نەتەوەکانی دیکەی وەک تورک، عەرەبو بەلوچو... و لە کاتی پێویستدا پشتگیری لە داواکانی ئەو نوێنەرانە بکەن کە سەربە نەتەوەکانی دیکەن بۆ ئەوە بتوانن سرنجی ئەوانیش بۆ لای گیروگرفتەکانی کورد رابکێشنو لە دەنگی ئەوانیش بۆ پشتگیری خۆیان کەڵک وەربگرنو بەو جۆرە کۆ دەنگی‌یەکی گەورە لە مەجلیسی ئێران بە سوودی ئەو نەتەوانە دروست دەبێ کە لە کەمینەدان.

لە ژمارە ٦٢٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوری ٢٠١٤

## مافی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا

لە پێشەکی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا بەو شێوەیە دەستنیشان کراوەو لێرەدا هەر بە دە قە فارسییەکەی وە ک خۆی نەقڵی دەکەینەوەولە دواییدا شیدەکەینەوە.

«درایجاد بنیادهای اجتماعی، نیروهای انسانی که تاکنون در خدمت استثمار همه جانبه خارجی بودند هویت اصلیو حقوق انسانی خود را بازمییابند... خانواده واحد بنیادین جامعه و کانون اصلی رشد و تعالی انسان است و توافق عقیدتی و آرمانی در تشکیل خانواده که زمینه‌ساز اصلی حرکت تکاملی و رشدیابنده انسان است اصل اساسی بوده ...و ضمن بازیافتن وظیفه خطیر و پر ارج مادری در پرورش انسانها مکتبی پیش آهنگ و خود همرزم مردان در میدانهای فعال حیات می باشد....».

ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەو پێشەکییە هەڵدێنجێندرێ ئەوەیە کە قانوونی بنەڕەتی ئێران کەسایەتی ئەسڵی ژنانو مافی ئینسانی ئەوانی تەنیا لە ڕوانگەی پێکهێنانی بونیادە ئیسلامییەکان بە قانوونیو مەشروع داناوەو دەبینین کە بەشێوەی سەربەخۆ سەرنجی نەداوەتە مافی ژنان، بەڵکوو زۆرتر وەک کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی چاوی لێدەکا. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر دەتوانین لەسەر هێندێک لەو وشەو دەستەواژانەی کە لەو دەقەدا هاتوون هەڵوێستە بکەینو ئەو کات تێڕوانینی کۆماری ئیسلامیمان لەسەر پرسی ژن زیاتر بۆ دەردەکەوێو ڕوون دەبێتەوە کە یاسادانەر تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کە لە باوەڕەکانی خۆی لانەداو وەک ئامرازێک لە ژنو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا کەڵک وەربگرێ.

لەو جێگایەدا کە باس لە «توافقی عقیدتی و آرمانی» دەکا ئەو ناتەباییە لەگەڵ مافی مرۆڤ بە تەواوی خۆی دەردەخا. ڕاستە کە باس لە پێکهاتن «توافق» لە نێوان ژنو پیاودا دەکرێ بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، بەڵام زیادکردنی وشەکانی «عقیدتیو آرمانی» نیشانەی ئەوەیە کە یاسادانەرلە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا ئەو تەوافوقە ئازادانەی نێوان ژنو پیاوی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش قبووڵ نیە، بەڵکوو دەبێ لە بواری بیروباوەڕەوە واتە «عقیدە» پێکەوە هاوسەنگییان هەبێو ئەوە دەچێتە خانەیەک کە سنووری دیاریکراوی نیە واتە ڕوون نیە سنووری «عقیدە» هەتا کوێ دەچێتە پێشو ژنو پیاو چۆن دەتوانن ئەو هاوسەنگییە دروست بکەن چونکە ڕوانگەکانی «عقیدتی» زاڵ لە کۆماری ئیسلامیدا جیاوازنو ئاڵوگۆڕیان بە سەرردادێو لە هەمان کاتدا ئیزافە کردنی وشەی «آرمانی» بەر بەستێکی دیکەیە لە بەردەم ئیرادەی ژنو پیاودا کە ئەو وشەیە زیاتر سنووردارییان دەکا بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشو ڕەنگە یاسادانەر مەبەستی لە «آرمان» هەمان ئامانجی سیاسی کۆماری ئیسلامی بێ. چونکە بە کردەوە دەبینین بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی لە ئیداراتی دەوڵەتیدا ئیدارەی «عقیدتی سیاسی» دروست کراون و زۆریش چالاکو فەعالن.

لە لایەکی دیکەوە هەر لەو پێشەکییە کورتەی یاسای بنەڕەتی ئێران کە باس لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ژنو پیاو دەکا بە مەبەستی دروست کردنی بنەماڵە، لە ژنو پیاوی ئێرانی دەوێ هەتا خزمەتی قوتابخانەی ئیدولۆژی دینی کە کۆماری ئیسلامی لە سەر دامە زراوە بکەن، چونکە یاسادانەر لوتکەی گەشەو پێگەیشتوویی تایبەت دەکا بە ئەو دەستە لە ئیماندارانی موسوڵمان کە شایستەی وەدەستهێنانی سفەتی مەکتەبی بن. چونکە مرۆڤی مەکتەبی، بێ.

لە بەرچاوگرتنی رەگەز، بە هەر ژنو پیاوێکی موسوڵمان کە لە ئێراندا دەژی، دەگوترێ کە بێ ئەملاو ئەولا خۆی هاوسەنگ بکا لەگەڵ ویستە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی. بۆیە دەتوانین بڵێین قانوونی بنەڕەتی ئێران سنووربەندی ئیدۆلۆژی بە ڕەسمی ناسیوەو ژیانی تاکەکانی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چوارچێوەدار کردوە. لێرە دایە دەبینین پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا چۆن بە یاسا کراوە چونکە ئەو پێشەکییە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر دارشتنی تەواوی قانوونەکانی دیکە کە پێوەندییان هەبێ بە مافی ژن یا مافی تاکەکان لە کۆمەڵگادا.

ئەوەتا هەر لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا لە ئەسڵی ٣ بەندی ١٤دا بەو شێوەیە باس لە یەکسانی ژن و پیاودا دە کا :»دابین کردنی مافی هەمە لایەنەی تاکەکان لە ژنو پیاوو پێکهێنانی ئەمنییەتی دادوەرێکی دادپەروەرانەیە بۆ هەمووانو یەکسانیی گشتی لە بەرامبە ر قانووندا.»

یەکسانیی گشتی لە بەرامبەر قانووندا دەربڕی ئەو مانابیە کە گۆیا ژنوپیاو لە یاساکانی ئێراندا مافی یەکسانیان هەیە بەڵام ئەوە وانیە چونکە هەر ئێستا چاو لە قانوونە نووسراوەکانی ئێران بکەین دەبینین قانوون خۆی هەڵگری نایەکسانییە، هەر بۆیە دەکرێ مەبەستی یاسادانەربە شێوەیەکی دیکە تەفسیر بکەین. کاتێک قانوون خۆی هەڵگری مافی یەکسان بۆ تاکەکانی دوو ڕەگەز نیە، ناتوانرێ ئەو یەکسانییە کە یاسادانەری کۆماری ئیسلامی لە قانووندا باسی کردوە بە ئیمتیاز دابندرێ. بە واتایەکی دیکە بەندی ١٤ لە ئەسڵی ٣ی یاسای بنەڕەتی باس لە یەکسانی دادخوازیدا دەکا نەک یەکسانی لە دادرەسیدا. چونکە قانوونەکانی دیکەی وەک قانوونی بواری شارستانی «مدنی» و قانوونی سزادانی ئیسلامی بە شێوەیەکی دیکە باس لە دادرەسیو یەکسانی دەکەن بە باسکردنی دوو نموونە دەتوانین باشتر ئەو بابەتە روون بکەینەوە.

مادەی ٩٤٩ لە قانوونی بواری شارستانی «مدنی» بەو شێوەیە باس لە دابەشکردنی میرات دەکا لە نێوان ژنو پیاوێک کە پێکەوە ژیانی هاوسەرییان هەیە.

- «ئەگەر هیچ  وەرەسەیەک نەبوو بۆ وەرگرتنی میرات بێجگە لە ژن یا مێرد، تەواوی میراتی ژن، دەدرێ بە مێردەکەی بەڵام لەو حاڵەتەدا ژن تەنیا ئەو بەشەی بۆی دیاری کراوە پێی دەدرێو مابـاقی ماڵەکەی دیکەی مردووە کە بە حوکمی مادەی ٨٦٦ لە هەمان یاسادا دەبێتە ماڵی کەسانی بێ وەرەسەو دەوڵەت دەستی بەسەردا دە گرێ.

مادەی ٢٥٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی «مجازات اسلامی» بە شێوەی خوارەوە باس لەوە دەکا کە چۆن بکوژی ژنێک کە حوکمی قەساسی هەیە ئەو حوکمە بەڕێوە دەچێ.

- «هەر کاتێک پیاوێک ژنێک بکوژێ دەبێ خوێنگرانی ژنەکە نیوەی خوێن بەها «دیە» بدەن بە بکوژە کە ئەو کات دەتوانن حوکمی قەساسی لەسەر جێبەجێ بکەنو بکوژ دەتوانێ بە کەمتر یا زیاتر لە سەر رادەی خوێن بەها «دیە» لەگەڵیان پێکبێ.»

ئەوانەی سەرەوە دوو نموونەن لە دەیان نموونەیتر کە دەرخەری ئەو راستیین کە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی چەندە ناتەبان لەگەڵ پاراستنی مافی مرۆڤەکانو بە تایبەتی مافی ژنو بۆمان دەردەکەوێ کە لەو قانوونانەدا ژن وەک مرۆڤ سەربەست نیە بەڵکوو لە ژێرچاوەدێری پیاو و دەوڵەت دایە، هەر بۆیە ئەو قانوونانە ناتوانن پێناسەی قانوونێک بن کە یەکسانیو دادپەروەری لە هەمووبوارەکانی ژیاندا دەستەبەر بکا.

لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤



## پەرەگرتنی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا

کۆمەڵگەی ئینسانی لەسەر ئەساسی نەزمێک ئیدارە دەکرێ کە بەهۆی نۆرمو بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێک دەخرێ. بەها کۆمەڵایەتییەکان وێنەو شێوەکانی دیاری کردنی هەڵسو کەوتی مرۆڤەکانن لە ئۆلگوکانو کردەوەی کارلێککەر لە بەرامبەر یەکتریدا کە پێڕەوکردنی ئەوانە دەبێتە هۆی پێکهێنانی هاوسەنگیو نەزم لە کۆمەڵگەدا. هەرتاکێک ئەو نۆرمو بەها کۆمەڵایەتییانە توانای ڕێکخستنی خۆیان لە کۆمەڵگە لەدەستداو تاکەکان بەرامبەر بە بوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان بێلایەن بوون، سروشتییە کۆمەڵگە تووشی هەڵوەرجێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی ببێ. یا ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە باس لەو مەسەلەیە بکەین دەبێ تویژینەوە لە سەرخودی مرۆڤ بکەینو ئەو کات باشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاڵۆزییەکانی نێو کۆمەڵگە زۆر جاران دەبنە هۆی پێکهێنانی فەزایەکی توندوتیژی کۆمەڵگە زیانێکی زۆری بەر دەکەوێ.

مرۆڤ لە زاتی خۆیدا بوونەوەرێکی بەتەماحەو ئارەزووەکانی قەت لەبن نایەن، بەڵام لە هەمان حاڵدا مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو لە کۆمەڵدا دەژیو کۆمەڵ بۆ ئەوەی بەرێکو پێکی بژی پێویستی بە ڕێکخستن هەیەو ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێویستی بە هێندێک ڕێکخەر هەیە کە بتوانێ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بخاو ئەوە هێزە ڕێکخەرە کە هەمان دەوڵەتی سەردەمی ئێمەیە کە لەلایەن خودی کۆمەڵگەوە دەسەڵاتی پێدەدرێ، ئەو هێزە ڕێکخەرە مزگێنی ژیانێکی مام ناوەندیو ئاسوودە بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەدا بەڵام لە کردەوەدا دەبینین بە درێژایی مێژوو ئەو بەڵێنە نەهاتۆتە دی چونکە کەرەسەی دەست ڕاگەیشتن بەو ئامانجە کە دروستکردنی ژیانێکی لەبارو دادپەروەرانە لە کۆمەڵگادا بێ بە شێوەی یەکسان ناگاتە دەست هەموو لایەکو ئەوە دەتوانێ دەسپێکی دروستبوونی نائارامیو پەشێوی بێت لە کۆمەڵگەداو کاتێک ئەوە زیاتر خۆی دەردەخا کە ڕێکخەری کۆمەڵگە هەمان دەوڵەت بە بیانووی جۆراوجۆرو داسەپاندنی بیرو هزری خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا خۆی لە ئەرکەکەی بدزێتەوەو تەنانەت خەڵکی لەسەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێبەش بکا کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە نەک نەیتوانیوە کەرەسەی ئارامیو ئاسایشی ژیان بۆ تاکی کۆمەڵگەی ئێران دەستەبەر بکا، بەڵکوو بە زۆری چەکو ئێعدامو زیندان هەوڵی داوە ئەو فەرهەنگە کە خۆی باوەڕی پێیەتی بەسەر خەڵکدا فەرز بکاو ئەوە لە نێوان پێداویستیو نیازەکانی خەڵک لەلایەکو ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە ئاڵۆزیو شێواوی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکا.

دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧و ڕووخانی نیزامی پاشایەتیو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ ئاڵوگۆڕێکی ساختاری گەورە بەرەوروو بوو کە بەرهەمی ئەو شۆڕشە ئاڵوگۆڕێکی بەربەرینی فەرهەنگیو ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەی گشتیو ناوەندی کرداری دەوڵەتو هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە پێکهێناو ئەو ئاڵوگۆڕە بەربەرینە تێکەڵ بوو لەگەڵ شەڕی ئێرانو عێراق کە فەرهەنگی «جنگ، جنگ تا پیروزی» پەرە پێدەداو نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ زیاتربوونی



سەرچاوە
Serchawe

حەشیمەتو زۆر ئـاڵوگۆڕی دیکە کە سیاسـەتی خـاریجی «صـدور انقلاب» تووشـی ئێـرانو خەڵکـانی ئێرانـی کـرد، فەزای کۆمەڵگەی ئێرانی بە تەواوی گۆڕیو هەر لەو سەردەمە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە رادەیەک خێرا بـووە کە جاری وایە جێگەی باوەر نیە. ئینقلابی پێوەندیو ئێرتباتات بەهۆی سەتەلایتو ئینتێرنێت بە شێوەیەکی خێراو چاوەڕوان نەکراو سنووری هەموو وڵاتـانی بەریو ئێرانیش لە شەپۆلەکانی ئەو ئینقلابە ئێرتباتـاتیە بـێبەش نەبـووە. دەسەڵاتدارانی ئێـران لەگەڵ دروست کردنی هەموو کەندو کۆسپێک، ناتوانن و نەیانتوانیوە پێش بەو شەپۆلە تکنۆلـۆژیو زانسـتیانە بگـرنو کاتێـک فەرهەنگی غەربو دنیای پێشکەوتی سەنعەتی دەگاتە ئێران لەگەڵ فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی کە ماوەی ٣٥ ساڵە کـاری بـۆ دەکـا تووشی تێکهەڵچوونو ناتەبـایی دەبـەنو کۆمەڵگـەی ئێـران بـۆ قۆنـاخێکی بـاش سـەری لێدەشێوێ و تووشـی شێواوی فەرهەنگی دەبێو هەر ئەوە دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی تێکهەڵچوونی رۆژانەی خەڵک لەسەر شەقامەکان.

رۆژانە لە هەواڵەکـانـدا دەبیسـتین کە رادەی کـردەوەی توندوتیژیو شـەڕی سەرشـەقامەکان لە کـۆمەڵگەی ئێـراندا روو لە زیادبوونە. بە پێی راپۆرتێک کە بەرپرسانی «سازمان پزشکی قانوونی» ئێران لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٢دا بڵاویـان کردۆتـەوە، ١٦٥ هەزارو ٣٦٥ شـەڕو پێـکهەڵپرژان لە نێـوان تاکەکـانی کـۆمەڵگەی ئێـراندا روویـان داوەو ئەوە بە بەراورد لەگەڵ ئاماری ساڵی پێشتر هەر لەو سێ مـانگەدا بە رادەی ٦١٧ هەزارو ٣٥٨ پەروەنـدەی شەڕو تێکهەڵچوونی سەرشەقام زیادی کردوە. ئەوە تەنیا باس لەو پەروەندانەیە کە لە کاتی برینـداربوونو کوژراندا رەوانەی نەخۆشخانەکانی فریـاکەوتن کراون. بەڵام لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو رادەیە بە چەنـد بەرابەرێک زیـاترە لەو رادەیە کە وەک ئـامار باسـی لێکراوە چونکە بەشێکی بەرچاو لەو تێکهەڵچوونو شەروپێکدادانانە رێگەیـان نـاکەوێتە نەخۆشخانەو مەحکەمەو دادگـاو رێگەی سوڵحی بنەماڵەییو عەشایری چارەسەری کێشەکان دەکرێن.

زانایـانی بـواری کۆمەڵناسـی لـە لێکۆڵینـەوەو نوسینی خۆیـاندا سـەبارەت بـە توندوتیژی سـەر شـەقامەکان دەگەنـە ئـەو ئەنجامانە کە خەڵک بە هۆکاری جۆراوجۆری ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتی تووشی دڵەراوکێو تووڕەیی دەروونی دەبن.

پایەو بناخەی فکری جینایـەت لـە دژایەتـیو کێبـەرکێ نێـوان دوو ئامـانجی جیـاوازدا پەیـدا دەبێ واتـە بریتیـە لـە یـاریو دەستوپەنجە نەرمکردنی دوو هێزی دژ بە یەک کە ئەنجامەکەی دەبێتە جینایەت.

بۆ زیاتر روونبوونەوە لەسەر هۆکاری شێواویی کـۆمەڵگەی ئێـران دەتـوانین چەنـد نموونەیـەک لـە دەیـان نموونـە لێـرە بـاس بکەین کە لە کومەڵگای ئێراندا لە ئێستادا دەبنە هۆی پەرەگرتنی توندوتیژیو شەڕو تێکهەڵچوونی سەرشەقامەکان.

**نمونەکان:**

* بەجێمانی ئاسەواری شەڕی ئێران - عێراق لە بواری رەوانیو ئابووریو جەستەییەوە کە هەر کام لەو سێ بوارە کاریگەری راستەوخۆیان هەیـە لـە ژیـانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. هـەمووان بـاش دەزانـین کـە شـەڕی ٨سـاڵەی ئێـران - عێـراق چ ئاسـەوارێکی کاولکـاریو مـاڵوێرانی لـە دوای خـۆی بـەجێ هێشـتوە. بـە هـەزاران کـەس بوونـە قوربـانیو نەگەڕانـەوە بـۆ



سەرچاوە
Serchawe

ماڵەکانیانو بە هەزاران ژن هاوسەریان لەدەست دا، بە هەزاران منداڵ بێسەرپەرست بوون، بە هەزاران کەس کەمئەندامو نقوستان بوون کە هەموو ئەوانە لە ساڵانی دوای شەڕدا لە بواری روحیو ئابوورییەوە ئاسەواریان لە کۆمەڵگای ئێراندا دەرکەوت.

* کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵەکانی ٦٢و٦٧ کە هەزاران کەس بە تاوانی جیابیری ئێعدام کرانو تیرۆرو پاکسازی نێو دەزگای حاکمە لە لایان خودی دەسەڵاتدارانەوە.

* پەرەپێدانی فەرهەنگی ئێعدام لە سەر شەقامەکان بە مەبەستی چاوترساندنی خەڵک، بەڵام ئیستا وا بۆتە شتێکی عادی کە خەڵک تەنیا بۆ سەیر کردنو کات تێپەرکردن دەچنە سەیری ئێعدامەکانو ئەو ئێعدامانە نەک پێشگیری نەکردوە لە زیاد بوونی تاوان، بەڵکوو رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر تاوانو تاوانکاری پەرە دەستێنێ.

* گیروگرفتی ئابووری بە هەموو لقو پۆپەکانیەوە وەک گرانی، بێکاریو چەند کارەیی بۆ دابینکردنی خەرجو تێچووی ژیانی رۆژانە کە بەهۆی سیاسەتی ناتەندروستی دەرکی «خاریجی» دەوڵەتەوە تووشی کۆمەڵگای ئیران بووە.

* دەست تێوەردانی بێجێ لە ژیانی تایبەتی تاکەکان لەلایان دەسەڵاتەوەو بەرتەسک کردنەوەی مافەکانی مروڤ بە بیانووی پروپووچ وەک «تەهاجومی فەرهەنگی».

* ئالودەبوون بە مادە سڕکەرەکەنو پەرەگرتنیان بە شێوەیەک کە کەم بنەماڵە هەیە کەسێکی خۆی یا خزمی نزیکی تووشی ئەو نەخۆشییە ماڵوێرانکەرە نەبووبێو تەنانەت بە قسەی خودی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانەکاندا ئاسانتردەست دەکەوێ هەتا دەرەوەی زیندان.

* کاغەز بازیو فەسادی ئیداری ئەوەندە زیادی کردوە کە بێ دانی بەرتیل یا وەرگرتنی بەرتیل کار لە ئیداراتی دەوڵەتی دا ناچێبەڕێوە.

ئەوانەو دەیان نموونەی دیکە دەتوانن هۆکار بن بۆ هەڵچوونی دەروونی و پەرەگرتنی توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگادا. هەرکام لەو نموونانەی باسمان کردن ئاسەواری رەوانیو ئابووری لە دوای خۆیان بە جێدێڵن کە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر فەرهەنگی پێکەوە ژیانو یەکتر تەحەمول کردن بۆ دروست بوونو بایەخ دان بەو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییانە کە دەتوانن نەزم بە کۆمەڵگا ببەخشن.

هەروەک لە سەرەتادا باسمان کرد ئەگەر ئەو نۆرمو بەها کۆمەڵایەتییانە لەلایان ریکخەری کۆمەڵگاوە کە هەمان دەوڵەتە بایەخی پێنەدرێو ئەو نەزمە کە لە کۆمەڵگا بۆ گەشەکردنو مانەوەی خۆی پێویستی پێیەتی دانەمەزرێ، کۆمەڵگا بەرەو ئەو شێواوییە دەڕوا کە کۆمەڵگای ئێستای ئێران پێیدا تێدەپەرێ.

لە ژمارە ٦٢٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

# کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا

## ڕووداوەکانی دوای دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات هەتا ڕووخانی کۆماری کوردستان

١٣٢٤ - ١٣٢٦(١٩٤٥ - ١٩٤٧)

١- دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات لەسەر بناغەی (کۆمەڵەی ژ.ک) ٢٥/٥/١٣٢٤ (١٦/٨/١٩٤٥)

٢- بەسترانی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکرات لە مەهاباد بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە ئاگرییەوە تا بۆکان ١٣٢٤/٨/٢ (٢٤/١٠/١٩٤٥)

٣- بەڕێوەچوونی جێژنی سێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆمەڵەی«ژ.ک» ١٣٢٤/٥/٢٥ (١٦/٨/١٩٤٥)

٤- دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان ١٣٢٤/٩/١٥ (٦/١٢/١٩٤٥)

٥- هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری مەهاباد لە ١٣٢٤/٩/٢٦ (١٧/١٢/١٩٤٥)

٦- هەڵکرانی ئاڵا لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری نەغەدە ١٣٢٤/٩/٢٧ (١٨/١٢/١٩٤٥)

٧- هەڵکرانی ئاڵا لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری بۆکان ١٣٢٤/١٠/٧ (٢٨/١٢/١٩٤٥)

٨- جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان بۆ دانانی»پشکنێر بۆ مەکتەبەکان« ١٣٢٤/١٠/١٢ (٢/١/١٩٤٦)

٩- ئاگاداریی شیرکەتی تەرەقی کوردستان بۆ بەشداریی خەڵک و سەرمایەگوزاری بە ئیمزای «محەمەد موعینی» ١٣٢٤/١٠/١٩ (٩/١/١٩٤٦)

١٠- گۆڕانی ناوی مەدرەسەی پەهلەوی بۆ مەکتەبی کوردستان ٢٠/١٠/ ١٣٢٤ (١٠/١/١٩٤٦)

١١- جێژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١٠ /١/١٩٤٦)

١٢- دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١٠/١/١٩٤٦)

١٣- بڵاوکرانەوەی ئاگاداریی « کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات» دەربارەی بە ڕەسمیناسینی زمانی کوردی ٢٠/١٠/ ١٣٢٤ (١٠/١/١٩٤٦)

١٤- دەرچوونی دوو بڕیار لە لایەن «حاجی بابا شێخ» لەسەر ڕەدووکەوتنی کچان و پرسەی مردووان ٢٤/ ١٠/ ١٣٢٤ (١٤/١/١٩٤٦)

١٥- کۆبوونەوەی هەیئەتی مودیرەی هەموو لقەکانی حیزبی دێمۆکرات و قەبائیل و عەشائیر بۆ چوون بەرەو پیری دامەزرانی کۆمار ١٣٢٤/١٠/٢٨ (١٨/١/١٩٤٦)



سەرچاوە Serchawe

١٦- ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤/١١/٢ (١٩٤٦/١/٢٢)

١٧- بەیعەتی پێشمەرگە بە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤/١١/٣ (١٩٤٦/١/٢٣)

١٨- سەردانی پێشەوا لە پێشمەرگە خانە بە شەو ١٣٢٤/١١/٤ (١٩٤٦/١/٢٤)

١٩- سەردانی پێشەوا لە چاپخانەی کوردستان ١٣٢٤/١١/٥ (١٩٤٦/١/٢٥)

٢٠- بەڕێوەچوونی جێژن بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن بازرگانەکانەوە ١١/٥/ ١٣٢٤ (١/٢٥/ ١٩٤٦)

٢١- بەڕێوەچوودنی جێژن لەلایەن سەرۆک ئێلەکان ئاغایانی شێرزاد و محەممەد حوسێن خانی ئەمیری ١٣٢٤/١١/٦ (١/٢٦/ ١٩٤٦)

٢٢- بەڕێوەچوودنی جێژن لەلایەن یەهودییەکانی مەهاباد بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە ١١/٦/ ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/٢٦)

٢٣- بەڕێوە چوونی جێژن بە بۆنەی راگەیاندنی کۆمارەوە لە لایەن سەرۆک ئێل « عبدالله ئاغای قادری»یەوە.

٢٤- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن «سید عبدالله ئەفەندی»یەوە بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤/١١/٩ (١٩٤٦/١/٢٩)

٢٥- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن» جەعفەری کەریمی» لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی بە بۆنەی راگەیاندنی کۆمار ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)

٢٦- خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بۆ یەکەم جار بە کوردی لە مزگەوتی سوور ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)

٢٧- گۆڕانی ناوی «سەرباز» بە »پێشمەرگە» ، بۆ هێزی چەکداری کۆمار لە ئاگادارییەک دا کە لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بۆوە ١٣٢٤/١١/١٥ (١٩٤٦/٢/٤)

٢٨- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن « سەید عبدالسلام» لە گەردیگلان بەبۆنەی کۆماری کوردستانەوە ١٣٢٤/١١/١٦ (١٩٤٦/٢/٥)

٢٩- دیاری کرانی هەیئەت بۆ ڕاگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ و ئەوقاف ١٣٢٤/١١/١٧ (١٩٤٦/٢/٦)

٣٠- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن «حەمە رەشید خان و چەند سەرۆک عەشیرەت» بە بۆنەی کۆماری کوردستانەوە ١٣٢٤/١١/١٩ (١٩٤٦/٢/٨)

٣١- دانانی هەیئەتیک بۆ گۆڕینی زاراوەی بێگانە بۆ کوردی لە عینوانەکانی هێزی پێشمەرگە ١٣٢٤/١١/٢٠ (١٩٤٦/٢/٩)

٣٢- بەڕێوە چوونی جێژنی راگەیاندنی کۆمار لەلایەن خەڵکی دەوروبەری»کولیجە» لە دیوەخانی شێخ حوسێن ١٣٢٤/١١/٢٣ (١٩٤٦/٢/١٢)

٣٣- بەڕێوەچوونی جێژنی پێکهاتنی کۆمار لەلایەن «زێرۆ بەگی هەرکی» لە گوندی بالانیش ١٣٢٤/١١/٢٦ (١٩٤٦/٢/١٥)

٣٤- هاتنی ماڵی مەلا مستەفا بارزانی بۆ شاری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/٩ (١٩٤٦/٢/٢٨)

٣٥- سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەهاباد لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٢/١١ (١٩٤٦/٣/٢)

٣٦- هاتنی ئێل و عەشائیر بۆ سەردانی پێشەوا لەشاری مەهاباد لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٧- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە چاپخانەی کوردستان، ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٨- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە هەیئەت رەئیسەی میللیی کوردستان ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٩- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە ئیدارەی شارەداری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/١٣ (١٩٤٦/٣/٤)

٤٠- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە یانەی فەرهەنگی و دیداری لەگەڵ پێشەوا ١٣٢٤/١٢/١٣ (١٩٤٦/٣/٤)

٤١- دامەزرانی یەکێتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ١٣٢٤/١١/٢٤ (١٩٤٦/٣/١٥)

٤٢- دامەزرانی کتێبخانەی میللی ١٣٢٤/١٢/٢٦ (١٩٤٦/٣/١٧)

٤٣- پەسندکرانی قانوونی مجازات ١٣٢٥/٢/١ (١٩٤٦/٤/٢١)

٤٤- بەسترانی پەیمانی یەکێتی و برایەتی لە نێوان حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە تەورێز ١٣٢٤/٢/٣ (١٩٤٦/٤/٢٣)

٤٥- ڕێککەوتنی سوپای کوردستان و ئازەربایجان ١٣٢٥/٢/٣ (١٩٤٦/٤/٢٣)

٤٦- سەردانی دەستەی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بۆ تاران بە سەرۆکایەتیی پێشەوا ١٣٢٤/٢/٨ (١٩٤٦/٤/٢٨)

٤٧- هێرشی سوپای ئێران بە پشتیوانیی تۆپ و ٢ تەیارە لە « مەڵقەرەنی و شاخی بێژینگ بەسەر» ١٣٢٥/٢/٩ (١٩٤٦/٤/٢٩)

٤٨- دەست بەکارکردنی رادیۆی کوردستان ١٣٢٤/٢/١٠ (١٩٤٦/٤/٣٠)

٤٩- گەڕانەوەی ئوردووی سوور بۆ خاکی شووڕەوی ١٣٢٥/٢/١١،١٠ (٣٠/٤و١/١٩٤٦/٥)

٥٠- بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە ڕادیۆ ١٣٢٥/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥١- وەڵامدانەوەی پێشەوا بە نامەی « ژنەڕاڵ حەمەرەشید خان» لەبارەی جەبهەی بانەو سەقزەوە ١٣٢٤/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥٢- بەستنی کۆڕێکی ڕێزگرتن و شێعر خوێندنەوە بە بۆنەی ڕۆیشتنی ئۆردووی سوور ١٣٢٥/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥٣- بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە رادیۆ بە بۆنەی ڕۆیشتنی ئۆردووی سوور لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٥ (١٩٤٦/٥/٥)

٥٤- هاتنی فیدائیانی ئێلی قەرە پەپاغ بۆ مەهاباد بە مەبەستی پشتگیری لە کۆماری کوردستان ١٣٢٥/٢/١٦ (١٩٤٦/٥/٦)

٥٥- هاتنی ئێلی هەرکی و بەرەو پیلبردنی ئاڵا ١٣٢٥/٢/١٧ (١٩٤٦/٥/٧)

٥٦- نوتقی پێشەوا لەسەر دوایین پێکهاتەکان دوای ڕۆیشتنی ئۆردووی سوور و بە رحەق بوونی کۆماری کوردستان ١٣٢٥/٢/٢٠ (١٩٤٦/٥/١٠)

٥٧- گەڕانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران ١٣٢٥/٢/٢٣ (١٩٤٦/٥/١٣)

٥٨- ئیعلامیەی قوام السلطنە دوای گەڕانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و ئازەری ١٣٢٥/٢/٢٣ (١٩٤٦/٥/١٣)



سەرچاوە Serchawe

٥٩- گەڕانەوەی سەیفی قازی نوێنەری حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٢/٢٦ (١٩٤٦/٥/١٦)

٦٠- هێرشی دوژمن لە جەبهەی سەردەشت ١٣٢٤/٢/٢٨ (١٩٤٦/٥/١٨)

٦١- میتینگی سەیفی قازی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی ١٣٢٥/٢/٣١ (١٩٤٦/٥/٢١)

٦٢- دیاریکرانی «عەلی خوسرەوی» بە جێگری وەزارەتی تەبلیغات و مودیری رادیۆ ١٣٢٥/٣/١ (١٩٤٦/٥/٢٢)

٦٣- دانیشتنی «رزم آرا» لەگەڵ نوێنەرانی پێشمەرگە ١٣٢٥/٣/٥ (١٩٤٦/٥/٢٦)

٦٤- کۆبوونەوەی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێمۆکرات دەربارەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت ١٣٢٥/٣/٦ (١٩٤٦/٥/٢٧)

٦٥- شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران لە کێوی»نەصر ئاباد» پشتی سەقز ١٣٢٥/٣/٨ (١٩٤٦/٥/٢٩)

٦٦- چوونی هەیئەتی کورد بە ریبەریی « حاجی بابە شێخ» بۆ سەقز بەمەستی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی تاران ١٣٢٥/٣/٨ (١٩٤٦/٥/٢٩)

٦٧- بۆچوونی فەرماندەی جەبهەی سەقز» حەمەرەشید خان» لەبارەی وتوویژ لە نامەیەکدا ١٣٢٥/٣/١٠ (١٩٤٦/٥/٣١)

٦٨- وەڵامی پێشەوا بە حەمە رەشید خان فەرماندەی جەبهەی سەقز لەنامەیەکدا ١٣٢٥/٣/١٣ (١٩٤٦/٦/٣)

٦٩- هاتنی نوێنەری تاران بۆ درێژەی وتوویژ بە سەرۆکایەتیی «مظفر فیروز» بۆ تەوریز ١٣٢٥/٣/٢١ (١٩٤٦/٦/١١)

٧٠- ئاخر شەڕی هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران : شەری مامەشا» ١٣٢٥/٣/٢٥ (١٩٤٦/٦/١٥)

٧١- چاوپێکەوتنی «پێشەوا» و «رەزم آرا» لە گوندی سەرا ١٣٢٥/٣/٢٦ (١٩٤٦/٦/١٦)

٧٢- بەسترانی پەیمانی دۆستایەتیی تورکیە و عیراق ١٣٢٥/٣/٢٩ (١٩٤٦/٦/١٩)

٧٣- تەواو بوونی سەحنەی سینەمای کوردستان ١٣٢٥/٤/٥ (١٩٤٦/٦/٢٦)

٧٤- وتوویژی پێشەوا لەگەڵ ئاژانسی «فرانس پرێس» ١٣٢٥/٤/١٠ (١٩٤٦/٧/١)

٧٥- سەردانی جەبهەی شەڕ لەلایەن «مەلا مستەفای بارزانی و سەیفی قازی» یەوە ١٣٢٥/٤/١٤ (١٩٤٦/٦/٥)

٧٦- دیاریکرانی» سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە» بە سەرپەرستی جەبهەکانی شەڕ بە رێککەوتنی دەوڵەتی ناوەندی و کۆماری

کوردستان ١٨/٤/ ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٩)

٧٧- مانۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەوروبەری شاری مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٠ (١٩٤٦/٧/١١)

٧٨- بەربوونەوەی فرۆکەی هەڵگری «سەرهەنگ محەممەدی نانەوازدە» لە کەلیخانی بانە و شەهیدبوونی ١٣٢٥/٤/٢٥ (١٩٤٦/٧/١٦)

٧٩- حەرەکەتی پێشەوا لە سەفەری تاران و تەورێزەوە بۆ مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٦ (١٩٤٦/٧/١٧)

٨٠- پێشوازی کردنی خەڵک لە پێشەوا ١٣٢٥/٤/٢٧ (١٩٤٦/٧/١٨)

٨١- درانی سوپاسنامە بە چەند مامۆستایەکی دەرسی کوردی کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوون ١٣٢٥/٤/٣٠ (١٩٤٦/٧/٢١)

٨٢- نوتقی پێشەوا دەربارەی وتووێژ لەگەڵ قوام ١٣٢٥/٥/٤ (١٩٤٦/٧/٢٦)

٨٣- کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی ١٣٢٥/٥/٢٠ (١٩٤٦/٨/١١)

٨٤- تەسلیم کردنی یادداشتی وەبیرهێنانەوە لەلایەن ئێرانەوە بە سێ دەوڵەتە زلهێزەکە ١٣٢٥/٦/٢١ (١٩٤٦/٩/١٢)

٨٥- پێکهێنانی شوورای شەڕ بە سەرۆکایەتیی « حاجی بابە شێخ» ١٣٢٥/٩/١٤ (١٩٤٦/١٢/٥)

٨٦- بانگهێشتی سەرۆک عەشیرەت و ئەندامانی کومیەتی ناوندیی «حیزبی دێمۆکرات» بۆ مزگەوتی هەباس ئاغا بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر بەربەرەکانیکردن و نەکردن لەگەڵ سوپای ئیران ١٣٢٥/٩/١٥ (١٩٤٦/١٢/٦)

٨٧- لەشکرکێشیی ئێران بۆسەر حکوومەتی میلیی ئازەربایجان و حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٩/١٨ (١٩٤٦/١٢/٩)

٨٨- گەیشتنی ئەرتەش بۆ میانە ١٣٢٥/٩/٢٠ (١٩٤٦/١٢/١١)

٨٩- فەرمان درا بە هێزی پێشمەرگە کە لە بەرەکانی شەڕی» سەردەشت، بانە، سەقز» بکشێنەوە ١٣٢٥/٩/٢١ (١٩٤٦/١٢/١٢)

٩٠- ئەرتەش گەیشتە تەورێز ١٣٢٥/٩/٢٢ (١٩٤٦/١٢/١٣)

٩١- پێشوازیکردنی ئەرتەش لەلایەن» میرزا ڕەحمەتی شافیعی، شێخ حوسێنی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشائیری» ١٣٢٥/٩/٢٣ (١٩٤٦/١٢/١٤)

٩٢- سەردانی تاقمێک پێشمەرگە و بەرپرس لە پێشەوا و داوای ڕۆیشتنی پێشەوا لەگەڵیان ١٣٢٥/٩/٢٣ (١٩٤٦/١٢/١٤)

٩٣- رۆیشتنی نوێنەری بازرگانیی رووس و گەڕانەوەی بۆ کۆنسوولخانەی رووس لە ورمێ ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)

٩٤- گەیشتنی هێزی سەرهەنگ»غەفاری» و ئێلە هاوپەیمانەکانی بەهێزی هێرشبەر ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)

٩٥- گیرانی شاری مەرەند ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)

٩٦- گیرانی شارەکانی: ماکۆ، خۆی، مەراغە، ورمێ» ١٣٢٥/٩/٢٦،٢٥ (١٩٤٦/١٢/١٦،١٧)

٩٧- بە پیرەوەچوونی ئەرتەش لەلایەن پێشەواوە لە نزیک گوندی گوێک تەپە ١٣٢٥/٩/٢٦ (١٩٤٦/١٢/١٧)

٩٨- گیرانەوەی شاری مەهاباد دوای ساڵێک ئازادی لەدەستی حکوومەتی ناوەندی ١٣٢٥/٩/٢٦ (١٩٤٦/١٢/١٧)

٩٩- گیرانی پێشەوا و ٢٨ کەس لە سەرکردەکانی حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٩/٣٠ (١٩٤٦/١٢/٢١)

١٠٠- حوکم درانی پێشەوا و هاوڕێیانی ١٣٢٥/١٠/٢ (١٩٤٦/١٢/٢٣)

١٠١- گەیشتنی دادگای پێداچونەوە بە مەهاباد ١٣٢٥/١٠/٧ (١٩٤٦/١٢/٢٨)

١٠٢- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی ئەحمەد خانی فاروقی» سالار»، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەمەد خانی دانیشوەر»براکانی سالار»، عەلی خانی فاتح، محەمەد بەگی فەیزوڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزوڵلا بەگی، ئەحمەد شەجیعی، شێخ ئەمین ئەسعەدی کەسنەزانی، شێخ سەدیق ئەسعەدی یازی بلاغی، عەلی ئاغای جەوانمەردی، ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی (برای عەلی ئاغا) ١٣٢٥/١٢/٢٦(١٩٤٧/٣/١٧)

١٠٣- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی ١٣٢٦/١/١٠(١٩٤٧/٣/٣٠)



سەرچاوە
Serchawe

١٠٤- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی» حەمیدی مازووچی، رەسووڵ نەغەدەیی، عەبدوڵلا رەوشەنفکرو محەمەدی نازمی» ١/١٧/ ١٣٢٦ (١٩٤٧/٤/٦)

١٠٥- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی « عەلی بەگی شێرزاد» ١٣٢٦/١/١٨ (١٩٤٧/٤/٧)

لە ژمارە ٦٢٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد ـ رێکەوتی : ٥ی ئەپریلی ٢٠١٤



## ٢١ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی حوکمی دادگای میکۆنۆس

ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی بڕیاری دادگای میکۆنۆسە کە لەو دادگایەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانباری ئەسڵی کردەوە تیرۆریستییەکەی ریستورانی میکۆنۆس لە شاری بێرلینن ناسێندرا کە لەو کردەوە تیرۆریستیەدا «د. سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵانو نوری دێهکوردی» شەهید بوون.

دادگای میکۆنۆس گرینگی و بایەخی خۆی هەیە هەم لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا و هەم ڕادەی ئەم ناوچەیە کە کوردی تێدا دەژیو خاکی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە. چونکە لە ڕادەی نێونەتەوەییو نێودەوڵەتی ئەوە سەلمێندرا کە ئەگەر دەوڵەتان بیانهەوێو بۆ ماوەیەکی دەست لە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانیان هەڵبگرن ڕێگری دەکەن لەوەی کە ڕێژیمە خوێنرێژەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ناتوانن بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لینگ بدەنو خوێنی جیابیرانو دێمۆکراتخوازان لە نێو سنوورەکانی ئەواندا بڕێژن و سەروەری دەوڵەتان و میللەتان پێشێل بکەن لەڕادەی ناوچەیی‌دا ئەو سەلمێندرا کە بزاڤی ڕزگاریخوازو دێموکراسی بە تیرۆرو کوشتنی ڕێبەران کۆتایی نایەو ڕۆژێک دێ دادگایەکی وەک دادگای بێرلین بە دوور لە بەرژەوەندی سیاسیو ئابووری حەق بە حەقداربدا.

ئەگەر چاو بەڕەوتی دادگای میکۆنۆس دا بخشێنین دەبینین کە دوو لایەنی مەسەلەکە پێکەوە هاوتەرازو بەرابەرنین. لایەنێک بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردە کە ئیمکاناتێکی کەمی لەبەردەست دایەو لایەنەکەی دیکەش حکوومەتی زۆردارو غەدارە کە هیچ کامە لە پرنسیپەکانی نێونەتەوەیی ناناسێو ئیمکاناتی زۆری لە بەردەست دایە. لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ کە بە هیچ جۆر هاوسەنگی لە گۆڕێ دانیە، بەڵام حوکمە و ئاکامی دادگای میکۆنۆس ئەو هاوسەنگییە بە قازانجی دادپەروەریو دێموکراسیو دیفاع لە مافی مروڤ گۆڕی.

لە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکانو پێکهێنانی حکوومەتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە بناخەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەسەر ناردنی شۆڕش «صدور انقلاب» بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران داڕشتو لە ژێر سێبەری ئەو شێوە بیرکردنەوە هەوڵیاندا لە سەرانسەری دنیادا دەنگی جیابیرانو ئازادیخوازو دێموکراتەکان کە دژایەتی کۆماری ئیسلامیان دەکرد کپ بکەن بێ ئەوەی گوێ بدەنە پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانو ئەوە درێژەی کێشا هەتا ڕۆژی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی کە د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی بە کردەوەیەکی تیروریستی تێدا شەهید کرانو ئەو تیرۆرە بوو بەهۆی ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان هەڵوێست بنوێنێو چاوپۆشی لەو جینایەتە نەکا هەر بۆیە پۆلیسی ئاڵمان کەوتە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەو ئەسنادو شاهیدو دوای ساڵێک لە ڕێکەوتی تیرۆرەکە دادگایەک پێکهات لە

سەر پەروەندەی میکۆنۆس کە لە دوایی‌دا بە دادگای میکۆنۆس ناوی دەرکرد.

دادگای میکۆنۆس لە ٦ی خەزەڵوەری ١٣٧٢ دەستی بەکار کردو نزیک بە ٣/٥ ساڵی کێشاو لەو ماوەیەدا جەلەساتی دادگا حەوتووی دوو جەلەسە بوون جەلەسەکان بە شێوەی ئاشکرا بەڕێوەچوون کە ٢٤٧ جەلەسەی لەخۆگرتو ١٧٠ شاهید تێدا ئامادە بوونو ٩ میلیۆن مارکی ئاڵمانی تێچوی ئەو دادگایە بووو دەتوانین لێرەدا ئیشارە بەوە بکەین کە دادگای میکۆنۆس لەدوای دادگای نورنبرگ کە بۆ تاوانبارانی شەڕی جیهانی یێک هاتبوو گەورەترینو درێژماوەترینو پڕهەزینەترین دادگا بوو لە جۆری خۆی‌دا.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی دەوڵەتو دەزگای قەزایی ئاڵمان ئەو هەموو هێزە مادیو مەعنەویو سیاسیەی لەو پەروەندەیە دا سەرف کرد؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین ئیشارە بە چەند هۆکارێک بکەین:

ـ ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووریو دیموکراسی‌یەو هەمووکات ویستوویەتی ڕۆڵو نەقشی لە ڕەوتی ڕوداوەکانی ئوروپاو جیهاندا دیار بێ‌و بە چاوپۆشی کردن لەو تیرۆرە کەسایەتی رووحیو سیاسی ئاڵمانییەکان دەهاتە ژێر پرسیار.

ـ ئێران بەو کردەوە سەروەری خاکی ئاڵمانی لکەدار کردبووو یاساو عورفی دیپلۆماسی لەسەر پێوەندیی دوولایانە بە مەبەستی پاراستنی سوڵحو ئاشتی پێشێل کردبوو.

ـ سێ کەس لە تیرۆر کراوەکان «د. سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، همایونی ئەردەڵان» میوانی رەسمیی کۆنگرە ئینترناسیۆنال سوسیالیست بوون.

ـ ئەو تاوانە بە ئانقەستو لە یەک کاتو شوێندا ئەنجام درابوو کە کاریگەری هەبوو لە سەر بیرورای گشتی ئاڵمانو بەتایبەتی خەڵکی بێڕلین.

بنەماڵەی شەهیدەکان بە رەسمی سکاڵایان پێشکەشی دادگا کردبووو دەبوایە قانوونی دادوەری وڵامیان بداتەوە.

دادگای ئالمان مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەی هەیەو بەپێی یاسای بنەڕەتی ئاڵمان دادگاو ناوەندە دادوەرییەکان لە کاری خۆیاندا سەربەخۆنو داواکاری گشتی کە پارێزەری مافی هاوڵاتیانە زۆرچالاکو سەربەخۆ بە دوای ئەو پەروەندانەدا دەرۆن کە نەزمو تەرتیبی کۆمەڵگایان شێواندووەو زیانیان بە سەروەری یاسا گەیاندوە.

بۆ ئەوەی بزانین ئاشکراکردنی تاوانبارانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە چەندە گرینگی هەبووە بۆ دەوڵەتو دەزگای قەزایی ئالمان، پێویستە لێرەدا باس لە نموونەیەک بکەین: لە ٢٨ سەرماوەزی ١٣٧٤-هـ ئیدارەی گشتی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی ئالمان "B.F.V" راپۆرتێک دەدا بە دەفتەری داواکاری گشتی «دادستان» ئالمان لە پێوەندی دەست تێدابوونی وەزارەتی ئیتلاعات کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری میکۆنۆسدا بەو شێوەیە باس دەکا: «بەشێک لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەمنییەتی ئێران راستەوخۆ دەستیان هەبووە لە تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە ٢٦ی پوشپەری ١٣٧١–هـ لە بێرلین. ئەوبەشە کە بەرپرسی تێرۆرەکە بووە ناسراوە بە »یەکەی چالاکی تایبەت» کە ماوەیەکە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان خستۆتە ژێر چاوەدێریو وەک نموونە، یەکەیەک لەو بەشە بەرپرسی تێرۆری د.قاسملو بوون». لە رەوتی دادگادا ئەوە سالمێندرا کە هۆکاری ئەو تێرۆرەو هەموو تێرۆرەکانی دیکە کە دژبەرانی ئێرانی تێدا تیرۆر کراون، سیاسیە. چونکە دەرکەوت کە تاوانباران لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە راسپێردراون کە ئەو کردەوە قێزەونەو دوورلە هەموو پابەندییەکی ئینسانیو جیهانی بەرێوەبەرن. بۆ لێکۆڵەوەرەکان دەرکەوتبوو کە بکوژەکان هیچ جۆر ناسیاویک و دوژمنایەتێکیان لە گەڵ کوژراوەکاندا نیە بۆیە دەبێ ئەو لە لایەن کەسێک یا کەسانێک یا دەوڵەتێکەوە مەئموریتیان پێ درابێو ئەو دەوڵەتە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ هیچ دەوڵەتێکی دیکە بێ، چونکە لە نێوبردنی جیابیرانو دژبەرانی خۆی بەو شێوەیە بە ئەرکی خۆی داناوەو تەنیا کۆماری ئیسلامییە لەو تیرۆرە قازانج دەکا. هەربۆیە دەزگای قەزایی ئالمان»kaynehm» لە کردەوەیەکی چاوەروان نەکراودا لە رۆژی ٢٤رەشەمەی ١٣٧٤ بڕیاری دەست بەسەرکردنی «فلاحیان» وەزیری ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێرانی راگەیاندو بریارەکە باس لەوە دەکا کە »فەلاحیان» گومانی بەهێزی لەسەرە بە دەستووردان بە بەرێوەچونی تیرۆرەکە.تەنانەت دادستانی فێدراڵی ئاڵمان لە وتووێژێکی کورت لەگەڵ رۆژنامەی «شپیگڵ» لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا حوکمی دەست بەسەرکردنی وەزیرێک کە پۆستی وزارەتی هەیە دەتوانێ درووست بێ؟ ناوبراو بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

« دەرچوونی حوکمی دەست بەسەرکردن لە لایەن دەستگای قەزایی هیچ کات مەسەلەیکی سیاسی نیە بەڵکوو دژی کردەوەیەکی قانوونی ناچارانەیە بەرامبەر بە کردوەیەکی تاوانبارانەی قورس، هەروەها لە دەرچوونی بریارێک بۆ گرتنو دەست بەسەرکردنی کەسێک نابێ لایەنەکانی کورتخایەن لەبەرچاو بگرین چونکە وەزارەت بۆ هیچ کەس کارێکی دایمی نیە.

سەرئەنجام دادگای بەرزی ئاڵمان لە رۆژی ٢١خاکەلێوەی١٣٧٦ بریاری کۆتایی خۆی لەسەر تاوانباران دەرکرد. کازمی دارابی«ئێرانی» و عەبباس راحیل«لوبنانی« زیندانی هەتا هەتاییان بەسەردا سەپاو، یوسف ئەمین »لوبنانی» بە ١١ساڵو «محمد اترس» «لوبنانی» بە ٥ ساڵ حوکم دران.

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیەکە بۆ یەکم جار لە مێژووی قەزایی ئاڵماندا، دادگایەکی بەرز بە شێوەی ئاشکرا دەوڵەتێکی بە تاوانبار ناساند کە دەستی هەبووە لە تیرۆرو کوشتنی نەیارانی خۆیو پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە دادگای

میکۆنۆس یەکەم دادگا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا پەردەی لەسەر روخساری تیرۆریست پەروەریی کۆماری ئیسلامی لابردو یەکەم جار بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی بەرێوەبردنو هیدایەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵگای جیهانیەوە مەحکووم دەکرا. چەند ساعەت دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکی رەسمی‌دا رایگەیاند کە دەست تێدابوونی رێبەرانی حکوومەتی ئێران لە مەسەلەی تیروری میکۆنۆس‌دا پێشێل کردنی ئاشکرای یاساکانی نێونەتەوەییەو ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی‌و لەنێو خاکی خۆیدا قەبوول بکا. هەربۆیە دەوڵەتی ئاڵمان بڕیاری‌دا سەفیری ئاڵمان لە تاران بانگ بکرێتەوەو کۆتایی بە سیاسەتی دیالۆگی رەخنەگرانەی خۆی لەگەڵ ئێران بێنێ‌و چوارکەس لە دیپلۆماتەکانی ئێران لە خاکی ئاڵمان دەربکا.

یەکیەتیی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شورای وەزیراندا هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرتو هەرکام لەبەر خۆیانەوە پێوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئێران پچراندو هەتا رادەی کاردار هێنایانە خواری‌و تەنانەت حکوومەتی ئوسترالیاو نیوزلەندیش سەفیرەکانی خۆیان بانگ کردەوە بەڵام زۆربەی وەزیرەکان دوای مانگێک گەرانەوە بۆ تاران، هەرچەند ئەو پچرانە دیپلۆماتیکە ماوەکەی زۆر کەم بوو بەڵام بێ‌گومان کاریگەری هەبوو لەسەر رەفتاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چونکە ئێستاش بۆ کەس روون نیە لەو ساڵە چ شتێک لە نێوان ئێرانو ئوروپایەکاندا رووی دا بەڵام شتێک بە تەواوی روونە ئەویش ئەوەیە لە دوای حوکمی دادگای میکۆنۆس زنجیرە تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە راگیرانو لە ماوەی ئەو ٢٢ساڵە کە بە سەر رووداوی میکۆنۆس‌دا تێپەردەبێ، رووداوێکی لەو چەشنە لە دەرەوەی ئێران ڕووی نەداوەتەوە.

پەروەندەی میکۆنۆس هەتا ئێستاش باشترین نموونەیە بۆ ناسینی چۆنیەتی چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لەناو بردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات. هەرچەند رووداوی تیرۆر کردنی د. سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی بۆ حیزبی دێموکراتو خەباتی کوردستان کارەسات بوو بەڵام حوکمی دادگای میکۆنۆس توانی مەزلومیەتی گەلی کوردو بەرحەق بوونی جووڵانەوەکەی زیاتر بە دنیا بناسێنێ‌و کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاست لە دنیادا دەست نیشان بکا.

لە ژمارە ٦٣٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

## جینایەتی بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤینو خوێندنەوەیەک بۆ مافی زیندانیان

ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵ هەواڵێک بڵاو بۆوە کە زیندانیانی سیاسی بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤین کەوتونەتە بەر لێدانو ئەزیەتوئازاری بەرپرسانو هێزە ئەمنییتییەکانی سەر بە ڕێکخراوی زیندانەکان. بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە دەنگو باسێکی زۆری چ لە نێو خۆی ئێرانو چ لە دەرەوەی ئێران لێکەوتەوەو بنەماڵەی زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین لە بەر دەرگای زیندانو مەجلیسی شورای ئیسلامیودەفتەری سەرکۆماری کۆبوونەوەو بە دژی ئەم کردەوەی مەئموورانی زیندان، ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. لە هەمانکاتدا چالاکانی مەدەنیو نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران هاوخەمیو پشتیوانی خۆیان بۆ بنەماڵەو زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێوین دەربڕی. دەنگدانەوەکە بە ڕادەیەک بوو کە کاربەدەستانی زیندانو دەزگای دادوەریو تەنانەت دەوڵەتیشی وەدەنگ هێناو هەرکام لەگەڵ ئەوەی دەیانەویست مەسەلەکە پەردەپۆش بکەن، بەڵام لە نێو خۆیاندا لە سەر ڕووداوەکە زۆر کۆک نەبوون.

غوڵامحسێن ئیسماعیلی سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکان لە چەند لێدوانی جیاوازدا لە گەڵ چاپەمەنییەکانی نێوخۆی ئێراندا ئەو هەواڵەی بە ناڕاست زانیو گوتی: «لە پشکنینێک کە لە بەندی ٣٥٠دا کراوە هێندیک لە زیندانییەکان بەربەرەکانیان کردووەولە ژوورەکانی خۆیان نەچوونەتە دەرێ کە هاوکارانی ئێمە ئەوانیان ڕاگواستووەو لەو ڕاگواستنەدا قامکی گەورەی لاقی  یەکێک لە زیندانیەکان زیانی بەر کەوتووە».

«پورمحمدی» وەزیری داد لەوتوویژێک لە گەڵ هەوالنێراندا گوتی: «تێکهەڵچون لە بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێوین ئەوەندە توند نەبووە، زۆرتر لە سەر پشکنینی ژوورەکان بووەو ئەوەش ڕەواڵێکی ئاساییە. لە دوو ژووردا لەلایەن زیندانییەکانەوە بەربەرەکانی لەگەڵ مەئمورین کراوە، بەڵام تێکهەڵچوونی توندی لێنەکەوتووتەوە، تەنیا یەک دووکەس لە زیندانییەکان بە سووکی بریندار بوونو کوتراوی بە لەشیانەوە دیارە کەسەر پێی چارەسەریان بۆ کراوەو چاک بوونەوە».

ئەو دوو لیدوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو هەواڵە ڕاستەو زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین بەر لێدانو ئەزیت و ئازار کەوتوونو تەنانەت سەرۆکی دەزگای دادوەری ئێران «قوه قضایی» هەوڵیدا بە لابردنی غوڵامحسێن ئیسماعیلی لە سەرۆکایەتی ڕێکخراوی زیندانەکانو دانانی کەسێکی دیکە لەو پۆستە بەڵکو بتوانێ هەتا رادەیەک لە هەستیاریی ڕووداوەکە کەم بکاتەوە.

بەپێی ئاخرین ڕاپۆرتی کومیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ لە ئێستادا نزیکەی ١٥٩ کەس بەتاوانی سیاسی لە بەندی ٣٥٠ی

ئێوین ڕاگیراون. ئەو کەسانە یا حوکم دراونو ماوەی حوکمەکەیان تێپەڕ دەکەن یا دەستبەسەر کراوی کاتین «بازداشت موقت»و چاوەڕوانی حوکمی قازی دەکەن.

ئێستا ئەگەر بە کورتییش بێ پێویستە بڵێین بەکێ دەگوترێ زیندانیو بە چ شوێنیک دەگوترێ زیندان؟ ئایا کەسێک کە لە سەر تاوانێک حوکمی زیندانی دەدرێتێ مافی شاروەندیو ئینسانی لێدەستێندەرێتەوەو لەزیندانەدا خاوەنی ماف نییە؟ بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەو بابەتە باسێک لە زیندانو مافەکانی زیندانی دەکەین.

زیندان لە ڕوانگەی قانوونییەوە بەو شوێنە دەگوترێ کە تاوانباری حوکم دەراوی تێدا ڕادەگیری، بەواتایەکی دیکە کەسی سەر پێچیکارو تاوانبار دوای گیرانو لێکۆڵینەوەو دانی حوکم لە لایەن دادوەرەوە لە شوێنێکی تایبەت ڕادەگیرێو لە خەڵکی ئاسایی جیادەکرێتەوەو ئەو شوێنە پێی دەگوترێ زیندان. کە پێوەندی زیندانیو زیندانوان بە قانوونێک ڕێک دەخرێ.

تاوانبار کەسێکە لە ژیانیدا بەهەر هۆیەک تووشی تاوان دەبێو پشتی وەئەرز دەکەوێ. بەڵام بەپێی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نابێ مافی ئینسانیی ئەو پێشێل بکرێو ئەوە جیا لەو سزاییە کە دەبێ لە پێناوتاوانێکدا کە کردوویەتی، بیکێشێ.

لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا مافی شاروەندیو ئینسانیی کەسی زیندانی بەرەسمی ناسراوە، چونکە تاوانبار پێش ئەوە تاوان ئەنجام بدا شاروەندبووەو مافی شاروەندی هەبووە، بەڵام دوای ئەنجامدانی تاوان تەنیا لەسەر ئەو تاوانە سزا دەدرێ کە قانوون دەست نیشانی کردووە. ئەگەر چاو بە بەڵگەو ئەسنادی قانوونی نێونەتەوەییدا بخشێنین، هیچ بەڵگەو بڕگەیەکی ئەوتۆ نیە کە ئیشارەی بەوە کردبێ کە تاوانبار مافی شاروەندی لێبستێندرێتەوەو ئەوە لە پێناسەی زیندانوزیندانیدا بە ڕوونی دیارە، مەبەست لە زیندانی کردنی تاوانبارێک ئەوەیەکە ماوەی سزادانەکەی کە قانوون بۆ تاوانەکەی دیاری کردووە لەو شوێنە کە پێی دەگوترێ زیندان تێپەری بکاو دوای تەواوبوونی ماوەی سزادانەکەی، زیندانییەکە ئازاد دەبێو دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگاو ژیانی ئاسایی خۆی درێژە پێدەدا.

لێرەدا پێویستە ئیشارەیەکیش بە سزا بکەین، چونکە تاوانباروسزاو زیندان تەواکەری یەکترنو دەبێ تاوانێک ڕووی دابێ هەتا تاوانبارێک لە لایەن قانوونەوە سزای بۆ دیاری کرابێو بۆ تێپەڕکردنی ماوەی سزاکەی دەبێ شوێنێک هەبێ کە تاوانباری تێدا ڕابگیرێ .

لەسەریەک ئەو سزایانەی وەک زیندانی بۆ کەسی تاوانبار دیاری دەکرێ دوو جۆرەن: ١- «لێئەستاندنەوەی ئازادی» ٢- «بەرتەسک کردنەوەی ئازادی». هەرسەرپێچیکارێک لە قانوون یا تاوانبارێک دوای ئەوی قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی

کردن تەواو بوو دادوەر بە پێی تاوانەکەو برگە قانوونییەکان سزای بۆدیاری دەکرێ‌وئەگەر تاوانبار سزا درابێ بۆ ماوەیەکی دیاری کراو یا حوکمی هەتاهەتایی درابێ، ئەوە عینوانی زیندانی تاوانبار بە خۆیەوە دەگرێو لێرە دایە زیندانی بە پێی تاوان‌وحوکمێک کە دراوە لە لایەن بەڕێوەبەری زیندانەوە دەستەبەندی دەکرێن‌وشوێن‌و جێگاو ڕێگای حەوانەوانەیان پێ دەدرێ‌و لەو دەستەبەندییە دایە کە پێویستە زیندانیی سیاسی لە زیندانیانی ئاسایی جیا بکرێتەوە چونکە لەسەرەتای دەست بە سەر کردنیان هیچ تاوانێکیان لە سەر سبوت نەبووەو هەردووک لا واتا تاوانباری سیاسی‌وتاوانباری عادی خاوەنی مافی وەک یەکن‌و لە تەواوی قۆناغەکانی لێکۆلینەوەو لێپرسینەوەو روون کردنەوەی تاوان «تفهیم اتهام»و بوونی پارێزەر بە یەک ئاقاردا دەڕۆن. بەڵام بەدوای دەرچوونی حوکمی دادگا هەر تاوانبارێک بە پێی ئەو تاوانەی کە کردویەتی‌و قانوون سزای بۆ دیاری کردووە لە زیندان شوێنی بۆ دیاری دەکرێ. بە واتایەکی دیکە تاوانباری سیاسی تێکەڵ بە تاوانبارانی ئاسایی ناکرێن. چونکە دادوەرو زیندانوانیش دەزانن ئەنگیزەو نییەتی تاوانباری سیاسی لەو کردەوەی کردوویەتی جیاوازە لە ئەنگیزەونییەتی تاوانباری ئاسایی هەر بۆیە دەبێ جیاوازی دابندرێ لە شێوەی بەڕێوەچوونی سزا، چونکە تاوانباری ئاسایی بە مەبەست‌وئیرادەی کەسی خۆی‌و بۆ ئامانجێکی خۆی کردارێکی تاوانکاری ئەنجام دەدا، بەڵام تاوانباری سیاسی لە کردەوەکەی خۆی ئامانجی گشتی‌و هەمەلایەنەی تێدا دەبینێ‌و تێدەکۆشێ سوود بە کۆمەڵگا بگەیەنێ هەربۆیە بیروڕای گشتی بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە دەڕواننە زیندانیانی سیاسی.

بەڵام لەسەریەک هەر وەکی لە سەرەوە باسمان کرد زیندانی مافی هەیەو ئەو مافانە بە قانوون دەست نیشان کراون‌و لەسەر بەڕێوەبەرانی زیندانە کە ئەو مافانە بپارێزن. هەر لەوپێوەندیەدا هەم یاساورێسا نێونەتەوەییەکان‌وهەم قانوونە نێوخۆیەکان لە زۆربەی وڵاتان بایەخی تایبەتیان داوە بەو مەسەلەیە. بۆ روون کردنەوەی زیاتر دەتوانین چەند نموونەیک لە خوارەوە باس بکەین:

* بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەڵێ: «هەمووتاکێک مافی ژیان، ئازادی‌و ئەمنییەتی کەسی هەیە».

* «نابێ هیچ کەس ئەزیت‌و ئازار یا سزا بدرێ، یا کردارێکی زاڵمانەی بەرامبەر بکرێ کە دوور بێ لە ئینسانیت‌و ویژدانی مرۆڤایەتی».

* «نابێ لە خۆڕاکەس دەست بەسەر بکرێ یا زیندانی‌و دوور بخریتەوە».

لەیاسای بنەڕەتی ئێراندا لە ئەسڵی ٣٩دا بەو شێوە باس لەمافی زیندانی دەکا: «بێ‌حورمەتی‌و سووکایەتی بەکەسایەتی کەسێک کە بە حوکمی قانوون گیراوەو دەستبەسەر کراوە زیندانیە یا دوور خراوەتەوە لە هەر حالەتێکدا قەدەغەیە.»

لە ئاییننـامەی بەڕێـوەبەریی زینـدانەکاندا هـاتووە کە زینـدانی مـافی هەیەو دەبـێ لەو مـافە کەڵـک وەربگـرێ‌و لەسـەر بەڕێوەبەرانە کەمافی زینـدانیان بپـارێزن. چەنـد مادەیـەک لە ئاییننـامەی ڕێکخـراوی زینـدانەکان وەک نموونە لە خـوارەوە بـاس دەکەین :

* مادەی۱۱۳ «زیندانی مافی ئەوەی هەیە هەرکاتێک توشی نەخۆشی بوو دەستی بە دوکتور رابگاو چارەسەری پێویستی بـۆ بکرێ .»

* مادەی ۱۰۵ «شوینی زیندانی دەبێ خاوێن بێ ولانیکەم مانگی جاریک بە دەرمان بشۆردرێتەوە وپاک بکریتەوە».

* مادەی ۱۱۵ «ئەگەر دوکتوری نەخۆشخانەی زیندان بۆی دەرکەوت کە پێویستە زینـدانی لە نەخۆشخانە بخەوێنـدرێ ڕێگری لەزیندانی ناکری».

ئەوە چەندنموویەک بوون سەبارەت بە هەلومەرجی ساغوسلامەتی زینـدانی لەبـواری لەش ساغییەوە. لەبـواری ڕەوانیشەوە، ئاییننـامەکە ئەزیتوئـازاری زینـدانی قەدەغە کـردوە . مـادەی ۱٦۹بەو جـۆرە باسـی قەدەغەکردنـی تونـدوتیژی دەکـا: «توورەوتوسـنی، جنێـودان، بەکارهێنـانی وشـەی رووشـێنەر یـا سـزای جەسـتەیی تاوانبـاران‌وحوکم دەراوانو بەکارهێنـانی کردەوەی توندوتیژوبێ ئەدەبانەو کوڵەمەرکی لە تەواوی دامودەزگاکان‌وزینداندا قەدەغەیە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی کە خۆی داریژەری ئەو ئاییننامەیەو پارێزەری یاسای بنەرەتی ئێرانە لەئاست جینایەتی بەندی ۳۵۰ی ئێڤین بەوشێوەیە هەڵسوکەوتی کرد؟ ئەگەر بمانهەوێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیـارەدا برۆین لەڕاستیدا زۆر تووشی زەحمەت نـابین، چونکە ئەزیتوئـازاری جیـابیران لە ماهییەتوسروشتی کۆمـاری ئیسلامی دایە. بەڵام لێـرە پێویسـتە ئەوە وەبیـربێنینەوە کە لە کـاتی هـاتنە پێشـی رووداوی لەو بـابەتە ئەرکـی خەڵـک بەگشـتی‌وئەرکی چالاکانی مەدەنییە کە بەهەر شێوەیەک کە لەدەستیان دێ، پشتیوانی لە بنەمـاڵەی زینـدانیانی سیاسی بکەن، چونکە هەر ئەو نـاڕەزایتیانەی کەلەسەر ئەو رووداوەی بەندی ۳۵۰ی ئێڤین کـران ئەوەی سـەلماندکە دەسـەلاتداران لە بەرابەرنـارەزایەتی خەڵکدا پاشەکشە دەکەن .

لە ژمارە ٦۳۱ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ۲۰۱٤


سەرچاوە
Serchawe

## چەند سەرنجێک لەسەر وتارەکەی سەرکۆنسوولی ئێران لە سلێمانیە

چەند رۆژ لەوەپێش وتارێک لە ژێر ناوی چاوخشاندێک بە پێوەندی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماڵپەری رەسمی بە ناو کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی‌دا بڵاو بووە، کە نووسەری بابەتەکە زۆر ئامانجدارانە کۆمەڵێک مەسەلە دەورووژێنیٚو بە زمانێکی رەقو دوور لە عورفی سیاسیو دیپلۆماسی، کەسایەتی کورد بە گشتی دێنێتە ژێر پرسیار وەک ئەوە کە کورد بە نەتەوە نازانیٚو بە ئانقەستو بە ئامانجدارانە رەگەزە ئارياييەکەی لیٚزەق دەکاتەوەو تەنانەت مافی ئەوە نادا بە کورد کە خۆی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیاربداو سەربەخۆیی کوردستان بە خەونو خەیاڵێک دوور لە راستی دادەنیٚو زمانی کوردی بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی دەزانیٚو تەنانەت لەوەش زیاتر پیٚ هەڵدێنیٚو دەڵیٚ زمانی کوردی تێکەڵاوێکە لە زمانەکانی فارسی، تورکیوعەرەبیو لە درێژەی بابەتەکەیدا قامک لەسەر بابەتێکی هەستیاری وەک کۆماری کوردستان دادەنیٚو بە کۆمارێکی چەند رۆژەی کۆمۆنیستی ناو دەباو لە درێژەدا باس لە پێوەندی کۆماری ئیسلامیو کورد لە باشووری کوردستان دەکاو لەگەڵ ئەوەدا وەبیریان دێنێتەوە کە لە سەردەمی رژێمی سەدام حوسێندا چۆن هاوکاریان کردوون، دەستنیشانی ئەوەش دەکا کە ئەگەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە خەیاڵی ئەوەدابیٚ خۆی بەهێز بکاو لە دوارۆژدا لە عێراق جیا بێتەوە، کۆماری ئیسلامی چاو بە پێوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەخشێنێتەوەو جیابوونەوە لە عێراقو یا داوای زیاتر بۆ دەستەبەر بوونی مافەکانی کورد لای کۆماری ئیسلامی خەتی سوورە. نووسەری ئەو بابەتە لە سەرەتای وتارەکەی هەروەک کە پێشتر باسمان کرد ئامانجدارانە باس لە دابەش بوونی کوردستان دەکاو بە زمانی بیٚزمانی دەڵیٚ لە ساڵی ١٥١٤ زایینی‌دا ئەگەر کوردان بە هۆی مەزهەبی سوننی پاڵپشتی خەلیفەی عوسمانییان نەکردبایە، کورد دابەش نەدەبووو لە هەمان حاڵدا بەو ئاوڕدانەوەیە دەیهەویٚ ئەوە بسەلەمێنیٚ کە کورد لە هەر شوێنێک بیٚ ئێرانییە، چونکە رەگەزی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مادەکانو ئەوانیش ئارياييی بوون، ئەگەر وایە ئێرانیش وڵاتی ئاریایەکانە بەڵام نووسەری کۆنسولگەری لە ئاست ئەو راستییە خۆ لاوەدا کە لانیکەم لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا واتە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی‌دا قەت بە چاوی خانە خویٚ چاو لە کورد نەکراوە بەڵکوو هەموو کاتێک بە چاوی ئەمنی سەیری کراوە تەنانەت هەر کاتێک باسی لە مافی شاروەندی خۆی کردبیٚ زۆر بیٚ بەزەیانە سەرکووت کراوەو ماڵی تاڵان کراوەو گوندو رەزو باغی لیٚسووتێنراوەو ئەوەندەی دەسەڵاتداران، دەسەڵاتیان هەبووە کوردیان بە ناوی جۆراوجۆر لە خاکوو نیشتمانی خۆی هەڵقەندووەو زۆر جاران بۆ سەرکوتی جوڵانەوەکانی کورد ئەو چوار دەوڵەتەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە یەکیان گرتووە لەگەڵ ئەوەدا رەنگە لە زۆر بواردا دژایەتییان پێکەوە هەبوویٚ بەڵام لە سەر سەرکوتی کوردو لەناو بردنی پێکەوە کۆکو هاوکار بوون. بۆ وێنە دەتوانین باس لە رێکەوتننامەی ١٩٧٥ی الجزایر بکەین، بە پێی ئەو رێکەوتننامەیە سەدام حوسێن لە ناوچەی شەتی عەرەبی لە بەشێک لە خاکی عێراق

خۆشبوو بۆ ئەوەی کە شای ئێران دەست لە پیشتوانی لە شۆرشی کوردان هەڵبگرێ. لە حاڵێکدا ئەوکێشەیە لەسەر شەتی عەرەبی تەنیا دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق دروست نەبووە بەڵکو مێژوویەکی نیزیک بە ٢٠٠ ساڵەی هەبوو کە دەوڵەتەکانی سەفەوی‌و عوسمانی بە چەندین ڕێکەوتننامەیان لەسەر مۆر کرد بەڵام قەت بە ئاکام نەگەیشتن هەتا لەسەر تێک شکاندنی کورد پێک هاتن. نووسەری بابەتەکەی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانیە دەڵێ ئەو کردەوەیەی شای ئێران لە کورت خایەندا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی میللی ئێران بووە بەڵام ناڵێ ئێستاش کۆماری ئیسلامی ئەو سیاسەتە هەر درێژە پێدەداو هەر لەو وتارە کە ئەو راستیە وەک رۆژی رووناک دیارو بەرچاوە ئەو نییە بە ئاشکرا هەڕەشە دەکاو دەڵێ ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئەو حیزبانەی باشووری کوردستان بەو ئاقارەدا برۆن کە خەونیان هەبێ بە دروست کردنی کوردستانێکی سەربەخۆ حکوومەتی ئێران پێی قەبوول ناکرێ‌و ئیزن نادا عێراق دابەش بێ! ئەوە چ مانایەک دەگەیێنێ بێجگە لەوەی کە بە دوای بەرژەوەندییکەانی خۆیان دانەبن لە حاڵێکدا لە کاتی شەڕی ٨ساڵەی ئێران‌و عێراق ڕێگای قودس بە عێراق دابوو، وتارنووسی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانیە لە درێژەی بابەتەکەدا دەڵێ بوونی نەتەوەی کوردو دەوڵەتی کوردی خەون‌و خەیاڵەو بۆ ئەوە بەڵگەی پێ بێت زۆر رووهەڵماڵاوانە دەڵێت: «هێنانە گۆری عینوانی فارس‌و کورد تەنیا بۆ بەرژەوەندی سیاسییەو بەو کارانە ناتوانن کەسایەتی جیاواز بۆ خۆیان دروست بکەن چونکە نە هەموو خەڵکی ئێران فارسن بەڵکوو فارسەکانیش خۆیان لە »اقوام»ی ئێرانین‌و لە گەڵ ئەوانی دیکە بنەماڵەی گەورەی ئێران پێک دێن بەڵام جەنابی وتار نووس یا بێ خەبەرە یا بە ئانقەست لە ئاستی ڕاستییەکاندا خۆی گێل کردوە ئەگەر فارس وەک «اقوام»ی دیکە بە قسەی ئەو پێکهێنەری ئێران هیچیان لە ئەوانی دیکە زیاتر نییە ئەی بۆ فارسەکان مافی ئەوەیان هەیە نەتەوە بن‌و خەونی گەورەیان هەبێ‌و بە هەموو توانایانەوە پارێزگاری لە زمان‌و کلتوری خۆیان بکەن، بەڵام کورد بۆی نییە خاوەنی ئەو مافە بێت؟ فارس بۆی هەیە شانازی بە مێژووی خۆی بکاو مەنشوورکورش دوای ٢٥٠٠ساڵ وەک شانازیەکی مێژوویی نیشانی خەڵکی جیهانی بدا، بەڵام کورد مافی ئەوەی نەبێ باس لە جمهووری کوردستان بکا کە مێژوویەکەی تەنیا ٦٨ساڵ لێمان دوور کەوتۆتەوە کە لە ماوەی ١١مانگدا بە پێی ئیمکانات ئەوکاتو بەراورد لە گەڵ ئێستا توانیویەتی بەڕادەی حکوومەتێکی ١١ساڵە کار بکاو مێژووو شانازی بۆ نەتەوەی کورد تۆمار بکا. پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە زۆرکەس ماون‌و گەلێک بەڵگەو ئەسناد هەن کە قەت جمهووری کوردستان کۆمۆنیستی نەبووە کە دیارە نووسەری سەر کونسولگەری وشەی کۆمۆنیستی بە خەیاڵی خۆی بۆیە بەکار دێنێ هەتا کۆماری کوردستانی پێ عەیبدار بکا کە ڕەنگە ئەگەر کۆمۆنیستیش بوایە هیچ عەیبو عارێک نەدەبوو چونکە لەو سەردەمەدا نزیک بە نیوەی خەڵکی ئەم جیهانە بەربەرینەو ویستیاری حکوومەتی کۆمۆنیستی بوون.

لەو وتارە کە ڕەنگە نەکرێ خاڵ‌بەخاڵ بە وردی هەموو سووکایەتیەکانی وتارنووسی کونسولگەری ئێران لە سولەیمانیە باسیان لێوە بکرێ، چونکە هێندێک لەو بابەتانە وەک «مێژوو، نەتەوە، دەوڵەت، زمان» پێویستی بە کەسی شارەزا لەو بوارەدا هەیە لەسەریان بدوێ‌و وەڵامێکی باش‌و زانستی بەو وتارەی سەرکونسولگەری ئێران بداتەوە بۆ ئەوە جارێکی دیکە

ئەویشو خەڵکی تریش فێر نەبن بەدوای ڕێچکەی «رضاشا»و «ئاتا تورک»دا برۆن.

بەڵام لێرەدا پێویستە ئیشارە بە چەند پێناسەو مادەی قانوونی بکەین کە ئایا سەرکونسول لە وڵاتێکدا کە میوانە مافی ئەوەی هەیە کە بابەتی لە جۆرە بڵاو بکاتەوە ئایا هەر بە پێی قانوونی نێونەتەوەیی‌و دیپلۆماسی، سەفیرو سەرکونسول مافی ئەوەیان هەیە مافێک بۆ خۆیانو وڵاتەکەیان قائیل بن بەڵام ئەو مافە بۆ دەوڵەتی خانە خوێ قائیل نەبن. لە فەرهەنگی زانستی سیاسی‌دا لە بواری سەلاحیەتی کارەوەجیاوازی داناوە لە نێوان مەسئولیەتی سەفیرو سەرکونسولگەری‌و باس لەوە دەکا کە پێوەندی سیاسی دوو وڵات لە ڕێگای سەفیرو سەفارەتەوە دەکرێ بەڵام کاری کونسولگەری تەنیا راپەڕاندنی کارو باری ئیدارییە.

«مافی کونسولی هەر وەک مافی دیپلۆماتیک کۆمەڵێک یاساو ڕیسایە کە چاوەدێری بەشێک لە پێوەندی دەرەکی دەوڵەت دەکا، بەڵام لە ڕوانگەی ناوەرۆکەوە پێکەوە جیاوازیان هەیە مافی دیپلۆماتیک لایەنی سیاسی هەیە بە واتایەکی دیکە چاوەدێرە بە سەر پێوەندی سیاسی دەوڵەت لە گەڵ دەوڵەتەکانی دیکە.

مافی کونسولی لایەنی ئیداری هەیەو بابەتی ئەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتی دەوڵەتەکەیەتی لە دەرەوەو بەڕێوەبردنی ئەو کارو بارەی پێوەندی بە ئەوانەوە هەیە کە لە وەزیفەکانی ئیداری دەوڵەتە. هەر بۆیە مەئمووری دیپلۆماتیک مەئمووری سیاسی جیاوازی هەیە لە گەڵ مەئمووری ئیداری حکومەتێک لای حکومەتێکی دیکەو یەکەمیان ناز ناوی نوێنەرایەتی سیاسی دەوڵەتی پێدەدرێ‌و دووهەمیان ئەو نازناوەی نیە«

هەر لەو پێوەندییەدا بە پێی پەیماننامەی وێنو پەسەندی مەجلیسی ئێران بەو جۆرە باس لە دامەزراندی‌و پێوەندی وەزایفی کونسولی لە نێوان دەوڵەتەکاندا دەکا.

مادەی ٢ خاڵی ١ دەڵێ: دامەزراندنی پێوەندی کونسولی نێوان دەوڵەتان بەڕازی بوونی دوولایەنە دروست دەبێ.

خاڵی ٢-» ڕازی بوون بە دروست کردنی پێوەندی دیپلۆماتیکی نێوان دوو دەوڵەت زامنی ڕازی بوونی دوو دەوڵەتە بە دامەزراندنی پێوەندی کونسولی»

مادەی٤ «دامەزراندنی پۆستو بنکەی کونسولی لە خاڵی ١ی ئەو مادەیەدا بەوشێوەیە باس دەکا خاڵی ١ «پۆستی کونسولی ناتوانرێ بێ ڕەزایەتی دەوڵەتی وەرگرو میواندار کە لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە دابمەزرێ»

مادەی ٥/ باس لە ئەرکی کونسولی دەکا:

الف) – پاراستنی بەرژەوەندی ئەودەوڵەتەی کە لێی ڕاهاتوەو هاو وڵاتیانی ئەو وڵاتە لە کەسایەتی حقیقیو حقووقی لە سنووری دەوڵەت وەرگر- هەتا ئەو ڕادەییەکە قانوونی نێونەتەوەیی ڕێگای پێ داوە«.

پ» یارمەتیدان بە پەیوەندی بازرگانیو ئابووریو فەرهەنگیو زانستی لە نێوان ئەو دەوڵەتەی لێی ڕاهاتووەو دەوڵەتی وەرگر و پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بە هەر ڕێگایەکی دیکە لە چوارچێوەی ڕێو شوێنی ئەو کونوانسیونە دا».

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو وتارەی کونسولگەری ئێران لە سولیمانیە دەچیتە خانەی ئەو پێناسە و مادەی قانونییانەی کە کۆنوانسیۆنی «وین» پەسەندی کردون و بە ئیمزای سەرۆکی مەجلیسی ئێرانیش گەیشتووە؟ ئەگەر ئەو ڕا دەربڕینەو نوسینی وتارە لە سەلاحیەتی سەرکونسولی دانییە ئەی چونە ئەو ئێزنەی بە خۆی داوە وتاریکی لەو بابەتە بنووسێ؟

لە وتارەکەدا هاتووە کە دوای رووخانی حکوومەتی سەدام ئێران زۆری هەوڵ داوە کە ئارامی لە ناوچەکەدا دابین بێو دەڵێ لە ریزی وڵاتە یەکەمەکان بووین کە لە شاری هەولێرو سولیمانیە بنکەی کونسولگەریمان دامەزراندوەو باس لەوە ناکا کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە لەسەرەوەوە بەشێکمان باس کرد کردنەوەی ئەو دەفتەرە و نوێنەرایەتییە بەرەزایەتی دوو لایەن دەبێ ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەروەک خۆی دەڵێ بەرژەوەندی لە ئارامی ناوچەکە دایە حکوومەتی هەرێمیش هەوڵی داوە بە کردار ئەو ئارامییە دروست بکا کە زۆرتری لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی دابووە، بەڵام ئەوی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابرووەدا کونسولگەری ئێران لە هەولێرو سلێمانیە نەک هەوڵیان نەداوە پەرە بە پێوەندی گەشەسەندنی ئابووریو زانستی بدەن، بەڵکوو هەوڵیان داوە فەرهەنگی کەلک وەرگرتن لە مادە هۆشبەرەکان و کۆمەڵێک فەرهەنگی ناشارستانی واریدی خاکی هەرێمی کوردوستان بکەن کە ڕەنگە زیندانەکانی هەرێم باشترین شاهید بن بۆ ئەو مەسەلەیە.

کاتێک کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی لە هەولیر بەردباران کرا بۆ ئیران گرینگ بوو بزانی کە ئەو رووداوە گرینگە دستی هەرێمی لە پشتە یا نا؟ ئێستا مەسەلەکە پێچەوانە بۆتەوە و ئەو پرسیارە بۆ تاکی کوردو خەڵکی کوردوستان دێتە ئاراوە کە ئایا ئەو وتارە پڕ لە جنێو و بوختان و سووکایەتی بە کوردو کوردستانیان روخساری راستەقینەی کۆماری ئیسلامی نیەکە خۆی دەرخستووە و ئەوە تێڕوانینی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە هەرێمی کوردستان و هەموو نەتەوەی کوردە، ئەگەر وانیە چۆنە دوای بانگێشتنی ڕەسمی سەرکونسولی ئێران لە هەولیر بۆ فەرمانگەی پێوەندییەکانی هەرێم بە ڕەسمی و بەئاشکرا هەڵویستی دەوڵەتی ئێران روونو بڵاو نەبۆتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی دستخۆشی لە حکوومەتی هەرێم بکەین کە بەرێگای دیپلۆماسی ئیعترازو نارەزایەتی خۆی دەربریوە بەڵام هەر ئەوەندە وەڵام دەرنییەو پێویستە لەسەر تاک تاکی کورد رێکخراوو کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر پارچەیەک لە کوردستانو بە تایبەتی لە باشورو رۆژهەڵات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەگونجێ نارەزایەتی خۆیان دەربرن بۆ ئەوە کۆماری ئیسلامی لە ناوی دۆستایەتی لە گەڵ کوردو هاوکاری کردنی کورد لە باشووری کوردستان، کەڵکی خراپ وەرنەگرێو یاری بە هەستو ئیحساسی تاکی کورد نەکاو لەو رێگایەوە کوردو نەتەتەوەو خاکەکەی نە چەوسێنێتەوەو بە نەزانو نەبووی دانەنێ.

لە ژمارە ٦٣٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٤



## دەزگای قەزایی ئێران و دژایەتی لە گەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ڕۆژی شەممە ٢٩ی خەرمانان هەواڵدری دەزگای قەزایی ئێران هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە باس لە نامەیەک دەکا کە "محسن اژەای"، جێگری یەکەمی دەزگای قەزایی بۆ وەزیری "پێوەندیو زانیاریەکان " لە دەوڵەتی رووحانی ناردویەتی. لەو نامەیەدا باس لەوە دەکا کە ماوەیەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو کۆمەڵێک بابەتی گرینگو هەستیار لە سەر کەسایەتی آیتالله خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە ڕاێلکە کۆمەلایەتیەکانی وەک " واتس آپ، وایبر، تانگۆ" دا بڵاو دەبنەوەو دەستاودەستیان پێدەکرێ. هەر لەو نامەیەدا دەزگای قەزایی ئێران داوا لە وەزیری "پێوەندیو زانیاری" کردوە کە لە ماوەی لانی زۆر یەک مانگ دا ئەو بەستێنو هەلو مەرجە فەنیو زانستیە ئامادە بکەن بۆ داخستن یا کۆنترۆلو ژێر چاوەدێری خستنی ئەو زانیاریانەی کە لە سەر ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانە باس دەکرێنو دەبێ لەو ماوەدا کاری بە پەلە بکرێو تاوانکاران بناسێندرێن، دەنا دەزگای قەزایی بە پێی وەزیفەی زاتی خۆیی عەمەل دەکاو ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانە دادەخا.

لە حەوتووی ڕابردوودا شەپۆلێکی بەربڵاو لە نوکتەو جۆک سەبارەت بە آیتالله خۆمەینی لەو تۆرە کۆمەڵایەتیانەو لە ڕێگای موبایلەوە بەتایبەتی لە ڕێگای سایتی وایبرەوەو دەستاودەست دەکەن.

دوو بۆچوون سەبارەت بە وکورتە نامانە هەیە: بۆ چوونی یەکەم بۆچوونی دەسەڵاتە کە لە نامەکەی دەزگای قەزاییدا بە روونی ئیشارەی پێ کراوەو دەڵێ ئەوە کاری دژی شۆڕشە بۆ بێحورمەتی کردنو شکاندنی کەسایەتیی آیت الله خۆمینییە کە بێ حورمەتی کردن بە ناوبراو بە واتای بێ حورمەتی کردنە بە نیزامی کۆماری ئیسلامیە. هەر بۆیە دەبێ بە توندی پێشی پێ بگیرێو لەگەڵ بکەرانی وەک تاوانبار ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێو بە تووندی سزا بدرێنو ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانە بە یەکجاری دابخرێن یان بە شێوەیەک بخرێنە ژێر چاوەدێری کە کەس نەتوانێ کاری لەو بابەتە بکا کە ئەوە خۆی جۆرێک لە ژێرپێ نانی مافی شارومەندییە. واتە ئەگەر ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانە دابخرێن ئەو بەشە لە کۆمەڵگا کە هەموو پێوەندی ژیانی ڕۆژانەی هەتا دەگاتە تەجارەتو بازەرگانی لە سەردەمی ئێستادا، پەکی دەکەوێو ئەگەر بخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە، ئەو کاتیش پۆلیس بە بیانووی جۆراوجۆر دەتوانێ واریدی سنوری تایبەتی تاکەکان بێتو ئەو کات شتێک بە ناوی سنووری تایبەتیو بنەماڵە نامێنێ کە بە پێی یاساو ڕێساکانی نێونەتەوەییو تەنانەت یاسای بنەڕەتی ئێران کە دەڵێ سنووری تایبەتی تاکەکان دەبێ پارێزراو بێ.

بۆ چوونی دووهەم ئەوەیە کە دەڵێ: نەکا وەک ساڵانی پێشوو بە تایبەت وەک ساڵی ٨٨ کە وێنەی خومەینیان دڕاند ئەو جاریش ناردنی ئەو کورتە نامانەو نوکتە لەسەر آیتالله خومەینی هەر کاری دامو دەزگاکانی دەسەڵاتبێ بۆ ئەوەی ببێتە

بیانوویەک بۆ داخستنو یا لە ژێر چاوەدێری گرتنی ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانە کە بە هۆی ئینترنێتەوە تاکەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێ دەدا.

ئێستا هەرکام لەو دوو بۆچوونە ڕاستبێ ئەوەی ڕوو دەدا داخستن یا لەژێر چاوەدێری کردنی ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانەیە لە هەلو مەرجی هەستیاری سیاسی ناوچەکەداو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو هەلو مەرجەدا لەبەر بڵاوی پێوەندیەکان لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا دەترسێو دەبێ بیانوویەک ببینێتەوە کە بتوانێ ئەو پێوەندیانەی کۆنترۆل بکا.


بەڵام بێجگە لەو مەسەلەیە پێویستە لێرەدا زۆر بە کورتیش بێ ئیشارەیەک بکری بە ڕۆڵو نەقشی دەستگای قەزاییو پۆلیس لە وڵاتێکدا کە ئەو دوو دەزگایە چەندە کاریگەریان هەیە لە سەر گەشە کردنو دابەزاندنی نەزمێکی ئاگاهانەو دوور لە ترسو تۆقاندن. چونکە کاری ئەو دوو دەزگایە بەڕێوە بردنی قانوونەکانە کە لە لایەن قانوون داڕێژەرانەوە کە نوێنەری خەڵکن دادەڕێژرێن بەڵام دەبینین کە لە ئێرانی ژێر دەستی کۆماری ئیسلامیدا لە ماوەی ٣٤ساڵی ڕابردوودا قانووندانەران نوێنەری خەڵک نەبوونو دەستگای قەزایش ئەو قانوونانەی بەڕێوە بردوە کە لە فیلتەری شووڕای نیگەهبان دەرچوون. هەر بۆیە قانونەکانی ئێران بە جێگای ئەوەی کە لە لایەن خەڵکەوە ڕێزو حورمەتیان بۆ دابندرێ، زیاتر بە چاوی کۆتو زەنجیر چاویان لێ دەکەنو کەمتر پێیان پابەند دەبن. چونکە کاتێک باس لە دەستگای قەزایی دەکرێ شیمایەک لە ئەمنیەتو دادپەروەری لە ژێر تەرازووی یاساو دادگادا لە بیرو زێنی مرۆڤەکاندا دەخولقێ، بەڵام ئایا بە ڕاستی دەزگای قەزایی ئێران دەتوانێ ئەو شیماو ڕووخسارە وێنا بکا؟! بەداخەوە دەبێ بگوترێ نا. لە ماوەی ٣٤ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەزگای قەزایی قەت سەربەخۆ نەبۆو تەنیا لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەنگاو هەڵێناوەتەوەو قەت بۆ جارێکیش دادپەروەری لێ بەڕێوە نەچووە. لە داڕشتنو گەڵاڵە کردنی یاساو بەخشنامەکانڕا بگرە هەتا ئیجرای حوکم، و زۆر جارانیش توندو تیژی حوکمو یاساکانی دەستگای قەزایی خۆیان خولقێنەری تاوان بوون چونکە قەت دەزگای قەزایی ئێران بە دوای هۆکاری تاوانو تاوانکاریدا نەگەڕاوە بەڵکو هەوڵی داوە بۆ هەر کردارێک کە بە جۆرێک دەگەڵ بیرو فکری کۆماری ئیسلامی یەک ناگرێتەوە لە ڕێگای یاسا کانی خۆیانەوە بە تاوانی دابنێنو ئەو بابەتەی سەرەوەش کە باسمان کرد دەچێتە ئەو خانەیەوە.

بەجێگای ئەوە بە دوای هۆکاری ناردنی ئەو نوکتەو جۆکانە دا بگەڕێن کە لەسەر آیت‌الله خومینی یان هەر کەسێکی دیکەی نیزام دا بڵاو دەبنەوە وتەردەست دەیبەنە خانەی تاوانو بە پێی فەرهەنگی ٣٤ ساڵەی دەستگای قەزایی دەبێ بۆ ئەو تاوانەش لە ڕوانگەی ئەوانەوە تاوانباریش بدۆزنەوەو جا چ کەس یان کەسانێک لە نەزەریان دایە ئەوە خۆیان دەزانن.

دەزگای قەزایی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ بریارو ڕاسپاردەکانی لە ناو کۆمەڵگادا جێگر بێت دەبێ چاو بە یاساو ڕێساکانیدا بخشێنێتەوەو هەوڵ بدا قانوونەکانی لە گەڵ سەردەمی ئێستا بگونجێ چونکە ئەوە سەلمێندراوە کە تاوانو تاوان کاری بە

دانانی یاسای توندو تیژی‌و ئیجرا کردنی ئەو یاسایانە نەک لە ڕادەیان کەم نەبۆتەوە بەڵکو زیادیشی کردوە. بۆ نموونە: ئەگەر بە ڕادەی ئێعدام کردن بوایە دەبوایە ئێران یەک گیرۆدەبووی بە مادە هۆشبەرەکان تێدا نەبوایە. بەڵام ئامارەکان سەبارەت بە تووشبوان بە مادە هۆشبەرەکان سەرسوور هێنەرەو ئەوە ئەو ڕاستیە دەردەخا کە یاساکانی دەزگای قەزایی ئێران لە چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتێکاندا سەر کەوتوو نەبووە. بەڵکو یاساکانی ئەو دەزگاییە خۆی کێشە خوڵقێنە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



## لابردنی ناوە کوردییەکان لە سەر تابلۆی دوکان و کۆمپانیاکان بە چ مەبەستێک؟

بە پێی ئەو هەواڵانەی ماوەیەک لەوە پێش لە ورمێ بڵاو بوونەوە، دەسەڵاتی ئیداری ئەو شارەوانی بڕیاری داوە هەموو ئەو ناوانە کە لە تابلۆی دوکان و شوێنە گشتیەکاندا بە زمانی فارسی و تورکی نەنوسراون دەبێ کۆ بکرێنەوەو بە یەکێک لە دوو زمانە واتە فارسی یا تورکی لە سەریان بنوسرێ.

شارەوانی ورمێ ئامانجی لەو بڕیارە بەو شێوەیە ڕادەگەیەنێ:» بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ چەمک دەستەواژەی بێگانەو پەرەپێدانی زمانی تورکی و فارسی ئەوکارە دەکیەن .»

بەڵام ئەوەی جێگای سرنج و لێڕامانە ئەوەیە کە لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە ئەو تابلۆیانە لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتی دەستکاری دەکرێن کە بە زمانی کوردی لەسەریان نووسراوە، کە وادیارە مەبەست لە چەمکو دەستەواژەی بێگانە زمانی کوردییەو ئەوە جێگای سەرسوورمانە نەک لەبەر ئەوە کە لەو ناوچەیە ئەوە یەکەم جاربێت کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان بە بێگانە دابندرێ و زوڵمی لێ بکرێ بەڵکو ئەوەیکە زۆر بێشەرمانە بە بڕیارو حکوومی دەوڵەتی ئەوە ڕادەگەیێندرێ و بێجگە لە زمانی فارسی کە بە پێی یاسای بنەرەتی بە زمانی فەرمی وڵات ڕاگەیەندراوە چۆنە شارەوانی باس لە پەرەپێدانی زمانی تورکی دەکا و دەیهەوێ لەو ڕێگایەوە ئەوە بسەلمێنێ کە زمانی ئەسڵیی ئەو ناوچەیە ئازەرییەو هەر زمانێکی دیکە بێجگە لە فارسی و ئازەری زمانی بێگانەویەو وانیشان بدرێ کە کورد هاووڵاتی ئەو شارە نییەو هیچ بەشێکی بەو خاکەوە نییە کە زێدو نیشتمانی خۆیەتی. ئەوە مەترسییەکی گەورەیە کە بە ئاشکرا هەڕەشە لە پێکەوە ژیانی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری کە ساڵیانێکی دوورو درێژ بە ئاشکرا پێکەوە دەژین، دەکا.

ئەگەر بە مێژوودا بچینەوەو چاو لە ڕاستییەکانی ئێستا بکەین، کورد نەک لەسەر ئەو خاکە بێگانە نییە بەڵکوو خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خاکەیە کە ئەورۆ بە دەستی زۆر کراوەتە بێگانە. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە کورد چەوساوەتەوەو غەدری لێکراوە و هەوڵی ئەوە دراوە کە دووبەرەکی و نفاق لە نێوان کوردو ئازەریدا دروست بکەن و لەو ڕێگایەوە درێژە بە سیاسەتی چەوسێنەرانەی خۆیان بدەن و کورد لە مافو ژیانی نیشتمانی خۆی بێبەش بکەن.

هەروەک پێشتر ئیشارەی پێکرا بڕیاری لەو جۆرە لە لایەن داموو دەزگای فەرمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە لە ناوچەیەکی حەساسی وەک ورمێ نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران دەیانهەوێ لە هەل و مەرجی ئێستادا کە ناوچەکە لە حالی ئالوگۆردایەو مەسەلەی کوردو مافەکانی بونەتە مەسەلەیەکی جیهانی، گرژی و هاڵۆزی بخاتە نێوان کوردو ئازەری و

هەردوو نەتەوە لەو ناوچەیەدا بە شتێک خەریک بکا کە تووشی کێشەو ئاژاوەیان بکا هەتا ئەو دوو نەتەوە بیر لە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان نەکەنەوە. دەنا هیچ مانا نادا تابلۆی سەر دوکانو کۆمپانیاو شوێنە گشتییەکان کە خاوەنەکانیان کوردنو بە زمانی کوردی لەسەریان نوسراوە بگۆڕدرێ بە زمانی تورکی یا فارسیو ئەو مافە لە کوردو تاکی کورد بستێندرێتەوە، لە حالێکدا هەتا ئێرەشی لەگەڵدابێ کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە شاری ورمێ بە پێی یاسا بە شاروەندی ئێرانی دادەندرێو لە هەمان کاتدا لەسەر خاکو نیشتمانی خۆی دەژی. کاتێک ئاخاڤتنو نووسین بە زمانی زگماکی لە نەتەوەیەک قەدەغە دەکرێ، خۆی نیشانەی شێوەیەک لە ژینۆسایدی فەرهەنگی ئەو نەتەوەییە. بە پێی پێناسەیەک کە لە ڕەشنووسی کۆنوانسیونی ژینۆساید کراوە، بەروونی دووخاڵ دەست نیشان دەکا:

١- قەدەغە کردنی ئاخاڤتنی رۆژانە لە شوێنە گشتییەکانو قوتابخانە بە زمانی زگماکی کەمینەکان یا قەدەغە کردنی چاپو بڵاو کردنەوی ئەو زمانە.

٢- لە ناوبردنو فەوتاندن یا دانانی قەدەغەو قۆرغ لەسەر کتێبخانەکان، قوتابخانەکان، شوێنە مێژووییەکانو شوێنە مەزهەبییەکانو هەموو ئەو دامو دەزگاو کەرەسەی فەرهەنگی کەمینە زمانیو نەتەوەیی.

بە واتایەکی دیکە کاتێک زمانی نەتەوەیەک لە هەموو بوارێکدا قەدەغەو قۆرغی دەکەوێتە سەر هێدی هێدی دەسەڵاتدارانی زاڵ ژینۆسایدی ئەو نەتەوەیە دەکەن چونکە زمان یەکێک لە پێناسە سەرەکییەکانی هەر نەتەوەیەکە. کاتێک گرینگی زمان باشتر خۆ دەنوێنێ کە باس لە پێناسەو ناسنامەی ژیانی مرۆڤەکان بکەین ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرانی زیندووی سەر زەوی جیا دەکاتەوە، دوو شتی سەرەکیە؛ یەکەم ژیانی بە کۆمەڵو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی بەر بەرین، دووهەم زمانی لێک تێگەیشتن لە کۆمەڵگا جیا جیاکانی مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدا. بۆیە پاراستنی زمانو گەشە پێدانی، ئامرازێکی گرینگە بۆ دروست بوونی نەتەوەیەکی سەربەستو پێشکەوتوو. هەر لەو ڕاستایەدا هێندێک لە بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن: دەوڵەتی دیکتاتۆرو خۆسەپێن جۆراوجۆری مەزهەبیو ئایینیو ناسنامەی دیکەی فەرهەنگی لە کۆمەڵگا دا تەحەمول دەکەن، بەڵام کاتێک بابەتی زمان دێتە ئاراوە بە دەگمەن دەتوانن لەگەڵی ڕابێنو تەحەمولی بکەنو بێ لایەن بن. تەنانەت ئەو جۆرە دەوڵەتانە کە هەوڵ دەدەن زمانی کەمینەکان بکەنە زاراوەیەک لە زمانی ڕەسمی وڵات بە مەبەستی بێبەش کردنیان لە گەشەکردنو هەوڵ دان بۆ لە ناو بردنی هەستی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە کە تاکەکانی بەو زمانە قسە دەکەنو لە نێو نەتەوەی باڵادەست لێک دەدرێن.

لێرەدا پێویستە چاوێک لە یاساکانی ئێران بکەینو بزانین ئایا هیچ برگەیەکی یاسایی هەیە کە مەودای دابێت بە دەرچوونی بڕیاری لەو بابەتە کە لە هەموو بابەتەکانی ژیان دا قەدەغەو قۆرغ بخرێتە سەر زمانی نەتەوەیەک.

بەندی ١٥ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا هەرچەند بە کەمو کورتیش بێ ئەو مافەی داوە بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە بێجگە لە زمانی فارسی کە بەزمانی رەسمی وڵاتی ناساندراوە هەموو کەمینەو نەتەوەکان دەتوانن لە ناوچەی خۆیان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننو بنوسن و تەنانەت گۆڤارو ڕۆژنامەش دەربکەن. بەڵام لەهیچ جێگایەک ئیشارە بەوە نەکراوە کە هیچ تاکێک لە کۆمەڵگا دا مافی ئەوەی نییە کە تابلۆی سەر دوکانەکەی نابێ بەزمانی زگماکی خۆی بێت. لێرەدا ئەو پرسیارە دەبێ لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکرێ کە چۆنە ئیزن دەدەن کە ئێدارەیەکی رەسمی دەوڵەتو بەناوی دەوڵەتەوە بڕیاری وای لێدەربچێ کە زمانی نەتەوەیەک کە لەسەر خاکو نیشتمانی خۆیەتی لێ قەدەغە بکرێ لە حاڵێکدا یاسای بنەڕەتی ئێران ئیزنی پێداوە.

لە کۆتایی دا لەسەر یاسازانو ماف پەروەرانو رووناکبیرانو کەسایەتیەکانی شاری ورمێیە کە لەسەر ئەو مەسەلەیە وەدەنگ بێنو ئیزن نەدەن بڕیاری چەند کەسی هەلپەرستو نەفەس نزم ئارامیو پێکەوە ژیانی کوردو ئازەری تێک بداو ئەرکە لەسەر خاوەن دوکانو شوێنە گشتییەکان کە لە ڕێگای یاساو دادگاوە لە مافی خۆیان دیفاع بکەنو هەوڵ بدرێ ئەو بڕیارەی شارەوانی ورمی هەڵبوەشێندرێتەوە .

لە ژمارە ٦٤٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**



## ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ ئیعدامو بەرپرسایەتی کۆماری ئیسلامی

ماوەی ١٢ساڵە لە لایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ سزای ئێعدام دیاری کراوە.

ئیعدام یەکێک لەو سزایانەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی تەمەنی خۆی بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاری هێناوە. بەڵام پێبەپێی پێشکەوتنی مرۆڤ لە هەموو بووارەکانی ژیاندا سزای ئێعدام کەم بۆتەوەو ئێستا زیاتر لە پەنجا لە سەدی وڵاتانی جیهان سزای ئێعدامیان لە قانونی سزادانی گشتی خۆیاندا لابردووەو زیاتر لە بیست هەتا بیست و پێنج لە سەدی ئەو وڵاتانەش کە هێشتا سزای ئێعدام لە قانوونی سزادان لانەبرووە عەمەلەن ماوەیەکی زۆرە کار بەو قانوونە ناکەن. بەڵام هیندێک وڵات هەن کە سزای ئیعدام بەڕێوە دەبەن کە کۆماری ئێسلامی یەکێک لەو سیستمانەیە کە سزای ئیعدام نەک بەڕێوە دەبا، بەڵکو لە ڕیزبەندیی وڵاتانی کە ئێعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێ، هەمیشە ئەگەر پلەی یەکەمی بەر نەکەوتبێ پلەی دووهەمی بۆ خۆی هێشتۆتەوە.

کەمپینی نێونەتەوەیی مافیمرۆڤو ناوەندی بەڵگەکانی مافیمرۆڤ لە ئێراندا ڕادەگەینن کە کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی پلەیەکی تازەیان لە ڕادەی ئێعدام کراوەکان بە ناوی خۆیانەوە سەبت کردوە. هەر لەو پێوەندیەدا بان کی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەحمەد شەهید ڕاپۆرت نووسی تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کارو باری مافیمرۆڤ لە ئێراندا ڕادەگەینو دەڵێن کە ڕادەی ئیعدامەکان لەو ساڵەی کە تێداین پەرەگرتوویەکی جێگای نیگەرانی بەخۆیەوە دیووە. ئامارە ڕەسمیەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن بە پێی ئاماری کەمپینی نێونەتەوەیی مافیمرۆڤ لە ماوەی تەنیا یەک ساڵ دا ٨٢٥ کەس لە ئێران بە تاوانی جۆراوجۆر ئێعدام کراونو ئەوە تەنیا ئەو ئامارەیە کە خودی دەزگایی قەزایی کۆماری ئیسلامی پێبەپێی ئیعدامەکان ڕایگەیاندووەو، ئاماری ئەو کەسانە لەبەر دەستدا نییە کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا بە شێوازی جۆراوجۆر گیانیان لێ دەستێنندرێ و بە بێ دەنگی تەرمەکانیان دەشاردرێتەوە.

بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام بەو شێوە بەربەرینەو زیاد بوونی تاوانو تاوانکاری لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نیشانەی ئەو ڕاستییەن کە ئەو ڕێکارانەی کە سیستمی قەزایی ئێران گرتوویەتە بەر نەک وڵامدەر نەبووە بۆ کەم کردنەوەی تاوان لەم وڵاتە، بەڵکو خۆی خوڵقێنەری تاوانو تاوانکاری زیاتر بووە. سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێران بە بەڕێوەبردنی ئێعدام هەر وەک گوترا نەیتوانیوە تاوانو تاوانکاری هەتا ڕادەیەک کۆنترۆڵ بکا بەڵکو لەو ڕێگایەوە بۆتە هۆی پێشێل کردنی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانەی کە باس لە پاراستنی مافیمرۆڤ دەکەنو ئێران ئیمزای بە

ئەندامبوونی لە ژێر کردون. بۆ نمونە؛ دەوڵەتی ئێران ساڵی ١٣٥٤هەتاوە (١٩٧٥ز) پەیماننامەی حقوقی مەدەنیو سیاسی ئیمزا کردووەو بۆتە ئەندام لەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەو بە پێی مادەی ٩ لە قانوونی مەدەنی ئێران هەموو ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیانەی کە ئێران ئیمزای کردون، وەک قانوونە نێوخۆیەکان کاریان پێ دەکرێ. مادەی ٦ لە پەیماننامەی حقوقی مەدەنیو سیاسی باس لە مافی ژیانی تەکەکانو شێوازی پاراستنی ئەو مافە دەکاو هەر لەو مادەیەدا زۆر بە روونی باس لە سزای ئێعدام دەکاو دەڵێ کە سزای ئێعدام لەو وڵاتانەی کە سزای ئێعدامیان لانەبردووە تەنیا بۆ تاوانی گەورەی پێوەندیدار بە جنایەت گەورە بێت بڕیوە بچێ.

**لە مادەی ٦ی پەیمان نامەی حقوقی مەدەنیو سیاسی دا هاتووە:**

* مافی ژنان لە مافە بنەڕەتیەکانی هەر مرۆڤێکەو ئەو مافە دەبێ لە ڕێگای قانوونەوە بپارێزرێ. ناکرێ هیچ کەس لە خۆڕا لە ژیان بێ بەش بکرێ.

* لەو وڵاتانەی کە سزای ئێعدام تێیاندا تا ئێستاش لانە چووە بڕیاری سەپاندنی سزای ئێعدام درووست نییە مەگەر لە پێوەندی جەنایەتی گەورەدا کە بە قانوونو پێویستی بەڕێوە بچێ کە لەو کاتیشدا نابێ لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو پەیماننامەیەو بەڵێننامەکانی پێوەندیدار بە پێشگیریو سزادانی تاوانی کوشتاری بە کۆمەڵ دژایەتی هەبێ.

* حوکمی ئێعدام لە پێوەندی ئەو تاوانانە دا کە کەسانی خوار لە ١٨ساڵ تووشی دەبن نابێ دەربچێو لە سەر ژنانی دوو گیانیش نابێ بەڕێوە بچێ.

بەڵام دەبینین کە لە ماوەی ٣٥ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێ گوێدان بەو پرەنسیپە نێودەوڵەتیانە تەنانەت یاساکانی خۆشیان رۆژ بە رۆژ پەرەیان بە سزای ئێعدام داوەو تەنانەت ئەو ترسو دڵەڕاوکەیە پێش ٣٥ساڵ بەر لە ئێستا تاکی نێو کۆمەڵگا لە سزای ئێعدام هەیبووەو هەوڵی دەدا تاوانێک نەکا سزای ئیعدام بێ. ئێستا ئەو ترسە نەماوە چوونکە ئەوەندە بە بەرچاو خەڵکەوەو لە سەر شەقامو شوێنە گشتیەکان خەڵکی جۆراوجۆر چ لە بواری تەمەنەوەو چ لە بواری ڕەگەزەوە بە تاوانی جۆراوجۆر ئێعدام کراون کە ئێعدام بۆ خەڵک بۆتە شتێکی عادی.

سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی نەک بە بردنە سەری ڕێژەی ئێعدام نەیتوانیوە لە تاوانو تاوانکاری لە کۆمەڵگای ئێران کەم بکاتەوە بەڵکو بە جۆرێکی دیکەش بۆتە هۆی پێشێل کردنی مافی تاکەکان. هەمووی ئەوانە سزای ئیعدامیان بەسەردا دەسەپێ بێ ئەوەی کە سرنج بدرێتە ئەوەی کە تاوانەکەیان چیەو لە چ ڕادەیەک دایە، بێ جیاوازی لە دادگایەکی ڕواڵەتیدا دادگایی دەکرێن، بێ ئەوەی توانایی بەرگری لە خۆیان هەبێ، بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران هەموو تاوانبارێک

دەبێ لە ماوە ٢٤ساعەتدا "تفهیم اتهام" بکرێو لە دادگایەکی "صالح"دا بە بوونی پارێزەر دادگایی بکرێ. هەروەها لە پەیمان‌نامەی حقوق مەدەنیو سیاسی لە مادەی ٩دا بە ڕوونی باس لە مافی دەست بەسەر کراوەدا دەکاو دەڵێ: مەگەر بە حووکمی قانوون نەبێو هەرکەس دەستبەسەر بکرێ دەبێ لە هۆکاری گرتنی خۆی ئاگاداربێو دادگایی کردنەکەی دەبێ لە محکەمەیەکی سەربەخۆو دادپەروەرو سالحدا بێ.

لە کۆتایدا بە سرنجدان بەو مادە قانوونیانەو کرداری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە نەک دەوڵەتی ئێران پابەند نیە بە یاساکانی نێوخۆو پەیمان‌نامە نێو نەتەوەیەکان بەڵکو پێشێل‌کاری بە ئاشکرای ئەو بەڵێنو پەیمانانەیە کە خۆی ئیمزای لەژێر کردوونو تێیاندا بۆتە ئەندام.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



## وەزارتی ئیتلاعاتو بەرژەوندیی کۆماری ئیسلامیو کۆمەڵگای ئێران

وەزارتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حەوتووی ڕابردوودا یادی٣٠ساڵەی دامەزرانی خۆیدا بەڵگەنامەیەکی لە کاروکردەوکانی خۆی لەو ماوەیەدا بڵاوکردوەو لەو بەلگەنامەیەدا ئامادەکاران هەوڵیان داوە روخسارێک لە وەزارتی ئیتلاعات نیشان بدەن کە بێجگە لە چاکەو پاراستنی ئەمنییەت و کەرامەتی خەڵکو نیزام هیچ کارو کردەویەکی ئەوتۆیان نەکردوە کە زیان بە بەرژەوەندی خەڵک بگەیەنێ.

بەڵام ئەوە جێگای سەرنجە لە سەر دروست بونو پێکهاتنی وەزارەتی ئیتلاعاتە کە بە کورتی چەند خاڵێک ئیشارە پێدەکەین. یەکەم تەمەنی وەزارەتی ئیتلاعات کە دەزگایەکی گرنگە بۆپاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە لە گەڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا یەک ناگرێتەوە. پرسیار ئەوەیە بۆکاربەدەستان و دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەت لەو نیزامەدا ئەو وەزارەتەیان دانەمەزراندوە؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارە ئەوە بێ کە دوای رووخانی نیزامی پاشایەتی کۆمەڵە کەسێک بەدەسەڵات گەیشتن کە لەسەردەمی نیزامی پاشایەتیدا بەدەستی سازمانی ئیتلاعات و ئەمنییەت واتە ساواک گیرابوونو ئەشکەنجەو زیندانی کرابوون هەربۆیە پێیان وابوو کە سازمانێکی دیکە لەو بابەتە بۆ دەوڵەت بەو شێوەی پێویست نیە هەر بۆیە هەر ناوەندو داموودەزگایەک بۆخۆی دەزگای کۆکردنەوەی ئیتلاعات و زانیاری پێک دەهێنا لەو کاتەدا تەنیا پێگەیەک کە دەوڵەت کاری لەگەڵ دەکرد ئیدارەی ئیتلاعات لە دەفتەری سەرۆکوەزیران بوو. بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمانوکات بۆ دەسەڵاتداران کۆماری ئیسلامی دەرکەوت کە بەبێ دەزگایەکی ئەمنییەتی لە چەشنی ساوک ناتوانن پارێزگاری لەدەسەڵاتی خۆیان بکەن. هەر بۆیە لەساڵی ١٣٦٢لە سەر پێشنیاری ڕەجایی سەرۆکوەزیرانی ئەوکات بڕیاردرا وزارەتی ئیتلاعات پێک بێو هەموو ئەو داموودەزگایانەی دیکە بە قانوون بخرێنە ژێرکنترۆڵو چاودێری ئەو وەزارەتەوە.

دووهەم لەسەردەمی پاشایەتیدا ئەو ئۆرگانەی بە ئیستلاح پارێزەری ئەمنییەت بوو لە ئۆرگانیزمی دەوڵەتیدا سازمان واتا ڕێکخراو بوو ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری شا دابوو بەڵام لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی ئەو ناوەندە ئەمنییەتییە ناوی گۆڕدرا بوو بە وەزارەتی ئیتلاعات کە بە رواڵەت لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت واتا سەرکۆماردایە بەڵام لەڕاستیدا هەموو کاروکردەوەکانی دەدرێتەوە بە شورای عالی ئەمنییەتی میللی کە ئەویش ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێریو ئەمری ڕێبەردایە. ئەوەتا لە قانوونی پێکهێنانی وەزارەتی ئیتلاعات لە مادەکانی٧و٨دا کە باس لە داموودەزگای ئیتلاعاتیی سپای پاسدارانو ئەرتەش دەکات، تەئکید دەکاتەوە کە دامو دەزگای زانیاری ‹‹ئیتلاعات›› ئەرتەشو سپا هەر کامیان وەک دوو ئیدارەی سەربەخۆ کاردەکەن بەڵام دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات بپارێزنو لەهەمان حاڵدا بەرپرسانی هەردوو

ئیدارەی ئیتلاعات ئەرتەشو سپا دەبێ بە پەسندی ڕێبەری بگاو لابردنیشی دەبێ بە ئیزنی ڕێبەریو ئەو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کاتێک بەرپرسی دوو ئیدارەی ئیتلاعاتو سپاو ئەرتەش دەبێ تەئیدی ڕێبەری لەسەربێ چۆن دانانو لابردنی وەزیری ئیتلاعات کە سەرپەرەستی وەزارتخانەیەکی بەربەرین دەکا تەئیدی ڕێبەری پێویست نییە. ئەگەر سەرنج بدەینە بەرپرسانی یەکەمی ئەو وەزارەتە ئەو ڕاستییە باشتر دەردەکەوێ کە هەموو وەزیرەکان لە چینی رووحانی واتا ئاخوندو «آیتالله» بوونو دەرچووی قوتابخانەی حەقانینو کارمەندانو کارگێڕانی ئەو وەزارەتخانەیە هەر لەلایەن ڕێبەرەوە نازناوی «سەربازانی ئیمامی زەمان»یان پێ بەخشراوە.


هەر کاتێک یەکێک لە وەزیرەکانی ئەو وزارەتخانەیە لە سەردەمە جیاوزەکانی تەمەنی ئەو وزارەتخانەیە بە پێی هەلومەرجی سیاسی نێوخۆی ئێران هەوڵی دابێ جۆرێک لە کردنەوە ئاوەڵە بوون لەبواری ئەمنیەوە بۆ شاروەندان دروست بکا لەلایەن دامودەزگای ڕێبەریەوە یا کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامییەوە ڕخنەیان لێگیراوەو هوشداریان پێدراوە کە نەکا لە ئەسڵی وەزیفەی خۆتان لەسەرکوتی خەڵک لابدەن. ئەوەتا یوونسی کەخۆی وەزیری ئیتلاعات بووە پێ لەو ڕاستیە دەنێو دەڵێ: کاتێک بووم بە وەزیری ئیتلاعات دوو جار ئاغای رفسنجانی پێی گوتم ئەو شێوە بەڕیوەبەرییەی تۆ وای لەو وزارەتخانەیە کردوە کە زیاتر وەک شارەداریو تەشکیلاتێکی بێکەڵک دەچێ هەربۆیە کەس لێتان ناترسێ.»

دیارە هەر وڵاتێک بۆ پارێزگاری لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی خۆیو بەرژەوەندییەکانی ئەمنییەتی شارەوەندی پێویستی بە ڕێکخراو یا تەشکیلاتێکی ئەمنی هەیە. بەڵام لەو وڵاتانەی کە بەشێوەی دێموکراتیک بەڕێوە دەچن ئەو دامودەزگا ئەمنییەتیانە لای خەڵک بێزراو نینو خەڵک لێیان ناترسێ چونکە دامودەزگای وڵاتەکەیان لەخزمەتی بەرژوەندی ئەوان دایە بەڵام لەئێرانو هەموو ئەو وڵاتانەی بەشێوەی دیکتاتوری جا لەژێر هەر ناوێکدابێ شاروەندانی ئێرانو ئەو وڵاتانە لە نێو کرداری ئەو دامودەزگا ئەمنییەتیان دەترسن چونکە لەوجۆرە وڵاتانەدا دامودەزگای ئەمنی لەخزمەت پاراستنی بەرژەوەندی سیستمی دەسەڵات دایە هەتا پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا. چ لەسەردەمی پاشایەتیداو چ لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لەڕوانگەی» ساواک و واجا» کۆمەڵگای ئیران بە سەرخودیو ناخودیدا دابەش بووە وئەوانەی بەخودی دادەنرێن بەهۆکاری جۆراوجۆرو داتاشراوو دەستبەسەر دەکرێنو هەرلە لایەن دامودەزگای ئیتلاعاتەوە وەک ساواکی سەردەمی شا دەکرێنو هەر لە چوارچێوەی زیندانەکانی ئیتلاعاتدا لێ پرسینەوەیان لێ دەکرێ و حوکم بە سزاوانیشان دەدرێ بێئەوە بدرێن بە مەحکەمەو لە دادگایەکی عادڵانەو دادپەروەردا بەبوونی پارێزەر دادگایی بکرێنو ڕاست بەپێچەوانەی ئەو قانوونەیە کە وەزارەتی ئیتلاعات پێی دروست بووەو کارو ئەرکی بۆ دەستنیشان کردوە ئەوەتا لەمادەی ٤ی ئەو قانوونەدا دەڵێ: «هەموو کاروباری ئیجرایی بۆ ئەمنییەتی نێوخۆ لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزاییە » ولە تێبینی ١ی هەرئەومادەیە دەڵێ: وەزارەتی ئیتلاعات پێش لە دەست پێکردنی چالاکی، زانیاری پێویست دەدا بە بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی» ولێرەدا دەتوانین چەند نمونەیەک لەو شێوە کارەی وەزارەتی ئیتلاعات باس بکەین: ئێعدامی

بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ٦٧، بەڕێوەبردنی قەتڵە زەنجیرەیەکان، داڕەشتنو بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کە دادگای میکۆنۆس بە ڕوونی پەردەی لەسەر ڕوخساری وەزارەتی ئیتلاعات لاداو خودی وەزیری ئەوکات فلاحیانی بە تۆمەتباری سەرەکی لەو تیرۆرەدا دانا، لەناوبردنی ئەو کەسانە ڕۆژێک لەڕۆژان هاوکارو هاوکێشەیان بوون لە وەزارەتی ئیتلاعات وەک سەعید ئیمامیو سەعید حەججاریانو دەیان کرداری لەو چەشنە کە نەک لەگەڵ یاساو ڕێسا باوەکان لەم سەردەمەدا یەک ناگرنەوەو بەڵکوو وەزارەتی ئیتلاعات سنووری یاسا نێودەوڵەتییەکانیشی بەزاندنەووە تەنیا بەمەبەستی پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەک بەرژەوەندی گشتی خەڵکی ئێران.

لە ژمارە ٦٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



## تاوانی پڕژاندنی ئەسیدو فتواو قانونەکانی کۆماری ئیسلامی

یەکێک لەو تاوانانەی کە لە ئێرانی ئێستادا لە چاو ڕابردوو زیاتر پەرەی گرتووە، تاوانی ئەسید پڕژاندنە کە دەبێتە هۆی پێک هاتنی خسارێکی وا کە ناتوانرێ قەرەبوو بکرێتەوە. وەک لە دەستدانی بینایی، تێکچوونو شێواوی ڕوخسارو کیشەی دەروونی و .... هتد. هەر بۆیە لە ڕوانگەی هێندێک لە یاسازانان لە تاوانی کوشتن قورسترە. چونکە کەسی تاوان لێکراو بۆ هەموو تەمەنی لە نێعمەتی دیتنو جوانی روخسارو پێک هێنانی ژیانی هاوبەشو وەدەست خستنی کار بێبەش دەبێ..

یەکەم تاوانی ئەسید پڕژاندن کە لە ئێراندا سەبت کرابێ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی کە هۆکارەکەی جۆرێک تۆڵە ئەستاندنەوە بووە. هەر بۆیە ساڵی ١٣٣٧یاسادانەری ئێرانی بۆ تاوانی ئەسید پڕژاندن، قانونێکی دارشت کە هەتا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بە سەردا نەهاتووە. تەنیا ئەوە نەبێ کە لە یاسای ساڵی ٣٧دا هاتووە: "ئەگەر بە هۆی پڕژاندنی ئەسیدەوە کەسی تاوان لێ کراو بمرێ، تاوانکار (ئەسیدپڕژێن) بە حوکمی ئێعدام سزا دەدرێ. بەڵام لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا و لە یاسای سزادانی ئیسلامی‌دا، سزای ئێعدام گۆڕاوە بە سزای "قەساس" و "خوێنبەها" کە لە قساس داجیاوازی نیوان ژن وپیاو بە ئاشکرا بەدی دەکری.

ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە بۆ لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئاوا بە خێرایی تاوانی پڕژاندنی ئەسید ڕوی لە زیاد بوون کردوە؟ هۆکاری ئەو کەسانە چیە کە تاوانی لەو چەشنە ئەنجام دەدەن؟ بۆ زۆربەی تاوان لێکراوەکان لە نێو توێژی ژناندا هەڵدەبژێردرێن؟ بۆ ڕوون بوونەوەی ئەو پرسیارانە پێویستە سرنج بدەینە ئەو هەواڵانەی کە چەند ڕۆژێکە شاری ئیسفەهانیان کردۆدەتە سەردێری خەبەرەکان.

هەروەک لە هەواڵەکانی ئەوچەند ڕۆژەی ڕابردوداهاتووە ماوەی دوو مانگ دەبێ لە شاری ئیسفەهان چەند تاوانێکی پڕژاندنی ئەسید بەڕووخساری ژناندا ئەنجام دراوە کە بۆتە هۆی ئەوە کە هەستو شعوری کۆمەڵگا بەتەواوی بریندار بکاو خەڵک لەو شارەو چەند شاری دیکەی ئێران بکەونە ئیعترازو خۆپیشاندان. بە چەشنێک کە شێواوی لێدوان بە گوتاری کاربەدەستان لە پلەو مەسئولیەتی جیاوازدا دیارە. هەربۆێە لەدانی ئاماری وردو دروست دا وەک یەک قسە ناکەن و ئاماری ٤ تا ١٠کەس باس دەکەن.

هەروەکی لە پێشدا باسمان کرد تاوانی پڕژاندنی ئەسید لە ئێران دا مێژووی خۆی هەیەو ڕەنگە هەرجارێ کە ڕووی دابێ



سەرچاوە
Serchawe

هۆکارەکان جیاواز بن‌و تەنانەت تاوان لێ کراوەکانیش لە چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگابن. بەڵام لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەگشتی‌و ئەو دوومانگە دا بەتایبەتی دەتوانین بڵێین کە هۆکارەکان دەبێ وەک یەک بن چونکە تاوان لێ کراوەکان لە توێژی تایبەتی کۆمەڵگان کە ئەوەیش ژنان‌و لەهەمان کاتدا تاوان لێ کراوەکان هەروەکی بۆخوشیان گوتویانە کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووەو تەنانەت بە پێی ئاکامی دەرچوو لە تاقیگای پزشکی ئەوجۆرە ئەسیدەی کە بەکارهاتووە هەر هەموویان بەیەک جۆر مادەی ئەسید، هێرشیان کراوەتە سەرو تاوانیان لە سەر ئەنجام دراوە.

ئێستا ئەگەر بمانهەوێ وەڵامی پرسیارەکانی پێشومان بدەینەوەو لە هۆکار بگەڕێین دەتوانین ئاماژە بە حەساسییەتی پیاوانی ئایینی‌و حکومەتی لە سەر بەڕێوەنەچونی پۆششی ئیسلامی "حیجابی ئیسلامی" بکەین و هەر ئەوە وای کردوە کە جۆرێک لە هەستێکی قێزەونی لای ئەو گەنجو لاوە مەزهەبیە ویشکانە بەرامبەر بە ژنان دروست بکاکە خۆیان ببنە قازی‌و مسئوول لەکردارو ڕەفتاری ژنان لە شوێنە گشتیەکان‌و هەر ئەوە وای کردوە کە تاوانی لەو چەشنە ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون‌بکا. چونکە تاوانکار پێی وایە ئەو کردەوی ئەو دەیکا تاوان نیە بەڵکوو لە ڕێگای خودا دایەو تاوانبار سزا دەداو غافڵ لەوەیە کە ئەو کردارەی ئەو دەیکا نەک تاوانە بەڵکو بە دژی هەموو یاساو ڕیسایەکەو، نەک نەیتوانیوە یارمەتی بە کۆمەڵگای خۆی بدا بەڵکوو بەو کردارەی خۆی بۆتە هۆی تێکدانی نەزمی کۆمەڵگاو دروست بوونی فەزای ترس‌و دڵەڕاوکێ.

پەرەگرتنی تاوان‌و تاوانکاری لەو چەشنە لە سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا شتێکی زۆر سەیروسەمەرە نییە، چونکە خودی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە سەر ترس‌و تۆقاندن بونیاد نراوە. هەر ئەوە کە لە ماوەی ساڵێکدا ٨٢٥ کەس ئێعدام دەکرێن‌و بەشێکی زۆریشیان لەبەر چاوی خەڵکو بە ڕۆژی ڕووناک گیانیان لێ دەستێندرێ‌و خەڵک لە دەوری ئێعدامەکان فێری تەکبیرو چەپڵە لێدان دەکرێن‌و تریبوونەکانی ڕەسمی نوێژی هەینی‌و ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی وڵات پڕن لە وتارو نووسین بۆ هاندانی خەڵک لە ژێر ناوی دیفاع لە مەزهەب‌و شەریعەت. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا کە دەسەڵات بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە، زۆر سروشتیە کە کەس یا کەسانێک پەیدابن کە تاوانی پرژاندنی ئەسید لە سەر ڕووخساری ژنان ئەنجام بدەن.

هەر ماوەیەک لەوەی پێش بوو کە ئایەتوڵڵاکان و پیاوانی ئایینی کردیانە هەرا کە خۆ دانەپۆشینی ژنان (بدحیجابی) کۆمەڵگای ئێرانی خستۆتە مەترسییەو ئەگەر بەڕێوەبەران‌و هێزە ئینتزامییەکان‌و بە تایبەتی لاوانی ویندارو مەکتەبی هەڵوێستیان نەبێ‌و پێش بەو کارەساتە نەگرن، ئێران دەبێتە کافرستان‌و فتواو داوای لەو چەشنە لە ساڵانی ڕابردووش‌دا لە ئێران کارەساتی مرۆڤی لێ کەوتۆتەوە. نمونە کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی شاری کرمان لە ساڵەکانی ٨٠ و ١٣٨١یش دا کە بە "قتل‌های محفلی" ناوی دەرکرد. کە لەو ڕووداوەدا بە پێی فتوای یەکێک لە ئایەتوڵڵاکانی ئیسفەهان هیندێک کەس ڕێ‌و شوێنە مەزهەبییەکان لە ژێر پێ دەنێن‌و لەسەر کەسانی ئیماندارو لەخواترسە کە ئەو جورە کەسانە ئاگادار بکەنەوە لە گوناحەکانیان‌و ئەگەر بەقسەیان نەکردن، هێزە ئەمنیەتی‌و ئینتزامییەکان ئاگادار بکەنەوەو ئەگەر ئیقدامی ئەوانیش کاریگەر نەبوو، خۆتان دەتوانن سزایان بدەن بە کوشتن‌و ئێوەش لە سزا پارێزراو دەبن‌و خوای گەورە پاداشتان دەداتەوە.

هەروەکی باسمان کرد تاوانی پڕژاندنی ئەسید لەو ماوەیەدا زۆرتر لەسەر ژنان ئەنجام دراوەو ئەگەر هەڵسەنگاندن لە نێوان یاسای ساڵی ١٣٣٧و یاسای قەساس لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدابکەین، دەبینین لە یاسای سزادانی پڕژاندنی ئەسید لە ساڵی ١٣٣٧دا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژنو پیاودا نییەو ئەگەر پڕژاندنی ئەسید ببێتە هۆی مردنی کەسی تاوان لێکراو کەسی ئەسید پڕژێن، واتە تاوانکار سزای ئیعدامی بەسەردا دەسەپێ. بەڵام یاسای قەساس وانیەو لە کاتی بەڕیوەچوونی حوکمی قەساسدا دەبینین جارێکی دیکە زوڵم لەو ژنە دەکرێ کە بە پڕژاندنی ئەسید ڕووخسارو بینایی لەدەست داوە و تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی. ئەوەتا لە مادەی ٢٧٣ی یاسای سزادانی ئیسلامیدا کە باس لە قەساسی ئەندامەکانی لەش دەکا، ژنو پیاو بە یەکسان دەبینێ، بەڵام کاتێک دێتە سەر خوێن بەها "دیە" دەڵێ: "ئەگەر ئەو ئەندامەی لەش کە عەیبدار بووە ١ لە سەر ٣ یان زۆرتر لە ١ لە سەر ٣ی خوێنبەهای تەواو بێ، لەو حاڵەتەدا ژن دەتوانێ حوکمی قەساس بەڕێوەبەرێ بەو شەرتەی کە نیوەی خوێنبەهای ئەو ئەندامەی لەش بدا بە پیاوەکە. بۆ نمونە ئەگەر لە تاوانی پڕژاندنی ئەسیددا تاوان لێکراو ژن بێو هەر دوو چاو کوێر ببێ چونکە خوێنبەهای دوو چاو بەرامبەرە بە خوێنبەهای تەواو، لە کاتی قەساسدا ئەو ژنە تاوان لێکراوە دەبێ نیوەی خوێنبەهای بدا بە پیاوە تاوانبارەکە.

لە کۆتاییدا ئەو کردەوە قێزەوەنانە کە دوورن لە هەستو نەستی مرۆڤایەتی لە هەر چوارچێوەو ئیدئۆلۆژیەک دا بێ مەحکوومەو کۆمەڵگای ئێران بە تایبەتی ڕووناکبیرانو دادوەرانو پارێزەران نابێ لە ئاستی تاوانی وادا بێدەنگ بن. چونکە ئەو جۆرە لێدوانو فتوادانە لە لایەن ئایەتوڵڵاکانەوە ژیانی کەسیی تاکەکان دەخاتە مەترسییەوەو جۆرێک لە دەستێوەردانە لە ژیانی ئەواندا، لەهەمان حاڵدا تۆوی نەفرەتو کینەو ترس لە کۆمەڵگادا دەچێنێو بە کورتی زوڵمو نادادپەروەری لە ڕێگای مەزهەب وشەرعەوە دەرحەق بە ژنان دەکرێ کە بەشێک لە کۆمەڵگادا پیک دێنن و بەشەکەی دیکە کە پیاوان بن لە باوەشی ئەواندا پەروەردە دەبنو پێدەگەنو هەر بۆیە ئیدامەی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە دەرحەق بە ژنان ڕێگری دەکا لە دروست بوونی کۆمەڵگای سالمو ئارام کە مرۆڤەکان بێ جیاوازی هەست بە ئازادی وبەختەوەری خۆیان بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێو دەرئەنجامەکانی

لە دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام ناسراو بە داعشو کۆنترۆڵ کردنی بەشێکی بەرچاو لە خاکی عێراقو سووریەو لە ئاکامدا شەڕ پێ فرۆشتن بە خەڵکی کوردستان لە باشوورو خۆرئاوای ئەو وڵاتە دابەش کراوەدا دەبینین ناوچەکە ئاقارێکی دیکەی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا گرتۆتە بەر. بە هۆی دڕندەیی داعشو هێرشەکانی بۆ سەر خاکی کوردستانو قەتڵەعام کردنی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی شنگال لە باشووری کوردستانو گەمارۆدانی شاری کۆبانێ لە خۆرئاوای کوردستانو خۆڕاگری پارێزەرانی کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا هاوپەیمانێکی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بە دژی داعش بۆ پشتیوانی لە باشوورو خۆرئاوای کوردستان دروست بووە.

لەو هەلومەرجەی ئێستای ناوچەکەداو بە تایبەتی بە هۆی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان هەرکام لە دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە بە نۆرەی خۆیان بە تایبەتی ئێرانو تورکیە بۆ قازانجو بەرژەوەندییان هەوڵیان داوە کاریگەریان هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانو هەتا دەتوانن خۆیان جڵەوی ڕووداوەکان بە دەستەوە بگرن. بەڵام هەلومەرجی خولقاوو هاوپێوەندی نێودەوڵەتی ئەو ئیجازەی نەداوە بە هیچکام لەو چوار دەوڵەتە بە تایبەتی ئێرانو تورکیە کە بتوانن لەو هەلومەرجەدا ڕۆڵو نەقشی سەرەکیان هەبێ، چونکە هەرکام لەو وڵاتانە بە هۆی هەلومەرجی خۆیانو ڕەچاوکردنی ستراتێژیو بەرژەوەندیپارێزی خۆیان نەیانتوانیوە لەو هاوپێوەندییەدا جێ بگرن.

دوو وڵاتی عێراقو سووریە بە هۆی هاڵۆزی نێوخۆیانو ناسەقامگیری دەسەڵاتی ناوەندییانو کێشەو ململانی دەسەڵات لە نێو پێکهاتەکانی ئەو دوو وڵاتە، توانای ئەوەیان نیە لە سەر پێی خۆیان ڕابوەستنو خۆیان بڕیاردەر بن لە سەر چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان. ئێرانو تورکیەش بە هۆی جیاوازی بەرژەوەندیەکانیانو تێڕوانینی جیاجیایان بۆئاکامگیری لە ڕوداوەکان ناتوانن پێکەوە هاوپەیمان بنو لە هەمان حاڵدا هەریەکە بەجۆرێکش ناتوانن لەوهاوپەیمانیە نیودەوڵەتیە بەشداربن.

### ئەگەر بە کورتی ئیشارە بە هۆکارەکان بکەین دەتوانین بە شیوەیە دەستنیشان بکەین:

ئێران بە پێی ئەو ئەسڵەی کە لە سەری دامەزراوە، دەبێ ناوەندی دەسەڵاتداری جیهانی ئیسلام بێو دەوڵەتانی وەک ئیسرائیل نابێ لە سەرنەقشەی جوغرافیای جیهاندا بونیان هەبێ، ئامریکا دەیهەوێ ڕێژیمی بەشار ئەسەد بڕوا بەڵام کۆماری ئیسلامی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک و بە ئاشکراو بە ناردنی یارمەتی مادیو نیزامی پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکا

ئەوانەو دەیان بەڵگەو هۆکاری دیکە کە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێرەی لەگەڵ بێ نایهەوێ لە هاوپەیمانیەکدا بەشداربێ کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکا.
تورکیەش بە دانانی چەند مەرجێک وەک لێدانی بنکەوبارەگاکانی بەشار ئەسەد بە هۆی هێزی هاوپەیمانان نەیتوانی ئامریکاو هاوپەیمانانی رازی بکاو لەهەمان حاڵدا لە بە دەسەڵات گەیشتنی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستانو لە سەر سنوورەکانی خۆی نیگەرانەو چەندین بەڵگەو هۆکاری دیکە کە خودی دەوڵەتی تورکیە خوازیاری جێبەجێ کردنیان بووە، نەیتوانی یان نەیهەیویست بچێتە نێوهاوپەیمانی بەدژی داعش.

پێویستە لێرەدا ئەوە وەبیربێنینەوە ئەگەر ئێرانو تورکیە لە ستراتیژی لابردن یا مانەوەی بەشار ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵاتی سووریە  یەک ئامانج نین، لە سەر پرسی کورد وەک یەک بیردەکەنەوە.
ئەوەتا لە سەر ڕۆیشتنی هێزێکی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کۆبانێ هەڵوێستی هەردوو لەو دەوڵەتانە بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی بوو. دەوڵەتی تورکیە لە سەر فشاری ئامریکاو هاوپەیمانانو بیروڕای گشتی جیهان ڕازی بوو پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بچێت بۆ کۆبانێ لەگەڵ ئەو ڕازی بونەش ڕەنگە هێندێک مەرجی خۆی هەبووبێو لە هەمان کاتدا لە ناوخۆی تورکیەش هێندێک ئەحزابی ئۆپۆزسیونی ناو پارلەمانی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان لە تێپەڕبونی هێزی پێشمەرگە بە سنووری تورکیەداو چوونی بۆ کوبانی دەربڕیوە.

ئێرانیش بە هەڵوێستی ڕەسمی دژایەتی خۆی لە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆکۆبانێ دەربڕیوەو لە وتووێژێک دا کە ئاژانسی هەواڵی ئێران لەگەڵ جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوی ئێران کردویەتی سەبارت بە ناردنی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کوبانی دەڵێت «ئێمە سەبارەت بە جموجۆڵەکانی ئەودواییانە لە کۆبانێو دەرئەنجامی دابەشکردنی سووریە هۆشداری دەدەینە کەسانێک کە بیانهەوێت ئەوهەلە بقۆزنەوەو بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخی ئێستای ناوچەکە ئامانجەکانیان جێبەجێ بکەن».

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، بەخۆشییەوە دوای بڕیارێکی مێژوویی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو پارلمان لە باشووری کوردستان هێزێکی پێشمەرگە خۆی گەیاندە هەرێمی کۆبانێ. ئەوەی جێگای سەرنجە لەسەردەمی ئێستای دۆزی کورد دا ئەوە نییە کە ئەو هێزە پێشمەرگەیە چەند کەسنو چجۆرە چەکێکیان پێیەو تورکیە مەرجی چ بووەو لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستانو ئەمریکاو هاوپەیمانانی چ بۆ تورکیە دەکەن؟ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە:

* هێزی پێشمەرگە لە پارچەیەک لە کوردستانەوە «باشوور» بەڕەسمیو بەئاشکرا بۆیارمەتیدانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان واتە خۆرئاوا ڕۆیشتون. هەرچەند لە ڕابردوداو لە مێژووی هاوچەرخی جووڵانەوەکانی کورد دا چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ یارمەتیدانی یەکتر لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانەوە هەبووەو هەموو ئەو یارمەتیدانە

هەرچەند بە پێی مەسئولیەتی نەتەوەیی بووە، بەڵام زۆرتر لە نێو دوو حزبدا یا چەند حیزبدا بووە کە ڕێبەری جووڵانەوەکەیان لە سەرشان بووەو هیچ لایەکیان پێویستیان بەوە نەبووە کە کۆمەڵێک پرنسیپی نیودەوڵەتیو بەرژەوەندیی ناوچەیی لە بەرچاو بگرن. بەڵام ناردنی ئەوجارەی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ لە لایەک دەچێتە خانەی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ واتە هەرێمی کوردستانو دەوڵەتی تورکیەو لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان دوو دەسەڵاتی سیاسی کوردی واتە هەرێمی کوردستانو کانتۆنی کۆبانێو لە هەموو ئەوانە گرنگترئەوەیە کە کورد لە ڕێگای هێزی پێشمەرگەوە چۆتە هاوپەیمانییەکی نیودەوڵەتی بە دژی تیرۆریزم.

* گواستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ڕێگای خاکی ژێردەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەی واتە تورکیە کە ماوەی زیاتر لە ٨٠ساڵ ئینکاری بوونی کوردی کردووەو پێشمەرگەی بە چەتەو تیرۆریست ناوبردووە، بۆ خۆی ڕووداوێکی گرینگو وەرچەرخانێکی گەورەیە لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە سەبارەت بە پرسی کورد. ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی داعش کە مەترسییەکی گەورەی تیرۆریستی بۆ سەر جیهان دروست کردووە وای کرد کە هێزی پێشمەرگە بێتە نێو ئەدبیاتی جیهانیو وەک هێزێکی یارمەتیدەر لە باشووری کوردستانەوە بەناو خاکی باکووری کوردستاندا بەرەو خۆرئاوای کوردستان بڕوا.

*پێشوازی خەڵکی باشوورو باکووری کوردستان لە کاروانی برا پێشمەرگەکانیان لە ڕاستیدا کارنەواڵێک بوو کە بە هەموو جیهانی سەلماند کە کورد یەک نەتەویەو خاوەنی یەک ئامانجە.

* ناردنی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ خۆرئاوای کوردستان لە یاسای نێونەتەوەییدا جۆرێک لە عورف دروست دەکاو ڕەنگە لە دواڕۆژیشدا ئەو حەرەکەتە ببێتە بەڵگەیەکی یاسایی کە کۆمەڵگای جیهانی لە ئێستادا ڕێگای داوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هانای ئەو پارچە لە کوردستانەوە بچێ کە تووشی شەرونەهامەتی بووەو هێرشو هەڕەشەی تواندنەوەو ژینۆسایدی لە سەرە.

لە کۆتاییدا ماوە ئەوەندە بڵێین کە ئەو حەرەکەتەی هێزی پێشمەرگە بڕیارێکی مێژوویی وا لە جێو کاتی خۆیدا بوو کە هەم سەلماندی لە سەردەمی ئێستادا کورد دەبێ زیاتر پشت بەخۆی ببەستێو هەم بە دەوڵەتانو دنیای دەرەوە بسەلمێنێ کە کورد یەک نەتەوەو یەک خاکە ئەگەر لە ئێستادا ناتوانێ یەک بگرێتەوە لە دواڕۆژدا ئەو یەک گرتنەوەیەی کورد هەر ڕوودەدا. هەروەها لە تەواوی ئەو ڕووداوانەدا کورد دەریخست کە شەرئەنگێز نییەو هەموو توانای خۆی بە کاردێنێ کە دژی تیرۆرو تیرۆریزم ڕابوەستێ چونکە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ کورد لە هەرچواربەشەکەی کوردستان قوربانی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتی بووە.

لە ژمارە ٦٤٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## سەد ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانیو مەسەلەی کورد

شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە ساڵی ١٩١٤ز بە دوای تیرۆری جێنشینی ئیمپڕاتۆری «ئۆتریش مجارستان» لە وڵاتی «بۆسنی» ڕووی داو لە ماوەیەکی کەموکورتدا تەواوی خاکی ئورووپاو بەشێکی بەرچاو لە ئاسیاو ئەفریقای گرتەوەو چوار ساڵی خایاندو بە پێی هەڵسەنگاندنێک کە کراوە دوو میلیۆن کەس لەو شەڕەدا کوژراوو بێسەروشوێن بوونو بیست میلیۆن کەسی دیکەش نقوستانو بریندار بوونو زیانێکی ماڵی زۆری لێ کەوتەوە کە لە ئەژمار نایە.

لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕ، وڵاتانی سەرکەوتوو لە بەرەکانی شەڕ نەقشەی سیاسی نوێیان بۆ دونیا بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشاو بە دابەشکردنی خاکی ئەو ئیمپڕاتوریەتانەی کە لە شەڕدا تێک شکا بوون بە چەندین وڵاتی دیکە وەک ئەرمەنستان، سووریە، عێراق، ئیسرائیل، عەرەبستان، میسر، سودان، مەغریبو لیبیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوونو سنووری سیاسییان بۆ دەست نیشانکرا. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو وڵاتانە بە پێی بڕگەکانی پەیماننامەی «سیڤەر» دروست بوون کە لەو پەیماننامەیەدا کوردستان لە فەسڵی سێهەم پێش ئەوانە ناوی هاتووەو سنووری جوگرافیایی بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام هەروەکی دیتمانو دەزانین بەشی کوردی لەو پەیماننامەیەدا بە فەرامۆشی سپیردرا. ئەگەر شەڕی یەکەمی جیهانی لە سەرەتاداو کاتی بەڕێوەچوونی شەڕەکەدا نەهامەتیو ماڵوێرانی بۆ مرۆڤایەتی بە دیاری هێنا و دوای شەڕ بوو بە ڕزگاریدەری چەندین نەتەوە لەژێر دەستی ئیمپڕاتوڕیو ئیستعمارگەری کە لەو سەردەمدا باو بوون هەروەکی لە سەرەوە ناوی ئەو دەوڵەتانەمان هێنا کە بە هۆی دابەشکردنی خاکی ئیمپڕاتوری لە دایک بوونو ئەو دەوڵەتو نەتەوانە توانیان دەسەڵاتو حوکمی سیاسی خۆیان دابمەزرێننو پێبەپێی ڕەوتی پێشکەوتنی دنیا لە بواری زانستو زمانو ئابووریو کلتوردا بچنە پێش.

ئەوەی لێرەدا جێگای سرنجو لێورد بوونەوەیە ئەوەیە کە کورد لە هەلومەرجی ئەوکاتدا یا نەیتوانی خۆی بسەلمێنێ یا ڕێی پێ نەدرا، هەر بۆیە لەو کاروانەو هەلە کە هاتبوو پێش وەدوا کەوت. کورد نەک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا قازانجی نەکرد بەڵکو ئەوەی هەشیبوو لە دەستیدا بە تایبەتی ئەو خاکەی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوری عوسمانی دابوو بەسەر سێ بەشی دیکەدا دابەشبوو و لەو کاتەوە کوێرەوەریو ماڵوێرانی کورد دەستی پێکرد، چونکە ئەگەر بە هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوە بێت پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی کورد بە تایبەتی ئەو بەشە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی دابوو وەزعی زۆرباشتر بوو لەو کاتەی کە دوای شەڕەکە ئەو ئیمپڕاتوریە دابەش بوو. بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەم کورد وەک نەتەوە دانی پێداهێنرابوو هەرچەند کیانێکی سیاسی یەکپارچە نەبووە بەڵام کوردستان لەلایەن چەندین دەوڵەتو میرنشین بەڕێوە دەچوونو لە ڕاستیدا هیچ سنوورێکی دەستکرد لە نێوان خاکی

کوردستان نەبووەو خەڵکی کوردستان بێ هیچ بەربەستێک گەرمێنو کوێستانیان دەکردو خزمایەتیو نزیکایەتی خۆیان پەرەپێدەدا. بەڵام دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی هەرچەند خاکی کوردستان نەکەوتەبووە مەیدانی جەنگی ڕاستەوخۆی لایەنەکانی شەڕ، بەڵام بەهۆی ئەوە بە بەشێک لە خاکی ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی مەزەندە دەکرا هەربۆیە لەلایەن بریتانیاو فەرانسەوە داگیرکراو سپای لێ نیشتەجێبوو. لەئاکامدا بە پێی چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوری عوسمانی وەک ڕێکەوتننامەی «سایکس پیکۆ» ١٩١٦- «سیڤەر» ١٩٢٠- «لۆزان» ١٩٢٣ پارچە پارچە کراو و کوردستان بە کردەوە بوو بە چوارپارچەو لێکدابڕاو تەنانەت ئەو دەسەڵاتە ئیدارەییو خۆبەڕێوەبەری کە لە ئیمپڕاتوریەتی عوسمانیدا هەیبوو ئەویشی لەدەستداو لە هیچکام لەو دە وڵەتە تازە دروستکراوو دەستکردەکان ئیزنی ئەوەی پێنەدرا کە بەشداری دەسەڵاتی سیاسیبێو لانیکەم ئیدارەی خۆی بێت. هەر بۆیە کورد لە سەرەتاوە بەو دابەشدابەش کردنەی خاکەکەیو نەتەوەکەی ناڕازی بووەو لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە چەندین شۆڕشی گەورەی بەرپا کردو دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە وە لەرزە خستووەو لەو ماوەیەدا ئیزنیان نەداوە کە دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری سەقامگیر لە کوردستان دابمەزرێنن. هەرچەند ئەو جووڵانەوانە بە گەلە کۆمەکی ناوچەییو زۆرجاران نێودەوڵەتی تێک شکێندراون، بەڵام هێندەی نەخایاندووە کە شۆڕشو جووڵانەوە حەقخوازانەکانی کورد سەری هەڵداوەتەوەو هەتا ئیستاش کە ١٠٠ساڵ بەسەر هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تێپەر دەبێ هەر بەردەوامە.

بەردەوامی شۆڕشو جووڵانەوەکانی کورد بۆ گەیشتن بە مافە زەوت کراوەکانی خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هێزە سەرکەوتووکانی شەڕی یەکەمی جیهانیو داڕێژەرانی پەیماننامەی «سایکس پیکۆ» ئەوکات هەڵەیەکی گەورەیان دەرحەق بەکورد کردوە کە نەتەوەیەکی گەورەیان لە بوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بێبەش کردوە. هەر بۆیە هەتا ئیستا ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ساڵ کە نەقشەی دروست بوونی دەوڵەتانی نوێ بە هۆی پەیماننامەی «سایکس پیکۆ» لێ پیادە کراوە نەیتوانیوە سەقامگیرو ئاشتی بەخۆیەوە ببینێ.


کورد دوای شەڕی یەکەمی جیهانی زمانو کلتوری خۆی لێ قەدەغەکرا، لەگەڵ هەر سەرهەڵدانێک بۆ داخوازی مافەکانی بێبەزەیانە قەتلعام کراو تەنانەت کار گەیشتە جێگایەک کە ئەنفالو کیمیاباران کرا، لە زێدو خاکی خۆی هەڵقەندراو بەرەو شوێنی غەریبو دوور لە کوردستان ڕاگوێزرا. دونیای دەرەوە لە سەدەی بیستەمدا خۆی لە ئاستی هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە ئەوان بەسەر کوردیان دا هێنا بوو بیدەنگ و کڕکرد چونکە کورد نە بەشێک بوو لە هەڵگیرسانی شەرەکەو نە بەشێک بوو لە درێژەپێدانی شەڕەکە، بەڵام هەروەکی گوترا ئەوەی زیانی وێکەوت کورد بووە کە دوای ١٠٠ساڵ تێپەربوون بەسەر دەستپێکی شەڕەکە ئاسەواری هەروا بەزەقی لەسەر کوردو خاکەکەیو تەنانەت فەرهەنگو زمانەکەشی دیارەو بەرچاوە.

لە کۆتاییدا کاتێک دەتوانرێ ئەو ئاسەوارە شوومەی شەڕی یەکەمی جیهانی کە بەسەر کوردی هێناوە لابچێ کە دەوڵەتە

زلهێزەکانی ئێستای دونیاو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕوونیو بە ئاشکرا پێ لەوە بنێن کە ١٠٠ساڵ لەوەی پێش غەدریان لە کورد کردوەو نەقشەی سیاسیو ئیداری «سایکس‌پیکۆ» بۆ کورد نەقشەیەکی هەڵەیەو کورد دەبوایەو دەبێ خاوەنی کیانێکی سەربەخۆبێت هەتا ناوچەکە ئاسایشو ئارامش بەخۆیەوە ببینێو لەهەمان کاتدا ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردابەش کراوە دوای ١٠٠ساڵ دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە بە ئیدامەی سیاسەتی دژبە کوردیان ناتوانن کورد بکەن بە فارسو تورکو عەرەبو دەبێ کورد بەشداری ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری وڵاتبێو چارەنووسی خۆی لە هەرشێوەو شێوازێک دابێ بەدەستی خۆی بێ.

**لە ژمارە ٦٤٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤**



## دوو لایەن بە دوای چیدا دەگەڕێن؟

ماوەی ١١ ساڵە کێشەی ناوەکی ئێران بۆتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک « آژانس نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو شورای بڕیاردەری ئەو ئاژانسەو شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو یەکیەتیی ئوروپاو چەندین وڵاتی پێشکەوتووی سەنعەتی دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٩ کۆبوونەوە لە پێتەختی ١٣ وڵاتی دنیا لە نێوان ئێرانو هەموو ئەولایەنانە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بەڕێوە چووە کە ئێران نەتوانێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

ئاخرین وتووێژ کە لە ساڵێک پێشترەوە ریکەوتو رۆژی بۆ دیاری کرابوو لەسەر وادەی دیاریکراو لە «مسقط» پێتەختی عمان بە بەشداری وەزیری دەرەوەی ئێرانو وەزیرانی وڵاتانی ١+٥ بەڕێوەچووو هەموو لایەک چاوەڕوانی ڕۆژی دیاریکراو واتە ٢٤ی نوامبر بوون کە لەو ڕێکەوتە هەردوو لایەن بگەنە ئامانجێک بەڵام نەگەیشتنە ئامانجی کۆتاییو شوێنی وتووێژەکەشیان گۆڕی بۆ ویەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش بەڵام هەروەکی ڕاگەیاندرا دوای ئەو هەموو ساڵەو ئەو هەموو وتووێژە دیسان وتووێژەکانیان بۆ حەوت مانگی دیکە وەدوا خراو بۆ نیشاندانی نیازپاکی بە یەکتر بڕیاریان دا مانگانە ٧٠٠ میلیۆن دۆلار لە ماوەی ئەو حەوت مانگە لە پووڵی فرۆشی نەوتی ئێران کە بلوک کراون بدەن بە ئێرانو ئێرانیش لەو ماوەیەدا بە کردارو رەفتار نیازپاکی خۆی بە لایەنەکەی دیکە واتە ١+٥ نیشان بدا.

ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە لە ماوەی نزیک بە یازدە ساڵە ئەو دوو لایەنە بە دوای چیدا دەگەڕێن؟ و بۆلایەنێک ناتوانێ لایەنەکەی دیکە بە کردەوەی خۆی رازی بکا؟ بەپێی راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ئیران دەیهەوێ دەستی بە چەکی ناوەکی را بگا کە ئەوەش بە دوو هۆ ئێران ناتوانێو ڕێگەی پێنادەن کە دەستی بگاتە زانستی ناوەکی. یەکەم بەپێی پەیمانی ڕێگری لە بڵاوبوونەوە یان پەرەگرتنی چەکە ناوەکییەکان، ئێران ئیزنی پێنادرێ ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی چونکە لە خاڵی یەکەمی ئەو پەیماننامەیەدا کە ساڵی ١٩٦٨ ئیمزا کراوەو ئێرانیش لە دوایدا چۆتە ناو ئەو پەیمانە، دەڵێ «... ئەو وڵاتانەی کە چەکی ناوەکییان نییە پەیمان دەدەن کە کەرەسەی لەو بابەتە نە وەردەگرنو نە بەرهەمی دێننو داواکاری لەو وڵاتانی دیکەش ناکەن بۆ دروست کردنی چەکێکی لەو بابەتە».

دووهەم، ئێران بە هۆی رابردوویەکی کە هەیەتی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤو دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەو پەروەدەکردنی تێرۆریستو ناردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکانو هەڕەشە لە وڵاتانی وەک ئیسرائیل کە لە سەر گۆی زەوی پاکی دەکاتەوە ئەو ترسو دڵەراوکێیە لای دەوڵەتە زلهێزەکانو وڵاتانی ناوچەکە دروست کردوە کە ئەگەر ئێران دەستی بە

چەکی ناوەکی رابگا ئێحتمالی ئەوە هەیە ئاشتیو تەبایی لە ناوچەکەدا بکەوێتە مەترسیو هەڕەشە بێت لەسەر ئاشتی هەموو دنیاو ئەوە دەچێتە خانەی ڕەچاو نەکردنی بەشی حەوتەم لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ.

بەشی حەوتەم لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ئەو ئیزنە دەدا بە شورای ئەمنیەتیی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ پاراستنو راگرتنی ئاشتی لە جیهاندا بڕیاری تایبەت بدەنو تەنانەت ئەگەر پێویست بوو لە رێگەی هێزی نیزامییەوە واریدی عەمەل بن بۆ پاراستنی ئاشتیو تەبایی لە جیهاندا.

ئێران وەک واحیدێکی جوغرافیایی هەموو کاتێک بۆ وڵاتانی رۆژئاواییو رووسیە لە ناوچەکەدا گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە. رووسەکان هەموو کات ئارەزوویان هەبووە لە رێگەی ئێران بگەنە ئاوە گەرمەکانی خەلیجیفارسو دەریای عمانو لەوێشەوە بەرەو ئاوە ئازادەکان بڕۆنو بەپێچەوانەوە وڵاتانی رۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمریکاو بریتانیا لە پێوەندییەکانی خۆیاندا گرینگی تایبەتیان داوە بە ئێرانو نەیانویستووە رووسیە جێگەو پێگەی بەهێزی هەبێ لە ئێراندا. ئەوەتا ئایزنهاو سەرکۆماری ئەمریکا لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی سەبارەت بە ئێران ئاوا دەڵێ: «پێم شک نایە ناوچەیەک گرینگتر لە ئێران لەسەر نەخشەی جوغرافیایی دنیادا هەبێ. ئێران خاوەنی نەوتەو لەسەر چوارڕێیانی دنیا هەڵکەوتووە. ئەگەر رۆژگارێک تارانو مۆسکۆ ببنە هاوپەیمان، جێگەیەکی ئەمن بۆ رۆژئاوا لەسەر گۆی زەوی پەیدا نابێ. هەروەها نابێ هەلو مەرجێک پێک بێ کە ئێران بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دوورەکانی خۆیو ببێتەوە بە هێزێکی نیزامی گەورە.

بەو تێڕوانینە دەبینین ئێران گرینگی خۆی هەیەو هەر ئەو گرینگیە ئەگەر بەدەست دەسەڵاتێکی سیاسی دێموکراتیکو خەڵکی بوایە رەنگە ئێران توانیبای لە ناوچەکەدا وەک زلهێزێکی ئابووریو سیاسی دەرکەوتباو راستەوخۆ کاریگەری دەبوو لەسەر سەقامگیری ئاشتیو تەبایی لە ناوچەکەدا. بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەرکی بەو راستییەش کردبێ کە ئێران وەک واحیدێکی جوغرافیایی سیاسی جێگەو پێگەی گرینگی هەیە لە ناوچەکەدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی باشو ئەرێنی کەڵک لەو هەڵکەوتە جوغرافیاییە وەربگرێ بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەی ئەو راستییە کەڵکی لە گرینگی ئێران وەرگرتووەو لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوودا وای عەمەل کردوە کە جیهانی دێموکراسیو پێشکەوتوو بە تەواوی لێی بترسێ هەر بۆیە هەر کردارێکی ئێران بتوانێ هێزی نیزامیو ئابووری ئێران بە هێز بکا جیهانو بەتایبەتی رۆژئاوا دژایەتی لەگەڵ دەکەن.

ئێستا با بزانین بۆ وتووێژەکانی نێوان ئێرانو وڵاتانی ١+٥ بۆ هەردرێژ دەبێتەوەو بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئیشارە بە چەند خاڵ جێ ناکۆک لە نێوان ئەو دوو لایەنە بکەین:

- ئێران دەزانێ دنیای دەرەوە بەتایبەت زلهێزەکانی ئێستا قەبووڵ ناکەن ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانهەوێ بە پێداگری خۆیان لەسەر پیتاندنی ئۆرانیوم ئیمتیازی زیاتر وەربگرنو زەمانەتی ئەوە بدەن بە ئێران دوای بەستنی پەروەندەی ناوەکی ئێران، باسێک لە پەروەندەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێران نەکرێو هەوڵی ئەوەش نەدرێ دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا لاواز بکەنو بێ سێو دوو لێکردن ئابلۆقەکان لەسەر ئێران لابچێ.

بەڵام مەبەستەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا یا ٥+١ دروست بە پێچەوانەی ویستەکانی کۆماری ئیسلامیە. ئەوان دەزانن کە ئێران وڵاتێکی گەورەیە و خاوەنی کانگایکی ژێر زەوی زۆرە و لە هەمان کاتدا بازاڕێکی گەورەی مەسرەفە. بۆ ئەوە ناوچەکە ئارام بێت بەو ناسیاوییەی لە ئێران و کۆماری ئیسلامی هەیانە، دوو ڕێگایان لە پێشە. یەکەم هەوڵ بدەن سیستمی کۆماری ئیسلامی بڕوا و لە جێگای ئەو سیستمێکی دیموکراتیک و خەڵکی بێنە سەرکار، کە هەر وەکی دەبینین ئێستا ئەو هەوڵەیان لە دەستوری کاردا نییە. دووهەم، بتوانن ئێرانو سیستمی کۆماری ئیسلامی دەستەمۆ بکەن بێجگە لەوە کە پێشگیریان کردەوە لە دروست کردنی چەکی ناوەکی چەندین ئامانجی دیکەشیان پێکاوە.

**بەڵام لە نیشانەکان را وادەردەکەوێ کە ئەو پرسەیە ڕێگایەکی دوورو درێژی لە پێشە چونکە:**

**ئێران دەیهەوێ هەر دوای مۆر کردنی ڕێککەوتنامەکە ئابلوقەکان چ ئابووریو چ سیاسی بێ ئەولاو ئەولا لابچن.**

* بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاووایی دەیانهەوێ وردەوردە ئەو کارانە بکەن هەتا بەتەواوی لە ئێران دڵنیا بن.
* وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەیانهەوێ ئێران توانای پیتاندنی ئۆرانیوم بێنێتەو خوارێو نەتوانێ چەکی ناوەکی دروست بکا.
* ئێران سوورە لەسەر ئەوەی کە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە هەر ڕادەیەک دابێ مافی یاسایی خۆیەتیو هیچ لایانێک ناتوانێ لەو مافە بێبەشی بکا.
* ئێران نایهەوێ ڕاپۆرتی دروست بدا لەسەر ئەو مادە تەقێنەوانە کە دەتوانرێ چەکی ئەتومی پێ دروست بکرێ.
* هەر بۆیە ئاژانسی ئەتومی پەروەندەی ناوەکی ئێران وەک سکاڵا بردۆتە بەردەمی شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووکان.

**بێجگە لەوانە هەم ئێرانو هەم وڵاتانی ٥+١ دەبێ لەسەر ئەوانەی خوارەوەش بگەنە تەوافوق.**

* دیاری کردنی چوار چێوەیەک کە جێگای پەسەندی هەر دوولا بێت بۆ پیتاندنی ئورانیۆم.
* دیاری کردنی ڕادەی سانتریفیوژەکان .
* دیاری کردنی چوارچێوەیەکی زەمانی بۆ چالاکییەکان.
* دیاری کردنی شێوەو ڕێکاری ئابلوقە ئابووریەکان.



سەرچاوە Serchawe

روون کردنەوەو ئاشکرا بوونی چالاکی دامودەزگای ئەتومی ئێران لە «فردو، ئەراک» بە ڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کرد دەبێ ئیشارە بە چۆنیەتی لابردنی ئابلۆقەی ئابووریەکانو کۆسپەکانی بەردەم لابردنیان بکەین. چونکە لە راستی دا چوار جۆرە ئابلۆقەی ئابوری خراوەتە سەر ئێرانو هەرکامیان نیازی بە رێکاری یاسایی خۆی هەیەو کاتو زەمانی پێویستە.

١- ئابلۆقەکانی شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووکان

٢- ئابلۆقەی یەکێتی ئورووپا

٣- ئابلۆقە یەکلایانەکان کە دەوڵەتان بە تەنیا کردوویانە وەک ئەمریکا، بریتانیا، کانادا

٤- ئابلۆقەکانی کۆنگریسی ئەمریکا.

لێرەدا زۆر بە کورتی باس لەو ئابلوقە ئابووریانە دەکەین کە لە چۆن پەسەند بوونو دەبی بۆ لابردنیان چ رێگایەک بگریتە بەر.

### ١- ئابلۆقەکانی شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان

دوای ئەوەی شورای حکام ئاژانسی وزەی ئەتومی جیهان پەروەندی ئەتۆمی ئێرانی نارده بەردەم شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووکان لە ساڵی ٢٠٠٦ م هەر ئێستا بە ٦ قەتعنامە ئێرانیان مەحکووم کردوە (١٦٩٦، ١٧٣٧، ١٨٠٣، ١٩٢٩) و لە چوار قەتعنامەی دوایی را دەستنیشانی ئەو ناوەندو ریکخراوەو کەسایەتیانەیان کردوە کە دەستیان هەبوە لەسەنعەتی ئەتۆمی کردنی ئێران کە ئەو راستەو خۆ درگای بۆ دەوڵەتەکان ئاواڵە کردۆتەوە کە بە نۆرەی خۆیان ئابلۆقەی ئابووری بخەنە سەر ئێران. هەروەها بۆ باشتر بەرێوەچوونی ناوەرۆکی ئەو قەتعنامانە شورای ئەمنیەت بە چەندین کۆمیتەی چاوەدێری تەحریمەکان دەست نیشان کردوە و هەموو دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەرکە لەسەریان لە چوارچێوەی بەندەکانی ئەو قەتعنامانە نەچنە دەرێ. بەڵام هەر کاتێک شورای ئەمنیەت بیهەوێ ئەو ئابلۆقە ئابووریانە لە سەر ئێران لابەرێ پێویستی بەچەندین کۆبوونەوە هەیەو گوێ لە راپۆرتی کومیتەکانی چاوەدێری بگرێو هەرکام لەو قەتعنامانە کە بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەتی ئێران پەسەند کرابوون، دەبێ بە جیاو بە قەتعنامەو یەک بە یەک لابچن.

### ٢- تەحریمەکانی یەکێتی ئوروپا:

دوا بە داوی تەحریمەکانی شورای ئەمنیەت، شورای وەزیرانی یەکێتی ئوروپا کۆبوونەوەو یەک ریزە تەحریمانە خستیانە سەر ئێران کە بە چەندین بانکو دامەزراوی پیشەسازی کەس یا کەسانی بەریوەبەری کۆماری ئیسلامی لە خۆ دەگرێ.



سەرچاوە
Serchawe

هەرکاتێک ئێران و ٥+١ گەیشتنە ئەنجام پێویستە ئابلۆقە ئابوورییەکان لابچێ بەڵام بۆ ئەو کارە پێویستی بە کۆبوونەوەی شورای وەزیرانی ئوروپا هەیە و دەبێ لە سەر ئەو مەسەلەیە کۆدەنگی تەواو لە شورای وەزیرانی یەکێتی ئوروپا دروست بێ.

٣- ئامریکا یان کاناداو یا هەر وڵاتێکی دیکە ئەگەر دەوڵەتەکە واتە هیزی ئیجرایی بە فەرمانو بڕیاریکی گەلاڵەی تەحریمێکیان بە دژی ئێران پەسەند کردوە دەتوانن هەر وابە بڕیار یا فەرمانێکی سەرۆکی دەوڵەت ئەو ئابلۆقانە ئابووریانە لە سەر ئێران لابچن.

## ٤- تەحریمە کانی کۆنگرێسی ئامریکا:

ئەو بەشە لە تەحریمەکان بە دژی ئێران رنگە دژاو ترین حاڵەت بن بۆ لابردنیان چونکە بە پێی یاسای ئەمریکا هەر لایحەیەکو گەڵالەیەک لە هەروو مەجلیس نوێنەرانو سەنا تێپەری حوکمی قانون وەردەگرێ وبۆ هەڵوەشاندنەوەی پێویستی بە رەزامەندی هەر دوو مەجلیسی نوێنەرانو سەنا هەیەو رەنگە هەڵبژاردنەکانی ئەو دوایانەی کۆنگریسی ئامریکا کە کۆماری خوازەکان تێدا باڵادەست بوون، کاری دەوڵەتی ئۆباما دژاوتر بکا بۆ لابردنی هەموو تەحریمانەبە یەکجاری.

بە پێی یاسای نێو خۆی ئامریکا دەوڵەت هیچ دەسەڵاتی ئیجرایی نییە لەسەر لابردنی تەحریمەکانی کۆنگرێسی ئامریکاو تەنیا دەتوانێ ٦ مانگ ئیجرا کردنو بەرێوەچونیان وە درەنگی بخا. هەر وەکوو باسمان کرد ئەو تەحریمانە کە لەلایان کۆنگرێسی ئامریکا دەست نیشان کراون  بوون بە قانوونو ئەو ترسە هەیە ئەگەر ئێران پابەند نەبێ بە رێکەوتنەکە، خۆ ماندوو کردن و زەحمەتی زۆری پێویستە جارێکی دیکە بکرینەوە بە قانوون.

لە کۆتایی دا ترس لە لابردنی تەحریمەکان دا هەتا تەوافوقی یەکجاریو دروست بوونی متمانەی دوولایانە هەر هەیە. چونکە دوای ١١ ساڵ ئێستا کۆدەنگێکی جیهانی بە دژی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی ئێران دروست بووەو رەنگە جارێکی دیکە وا بە ئاسانی دروست نەبێتەوەو جارێکی تر چینو رووسیە نەگەڕێنەوە نێو هاوبەندێکی وەک ئێستا کە هەیە چونکە هەر وڵاتە بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێ.

لە ژمارە ٦٤٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  رێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆژی پێشمەرگە، ڕۆژی هەلکردنی ئاڵای کوردستان

هەر لەو کاتە دا کە ٢٦ی سەرماوەز بە "ڕۆژی پێشمەرگە" ناودێر کراوە، ڕۆژێکیشە کە تیایدا بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیایدا هەڵکراوە. بۆیە دەبێ ئاواتە بخواز بین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاڵای کوردستان بە دەستی هێزی پێشمەرگە لە هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە بشەکێتەوە.

ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی بەرگریکاری کورد، ناوێکە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە بەژنو باڵای ئەو ڕۆڵە ئازاو جوامێرانەی گەلی کورد بڕاوە کە، بە فیداکردنی گیانیان هەوڵ دەدەن گەلی کورد بە مافو ئازادییەکانی بگاو لە هەمان حالدا پارێزەری ئەو مافو ئازادییانەشن.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە قەت لە بیرو زێنی تاکی کورد ناسڕێتەوە. چونکە لەو ڕۆژدا ئاڵای کوردستان بە فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەربانی بنکەی سەرەکیی ئەم حیزبە لە شاری مەهاباد کە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو، هەڵدرا. بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤاری "کوردستان" کە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، بۆ یەکەمجارو بە ئاشکراو لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر، ئاڵای کوردستان لەم شارە هەڵدرا.

٣٠ ساڵ لەوەی پێشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناودێرکردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک "ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان"، دەست پێشخەرییەکی جوانی کردو ناوی پێشمەرگەو بیرەوەریی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێکەوە گرێ دا.

ساڵی١٣٦٣ی هەتاوی، لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی کوردستانو لە کاتێکدا کە هەموو ڕۆژێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئازایەتیو گیانبازیی خۆی بە گژ سوپای تاریکیو نەزانیدا دەچووەو زەبری گەورەو بەژانی لە پەیکەری سپای تاریکی دەدا، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ قەدرزانیو ڕێزلێنان لە ئازایەتیو جوامێریی هێزی پێشمەرگە بڕیاری دا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بکرێ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لە ڕاستیدا پێشمەرگەو ئاڵا دوو سامانی نەتەوەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانن کە هەردووکیان لە سێبەری کۆماری کوردستان دا گەشە و باڵایان کرد. ئاڵا ناسنامەو ڕەمزی نەتەوایەتی گەلی کوردەو پێشمەرگە پارێزەری ئەو ئاڵایەیە.

دوای نزیک بە ٧٠ساڵ بە هۆی فیداکاریو ئازایەتیو خوێنو قوربانیدان، ناوی پێشمەرگە چۆتە نێو ئەدەبیاتی جیهانیو لە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا، وشەی "پێشمەرگە" بۆتە ناوێکی ئاشنا.

لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان بە هەموو توانای خۆیانەوەو لە ڕێگای پڕۆپاگەندەی زۆرەوە هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە خەوشدار بکەنو لەبەر چاوی خەڵکی کوردستانی بخەنو لە دنیادا بە جۆرێک بیناسێنن کە بچێتە خانەی تیرۆریستو پیاوکوژ. بەڵام دەبینین لە بەرامبەر ڕەوایی، جوامێریو ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەدا، ئەو پڕۆپاگەندانە نەک کاریگەریان نەبووە بەڵکو لە سەردەمی ئێستاداو بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو بەربەرەکانیی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر تیرۆرو تۆقاندندا هەر ئەو دەوڵەتانە بە ڕەسمی ناوی پێشمەرگە وەک ڕزگاریدەرو پارێزەری مافە ئینسانیەکان دەهێنن.

لە هەلومەرجێکدا یادی ڕۆژی پێشمەرگە دەکەینەوە کە بە داخەوە هەتا ئێستاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەچاوی ئەمنیەتییەوە دەڕوانێتە پرسی کورد. ڕۆژ نیە چەند کەس لە خەڵکی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر ڕاپێچی ئیتلاعاتو زیندان نەکرێن.

بە پێی ئامارەکان زۆرترین ڕێژەی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێراندا بەر چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی کورد کەوتوە. ڕۆژ نیە لەسەر سنوورەکان کاسبکارانی کورد کە لە بەر بێکاریو هەژاری ڕوویان لە کۆڵبەری لە سنورەکان کردوە، نەکەونە بەردەسڕێژی هێزە بە ناو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لێ نەستێندرێ. بە کورتی ئەگەر چی ئەو ڕێژیمە خۆی وەک دۆستی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشان دەدا و بە ناوی دۆستایەتی لە گەڵ هیزە سیاسییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە، هەوڵ دەدا دەست بخاتە نێو ئالوگۆرە سیاسییەکانی ناوچە، لە نیوخۆی ئێران و لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەداخەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا پێک نەهاتووە. ڕێگە نەدانی ئەو ڕێژیمە بە خەڵک بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەو مەدەنی یەوەو سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتی دەربڕینێکی هێمنانە، پێمان دەڵێ کە بە هیچ جۆر نابێ لە شێوەکانی دیکەی خەبات و یەک لەوان بەرەنگاری لە بەرانبەر ستەم و تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە بە هۆی هیزی پێشمەرگەوە، غافڵ بین. هەتا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە هەموو دەرگاکانی بۆئاوڕدانەوە و گوێگرتن لە داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخستوون، بایەخدان بە بەرگریی پێشمەرگانە و پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری لە هەلومەرجی گونجاودا، دەبێ لە بەرنامەی چالاکیی و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی کورد دا هەبێ.

لە کاتێک دا یادی یەکەم هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، کە نزیک بە ٣٠ کەس لە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان لە بەندیخانەی ورمی، ٢٥ ڕۆژە انیان لە خواردن گرتووە. ئەوان داوایەکی

زۆر ئینسـانی و سـەرەتاییان هەیە: دەیـانەوێ وەک بەنـدیی سیاسـی رەفتاریـان لە گەڵ بکـرێ و ئەو مافانەیـان هەبـێ کە پێویستە هەر بەندییەکی سیاسی هەیبێ. لێرەوە جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لە مانگرتنەکەیان و لە داوا ڕەواکەیان دووپات دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤



## ساڵی: ٢٠١٥

---

### کۆماری ئیسلامیو داعش دوو ڕووی دراوێکن

لە ساڵی ڕابردوودا شاهیدی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام بووین کە بە ناوی کورتکراوەی داعش دەناسرێ. کاتێک چاوبە کردارو ڕەفتارو یاساکانی ئەوگروپەدا دەخشێنین لە گەڵ ڕاستیەک بەرەوڕوو دەبین کە ئەویش وێچوویەکی زۆری داعش لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

کۆماری ئیسلامی وەک داعش هەرکە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت کەوتە گیانی ئازادییەکانو لە ژێرناوی ئیسلامو شەریعەتدا کەوتنە دەستتێوەردان لە هەمووکەلێنو قوژبنێکی ژیانی تاکوکۆ. لە ڕەنگو پۆشینی جلوبەرگرا بگرە هەتا دەگاتە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵو چاودێری بە سەرشێوەی خوێندنو پەروەردەو دەرکردنو بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی وەک کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە، بەرتەسک کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافەکانی ژنان.

یەکەم کاری کۆماری ئیسلامی کاتێک بە دەسەڵات گەیشت ئەوە بوو کەبەناوی شەریعەتی ئیسلامەوە ترسو دڵەڕاوکێ لە ناودڵو دەروونی هەرتاکێکی کۆمەڵگای ئێراندا بچێنێ بۆ ئەوە کەس لەخۆی ڕانەبینێ کە دژایەتی لە گەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بکا و تەواوی ئەو کارانەی لە ڕێگای قانوونەکانیەوە دەرخواردی کۆمەڵگای ئێرانداوە، بۆنموونە ئەگەر کەسێک جیابیربێو بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی لە گەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بکا، بە پێی قانوونی سزادانی کۆماری ئیسلامی ئەوکەسە دژبەری خودایە، واتە محاربەیەو حوکمی دژایەتی لە گەڵ خودا ئێعدامە.

ئێستا کە داعشیش توانیویەتی ناوچەیەکی بەربەرینو دوور لە چاوەڕوانی لە عێراقو سووریە دەست بەسەردا بگرێ، هەروەکی لەپێشدا گوترا لە شێوەوڕەفتارو قانوونەکانیاندا تەواو کۆپی کۆماری ئیسلامینو تەنیا جیاوازیەک هەیانبێ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بە ناوی مەزهەبی شیعە کە باوەڕی بە ویلایەتی ڕەهای فەقیە هەیەو داعش باوڕیان بە سونی سەلەفی جیهادی هەیە. داعشیش بە ناوی شەریعت دەستتێوەردان لە هەموو ئەو شتانە دەکا کە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە و لە ڕێگای یاساکانیانەوە لە سەدەی ٢١دا شێوەی ڕەفتارو کردارێک بەرێوە دەبەن کە بە چەندین سەدە

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە خۆی دور کردۆتەوەو تووڕی هەڵداوە. هەروەکی پێشتر باسمان کرد کە کۆماری ئیسلامیو داعش لە بیرو باوەڕی مەزهبیدا جیاوازیان هەیە. بەڵام هەردووکیان بناژۆخوازنو بەداخەوە هەردووکیان بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە خەریکی خولقاندنی جنایەتو کوشتارو پاکتاوکردنی ڕەگەزیو ئایینی خەڵکانی ئەوناوچانەن کە دەسەڵاتیان بە سەریاندا زاڵ بووە.

ئیشارە بە چەند نموونەیەک لە کارو کردەوەکانیان باشتردەتوانێ ئەو وەیەک چونانەیان دەربخا. وەکی دادگاکانی شەرع، ئێعدامەکانی سەرشەقام، تێڕوانینیان بۆ مافەکانی ژن، تێڕوانینیان بۆمافی کەمەنەتەوەکانو کەمە ئایینیەکان زۆر وەیەکچوونی دیکە کە ڕەنگە لەو وتارەدا جێگای نەبێتەوە.

هەم داعشو هەم کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیاندا بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بە جێگای دادگاو پارێزەرو داواکاری گشتیو یاساو ڕێسا بۆ پێڕاگەیشتن بە قسەی خۆیان بە تاوانو تاوانکاری لە داداگای شەرع کەڵک وەردەگرنو تاوانبار کراو بێ ئەوە مافی دیفاع لە خۆی هەبێ یا بزانی لە سەر چی گیراوەو دادگایی دەکرێ، لە لایەن کەسێکەوە بەناوی حاکمی شەرع حوکمی بۆدەردەچێو سزای بەسەردا دەسەپێندرێو زۆربەی سزاکانیش سزای جەستەییو ڕۆحین کە لە سەدەکانی ناوەڕاست باوبوونو لە دنیای پێشکەوتووی ئێستادا بە هیچ جۆرکەڵکیان لێ وەرناگیرێ.

نموونەیەکی دیکە دەتوانین باسی ژنو مافەکانیان بکەین، لە هەردووسیستمی دەوڵەتی ئیسلامیعێراقو شامو کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە پێی یاساو ڕێساکان ژن وەک کۆیلەی پیاو چاوی لێ دەکرێ. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ژن شوێنی لە ماڵەوەیەو کاری پەروەردەکردنی منداڵو پێڕاگەیشتن بە ماڵو ژیانەو مافی ئەوەی نیە بگاتە زۆر پۆستی بە ڕێوەبەری وڵات و بەکورتی ئەو مافەی بە پیاو دراوە بە ژن نەدراوە بۆ نموونە هەر لەسەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ مەسەلەی جلوبەرگ و شێوەی داپۆشینی ژن، گرفتێکی گەورەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بووەو هەموو کات بە هێزی مادیومەعنەوەی خەریک بوون ئەو فەرهەنگە بسەپێنن کە خۆیان باوەریان پێیەتی. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی حیجابی ژنان ئەوەندە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرینگە؟ وڵامەکەی تەنیا ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ژن موڵکی پیاوەو پیاو مافی ئەوەی پێدەدرێ کە چۆن شورەودیوار بە دەوری موڵکو ماڵی خۆی دا بکێشێ بەو شێوەیەش مافی هەیە ژنەکەی داپۆشێ و لەبەر چاوی بێگانە بیشارێتەوە. داعەشیش لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەمان فکرو تێروانینی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنانی هەیەو تەنانەت چەند هەنگاوێش وەپێش کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوە، بە دەرکردنی حوکمی حەڵاڵ کردنی کڕینو فرۆشتنی ژنانو کچانی غەیرە ئیسلام رووی کۆماری ئیسلامییان سپی کردۆتەوە. دیتمان دوای داگیرکردنی شەنگال ئەو ژنو کچانەی بە دیل گیرابوون وەک کۆیلە ڕفتاریان لەگەڵ دەکەن و لە نێو خۆیاندا کڕینو فرۆشتنیان پێ دەکەنو تەنانەت وەک دیاریو دەستخۆشانە دەیدەن بە یەکتری. کاتێک



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگای جیهانی ناڕەزایەتی دەردەبڕیٚ زۆر سەهلو ئاسان لە راگەیەنە گەشتییەکانی خۆیان دا ڕادەگەیەنن کە بەدیل گرتنی ژنانو کچانی ئیزەدیو فرۆشتنیان وەک کۆیلە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بووە.

ئەگەر ڕفتارو کرداری داعشو کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کوردستانو نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنین دەبینین هەر دووکیان هەر هەمان رەفتارو تێڕوانینیان هەیە سەبارەت بە کوردستانو نەتەوەی کوردو تەنیا جیاوازیەک کە هەیە ئەویش بواری زەمەنییە، داعش ئێستا قەتلو عامی کورد دەکاو کوردستان داگیر دەکاو کۆماری ئیسلامی ٣٥ ساڵ لەوە پێش لەو شێوە قەتل و عامەی لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە .
داعش لە شنگال کوشتاری بە کۆمەلی کوردانی ئیزدی دەکاو کۆماری ئیسلام لە قارناو قەڵاتانو چەندین شوینی دیکەی کوردستان ئەو قەتلعامەو کوشتارەی کردوە، وەک داعش روحمو بەزەییان بە کەس دا نەهاتۆتەوە.

لە کۆتایی دا ئەوەی جێگای سەرسوورمانە ئەوەیە کە ئیستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی داعشو داعشیەکان بە کافرو غەیرە ئیسلام دادەنێنو بەردی مرۆڤ دۆستی لە سینگیان دەدەن خۆیان لە بەرەی دژەتیرور دادەنێن ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی ئوروپاییو ئامریکایی لە سەر بەڕێوەبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەچەندین جار مەحکووم کراوە .

لە سەردانو لێدوانەکانیان بۆ هەرێمی باشووری کوردستان خۆیان بە دۆست وهاوپەیمانی کورد دادەنێن، بی ئەوە خۆ لەو ئەو راستییە بدەن کە ئەگەر داعش مەترسی بۆ سەر ئیرانو مەزارگە پیرۆزە کانی شیعە لە عیراق دروست نەکردبایە، قەت ئێران ئامادە نەبوو وا بەخێرا چەکو یارمەری بنێریو وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بە پەلە بگاتە هەولیرو ئەوە لە حاڵێک دایە ساڵێک لەوە پێش سەرکونسولگەری ئێران لە سولەیمانیە لە وتارێکدا کوردی بە نەتەوە داندەناو زمانەکەشی بە زمان ئەژمار نەدەکرد، بەڵام کاتێک لە ماوەیەکی کورتدا داعش گەیشتە نزیک سنوورەکانی ئێرانو لە ناوخۆی عێراقیشدا مەترسی خستە سەر سامەڕاو بەغدا، کۆماری ئیسلامی وەخۆ کەوت، بە دەرکی ئەو راستییە کە ئێران بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەریٚ، لە هیچ سەردەمانێکدا دۆستی ڕاستەقینەی کورد لە باشووری کوردستان نەبووو تێروانینی کۆماری ئیسلامی بۆ مەسەلەی کورد هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ تیڕوانینی داعش کە هەردوک لا نایانهەویٚ کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی بیٚ، بەڵکوو پێیان باشە لە ژێر دەسەڵاتی وەلی ئەمری موسلمین وخەلیفەی ئیسلام وەک ئومەتی ئیسلام بژین نەک نەتەوەیەکی سەربەست و ئازاد.

ئەم بابەتە لە ژمارە ٦٤٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامیو داعش دوو ڕووی دراوێکن

لە ساڵی ڕابردوودا شاهیدی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام بووین کە بە ناوی کورتکراوەی داعش دەناسرێ. کاتێک چاوبە کردارو ڕەفتارو یاساکانی ئەوگروپەدا دەخشێنین لە گەڵ ڕاستیەک بەرەوڕوو دەبین کە ئەویش وێچوویەکی زۆری داعش لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

کۆماری ئیسلامی وەک داعش هەرکە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت کەوتە گیانی ئازادییەکانو لە ژێرناوی ئیسلامو شەریعەتدا کەوتنە دەستتێوەردان لە هەمووکەلێنو قوژبنێکی ژیانی تاکوکۆ. لە ڕەنگو پۆشینی جلوبەرگڕا بگرە هەتا دەگاتە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵو چاودێری بە سەرشێوەی خوێندنو پەروەردەو دەرکردنو بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی وەک کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە، بەرتەسک کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافەکانی ژنان.

یەکەم کاری کۆماری ئیسلامی کاتێک بە دەسەڵات گەیشت ئەوە بوو کەبەناوی شەریعەتی ئیسلامەوە ترسو دڵەڕاوکێ لە ناودڵو دەروونی هەرتاکێکی کۆمەڵگای ئێراندا بچێنێ بۆ ئەوە کەس لەخۆی ڕانەبینێ کە دژایەتی لە گەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بکا و تەواوی ئەو کارانەی لە ڕێگای قانوونەکانیەوە دەرخواردی کۆمەڵگای ئێرانداوە، بۆنموونە ئەگەر کەسێک جیابیربێو بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی لە گەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بکا، بە پێی قانوونی سزادانی کۆماری ئیسلامی ئەوکەسە دژبەری خودایە، واتە محاربەیەو حوکمی دژایەتی لە گەڵ خودا ئێعدامە.

ئێستا کە داعشیش توانیویەتی ناوچەیەکی بەربەرینو دوور لە چاوەڕوانی لە عێراقو سووریە دەست بەسەردا بگرێ، هەروەکی لەپێشدا گوترا لە شێوەوڕەفتارو قانوونەکانیاندا تەواو کۆپی کۆماری ئیسلامینو تەنیا جیاوازیەک هەیانبێ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بە ناوی مەزهەبی شیعە کە باوەڕی بە ویلایەتی ڕەهای فەقیە هەیەو داعش باوڕیان بە سونی سەلەفی جیهادی هەیە. داعشیش بە ناوی شەریعت دەستتێوەردان لە هەموو ئەو شتانە دەکا کە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە و لە ڕێگای یاساکانیانەوە لە سەدەی ٢١دا شێوەی ڕەفتارو کردارێک بەرێوە دەبەن کە بە چەندین سەدە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە خۆی دور کردۆتەوەو تووڕی هەڵداوە. هەروەکی پێشتر باسمان کرد کە کۆماری ئیسلامیو داعش لە بیرو باوەڕی مەزهبیدا جیاوازیان هەیە. بەڵام هەردووکیان بناژۆخوازنو بەداخەوە هەردووکیان بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە خەریکی خولقاندنی جنایەتو کوشتارو پاکتاوکردنی ڕەگەزیو ئایینی خەڵکانی ئەوناوچانەن کە دەسەڵاتیان بە سەریاندا زاڵ بووە.

ئیشارە بە چەند نموونەیەک لە کارو کردەوەکانیان باشتردەتوانێ ئەو وەیەک چونانەیان دەربخا. وەکی دادگاکانی شەرع، ئێعدامەکانی سەرشەقام، تێڕوانینیان بۆ مافەکانی ژن، تێڕوانینیان بۆمافی کەمەنەتەوەکانو کەمە ئایینیەکان زۆر وەیەکچوونی دیکە کە ڕەنگە لەو وتارەدا جێگای نەبێتەوە.

هەم داعشو هەم کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیاندا بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بە جێگای دادگاو پارێزەرو داواکاری گشتیو یاساو ڕێسا بۆ پێڕاگەیشتن بە قسەی خۆیان بە تاوانو تاوانکاری لە داداگای شەرع کەڵک وەردەگرنو تاوانبار کراو بێ ئەوە مافی دیفاع لە خۆی هەبێ یا بزانی لە سەر چی گیراوەو دادگایی دەکرێ، لە لایەن کەسێکەوە بەناوی حاکمی شەرع حوکمی بۆدەردەچێو سزای بەسەردا دەسەپێندرێو زۆربەی سزاکانیش سزای جەستەییو ڕۆحین کە لە سەدەکانی ناوەڕاست باوبوونو لە دنیای پێشکەوتووی ئێستادا بە هیچ جۆرکەڵکیان لێ وەرناگیرێ.

نموونەیەکی دیکە دەتوانین باسی ژنو مافەکانیان بکەین، لە هەردووسیستمی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شامو کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە پێی یاساو ڕێساکان ژن وەک کۆیلەی پیاو چاوی لێ دەکرێ. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ژن شوێنی لە ماڵەوەیەو کاری پەروەردەکردنی منداڵو پێڕاگەیشتن بە ماڵو ژیانەو مافی ئەوەی نیە بگاتە زۆر پۆستی بە ڕێوەبەری وڵات و بەکورتی ئەو مافەی بە پیاو دراوە بە ژن نەدراوە بۆ نموونە هەر لەسەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ مەسەلەی جلوبەرگ و شێوەی داپۆشینی ژن، گرفتێکی گەورەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بووەو هەموو کات بە هێزی مادیومەعنەوەی خەریک بوون ئەو فەرهەنگە بسەپێنن کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی حیجابی ژنان ئەوەندە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرینگە؟ وڵامەکەی تەنیا ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ژن موڵکی پیاوەو پیاو مافی ئەوەی پێدەدرێ کە چۆن شورەودیوار بە دەوری موڵکو ماڵی خۆی دا بکێشێ بەو شێوەیەش مافی هەیە ژنەکەی داپۆشێ و لەبەر چاوی بێگانە بیشارێتەوە. داعەشیش لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەمان فکرو تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنانی هەیەو تەنانەت چەند هەنگاوێش وەپێش کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوە، بە دەرکردنی حوکمی حەڵاڵ کردنی کڕینو فرۆشتنی ژنانو کچانی غەیرە ئیسلام رووی کۆماری ئیسلامییان سپی کردۆتەوە. دیتمان دوای داگیرکردنی شەنگال ئەو ژنو کچانەی بە دیل گیرابوون وەک کۆیلە ڕفتاریان لەگەڵ دەکەن و لە نێو خۆیاندا کڕینو فرۆشتنیان پێ دەکەنو تەنانەت وەک دیاریو دەستخۆشانە دەیدەن بە یەکتری. کاتێک کۆمەڵگای جیهانی نارەزایەتی دەردەبڕێ زۆر سەهلو ئاسان لە راگەیەنە گەشتییەکانی خۆیان دا ڕادەگەیەنن کە بەدیل گرتنی ژنانو کچانی ئیزەدیو فرۆشتنیان وەک کۆیلە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بووە.

ئەگەر ڕفتارو کرداری داعشو کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کوردستانو نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنین دەبینین هەر دووکیان هەر هەمان رەفتارو تێڕوانینیان هەیە سەبارەت بە کوردستانو نەتەوەی کوردو تەنیا جیاوازیەک کە هەیە ئەویش بواری زەمەنییە، داعش ئێستا قەتلو عامی کورد دەکاو کوردستان داگیر دەکاو کۆماری ئیسلامی ٣٥ ساڵ لەوە پێش لەو شێوە قەتل



سەرچاوە
Serchawe

و عامەی لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە .

داعش لە شنگال کوشتاری بە کۆمەلی کوردانی ئیزدی دەکاو کۆماری ئیسلام لە قارناو قەلاتانو چەندین شوینی دیکەی کوردستان ئەو قەتل‌عامەو کوشتارەی کردوە، وەک داعش روحمو بەزەییان بە کەس دا نەهاتۆتەوە.

لە کۆتایی دا ئەوەی جێگای سەرسوورمانە ئەوەیە کە ئیستا دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی داعشو داعشیەکان بە کافرو غەیرە ئیسلام دادەنێنو بەردی مرۆڤ دۆستی لە سینگیان دەدەن خۆیان لە بەرەی دژەتیرور دادەنێن ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی ئوروپاییو ئامریکایی لە سەر بەڕێوەبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەچەندین جار مەحکووم کراوە.

لە سەردانو لێدوانەکانیان بۆ هەرێمی باشووری کوردستان خۆیان بە دۆست وهاوپەیمانی کورد دادەنێن، بی ئەوە خۆ لەو ئەو راستییە بدەن کە ئەگەر داعش مەترسی بۆ سەر ئیرانو مەزارگە پیرۆزە کانی شیعە لە عیراق دروست نەکردبایە، قەت ئێران ئامادە نەبوو وا بەخێرا چەکو یارمەری بنێریو وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بە پەلە بگاتە هەولێرو ئەوە لە حاڵێک دایە ساڵێک لەوە پێش سەرکونسولگەری ئێران لە سولەیمانیە لە وتارێکدا کوردی بە نەتەوە داندەناو زمانەکەشی بە زمان ئەژمار نەدەکرد، بەڵام کاتێک لە ماوەیەکی کورتدا داعش گەیشتە نزیک سنوورەکانی ئێرانو لە ناوخۆی عێراقیشدا مەترسی خستە سەر سامەڕاو بەغدا، کۆماری ئیسلامی وەخۆ کەوت، بە دەرکی ئەو راستییە کە ئێران بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەرێ، لە هیچ سەردەمانێکدا دۆستی ڕاستەقینەی کورد لە باشووری کوردستان نەبووو تێروانینی کۆماری ئیسلامی بۆ مەسەلەی کورد هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ تیروانینی داعش کە هەردوک لا نایانهەوێ کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی بێ، بەڵکوو پێیان باشە لە ژێر دەسەلاتی وەلی ئەمری موسلمین وخەلیفەی ئیسلام وەک ئومەتی ئیسلام بژین نەک نەتەوەیەکی سەربەست و ئازاد.

ئەم بابەتە لە ژمارە ٦٤٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵوێستەیەک لەسەر ناوی کۆماری کوردستان

"دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ناوی تەواوی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ١٩٤٥ی زاینی لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەو دەوڵەتە کەم بووو تەنیا یازدە مانگی دەوام هەبوو، بەڵام دەسکەوتەکانی ئەوەندە گەورەو گرینگ بوون کە دوای هەرسهێنانیشی کاریگەری وای لە دوای خۆی بەجهێشت کە لەسەردەمی ئێستاداو دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ٧٠ ساڵ ئەو کاریگەرییە بە روخساری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەر دەبیندرێ کە ئەوە شانازییەکە بۆ پێکهێنەرانی کۆماری کوردستان. بەتایبەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەو حیزبە توانیویەتی ئەو دەرفەتە کە بە هۆی شەڕی جیهانییەوەو رەقابەتی زلهێزەکانی ئەو کات لەگەڵ یەکتر پێک هاتبوو بەباشی بقۆزێتەوەو لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان یەکیەتی نەتەوەیی کورد بە گوێی ئەو زلهێزانە بگەیەنێ و لەو سەردەمدا بۆ جارێکی دیکەش ئەوە بسەلمێنێ کە کوردیش نەتەوەیەو مافی خۆیەتی وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەسەربەستی بژی.

بەو کورتە پێشەکییەوە دەمانهەوێ بە کورتی لەو مەسەلەیە بدوێین کە گەلێک جار لەلایەن هێندێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنە گشتییەکان لە نووسین و ئاخاوتنی خۆیاندا غەدرێکی گەورە لە پێشدا لە کۆماری کوردستان و لە دوایەدا لە مێژووی کورد دەکەن؛ ئەویش بە هەڵە ناوهێنانی "کۆماری کوردستان"ە بە "کۆماری مەهاباد" یان هەر دەستەواژەی دیکە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە زۆربەی نەتەوە باڵادەستەکانی دنیای ئێستا لە چیرۆک و ئەفسانەدا مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن و هەوڵیش دەدەن کە نەوەکانی داهاتوویان شانازی بە رابردوویانەوە بکەن بەڵام ئیمەی کورد یا بە دەستی خۆمان مێژوو دەشێوێنین یان ئەگەر دژبەرو بێگانەش شێواندی بەسەری دا تێپەڕ دەبین..

ناوهێنانی کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" یان دانانی هەر پێشگر یان پاشگرێک بۆ ئەو ناوە دەچێتە خانەی شێواندنی مێژوو. مێژوویەک کە زۆر لە ئێستای ئێمە دوور نەکەوتۆتەوەو ئەگەر وایە پێویستە هەوڵ بدەین نەهێڵین وا بە ئاسانی دەستی تێوەربدرێ و پرسیار لە سەر ماهییەتی سازبکرێ. ئەو جۆرە نووسین و لێدوانانە لە حاڵێک دایە کە بە خۆشییەوە بەشێک لە بەڵگەو ئەسنادو بە تایبەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەهیمەتی نیشتمانپەروەران کۆ کراوەتەوەو سەرلەنوێ چاپ و بڵاو بوونەتەوە، کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو موتالای دەکەین لە هیچ لاپەڕو ستوونێکدا باس لە "کۆماری مەهاباد" ناکا، بەڵکوو باس لە "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" دەکاو ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی کۆمار لەبواری بەشداری خەڵکەوەدا دەخشێنین دەبینین بەشداری خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەک دیارو بەرچاوە کە خۆی دەرخەری ئەو راستییە کە ئەو دەسەڵاتە

سیاسییە لەو بەشەی کوردستان کە لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتووە هەموو لایەک لەهەر شوێنێک و لەهەر پارچەیەکی کوردستان بن بە ئی خۆیان زانیوەو ئەگەر ئەو کۆمارە کوردستانی نەبوایە ڕەنگە هەر وەک میرنشینەکانی پێشووی کوردی بەسەر هاتبایەو بێجگە لە خەڵکی ناوچەکە کەسی دیکە بەشداری کۆماری نەکردبایە.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد لە هێندێک نووسراوو ئاخاوتن لە راگەیەنە گشتییەکاندا ناوی کۆماری کوردستان بە هەڵە بە کۆماری مەهاباد ناو دەبردرێ کە ئەگەر لە زمان یا قەڵەمی کەسێکی بێگانە ڕۆژنامەوانی ڕۆژئاوایی بگوترێ یا بنووسرێ کە ئەو کات سەردانی مەهابادیان کردوە ڕەنگە زۆر سەیر نەبێ، چونکە ئەو کەسە ڕەنگبێ وەک ڕۆژنامەنووسێک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە مەهاباد مابێتەوەو ئەوی دیتوویەتی نەقڵی کردۆتەوەو لەو جۆرە باسکردنەشدا رەنگە نیەتی خراپی نەبووبێ و ئەگەر لە زمان و نووسینی نەیارو دوژمنیش ناوی کۆماری کوردستان بچووک بکرێتەوەو بەناوی کۆماری مەهاباد ناوی ببردرێ دیسان جێی سەرسوڕمان نیە، چونکە دوژمن دەیهەوێ لە هەموو ڕێگەیەکی کە دەستی بۆ دەدا کورد بچووک نیشان بداو وەک نەتەوە پێناسەی بۆ نەکا، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو بەشە لە ڕاگەیەنە گشتییانەی کوردە بە نووسەرو وتاربێژەکانیانەوە کە جارو بار بە هەڵەو بە دەستی خۆیان مێژوو دەشێوێنن و ئەو دەسکەوتە گرینگ و مێژووییەی کورد وا بچووک دەکەنەوە کە تەنیا بە شارێک پێناسەی دەکەن و بەناوی "کۆماری مەهاباد" ناوی دەبەن. راستە شاری مەهاباد لانکەی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێتەختی کۆماری کوردستانەو بەهۆی مێژوویەکی دوورو درێژی نیشتمانپەروەری و لە خۆبردوویی شاری مەهاباد ئەو شانازییەش بە نەسیب بووە کە هەر کاتێک باس لە کۆماری کوردستان بکرێ ناوی مەهابادیش بەدوایدا دێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆماری کوردستان تەنیا هی خەڵکی مەهاباد بووەو خەڵکی کوردستان لێی

بێبەری بوون و بە خاترجەمی ئەگەر ئەو بەشدارییە بەربەرینەی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستانی تێدا نەبوایە کۆمار ئەو رەنگ و بۆنەی ئێستای بە خۆیەوە نەدەگرت و نەدەبوو بەجێی شانازی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان. ئەگەر چاو لەو بڕیارنامەیە بکەین کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە پێی ڕاپۆرتی ژمارە ٨ی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٦ خاڵدا تەنزیم کراوەو بە پەسندی بیست هەزار کەس کە بەشداری راگەیاندنی کۆماری کوردستان بوون، گەیشتووە لە خاڵی ٣ی ئەو بڕیارنامەیەدا داوا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا کە "حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن" کە دەڵێ؛ حکوومەتی میللی کوردستان راست مەبەستی کۆماری کوردستانە نەک کۆماری مەهاباد یان هەر ناوێکی دیکە کە جارو بار بە جێگەی کۆماری کوردستان بە کار دەهێندرێن.

بەو هیوایە هەر هەمووماں لە بەرامبەر هەر نوقتەو خاڵێکی مێژوویی نەتەوەکەمان حەساس بین و بە ئاسانی بەلایاندا تێپەڕ نەبین و لە راستکردنەوەو دەوڵەمەندکردنیاندا تێبکۆشین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو لە ئێستا زیاتر شانازی بە مێژووی خۆی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جانێویری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڕووحانیو پرسی ئابووریو ڕێفراندۆم

لە مانگی ڕابردوواو لە ماوەیەکی کەمو بەدوای یەکدا ڕووحانی سەرۆک کۆماری ئێران کۆمەڵێک مەسائیلی پێوەندیدار بە ئابووریو شێوەی بەڕێوەبەری وڵاتو یاسا دانان بە زمانی رەخنەگرانەو ڕوو بە دامو دەزگای دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا ورووژاند.

لە ئاخرین لێدوانەکانی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەز لەیەکەم کۆنفرانسی ئابووری ئێران باس لە وەزعی شپرزی ئابووری ئێران دەکاو دەڵێ: دنیای ئابووری، دنیای کێبەرکێو رەقابەتەو ئابووری کاتێک گەشەدەکا کە لە »انحصارورانت» بەدوور بێو ئازادیو رەقابەتی بێت. ناوبراو لە ئیدامەی قسەکانیدا دەڵێ ماوەی ٣٥ ساڵە ئابووری ئێران یارانە دەدا بە سیاسەتی داخلیو خاریجی با دەسائێش تاقی بکەینەوە سیاسەتی داخلیو خاریجی یارانە بدەن بە ئابووری وڵاتو هەر لەو کۆبوونەوەداو لە درێژەی قسەکانیدا ڕوو لە تەواویەتی نیزام دەکاو دەڵێ واباشە ئەو ئەسڵەی یاسای بنەڕەتی ئێران کە باس لە ڕاپرسی گشتی دەکا کە پێوەندی هەیە بە ژیانی خەڵکەوە جێبەجێ بکەینو بە جێگای ئەوەی کە ئەو پرسو بابەتانە لە مەجلیس ببنە مادەی قانوونیو بکرێن بە ئەرک بەسەر شانی دەوڵەتەوەو لە پێشدا بخرێنە بەر ڕوانگەی خەڵکو خەڵک بڕیاری لەسەر بدەن.

ئێستا با بزانین بۆچی ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ئێران ئەو مەسەلانەی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بە زمانی ڕەخنەگرانە دەردەبڕێ؟ بەو شێوەی لێدوانانە دەیهەوێ چ بڵێ؟ ئایا هەر دەیهەوێ بەو جۆرە لێدوانو ئاخاوتنانە ڕووخسارێکی باشو لە خۆی نیشان بداو بە خەڵک بڵێ «کە من لەسەر وادەو بەڵێنی خۆم هەم کە لە کاتی هەڵبژاردندا باسمان لێیان دەکرد بەڵام دامو دەزگاو کەسانێک هەن کە پێشگیریم لێ دەکەن بۆیە ناتوانم وادەو بەلێنیەکانم جێبەجێ بکەم».

ئاغای روحانی لەو قسەو لێدوانانە هەر مەبەستو ئامانجێکی هەبێ ناچێتە بازنەی ناڕازی بوون لە سیستمی کۆماری ئیسلامی بەڵکو بەپێی ڕابردووی ناوبراو تەنانەت بەپێی وەزیفەو سوێندیەکی خواردویەتی وەک سەرۆک کۆمار لە سەر شانییەتی لە هەوڵی پاراستنی سیستمو نیزامی کۆماری ئیسلامی دابێ. هەربۆیە دەیهەوێ لە مینبەری سەرۆک کۆمارییەوە کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەری لەوە تێبگەیێنێ کە وەزعی کۆماری ئیسلامی چلە ناوخۆو چلە دەرەوە لەوە خراپترە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە. دەیهەوێ پێیان بسەلمێنێ کە قەیرانی ئابووریو شێوەی ناسەرکەوتوویی بەڕێوەبەری وڵات دوو پەتای گەورەن کە مەودای لە نێوان خەڵکو کۆماری ئیسلامیدا دروست کردووەو ڕۆژبەڕۆژ ئەو مەودایە زیاترو زیاتر دەبێ. هەر بۆیە کاتێک باس لە ئابووری وڵات دەکا دەڵێ دەبێ ئەوەی هەتا ئێستا کردومانە پێچەوانە

بێتەوەو سیاسەتی داخلیو خاریجی ئەوجار یارانە بدەن بە ئابووری وڵاتو لە ڕاستیدا دەبێ مەبەستی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی داخلیو خاریجی کۆماری ئیسلامی بێت کە نەک نەیتوانیوە لە ماوەی ٣٥ساڵدا سەرکەوتن بەدەست بێنێو سەقامگیری سیاسی بۆ ئێران دەستەبەر بکا بەڵکو هەمووکات مایەی قەیران خولقاندن لە ناوخۆو دەرەوەی ئێران بووە، کە دەربڕینی ئەوە خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستیەی کە کۆماری ئیسلامی ماوەی ٣٥ ساڵە لە ناو خۆیوڵاتدا سیاسەتی چەوتو ناڕەوا بە کار هێناوەو بە ناوی دینو مەزهەبەوە گەلانی ئێرانیان چەوساندۆتەوە. هەربۆیە دەبێ سیاسەتی داخلیو خاریجی چاکسازیان تێدا بکرێو ئەوکات دەتوانرێ مەودای نێوان خەڵکو نیزام لێک نیزیک بکرێتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەو مەجالو هەلەی تێدایە کە ئاغای ڕووحانی هەوڵی بۆدەدا؟ وەڵامەکەوی دەتوانێ، نەرێنی بێت چونکە ئەگەر یاسای بنەڕەتی ئێران وەک پایەو ئەساسی کۆماری ئیسلامی چاولێ بکەین دەبینین هیچ جۆر مجالێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە خەڵک خۆی لە بازنەی بەڕێوەبەریی وڵاتدا ببینێتەوەو ئەوی لەسەر خەڵکە تەنیا «لبیک» گوتنە بە ڕێبەریو دامو دەزگا دەسەڵاتدارەکانی کۆماری ئیسلامی.

ئاغای ڕووحانی باس لە چاکسازی دەکاو دەڵێ دەبێ ئابووری لە »انحصار ورانت» بێتە دەرێ هەرچەند خۆشی ئەوە باش دەزانێ کاتێک ئابووری ئێران لە »انحصار» دێتە دەرێ کە ئەسلی ٤٤ لە یاسای بنەرەتی ئێران دەبێ بگۆڕدرێ، چونکە ئەو ئەسلە کە باس لە نیزامی ئابووری ئێران دەکاو بەسەر ٣بەشی ئەساسیدا دابەشی کردوە »دەوڵەتی، هەرەوەزیو تایبەت» بەڵام کە باسیان دەکا نزیک بە ٨٠% ئابووری ئێران لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دایەو ئەگەر وایە ئابووری ئێران بەو شێوە کە ئاغای ڕووحانی دەیهەوێ لە »انحصار» بیهێنە دەرێو ببێتە ئابووری ڕەقابەتی بێدەست تێوەردان لەو ئەسڵە یاسای بنەڕەتی ئێران جێبەجێ نابێو ئەوە بێجگە لەوە کە ئەو ٨٠% ئابووری وڵات لە ڕێگای دامو دەزگای وەک «سپای‌پاسداران«و «بسیج مستضعفین» و دەیان ئۆرگانی دیکەی سەربە »بیت رهبری» بەڕێوە دەچنو دەستیان بەسەر داگیراوەو ئەگەر مەبەستی ئاغای ڕووحانی ئەوەبێ کە ئابووری ئێران لە ژێر دەستی ئەوانە بێنێتە دەرێ کارێکی ئاستەمو پشووی درێژی دەوێت کە رەنگە مجالی ئەو پشوو درێژییە بە ئاغای ڕووحانی نەدرێ.

هەر وەکی لە سەرەتادا باسمان کرد ئاغای ڕووحانی مەسەلەیەکی دیکەی بەناوی «ریفراندوم» پاڵپشت بە ئەسڵێک لە یاسای بنەرەتی ئێران هێناوەتە گۆڕێو دەڵێ با بۆ جارێکتش بێت ئەو پرسانەی کە پێوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە خەڵک دەنگیان لەسەر بدا بەڵام کاتێک ئەو ئەسڵەی یاسای بنەڕەتی ئێران جێبەجی دەبێ کە دوولە سەرسێی ئەندامانی مەجلیس دەنگیان پێدابێو پەسەندیان کردبێ.

لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا سەلاحیەت دراوە بە مەجلیس شورای ئیسلامی بۆ پەسەندی داواکاریەک کە پێشکەشی دەکرێ لەسەر پرسی «ریفراندوم»و هەروەها فەرمانی ڕاپرسی لە سەلاحیەتی ڕێبەری دایە.



سەرچاوە Serchawe

ئەسڵی ٥٩لە یاسای بنەڕەتی ئێران! « مەسائیلی زۆر گرینگی ئابووری‌و سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی، کردەوەکانی دەزگای یاسا دانان ئیمکانی هەیە لە ڕێگای ڕاپرسی گشتی‌و دەنگی ڕاستەو خۆی خەڵک بڕیاری لەسەر بدرێ‌و داواکردن بۆ ڕاپرسی دەبێ بە پەسەندی دوو لەسەر سێی تەواوی نوێنەرانی مەجلس بگا.»

لەو ئەسلەی قانونی ئەساسی‌دا کە چاوی لێ دەکەی وشەی «ئیمکانی هەیە« کەڵکی لێ وەرگیراوەو ئەوە بەو مانایە کە دەکرێ ڕاپرسی بکرێ بەڵام ئەگەر ئەو ئەسڵە جێبەجێ نەبوو هیچ ئەرکێک لەسەر مەجلیس دروست ناکا کە حەتمەن دەبێ هەر داواکاریەک بۆ ڕاپرسی گشتی خەڵک لەبەرچاو بگرن جا ئەوکەسە سەرکۆماریش بێت، و ئەسلی ١١٠ش ئەوەندەی دیکەی کۆتوبەند هاویشتۆتە سەر پرسی ڕاپرسی گشتی کە دەڵی «فرمان همه‌پرسی» لە سەلاحیەتی ڕێبەڕیدایە واتە ئەگەر بە پەسەندی مەجلیسیش بگا دیسان ڕێبەڕ بۆی هەیە ئەو فەرمانە دەرنەکاو ڕاپرسی بەڕێوە نەچێ.

لە کۆتایی‌دا دەتوانین بڵێین کە ئاغای ڕووحانی هەروەکی پێشتر باسمان کرد لە هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلانە دەیهەوێ دوو ئامانج بپێکێ کە یەکەمیان پێوەندی بەوادەو بەڵێنیەکانیەوە هەیە کە کاتی هەڵبژاردنەکان بە خەڵکیان داوەو هەوڵ دەدا ئەوە بسەلمێنێ کە لەسەر وادەو بەڵێنی خۆی ماوە، بەڵام سیستەم‌و یاساکان‌و کۆمەڵە کەسێک «حقیقی و حقوقی» بەربەستن لەسەر ڕێگای ناوبراو بۆ ئەوەی ئەو وادەو بەڵێنیانە کە بە خەڵکی داوە نەتوانێ جێبەجێیان بکا.

دووهەم ئامانجی ئەوەیە کە داموو دەزگای کۆماری ئیسلامی بە گشتی‌و ڕێبەری بە تایبەتی لە وەزعییەتی ئابووری‌و سیاسی ئێران تێبگەیێنێ کە ئەگەر لە مەجالە نێوخۆی‌و دەرەکییەکاندا بە تایبەتی لە وەزعییەتی ئێستا کە وتووێژەکانی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ لە ئارادایە کار شکێنی بکەن وەزعییەتی ئابووری ئێران لەوەی کە هەیە شپرزەتر دەبێ‌و ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر ژیانی خەڵکو لە هەلومەرجی ئاوادا ئیحتمالی سەرهەڵدان‌و نارەزایەتی خەڵک هەیە کە ڕەنگە قابیلی کۆنترۆل نەبێ. لە هەردوو حاڵەتدا چ سەربکەوێ‌و چ تێک بشکێ ڕووحانی ئێستا پێشدەستی دەکاو دەڵێ من لە کاتو وەختی خۆی‌دا قسەو گەلاڵەی خۆم هەبووە

لە ژمارە ٦٤٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٥

## سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و دەسکەوت بۆ گەلانی ئێران

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا تەنیا بۆ مانەوەی خۆیان لە سەر کورسیی دەسەڵات، گەلێک ڕێکار و تاکتیکی جۆراوجۆریا گرتۆتە پێش؛ لە ناو خۆی وڵات بە خوڵقاندنی ترسو تۆقاندنی خەڵکو سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارازی لە ژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ خودا، هەوڵدان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی، پێوەندی دوژمنانی دەرەکی و بێگانە و، هەروەها لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرکیشدا لە گەڵ خستنە ژێرپێی مەنشوور و پرنسیپە نیونەتەوەییەکان هەوڵیان داوە بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی "هەنادەکردنی شۆڕشی ئیسلامی" بۆ سەرانسەری دنیا و بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەر قەیرانخوڵقێنی بکەن.

سیاسەتی دەرەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر بیرو ئەندیشەو شێوەی تێروانینی ئایەتوالله خومەینی بونیادنراوە و دوای تێپەڕبونی ٣٥ ساڵ حکومەتداری کۆماری ئیسلامی ئەو شێوە تێڕوانینەی خومەینی (هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران) هەر وەک بنەما ماوەتەوە.

کاتی خۆی خومەینی لەسەر سیستمی جیهانی وتبووی: "نیزامی ئێستا نادادپەروەرانەیە"و هەروەها بۆ گۆڕینی ئەو نیزامەی کە بە نادادپەروەری دەناسی، مەسئولیەتی جیهانیو پیرۆزی بۆخۆیو حکومەتی ئیسلامی ئێران دادەنێ کە بەڕوونی لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمەکەی دا ڕەنگ دەداتەوە.

لە پێشەکی یاسای بنەڕەتی ئێراندا باس لە "هەنارده کردنی شۆڕش ئیسلامی بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکرێ و "شەرعییەت" بە ناوی "دەسەڵاتی ئیسلامی" و "ئۆمەت"ی یەکپارچەی ئیسلام دەبەخشێ.

یاسای بنەڕەتی بە سەرنجدان بە ناوەرۆکی "ئیسلامی بوون"ی شۆڕشی ١٣٥٧، بەستێنی پێوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ جوڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی پێک دینی و تێدەکۆشێ کار لە سەر پێک هێنانی ئومەت یەکپارچەی جیهانی بکا. هەروەها لە ئەسڵی ١١ی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەم شێوەیە باسی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئیران دەکا: "هەموو موسوڵمانان یەک ئومەتنو دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەزیفەیەتی سیاسی گشتیی خۆی لەسەر بناغەی هاوپەیوەندیو یەکیەتی گەلانی ئیسلامی دابرێژێو هەوڵ دەدا یەکیەتی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی دنیای ئیسلام بهێنێتە دی."

لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوو دا دەبینین کە هەم لە نێو خۆی هەم لە دەرەوەی ئێراندا کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەی

خۆی کاری کردوە بۆ ئەوەی گوێی دابێتە پاراستنی مافی مرۆڤو پرینسیپە نێودەوڵەتیەکان کە خۆیشی بەشێکی زۆری مۆر کردوون

سیاسەتی خاریجی کۆمەڵێک یاساو ڕێساو ڕێوشوێنە کە دەوڵەتێک لە پەیوەندی لەگەڵ مەسائیلی دەرەکی لەگەڵ دەوڵەتان لە چوارچێوەی ئامانجی گشتیی زاڵ بەسەر نیزامی سیاسی خۆی دا بەڕێوەی دەبا؛ یا بە واتایەکی دیکە؛ ئامانجی دەوڵەتەکان لە پەیوەندیە نێودەوڵەتی یەکان لە سیاسەتی درەکی‌دا خۆی دەنوێنێو دەوڵەتەکان بە شێوەی کارا کارکردی خۆیان لە پەیوەندی نێودەوڵەتیەکان دا لە نێوان دوو ستراتیژیی "پاراستی وەزعی مەوجود" یا "ئاڵو گۆڕ لە وەزعی مەوجود" بە پێی بەرژەوەندی‌و شێوەی تێڕوانینیان بۆمەسەلەکان، یەکیان هەڵدەبژێرن.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی بەدەسەڵات گەیشتنیەوە ستراتیژیی "گۆرینی وەزعی مەوجود"ی لە ژێر ناوی "هەناردە کردنی شۆرش بۆ دەرەوەی سنورەکانی" کردۆتە بنەمای سەرەکی سیاسەتی خاریجی خۆی. ڕێژیمی ئێران بۆبردنە پێشی ئەو ئامانجانە لە دنیا دا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە تایبەتی سەرمایەگوزاری زۆری مادی و مەعنەوی کردووە؛ تارادەیەک کە زۆریش لە بردنە پێشێ ئەو سیاسەتەی‌دا سەرکەوتنی وەدەست هێناوەو ئاکامی لێ وەرگرتوە. ئەگەر چاو لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی لە ناوچەکەدا بکەین، دەبیین کە هیچ ڕوداوێک نییە کە ئێران بە جۆرێک دەستی تێدا نەبێ. بۆ نمونە؛ دوای شکانی تالیبان لەئەفغانستان و ڕوخانی حکومەتی سەددام حوسێن لە عێراق کە هەردووکی ئەوانە دوژمنی سەرەکی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بوون، ئێران بە سەرنجدان بەو بۆشاییەکە لە نەبوونی ئەو دو دەسەڵاتە لەو وڵاتانە پەیدا ببوو توانی هەلەکە بقۆزێتەوە ونفوزی خۆی لەو دوو وڵاتە هەر کام بە جۆرێک پەرە پێ بدا. دوای سەرهەڵدانی نارەزایەتیەکان لە وڵاتانی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناو بانگی دەرکرد، ئێران هەوڵی دا لەو هەلە کەڵک وەربگرێ و لایەنگران و دەست پەروەردەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای ئاسیاو باکوری ئەفریقا لە ڕێگای ناردنی چەکو تەقەمەنی‌و هاوکاری ماڵی بە هێز بکا بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان هەبێ.

دروست بوونی بازنەی شیعە لە ئێرانڕا هەتا لوبنان ئاکامی ئەو سیاسەتەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر بنیات نراوەو دەیهەوێ وەزعی مەوجود بە قازانجی مانەوەی خۆی لە ژێر ئاڵای شیعەگریدا بگۆڕێو ئەگەر تەنانەت نەتوانێ وەزعی مەوجودیش بگۆڕێ، ویستوویەتی بەو دەست تێوەردانەی خۆی لە کاروباری وڵاتەکاندا ئەو باوەڕە لای دنیا ڕۆژئاوا دروست بێت کە بێ بەشداری کردنی ئێران لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەدا هیچ بڕۆسەیەک سەر ناگرێ.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران لە بردنە پێشی سیاسەتی دەرەکی خۆی بە شێوەیەک کە لە سەرەوە باسمان کرد بە قازانجی سیستمی دەسەڵاتداریەتی سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، بەڵام بۆ گەلانی ئێران نەهامەتی‌و ماڵوێرانی‌و برسیەتی‌و قەیرانی ئابووری‌و بێکاری و بەدەیان دیاردەی دیکەی بەدیاری هێناوە.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتە زێدەخوازیانەدا، ئەمرۆکە ئێران وەک وڵاتێکی پەراوێزخراو لە لایەن کۆمەڵگای جیهانی یەوە، سەیری دەکرێ کە جیا لەوەیکە لە رووی سیاسی یەوە هیچ جێگەو پێگەیەکی ئەوتۆی بۆ نەماوەتەوە، بەڵکوو لە رووی ئابووریشەوە، لە ئاکامی ئەو ئابلۆقە ئابووریانەی کە خراوەتە سەری، خەڵکەکەی لە دژوارترین بارودۆخ دا ژیان بەسەر دەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوری ٢٠١٥



## ڕۆژهەڵاتی کوردستان وهەواڵی چالاک بوونی داعش

ماوەیەکە لە هەواڵەکانی کوردستاندا گوێ بیستی ئەوە دەبین کە لە هێندیک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کەس یا کەسانێک چونەتە ڕیزی گرووپی تیرۆریستی داعشەوە.

ئەگەر ئەو بابەتە تەنیا وەک هەواڵێک چاوی لێ بکەین ڕەنگە شتێکی زۆر سەیر نەبێ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی بەربەریندا هەمووجۆر فکرو ئەندیشەی چاکو خەراپی تێدا هەڵدەکەوێو بە پێی ئەو هەواڵانە، ئەوانەی چونەتە نێوداعش دەچنە خانەی ئەو کەسانە کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگای خۆیاندا تاوانی دژە ئینسانی دەخوڵقێنن. بەڵام ئەوی جێگای سرنجەو پێویستی بە هەڵوێستە کردنە ئەوەیە کە چۆن کەس یا کەسانێک کە کوردنو بە زمانی کوردی قسە دەکەنو لە کوردستان گەورە بوو،ن پێگەیشتوونو ئاگایان لە نەهامەتیو کوێرەوەری خەڵکی کوردستان هەیەو دەزانن کە دەوڵەتی ئیسلامی عیراقو شام لە ماوەی نزیک بە یەک ساڵدا چۆن دڵڕەقیو بێبەزەیی خۆیان لە ئاستی کوردو کوردستانیان گەیاندە لوتکەی وەحشیگەریو ئەوەش دەزانن کە کارو کردەوەکانی داعش لە کوردستانو دنیادا بێزراوەو کەس تەئیدیان ناکا مەگەر تاقمو گرووپی دژە ئینسانی.

ئەگەر وەڵام ئەوە بێ کە ئەو جۆرە کەسانە مەسەلەی نەتەوەو نیشتمانیان بۆ گرینگ نییەو ئەوەی بۆیان گرینگە دینو مەزهەبی خۆیانە کە هاندەریان بۆ پێویست بوونیان بەو جۆرە گرووپانە، ناتوانێ پاساویەکی دروست و بەجێ بێت، چونکە هەمووومان دەزانین کە نزیک بە ٩٥% خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری ئایینی ئیسلامنو لە هەموو مێژووی دوورو نزیکدا هیچ دەسەڵاتو لایەنێک بەربەستی لە بەرامبەر بەجێهێنانی وەزیفەو ئەرکی دینی کە پێوەندی بە تاکو کۆی کۆمەڵگەوە هەبوو، دروست نەکردوەو تاکی کورد زۆر بە ئازادانەو سەربەستانە وەزیفەی ئایینیومەزهەبییەکانی خۆی بەجێهێناوە.

ئەگەر چاو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین دەبینین بەشی زۆری کەسایەتییە ئەدەبیو فەرهەنگیو نەتەوەییەکان ڕێبەرانی ئایینیو مەزهەبی کوردستان بوونو زمانو ئەدەبی کوردیو گەشەکردنی شعوری نەتەوایەتی، قەرزداری ئەو کەسایەتییانەیە. لە مێژووی هاوچەرخماندا لە قۆناخێکی دیاری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینین کە ڕێبەرانی ئایینیو مزگەوتەکان هەم ئەرکی پەروەردەی خوێندنو نووسینی منداڵانی کوردیان بەتایبەتی کە گوندەکان وەئەستۆ گرتووەو هەم پێگەو پەناگەی ئازادیخوازانی نەتەوەیی بوون.

هەر بۆیە چوونی کەس یان کەسانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نێو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان ناتوانێ هەڵگری ئەو پاساوە بێت کە لەسەرەوە باسمان کرد.

ئەو باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردو کارناسی هەیە لە بواری کۆمەڵناسیو دەروونناسییەوە کە لە توانای ئەو نووسینە بەدەرە، بەڵام بە کورتی دەتوانین چەند هۆکارێک دەستنیشان بکەین کە هاندەر دەبن بۆ ئەوەی کەس یان کەسانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان روو لەو گرووپو تاقمە توندڕەوانەی وەک داعش بکەن.

هەر ئاڵوگۆڕێک لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگەیەکدا دێتە پێش دەسەڵاتو سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیە کاریگەری راستەو خۆی لەسەرهەڵدانو گەشەکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەیە. کۆماری ئیسلامی کە ماوەی ٣٦ ساڵە دەسەڵاتداریەتی ئێران دەکاو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهۆی سنووری دەستکردەوە بەشێکە لە ئێران، زۆر سروشتییە هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا ڕوو بدا چ لە بواری سیاسی یان کۆمەڵایەتی پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەگرێتەوە.

ئەگەر چاو لە سیستمی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی بکەین دەبینین کە پڕە لە هەڵاواردنو لە پەراوێزخستنی گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاتێک بە قانوون مەزهەبێک لە ئایینی ئیسلام دەبێتە مەزهەبی ڕەسمیو ڕێبەرو سەرکۆمارو تەواوی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو سیستمە دەبێ خاوەنی ئەو مەزهەبە بنو مەزهەبو ئایینی دیکە لە بەرچاو ناگیرێو لە پەراوێز دەخرێنو لەو ڕێگەیەوە لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیش بێبەش دەکرێن زۆر سروشتییە پێڕەوانی مەزهەبو ئایینی دیکە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەر فورسەتو هەلێک کە بۆیان هەڵبکەوێ کەڵک وەربگرن بۆ دژایەتی کردنی ئەو بۆچوونەو قانوونانەی کۆماری ئیسلامی چونکە لە بواری مەزهەبیو ئایینی خۆیان بە غەدر لێکراو دەزانن. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە پاساو بێت بۆ ئەو کەسانە کە چوونەتە نێو داعش بەڵکوو دەتوانێ ئەو هەڵاواردنە هۆکارێک بێت بۆ دانی بڕیاری لەو بابەتە لەلایەن تاکەکانەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە مەسەلەکە تاوتوێ بکەین ڕەنگە باشتر روون بێتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە خوڵقاندنی ئەو بابەتانەدا لە کۆمەڵگەدا بەرپرسیارە. چونکە ئەوی زیاتر کەس یان کەسانێک هان دەدا بۆ تاوانو تاوانکاری کۆمەڵێک هۆکاری وەک بێکاریو هەژاریو پەرەگرتنی فەرهەنگی ترسو تۆقاندنە کە لە ماوەی ٣٦ ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی کردوویەتیە دەستمایەی مانەوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی. کاتێک ئاماری هەژاری بە قسەی خودی کاربەدەستانی ڕێژیم لە ١٢میلیون کەس تێپەڕ دەبێو گەنجێک بە هۆی بێکاری وهەژاری ناتوانێ ژیانی هاوبەش پێک بێنێ یان ژیانی لێ تێکدەچێو یان تەنانەت ناتوانێ بژێوی ژیانی خۆی پەیدا بکا، لەکاتی ئاوادا ڕوو لە کاری تاوانکاری دەکا، تووشی مادەهۆشبەرەکان دەبێو گوێ بۆ هەموو جۆرە وتارو قسەیەک رادەگرێو تێکەڵ بە هەموو جۆرە تاقمو

دەستەیەکی توندڕەوو تێرۆریست دەبێ بۆ ئەوەی دەروازەیەکی بە ڕوودا بکرێتەوەو لە بێکاریو بێدەرەتانی ڕزگاری بێتو لە کاتی واداو لە کۆمەڵگەیەکی بەوشێوەییە گرووپو ڕێکخراوی وەک داعش ئەو هەلە دەقۆزنەوەو کاری لەسەر دەکەن بە وادەی جۆراوجۆر ئەو گەنجو لاوانە فریو دەدەنو تێکەڵ بە خۆیانی دەکەن.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بکەین لە نێوان ئەو کاتانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی دیکە لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حوزووری ئاشکرایان هەبووو کارو باری خەڵکیان ڕادەپەڕاند کەمتر خەڵکی کوردستان بەتایبەتی گەنجو لاوان ڕوویان لە تاوانکاریو تاقمو ڕێکخراوی تیرۆریستی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەدا کوردستان ئابلۆقەی ئابووری لەسەر بووو بژێوی ژیانی خەڵک بە زەحمەت پەیدا دەبوو، بەڵام خەڵک دەسەڵاتو بەڕێوەبەری کوردستانیان بە هی خۆیان دەزانیو هەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ کەمو کورتییەکان بگونجێننو بە کەمترین ئیمکانات ژیان تێپەڕ بکەن. بەڵام سیاسەتی بە ئەمنییەتی کرانی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وای لە کوردستان کردوە کە مادده سڕکەرەکانو دزیو قەتڵو تاوانکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون بکاو کۆماری ئیسلامی بە جێگەی چارەسەرو بنبڕ کردنی هۆکارەکان، زیاتر هەوڵ دەدا بە پەرەپێدانی ئەو هۆکارانەی کە تاوانیان لێدروست دەبێ، ئەو تاوانە چوونە نێو داعش بێ یان قەتڵو دزیو شتی لەو بابەتە فەرق ناکا.

کاتێک گەنجێک یان لاوێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بە شعووری نەتەوەیی خۆی دەکاو چ لە ناوخۆی وڵات بیهەوێ کاری سیاسی بکاو چ ڕوو لە پێشمەرگایەتی بکا، هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەونە هەڕەشەو گوشار خستنە سەر بنەماڵەی ئەو گەنجو لاوانە بۆ ئەوەی لە کاری سیاسی دووریان بخەنەوە. بەڵام ڕۆژانە لەبەر چاوی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کەسانی سەر بە ڕێکخراوە بناژۆخوازو توندڕەوی ئایینیو مەزهەبی لە نێو خەڵکدا تەراتێن دەکەن نەک کێشەیان بۆ دروست ناکەن بەڵکوو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یارمەتیشیان دەدەن بۆ ئەوەی بەهێز بنو ئەو سیاسەتەیان تەنیا لە ڕاستای ئەوە دایە کە گەنجێکی کورد بەرەوکاری سیاسی بە ئامانجی نەتەوەییو نیشتمانی هەنگاو نەنێ.

لە کۆتاییدا ئەوە ئەرکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە گژ ئەو دیاردەیەدا بچێتەوەو هەرکەسو بنەماڵەیەک لە بەرخۆیەوە زیاتر وریای منداڵەکانی خۆیان بن کە بە هۆی ئەو هۆکارانەی کەلە سەرەوە باسمان کردو کۆماری ئیسلامی تێدا تاوانبارەو دەیان هۆکاری دیکە ڕوو لە گرووپو تاقمی وەک داعش نەکەنو لەو شوێنانەی کە بەناوی دینو مەزهەبەوە تەبلیغ بۆ ئەو جۆرە تاقمو گرووپانە دەکرێ لەسەر مامۆستایانی ئایینیو پێشنوێژی مزگەوتەکانە کە بە گژ ئەو دیاردە نامرۆڤانەو دژە ئایینەدا بچنەوەو ئەرکی نەتەوەییو ئایینی خۆیان بەجێ بگەیەنن چونکە مامۆستایانی ئایینی بە پێی ئەرکێک کە هەیانە ڕێنوێنیو ڕێنیشاندەری خەڵکن، دەبێ گەنجو لاوی کورد لەوە تێبگەیەنن کە ئەرکی ئەوان پارێزگاری لە نەتەوەو ئەو کەلتوورو فەرهەنگەیە کە بە درێژایی مێژووی چەند سەدساڵە دروست بووە کە لە

کوردستان هەموو ئایینو ئایینزاکان لە تەنیشت یەکتر بە برایەتی ژیاونو کەس ئەو مافەی بە خۆی نەداوەکە مافی کەسانی دیکە پێشیل بکاو پێویستە بەوکەسانەو بنەمالەکانیان بگوترێ کە چونەنێو داعش نەک زیان بە خۆیان دەگەیەنێ بەڵکوو زیان بە کەسو کارو بنەماڵەشیان دەگەیەنێ، چونکە چارەنووسی ڕێکخراوو گرووپو تاقمی لەو بابەتە تەنیاو تەنیا تێداچوونو فەوتانەو ئەوی لە دوایان جێدەمێنێ تەنیاو تەنیا نفرەتو بێزارییە لە ناو خەڵکو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ژمارە ٦٥٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوری ٢٠١٥



## شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی چالاکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

لە ماوەی چەند رۆژەی رابردوودا چەند کەس لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بە تاوانی ئەندامبوون لە ئەحزابی سیاسیی کوردی دژبە کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ کرا. ئەوە لە حاڵێک دایە کە هەم روحانی، سەرکۆماری ئێستای ئێران لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا وەعدەو بەڵێنی ئەوەی دا کە دەوڵەتەکەی بە روانینێکی نوێ وە کە پرسی بە قەولی خۆیان " اقوام" دەڕوانێ و هەم دنیای دەرەوە زۆر بە پەرۆشەوە لەو ماوەیەدا داوایان لە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی کردووە کە سزای ئێعدام لابەرن‌و یان لانی‌کەم ئەو سزایە لەسەر کەسانی سیاسی‌و جیابیر بەڕیوە نەبەن.

لەسەردەمی ئێستادا رەوتی لابردنی سزای ئێعدام لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا روو لە زیادبوونەو بەپێی ئامارەکان سزای ئێعدام لە زۆربەی نزیک بە تەواوی وڵاتانی ئوروپایی هەڵگیراوەو کاری پێناکرێ. لە کۆی دەولەتان، ١٤١ وڵات یان دوو لەسەر سێی وڵاتانی دنیا ئەو سزایەیان لە قانوونەکانی خۆیان لابردووە، یان لە عەمەلدا کاری پێناکەن‌و لە بەرامبەردا ٥٨ وڵاتانی دنیا حوکمی ئێعدام هەر ماوەو بەڕێوەدەچێ کە ئێران هەمیشە نێوی لە سەرەوەی نێوان دایە. لە دەزگای قەزایی‌و دادوەری کۆماری ئیسلامی‌دا هیچ رێ‌و شوێنێکی قانونی لە پێوەندی لەگەڵ مافی زیندانی‌دا کە جێگەی پەسەندی کۆمەڵگەی جیهانی بێت بەڕێوەناچێ‌و تەنانەت برگەو مادە یاساییەکانی پەسەند کراوی دامو دەزگای کۆماری ئیسلامیش کە باس لە مافی تاوانبار کراو زیندانی دەکا بەڕێوەناچێ‌و لەبەرچاو ناگیرێ. لە یاسای بنەڕەتی ئێران، فەسڵی سێهەمدا کە باس لە مافی میللەت دەکا لە چەند ئەسڵدا باس لە مافی ئەو کەسانە دەکا کە لەلایەن مەئمورینی دامو دەزگای پۆلیس‌و دادوەرییەوە دەست بەسەر دەکرێن‌و دەڵێ: "ئەو کەسەی دەگیرێ ئەسڵ لەسەر بێتاوانییە هەتا ئەو کاتە لە دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی دەکرێ‌و دەبێ لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بەو کەسە بگوترێ کە لەسەر چی‌گیراوەو تاوانی چییەو مافی ئەوەی بە تۆمەتبار داوە کە دەستی بە پارێزەر رابگا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مافی خۆی بکاو بتوانێ بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ‌و لە هەمان حاڵدا لە دادگایەکی دادپەروەرو بە بوونی "هیئت منصفه"و بە بەشداری پارێزەری تۆمەتبار دادگایی بکرێ‌و دادگا هەر حوکمێکی‌دا ئەو مافە بۆ تاوانبار پارێزراوە کە بتوانێ لە رێگەی پارێزەرەکەیەوە داواکاری ئەوە بکا کە لە دادگایەکی بەرزتر پێداچوونەوەی بە حوکمەکەی‌دا بکرێ.

" بەڵام دەبینین هیچ کام لەوانە بەڕیوەناچن بەجێگەی ئەوە کە ئەسڵ لەسەر بێتاوانی بێ هەتا ئەو کاتەی دادگای دەیسەلمێنێ هەر لە رۆژی یەکەمی دەستبەسەرکرانی تۆمەتبارو ئەزیەتو ئازاری جەستەیی‌و روحی دەست پێدەکا بۆ ئەوەی دان بەو تاوانەدا بنێ کە لەوانەیە هەر ئاگایشی لێ نەبێ. واتە ئەسڵ لەسەر تاوانباربوون دانراوە نەک بێتاوانبوون و

ئەگەر پارێزەر هەبێ ناتوانێ دەستی بە هەموو ئەو پەروەندەو ئەسنادە رابگا کە پێوەندیان هەیە بە تۆمەتبارکراوو گەلێک جاران ڕووی داوە کە بە جێی ئەوەی لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا تۆمەتبار تێبگەیەندرێ کە لەسەر چی گیراوەو چەند مانگو چەند ساڵ بەسەر گیرانی دا تێپەڕ دەبێ، بەڵام نازانێ کە لەسەر چی گیراوە. بێجگە لە هەموو ئەو نادادپەروەریانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد زۆر جاران نەپارێزەرو نە بنەماڵەی مەحکوم بە ئێعدام، نازانن چارەنووسی زیندانیەکەیان چی بەسەر هاتووە. لەلایەک رادەگەیەنن کە فڵانی مەحکوم بە ئێعدام و فڵان رۆژ حوکمی ئێعدامەکەی بەڕێوەدەچێ.!!

بەڵام دەبینین لە پەردا بڵاو دەبێتەوە کە سزاکە راگیراوەو حوکمەکە بەڕێوەناچێو لەلایەکی دیکەوە بە بنەماڵەی زیندانییەکە دەگوترێ کە بچن جەنازەکەی تەحویل وەربگرنەوە، کە ئەوە جۆرێک دروست کردنی شەری ڕەوانیو روحییە بۆ بنەماڵەی ئەو زیندانییە بە تایبەتیو کۆمەڵگە بە گشتیو لەو ڕێگەوە ڕێژیم هەوڵ دەدا زیاتر خەڵک چاوترسێن بکات، یان بە جۆرێک هەڵسووکەوتی خەڵک تاقی بکاتەوە. ئەوەی کە دام و دەزگا بە ناودادوەرییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامبە بێترسو بێ پەروا، گەنجو لاوی ئەو وڵاتە دەباتە بەر پەتی سێدارەو خۆی لە بەرامبەر هیچ کەسو لایەنێکدا بە وڵامدەر نازانێ،بەشێک لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پرشو بڵاویی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەداخەوە ناتوانن یەک هەڵوێستو یەک بەرنامە بن بۆ وەرێخستنی دژکردەوەیەکی جەماوەری بە دژی ئەو ئێعدامانە. ئەگەر هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتووانە توانیبایان وڵامی ئەم سەرکوتکاریانە بدەنەوەو کماری ئیسلامی تووشی هەزینەیەکی بەرچاوی سیاسی و هەتادوایی بکەن بێگومان رێژیم بەم شێوەیە بێ پروایانە رۆڵەکانی خەڵکی کوردستانی راپێچی پێی سێدارە نەدەکرد. لە هەمان حاڵدا بەداخەوە شاهیدی پەرەگرتوویی هەستی بێتەفاوەتی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ئەو ئێعدامە سیاسییانەینو دەبینین بەبەهانەی زۆر شتی دیکەی نەتەوەیی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کەمپەینو چالاکی گروپو رێکخراوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ساز دەکرێنو ئاکامی باشیشیان دەبێ بەڵام کە دەردو ئازارەکە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەموو ئەو چالاکییانە دەوەستنو هیچ گروپو رێکخراوێک شان وەبەر کۆکردنەوەی خەڵکو جەماوە نادا بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکی سەردەمیانەو ئەگەر ئەحزابی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی لەو بێ تەفاوەتییەو سەرلێشێواوییە نەیەنە دەرێو نارەزایەتی بەربەرین لە هەموو شارو شارۆچکەو گوندەکان وەڕێنەکەوێ ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی هەروا بێ پەرواو بێگوێدان بە مافەکانی مرۆڤ گەنجو لاوی ئەو وڵاتە ئێعدام دەکاو گیانیان لێدەستێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوری ٢٠١٥

## ژن لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا

لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی دا دوای ئینقلابی سپی، کۆمەڵگای ئێران توشی هێندێک چاکسازی بووەو هەنگاوێکی گرینگی بۆ ئاڵوگۆڕ هاویشت کە لەو ئاڵوگۆڕەدا ژنان مەیدانی زیاتریان پێ دەراو بۆ یەکەم جار ژن لە ئێراندا توانی ببێتە خاوەنی مافی دەنگ دانو لە ڕێگای دەنگ دانو چوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان بەشداری ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران بێو لەو ڕێکەوتە بە دواوە ڕۆڵی ژنان لە نێو کۆرو کۆمەڵو ئیدارەو بازاردا زیاتر بووەو کۆمەڵگای ئێران بەو ڕادەیە کە بەرەو پێشکەوتنو گەشەکردن دەرۆیشت لە بواری ڕۆشنبیرییشەوە چاوکراوەتردە بووو ئەو ڕوشەنگەریە نێو کۆمەڵگا گەیشتە جێگایەک کە بەدژی نیزامی پاشایەتی ڕاپەڕی بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێکی باشترو بەختەوەرانەتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دابین بکاو هەروەکی دەزانین ئەو ڕاپەرینە بوو بە هۆی تێک ڕووخانی نیزامی پاشایەتیو بە دەسەڵات گەیشتنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی. بەڵام

دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ژنو مافەکانی کرا هەر بۆیە یەکەم توێژ کە دژایەتیان لە گەڵ قانوونەکانی ئەو نیزامە تازەیە کرد ژنان بوون کە بە دژی «حیجاب»ی زۆرە ملی هاتنە سەر شەقامو نارەزایەتیان دەربڕی.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ژنان شانبەشانی پیاوان لەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی نەفشو ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، هەر بۆیە چاوەروانیان ئەوە بوو دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتیو هاتنەسەر کاری سیستەمی نوێ حکوومەتداری دەتوانن بە مافو ئازادی  زیاتر بگەنو لە کۆمەڵگای ئێراندا جێگاو پێگەی شیاوی خۆیان پێ بدرێ، بەڵام ئەو دڵخۆشیەو چاوە روانیە زۆری نەخایاند ئەو مافە کۆمەلایەتیانەی لە نیزامی پاشایەتیش دا وەدەستیان هێنا بوو ئەویشیان لێ زەوت کرا.

ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا بوو بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵێک بەربەست لە ژیانی ژناندا دروست بکرێ لە بوارەکانی شوغڵو کاریو جیاکردنەوەی شوینەکان بە تایبەتی قوتابخانەکانو زانستگەکانو ڕاگرتنی بەرنامەی تەنزیمی بنەماڵە. هێندێک لەو بەر تەسک کردنەوەی مافەکانی ژنان بە قانوون ڕێکخران واتە بوون بە مادەی قانوونی وەک ئەوە کە ژن ناتوانێ پۆستی سەرکۆمار یا لەو ڕادە بەرپرسایەتیدا وەربگرێ یا وەک قازیو دادوەر لە دادگاکاندا کار بکا. بەڵام ئەوەی زۆرتر ژنان دەچەسێنێتەوەو مافیان پێشێل دەکا ئەو بەربەستانەن کە بێ ئەوە لە قانوون دا باسیان لێوە کرابێ و پشتیوانی یاسایان هەبێ لەلایەن دام و دەزگای دەوڵەتیو بنەماڵەو کۆمەڵگاوە بەرێوە دەچن.

نیزامی کۆمەڵایەتی ئێرانو مەسائیلو گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە کە سەرچاوە گرتووە لە سیستمی سیاسیو بەڕێوەبەری وڵاتەو ئەوگیروگرفتانە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر وزعییەتی ژنان.

**لێرەدا چەند نمونەیەک لەو گیروگرفتو بێ سەرەوبەرەیانە باس دەکەین.**

ڕاگرتنی بەرنامەی تەنزیم خانەوادە یەکێک لەو نموونانەیە کە زیانی گەورەی بە کۆمەڵگای ئێران گەیاندووەو لە هەمانحاڵدا مافی ژنی پێشێل کردوە، لابردنی ئەوبەرنامەیە وای کرد کە حەشیمەتی ئێران بە شێوەی سەر سووڕ هێنەر بەرەو زیادبوون بڕوا بێ ئەوە دەوڵەت بتوانێ ئمیکاناتی پێویستی ژیان بۆ بنەماڵەکان دابین بکا کە زۆرجار ئەو بێ بەرنامەیە دەبێتە هۆی لێکدابڕانی ژنو مێرد ولێکهەڵوەشانی ژیانی هاوبەش کە ئەویش ڕاستەوخۆ زیان بە پەروەردەی کۆمەڵگا دەگەیێنێو ئەگەر بنەماڵەکەش لێک هەڵنەوەشێ بە هۆی زۆری بوونی منداڵ، دایک تەنیا توانای پێڕاگەیشتنی بە ماڵو منداڵ دەبێو لە ئاکامدا کاتێک منداڵەکان پێدەگەنو هەرکەس بەرەو ژیانی خۆی دەڕوا ئەوژنە لە مەقامی دایکدا پیرو شەکەتو ماندوو بووەو وزەو توانایەکی بۆ نەماوەتەوە کە بتوانێ بەخۆی ڕابگاو تەنانەت سەرمایەی مادیشی نییە چونکە سەرمایە مادیەکەش لە خاوەنداریەتی پیاودایەو دوای ئەوهەمووکار و تیکۆشانە هەردەبێ چاولە دەست بێ.

بێجگە لەو نموونە، چۆڵ کردنی گوندەکانو کۆچی گوندشینەکان بۆشارەکان، کەمی شوێنی نیشتەجێ بوون، پەرەگرتنی بێکاریو تووش بوون بە مادە هۆشبەرەکانو دەیان گیرو گرفتی دیکە کاریگەریان هەیە لە سەروەزعییەتی ژنان چ لە بنەماڵەو چ لە کۆمەڵگادا چونکە لە کۆمەڵگای ئێراندا بێ هیچ سڵەمێنەوەیەک ژنان لە پلەی دووهەم بە بەراورد لە گەڵ پیاوان دادەنرێنو ئەوەخۆی ڕیشەی لە تێڕوانینی سیستمی حکوومەت بۆ ژنانو مافەکانیدایە. دەکرێ ئەوە بە نموونەیەک زیاتر ڕوون بکەینەوە کە چاولە کتێبە دەرسییەکان کە بناخەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای دواڕۆژلەسەریان دادەمەزرێ دەبینین کە زۆربەی زۆری ئەوڕۆڵو نەقشەی کە بە ژنیان داوە یا دایکە یا مامۆستاو پەرەستارە دیارە ئەوە بەومانایە نییە کە بایەخ وئەرزشی ئەوکارانە کەمە بەڵام لە ڕاستی دا ئەوە دەتوانێ دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە لە ڕوانگەی سیستمی وڵات ڕۆڵی ژن لە وچوارچێوە دایەو بە جۆرێک دابەشکردنی ڕۆڵی ژنو پیاوە لە کۆمەڵگادادەست نیشان دەکاو هەرلە سەرەتای خوێندنەوە منداڵان وا ڕادەهێنن کە کارو چالاکی ژنان لەوئاستەدایەو ئەوە پیاوە دەبێ زیاترئەرک وەئەستۆ بگرێ بۆپێشکەوتنی کۆمەڵگاو ڕۆڵو نەقشی ئەسڵی بە پیاوەو ئەوە لە فکرو زێنی منداڵدا دەچەسپێو کە گەورەش بوو بەو شێوەیە عەمەل دەکا کە لە منداڵی را فێری بووە.

ئەگەر کۆمەڵگای ئەوڕۆی ئێران بیهەوێ وەک کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە دونیای ئێستادا بەدیار بکەوێ پێویستە لە ڕۆڵو نەقشی ژن غافڵ نەبێو لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ئەو ئیمکانە بۆ ژنان برەخسێ کە لە کارو چالاکیە زانستی وکۆمەڵایەتیەکاندا بەشداربنو پێویستە پاراستنی مافیمرۆڤو دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە قانوونەکاندا ڕەنگ بداتەوەولە

لایەن دەزگای بەرێوەبەریەوە کاریان پێ بسپێردرێ و بە کورتی جیاوازیەک لە روانگەی قانوونیە لە نێوان ژن و پیاو دانەبێو تەنیا کاتێک دەتوانرێ جیاوازی بەدی بکرێ کە لە بواری توانای کاریو زانستو بەڕێوەبەری جیاوازیەک هەبێ.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد ئەگەر ژنان خۆیان زیاتر نەینە مەیدانو هەوڵو کۆشش نەکەن بۆ پێگەیشتنی خۆیان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دیسان دەبینین ڕەوتی دادپەروەری لە نێوان ژنو پیاودا زۆر بە هێمنی هەنگاو دەنێ کە ڕەنگە وڵامدەری چاوەڕوانی ژنانو پێشکەوتنی کۆمەڵگا نەبێ.

لە ژمارە ٦٥١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٥



## کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاڵۆزییەکانی یەمەن

ماوەی چەند ڕۆژێکە شەڕێکی دیکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە کە ئەویش شەڕی هاوپەیمانی وڵاتانی عەرەبی بە سەرکردایەتی عەرەبستان سعودیە بە دژی حووسییەکان لە یەمەندا.

دوای ئەوەی شەش مانگ لەوە پێش یەمەن حوسی‌یەکان دەستیان بەسەر پێتەختی ئەم وڵاتەدا گرت و سەرکۆماری ئەو وڵاتەیان لە سەر کار لادا، دەستیان کرد بە پێشرەوی لە ناو خاکی یەمەن داو هێندێک شارو شارۆچکەی دیکەیان دەست بەسەر داگرتو هەتا ئەو جێگایە هاتنە پێش کە شاری عەدەن کە یەکێک لە شارە گرینگەکانی یەمەنەو هێندێک ناوچەی سەر سنوری عەرەبستانی سعودی ترسی ئەوەیان لەسەر بوو بکەوێتە دەستی ئەم کەمایەتییە شیعە مەزهەبەو ئەوە بوو بە هۆکارێک کە وڵاتانی دورگەی عەرەبی هەروا لە بەرامبەر یان دا بێ دەنگ نەبنو بەسەرکردایەتی عەرەبستان هاوپەیمانێکی نیزامیان دروست کردو لە یەکەم کاردانەوەدا بە هیرشی فرۆکە شەڕکەرەکانی نزیک بە ١٠ وڵاتی عەرەبی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حوسی‌یەکانشەری دژکردەوەیان ڕاگەیاند.

ئەو شەرە چەند بەحەقە یا ناحەقەو ئاکامی شەرەکە چی بەسەر دێ ویەمەن بە گشتی چەندە لەو شەڕەدا زەرەرمەندەو زیانی وێ دەکەوێ، بابەتیکە کە لەو وتارەدا جێی باس نییەو ئەوەی جێ باسو سەرنجە ئەوەیە کە هەم هاوپەیمانی عەرەبی بەسەرکردایەتی عەرەبستانو هەم وڵاتانی وەک میسرو پاکستانو تورکیە لە ناوچەکەو هەم هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی بەسەر کردایەتی ئەمریکا، ڕووی قسەو لێدوانیان لە ئێرانەو هەموویان لەسەرر ئەوە کۆکن کە دەستێوەردان لە کارو باری نێو خۆی یەمەنو هاندانی حوسی‌یەکان کاری کۆماری ئیسلامی ئێرانەو سپای پاسدارانو سپای قودس بوونە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی شەرێکی لەو چەشنە. بۆیە هەرکام لەو وڵاتانە کە لەسەرەوە ناومان بردوون لە لێدوانەکانی خۆیاندا داوا لە ئێران دەکەن کە لە دەستێوەردانی کارو باری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێو ناوچەکە واز بێنێو تەنانەت هێندێک لەو وڵاتانە بە زمانی هەرەشەش بێزاری خۆیان دەردەبڕن لە هەڵسوکەوتی ئێرانو دەڵێن لەدەست کۆماری ئیسلامیو دەستێوەردانەکانی هیلاکو بێزار بووینو چی دیکە بۆمان تەحەممەل ناکرێ.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێران لە یەمەندا بە دوای چی دادەگەرێ؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە پێویستە ئیشارە بەو ڕاستییە بکەین کە لەماوەی ٣٦ ساڵەی ڕابردوودا سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای هەناردە کردنی شۆرش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران هەڵسووڕاوە، بەڵام کەم واهەبووە وەک ئێستا دەست تێوەردانەکانی ئێران لە کارو باری وڵاتانی ناوچەکە دا بەو شێوەیەکە لە یەمەن ڕوویدا بەرچاو و زەق بووبێ ڕەنگە ئەگەر ڕووداوەکانی سوریەو سەرهەڵدانی

داعش لە ناوچەکەدا نەهاتبانە گۆڕێ دست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کارو باری وڵاتانی ناوچەکە هەروا بەنهێنی وئارامی چووبانە پێشی، بەلام ئەو ڕووداوانە وایان کرد دەستی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی ڕوو بیتو هەموو دنیا لەوە تێ بگا کە کۆماری ئیسلامی بە دوای دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی شیعە لە ناوچەکە دایەو ئەوەش لە ڕێگای تەیار کردنو بار هێنانی تاقمو دەستەی توندرەوو بناژۆخواز لەو وڵاتانە ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبا کە یەمەن بە بوونی کەمایەتییەکی بەرچاوی شیعە یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. دەسەڵاتی ئێران لە ڕێگای حوسییەکانەوە بەسەر یەمەندا بە مانای حاکمیەتی ئێران بەسەر تەنگەڵانی هورموز، بابالمندبو لەوێشەوە کاناڵی سۆئیز دایە، ئەوە لە لایەکو لەلایەکی دیکەوە ئێران هەر لەڕێگای بەندەری عەدەنەوە دەتوانێ بە ئاسانی دەستی بکاتەوە ئەفریقا بەتایبەت وڵاتانی سوماڵیو کینیاو لەوێشەوە دەستی بە گروپە توندرەوەکانی ئیسلامی بگاو بۆ ئامانجی خۆی لە ناوچەکەدا بە کاریان بهێنێو هەرەشە بخاتە سەر بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی.

بەڵام هەر وەک بۆ خۆیان دەریدەبڕن، تەحەموڵی وڵاتانی ناوچەکە تەواو بووەو کەوتنە کاری عەمەلیو بە دروست کردنی هاوپەیمانی نیزامیو هێرشیان کردە سەر حوسییەکان کە بە هاوپەیمانی ئێرانی دەزانن‌و بەو شێوەیە هەم پێشیان بە پێشرەویەکانی حوسیەکان گرتو هەم پەیامیاندا بە ئێران کە چیدیکە ئیزنی گێرەشێوێنی و دەستێوەردانت پێنادەین لە کارو باری وڵاتانی ناوچەکەدا.


بەدەرکی ئە ڕاستییە کە هەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانو شورای ئەمنیەتو ئەمریکاو وڵاتانی ئوروپایی ناوچەکە مەنسوورهادی بە سەرکۆماری شەرعی وڵاتی یەمەن دەناسن‌و پێشتگیریو پشتیوانی لێ دەکەن و ئەوە وای کردووە هەموو لێکدانەوەکانی ئێران لەسەر بەدەسەڵات گەیشتنی حوسیەکان تووشی ئاڵوگۆڕ بێ. چونکە هەڵو مەرجی حوسییەکان وەک تاقمو گروپەکانی عێراقو سوریەو لوبنان نیە لە حاڵی ئێستادا وەزعیەتی ئابووری ئێرانیش ئەو ئیزنە نادا بە سپای پاسداران هەتا ڕاستەو خۆ بێتە نێو شەڕەکەو نە هەڵو مەرجی نێو خۆی ئێرانیش وەک ساڵەکانی سەرەتای شورشە کە بتوانێ لە هەستو سۆزی خەڵک کەڵک وەربگرن‌و ڕاکێشێ بەرەکانی شەڕیان بکەن.

لەماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا خەڵکانی ئیران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیو ولی فەقیە بێزار بوونو لە هەڵو دەرفەتێک دەگەڕێن کە بتوانن خۆیان لە دەست ئەو دەسەڵاتە ڕزگار بکەن هەر بۆیە بە دور دەزانرێ کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ ڕاستەوخۆ بچێتە نێو ئەوشەڕەو بە هانای حوسی یەکانی یەمەنەوە بچێ.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی لە وشەرە زیانی بەر دەکەوێ حوسییەکانی یەمەنن چونکی کۆماری ئیسلامی بەو وەزعیەتە ی کە ئێستا هەیەتیو بەو هاودەنگی و هاوهەڵوێستییەی کە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی دا دروست بووە، خۆی ناکاتە قوربانیو تەنیا بە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەگەڕیو ئەگەر بزانێ پشتگیری زیاتر لە حەوسییەکان زیانی پێ دەگەیەنێ، زۆربە

ئاسانی وازیان لێ دێنێ چونگە حوسییەکان یەمەنو شیعەکانی عێراقو سوریەو لوبنان تەنیا ئامرازی وەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامینو مێژوی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان پێ دەڵی هەرکاتێک هەستی بە مەترسی کرد بێت پاساوێکی دۆزیوەتەوەو خۆی لە مەترسییەکان لاداوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٥



## لە ڕۆژی شەهیداندا وەفایەک بۆ ژنانی شەهید

١٠ی خاکەلێوەی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی شەهیدبوونی یەکەم سەکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێکانییەتی. کاتێک پێشەوا قازی محەممەد لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژێ - کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند، بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمداو ئاسۆیەکی گەشو ڕوونی خستە بەرچاوی خەڵکی کوردستان. بە شاهیدی مێژوو لەو ماوە کەمەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا گەلێک کاری گەورە کران کە کاریگەری راستەوخۆیان لە سەر کۆمەڵگە بەجێهێشتووەو تەنانەت دوای ڕووخانی کۆماریشو لە سێدارەدانی پێشەواش ئەو کاریگەرییانەو ئاسەواریان بە کۆمەڵگەی کوردیەوە دەبیندرێ. یەکێک لەو کارە مەزنو گەورانەی کە لەسەردەمی کۆماری کوردستانو لە سەردەستی پێشەوا قازی محەممەد بەڕێوەچوو هێنانی ژنان بۆ نێو گۆڕەپانی کارو باری بەڕێوەبەریو سیاسەت بوو. لە سەردەمێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوای مەزن ئەو ڕێچکەیەی شکاند کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان بە تەواوی عەشیرەییو ڕیژەی خوێندەواریو بە ئاگابوون لە مەسائیلی زانستو تکنۆلۆژی لە ڕادەیەکی یەکجار نزمدا بووو وەزعییەتی ژنان لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەوەش خراپتر بوو. بەڵام بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانو پشتگیری پێشەوا قازی محەممەد وای کرد زۆر بە خێرایی ژنان بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتو کاری بە کردەوەو توانایان ڕێکخراوی خۆیان دابمەزرێننو لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا ببنە وتاربێژو نەزەرو بیرو بۆچوونی خۆیان لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەی کوردستان دەربڕن کە ڕۆژنامەی کوردستان زمانەحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا باشترین بەڵگەیە لەسەر بەشداریی چالاکانەی ژنان لە کارو تێکۆشانی ڕۆژانە کە پێوەندییان بە مەسەلەی نەتەوایەتیو مەسەلەی مافی ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵگە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستانو لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێکانی ڕاستە بۆ ماوەیەک خەباتو تێکۆشان ڕاوەستانی تێکەوت، بەڵام ئەو بیرو ئەندیشەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو پێشەوا قازی محەممەد هێنابوویانە نێو خەڵک بە هیچجۆر لە بیرنەچۆوەو دابڕانو ڕاوەستانی تێنەکەوت. خەڵک ڕاهاتبوو کە کورو کچەکانیان بنێرنە قوتابخانەو لە فێربوونو بارهێنانی منداڵەکانیاندا جیاوازی لە نێوان کچو کور دانەنێن.

ژنان نەک لە کارو تێکۆشان پاشەکشەیان نەکرد بەڵکوو زیاتر بە ئامانجەکانی کۆمار وەفادار مانەوەو شانبە شانی براکانیان لە خەباتی نهێنیدا بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریان کردو بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندا ئەو هەلەی کۆماری کوردستان بۆی رەخساندبوون بە هیچ جۆر لە دەستی نەدەن.

کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوتو بۆ جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان کارو چالاکی خۆی ئاشکرا کرد بە کردەوە دیتمان کە خەڵکی کوردستان بە ژنو پیاوەوە بە هەزاران کەس لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەو ژنانیش بۆ جارێکی دیکە ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە بە ئاشکرا شانبەشانی براکانیان بەشدار بن لە چالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە.

کاتێک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە شەڕ بەسەر کوردستاندا داسەپاو هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوتە حاڵەتی بەرەنگاریو پارێزگاریکردن لە کوردستان، ژنانیش بێ سێو دوو لێکردن پۆل پۆل تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبوون. ئەگەر چاو بە لاپەڕەکانی مێژووی بەربەرەکانی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بخشێنین دەبینین زۆرن ئەو ژنو کچانەی کە یان لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیداو یان وەک هاوکارو یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگە بەشدارییان کردوە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لەو ڕێگە پیرۆزەشدا کەم نین کە گیانیان بەخت کردوەو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون.

هەر بۆیە لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوەدا ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بە پێویستم زانی بێجگە لەوە کە سەری کرنۆشو وەفاداری لە بەرامبەر گەورەیی پێشەوای مەزن قازی محەممەدو هاوڕێکانی دانوێنم، یادێکیش لەو ژنە شەهیدانە بکەینەوە کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری دیفاعو بەربەرەکانی لە شەرافەتو کەرامەتی خەڵکی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ یان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئێعدام کراونو شەهید بوون.

هەروەکی پێشتر باسمان کرد ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر هەلو دەرفەتێک کە بۆیان هاتبێتە پێش بە قازانجی جووڵانەوەی حەقخوازانەی کورد کەڵکیان لێوەرگرتووەو بە پێی هەلو مەرجی ژیانی خۆیانو مەجالو دەرفەتەکان هەوڵیان داوە بەشداری جووڵانەوە بن. هێندێکیان ڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسیو پێشمەرگایەتیدا بەشدارییان کردوەو لەو ڕێگەیەدا هەموو جۆر کۆلەمەرگیەکیان قەبووڵ کردوە، بێجگەلەوە وەک پێشمەرگە ژیاونو ئەرکی پێشمەرگایەتییان بەڕێوە بردووە. لە زۆر قۆناغدا بۆ منداڵەکانیان هەم دایک بوونو هەم بابو ئەرکی پەروەردە بوونو تەنانەت بەخێوکردنیشان کەوتۆتە سەرشانو بەشێکی دیکە لە ژنان لە نێو شارو گوندەکانی کوردستان لە هەلومەرجی زۆر سەختودژواردا هاوڕێو یارمەتیدەری پێشمەرگەو کەسانی سیاسی بوونو گەلێک جار ئەوەندیان مایە لە خۆ داناوە کە بۆتە هۆی گرتنو تەنانەت ئێعدام کردنیشیان.


ئەگەر بمانهەوێ ناوی هەموو ئەو ژنانە کە لە ماوەی ٣٦ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوونو لەو ڕێگەیەدا گیانیان بەخت کردوە، بنووسین ڕەنگە خۆی لە کتێبێکی قەوارە گەورە بدا کە هیوادارم ڕۆژێک دابێ ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنین. بەڵام بۆ ئەوە هەروا بەسەر مەسەلەکەدا تێنەپەڕین، بەناوی هێندێک لەو کچو ژنانە کە لە ڕیزی

پیشمەرگایەتیدا شەهید بوون لێرەدا بەسەندە دەکەم « پەروین روحی، تەورێز ڕەحمانی، سورەییا نیگەهدار، لەیلا خالیدی، شەمسی فاتحی، کولسوم حوسێنی، خەدیجە عەبدوڵلاهی، شاناز قوربانی، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری، مریەم ئیبراهیمی» ناوهێنانی ئەو پۆلە شەهیدە لە ژنان بەمانای ڕێزدانان بۆ هەموو ئەو ژنە شەهیدانە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشدار بوون کە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانو دابینکردنی دادپەروەریو یەکسانی کۆمەڵایەتی. روحیان شادو ڕێگەیان بەردەوام.

هیواخوازم کە ژنان وەک بەشێکی چالاکو هەڵسووڕی کۆمەڵگەی کوردستان هەروا پارێزەری راسپاردەو کەلتووری کۆماری کوردستانو بڕیارو فەرموودەکانی پێشەوای مەزن قازی محەممەد بنو بە کارو تێکۆشانی بێوچان لە هەر دوو بواری خەباتی نەتەوایەتیو خەبات بۆ مافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ژنان هەروا هەڵسووڕو چالاک بنو شانبە شانی برا پێشمەرگەکانیان خەبات بکەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو سەرکەوتن بەسەر سپای تاریکیو نەزانیداو دەستەبەر کردنی مافو ئازادییەکانمان.

لە ژمارە ٦٥٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥



## لێک تێگەیشتنی لۆزان سەرکەوتنی نەتۆمی یا ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابووری

لە ماوەی ڕابردوودا دوای ئەوەی لەسەرپرسی ئەتۆمی ئێران لایەنەکانی وتووێژکار لە شاری لۆزانی سویس گەیشتنە تفاهم بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا بەستێنی ئەوە برەخسێنن کە لەسەرخاڵە سەرەکییەکانی جێگای ناکۆک بگەنە ڕێکەوتننامەیەک جێگای پەسەندی هەردوو لایەنی وتوویژکار، دوای گەڕانەوەی هەیئەتی وتووێژکاری ئێرانی، لە هێندێک شارو شاروچکەی ئێران خەڵک کەوتنە شاییو هەڵپەرکێو خۆشی دەربڕین. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئەو خۆشی دەربڕینەی خەڵکی بەنیشانەی رەزامەندیی خەڵک داناکە دەستەی وتوویژکاری ئێران سەرکەوتووبوون. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو شایی و خۆشی دەربڕینە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی ئێران لە وتووێژە ئەتۆمییەکان بوو، یا هیوادار بوون بوو بەلاچوونی ئابلۆقە ئابوورییەکان و ڕزگاربوونیان لە وەزعییەتی نالەباری ئابووری کە لە ژێر ناوی پەروەندی ئەتۆمی بە سەریاندا سەپاوە؟

هەروەکی ئاگادارین ماوەی نزیک بە ١٢ ساڵە کێشەیەک لە نێوان دنیای ڕۆژئاوا لە لایەک و ئێران لە لایەکی دیکەوە هەیەو هەتا ئێستا لە نزیک بە ١٢ پێتەختو شارو وڵاتانی جیاجیا کۆبوونەوەو وتووێژی نێوان لایەنەکان بەڕێوەچووە. لەو وتووێژانەدا مەبەستی ڕۆژئاوا ئەوە بووە کە ئێران دەستی نەگاتە چەکی ئەتۆمی، چونکە بەپێی یاساو بنەماکانی کۆماری ئیسلامیو قسەو دیالۆگی ڕێبەرانی ئەو نیزامە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ڕێژیمێکی لەو چەشنە جێگای باوەڕو متمانە نییە کە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیو لە لایەکی دیکەوە ئێران هەر بەپێی باوەڕو مەبناکانی خۆی دەیهەوێ ببێتە «ام القرای اسلام» لە ژێر ئاڵای مەزهەبی شیعەی باوەڕدار بە ویلایەتی رەهای فەقیو لە بەدەسەڵات گەیشتنی هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ بە دایم بەرنامەو پلانی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە یەکێک لە پایەو بناخەکانی ئەساسی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی بووە، و ئیدامەی ئەو سیاسەتە نەک نەبۆتە هۆی پێشکەوتنی ئێران لە بواری خۆش بژێوی خەڵکی ئێرانو بەتایبەتی لە ماوەی ئەو دوو سێ ساڵەی ڕابردوودا کاتێک بە هۆی ملبادانی کۆماری ئیسلامی لە پیتاندنی ئۆرانیۆمو نزیک بوونەوە لە دروست بوونی چەکی ئەتۆمی کۆمەڵێک ئابلۆقەی ئابووری لە لایەن وڵاتانی ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپاو شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هێندێک وڵاتانی دیکەی خرانە سەر ئابووری ئێرانو ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک داناوە.

لەمێژە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەو ئەسڵە سەلمێندراوە کە ئابووری ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەک پێک دێنێ. هەربۆیە دەتوانین بڵێین نزیک بە زۆربەی زۆری کێشەو گرفتەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەک ڕیشەی لە ئابووری وڵات دایە. بێکاریو لێک جیا بوونەوەی ژنو مێرد، تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، لادانی ئەخلاقیو تەنانەت قەتڵو دزی هەموو دەگەڕێتەوە

بۆ وەزعی خراپی ئابووری ئەو کۆمەڵگایە کە مەسئولیەتو بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆ دەکەوێتەوە سەرشانی سیستمی حوکمڕانیو دەوڵەتی ئەو وڵاتە. هەروەکی پێشتر ئیشارەمان پێ کرد هەم ئابلۆقە ئابووریەکانی ڕۆژئاوا کەبە هۆی کەڵەوەکێشی لەگەڵ دنیا بۆ دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی بەسەرئێران دا سەپاوەو هەم ئەو هەموو خەرجو باجە کە کۆماری ئیسلامی لە دەستتێوەردانەکانی خۆی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کردویەتیو هەم سیاسەتی هەڵەی ئابووری دەوڵەت لەماوەی ٣٦ سالی رابردوودا وای لە ئابووری ئێران کردووە کە بازاری ئێران توانای هەناردەکردن یا هێنانی شتومەکی پێویستی ژیانی خەڵکی نەبێ. بۆ نموونە بایەخی دراوی ئێرانی لە بەرامبەر دراوە خاریجیەکان بە ڕادەیەک بایەخی هاتۆتە خوارەوە کە توانایی کڕینی خەڵک بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان تووشی کێشەی کردوون و لە لایەکی دیکەوە ناسەقامگیری دەوڵەت لە بواری ئەمنی‌یەوە بۆتە هۆی ئەوە کە بانکو شیرکەتە خاریجیەکانو سەرمایەداران، لە ئێران سەرمایەگوزاری نەکەنو ئەوە بۆتە هۆکارێکی گرینگ کە ڕێژەی بێکاری ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیاد بوون بکا بە ڕادەیەک کە ئێران لە ڕیزبەندی دەوڵەتاندا لە بواری ڕێژەی بێکاریەوە لە ڕیزی وڵاتانی یەکەمدا ڕادەوەستێ. لە حالێکدا ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەند بە زەوەیو زاری کشتوکاڵ و کانگای زۆری ژێرزەویە کە ئەگەر دەوڵەتێکی دێموکراتیکو خەڵکی لەسەر کورسیی دەسەلات بێ دەتوانێ بەو ئیمکاناتە سروشتییە کە هەیەتی ڕادەی بێکاری بەڕادەیەکی بەرچاو دابەزێنێ و کارێکی بەرچاو بۆ بێکارانی ئێستا دەستەبەر بکا.

هەروەکی پێشتر باسمان کرد ئابووری هەر وڵاتێک ڕادەی سەقامگیری سیستمی دەسەلاتداریەتی ئەو وڵاتە دەست نیشان دەکا بۆیە کاتێک وەزعی ئابووری بەهۆی سیاسەتی هەڵەی سیستمی حوکمڕانی ڕێژەی بێکاری دەچێتە سەرێو کاتێک بێکاری پەرەی ئەستاند کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر ژیانی خەڵکو ڕادەی لێک جیابوونەوەی ژنوو مێرد ڕوولە زیادبوون دەکاو کاتێک ژنو مێردێک بە هۆی وەزعی نالەباری ئابووری تووشی لێک جیابوونەوە دەبنو یەکەم کەس کە زیانی پێ دەکەوێ منداڵەکە لەکۆمەلگایەکی لەو بابەتەدا تووشی چارەنووسێکی نادیار دەبێ.

بێجگە لەو نمونەیە، وەزعییەتی خراپی ئابووری هەژاریو کەم داهاتی پەرە پێدەداو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک گیرۆدەبوون بە مادەهۆشبەرەکانو فسادی ئەخلاقیو دزیو ڕاوەڕووت لە کۆمەڵگادا پەرە دەستێنێ، کە بە داخەوە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەموو ئەو نەهامەتیانە بەسەر گەلانی ئێراندا هاتووە و ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنن.

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە دووپات بکەینەوە کە بە وەزعە شپرێوەی کۆمەڵگای ئێران لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەبێ خەڵکی ئێران دڵیان بەوە خۆشبێ کە نوێنەرانی دەوڵەت لە سەر مێزی وتووێژو دانوستانەکاندا لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا لەسەر پرسی پەروەندەی ئەتۆمیدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە یان بۆ ئەوە شاییو هەڵپەرکێ دەکەن کە ڕەنگە لێک تێگەشتنی ئێرانو وڵاتانی ٥+١ ببێتە هۆی ئەوە کە ئابلۆقە ئابوورییەکان لەسەر ئێران لابچنو دەروازەیەکی

هیوا بە ڕووی خەڵکی ئێران بکرێتەوەو ئەوکات هانایەکیان لە بواری ئابووریو خۆشبژێوی ژیان وەبەر بێتەوەو لەو وەزعە شەپرزەییە ئابوورییە کە ئاکامی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی‌یە ڕزگاریان بێت.

دەکرێ بۆچونی دووهەم دروست بێ چونگە هەم بەرپرسانی ئێرانی و هەم بەرپرسانی وڵاتانی ٥+١ لێدوانی جیاواز لە یەکتری دەدەن و هەر کامیان بۆ خۆراکی بیروڕای گشتی خۆیان تەفسیری بەیاننامە سیاسییەکەی لۆزان دەکەن و تەنانەت «آیت الله» خامەنەیی دەڵێ بۆ پیرۆزبایم لێ دەکەن خۆ هیچ ڕووی نەداوە؟ چونگە ئامانجی خامەنەیی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بووکە بەو پێودانەی وتوویژەکان چوونە پێش ئەو ئامانجەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نایەتەدی هەر بۆیە نارازییە. بەڵام تێگەیشتنی خەڵک شتێکی دیکەیە و ڕاست بە پێچەوانەی خامەنەییە و هیوا دەخوازن ئاکامی وتوویژەکان فەزایەک بخوڵقینی کە لەو وەزعە ئابووریە خراپە رزگاریان بێت.

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥



## پیلانێکی نوێی ڕێژیم بۆ بەدناوکردنی ناوی پێشمەرگە

لە ماوەی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دا، بەڕێوەبەرانو دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ بە چۆک داهێنانو پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە ویستو داخوازیەکانی، لە هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێک سڵیان نەکردوەتەوە. هەم سیاسەتی بەرخوردی توندووتیژیو خوێن ڕشتنیان گرتۆتە پێشو هەم سیاسەتی نەرمو نیانو فێڵاویان بە کار هێناوە بۆ ئەوەی مەبەستی دوژمن کارانەی خۆیان وەدەست بێنن.

مێژووی ٣٦ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی سەلمێنەری ئەوڕاستییە کە هەر لە یەکەم چرکەساتی بە دەسەڵات گەیشتنی دژی مافی گەلانو پێڕەو کردنی دێموکراسی لە ئێراندا بووەو بەتایبەتی دەرحەق بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە توندوتیژیو قەتڵو عامو کاولکاریو تاڵانو بڕۆچی لە دەست هاتبێ دەریغی نەکردوەو هەربە ئەوەندە ڕانەوەستاوەو ڕێگای جۆراوجۆری گرتوەتە بەر بۆ کەمتەرخەمکردنی خەڵکی کوردستان لە مەڕ داوکردنی مافی ڕەواکانیان کە هەمان ئازادی، دێموکراسیو مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیانە.

کاتێک کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شەڕی بە دژی خەڵکی کوردستانیان ڕاگەیاند پێیان وابوو هەر زۆر زوو دەتوانن جوڵانەوەی خەڵکی کوردستان کپو سەرکوت بکەن، بەڵام لە مەیدانی کردوەدا تووشی حەقیقەتێک بوو و بۆی دەرکەوت کە ئەو خەباتو جوڵانەوەیە ئی تاقمو دەستەو عەشیرەتێک نیە بەڵکوو خەباتی نەتەوەیەکە، کە خاکو نیشتمانەکەی زاڵمانە بە سەر چوار دەوڵەتی خۆسەپێنو دیکتاتۆردا دابەش کراوەو لە ڕاستی‌دا ئەو خەباتە، جوڵانەوەی هەموو خەڵکی کوردستانە بۆ وەدەست هێنانەوەی هەموو مافە زەوت کراوەکانی. هەربۆیە داەو دەزگاکانی ئەمنیو سەربازی کۆماری ئیسلامی کەوتنە کارو پیلانگێڕی بە دژی تاک تاکی خەڵکی کوردستان.

ئەگەر بمانهەوێ هێندێک لە کارو کردوەکانی کۆماری ئیسلامی لەم وتارەدا باس بکەین دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە چەند نمونەیەک بکەین کە دڵڕەقیو فێڵاوی بوونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدەن.

لە ساڵی ٥٨ تا ٦٤ کە زۆربەی شارو شارۆچکەو گوندوو ئاواییەکانی کوردستان بە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون، حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر کوردستانو هیچ جیاوازیەکی لە نێوان خەڵکو پێشمەرگە دانەناوە و بەو تاکتیکە بە خەیاڵی خۆی دەیهەویست خەڵکی کوردستان نیازمەند بکاو ئەو نیازمەندیە بگاتە جێگایەک کە خەڵک بەرهەڵستی هێزی پێشمەرگەو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان ببنەوەو لەو ڕێگایەوە ڕیزەکانی کورد تووشی کێشەو

دووبەرەکی بکا، بەڵام دیتمان ئەو خەیاڵە خاو بوو و هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ خەڵکو پێشمەرگە هەروا دڵسۆزو پشتیوانی یەکترن.

لەگرمەی شەڕی داسەپاودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کاتێک زانیان ئابلۆقەی ئابووری ناتوانێ چارەنووسی بەرەکانی شەڕ بگۆڕێ، پیلانێکی دیکەیان داڕشت ئەویش دیتنەوەی کەسانی خۆفرۆشو جاش کە لەپیناو پلەوپایەوسامانی مادی دا لە مەیدانەکانی شەڕ بە گژ هێزی پێشمەرگەدا بچنەوەو لە سەرکوتی خەڵکدا ڕۆڵی سەرەکی ببینن و لە هەمان حاڵدا وانیشان بدەن کە ئەوە کوردە شەڕی کورد دەکاو شەڕی داسەپاوی خۆیان لەو ڕێگایەوە بکەنە کوردستانیو بە پێی قسەی آیتالله خومەینی:" لە هەر لایەک بکوژرێ بە قازانجی ئیسلامە" و تەنانەت هەر بە ئەوەندە ڕانەوەستان و لە ناوی پیرۆزی پیشمەرگەش بۆ ناو لە سەرنانی ئەو جاشو خۆفرۆشانە کەڵکیان وەرگرتوو پێیان وابوو کە بە هەڵگرتنی ناوی پێشمەرگە خەڵکی کوردستان وەریان دەگرێو پشتیوانیان لێ دەکا، بەڵام هەرەوکی شاهیدین خەڵکی کوردستان بەو کەسانە کە خاکو نیشتمانو نەتەوەی خۆیان فرۆشتوە دوای تێپەڕبوونی ٣٦ ساڵ هەر پێیان دەڵێن جاشو بە چاوی خائینو وڵات فرۆش سەیریان دەکەن.

بەڵام کۆماری ئیسلامی لە مەبەستو ئامانجی خۆی دەرحەق بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان غافڵ نەبووەو هەردەم بە جۆرێک لە جۆرەکان بەدوای پیادە کردنی گەڵاڵەو تەرحی خۆدا بووەو لە دژایەتی کردنی گەلی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر دەستی نەپاراستووەو بە دەیان تاکتیکو فرو فێڵی دیکەی بەکار هێناوە بۆئەوەی هێزی پێشمەرگەو خەباتگێڕانی گەلی کورد لە بەرچاوی خەڵکی کوردستان بخەنو مەجبوور بە پاشەکشەیان بکەن، لە فشار هێنانو دوورخستنەوەو زیندانی کردن بۆ سەر بنەماڵەی پێشمەرگەو خەباتگێڕانڕا بگرە هەتا چاونوقاندن لە ئاستی بڵاوبونەوەی مادە هۆشبەرەکان بەڕادەیەکی بەربڵاو لە کوردستانو ناردنی سەمی کوشەندە بۆ دەرمانخواردکردنی خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی جوڵانەوەو بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتی بەمەبەستی زەربە لێدان لە بنکەو شوێنی حەوانەوەی ژنو منداڵی پێشمەرگەو دروست کردنی گروپو تاقمی تیرۆریستیو کارکردنیان لە ناو خاکی وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت ئوروپایی... هەموو ئەوانەو دەیان پیلانی دیکە نەیانتوانیوە ورەو ئیمانی خەباتگێڕانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوخێننو نێوان بخەنە مابەینی خەڵکو هێزی پێشمەرگە.

دوای تێپەڕبوونی ٣٦ ساڵ بە سەر هەڵگیرسانی شەڕی کوردستاندا کۆماری ئیسلامی دەستی لە پیلانگێڕی دەرحەق بە گەلی کوردو ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی ئەو گەلە هەڵنەگرتووەو مەبەستدار دەیهەوێ لە کوردستان ئەو فەزایە کە خۆی خولقێنەری بووە هەر بپارێزێو ماوەی نزیک بە ساڵێکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە سپای پاسداران دەیهەوێ لە مانگی بانەمەڕی ئەوساڵدا بۆ جاشەکان لە ژێر ناوی "کۆنگرەی پێشمەرگەکانی موسڵمان" کۆنگرەیان بۆ پێک بێنێ.

سپای پاسداران کە هێزی سەرەکی سەرکوتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەو هەیە مەبەستی لە گرتنی ئەو کۆنگرەیە ئەوەیە کە لە فەزای دروست بوو و زاڵ بە سەر ناوچەکەدا بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێ.

لەهەل ومەرجی ئێستادا هەموومان باش ئەوە دەزانین کە خەباتی نەتەوایەتی کورد لە سێ پارچەی کوردستان بە ئاقاریەکدا ڕۆیشتووە کە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کوردو پرسەکەدا بووە و لە سەرکەوتنی یەکجارەکی نزیکو نزیکتر کردۆتەوە بە تایبەتی ئەوفەزاییە کە بە هۆی بەربەرەکانی ئازایانەی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێرشی داعشدا لە خۆی نیشانداو ناوی پێشمەرگە بوو بەناوێکی جیهانی کە بەربەرەکانێ لە گەڵ تیرۆریزم دەکاو خۆشەویستی جیهانی بۆ خۆی دەستەبەرکرد هەربۆیە سپای پاسداران بە گرتنی کۆنگرەی بە ناو "پێشمەرگەی موسوڵمان" دەیهەوێ بە مەبەستی خراپی خۆی لەو ناوە پیرۆزە کەڵک وەر بگرێو بە خەڵکانی ئێرانو ناوچەکەو جیهان بڵێ کە ئێرانو سپای پاسدارانیش هێزی پێشمەرگەی هەیەو ئەوەی سپای پاسداران بۆ عێراق ناردویەتی هێزی پێشمەرگەی کورد بوەو لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە بڵێ کە لە گەڵ ناوی پیشمەرگە هیچ دژایەتیەکی نییەو ئەوانەی لە ڕیزی سپای پاسدارانن پێشمەرگەن.!!

ڕێژیم دەیهەوێ بۆ خۆشەویستکردنی جاشو خۆفرۆشەکان لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستانلەوەدەرفەتە کەڵک وەربگرێ کە دیارە ئەو پیلانەشی هەروەک پیلانەکانی دیکە بەچاو کراوەی خەڵکی کوردستان دەبێتە بڵقی سەرئاوو قەت خەڵکی کوردستان خەیانەتو جاشایەتی ئەو کەسانە لە بیرناکات کە پشتیان لە خاکو نەتەوەکەی خۆیان کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٥



## ئایا پەرەپێدانی گەندەڵیو ئیدارەکردنی وڵات پێکەوە هاوسەنگەن؟

لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوو بەتایبەتی لەو چەندساڵەی دواییدا ڕۆژ نییە هەواڵی ئێعدام کرنی کەسێک یا چەند کەس لە شارە جۆراوجۆرەکان و زیندانە جیاوازەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەهانەی جۆراوجۆرو حوکمی ناڕەوا لە ڕاگەینە گشتیەکاندا بڵاو نەبێتەوە وئەوڕێژە زۆرەی بەڕێوەچوونی ئێعدام ئێران لە پلەبەندیی جیهانیدا لە دوای چینو عەرەبستان پلەی سێهەمی بۆخۆی تۆمار کردووە.

سزای ئێعدام لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دا بۆتە یەکێک لە کەرەسەکانیدا سەپاندنی دەسەڵاتداریەتی ئەونیزامە و لە ژێر ناوی « محاربە با خدا» و « مفسد فی‌الارض» ڕەنگی قانوونیو شەرعی بەو ئێعدامانە داوەو بە قسەی خۆیان سزای ئێعدام بەو بەربەرینیە بۆیە بەڕێوە دەبەن کە نەزمو ئەمنییەت لە کۆمەڵگای ئێراندا دابین بکەنو تاوانو تاوانکاری نەهێڵن، بەڵام دەبینین ڕێژەی زۆری ئێعدامەکان ڕادەی تاوانو تاوانکاریان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کەم نە کردۆتەوە وبەپیچەوانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادەی تاوانو تاوانکاری ڕووی لە زیادبوون کردووە. پرسیارلێرەدایە دەبێ هۆکارچ بێ؟ کۆماری ئیسلامی بۆ زۆربەی ئەوکردارانەی کە بە پێی قانوونەکانی پەسندکراوی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە سزای ئێعدامیان لەسەرەئەوسزایەیان لە سەر بەڕێوە چووەو تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا فەرهەنگسازی کردووەو زۆربەی زۆری ئێعدامەکانی بە ڕۆژی ڕووناکو لە بەرچاوی خەڵک بەڕێوە بردوون، بەڵام بەو ڕێژە زۆرە ئێعدام کردنانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە تاوانکاری نەک کەمی نەکردوە بەڵکوو زیاتریش بووەو ئەوەسەلمینەری ئەوراستییە کە سزای ئێعدام تەنیا کەرەسەیە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک دابین کردنی ئاسایش و ئەمنییەت لەکۆمەلگادا، ئەگەر بمانهەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە دەبێ پەنا بۆ ئەو پەندە کوردیە بەرین کە دەڵێ: « ئاو لە سەرچاوەڕا قوڕاوە» واتە تاوانو تاوانکاری سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ لوتکەی دەسەڵاتداریەتی لە کۆماری ئیسلامی.

لە وڵاتێکدا تاوانو تاوانکاری دەتوانێ ڕوو لە کەم بوون بکاو خەڵک پابەند بە یاساو ریسای وڵات بکا کە سیستەمی ئیدارە کردنو بەڕێوەبەری وڵات گەندەڵیو فساد ڕووی تێ نەکردبێ. لە وڵاتێکدا کە گەندڵی سیاسیو ئابووریو تەنانەت گەیاندنی زانیاری بە هاووڵاتیان گەیشتوەتە لوتکەی فەسادی ئیداریو جامی گەندەڵی ئەوەندە پڕ بووە کە لێی دەڕژێو بە ناعیلاجیش بێ دەسەلاتداران هەرماوە بە ماوە پەروەندەی کەس یا کەسانێک کە لە پلەی مەسئولیەتی بەرزی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بوون ڕووده کەن کە چۆن لە ژێر سێبەری دەسەڵاتو پلەی دەوڵەتیدا ماڵو سامانی گەلانی ئێرانیان بە تاڵان بردووە.

بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی نێونەتەوەیی شەفافسازی لە نێوان ١٧٧ وڵاتدا ئێران لە بواری نەبوونی شەفافیەتو گەندەڵی سیاسیو ئابووریو نەگەیاندنی زانیاری دروست بە هاووڵاتیان لە پلەی ١٤٤هەمین وڵات قەراری گرتووە.

بە پێی ئامارەکان ئێران خاوەنی حەشیمەتێکی گەنجە کە خۆی سەرمایەکی گەلێک بەنرخە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بەڵام بەداخەوە دەبینین کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئەوەی لە وزەو توانای ئەو هێزە گەنجەی حەشیمەتی ئێران لە ڕاستای بەرەو پێشچوونی ئابووریو فەرهەنگیو سیاسی کۆمەڵگای ئێران کەڵک وەربگرێ، زۆرتری ئەو وزەو توانایە بۆ هێشتنەوەی خۆیو دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دەراوسێ لە ژێر ناوی پارێزگاری لە حەریمی پیرۆزی شوێنە ئایینیەکان بە کاردێنێ .
لە هەلو مەرجێکیوا دا کە هێزی لاوی ئێران تواناو وزەکەیان لە گرەوی سەرکەوتنی زیادەڕەوییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران دادەندرێو سامانو داهاتی گەلانی ئێران خەرجی پەروەردە کردنی تاقمو گروپی بناژۆی مەزهەبی دەکرێ زۆر سروشتییە کەسانێک لە ناو سیستەمدا پەیدا بن کە لەو فەزایە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرنو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیو قازانجی تاکی خۆیان چاوپۆشیش لە پەرەگرتنی گەندڵی لە ڕەگو پۆی سیستەمی ئیداری وڵاتدا بکەنو لە وەزعیەتێکیوا دا باری گرانی سیاسیو ئابووریو تەنانەت فەرهەنگی دەکەوێتە سەر شانی چینی مام ناوەندو هەژاری کۆمەڵگا ودەبێ ئەوان لە ژیان وگیانی خۆیان مایە دابنێن.

بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر باس لە نموونە یەک دەکەم کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان خەریکی گەندەڵیو فەسادی ئیداری بوون و هەن.

لەوماوەیەدا شاهیدی ئەوە بووین کە جەناحبەندییەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو بەهۆی ئەوە کە پەروەندەی « محمدرضا رحیمی» کە سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدی نژاد جێگری یەکەمی ناوبراو بوو،کەوتە بەر لێکۆڵینەوەو حوکمی دادگا، کاتێک ڕەحیمی بە تەواوی هەستی بەوە کرد کە ڕەنگە ئەو دادگایی کردنە سەرو ئابڕوی تێدا بەرێ، کەوتە خۆ لە نامەیەک دا دانی بەوەدانا کە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا ڕادەی یەکمیلیاردوو سەد میلیۆن تمەنی لە نێوان ١٧٠ بەربژێری مجلیسی هەشتەمدا دابەش کردوە بۆ ئەوەی مەجلیس لە ژێر دەسەڵاتو نفوزی خۆیاندا بمێنێتەوە. لە وڵاتێکدا جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار کە بە پێی یاسای بنەڕەتی مەسئوولی بەڕێوەبەری قانوونەکانەو ئیدارەکردنی وڵاتی لە ئەستۆیە، بەرتیل دەدا بە نوێنەرانی مەجلیسو لێرەدایە کە دەڵێن عوزر لە قەباحەت خراپترە ئەوەیە کەسانێک بەو ڕێژە زۆرەوە کە لە مەجلیس نوێنەرایەتی خەڵکیان لە ئەستۆیەو دارێژەر و بەڕێوەبەری قانوونەکانن بەرتیل وەردەگرن. لە وڵاتێکدا بەڕێوەبەری دەزگای ئیجرایی وڵات بەرتیل بدا بە دەزگای قانوون دانان دەبێ چاوەڕوانی لە خەڵک چ بێ کە پارێزەری قانوون بن و یا ئەو قانوونە دەبێ چۆن بێ کە بەرتیل خۆریەک دایدەڕێژێو بەرتیل دەرێکیش بەڕێوەی دەبا.

تا ئێستا بە دەیان پەروەندەی لەو بابەتە ئاشکرابوون « شهرام جزایری، بابک زنجانی، بیژن مرتضوی، محمدرضا

رحیمی...» بەڵام هەتا ئێستا ئیجرائیاتی ئەتۆیان لە گەڵ نەکراوە کە لە گەڵ کەسێکی جیابیر دەکرێ‌و تاوانی کەسانی سیاسی و جیابیر تەنیا ئەوەندەیە کە بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بیردەکاتەوە بێ ئەوە سامان‌و موڵکی وڵاتیان بە هەدەر دابێ.

ئەوەی جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە لە وڵاتێکدا کەسانی پلە بەرزی دەزگای یاسا دانان‌و بەڕێوەبەری وڵات‌و دادوەری ئاوا گەندەڵ‌و پاشەڵ پیس بن چۆن دەتوانن ئەمنیەتی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای ئێران دەستەبەر بکەن. زۆر سروشتیە لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا کە گەندەڵی‌و بەرتیل وەرگرتن‌و دزی لە لوتکەی دەسەڵاتدا جێی گرتوە، خەڵکی برسی‌و هەژارو بێکار دەست بۆ تاوان بەرن بۆ ئەوەی زگی برسی خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان پێ تێر بکەن.

هەتا ئێستا هیچ زانستیک ئەوەی نەسەلماندوە کە مرۆڤ بە تاوان کاری لە دایک دەبێ بەڵکوو بە پێچەوانەوە مرۆڤ کە لە دایک دەبێ‌و هەتا تەمەنێکی دیاری کراو پاکو بێ گەردەو دوورە لە تاوان‌و تاوانکاری‌و کاری ناشایست کە کۆمەڵگا پەسەندی ناکا و لە داهاتوودا ئەوەی کاریگەری لە سەردادەنێ‌و تووشی تاوانکاری دەکا، چەند هۆکارێکن کە گرینگترینان سیستەمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، واتە ئەو سیستەمەی کە دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری وڵات بەڕێوە دەبا بەرنامەو پلانی چییە بۆ پەروەردە کردن‌و بارهێنانی ئەو منداڵانەو ئەو ژینگەی کە ئەو منداڵانەی تێیدا پەروەردە دەبێ چ ئیمکاناتێکی مادی‌و مەعنەوی بۆ دابین کردوە، چونکە ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر پێ گرتنی کەسایەتی مرۆڤەکان.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوو نەیویستووە ژینگەیەکی سەلامەت بۆ منداڵ‌ولاوی کۆمەڵگای ئێران پێک بێنێ، بەڵکوو هەمووکات ویستوویەتی لە ژینگەیەکی وا بژین کە نیازمەند و چاولە دەست بن‌و لە کۆمەڵگایەکی‌وادا کە ساختاری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بەرەو دارمان دەڕوا ڕۆژبە ڕۆژ نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان وەک گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان پەرە دە ستێنێ، بێکاری‌و هەژاری ڕوو لە زیاد بوون دەکاو بە داخەوە دەبێ بڵێین کە تاوان‌و تاوانکاری بەئێعدام کردن ناتوانی بن بر بکرێ.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە وەبیر بێنمەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەیانهەوێ سزای ئێعدام لەسەر نەزمی کۆمەڵگا کاریگەری هەبێ، دەبێ ئەو سزایە لە سەر کاربەدەستانی پلە بەرزی نێو دەزگای حاکمەو بەڕێوەبەری وڵات بەرێوە بچێ، چونکە ئەوانن « مفسدفی الارض» و « محارب باخدا».

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## پاساوی تەقەکردن لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

ڕووداوی گیان لەدەستدانی فەریناز خۆسرەوانیو دژکردەوەی خەڵکی شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان بەو ڕووداوە ماوەی زیاتر لە حەوتوویەکە بۆتە جێگەی باسو خواستی میدیا کوردستانیو جیهانییەکانو لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. لەو وتارەشدا دەمانهەوێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە گرینگە کە بۆچی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد بە چەکی گەرم تەقەتیان لە خەڵکی خۆپێشاندەر کرد؟ کێو کام بەرپرس مەسئولیەتی ئەو تەقەکردنە لە ئەستۆ دەگرێو بە کام ئیزنو ئیجازە فەرمانی ئەو تەقەکردنە دراوە؟ ئەو پرسیارانە مەبەست ئەوە نییە شکو گومان بخەینە سەر تێڕوانینی ئەمنیو دوژمنکارانەی بەرپرسانی بەرزی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردستانو خەڵکی کوردستان، بەڵام تەنیا مەبەست ئەوەیە کە ئەو هێزە بەناو ئەمنیو ئینتیزامییانەو بەرپرسانیان خۆیان چەندە پابەندن بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی.

بەپێی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی ئێران خۆپێشاندەرانی مەهاباد بە پێشێلکاری قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیان نەکردوە، چونکە لەو ئەسڵەدا دەڵێ» هەموو جۆرە خۆپێشاندانو ڕێپێوانێک ئازادە بەو شەرتە چەکدارانە ودژایەتی لەگەڵ بنەمای ئیسلام نەبێ». ئەگەر ئەو ئەسڵە شی بکەینەوەو لەگەڵ حەرەکەتو داوای خۆپێشاندەرانی مەهاباد پێکی بگرین بۆمان دەردەکەوێ ئەو خۆپێشاندانە نەک چەکدارانە نەبووەوخۆپیشاندەران دەستیان بەتاڵ بووە، بەڵکوو هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا دا نەبووەو لەراستیدا نە مەبەستی خۆپێشاندانەکەو نە شوعارو لێدوانەکانی نێو خۆپێشاندەران بە هیچجۆر پێوەندی بە دینی ئیسلامەوە نەبووە. ئەگەر وایە هێزە ئەمنیەتییەکان بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە لەگەڵ خۆپێشاندەران جووڵاونەوەو بە سەرنجدان بە قانوونەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیش بۆمان دەردەکەوێ کە هێزە ئینتیزامیو ئەمنیەتییەکان خۆیان قانوونشکێن بوون. ئەوەتا لە مادەی ٤ی قانوونی هێزە ئینتیزامییەکان بەو شێوەیە باس لە کەڵکوەرگرتنی چەک دەکا.... کاتێک مەئموورین ناتوانن پشێویو نائارامییەکان کۆنترۆڵ بکەن بەو مەرجانەی خوارەوە دەتوانن لە چەک کەڵک وەربگرن.

ئەلف: بۆ بڵاوە پێکردن پێشتر لە کەرەسەی دیکە «غەیرە چەک» بەپێی ڕێو شوێن کەڵک وەرگیرابێو کاریگەر نەبووبێ.

ب: پێش ئەوەی چەک بەکار ببرێ خۆپێشاندەرانو نارازییان تێگەیەندرابن کە چەک بەکار دەهێنن.

بەپێی ئەو مادە قانوونییە بێت دەبوایە لە شاری مەهاباد پێشتر هێزە ئەمنیەتییەکان بۆ بڵاوپێکردنی خۆپێشاندەران لە

کەرەسە باوەکانی وەک ماشێنی ئاوپڕژێنو شتی لەو بابەتە کەڵکیان وەگرتبایەو کاتێک دەستیان بۆ چەک دەبرد تەقەی هەواییان کردبا، بەڵام ئەوەندەی لە وێنەو فیلمو دێکیۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە خۆپێشاندانەکەی خەڵکی مەهاباد دەبینین نەک هیچ ماشێنێکی ئاوپڕژێن یا کەرەسەکانی باو لە دنیای مردێرندا نابینین، بەڵکوو بێ سێو دوو، بێ هیچ پاساوێک هێزە ئەمنیەتییەکان راستەوخۆ و روو بە خۆپێشاندەران بە چەکی گەرم تەقەیان کردوە.

لە کۆتایی مادەی ٤ی یاسای هێزە ئەمنیو ئینتیزامییەکان تێبینییەک هاتووە کە دەڵێ: « هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی بارودۆخە نائارامییەکان لە ئەستۆی «شورای تأمين استان و شهرستان»ە و یاسادانەر بۆیە ئەوەی هێناوە کە هێزە ئەمنیەتییەکان بێ بڕیارو تەئیدی ئەوانە ناتوانن لە خۆوە دەست بۆ چەک بەرن.

پرسیار ئەوەیە ئایا هێزە ئەمنیەتییەکان سەرسەری تەقەیان لە خۆپێشاندەران کردوە یان شوورای تەئمینی ئوستانو شار دەستووری تەقەیان داوە؟ هەرکام لەوانە بێت پێویستە وەڵامی خەڵک بدەنەوە کە هەڵسەنگاندنو تێڕوانینیان بۆ ئەو خۆپێشاندانە لەسەر چ ئەساسێک بووە کە بڕیاری تەقەکردنیان بەو بەربەرینیە بە هێزە چەکدارەکان داوەو لە بەرامبەردا خەڵکی بێ چەکو بێدیفاع بریندار بوونو ئێحتمالی شەهیدبوونیشیان لێ دەکرێ.

لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر رووداوی تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانی مەهاباد لە هەرکامە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری دێموکراسیو ئازادی روویدابا بێ سێو دوو هەموو ئەو پۆلیسانەو تەنانەت فەرماندەی پۆلیسی ئەو شارەش لەلایەن دادگاوە دەستبەسەر دەکران و تەنانەت فەرمانداری ئەو شارەش کە رووداوی لەو چەشنە تێیدا رووی داوەدەستی لەکار دەکێشاوەو دەچوو بەرەی خەڵکەوە.... چونکە لەو وڵاتانە مرۆڤ بایەخی خۆی هەیەو گیانی مرۆڤەکان بە مادییات هەڵنەسەنگێندرێ و لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراسی بەڕێوەدەچن لە حاڵەتی ئاوا دا قەت زیانو زەرەری مادی وەپێش زیانو زەرەری گیانی ناخەن. بەڵام بەداخەوە ماوەی ٣٦ ساڵە لە ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی ئەوەی بایەخی نییە گیانی مرۆڤەکانە. ئەوەتا دوای خۆپێشاندانەکەی خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهاباد کاربەدەستانی ئیدارێو لەشکری لە رادەو پلەی جیاوازدا لە سەر ئەو بابەتە هاتوونەتە قسەو بەجێگەی ئەوە بایەخ بە هەستو سۆزی خەڵک بدەنو بەداخ بوونی خۆیان لە مەرگی فەرینازو بریندارەکانی خۆپێشاندانەکە دەرببڕن، کەوتوونەتە هەڕەشە کە چیدیکە خزمەتی مەهاباد ناکرێو سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو شارە ناکەن. هەر وەکی بڵێی لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا بە دەیان کارخانەو کارگەیان لە مەهابادو ناوچەی مەهاباد دامەزراندبێو بە هەزاران هەلی کاریان بۆ لاوانی ئەو شارە رەخساندبێ کە ئێستا وا هەڕەشەیان لێدەکەن. ئەگەر مەهاباد پێشکەوتنێکی بۆ خۆیەوە دیبێ ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو شانازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی دڵسۆزو بە ئەمەگی ئەو شارە کە هەموو کاتو لە هەموو دەورانەکاندا هەوڵیان داوە شارەکەیان لە هەموو بوارێکەوە پێش بکەوێو ناوو ناوبانگی کوێر نەبێتەوە.



سەرچاوە Serchawe

بەڵام کۆماری ئیسلامیو تەنانەت نیزامی پاشایەتی بەچاوی ئەمنییەوە ڕوانیویانەتە کوردستانو شاری مەهابادیش جیا نەبووە لە کوردستانو پرسی نەتەوەیی کورد، هەر بۆیە لە بەرامبەر هەر داواو وکردەوەیەک کە لەلایەن کورد بە گشتی یان تاکەکانی کورد رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی تاران بۆتەوە بەجێگەی دانیشتنو لێکحاڵی بوون بە توندوتیژیو چەک وەڵامی کوردو داخوازیەکەی دەراوتەوەو خۆپێشاندانە نارەزاییەتیەکەی خەڵکی مەهاباد بە مەرگی گوماناوی فەرینازو ئاکامەکانی دەرخەری ئەو راستییەن، چونکە هەتا ئێستا هیچ دامو دەزگایەکی دەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوەی لە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کە روو بە خۆپیشاندەرانی دەست بەتاڵ کردوویانە، نەکردووەو هیچ کەسیش لەو پێوەندییەدا دەست بەسەر نەکراوە.

لە کۆتایی‌دا پێویستە وەبیر نوێنەری مەهابادو هەموو نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران بێنینەوە کە ئەوە ئەرک و وەزیفەی ئەوانە کە لەو رووداوە بەگشتیو تەقەی هێزە ئینتیزامییەکان رووبە خەڵک بەتایبەتی بکۆڵنەوەو داوای بەسزا گەیاندنی بکەرانی ئەو رووداوە بکەنو لە هەمان حاڵدا بە دوای تیمارکردنی بریندارەکانو قەرەبوو کردنەوەیاندا بڕۆنو لە هەوڵی ئازادکرانی دەستبەسەرەکاندا بن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وا بکەن خەڵک بە نوێنەری خۆیانتان دەزانێو پێچەوانەوە خەڵک لێتان دڵساردو بێئومێد دەبێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٥



## یادێک لە ٥٩ شەهیدی مەهاباد

رۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتیکی تاڵ و دڵهەژێنە لەو رۆژەدا ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە زیندانی تەوریز بە حوکمی دادگای شەرع بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ دژی شۆڕش ئێعدام کران و هەواڵەکەی لە لایان فەرماندانداری ئەو کاتی مهاباد «حمیدرضا جلالی‌پور» لە ڕاگەیاندراوێک دا کە لە ناو شاردا بڵاو کرایەوە، ڕاگەیاندرا.

هەر وەکی گوترا ئەو ٥٩ کەسە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە شێوەی ڕەش‌بگیر دەست بەسەر کرابوون.

ئێستا کە ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە قێزەونە دا تێپەڕ دەبێ، ڕوون نییە کە ئەو ٥٩ کەسە کە لە شاری مەهاباد گیرابوون بۆ پێکەوە ئێعدام کران و کێ و چ کەسانێک بڕیاری ئێعدامی ئەوانیان دا و هۆکاری چی بوو هەر ٥٩ کەس کە لە بواری تەمەن و تەنانەت کەسایەتیەوە پێکەوە جیاوازیان هەبوو چۆنە لە یەک دادگا دا دادگایی کران و حوکم دران ئەو حوکمەش کە ئێعدامە لەسەر هەموومان یەکجێ بەرێوە چووە؟ دوای ئێعدام کردنیان بۆ جەنازەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان نەدراوەتەوە یا لانی کەم شوێنی گلکۆکەیان نیشانی بنەماڵەکانیان نەداوە؟.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٢ی هەتاوی بەو کردەوەی خۆی دەیهەویست چ پەیامێک بدا بە خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر چاو لە وتە ونوسراوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەم دا بکەین باشتر دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە و هەموو پرسیارەکانی تر بدەینەوە و شێوەی تێڕوانینی ئەوان لە سەر خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.

خەڵخالی لە ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا کە تەنیا چەند مانگێک بەسەر بە دەسەڵات گەیشتنیان تێپەر دەبێ لە رۆژنامەی «کیهان» دا سەبارەت بە کێشەی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەو شێوەیە دەدوێ: «ڕێگا چارەی قەیرانەکانی وڵات ناردنی ئەرتەش بۆ سەر سنوورەکانە... ». یا خومەینی لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا هەر لە رۆژنامەیەی کەیهان دا هاتووە ئاوا دەڵی «ئەوانە لە ئیسلام دەترسێن، ئەوانە لە قانوونەکانی ئیسلام دەترسێن، ئەوانە دەیانهەوی ئیسلام نەبێ، ئەوە هەرشتێک بێت پیلانگێرییە. ئەگەر پیلانگێڕی رووبدا ئیدی ئێمە ناتوانین هەتاسەر دان بە خۆمان دا بگرین و پیلانگێریەکان قەبووڵ بکەین، مەسەلەی ئیسلامە، لە مەسەلەی بەرژەوەندی موسوڵمانان دا ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین.»

لە راستی دا هەم لێدوانی خەڵخاڵی و هەم قسەکانی خومەینی روویان لە کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو چونکە هەر چەند رۆژ دواتر خومەینی فتوای هێرشی بۆ سەر کوردستان لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دەر کردوە دەستووری دا بە ئەرتەش و سپا بە هەر قیمەتێک بێ کوردستان داگیر بکەنەوە و لەو کاتەدا خومەینی تەنیا بە ناردنی ئەرتەش و سپا بۆ سەر کوردستان رازی نەبوو و بەڵکوو دۆست و هاوکاری کۆنی خۆی سادق خەڵخاڵی وەک حاکمی شەرع بە دەسەڵاتێکی رەها ناردە کوردستان بۆ زیاتر سەر کوتی خەڵک، کە هەموومان دەزانین لە ماوەیەکی کەم دا خەڵخاڵی بە جەلادی کوردستان ناوی دەرکرد.

بە پێی راپۆرتی ریکخراوی لێبوردنی گشتی لە سەر کەوتنی شورشی گەلانی ئێران هەتا ڕەشەمەی ساڵی ٥٨ ڕادەی ٤٣٨ کەس ئێعدام کراون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستاوە و قۆناغی ئێعدام کردنەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی لە ناو خۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەڵکشان و داشکان دابووە بەڵام قەت ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کار نەکەوتووە بۆ نموونە بە پێی ئامارێک لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی کە لوتکەی ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دابوو رادەی ١٠٧٠٠ کەس ئێعدام کراون یا نزیکترین ساڵ لە سەر دەمی ئێستا دا دەتوانین ساڵی ٩٣ی هەتاوی بە نمونە بێنینەوە کە بە پێی راپۆرتی رێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ رادەی ٨٥٢ کەس سزای ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ کراوە.

لەسەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی دەزگای دادوەری بە ناوی حاکمی شەرع هەر کەسی دەگرت و ئێعدامی دەکرد لە ژێرناوی «سەر بەرژیمی پێشوو» و یابە تاوانی « دژی شورش» حوکمی ئێعدامیان بە سەر دا دەسپاند. بەڵام بەرەبەرەکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ژێر رەحمەتی شەری ئێران . عێراق توکمەتر بوو و زیاتر خۆی سەپاند، دەستەواژەکان بۆپاساوی ئێعدامەکان گۆڕان و بوون بە«مفسدفی الارض و «محاربە باخدا» بەو شێوەیە دەسەلاتداران ویستیان لە بیر و ڕای گشتی خەڵکی ئێراندا شەرعییەت بدەن بە ماشێنی ئێعدامەکانیان.

کاتێک ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد کە دوو مانگ لە گیرانیان تیپەڕ نەدەبوو بە بریارێک ڕادەگوزرێن بۆ شاری تەورێز ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی و لەوێ هەر ٥٩ کەسەکە لە یەک رۆژ و لە یەک کات دا ئێعدام دەکرێن دەبێ گەلی کورد چۆن بروانیەتە سیستمی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی.

ئەو٥٩ کەسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا بوون، لاوی تەمەن ١٦- ١٧ ساڵیان تێدا بووە هەتا پیاوی کامڵ تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵو لە هەمان حاڵدا لە چینو توێژی جۆراوجۆری شاربوون لە قوتابیو خوێنداکار هەتا دوکانداریو بازاڕیان تێدا بووە. هەربویە چ لە بواری تەمەنەوە چ لە بواری تێروانین بۆ ڕووداوەکان ئەو ٥٩ کەسە ناتوانن وەک یەک بن، بەڵام دادگای شەرعی تەورێز بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی قانوونیو ئەخلاقی وەک ئەوە کە دەبێ زیندانی «تفهیم اتهام» بکرێو مافی

ئەوەی هەبێ کە پارێزەر بۆخۆی دیاری بکاو لە دادگایەکی عادڵو دادپەروەر دادگایی بکرێو دوای دەرچونی حوکمی دادگا مافی ئەوەی هەبێ تانە لە حوکمی دادگا بدا بۆ ئەوەی لە دادگای تێهەڵچوونو پێداچوونەوەدا داوای پێداچونەوە بۆ حوکمی دادگا بکرێو لە هەمان حاڵدا مافی ئەوەی هەبێ چاوی بە کەسو کارو بنەماڵەی خۆی بکەوێ. بەڵام دەبینین ماوەی زیندانی کردنو بەڕێوە چوونی حوکمی ئێعدام ئەوەندە کەمە کە مەجالی هیچکام لەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد بەو ٥٩ کەسە نەدراوە هەروەکی ئەوە وابێ ئەو ٥٩ کەسە لە مەیدانی شەڕدا گیرابنو دادگای نیزامیان بۆ تەرتیب درابێ. پرسیار ئەوەی بەڕاستی بۆ وا بە پەلە ئەو٥٩ کەسە ئێعدام کران؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین هەلو مەرجی ئەوکات ناوچەکە چوون بووە. کاتێک ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد ئێعدام کران، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانای بەربەرەکانیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نەبوو بۆیە باشترین ڕێگا بۆ بردنهسەری ڕۆحیەی هێزەکانیانو چاوترساندنی خەڵک کە هاوکاری پێشمەرگە نەکەن، گرتنو ئەزیەتو ئازارو ئێعدام کردنی خەڵکی شارو گوندی کوردستانیان وەک ستراتیژیەکی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان دیاری کردبوو و لەو سەردەمداچلەپۆپەی ئەو ستراتیژییە ئێعدام کردنی ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد بوو.

لە کۆتایەکانی مانگی بانەمەڕو سەرەتای جۆزەردان ساڵی ٦٢ پێش ئەوەی ئەو٥٩ کەسە ڕابگوێزرێن بۆ زیندانی تەورێزو لەوێ ئێعدام بکرێن لەیەکێک لە چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە قائیممقامی قەرارگای هەمزە بە ناوی «بروجردی» دەکوژرێ، ناوبراو کە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستانو دروستبوونی جاش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو کوژرانو لە دەستدانی بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو هەربۆیە کوژرانی « بروجردی» دژکردنەوەی بەرپرسانی حکوومەتی تارانی لێ کەوتەوە. مێرحوسێن مووسەوی کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو بە توندی هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی کوردستانو داوادەکا هێزە نیزامیەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجردی بکەنەوە. «هاشمی رفسنجانیو محسن رفیقدوست» هەڵوێستی توند دەگرنو هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستانو حیزبەکانی کوردستان.

دوای دەرکەوتنی ئەو دژکردەوانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ چەند کۆبوونەوەیەک لە شۆرای ئەمنیەتی مەهاباد پێک دێو بە هاوکاری قەرارگای هەمزە بڕیاردەدەن دژکردەیەوەیەکی توند نیشانی خەڵکو حیزبەکانی کوردستان بدەن. هەربۆیە ئەو٥٩ کەسە کە لە ماوەی مانگەکانی خاکەلێوەو بانەمەڕدا دەست بە سەر کرا بوون ڕاپێچی زیندانی تەورێزیان دەکەنو لەوێش لە دادگایەکی چەند دەقیقەیی‌دا هەر٥٩ کەسەکە مەحکووم بە ئێعدام دەکەنو هەر لەوێش حوکمی ئێعدامیان لە سەر جێ بە جێ دەکەنو بە پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بە مەبەستی ترساندنی خەڵکی مەهاباد هەواڵەکە بە شێوەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانداری مەهاباد بڵاو دەکەنەوە.

ئەوەی جێگای سرنجو لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسەی خەڵکی مەهاباد بێجگە لە ڕاگەیندراوی

فەرمانداری لە هیچ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی وڵاتدا بڵاو نەکراوەتەوە تەنانەت ڕۆژنامەکانی «اطلاعاتو کیهان» کە ڕوماڵی ڕووداوەکانی کوردستانیان کردووە خۆیان لە باسی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بواردووە. دەبێ حیکمەت چ بێت کە ئێعدامی٥٩ کەس بێ تاوانی مەهاباد ئاوا پەردەپۆش کراوە؟

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٥



## مهابادو دیسان خەمی لەدەستدانی تێکۆشەرێک

بەداخەوە لە ماوەی ٣٦ دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیدا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت ئاسوودەیی بە خۆیەوە نەدیوە. خەڵکی کوردستان لەو ماوەیەدا ڕۆژێکیان پێشک نایە کە لەلایەن کاربەدەستانی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناحەقێکو زوڵمێک دەرحەق بەوان نەکرابێ. هەموو ڕۆژێ هەواڵی گیرانو ئێعدامو کوشتنو بڕینو راودوونانو تالانو بڕۆ بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو تەنیا بە تاوانی ئەوەکە داوای مافی پێشێلکراویان دەکەنو دەیانهەوێ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان بێو ئەو مافە هەبێ کە خۆیان بەڕێوەبەری وڵاتی خۆیان بن، نەک لە خاکو زێدی خۆشیان هاووڵاتی دەرەجە ٢و٣ بن. هەر ئەو داوایەو پێداگری لەسەر وەدەست خستنەوەی ئەو داوایە کە مافی بێ ئەملاوئەولای هەر تاکێکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیە بۆیە بێ سڵکردنەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەسەردەکەنو لە دادگایەکی رواڵەتی دا سزای زیندانی هەتاهەتاییو ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێنن.

دوینێش وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکەی ساڵ هەواڵی ناخۆشو دڵتەزێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هات، دیسان لاوێکی دیکە بە دەستی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کراو دیسان مهاباد شاری کۆمارو پێشەوا بۆ لەدەستدانی مەنسوور ئاروەند ڕەشپۆشی، هێشتا تەمی کارەساتە دڵتەزێنەکەی فەریناز خوسرەوانی کە بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی خۆی گیانی لە سەر داناو خەمی بریندارەکانی نارەزایەتییو خۆپیشاندانی خەڵکی شار بەو کارەساتە بەسەرو سیمای شاری مهابادەوە دیارە کە خەمی لەدەستدانی تێکۆشەرێکی ڕێگەی ئازادی هاتە سەر خەمەکانی دیکەی مهاباد. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ئێعدامی مەنسوور ئاروەندو هەموو مەنسوورەکان دەیانهەوێ چ پەیامێک بدەن بە خەڵکی کوردستان کە هەتا ئێستا بەو هەموو قەتڵو عامو کوشتارە نەیانگەیاندووە، لە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادیرا کە ٣٣ سال لەوەپێشو ڕاست لەو مانگەدا بێ سەرو شوێن کران هەتا کوشتاری خەڵکی گوندەکانی قاڕناو قەڵاتانو کانی مام سەیدەو دەیان گوندی دیکەو تەقە کردن لە کاسبکارو کۆڵبەری سەر سنورەکان هەتا تەقە کردن لە خۆپیشاندانە نارەزایەتییکەی مەهاباد بە مەرگی فەریناز خوسرەوانیو ئێعدامی مەنسور ئاروەند، هەموو ئەوانەو بە دەیانو سەدان کردەوەی دژی مرۆڤایەتی دیکە کە دەرحەق بە گەلی کوردیان کردوە نەیتوانیوەو ناشتوانێ حەرەکەتو بەرەوپێش چوونی جووڵانەوەی میللیو دێموکراتیک گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگرێو پێشگیری لێ بکا.

ئەگەر ئێعدامو لە سێدارەدانو ئەزیەتو ئازار کاریگەری لە سەر ڕاوەستانی خەبات بۆ ئازادیو ڕزگاری هەبوایە، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەواو هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان دەبوایە ڕەوڕەوی خەباتو تێکۆشان لە جووڵە کەوتباو هیچ

تاکێکی کورد باسی لە مافو ئازادیەکانی گەلی کورد نەکردبایە، بەڵام دەبینین کاروانی خەبات بەردەوامەو خوێنی بهناحەق ڕژاوی مەنسور ئاروەندو هەزاران شەهیدی دیکە دەبنە هەوێنی زیاتر سووربوونمان لە سەر درێژەدانی خەبات بۆ وەدست هێنانەوەی مافە زەوت کراوەکانمان.

هەروەکی پێشترگوترا دەبێ دوژمنی دڵڕەقو زاڵم باش لەوە تێگەیشتبێ کە بە ئیعدامو شەهیدکردنو تەحویل نەدانەوەی جەنازەی شەهیدەکانی وەک مەنسور ئاروەند ناتوانێ پێش بە بەرەوپێشەوە چوونی ڕەوڕەوی خەبات بگرێو کۆسپیان بۆ دروست بکا چونکە لە خەباتو تێکۆشاندا بە دڵنیاییەوە ئەوەی تێک دەشکێو دەڕووخێ کۆماری ئیسلامیەو ئەوەی سەردەکەوێ گەلی کوردو خەباتە حەق خوازانەکەیەتی.

لە کۆتاییدا سڵاوی ئەمەگداریی خۆمان دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهید مەنسوور و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریو بەختەوەری گەلی کوردو چاوەڕوانیمان لە خەڵکی کوردستان بەگشتیو خەڵکی شۆڕشگێڕو قارەمانپەروەری مەهاباد ئەوەیە کە بێ گوێدان بە هەڕەشەکانی هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی مەهێڵن بنەماڵەی شەهید مەنسوورو سەرجەم شەهیدان بە تەنیا خەمی لە دەستدانی جگرگۆشەکانیان هەڵبگرن، هەروەکوو بە سەدان جاری دیکە سەلماندووتانە درێژەدەری ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانن و بیسەلمێنن کە شەهید مەنسوور رۆڵەی شاری مەهابادو سەرجەم گەلی کورد بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٥



## با هەوڵ نەدەین مەقبوڵیەت بە جاشایەتی بدەین، هەوڵ بدەین بنبڕبکرێ

لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە بزاڤی ڕزگاریخوازو ئازادیخوازی کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستان بە پێی هەل‌و مەرج لە ئارادا بووە هەتا ئیستا بەردەوامەو لەو ماوە دووردریژەدا خوێن‌و قوربانی زۆری داوە بەخۆشیەوە ولە ژێر سێبەری ئەو گیانبازی‌و فیداکاریانەدا لەسەردەمی ئێستادا دەبینین کە کوردو کوردستانیان لە وەدیهاتنی ئامانجەکانیان نزیک دەبنەوە کە هەمان رزگاری‌و گەیشتن بە مافەکانی گەلی کوردە. لە باشوری کوردستان دەبینین کە کورد زیاتر لە ٢٠ ساڵە خاوەن پارلمان‌و دەسەڵاتی سیاسی خۆیەتی‌و هەڵبژاردنی ئەو دوایانەی تورکیە پێگەیەکی دیکەی لەململانە سیاسیەکانی نێوخۆیی تورکیەبە باکووری کوردستان داوە و کورد لە خۆرئاوای کوردستان هەوڵی داوە لەو هەل‌و مەرجەی کە لە سوریە هاتوەتە پێشێ هەتا ڕادەیەک بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ‌و ڕووداوەکانی ئەودوایانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و حەرەکەت‌و جم‌و جۆڵی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چاوەڕوانی هەل‌و فورسەتێکە کە خۆی دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بگرێ‌و ئەوانەو دەیان بەڵگەی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا قۆناغی زۆر سەخت‌و دژواری بڕیوە بەڵام کۆڵی نەداوە و هەروەکی پێشتر گوترا لە سایەی ڕەنج و تێکۆشان و فیداکاری ڕۆلە بە ئەمەگەکانی گەلی کوردلەسەردەمی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە بەشێکی بەرین لە خاکی کوردستانی دابەش کراو بەرهەمی ڕەنجی خۆی بخوا.

بەڵام بێجگە لەو هەموو نەهامەتیەو کوشتارو کاولکاری کە بە سەر کوردستان‌دا هاتووە، بێجگە لە دەرندەخویی دوژمنە داگیرکەرەکان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا نەخۆشی‌و دەردێکی دیکە بەرۆکی خەبات‌و خەباتکارانی کوردی گرتووە کە زۆر کوشندەیە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد ؛ئەویش دیاردەی جاشایەتیە کە دەردێکە بۆتە سەرباری هەموو دەردان جاش یا جاشایەتی واتە خۆفرۆشتن بە بێگانە بە پارەو پلەو پایە. ئەوخۆ فرۆشتنە دەتوانێت بە شێوەی فرۆشتنی گەل‌و وڵات بێ یا هاوکاری کردنی دوژمن لە بواری جۆراوجۆردا بێ کە زیان بەو کۆمەڵگایە بگەیێنێ کە خودی خۆفرۆشەکەی تێدا لە دایک بووەو گەورەو پەروەردە بووە.

جاشایەتی کۆیلایەتی خۆویستانەیەو دزێوترین ڕەهەندی مرۆڤە لە بەرئەوە کە خسڵەت‌و تایبەتمەندی مرۆڤی تێدا نامێنێ و دەبنە دوژمنی ئاوو خاک‌و نیشتمانی خۆیان‌و لە بەرامبەر جووڵانەوەی نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازی‌دا دەبنە بەربەست‌و هەموو بایەخ‌و ئەرزشە مرۆڤایەتیەکان دەکەنە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان.

دەتوانین جاش‌و جاشایەتی بە دوو دەستە دابەش بکەین، یەکەم کەسانێک کە بە شێوەی تاک‌و نهێنی پێوەندی بە دەزگاکانی ئەمنی‌و هەواڵگریەکانی دوژمنەوە دەگرن‌و لە بەرامبەر مووچەیەکدا زانیاری بە دژی نەتەوەکەی خۆیان‌و بە

قازانجی دوژمن دەدەنەوە بەو دەزگا هەواڵگریانە کە دەگوترێ سیخوڕ کە زۆر مەترسی‌دارترن لەوانە بە ئاشکرا چەکیان پێیە. دووهەم ئەو دەستە کەس یا کەسانەن کە بۆ قازانجی تاکەکەسی یا عەشیرەیی یا لە ڕووی تووش بوون بە کۆمەڵێک کێشەو گرفت ڕوو لە دوژمنی گەل دەکەن‌و چەکی دەسەڵات لە شان دەکەن‌و شان بە شانی هێزەچەکدارەکانی دەوڵەت لە سەرکوتو ئەزیەتو ئازاری هاووڵاتی‌و هاوڕەگەزی خۆیاندا بەشدار دەبن‌و زۆرجاران لە ئەنجامدانی کردەوەی قێزەوەندا وە پێش هێزەکانی دوژمنیش دەکەون.

جاش لە بنەڕەتدا بە پێی فەرهەنگی زمانەوانی کوردی بەوئاژەڵەشوبهێندەراوەکە گوێ ڕایەڵی بێ ئەم لاو ئەو لایە ولە مانای سیاسیەکەدا ئەوانەی کە ڕیزی خەڵکی خۆیان بە جێ دەهێڵن‌و تێکەڵاو بە داگیرکەرو دوژمن دەبن جا بە هەر پێوەرێک کە خۆیانی پێی قائیل دەکەن فەرق ناکا چونکە لە بەرامبەر فەرمان‌و دەستووری ئاغاکانیاندا دەبێ ملکەچ بن‌و تەنانەت ئەو فەرمان‌و دەستورە قەتڵو عامی خەڵکی هاووڵاتی، هاوشاری‌و هاوگوندی خۆشیان بێ، دەبێ بێ ئەملاولا جێ بە جێ بکەن.

بەداخەوە ماوەیەکو جاروبار لە هێندێک لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا دەبیسترێ بە جێگای بە کارهێنانی وشەی جاش بۆ ئەو کەسانەی ڕیزی خەڵکی خۆیان جێهێشتوەو تێکەڵ بە دەسەڵاتدارو داگیرکەری کوردستان بوون و لە سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک شەریک و برابەش دوژمنن، وشەی چەکداری خۆجێی یان بۆ کار دەبردرێ ئەگەر ئەوە ئیدامەی هەبێ ناڕاستەوخۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان کردەوەو کرداری جاشەکان مەقبووڵیەتی پێ دەدرێ‌و هەرئەوە خۆی خزمەت ناکا بە کەم کردنەوەی دیاردەی جاشایەتی بەڵکوو بە جۆرێک یارمەتی‌دەر دەبێ بۆ پەرەگرتنی دیاردەی جاشایەتی.

کورد ئەگەر هەتا ئێستا لە وشەی جاش کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوە بووە کە خەباتو دژێوی کردارەکەی ئەو دەستە کە پشت یان لە نەتەوەکەی خۆیان کردووە دەربخاو دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە بە هیچ جۆر نەچینە خانەی ئەوە کە قەباحەتو دزێوی کرداری جاشایەتی وا لێ بکەین کە مەقبووڵییەتی پێ بدەین بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەین لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێوەندی بکەین بەو کەسانە کە هەتا ئێستاش هاوکاری دەوڵەتو دەزگا ئەمنیەکانن‌و چەکی جاشایەتیان لە شاندایەو تێیان بگەیەنین کە کردارەکەی ئەوان نەک هەر زیان بە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەگەیێنێ بەڵکوو زیان بە خۆشی چ وەک تاکو چ وەک بنەماڵەو تایفەو عەشیرە دەگەیێنێ چونکە ڕەوتی ڕووداوەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە خەباتو خەباتگێڕان‌و گەل سەردەکەون‌و ئەوکاتە ئەو جۆرەکەسانە دەکەونە بەر ڕقو قینی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک کە ڕەنگەبۆ پەژیوان بوونەوە دەرنگ بووبێ.

ئەگەر ئەوانە بیر لە داهاتووی خۆیان ناکەنەوە دەبێ بیر لە داهاتووی منداڵەکانیان بکەنەوە کە سبەی دواڕۆژ ناخۆشترین کاتی ژیانیان ئەوکات دەبێ کە بە منداڵی جاش پێناسە بکرێن. ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکی جاشایەتیان



سەرچاوە
Serchawe

هەڵگرتوە دەبێ لە نزیک خۆیان باشوری کوردستان و باکووری کوردستان ببینن کە سەردەمانێک لە ودووپارچەییە کوردستانیش بەداخەوە جاشایەتی بەرەوی هەبووە بەڵام دەبینین لە عێراق دەوڵەتی سەدام ڕوخا وجاشەکان هەر مەجبوور بوون پەنا بۆ خەڵکی کوردستان بەرنەوە و لە تورکیا دەبینین ئەوانەی خەباتیان کردوە خەڵک دەنگیان پێ دەدا و دەبنە ئەندام پارلەمان و ئەوانەی خزمەتی دەوڵەتی تورکیایان کردوە بە دژی خەڵکی خۆیان جوولاونەوە لە پەراوێزدان و کۆمەڵگا هیچ حیسابیکیان بۆ ناکا.

لە کۆتاییدا با هەوڵ نەدەین بە هێنان و بە کاربردنی وشەی چەکداری خۆجێی لە دزیوی‌و ناشیرینی دیاردەی جاشایەتی کەم بکەینەوە بەڵکوو با هەوڵ بدەین بە تێگەیاندنی ئەو کەسانەو گیرانەوەیان بۆ باوەشی گەلو نیشتمان دیاردەی جاشایەتی بەرادەیەک کەم بکەینەوە کە بگاتەبنبڕبوونی یەکجاری و ئەو ئارەزوە بێنینە دێ کە هیچی دیکە کورد نەبێتە داردەستی دوژمنو ڕیزی خەڵکو خەبات بە بەرگی جاشایەتی نەگۆڕێتەوە.

لە ژمارە ٦٥٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٥





سەرچاوە
Serchawe

## چەکی شیمیایی و کارەساتی شاری سەردەشت

ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی چەکە شیمیاییەکان بکۆڵینەوە دەبێ بڵێین کە بەکارهێنانی ئەو ئەو جۆرە لە چەک مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام ئەوەی لە سەردەمی ئێستادا ئێمە وەک چەکی شیمیایی دەیانناسین و لە ڕیزی چەکەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ دایاندەنێین مێژووی بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی یەکەمی جیهانی. لە ماوەی چوارساڵ شەڕدا بە پێی ئامارەکان نزیک بە ١٢٠هەزار تۆن مەوادی شیمیایی لەبەرەکانی شەڕدا بەکار هاتوە کە بۆتە هۆی کوژرانو برینداربوونی یەک میلیون و سێسەدهەزار کەس.

بەهۆی کاریگەریی تۆقێنەرو ماڵوێرانکەری چەکی شیمیایی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەوڵەتەکانی ئەوکات هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ پەیماننامەیەک ئیمزا بکەن کە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی قەدەغە بکرێو ئەو هەوڵو تێکۆشانە پرۆتۆکوڵی ١٩٢٥ی ژنێڤی لێکەوتەوە.

پرۆتۆکۆلی ژنێف ١٩٢٥ تایبەتە بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی سەممیو خنکێنەر لە شەڕەکانداو چاوەدێری بەسەر بازرگانی نێونەتەوەیی چەکوچۆڵو تەقەمەنی لە ئەستۆیە.

پرۆتۆکۆلی ژنێف یەکەمینو گرنگترین ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیییە لە پێوەندی لەگەڵ چەکی شیمیاییو میکرۆبیدا. بە واتایەکی دیکە ئەو پرۆتۆکولە یەکەم بەڵگەنامەی نێونەتەوەیییە کە چاوەدێری بەسەر چەکە میکرۆبییەکاندا دەکاو هەر لەو پرۆتۆکۆڵەدا گرنگیی تایبەت دراوە بە چەکی شیمیایی چونکە چەکی شیمیایی لە مەیدانی شەڕەکاندا زیاتر لە چەکی میکرۆبی بەکارهاتوە چونکە بەرهەمهێنانی چەکی شیمیایی بۆ دەوڵەتەکان ئاسانترو هەرزانترە لە چەکی میکرۆبی.
لە پێشەکی پرۆتۆکۆڵەکەدا هاتوە:

«بەکاربردنی گازە خنکێنەرەکان، سەممی یان گازەکانی دیکەو تەواوی ئەو کەرەسە و شلەمەنییانەی وەک ئەو گازە خنکێنەرانەن، لەلایەن دنیای پێشکەوتوو مەحکووم کراوە». بە پێی پرۆتۆکولەکە دەوڵەتەکانی ئەندام دەبێ بەو دوو خاڵەی خوارەوە پابەند بن:

- قەبووڵکردن، ناساندنو پابەندی بەقەدەغەکردنی کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەی شەڕی «بیولۆژیک»، گازە سەممی و خنکێنەرەکانو ......»

- هاندانی ئەو وڵاتانەکە نەبوون بە ئەندام لە پرۆتوکوڵەکەدا بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام. پرۆتوکوڵی ساڵی ١٩٢٥ی ژنێڤ لەگەڵ ئەوەی توانی پێشگیریی قانوونی لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی پێک بێنێ، بەڵام تواناو هێزی نەبوو کە پێشگیری لە بەرهەمهاتن و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە چەکانە لە پانتای تۆپی زەویدا بکا. هەربۆیە دروست کردنو ئەنبارکردنی چەکی شیمیایی بۆ دەوڵەتەکان هیچ بەربەستێکی قانوونیی لە پێشدا نەبوو. لەبەر ئەوەش کومەڵگای جیهانی لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا سەرقاڵی ئەوە بووە کە پابەندیی‌یەکی زیاتر بۆ دەوڵەتەکان دروست بکا کە هەم نەتوانن چەکی شیمایی‌و میکروبی بەرهەم بێننو هەم نەتوانن لە مەیدانەکانی شەڕدا کەڵکی لێوەربگرن. هەر بەو مەبەستە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی داماڵینی چەکدا لە ژنێڤ، ڕەشنووسی گەڵاڵەی کۆنواسیونی پێشگیری چەکە شیمیایی‌یەکان ئامادە کراو پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا کە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی خۆی لە دیسامبری ساڵی١٩٩٢دا بە کۆی دەنگ پەسندی کردو لە ماوەیەکی کەمدا ڕادەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٦٠ وڵات.

ئەو پێشەکی‌یە کورتە بۆ ئەوە بوو کە بزانین کۆمەڵگای جیهانی کە ئێمەی تێدا دەژیین چەندە بە دەست چەکی شیمیایی‌یەوە ناڵاندوویەتی‌و نزیک بە ٧٥ ساڵە بە نووسینی پرۆتۆکوڵو دروستکردنی ڕێکخراوو سازمان دەیەوێ دەوڵەتەکان پابەند بکا لە کاتی شەڕو پێکدادانەدا لەو جۆرە چەکە کەڵک وەرنەگرنو بەتایبەتی بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێ دیفاع لە شارو گوندەکان بەکار نەهێنرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی تەواوی ئەو پابەندی‌یانەی دروست کردووە دەوڵەتەکان خۆیان ژێر پرۆتوکوڵو پەیماننامەکان ئیمزا دەکەن لە کاتی شەڕدا هەرخۆشیانن ئەو پابەندی‌یە ژێر پێ دەنێن. ئەوەتا لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕی عێراق – ئێراندا بە دەیان جار لە چەکی شیمیایی لەبەرەکانی شەڕو بە دژی خەڵکی بێتاوان کەڵک وەرگیراوەو ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە هەم ئێرانو هەم عێراق ژێر پرۆتوکوڵی ١٩٢٥ی ژنێڤیان ئیمزا کردوە. دیارە زۆرترین ڕادەی چەکی شیمیایی حکوومەتی عێراق بەکاری هێناوە کە بێجگە لە بەرەکانی شەڕ بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێدیفاع بەکاری بردوە، کە بەرچاوترینیان بۆمبارانی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستانو شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە رۆژی ٧ - ٤ - ٦٦ (١٩٨٧) شاری سەردەشت بەهۆی شەش فرۆکەی شەڕکەری عێراقی کە هەڵگری بۆمبی شیمیایی بوون بۆمباران کراو کوژراوو برینداریکی زۆری لێکەوتەوە. بەپێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەی ٥٠٠٠ کەس‌و بە پێی ڕاپۆرتی حکوومەتی ئێران ڕادەی ٨٠٢٥ کەس کوژراو و بریندار بوونو بەو شێوەیە سەردەشت دەبێتە یەکەمین شار کە بۆتە قوربانیی چەکی شیمیایی دوای هیروشیما و ناگازاکی ژاپۆن کە بە چەکی ناوکی وێران کران.

لەو ماوەیەدا ئەوە پرسیار بووە کە بۆچی حکوومەتی بەعسی عێراق شاری سەردەشتی بۆمبارانی شیمیایی کرد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لە نێوەرۆکی ئەو حکوومەتەدا بە دوایدا بگەڕێین. لەلایەک حکوومەتی بەعسی عێراق خۆی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و پێشێلکەری مافی مرۆڤ بووو دژایەتی‌یەکی توندی لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد هەبووو لە هەموو شێوازو چەکێک

کەڵکی وەردەگرت بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان و لەلایەکی دیکەش حکوومەتی بەعس زۆر چالاکانە بە دوای پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایردا بوو،و دەیەویست لە هەردوو دیوی سنوور بەقووڵایی ٢٠ کیلومیتر بە پێی ڕێککەوتننامەکە چۆڵ بکرێ و کەسی تێدا نەژی. لێرەدا پێویستە ئیشارە بە چەند لایەنێکی دیکە بکەین کە هۆکار بوون بۆ بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە کەوتوونەتە سەرسنووری ئێران – عێراق. لەو نێوەدا دەسەڵاتدارانی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شیمیابارانی سەردەشتدا کەمتر لە حکوومەتی عێراق خەتابار نین. ئەگەر عێراق دەستپێکەری شەڕەکە بوو ڕێبەرانی نیزامی ئیسلامیی ئێران درێژەدەری شەڕەکە بوون‌و بۆ ئەوە لەو شەڕەدا سەر بکەون لە هەموو کەرەسەیەکی ماددی‌و مەعنەوی لە مەیدانەکانی شەڕدا کەڵکیان وەرگرتووە باکیان لە تێداچوون‌و ئاوارەبوون‌و ماڵوێرانیی خەڵکی بێتاوان نەبووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە ڕۆژئەژمێرەکانی سەردەمی شەڕ لە ناوچەی سەردەشتدا بگێڕین کە بە چەندین جار کەوتۆتە بەر پەلاماری تۆپخانەی شیمیایی‌و بۆمباران. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم گەڵاڵەو پلانێکی ئەوتۆیان ئامادە نەکردبوو کە لانی کەم لە کاتی بۆمبارانی شیمیایی‌دا تا ڕادەیەک پێشگیری لە دانی تەلەفاتی قورسی گیانی بکرێ.

جێگای خۆیەتی سەرنج بدەینە چەند خاڵێک کە ئەگەر بەڕێوە چووبان لەوانە بوو تەلەفاتی شاری سەردەشت زۆر زۆر کەمتر لەو ئامارانە بووایە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا.

الف: نەبوونی زانیاریی خەڵکی سەردەشت‌و ناوچەکە لە سەر چەکی شیمیایی، لەو حاڵەتەدا کە دەتەقێتەوە دەبێ چۆن بزانن کە ئەوە بومب یان گوللەی شیمیایی‌یە.

ب: نەبوونی ئاموزش پێویست بۆ خەڵک کە لەو کاتەدا کە دەکەونە بەر هێرشی چەکی شیمیایی دەبێ چ بکەین‌و چۆن خۆیان‌و خەڵکی دیکە رزگاربکەن.

ج: لەبەرچاونەگرتنی ئەو مەسەلەیە لە بواری نیزامی‌دا کە سەردەشت لە کاتی شەری ئێران – عیراق‌دا هەمووکاتێک لە ژێر هەڕەشەی بۆمباران‌دایە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو فڕۆکە شەڕکەرانەی بە مەبەستی بۆمبارانی شوێنەکانی دیکەی ئێران سنووریان دەبەزاندو دەهاتنە نێو خاکی ئێران، زۆربەی جاران نەیان‌دەتوانی بومبەکانیان لە شوێنی مەبەست بخەنە خوارەوە هەر بۆیە لە کاتی گەڕانەوەدا بومبەکانیان لە سەر ناوچە سنووری‌یەکان کە سەردەشتیش یەکیک لەوان بوو بەتاڵ دەکردەوە.

د- نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی‌و پێڕاگەیشتنی خێرا بە بریندارەکان. چونکە بە قسەی تەنیا دوکتوری تایبەت بە مواد شیمیایی «دکتر حسن سقطفروش» ناوەندی فریاکەوتنی شیمیایی لە ١٥ کیلومیتریی شاری سەردەشت لە شوێنێک بە ناوی «هەوارسێمان» دامەزرابووو تەواوی دەرمانەکان‌و کەرەسەی ناسینەوەو حەمامی سەحرایی و فریاکەوتنی خێرای بریندارانی

شیمیایی لەوێ دامەزرابوونو ئەوە لە حاڵێکدایە کە دوکتوری ناوبراو هەر بۆخۆی دەڵێ «کاتێک خەڵکمان ئاگادار کردەوە ٢٠ دەقیقە لە بۆمبارانی شیمیایی تێپەڕ ببوو. کە ئەوە تەنیا ئاگادارکردنەوەی خەڵک بووەو بۆ بە هاوارگەیشتنیان بەلانی کەم نزیک بە یەک سەعاتی خایاندوەو ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ بڵاوبوونەوەی گازی شیمیاییو زۆربوونی تەلەفاتی ئینسانی. هەربۆیە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو تاوانەدا شەریکەو خەتای گەورەی لەسەر شانە.

لە کۆتاییدا سەری کرنۆش دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو براو خوشکانە کە بە ناحەق کەوتنە بەر پەلاماری چەکی شیمیاییو گیانیان لە دەست دا، یان بە نەخۆشیو نەقوستانی ئێستاش درێژە بە ژیان دەدەن. هیواخوازم قەت جارێکی دیکە گەلی کورد لە هیچ شوێنێکی کوردستان تووشی کارەساتی وا نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٥





سەرچاوە
Serchawe

## کێ بەرامبەر بە مەرگی ئاکام تەلاج بەرپرسیارە؟

ئاکام تەلاج لە رەوتی نارەزایەتیەکانی شاری مەهاباد بە مەرگی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی بە هۆی تەقەی راستەوخۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندی بریندار بوو کە بە داخەوە بە هۆی کاری بوونی برینەکەی دوای نزیک بە دوو مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی گەل و نیشتمانەکەی بوو.

شەهید بوونی ئاکام لە کاتێک دایە کە ناوەندە پەیوەندیدارەکان لە شاری مهاباد و پارێزگای ورمێ رایانگەیاندبوو کە هێزە ئەمنییەتییەکان هیچ توندوتیژیەکیان بەرامبەر بە خۆپێشاندەرانی نارازی بە مەرگی فریناز خوسروانی نەکردوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کێ لە بەرامبەر مەرگی نابەوختی ئاکام تەلاج دا بەرپرسیارە؟

داخوازیی ئاکام تەلاج لەگەڵ سەدان لاوی دیکەی مەهاباد کە رژانە سەر شەقامەکان تەنیا ئەوە بوو کە هۆکاری مەرگی فەریناز روون ببێتەوە ولە دادگایەکی دادپەروەر بە پەروەندەکەی ڕابگا، بەڵام بینیمان کە وەک هەموو جارەکانی دیکە لە لایەن دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وڵامی داخوازییە رەواکانیان بە فیشەک و ئاگر درایەوە..

لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر رووداوی تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانی مەهاباد لە هەرکامە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری دێموکراسیو ئازادی رووی‌دابا بێ سێو دوو هەموو ئەو ئۆرگانە پێوەندیدارەکان بەم رووداوە لێپرسینەوەیان لێ دەکراو تەنانەت فەرمانداری ئەو شارەش کە رووداوی لەو چەشنە تێیدا رووی داوە دەستی لەکار دەکێشاوەو دەچوو بەرەی خەڵکەوە. لێرە دا پێویستە وەبیر کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی بێنینەوە کە نەک پەروەندەی فەریناز و فەرینازەکان نەبەستراوە، بەڵکوو پەروەندەی قەتڵی بە ئانقەستی ئاکام تەلاج و هەموو ئەوانەی وەک ئاکام بوونە شەهیدی دەستی زۆرداری لەسەر پەروەندەی دژی مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی کەڵەکە دەبن و ڕۆژێک دادێ کە دەبێ لە بەرامبەر ویژدانی مرۆڤایەتی و خەڵکی کوردستان دا وڵام دەر بن..

لە کاتێک دا کە هێشتا زامی بەسۆی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی مەهاباد بە تایبەتی بە هۆی ئێعدام کردنی رۆڵەیەکی ئەم نیشتمانەو ئەندامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، واتە شەهید مەنسووری ئاروەند ساریژ نەبۆتەوە، برینێکی دیکە بەهۆی شەهیدبوونی ئاکام تەلاج لە جەستەی بریندارى گەلی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان دەکرێ. دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا لەوە باش تێگەیشتبێ کە بە ئێعدامکردنی لاوانی کوردو تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانو گرتنو ئەشکەنجە کردنی رۆڵەکانی ئەم خاکو نیشتمانە ناتوانی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆگەیشتن بەمافەکانیان بە

چوک دابێنی ودەبێ ئەوە باش بزانی خوێنی بەناحەق ڕژاوی شەهیدان ئاکام تەلاج و مەنسوور ئاروەندو هەموو شەهیدان زیاتر دەبنە هەوێنی سووربوونی خەباتگێڕانی ئازادی لەسەر ڕێبازەکەیان..

لیرەدا جێی خۆیەتی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان لەم پێوەندییەدا ئەرکی ئینسانی و نیشتمانی خۆیان لە بیر نەکەن و بەرانبەر بەم تاوانانەی کە دەرحەق بە ڕۆڵەکانیان دەکرێ خاوەن هەڵوێست بن و بە دەنگ هەڵبڕینیان بەرانبەر بە هەڵسوکەوتی سەرکەوتکەرانە هێزەکانی ڕژێم جێدیکە ئێزن نەدەن ڕۆڵەکانیان ببنە قوربانی. پێویستە وەبیر ئەندامە کوردەکانی مەجلیس بینینەوە ئەوان ئەگەر نوینەرایەتی خەڵک دەکەن نەدەبوایە ئیزن بدەن کە پەروەندەی فەریناز خوسرەوانی مختومە رابگەیندەرێ، چونگە مەرگی ئاکام تەلاج هەموو بریندارو گیراوەکانی روداوەکەی شاری مهاباد پیوەندی راستەوخۆیان بەو رووداوەوە هەیەو و ئیستا کە ئاکام شەهید بووە لە سەریانە لە هەموو رێگا قانوونیەکان کەڵک وەربگرن کە خوێنی ئەولاوە بێ تاوانانە پێشیل نەکرێ ومافیان نەفەوتێ ولەورێگایەوە پیشگیری لە دووبارەبوونەوەی ئەو خەسارانە بکەن..

لەکۆتاییدا خەڵکی کوردستانو بنەماڵەی شەهیدان دڵنیا دەکەینەوە کە رێگەی ئاکام تەلاج و هەموو شەهیدانی کوردستان کە رێگەی پاراستنی شەرافەت و کەرامەتی ئینسانییە هەتا گەیشتن بە ئامانجی نیهایی کە رزگاری گەلو نیشتمانە هەر بەردەوام دەبێ..

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی جوولای ٢٠١٥



## لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەیەکەوە یادێک لە ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلیار و هاوڕێیانی

لە قەد پاڵی بەرزاییەک، کانیاویەکی سارد و روون و سازگار هەڵدەقوڵێ بە ناوی کانی شەکرە. ئەو بەرزایە و ئەو کانیاوە کەوتوونەتە سەر سنوورێکی دەستکردی ئێران - عیراق. چەند سەد میترێک کە لە کانیاوەکە هەڵدەکشێ؛ ئاواییەکانی سەرشیوی مەریوان بەدیار دەکەون لە کانیاوەکەش ڕا لێرەوار و پێدەشتی شلێر دەبیندەرێ کە دەبێتە باشووری کوردستان.

ڕۆژ بەرەو ئێوارێ سەرەونخوون بۆتەوە، سێبەری بەسەر بەشی زۆری پێدەشتی شلێردا کێشاوە. رێکەوت، ٨ی مانگی پوشپەڕی ١٣٦٤ی هەتاویە. هێزێکی پێشمەرگە کە بە مەئموریەت هاتبوونە ئەو ناوچەیە، ئامەدەی ڕۆیشتنەوەن. هێزی جێگرەوە گەیشتۆتە جێگا و شەوێکە لەو شوێنە لەگەڵ هێزەکانی دیکە نیشتەجێ بووە. ئەو هێزەی کە مەئموریەتی تەواو ببوو سەر بەهێزی موعینی لە ناوچەی سەردەشت بوو، ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بوو لە حاڵی جێبەجێ کردنی مەئموریەتی پێئەسپێردراو دابوون. کاتی ڕۆیشتن هات، پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون و هێزی زرێواری مەریوان ڕێز ببوون بۆ ئەوەی خواحافیزی لە یەکتری بکەین و دوو مانگی پتر لە بیرەوەری تاڵ و شیرینی ژیانی پێشمەرگایەتی لە بیر و زەینی یەکتردا جێ بهێڵین.

سێبەر بەسەر پێدەشتی شلێر داکشابوو ڕێچکەی پێشمەرگە سازمانی خۆی گرتبوو و ئارام ئارام بەرەو شلێر شۆڕ دەبووینەوە لە زاهیرمان کەیفساز و دڵخۆش بووین کە بەرەو شوێنی کار و تێکۆشانی حیزبیمان لە ناوچەی سەردەشت دەگەڕێنەوە، بەڵام لە هەست و دەروونماندا بریندار بووین؛ چونکە شوێنی ٨ی هاوڕێمان لە نێو ڕێچکەکەماندا بەتاڵ دیار بوو، ئەوان لە تێکهەڵچووونێکی شەڕی «خۆکوژی» شەهید ببوون.

بە داخەوە نزیک بە دووساڵ بوو رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شەڕێکی خۆکوژی ببوو و دوو هێزی دیاری مەیدانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی واتە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کەوتبوونە شەڕێکی بێئاکام و شەهیدبوونی ئەو ٨ پێشمەرگەش لە سۆنگەی ئەو شەڕە دابوو.

لە سەرر رووبارەکە لە تەختایی دەشتی شلێر دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی حیزب چاوەڕوانی گەیشتنی ئێمە بوون کە تێکەڵ بووین؛ زەحمەت بوو هەموومان بناسێ چونکە پێشمەرگەکان ئی چەند کومیتە شارستان بوون، بەڵام چەند کەسێکی

دیار لە نێویاندا بوون کە بە هۆی بەرپرسایەتییەکانیانەوە زۆربەمان دەماننناسین (کاک حەسەن شیوەسەڵی، سەرگورد کەریم عەلیار، فەتاح عەبدولی، تاهیر عەلیار و...) دوای تێکەڵ بوون و وەرگرتنی سازمانی رۆیشتن ،بڕیاری حەرەکەت درا رێچکەی ئەو جارەی پێشمەرگەکان ئەوەندەی دیکە خۆی لە بەریەک کێشایەوە و ماوەی نزیک بە سێ سەعات رێپیوان درێژەی هەبوو.

ئارام ئارام لەگەڵ هەنگاوەکانی ئێمە خۆر بە تەواوی پەنای گرت و تاریکی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا، بەڵام زۆری نەخایاند کە مانگ لە کەل هاتەدەرێ و بە رووناکی خۆی وێنایەکی دیکەی لە سروشتی جوانی ئەو ناوچەیە نیشانی رێبوارانی ماندوو شەکەتی ئەو پێدەشتەدا. ئەو ناوچەیە سەردەمانێک جمەی ژیانی لێوە دەهات، بەڵام ئێستا چۆلەوانەیە؛ ئەویش بە هۆی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی رێژیمی بەعس کە تەواوی گوند و ئاوەدانییەکانی ئەو ناوچەیە خاپوور کردبوو، دانیشتووانەکەی بەرەو ئوردوگاکانی زۆرەملی راگواستبوو.

رێچکەی پێشمەرگە وەک چەند سەعات پێشتر بە گاڵتە و جەفەنگ نەبوو، هەموو بێدەنگ و تەنیا دەنگی هەنگاوەکان بوو کە ئاهەنگێکی بە نەزمی دروست کردبوو کە جار جار دەبیسترا و جار و باریش بریسکەی تەقینەوەی تۆپێک لە دوورەوە بەرچاو دەکەوت و جاروبار دەنگی تەقینەوەکەش دەبیسترا، چونکە ناوچەکە مەیدانی شەڕی ئێران ـ عیراق بوو. لە پڕدا رێچکەی حەرەکەتی پێشمەرگە راوەستاو و گوتویان لێرە دەمێنینەوە. کاتێک نزیک بوومەوە لە بەر تریفەی مانگەشەو شوێنێکم بەرچاو کەوت کە ئاسەواری دەستی مرۆڤی پێوە دیار بوو، سپیداربەرز و حەوزوکانی و رێچکە و رێگا هەموویان نیشانی ژیان و ئاوەدانی بوون، ئەو گوندە کاول کراوە وێنەوداڕۆخان بوو «کاتێک خۆر بۆ جارێکی دیکە بە تیشکی خۆی رووناکی و گەرمای بە زەوی بەخشی و وڵات بە تەواوی رووناک بوو، ئەو کات دەرکەوت کە سروشتی ئەو ناوچەیە چەندە سەرنجراکێشە، ئاسەواری خانووە رووخاوەکان کە سەردەمانێک ژیان تێیاندا جمەی دەهات هەر بەپێوە مابوون و هەر لادیوار و خانووە رووخاوێک و کۆڵانێکی ئەو گوندە، خۆی هەڵگرێ سەربوردە و مێژوویەکی دوورودرێژی ژیان بوون. ئەو رۆژەی لەبەر سێبەری سپیدار و رەزودار و دەوەنی گوندی وێرانکراوی «وێنە و داروخان» تێپەڕمان کردەوە لەگەل کۆمەڵێک پێشمەرگەی  لە هێزەکانی دیکەی حیزب ئاشنا بووین.

ئێوارێیەکی دیکە و حەرەکەتێکی دیکە کە بەداخەوە نەماندەزانێ چ رووداوێکی بە ژان چاوەڕوامانە و حیزبی دێموکراتی کوردستان چ خەسارێکی لێدەکەوێ. بەرەو ئاوایی سەیرانبەن کە ئاواییەکی سەرسنووری ناوچەی بانە بوو حەرەکەتمان کرد، سەعاتی ١٠ی شەو گەیشتینە نێو ئاوایی، لەگەڵ ئەوەی مولگەی دوژمنی بەسەرەوە بوو، بەڵام گوێمان پێنەدا، بەسەرماڵەکاندا دابەش بووین. مۆڵەت یەک سەعات بوو، دەبوایە هەم نانێک بخۆین و هەم بۆ سبەی چەند نانێک و پێخۆرێک هەڵبگرین. لە بەر ئەوە پێشمەرگەکان رادەیان زۆر بوو و ماڵەکان هەموویان پێشمەرگەی لێبوو، هێندێک لە پێشمەرگەکان شوێنیان وەدەست نەکەوتبوو، هەر بۆیە روومان لە دووکانی ئاوەدانی کرد و کابرای دووکانداریش هەر گەڤەی

سمێڵی دەهات. نزیک سەعاتی ١١ی شەو ئاوایی سەیرانبمان جێ هێشت. بەپێی دابەشبوونی مەئموریەتەکان ئەو شەوە و مەئموریەتی تیمی پێشڕەو وەبەر پەلەکەی ئێمە کەوت. دیارە ئێمە شارەزا نەبووین پێشمەرگەیەکیان راسپارد لەگەڵمان بێ، ئەو کەسە گورج و گۆڵ و شایی بەخۆیی بوو، خێرا دەگەڕایەوە بۆ لای ڕێچکەی پێشمەرگەکان و دیسان خۆی دەگەیاندەوە ئێمە، لەساڵانی دواییدا بۆم دەرکەوت ئەو کەسە »مامۆستا زێڕە« بوو.

تیمی پێشڕەو دووبە دوو بە مەودایەکی کە یەکتر وون نەکەین و لە سەرەخۆ هەنگاومان هەڵدێناوە، چونکە هەم نابەلەد بووین و هەم هێزەکە قورس بوو، نیزیک پردێک بووینەوە پێیان گوتین زۆربەی جاران لێرە کەمینی دوژمنی لێیە، رامانسپارد هێزە کە هەنگاوەکانیان لە سەرەخۆتر بکەن هەتا ئێمە لە پردەکە دەپەرینەوە، لەو سەروبەندەدا بوو کە سێ وڵاغ سوار لە سەر پردەکە پەیدا بوون، لە بەر مانگە شەو جوان دیار بوو کە هەر سێ کەسەکە لاوونیو سواری وڵاغەکان ببوون هەر کە دەنگمان دان خۆیان فڕێدا خوارێ و هەڵاتن هەرچەند بانگمان کردن کە ئێمە پێشمەرگەین مەترسێن، نەگەڕانەوە یەکێک لە پێشمەرگەکان چەند فیشەکیکی پێوە نان، بەڵام سودی نەبوو، لە وڵاخەکان توانیمان ئەسپێکیان لە بن پردەکە بگرینەوە. بە سڵامەت لە سەر پردەکە دەربازبوون و بەرەو ئاوایی مەحمەل ئاوا بەرێ کەوتین لە نزیک ئاوایی یەک دوو فیشەک بە رووماندا تەقێندەرا. دوای ئەوە خۆمان گەیاندە نێو ئاوایی ، بەرەو شوێنی تەقە رۆیشتین، یەکیک پێشمەرگەکان (....) کابرایەکی لەگەڵ خۆی هێنا کە چەکی کردبوو. کاتێک پرسیارمان کرد بۆمان روون بووە کە ئەوە هەمان کەسە کە تەقەی لێکردوین، هەڵمانپێچا، بەڵام هەر زۆر زوو روون بووە کە بە خەیاڵی خۆی تەقەی لە دز و جەردە کردوە و ئەوانەی ئێمە لەسەر پردەکە تووشیان بووین جەردە و دز بوون و سەعاتێک پێشتر لە نێو ئەو گوندە بووون و بە زۆر پوڵیان لە خەڵک ستاندووە.

ڕێچکەی هێزی پێشمەرگە گەیشتنە نێو ئاوایی و کاک حەسەن شیوەسەڵی کە فەرماندەری هێزی موعینی بوو و ئێمەش سەر بەو هێزە بووین هێندێک پرس و جوی لە ئێمە کرد و دوای رووی لە کاک سەرگورد عەلیار دەکرد و دەیگوت «کاک زانا» چ بکەین باشە، ئەو کابرایە کە تەقەی کردوە لەگەڵ خۆمانی بەرین یا ئازادی بکەین؟ چەکەکەی پی بدەینەوە یا نا؟ و کۆمەڵێک پرسیار و وڵامی لەو بابەتە لە نێوان کاک حەسەن شیوەسەڵی و کاک سەرگورد عەلیاردا ئاڵوگۆڕ کران.

لەو نێوەدا خەڵکی ئاوایی مەحمەل ئاوا کە لە دەورووبەرمان کۆ ببوونەوە هەر کەس لە بەرخۆیەوە رێنوێنی دەکردین و ئاگاداری دەداینی کە هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامی هاتۆتە پایگای «نەهێنی» و ئەحتمال هەیە هێرش بکە، دەیانگوت بە چاوی خۆمان دیتومانە ...، ئێوە هەوڵ بدەن بچنە پشتی ئاوایی وشترمل، بە دەم گوێ لێبوون لەو قسە و باسانە کاک حەسەنی شیوەسەڵی بانگی کردم کە لەگەڵ شارەزای ڕێگاکەدا حەرەکەت بکەین، حەرەکەتمان کرد، هەوازیەکمان لە پێش بوو بەڵام زۆری نەخایاند گەیشتینە سەر بەرزایەکە کە هەمووی بە لێرەوار داپۆشرابوو. لێرەواری ئەوە ناوچەیە بە پێچەوانەی هێندێک شوێن دەون نین، بەڵکوو داری گەورەن و خەڵک لە گەڵای دارەکان بۆ تفاقی زستانی ماڵات کەڵک

وەردەگرێ، هەر بۆیە دارەکان لە برین و فەوتان پارێزراون و ئەگەر زۆر شارەزا نەبێ وەک سیاکێو نییە و بەشەو نازانێ کوێ کوێیە.

پەلەکەی ئێمە گەیشتبوو سەرێ و هەر کاممان پاڵمان وەداربەڕیەک دابوو و چاوەڕوانی ستوونی ئەسڵی پێشمەرگەکان بووین، ئەوانیش دوای ١٠. ١٥ دەقیقە گەیشتینە ئەو شوێنە کە بەسەر ئاواییەکانی مەحمەل ئاوا و ناوەدا دەیڕوانی و لە پشت سەرمان تیرەکە باسکێک بوو کە بەرەو ئاوایی وشترمل و بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دەڕۆیشت. نازانم چۆن بوو بڕیار دەرا هەتا بەیانی کە هێندەی نەمابوو رۆژ بێتەوە لەو شوێنە ئیستراحەت بکەین و بەیانی بەرەو گوندی ناوە حەرەکەت بکەین. ئەو پەلەی ئێمە کە وەک پەلی پیشڕەو زووتر گەیشتبووینە سەر ئاسوگەکە هەر ئەو شوێنەمان پێ سپیدەڕا و گوتیان هەر پەلە لە شوینی خۆی کێشک دابنێ.

هەموولایەکمان زۆر شەکەت و ماندوو بووین، بەڵام دەبوایە چاوکراوە بین و هەموو ئەحتمالێک لە نەزەر بگرین. هەر لەو شوێنە کێشکی شەومان دانا و قەرارمان دانا هەتا رووناکی هەوا نیو سەعات نیو سەعات کێشک بدەین و هەرکاممان لە پاڵ داربەڕوویەک و لە نزیک یەکتر خۆمان بە ئەرز دادا. چونکە دەمزانی پێشمەرگەکان زۆر هیلاکن و منیش هەر وەک ئەوان وا بووم، بەڵام هەست بە مەسئولیەت وای لێدەخواستم پۆستی یەکەم خۆم راوەستم لە دوای خۆم پێشمەرگەیەکم دیاری کرد و لە دوای ئەویش «عەلی بەردەسووری» کە بەداخەوە لە ساڵانی دواییدا بە هۆی تۆپباران لە سونێ شەهید بوو. ماوەی کێشکی خۆم تەواو ببوو نەفەری دوای خۆم هەستاند، هەرچەند پێشمەرگەیەکی باش و بە ئیمان بوو، بەڵام باش دەمزانی تۆزێک خەوخەوە، هەر بۆیە ئەو نیو سەعاتە کێشکی ئەویش بەوێژنیک دان و بە خەبەری تێپەڕم کرد کە گوێم لێ بوو عەلی بەردەسووری هەستاند لە ڕاستیدا خەیاڵم ئاسوودە بوو و لە پاڵ داربەڕوویەکی قەد ئەستوور سەرم وەسەر کیسە خەوەکەم کرد و بێ ئەوە ڕەخت و فیشەکدانەکە لە خۆم بکەمەوە ڕاکشام و چاوم گەرم بوون، پێم وابوو خەون دەبینم لە نێوان خەو و بێداریدا گوێم لە دەنگی عەلی بوو کە دەیگوت کێیە کوڕە؟ دەنگدانی عەلی و دەستڕێژی فیشەک وەک یەک لە نێو دارستاندا دەنگی دایەوە، عەلی وەدەست هاتبوو دەنگی نێرانەی بژی دێموکرات و قرمەژنی تفەنگ تێکەڵ یەک بوون و لەو بەریشرا هاواری (اللەاکبر) دەبیسترا. دوژمن هێرشی کردبوو، ئێمەش هەر لە شوێنی خۆمان بەرەو شوێنی دوژمن دەستمان کرد بە تەقە. شوێنەکەی ئێمە وابوو کە تەقەی هێزەکانی دوژمن بەرەو ڕوی ئێمە بوو و تەقەی پێشمەرگەکانی دیکەش کە لە پشت سەری ئێمە لە مەیدانێکدا خەوتبوون بە سەر ئێمەدا بەرەو دوژمن بوو، پەلەکەی ئێمە کەوتبوو نێوان دووئاگر هەر بۆیە ڕامگەیاند کەس لە جێگای خۆی نەجوڵێ تا هەڵێکی لە بار دەڕەخسێ و بزانین هاوڕێیانی فەرماندە دەڵێن چی. لە سەرەتای دەست پێکردنی تەقەکەدا ئاوری هێزی پێشمەرگە بۆ دوژمن توند بوو، هەربۆیە هەتا ڕادەیەک ئاوری چەکەکانی دوژمن لە کەمی دابوو. ئێمەش هێدی هێدی و بە ئەسپایی و یەک یەک بەدەم تەقەکردن بەرەو دواوە کشاینەوە کە بزانین دەبێ چ بکەین کە هاتینە شوێنی مانەوەی هێزی ئەسلی پێشمەرگە کەسی لێ نەمابوو و جار بە جارێک

تەقەمان لە شوێنی دوژمن دەکرد، بۆ ئەوەی دوژمن وانەزانێ کە شوێنە کە چۆڵ کراوە- لە نێوان تاریکی و ڕووناکی بەیانیدا لە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان چەند شتێک دەبینرا کە نەماندەزانی ئەوانە چین ئایا جەنازەی پێشمەرگەیە یا شتی دیکەیە بەجێ ماوە، بڕیارمان دا هەتا ڕووناک دەبێ خۆ بگرین و بزانین دەبێ چ بکەین بۆ کام لا بڕۆین کە لە پڕدا لە پشت سەرمان خشپە خشپ پەیدا بوو پێشمەرگەکان ویستیان تەقەیان لێ بکەن، ئیزنم نەدا گوتم با زیاتر نزیک ببنەوە ئەگەر دوژمن بێ با بێ تەلەفات دەرنەچێ یا ڕەنگە پێشمەرگەکانی خۆمان بن کە نزیک بوونەوە کاتێک کەوتنە بەر لوولەی چەکەکانمان یەکەم کەس کە ناسیمانەوە کاک حەسەن شێوەسەلی فەرماندەی خۆشەویستی خۆمان بوو.

ئەویش ئێمە ناسییەوە و زۆر خۆشحاڵ بوو کە شوێنەکەمان چۆڵ نەکردوە و گوتی هەموو پێشمەرگەکان سلامەتن و بەرەو چەمی ناو حەرەکەتیان کردوە، بەڵام بەداخەوە کاک سەرگورد عەلیار بریندارە ئەوانم بەڕێ کردوە، بەڵام کۆمەڵێک مەدارک و ئەسناد لە کۆڵەپشتیدا بەجێ ماون، دەبێ بە هەر قیمەتێک بێ بیانهێنن. دەبوایە سینگ لە ئەرز قائیم بکەینەوە و ئاوری چەکەکانمان بۆ سەر دوژمن توندتر بێ هەتا بتوانین ئەو شتانەی بەجێ ماون وە چەنگیان بخەینەوە و وەدست دوژمن نەکەون. بە شەڕێکی توند و ئاوربارانێکی قورس توانیمان هەموو ئەو شتانەی بەجێ مابوو لهگەڵ خومان بیانهێنین و زانیمان کە دووسەر ئەسپ کە پێمان بوون وە بەر ڕەهێڵەی فیشەک کەوتوون و هەردووکیان تۆپیوون.

هەوا وردە وردە ڕووناک دەبوو بە جوانی دەوروبەری خۆمان دەدیت، بەرەو بەرزاییەکانی» وشترمل و برۆشکانی» هەڵکشاین بە چەند جارێکی دیکە لهگەڵ دوژمن دەرگیر بووین، بەڵام هەموو کاتێک ئەوان پاشەکشەیان دەکرد. دەنگی تەقە لە نێو چەمی ناوەدا دەبیسترا و تۆپبارانێکی قورس لە سەر ئەو شوێنە بوو، بەداخەوە هیچ پێوەندێکمان بە پێشمەرگەکانی دیکەوە نەمابوو. هەتا ئێوارە بە ماندوو بوونێکی زۆر توانرا زۆربەی پێشمەرگەکان کۆبکەینەوە و بەداخەوە دەوروبەری ئێوارێ بوو کە هەواڵمان پێگەیشت کاک سەرگورد عەلیار لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید بوون.

ئێمە پێمان وابوو شەهید بوونی کاک سەرگورد بە هۆی برینەکەی بەیانیەوە بووە، بەڵام کە چووین بۆ گواستنەوەی جەنازەکەی بۆمان دەرکەوت ئەو پێشمەرگانەی لهگەڵی بوون زۆریان زەحمەت لەگەڵ کێشاوە هەتا ئەو شوێنە ئاستمە هێناویانە، بەڵام سەد حەیف و مخابن کە تۆپخانەی دوژمن مەجالی پێ نەداون تەنیا چەندسەد میترێکی دیکەوە سەربکەون و لە تیرڕەسی دوژمن خەلاسیان بێت. لەگەڵ کاک سەرگورد پێشمەرگەیەک بە ناوی ئەبو سەقزی شەهید بوو کە لە تەواوی مەئمورییەتی حیزب لەو ناوچەیەدا لە نزیکەوە ئاگای لە کاک سەرگورد بوو و، بە داخەوە لە ناوچەمی ناوەشدا دوو پێشمەرگەی هێزی موعینی بە ناوەکانی هەمزە بوبانەیی و سولێمان پیرۆتی شەهید بوون.

تەرمی پیرۆزی هەرچوار شەهید بە هاوکاری خەڵکی بە ئەمەک و دڵسۆزی ئەو ناوچەیە هەر ئەو ئێوارەیە بە خاکی نیشتمان سپێردران شەو ساعەتی ١٢ هەموو هێزەکان یەکیان گرتەوە و چەند کادرێکی تەشکیلاتی بانە بەڕاستی لەو

هەلومەرجەدا کاریگەری خۆیان هەبوو لە سەر ڕۆحیەی پێشمەرگەکان، پێشمان کەوتن و بەرەو ناوچەی نیروان بەڕێ کەوتین. جێگای خۆیەتی لێرەدا باس لەوە بکرێ لە هەمان رۆژدا هێزیکی زۆری دوژمن هەولی دابوو پشت سەرمان بگری کە پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە نزیک ئاوایی کەندەسوور لێیان وەدەست هاتبوون و زەربەیەکی باشیان لێدابوون.

لە کۆتاییداسڵاوی ئەمەگداری دەنیرم بۆ رۆحی کاک سەرگورد عەلیار و هەموو شەهیدانی کوردستان و هیوادارم ڕیگا و ڕێبازیان هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بەردەوام بێ.

لە ژمارە ٦٥٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٥



## سەفەری روحانی بۆ پارێزگای سنە و هەڵوێستەیەک

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی گەلاوێژ حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ئێران لەگەڵ هەیئەتێکی پایەبەرزی دەوڵەتەکەی بە مەبەستی سەردانێکی یەک ڕۆژە گەیشتە شاری سنە ناوەندی پارێزگا. ئەو سەفەرەی ڕووحانی درێژەی سەفەرەکانی بوو بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێرانو لە هەڵسەنگاندنی یەکەمدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو جۆرە سەردانانە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی تەنیاوتەنیا لایەنی ڕواڵەتیان هەیەو ناچنە خانەی سەفەری کاری و پلان بۆ دارێژراو بە مەبەستی پاڵپشتی لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەو پارێزگا و شارانەی کە سەرۆک کۆمار سەفەری بۆ دەکا. بە تایبەتی ئەگەر سەفەرەکان، بۆ پارێزگای سنە و پارێزگاکانی دیکەی کوردستان «ورمێ، کرمانشا، ئیلام» بێ. چونکە پێش ئەوەی سەرکۆمار بە چاو گەشە کردن و دابینکردنی خۆشبژێوی دانیشتوان بروانێتە ئەو پارێزگایانە بە چاوی ئەمنی چاویان لێ دەکا و هەتا ئەو ڕوانگەیەی دەسەڵاتداران لەسەر ئەو چوار پارێزگایەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لا نەچێ، هیچکام لەو سەفەرانە لانیکەم ناتوانن دەستەبەری ئاوەدانیو خۆشبژێوی خەڵکی کوردستان بن.

ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە وادە و بەڵێنی زۆرەوە هاتە مەیدانی کێبەرکێی هەڵبژاردن و، بەتایبەتی زۆری هەوڵ دا کە دەنگی کەمینە نەتەوەکان و مەزهەبی و ئاینییەکان وەدەست بێنێ، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر دەسەڵاتداریەتێکەی و پاڵدانەوە بە کورسی سەرکۆماری ئێران، هەتا ئێستاش شتێکی هەست پێکراوی بۆ لابردنی زوڵم و زۆری لەسەر کەمە نەتەوە و مەزهەبی و ئایینیەکان نەکردووە و ئەوەی بووە هەر لە چوارچێوەی دروشم و تێپەرکردنی کات دابووە. سەبارەت بە سەفەرەکەی ڕوحانی بۆ پارێزگای سنە دەتوانین لەلایەنی جۆراوجۆردا چەندین خوێندنەوەی بۆ بکەین. هەر وەکی لەپێشدا گوترا دەکرێ وەک سەفەرێکی ڕواڵەتی بۆ پڕکردنەوەی دەستوری کاری سەرکۆمار چاوی لێ بکرێ چونکە دوای ٢٠ سەفەری ئوستانی سەفەرێکی ١ ڕۆژەی بۆ پارێزگای سنە ڕێک خستووە. لە حالێکدا لە قسەکانی خۆیدا ئیشارە بە گرینگی ئەو پارێزگایە دەکا و قسە و لێدوانی دەسەڵاتدارانی پێش خۆی سەبارەت بە کوردستان و خەڵکی کورد کاوێژ دەکاتەوە و لەو وشە و ڕەستەیەی وەک «دلاوران بزرگ» و «این سرزمین آباد و سرسبز و بیشەی شیران کردی» کەڵک وەردەگرێ و پێی وایە دەتوانێ بەو شێوەی ئاخاوتنە کڵاو لەسەر خەڵکی کوردستان بنێ.

ئەو سەفەرە دەکرێ هەڵگرێ ئەو پەیامە کە ڕێکەوتننامەی وەزەی ئەتۆمی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئیمزا کراوە و کۆماری ئیسلامی لە جاران بە هێزترە و خەڵکی کوردستان نابێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی سیستمی کۆماری ئیسلامی بن، ئەگر ئەوە وەک پەیامێک وەربگرین و سەرنج بدەینە قسەکانی روحانی ناوبراو لە قسەکانی دا سنوورەکانی ئێران دەبرێ و باس لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دەکا و دەڵێ چۆن پارێزگاری لە سنە دەکەین ئاواش پاراستنی هەولێر و سولیمانیە و دەهوک

دەکرێن! مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە باشووری کوردستانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان بە حەوزەی دەسەڵاتداریەتی خۆیان دەزانن و جەنابی سەرکۆمار لەو کاتەدا لە ئاست دوو شت، خۆی گێل دەکا و بە لایاندا ناروا، یەکەم پرسی کورد و مافەکانی لە ئێراندا هیچ پێوەندی بە پرسی ئەتومی ئێران و دنیای دەرەوە نەبووە، چونکە پێش دروست بوونی قەیرانی ئەتۆمی ئێران کە خۆی سەبەبکاری بووە، پرسی کورد و جووڵانەوەی ماخوازانەی کورد لە روژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بووە و دوای راخستنی پەروەندەی ئەتۆمی ئێرانیش، پرسی کورد و مافەکانی و خەبات بۆ وەدەست خستنەوەی مافانە هەر بەردەوام دەبێ. دووهەم ئازایەتی و بوێری پێشمەرگە لە باشووری کوردستان توانیویەتی خەتی بەرگریەکی ١٠٥٠ کیلومیتری لە بەرامبەر هێرشی داعەشدا بپارێزێ و هەمووман شاهیدی ئەوەین کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون و نزیک بە ٧٠٠٠ پێشمەرگەش بریندارن، ئەوەی سەلمینەری ئەو راستییەن کە هەرێمی کوردستان بە خوێنی رۆڵەکانی خوی هەولێر و سولیمانیە و کەرکووک و دەهۆکی پاراستووە نەک کۆماری ئیسلامی بە کردەوە سەلماندوویەتی هەموو کارێک دەکا بۆ تێکدانی رەوشی ئارامی هەرێمی کورستان و ناسەقامگیر بوونی سیاسی ناوچەکە.

بێجگە لەوانە روحانی لە قسەکانی خۆیدا راوی کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستانی دا کە ئەو گوفتارەش جێگەی تێڕامانە و دەبێ مەبەستی خۆی لە پشت بێ، ئەویش ئەوەیە کە ئاغای روحانی مەبەستدار دەیهەوێ بڵێ ئەوە تا زمانی کوردی لە پارێزگای کوردستان لە زانکۆی کوردستان ئیزنی خوێندنی پێ دراوە و بەو شێوەیە جوغرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان لە پارێزگای کوردستاندا بەرتەسک بکاتەوە. ئەگەر وا نیە بۆ تەنیا لە پارێزگای سنە و زانکۆی کوردستاندا ئەو ئیزن نەدا و لەو سەفەرەی بۆ «کرماشان و ئیلام و ورمێ» باس لە خوێندنی زمانی کوردی ناکا، خۆ ئەو شارانەش زانکۆیان لێیە و دەتوانن بەشێک بکەنەوە بۆ خوێندنی زمانی کوردی. وا دیارە ئاغای روحانی هەمان ستراتیژی حکوومەتی پاشایەتی درحەق بە خەڵکی کوردستان رەچاو دەکا و تەنیا پارێزگای سنە بە کوردستان دەزانێ و ئەوە تەنیا بە مەبەستی چووککردنەوەی جوغرافیایی کوردستانە لە هەڵەیەکی گەورەیە دەسەڵاتدارانی تاران درحەق بە کوردستان و خەڵکی کورد بەڕێوەی دەبن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتداران لە بیر و زەینی هیچ تاکێکی کورددا تەنیا بەو جوغرافیایە ناگوترێ کە پارێزگای سنەی پێ دەناسێتەوە بەڵکو لە روانگەی تاک تاکی کورد، ما خاکی کوردستان هەر چوار پارێزگای «ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام» دەگەڕێتەوە و ئەوەی بێجگە لە هێندێک شوێن کەلەوتۆتە سەر پارێزگای هەمەدان.

سەبارەت بە کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان «سنە» بێجگە لەوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد خۆی هەڵگرێ پەیامێکی دیکەشە کە یا سەرکۆمار نایهەوێ لە رادەی سەلاحیەت و توانایی خۆی لە قانوونی بنەرەتی ئێراندا کەڵک وەربگرێ و یا لە راستیدا سەرکۆمار پۆستێکی رەواڵەتیەو هیچ پێگەو دەسەڵاتێکی نیە. بە پێی قانوونی بنەرەتی ئێران ئەسڵی ١١٣ سەرکۆمار لە دوای رێبەر کەسی دووهەمی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان حاڵدا مەسئوولی بەڕێوەبەری

قانوونی بنەڕەتی ئێرانە. ئێستا ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە بۆ لەو سەفەرەی کە بۆ لەو سەفەرەی کە بۆ پارێزگای سنیی کرد تەنیا باس لە کردنەوەی بەشێک لە زانکوی کوردستان دەکا بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە حاڵێکدا ئەسڵی ١٥ قانوونی بنەڕەتی باس لە ئازادبوونی خوێندنی زمانی کەمە نەتەوەکان دەکا، هەرچەند ئەو ئەسڵە لە بنەڕەت دا گرفتی دارِشتنی هەیە، بەڵام ئەوەی وەک ئەسڵێک لە قانوونیی بنەڕەتیدا هاتووە هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە. هەر بۆیە روحانی یا باوەری بەە ئەسلەی قانوونی بنەڕەتی نییە یا دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی نییە، دەنا بە جێگای مزگێنی کردنەوەی بەشێک بۆ زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان کە ئەویش روون نییە چۆن جێبەجێ دەکرێ، دەبوایە بە پێی قەول و بەڵێنییەکانی خۆی لانیکەم ئەو ئەسڵەی قانوونی ئەساسی خستبایە بواری جێبەجێ کردن و بڕیاریدا با کە خوێندنی زمانی زگماکی، لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەکەن خوێندرابایە و بۆ دابین کردنی پێداویستەکانی خوێندن بۆدجەی پێویستی دیاری کردبێ، ئەوە کەمترین کارەکە روحانی دەیتوانی بیکا چونکە هیچ هەزینەیەکی قانوونی بنەڕەتی ئێرانیان دوای ٣٦ ساڵ جێ بەجێ دەکرد، بەڵام هەروەکی گوترا تەنیا مەبەستی روحانی وەدەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، وا پیشان بدەن کە پیزیشک بە ناوی پرسی کورد و مافەکانی لە ئێران دا لە ئاراِدا نییە، ئەوەتا کوردستان پارێزگایەکی سەر بەخۆیە و تەنانەت لە زانکوی ئەو پارێزگایەش دەتوانرێ زمانی کوردی بخوێندرێ.

لە کۆتاییدا پێوێستە ئەوە وەبیر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە ئەو سیاسەتە زۆر لەمێژە تاقی کراوەتەوە شکەستی هێناوە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پرسی دانیشتوانی چوار پارێزگای «ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام» وە بگرە هێندێکیش زیاترە و، تەنیا لە پارێزگایەکدا خولاسە نابێتەوە و حەتا کۆماری ئیسلامی پرسی کوردە پرسێکی سیاسی نەبینێ رێگەچارەی سیاسی نەگرێتە پێش و لە تێڕوانینی ئەمنیەتی بۆ ئەو پرسە نەیەتە دەرێ ناتوانێ بەو سەفەر و سەردان و قسە و بەڵێنانیە چارەسەری پرسی کورد بکا.

لە ژمارە ٦٦١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەریی وڵات لەریگەی قانوونەوە

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان کۆمەڵگەیەک لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیکە، کە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە پێویستی بە کۆمەڵێک قاعیدە و قانوون و پێبەندی هەیە.

پێ بە پێی بەرەوپێش چوونی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی قانوون گەشەی کردووە و مرۆڤ دوای پێوانی ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێوگەیشتۆتە ئەو دەسکەوتەکە شێواوی و هەرج و مەرج و خیلەسەری وەلا بنێ و گوێرایەلی قانوون بێ. ئەو تەجروبەیە هەروا ئاسان وەدەست نەهاتووە. ئەگەر لە دالانی تەنگ و تاریکی میژوو بروانین و رۆچنەیەک بدۆزینەوە بۆ روانینی رابردوو، ئەوەی دەیبینین زیندانەکان، ئەزیت و ئازارەکان، کوشتارەکان، تالان و برۆکان و هەموو ئەو کوێرەوەرییانەی کە مرۆڤ بۆ وەدەست هێنانی کەسایەتی، بەختەوەری و ئازادی خۆی کێشاویەتی. هەموو ئەو ئەزیت و ئازار و خەبات و قوربانیدان و ئاوارەیی و دەربەدەرییانەی لەبەر دامەزراندنی حکوومەتی قانوون و نەهێشتنی زوڵم و زۆر لەبەین بردنی زاڵمان و دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی بووە.

ئەو کۆمەڵە بنەمایە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگەی لەسەربێ، لە سەردەمی ئێستادا بە قانوون دەناسرێ و رادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک لە بواری شارستانییەتەوە پێش هەموو بابەتێک بەڕادەی پابەندبوونی تاکەکانەوە بە قانوونەوە دەستنیشان دەکرێ، بە کورتی بەختەوەری هەر کۆمەلگەیەک بەستراوەتەوە بە سیستمی قانوونیی ئەو وڵاتە.

واتە نیزامی قانوونی ئەو وڵاتە چەندە دەرفەتی رەخساندوە کەسایەتی مرۆڤەکان بە قانوون پارێزراو بێت و لە هەمان کاتدا تاکی ئەو کۆمەڵگەیە چەندە ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا هەڵسو کەوتی خۆی ڕێکبخا. ئەوە روون و ئاشکرایە هەتا ڕادەی پابەندبوونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بە قانوون ڕوو لە زیاد بوون بێ بەوڕادیەش ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری دەڕواو زۆر سروشتییە لە کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیردا هەنگاوەکان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری و سیاسی خێراتر دەبێ.

کۆمەڵگەی کوردەواریش لەو قانوونە بەدەر نییە، بەڵام هەموومان باش دەزانین کە کورد هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە کە خۆی حوکمی خۆی بکا « بەخۆشییەوە ئێستا هەرێمی کوردستان (عێراق) ئەو قۆناغەی هەتا رادەیەک تێپەڕ کردوە"، بەڵام بەو حاڵەش هەر کاتێک دەرفەتێک ڕەخسابێ یەکەم شت کە بیری لێ کرابێتەوە ڕێکخستنی

کۆمەڵگە بووە کە دیارە ئەو بابەتە زۆرتر لەلایەن حیزبەکانەوە جێبەجێ کراوە، چونکە حیزبەکان ڕێبەری جووڵانەوەکانیان کردوە و ئەو ڕێبەری کردنە تەنیا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمندا کورت نەبۆتەوە، بەڵکوو لایەنی دیکەی وەک دروستکردنی فەرهەنگی پێشکەوتوو و سەردەمیانە و لە هەمان حاڵدا ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە بواری جۆراوجۆردا لە دەستوری کاریاندا بووە وەک ئەرک بۆ خۆیان دەستنیشان کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو حیزبانەیە لە ماوەی ٧٠ساڵی ڕابردوودا مێژوویەکی پڕ لە هەورازونشێوی لە مەیدانی خەباتدا تێپەڕ کردوە و گەلێک شانازی لە مێژووی کورددا بۆخۆی تۆمار کردوە. لە ماوەی ئەو ٧٠ ساڵەدا لە چەند قۆناغی جیاوازی مێژوویی‌دا بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنی خەڵک و وڵاتی کەوتۆتە سەر شانی (سەردەمی کۆماری کوردستان، دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی) لە هەرکام لەو قۆناغانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک یاساوڕێسای بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە تەنزیم کردوە و لە ڕێگەی دامودەزگای بەڕێوەبەری خۆی ئیدارەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێکردوە.

لە قۆناغی کۆماری کوردستاندا حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی دامودەزگای کۆماری کوردستان بەڕێوەبەرێ و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لەڕێگای دەزگای دادوەرییەوە کێشە و گرفتی خەڵک چارەسەر بکا. لە حاڵێکدا کۆماری کوردستان هەل و دەرفەتی ئەوەندەی لە بەردەستدا نەبووە کە بتوانێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی لە نێو خەڵکدا ناوەندێکی قانووندانان پێک بێنێ و لە ڕێگەی ئەو ناوەندەوە کە هەمان پارلمانە بە پەسندکردنی گەڵاڵە و تەرح کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستن، کۆمەڵێک قانوون لە بواری جیاوازدا پەسەند بکا و لە ڕێگەی دەزگای ئیجراییەوە لە نێو کۆمەڵگەدا بەڕێوەیان بەرێ.

بەڵام بەڕێوبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەمان بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانن دەستیان لە سەر دەستدا نەناوەو بۆ چرکەیەکیش نەیانهێشتوە کات بە فیرۆ بچێ بەو مانایە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە پێی گرنگی بابەتەکە قانوونیان دەرکردوە و بە ڕای گشتیی کۆمەڵگەیان ڕاگەیاندوە. دوای ڕاگەیاندنی بابەتەکە، دامودەزگای پێوەندیدار لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا هەوڵیان داوە قانوونەکە بخەنە بواری جێبەجێکردن واتە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بابەتەدا وەک پارلمان کاری کردوە و هەیئەتی، وەزیران وەک دەزگای ئیجرایی قانوونەکان و پرۆژە و گەڵاڵەکانی بەڕێوە بردووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانن ڕۆژنامەی کوردستان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە وەک بەڵگە بە نموونە بێنینەوە چونکە لە هیچ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا نابیندرێ ئەو بابەتانەی کە پێوەندیان بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە بێجگە لە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی ئیمزای دیکەیان لەسەر بێ تەنیا ئەو بابەتانە نەبێ کە تایبەت و خاسن و یەک بابەت لە ژیانی کۆمەڵگەدا لەخۆ دەگرن، لە ڕێگەی سەرۆکی ئیدارەکان یا وەزیرەکانەوە دەرچوون کە ئەوانیش لە ژێر ڕێنوێنییەکانی کومێتەی مەرکەزی و شەخسی پێشەوادا ئەو

قەرارانەیان دەرکردوەو هەر لەو پێوەندیەدا باشە ئیشارە بە دەرکردنی قانوونی مجازاتی گشتی بکەین کە لە رۆژی ۱۳۲۵/۲/۱ لە ۹ مادەو دوو تێبینی دا لەلایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبەوە دەرچووە کە باسی جاسووسی، مەستی و هەرزەیی، دزی و لە نێوبردنی ماڵی دەوڵەت، هەڕەشە بە چەک، زۆرهێنان بۆ هاوسەر یان کەسانی دیکە، تریاک کێشان، هەڵاتن لە شەڕ، خەیانەت بە میللەت یا دەوڵەت یان نیشتمان، دەستدرێژی بۆسەر ناموسی خەڵک، بەرتیل وەرگرتن، دەکا و هەر کام لەو تاوانانە سزای خۆیان بۆ دیاری کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی دیکەی خەباتدا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی کەوتە سەرشان بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بە ناحەقی بەسەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپاند و کوردستانی لە هەموو بارێکەوە (ئابووری، فەرهەنگیو پەروەردە، تەنانەت هاتوچۆو راگواستن) ئابلۆقەدا بوو و لەو قۆناغە هەستیار و ناسکەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو ئەرکی گرینگی کەوتبوو سەرشان، هەم دەبوایە لە بەرامبەر هێرشی سوپای بێ ئەمانی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان دیفاع بکا و هەم ئیدارەی کاروباری رۆژانەی خەڵک بکا واتە، بەڕێوەبەری وڵاتی کەوتبوو سەرشان، چونکە لە کوردستان بۆشایی دەسەڵاتو حوکمڕانی دەوڵەت بە تەواوی دیار بوو و زۆربەی ئیدارە و شوێنە گشتییەکان کە حکوومەت دەبوایە ئیدارەیان بکا یان بە تەعتیل بوون یان وەک لە کۆڵ خۆکردنەوە کاریان دەکرد.

لە قۆناغێکی وا هەستیاردا حیزبی دێموکراتی کوردستان شانی وەبەر هەر دوو مەسئولیەتدا و بە پێی توانای خۆی هەوڵی دا بە وەڕێخستنەوەی ئیدارات و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بۆشایی دەسەڵات و حاکمیەت پڕ بکاتەوە.

دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش، پەروەردە و بارهێنانی مامۆستایانی شۆڕش و چاپی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی و رێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە و چارەسەری کێشەکان لە رێگەی رێکخراوەکانی حیزب ئەوانە و دەیان کاری دیکە لە کارە بەنرخەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بوون.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە شەڕێکی قورس لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپابوو، ئەرکی قورسی دیفاع و بەربەرەکانی شەر لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە رێکخستنی کاروباری نێو کۆمەڵگەی کوردستان کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات، هەر بۆیە رۆژ بە رۆژ ئەو حیزبە هەوڵی دەدا بە بەرنامەکانی خۆیدا بێتەوە و باشتر و رێکوپێکتریان بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگە بکا.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ئەرکی بەڕێوەبەری وڵاتی کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات و پێیبەپێی شەر و

بەربەرەکانی لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبوایە لە مافی تاک و گشتی لە بەرامبەر تاوان و دەستدرێژیدا دیفاع بکا، کە ئەویش تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی دامودەزگای قەزایی و بە قانوونکردنی کۆمەڵگە دەستەبەر دەبوو. هەر بۆیە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ١٩٨٠دا دەفتەری سیاسیی حیزب گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی و قانوونی سزادانی گشتی پەسند کرد و لەو ڕێگەیەوە توانی هەتا ئەو کاتانەی پێشمەرگە حزووری چالاکی هەبوو لە ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستان، چارەسەری گیروگرفتی خەڵک بکا. لە سەرەتای ئەو گەڵاڵەیە بەو شێوەیە باس لە پێویستی دانانی قانوونێک دەکا کە بتوانێ مافەکانی کەسانی حەقیقی و حقوقی بپارێزێ:

«لە کاتێکدا تەواوی مافی مرۆڤایەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێشێل کراوە و لە هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی نیشتمانی و دێموکراتیکی گەلی کورد بە هەست پێکردن بە ئەرکی مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشێ کە کەند و کۆسپە کۆمەڵایەتییەکانی وەلا بنێ و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتوانە بەرێتە پێش، بۆ بەرگری لە پاراستنی مافەکانی «اشخاص حقیقی و حقوقی» پێویستی هەیە، بەم هۆیەوە قانوونی سزای گشتی لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزایی کە بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی نیشتمانی و دێموکراتیکی گەلی کوردە ئامادە کراوە، بەڕێوە دەچێ. ئەم قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەسند و تەئید کراوە و هێزی پێشمەرگە زامنی ئیجرایی ئەو قانوونەیە. لەو پێشەکییە کورتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە وەک حیزبێک لە دایک بووە کە وەک دەوڵەت لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ڕووداوەکان هەڵسوکەوتی کردوە و خۆی لە بەرامبەر قەدەرو چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرپرسیار زانیوە.

ئەوەتا لەو پێشەکییەدا دەڵێ: « بە ئەرکی مێژوویی‌و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشی کە کەندو کۆسپەکانی کۆمەڵایەتی وەلا بنێ‌و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتووانە بەرێتە پێش»و هەر لێرەدا باس لە پاراستنی مافەکانی «اشخاص حقیقی و حقوقی» دەکاو لە کۆتاییدا دەڵێ ئەو قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە پەسەند گەیشتووە واتە حیزبی دێموکراتی وەک پارلمان و سیستمی بەڕێوەبەری وڵات هەڵسو کەوتی کردوەو لە هەمان حاڵدا ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەخاتە ئەستۆی هێزی پیشمەرگە کە لەژێر سازمان و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەن.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## حیزبی دێموکڕات و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەی بە شوڕاکان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە باوەری قووڵی بە دەسەڵاتداریەتی خەڵک هەبووە و هەموو کات داواکاری ئەوە بوو کە خەڵک دەبێ ئیدارەی وڵاتی خۆیان بکەن. ئەو باوەرە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە شوعار وکار و کردەوەکانی حیزبی دێموکڕات دارەنگی داوەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای دامەزران و کار کردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و زەمینەخۆش کردن بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار لە رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ شەرعیەتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەرێوەبەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوارۆژی کۆماری لە کۆبوونەوەیەکی ٢٠هەزار کەسی لە خەڵک وەردەگرێ و خەڵک لەو کۆبوونەوەدا چاوەڕوانی خۆی لە حیزبی دیموکڕات لە ٦ خاڵ دا گەڵاڵە دەکا و رووبەرووی کومیتەی ناوەندی حیزب دەکاتەوە و ئیفتخار دەکا کە حیزب جێبەجێیان بکا و ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستمانە ئیشارەی پێ بکەین خاڵی ٢ی ئەو ڕاگەیاندراوەیە کە باس لە دامەزرانی مەجلیسی شورا دەکا و داوا دەکا بۆ ئەو مەبەستە بەستێنی هەڵبژادرن لە نێو کۆمەڵگادا لە لایەن حیزبەوە ئامادە بکرێ. بەڵام بە داخەوە تەمەنی کۆمار ئەوەندە کەم بوو کە نەیتوانی ئەو هەل و بەستێنە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا لە نێو خەڵک دا بڕەخسێنێ.

دوای رووخانی کۆمار حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی دیکەی خەبات بەڵام قەت لەو باوەڕەی خۆی پاشگەز نەبۆوە و هەمووکات و پێ بە پێی خەبات بۆئازادی کاری بۆهاتنەدی ئەومەبەستەش کردووە و کاتێک ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە هۆی رووخانی نیزامی پاشایەتی، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان توانی خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە و خەڵک بە لێشاو روویان لە حیزب کرد و لە روانگە و بیری خەڵک دا حیزب هەمان دەسەڵاتداری سەردەمی کۆمار بوو و چاوەروانیان لە حیزب بوو کە دەبێ بۆ بەرێوەبەری وڵات جێگاو وەزیفەی دەسەڵات و حاکمیەت بگرێتەوە. بۆیە بۆ چارەسەری گیروگرفتی رۆژانەی خۆیان، ئابووری و کۆمەڵایەتی روویان لە بنکەو دەفتەرو شوێنی کاری حیزب دەکرد و ئەوە ببووە هۆی ئەوە کە بەشێک لە وزە و توانای کادر و پێشمەرگەو ئەندامە چالاکەکانی حیزب لەخزمەت چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵک دابێ. ئەوە لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە چوار بەروونی رەنگی داوەتەوە ولەگەڵ ئەوەداوەک گرفت بۆکاری حیزب باسی دەکا، بەڵام بۆچارەسەری وگرینگیدان بەمەسەلەکە باس لە پێویستی دامەزراندنی شوراکان دەکا. «داوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، زۆربەی خەڵک بە تایبەتی خەڵکی گوندنشین بۆ چارەسەری گیروگرفتی رۆژانەیان روو لە رێکخراوەکانی حیزب دەکەن و ئەوە خۆی دەخەری باوەڕمەندبوونی خەڵک بە حیزبە و ئێمە دەبێ رێز بۆ ئەو باوەڕمەند بوونە دابنێن، بەڵام لایەنی خراپیشی بۆ تەشکیلاتی حیزبی ئێمە هەیە ئەویش رێکخراوەکانی حیزبی بوون بە جۆرێک لە

ئیدارەی دەوڵەتی و لە ئاکام دا ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە ناتوانن چارەسەری گیر وگرفتی خەڵک بکەن چونکە ئیمکانات پێویستمان لە بەردەست دا نییە لەلایەکی دیکەوە لە بەڕێوەبردنی ئەرک و پێ سپێردەراوی حیزبی وە داوا دەکەن ...، بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەبێ کارەکانی ڕۆژانە و ئابووری خەڵک بدرێتە دەستی شوراکان هەر بۆیە لە ئێستا دا پێک هێنانی شورا لە گوندەکان و شارەکانی کوردستان یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی سیاسی ئێمەیە.»

بە داخەوە داسەپاندنی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەر کوردستان ئەو فورسەت و هەلەی نەدا کەهەر ئەوکات خەڵکی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دێموکڕاتێکەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لە ڕێگای شوراکانەوە کوردستان بەڕێوە بچێ. بەڵام دیسان حیزبی دێموکڕات دەستی لەسەر دەست دانەناو لە کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی ١٣٦٠/٤/١٣ بڕیاری دا پێشنیار بکرێ هەتا ئاخری پاییزی ١٣٦٠ لە هەموو گوند و ناوچە و شاروشارستانی رزگارکراوی کوردستانی ئێران دا شوراکانی خەڵکی هەڵبژێردرێن و هەر بۆ ئەو مەبەستە گەڵالەیەکی لە ژێر ناوی «گەڵالەی شوراکان» پەسەند کرد و لە پێشەکی گەڵاڵەکە دا ئیشارەی بە پێویستی بوونی شوراکان کردوە و دەنووسێ: «لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان کە هەموو مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە لایەن حکوومەتی کۆنەپەرستەوە پێ شێل کراوە و جگە لە داسەپاندنی شەڕی ماڵوێرانگەر، گەمارۆی ئابووری داخستنی ئیدارەکان و تەنانەت دەرمانگا و نەخۆشخانەو فێرگەکان، دەرەتانی ژینی لەگەڵی ئێمە بریوە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دامەزراندنی شوراکانی گەل بە کردوە خەڵکی کوردستان چارەنوسی خۆی بە دستەوە بگرێ و جارێکی تر بۆ گەلانی ئێران و جیهان دەری خا، کە ئازادیخواز، پێشکەوتوو، شۆرشگێرە و دەتوانی لە ڕەشترین ڕۆژگاریشدا هەمووکەند وکۆسپی ژیان لادا و بەسەر چارەنووسی خۆی دا زاڵ بێ»گەڵالەی شوراکان لە سەرەتایەک و ٧ بەش و ٢٢ خاڵ پێک هاتووە کە باسی لە شتە گشتییەکان، مەرجەکان بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژێران، ڕادەی سەلاحیەت و ئەرکی شوراکان، داهات و دەرکەوتی شوراکان و هێزی ئیجرایی شوراکان دەکا.

دوای پەسەند کردنی ئەو گەڵالەیە لەلایەن کومیتەی ناوەندی حیزبەوە لە زۆربەی گوند و ناوچەکانی لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە کە بەناوچەی ئازادکراو ناودێر کرابوون هەڵبژادنی شوراکان بەڕێوە چووە بە کردەوە شوراکان کار و باری ڕۆژانە کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکیان گرتە دەست و بۆ کاری ئیجرایی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتیان لە ئەختیار دا بوو هەتا پێک هێنانی هێزێک کە لە ئیختیاری شووراکان دابێ، لە تێبینی خاڵی ٢٢ لە بەشی حەوتەم گەڵالەکە داهاتووە: «تا پیک هاتنی ئەو هێزە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە سەر داخوازی شوراکان ئەو ئەرکە بە جێ دێنن.» بەڵام هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی ئارامی بە کوردستانی نەدا و حیزبی دێموکڕات و هێزی پێشمەرگە تاکتیکی شەڕیان گۆڕی و بەرە و قۆناغی پارتیزانی شەڕیان گواستەوە. بەڵام بەو حاڵەش شوراکان کارایی خۆیان هەر بوو ئەوەتا لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦ بەو شێوەیە باس لە گرینگی شوراکان

و پێویستی پێشتگیریان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەکا:

«لە ناوچە ئازاد کراوەکان، شوراکان هەر وا درێژە بە کارە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان دەدەن لە زۆربەی گوندەکانی نیوە ئازاد و تەنانەت لە هێندێک لە گوندە داگیرکەراوەکانیش، شورا هەڵبژێردەراوەکانی خەڵک هەر لە جێی خۆیانن و پشتگیری و بە هێزیکردنی شۆرا هەڵبژێردەراوەکان بێ شک لە پێویستە گرینگەکانە لە لایەن حیزب و بە تایبەتی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، چونکە شوراکان کۆسپێکی گەورەن لە سەر ڕێگای حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی و هەم وەک پێگەیەک دێنە ئەژمار کە حیزبی ئێمە دەتوانی پشتیان پێ ببەستی.»

شک لەوە دا نییە ئەگەر شەڕی داسەپاو و دیکتاتۆری و ملهوری کۆماری ئیسلامی ئەو مەجال و دەرفەتەی بۆ حیزبی دێموکرات هێشتباوە، حیزبی دیموکرات هەروەکی بە کردەوە سەلماندبووی پشتی ئەو باوەرەی خۆی دەگرت وسیستمی بەرێوەبردنی ولات لە لایەن شوراکانەوە دەکرد بە ئەمری واقع. بێگومان باوەڕ بە دەسەڵاتی خەڵک و ڕێکخستنی گەلالە و یاسا و هەڵبژاردنی شوڕاکان دەسکەوتێکی بە نرخە لە مێژووی ۷۰ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۱۵



## تیرۆری میکۆنۆس و دەرەنجامەکانی

نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی پایەکانی دەسەڵاتداری خۆی لەسەر ترس و تۆقاندن دامەزراند و هەر لە یەکەم رۆژەکانی رووخانی رێژیمی پاشایەتی و تێکچوونی شیرازەی ئەمنییەتی وڵات، خومەینی و دارو دەستەکەی لە رێگەی دامەزراندنی کومیتەکانی ئینقلاب و دادگای بەناو شورش بە سەدان کەسیان لە کار بەدەستانی رێژیمی پیشوو و تەنانەت خەڵکی بێتاوان لەو دادگایانەدا محاکەمە کرد و حوکمی ئێعدام و لەناوچوونیان بەسەر داسەپا لە حاڵێکدا ئەو دادگایانە هیچ پێگەیەکی قانوونی و یاساییان نەبوو و تەنانەت ئەوانەی حاکمی شەرع و بەڕێوەبەری حوکم و بڕیارەکانی ئەو دادگایانە بوون نە هیچ پێشینەیەکی یاسایان لە دادگا و دادوەری دا هەبوو و نە لەلایەن هیچ دەزگایەکی سەلاحیەتداری یاساییەوە سەلاحییەتی دادوەری و بەڕێوەبەری حوکمی ئێعدامیان پێدرابوو، بەم جۆرە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی رەشی خۆی بەسەرگەلانی ئیران داسەپاند، بەڵام ئەو شێوە بەڕێوەبەری و کارکردنە تەنیا تایبەت نەبوو بەناوخۆی وڵات بەڵکوو زۆر زوو سنوورەکانی بەزاند و دەستی تیرۆری کۆماری ئیسلامی هەتا ئەوپەڕی قارەو وڵاتە دوورەدەستەکان رۆیشت و هەموو پرنسیپە نێودەوڵەنییەکان لەلایەن تیرۆریستانی هەناردەکراوی کۆماری ئیسلامی پێشێل کرا.

یەکەم قوربانی بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهریار شەفیق بوو کە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (دێسامبری ١٩٧٩) لە پاریس تیرۆر کرا کە هێشتا تەمەنی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ نەکردبووە. لەبەر ئەوە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ دەوڵەتان و دنیا نەناسرابوو و تیرۆریستانیش کەمتر نیشانە و جێپێیان لە دوای خۆ بەجێهێشت کەمتر قامکی تاوان و تاوانباری بۆ لای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی رادەکێشرا، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی دوایەشدا لە رێگەی تیرۆرەوە لە دەرەوەی وڵاتان بەتایبەتی ئورووپا دەستیان لە کوشتنی دژبەرانی خۆیان هەڵنەگرت کە بەداخەوە دەستی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئورووپایی دوو جار گەیشتە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برین و زامی گەورەی تێکرد. جاری یەکەم ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨ لە ڤییەن پێتەختی ئوتریش دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتووێژو دانوستان شەهید کران و جاری دووهەم ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) لە برلینی پێتەختی ئاڵمان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون.

بەڵام تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە بە رووداوی میکونوس ناوبانگی دەرکرد لەگەڵ تیرۆرەکانی دیکە جیاوازی هەبوو، چونکە ئەو جار وەک جارەکانی دیکە نەبوو، دەزگای قەزایی و بیرورای گشتی ئاڵمان سوور بوون لەسەر روونبوونەوەی رووداوی میکونوس کە چوار کەسی تێدا تیرۆر کرابوون کە سێ کەسیان کورد بوون و لە رێبەرانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و کەسی چوارەم لە چالاکانی سیاسی ئوپوزیسیونی ئێران بوو.

پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان دەست بەکاربوون و پەروەندەیەک کراوە کە سێ ساڵ و نیوی کێشا و ٢٤٧ جەلەسەی هەبوو کە لە حەوتوودا دوو جەلەسە ڕۆژانی پێنجشەممە و جومعە لە ژێر چەترێکی ئەمنییەتی توندا بەڕێوەدەچوون و جەلەسەکانی دادگا زۆربەی زۆریان بە ئاشکرا بوون و هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئازادبوون لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و هەواڵ سەبارەت بە بەڕێوەچوونی دادگا. هەتا تەواوبوونی دادگا و ڕاگەیاندنی حوکمی کۆتایی لە بواری ماڵییەوە نزیک بە ٩ میلیون مارکی ئاڵمانی بۆ دەوڵەتی ئاڵمان تێچووی هەبوو.

ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئاڵمان لەگەڵ ئەوەدا شەریکێکی گەوری تیجاری ئێران بوو و ساڵانە لە معامڵات لەگەڵ ئێران داسوود و قازانجێکی زۆری دەست دەکەوت، بەوشێوەی پێگیرو قورس و قایم بەدوای ڕوونکردنەوەی ڕووداوی میکونوس دابوو، لە وڵامی پرسیارێکی ئەوتۆدا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە:

- ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووری و دێموکراسییە لە ناوەندی ئوورووپا و بە درێژایی مێژووی خۆی هەموو کات ویستوویەتی ڕێبەری ئوورووپا بکا و ڕووداوی لەو بابەتە کە هۆکاری سیاسی لە پشت بێ و کاری دەوڵەت یاریکخراوێکی سیاسی بێ بە ئاشکرا پێشێل کردنی سەروەری دەسەڵاتی سیاسی ئاڵمانە و لە هەمان کات دا دەستدرێژییە بۆ خاکی ئەو وڵاتە.
- تاوانی چوار قەتڵ لە یەک کات و شوێندا بۆ بیرورای گشتی ئاڵمان جێگەی قبووڵ نەبوو و ئەگەر تاوانبارانی میکونوس تەحویلی دادگا نەدرێن و هۆکاری تاوانەکە ئاشکرا نەبێ و تاوانباران بەسزا ی خۆیان نەگەن، دەبێتە هەرەشەیەک لە سەرئەمنییەتی ناوخۆی ئاڵمان.

- سێ کەس لە تێرورکراوەکان « دوکتور سادقی شەرەفکەندی، کاک فەتاحی عەبدولی، کاک هومایونی ئەردەڵان» بە ڕەسمی میوانی کۆنگرەی ئینترناسیونال‌سوسیالیست بوون کە لە ڕۆژی ١٤ تا ١٧ی سێپتامبر لە شاری برلین پێتەختی ئاڵمان بەڕێوەدەچوو و پۆلیسی ئاڵمان بەرپرسی پارێزگاری ئەمنی کۆنگرەکە و پاراستنی گیانی میوانەکان بوون.

ئەوانە هەموویان هۆکاربوون بۆ ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان زۆر بە جیددی و بێ دردۆنگی بە دوای تاوانباران و هاندەرانی تاوان دا بگەڕێ. دیارە لەو ماوەیەدا کە دادگای برلین زۆر شێلگیرانە بە دوای هۆکار و پاڵنەری تاوانباران بۆ کردنی ئەم تاوانە دادەگەڕا، کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا پێش بە ڕەوتی دادگا بگرێ، یەکەمجار بە ڕەسمی لە ڕێگەی وەزارەتی ئیتلاعات واتە «علی فلاحیان» وەزیر هەوڵی دا وەزیری موشاوێر بۆ هەماهەنگی دەزگای ئیتلاعاتی و ئەمنییەکانی ئالمان»ئەشمیت باونر» ڕازی بکا کە دادگا و پەروەندەیەک پێک نەیە و لە بەرامبەردا ئێران دەتوانێ لە پێگە و نفوزی خۆی لەلای حیزبوڵڵای لوبنان کەڵک وەربگرێ بۆ بەردانی هێندێک بارمتەی ڕۆژئاوایی و کاتێک لەوەدا سەرنەکەوتن هەوڵیان دا مەسەلەی بازرگانێکی ئاڵمانی کە بەتاوانی پێوەندی بە ژنێکی مسوڵمان لە تاران دەست بەسەربوو بیکەن بە سات و سەودا، بەڵام هەموو جارێ ئەو وڵامەیان لە کاربەدەستانی ئاڵمان دەبیست کە دەزگای قەزایی

ئاڵمان سەربەخۆیە و دەوڵەت ناتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکا و لە ڕاستیشدا وا دەرچوو و دەزگای قەزایی ئاڵمان سەر بە خۆیی خۆی نیشانی هەموو دنیا دا.

کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوە کە هەوڵی دەدا دەوڵەتی ئاڵمان بە قەناعەت بگەیێنێ لە ڕێگای دیکەشەو لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو بە هەر جۆرێک بێ، لە هێنانی ناوی ئێران لەو پەروەندەیەدا پێشگیری بکا و بۆ ئەوەی هەڕەشەی لە یوسف ئەمین یەکیک لەتاوانباران بە ڕەگەزی لوبنانی کردبوو کە ئەگەر دان پێداهێنانەکەت لە دادگا وەرنەگرێتەوە لەلوبنان بنەماڵەکەت تێدا دەچێ، هەرچەند یوسف ئەمین لە ترسان وتە و دانپێداهێنانەکەی خۆی وەرگرتبووە بەڵام دوای ئازاد بوون لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ لوبنان لە لایەن دام و دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانەوە بێ سەر و شوێن کرا و بێجگە لەوانە مەئمورینی وەزارەتی ئیتلاعات کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە هێندێک لە شاهیدەکان کە دەبێ وازبێنن لە شاهیدیدان و هندێکیشیان بە پووڵ ڕازی کردن کە شاهیدیدانی خۆیان وەربگرنەوە. بەڵام بەوحاڵەش دیتمان کۆماری ئیسلامی ئەوجار نەیتوانی خۆی لەو تاوانە گەورەیە کە کردوویەتی دەرباز بکا و حوکمی دادگای میکۆنۆس دەرچوو و تاوانباران دەستنیشان کران و دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامی وەک تاوانباری ئەسڵی و بڕیاردەری تیرۆرەکە ناسێندران.

دادگای میکۆنۆس بێجگە لەوە تاوانبارانی بەڕێوەبەری تاوانەکەی دەستنیشان کرد و بە زیندانی ماوە جۆراجۆرسزای بە سەردا سەپاندن ،لەهەمان حاڵدا دەسەلاتدارانی بەرزی کۆماری ئیسلامیشی بەبڕیاردەری سەرەکی ئەوتاوانەیان ناساند. گرینگی لەوەدا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا یەکەم جاربوو پەردە لە سەر ڕوخساری دزێو و تیرۆریست پەروەری ئەو حکوومەتە و دەسەڵاتە ئیسلامییە لادەدراو ناوەرۆکی دزێوودەژە مرۆڤایەتی بۆ هەموو جیهان ئاشکرادەبوو. دوای دەرچوونی حوکمی کۆتایی دادگای میکۆنۆس، دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا ڕایگەیاند کە دەخالەتی ڕێبەرانی حکوومەتی ئێران لە تیرۆری میکۆنۆسدا بە ئاشکرا پێشێل کردنی یاساکانی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی ئاڵمانە هەر بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی لەو بابەتە قەبووڵ بکا. دوا بە دوای هەڵوێستی ئاڵمان یەکێتی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شورای وەزیراندا هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرت و هەرکام لە بەر خۆیانەوە پێوەندی دیپلۆماسیان لە گەڵ ئێران پچراند و تەنانەت ئوستڕالیا و نیوزلەندیش هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرت.

هەرچەند دوای ماوەیەک پێوەندیەکان لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئاڵمان و وڵاتانی ئوروپایی دا ئاسایی بووە بەڵام چەندخاڵێکی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئێران لێ کەوتەوە.

- یەکەم جار بوو لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا کۆدەنگی نێودەوڵەتی بە دژی ماشینی تیرۆری ئەو حکوومەتە دروست بێ کە ئەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر کێشەکانی ناو دەزگای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

- وڵاتانی ئورووپایی بەو شەرتە لە گەڵ ئێران پێوەندیەکانیان ئاسایی کردەوە کە ئێران چیدیکە لە ناوخاکی ئورووپادا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نەدا .

لەدوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونوس بە ئاشکرا دەبینین هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی بەدژی ئۆپۆزسیونی ئێرانی لە خاکی ئۆرووپا ئەنجام نەدراوە و ئەوە خۆی بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە هەموو تیرۆرەکانی پێش تیرۆری میکۆنۆس دەستی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێدابووە.

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥





سەرچاوە
Serchawe

## هەڵوێستەیەک لە سەر قسەکانی روحانی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا

ئاغای رۆحانی رۆژی دووشەممە "٦ی رەزبەر" لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشداری کرد و لە کاتی نۆبەی وتاردانی‌دا لەسەر پەیوەندی ئێران و جیهان بۆ بەشداربوان قسەی کرد و لە قسەکانی‌دا ئیشارەی بەوە کرد کە خەڵکی ئێران دوو ساڵ لەوەپێش لە کاری هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا دەنگیان دا بە شوعاری "تعامل سازنده با جهان" کە هەر ئەوە بوو بە هۆی پشتگیری لە وتووێژەکانی ئەتومی ئێران لە گەڵ زلهێزەکانی جیهان. بەڵام ئاغای رۆحانی خۆی لەو راستیە بوارد کە ئەوە پاڵنەرە دەرەکییەکان بە تایبەتی ئابلۆقەی ئابووری بوو دەسەڵاتدارانی هێنا سەر میزی وتووێژ نەک داواو ویستی خەڵکی ئێران .گەلانی ئیران بێجگە لە فشارە دەرەکییەکان کە ژیانی پێ تاڵ کردبوون بە دەستنەبوونی ئازادی و پەرەگرتنی هەژاری و بێکاری و دەیان دیاردەی نالەباری کۆمەڵایەتی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندوویانە.
ئاغای روحانی و دەوڵەتەکەشی کە بەشوعاری "تدبیر و امید" هاتە مەیدان و نەیتوانیوە بەشێکێ بچووکیش لە داواکاریەکانی خەڵکی ئێران بێنێتە دی و بە پێچەوانەوە رەوتی گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدام لە سەردەمی روحانی‌دا پەرەی ئەستاندووە.

لە قسەکانی روحانی‌دا ئەوە زیاتر دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ ئەو بەشەیە کە باس لە ئامادەیی کۆماری ئیسلامی دەکا بۆ بەربەرەکانی تیرۆریزم لە ناوچەکەدا و هۆکاری شەڕ و کوشتار و پەرەگرتنی تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا، بە دەستتێوەردانی نیزامی وڵاتە زلهێزەکان دەزانێ کەلە ساڵانی پێشوودا لەو ناوچانەدا کردوویانە و ئامادەیی ئیرانی دەربڕی کە چۆن بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق و ئەفغانستان یارمەتیدەردەبێ بۆ جێگیرکردنی ئەمنیەت وئاسایش، هەر بەوشێوەیەش لە سووریە و یەمەن بۆ دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایش وبنبڕکردنی تیروریزم هاوکار دەبن.
ئەو قسانەی روحانی لە کاتێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە روانگەی خەڵکی ناوچە و جیهانەوە تاوانبارە بە دەستتێوەردان لە کار و باری ناوخۆی ئەو وڵاتانە "سوریە و یەمەن و عێراق" و هەرلە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ژێر شوعاری هەناردەکردنی شۆرش ئەو دەستتیوەردانە لە کار و باری وڵاتانی ناوچەکەدا دەستی پێکردوە لە یارمەتی دان وپەروەردە کردنی تاقم و گرووپی تیرۆریستی دەستی نەپاراستووە و هەموو کاتێک بە دوو مەبەست خوڵقێنەری قەیران بووە لە ناوچەکەدا، یەکەم بۆئەوەی بتوانێ دەسەڵاتی خۆی وەک رێبەری شیعەکانی دنیای ئیسلام بە تایبەتی و هەموو جیهانی ئیسلام بە گشتی لە ناوچەکەدا بسەلمێنێ و لە رێگای دروست کردنی قەیران و کێشە لە ناوچەکە زۆر جاران توانیویەتی لە ململانێیە جیهانیەکاندا ئیمتیاز لە دەوڵەتە زلهیزەکان وەربگرێ و زۆر کاری تیرۆریستی خۆی کە بە دژی ئۆپۆزسیون ئەنجامی داوە لەو ریگایەوە پەردەپۆشی بکا. دووهەم بە خوڵقاندنی ئەو قەیرانانە هەموو کات هەوڵی داوە کێشە ناوخۆیەکان بچووک نیشان بدا و بە شوعاری ئەوە کە "امت اسلام" لە لایەن دنیای رۆژئاوا و

خۆفرۆشەکانی ناوچە لە مەترسیدایە خۆی لە چارەسەری قەیرانە ناوخۆیەکان بواردووە.

ئەگەر چاو بە پێناسەی تیروریزمدا بخشێنین دەبینین بەکورتی بەوشێوە باسی دەکا "دەوڵەت یا ڕێکخراوێک کە باوەری بە ڕەشەکوژی و ترساندن و تۆقاندن لە نێو خەڵک دا هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی یا گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی یا پاراستنی دەسەلاتی سیاسی کردارەکەی دەبێتە تیرۆر." لەو نێوەدا مێژووی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان پێ دەڵێ کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ داسەپاندنی خۆیان و مانەوەیان لە سەر دەسەڵات لە تیرۆری جیابیرانی خۆیان وەک ئامراز کەڵکیان وەرگرتووە و لە راستی دا دەتوانین بڵێین؛ لە پەرە گرتنی تیرۆریزم ناوخۆی و دەوڵەتیدا دەستی باڵای هەبووە، و تەنانەت لە چەندین دادگای ئەو وڵاتانەی کە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی کرداری تیروریستیان تێدا ئەنجام داوە کاربەدەستانی بەرزی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانبار دەست نیشان کراون بۆ وینە دادگای میکۆنۆس. بەڵام هەر وەکی پێشتر باسمان کرد کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای خوڵقاندنی قەیران و کەڵک وەرگرتن لە کێبەرکێ ئابووری وڵاتەکان توانیویەتی کردارە تیرۆریستیەکانی خۆی پەردەپۆش بکا.

پێویستە وەبیر ئاغای روحانی بێنینەوە کۆماری ئیسلامی کاتێک دەتوانێ یارمەتی دەربێت بۆ بنبڕ کردنی تیروریزم لە ناوچەکەدا کە پێش هەموو شتێک باوەڕی بە مافی خەڵک لە ناوخۆی وڵاتدا هەبێ و لە سیستەمی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا جێگایەک بۆ بیروڕای گەلانی ئێران بکاتەوە و لە ستراتیژی هەناردە کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەست هەڵگرێ. چونکە ئەوە سەلمێندراوە ئەو دەوڵەتانەی لە تیرۆر و ڕەشەکوژی و توندوتیژی دژی خەڵکی خۆیان بۆ داسەپاندنی دەسەڵات و حکوومەت کەڵک وەردەگرن نیشانەی ئەوەی کە مەشروعییەتیان نییە. ئەگەر شەرعیەتیان هەبوایە و اتە جێگای پەسەندی خەڵک بان بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ناوخۆیان بە جێگای پەنا بردن بۆ تیرۆر و ڕەشەکوژی، پەنایان بۆ قانوون دەبرد و هەوڵیان دەدا یاسا لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا بێ نەک لە خزمەت تاقمێکی بچووک و تایبەت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئیشارەی دووبار بەوە بکەمەوە کە کۆماری ئیسلامی و ئاغای ڕوحانی ناتوانن یارمەتیدەر بن بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم لە ناوچەکەدا مەگەر شێوە بیرکردنەوە و ستراتیژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیدارە ناخۆی ئێران و هەڵکردن لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ ئاڵوگۆڕی بە سەردابێ کە ئەوەش لە ناخ و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیدا نییە، بەڵام بە دڵنیایەوە سیاسەتی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا تووشی شکان دەبێ چونکە ئەگەر تیرۆریزم لە قۆناغێکدا سەرکەوتنیش بە دەست بهێنێ لە درێژخایەندا هەر تووشی شکان و تێدا چوون دەبێ..

لە ژمارە ٦٦٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## سەرنجێک لە دادپرسی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

تاوان کردەوەیەکە بە هۆی تاکەکانی کۆمەڵگا روودەدا و وەک نەخۆشییەک وایە کە هەر کاتێک روودەدا زیان بە کۆمەڵگا دەگەیێنێ و لە بەرامبەردا کۆمەڵگاش ئەو مافە بە خۆی دەدا کە تاوانبار دەسبەسەر بکا و سزای بدا. بەڵام لە دنیای ئێستادا ناتوانی هەر لەگەڵ رووانی تاوان، تاوانبار کراو سزا بدەی، چونکە دەرکەوتنی هۆکار و بکەری تاوان پێویست بە لێکۆلینەوە و وەدواکەوتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە. واتە بۆ ئەوە پێشگیری لە تاوان و تاوانکاری بکرێ پێویستە کۆمەڵێک رێکاری تایبەتی ڕەچاو بکرێ کە کۆی ئەو رێکارانە پێیان دەگوترێ «رێبازی دادپرسی سزادان». ئامانج لە بەرێوەبردنی ئەو رێکارانە بۆ ئەوەیە کە پێشگیری بکرێ لەوەی کە کەسانی بێتاوان تووشی لێکۆڵینەوەو سزادان بن و لە هەمان کاتدا زەمانەتی بەسزاگەیاندنی تاوانباران دەکا. گرینگی «رێبازی دادرسی سزادان» بەو ڕادەیەیە پێوانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی رێزدانان بۆ پاراستنی ماف و ئازادیە تاکەکسییەکان لە هەروڵاتێکدا.

دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو مافانەی کە سرنجی پێ نەدرا و بێ بایەخ کرا مافی دادپرسییەکی دادپەروەرانە بوو، چونکە دەسەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ ئەوەی لە رێگای ترس و تۆقاندن، خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنن دەبوایە لە رێکارەکانی دادپرسی سزادان خۆ دەرباز بکەن و بۆ ئەو مەبەستە دادگاکانی شۆڕشیان دامەزراند.

ساختار و پێکهاتەی ئەو دادگایانە لەسەر پایە و ئەساسی نیزامی قەزایی ئیسلامی دامەزرابوو کە لە چەند ئەسڵێکی بنەڕەتی پێڕەویان دەکرد وەک «وحدت قاضی» واتە پێکهاتەی دادگا لە یەک قازی دەبێ و»یەک قۆناغی دادگا « واتە هەر لەو دادگایە دا حوکمی دەرچوو لەلایەن قازیەوە دەرەجەی ئیجرایی بەخۆیەوە دەگرێ. بەو جۆرە حوکمی دادگای شۆڕش کە بە هۆی حاکمی شەرعەوە دەردەچوو، بە هیچ جۆر پێویستی بە پێداچونەوەی دووبارە بە حوکم و چاوەدێری دیوانی بەرزی وڵات تێیدا بوونی نەبوو. بەو شێوەیە نیزامی دادپرسی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا درێژەی بە حەیاتی خۆی داوە. کەوابوو بە تێروانینێکی ساکار بۆمان دەردەکەوێ کە مەودایەکی زۆر لە نێوان «رێبازی دادپرسی سزادان» لە ئێران لەگەڵ پێوانەکانی نێونەتەوەیی بۆ دادپرسی هەیە و دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێن رێبازی دادپرسی کۆماری ئیسلامی بەستێنی زۆربەی بابەتەکانی پێشێل کرانی مافی مرۆڤە. ئەگەر لە روانگەیەکی دیکەشەوە بۆی بڕوانین دەبینین لەگەڵ بەشی سێهەم لە یاساکانی بنەڕەتی ئێران کە باسی مافی گەل دەکا و بە روونی لەگەڵ ئەسلەکانی ٢٢ و ٢٣ و ٣٦ کە باس لە شێوەی هەڵس وکەوت لەگەڵ مافی تاک دەکا لە ناتەبایی دایە.

بە پێی هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان هەر کەس دەسبەسەردەکرێ دەبێ بە زووترین کات بزانێ بۆ دەسبەسەرکراوە ولە هەمان کاتدا ئازاد بێ پەیوەندی بە پارێزەرەکەیەوە بکا و بنەماڵەکەی لە دەسبەسەرکرانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. چونکە ئەو ڕێکارانە وەک زەمانەت وایە بۆ ئەوەی کەسێک بێ سەرشوێن نەکرێ و ڕێگری بکرێ لە کردارێک کە لە سەرەوەی قانوون بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆماری ئیسلامی و لە ماوەی ئەو ٣٧ ساڵە زۆرن ئەوانەی کە دەسبەسەرکراون بەڵام نازانن بۆ گیراون، یا بێ سەروشوێن کراون و بنەماڵەکەیان بە شوێن و مەکانیان نازانن.

لە ڕوانگەی پەیماننامە نیونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە بێجگە لەوە کە لەسەرەوە باسمان کرد پێویستە کەسێک کە دەسبەسەر دەکرێ، لە دادگایەکی ئاشکرا و سەربەخۆدا دادگایی بکرێ، بە پێی مادەی ١٤ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی هەر تاکێک مافی خۆیەتی پەروەندەکەی لە دادگایەکی دادپەروەر ئاشکرا و سەربەخۆ و بێ لایەندا پێڕاگەیشتنی بۆ بکرێ، بەڵام دادگاکانی ئێران بە تایبەتی لە تاوانە ئەمنیەتییەکاندا بە پێچەوانەی ئەو پەیماننامەیە کە ئێران خۆشی ئیمزای کردوە هەڵسوکەوت دەکەن. بە پێی مادەی ٩ی یاسای مەدەنی ئێران تەواوی ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی کە ئێران ئیمزای کردون لە نێوخۆی ئێراندا حوکمی قانون وەردەگرن و کۆماری ئیسلامی دەبێ پێیان پابەند بێ، بەڵام دەبینین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک بەو یاسایانە پابەند نین، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر یاسا "نەنووسراوە"کانی خۆیان لە سەر گیراو و دەسبەسەرکراوەکاندا پیادە دەکەن. کەسانێک لە چینی جۆراوجۆری کۆمەڵگا وەک روناکبیر و شاعیر و نەقاش و هونەرمەند و... بە تاوانی سەیر و سەمەرە دەسبەسەر دەکرێن و تەنانەت بە بیانۆی شەرعی و ئەمنیەتی دەچنە نێو ژیانی شەخسی کەسەکان و زۆر جاران قازی و لێکۆلەرەوەکان لە سەر مافی شەخسی کەسەکان بڕیار دەدەن بێ ئەوەی ئەو کەسە ڕازی بێ یا سکالای لە سەر کەس هەبێ، بۆ نموونە: نوێترین شتی سەیروسەمەرەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەیە کە خانمە هونەرمەندێکی کاریکاتۆریست بەتاوانی بێ حورمەتی بە کاربەدەستانی بەرزی کۆماری ئیسلامی دەگیرێ و لە ڕەوتی دادگادا پەروەندەیەکی دیکەی بۆ ساز دەکەن کە گۆیا پێوەندی نامەشروعی لە گەڵ پارێزەرەکەیدا هەیە بەو بەڵگەیە کە دەستی لەناو دەستی پارێزەرەکەی ناوە، حاکم بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە هیچ پێوەندییەکی ناشەرعێ ئەنجام نەداوە، حوکمی کردوە لە ڕێگای دوکتوری تایبەتەوە لە کچێنی ئەو خانمە خاترجەم بن، لەحالەتێکدا بە پێی هەموو یاسا نووسراوەکانی سەرزەوی لێکۆلینەوە و سکالا دەربڕین لە سەر ئەو بابەتە تەنیا مافی ئەو خانمە و بنەماڵەکەیەتی نەک کەس یان کەسانی دیکە.

بە پێی قانون داواکاری گشتی یا حاکم کاتێک دەتوانێ سکالا لە سەر کەس یان کەسانێک تۆمار بکا کە زیانیان بە مافی گشتی گەیاندبێ، ئەوە لە حالێکدایە کە داواکاری گشتی دەزگای قەزایی ئێران لە سەر زۆر پەروەندە کە زیانیان بە کۆمەڵگای ئێران گەیاندووە خۆی گێل کردووە و بە سەریاندا تێپەر بووە. بۆ نموونە: قازی مورتەزەوی کە ئاخرین پۆستی جێگری دادستانی دەزگای قەزایی ئێران بوو، تاوانبارە بە چەندین تاوانی کوشتن و لە نێوبردن و گەندەڵی ماڵی، بەڵام

دادگا بە سەریدا تێپەر دەبێ و بە زیندانێکی کەم ماوە و جەریمەیەکی کەمی ماڵی مەحکووم دەکرێ. کە چی هەر لەو دادگایانەدا رۆژانە لاوانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان تەنیا بە تاوانی ئەوە کە داواکارن وەک مرۆڤ بژین، بێ بەزەیانە بە ئێعدام مەحکوم دەکرێن.

بۆیە لە ئاکامدا بۆمان دەر دەکەوی کە دادگاکانی ئێران لە سەر پێویستی ئەمنیەتی و پارێزگاری لە کۆماری ئیسلامی دامەزراون، نەک بۆ پارێزگاری لە ماف و کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران، چونکە لەو دادگایانەدا بە هیچ جۆر مافی تاوانبارکراو ناپارێزرێ و ئەساسی ئەو دادگایانە لە سەر تاوانبارکردنی دەسبەسەرکراوەکانەوە دامەزراوە، لە حاڵێکدا بە پێی پێوانە نێودەوڵەتییەکان دابینکردن و ڕەچاوکردنی مافی تاوانباران لە کاتی دادگایی کردندا پایەو ئەساسی مەشروعییەت دانە بە هەر حوکم و بڕیارێکی قەزایی کە لە لایەن قازی دادگاوە دەردەچێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین بە ڕاشکاوی بلێین کە پێکهاتنی دادگاکانی شۆرش بە پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی باو لە ئێراندایەو، لە هیچ جێگایەکی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیشدا باس لە پێکهاتەو، ئەرکی دادگاکانی شۆرش نەکراوە کە ئەوە خۆی ئیرادە و نوقسانێکی قانوونییە لە ڕەوتی دادپرسی و دادوەری لە نیزامی قانونی ئێراندا..

لە ژمارە ٦٦٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥



## رفتاری نامرۆڤانەی زیندانوانان، رووی راستەقینەی کۆماری ئیسلامیە

لە ماوەی حەوتووی رابردوودا کورتە ڤیدیۆیەک لە زیندانی رەجایی شاری کەرەج گیراوەو لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دا بڵاوبۆتەوە کە لەودا بە ئاشکرا دەبیندرێ یەکێک لە بەرپرسانی زیندان لە پێش چاوی زیندانیەکانی دیکە - کە وادیارە هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆ کرانەوە - هێرش دەکاتە سەر زیندانیەک و بێ رێزی پێ دەکا. لە ڤیدیۆکەدا دیارە کە هەم بە قسەیی ناشیرین و هەم بە لێدان ئەو زیندانییە ئەشکەنجەی روحی و جەستەیی دەرێ.

ئەو گرتە ڤیدیۆییە لەگەڵ ئەوەدا دەرخەری راستیەکی تاڵ و ویژدان هەژێنە کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ زیندانی دەکرێ، لە هەمان کات دا دەرخەری تێروانینی راستەقینەی کۆماری ئیسلامییە لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ.

بە پێی هەموو یاسا و رێساکانی نێودەوڵەتی راگرتنی حورمەت و کەرامەتی زیندانی یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی زیندانوانە. بەڵام لە ماوەی ٣٧ساڵی رابردوودا بە دائیم و بێ‌پسانەوە ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لە لێدان و ئەشکەنجە و بێ‌حورمەتی کردن بە زیندانی لە زیندانەکانی ئێران دا لە راگەیەنە گشتییەکانی دنیا دا دەبیستین و دەخوێنینەوە و لە لایەن رێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤەوە ئەو کردەوەی مەئمورینی زیندانەکانی ئێران مەحکوم دەکرێ. بەڵام بە پێچەوانەی ویستی رێکخراو و کۆر و کۆمەڵە مرڤ دۆستەکانی جیهان نە کۆماری ئیسلامی و نە دەزگای قەزایی ئەو حکومەتە هەوڵیان نەداوە بۆ پێشگیری کردن لە دووپات بوونەوەی ئەوە جۆرە کردارانە لەگەڵ زیندانی و لە هەمان کات دا هەوڵیشیان نەداوە بۆ بە سزاگەیاندنی ئەو بەرپرس و مەئمورانەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر حورمەت و کەسایەتی زیندانی دێنە ژێر پرسیار.

بە پێی قانونەکانی سەردەمی ئێستا و تەنانەت قانوونە نوسراوەکانی ئیسلامیش هیچ کەس و لایەنێک مافی ئەوەی نییە کەسێک کە بە حوکمی تاوانێک زیندانی کراوە لە زیندان بێ حورمەتی زارەکی یان جەستەیی پێ بکرێ چونکە لە راستیدا زیندانی ئەمانەتە لای زیندانوان و فەلسەفەی زیندان بۆ ئەوەیە کە تاوانبار دوای تێپەڕکردنی ماوەی زیندانیەکەی بە پێی قانون دەبێ ساغ و سەڵامەت لە بواری روحی و جەستەیی بگەرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگا.

هەموو زیندانوانێک دەبێ بە باشی ئەوە بزانێ کە مافی زیندانی پاداشتێک نییە کە لە لایەن بەرێوەبەرانی زیندان بدرێ بە زیندانی، بەڵکوو زیندانی وەک مرۆڤ مافی سروشتی خۆیەتی کە هەم بزانێ خاوەنی ئەو مافەیە و لە سەر بەرپرسانی

زیندان واجبە کە زیندانی بەو مافە ئاشنا بکەن و هەمیش زیندانیش بتوانێ لەو مافە بێ ترس و خۆف کەڵک وەربگرێ. واتە کەسیک کە لە سەر تاوانێک سزای زیندانی بۆ دیاری دەکرێ و لە سەریەتی ئەو ماوە کە قانوون دیاری کردووە وەک زیندانی تێپەڕ بکا، بەڵام ئەو زیندانیە مافی هاووڵاتیبوون و شارۆمەندی لێ وەرنەگیراوەتەوە، هەر بۆیە بە تەنیا تەحەمولی سزای ئەو تاوانە دەکا کە لە سەری بەند کراوە، و هیچ بەرپرس یان مەئمورێکی زیندان ئەو مافەی نییە توندوتیژی لە گەڵ زیندانی بکا بەو مانایە بێجگە لەوە کە ئۆرگانی زیندان لەسەریەتی لە بواری لەشساغی و خواردنەوە بە زیندانی رابگا، دەبێ فەزایەکی سالم و تەندروست لە بواری روحی و جەستەییەوە بۆ زیندانی دەستەبەر بکا، ئەگەر هەر بە پێێ یاساکانی کۆماری ئیسلامی هەڵسەنگاندن بۆ کردەوەی بکەر یا بکەرانی ئەو گرتە ڤیدیۆییەی زیندانی رەجایی شاری کەرەج بکەین بۆمان دەردەکەوێ، ئەو بەرپرس یا بەرپرسانە کە لە بەرچاوی زیندانییەکانی دیکە ئەزیەت و ئازاری روحی و جەستەیی زیندانی دەدەن تاوانبارن. ئەسلێ ۳۹ لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا دەڵێ؛ " شکاندنی حورمەت و کەسایەتی کەسیک کە بە حوکمی قانوون دەست بە سەر کراوە، گیراوە، زیندانی یان دوورخراوەتەوە، بە هەر شێوەیەک بێت قەدەغەیە و دەبێتە هۆی سزادان". یا مادەیی ۱٦۹ لە ئاییننامەی زیندانەکان ئەزیەت و ئازاردانی زارەکی و جەستەیی زیندانیان و بە کارهێنانی شێوەی هەڵسوکەوتی قورس و دژوار کە زیان بە کەسایەتی زیندانی بگەیەنێ قەدەغەیە و نابێ هیچ بەرپرس یا مەئمورێکی زیندان لەو جۆرە هەڵسووکەوتانە لە گەڵ زیندانی بکا.

پێویستە وەبیربهێندرێتەوە کە ئەو کردار و رەفتارەی بەرپرس و مەئمورینی زیندانی رەجایی شاری کەرەج لەو گرتە ڤیدیۆیەدا لە گەل زیندانی دەکەن، ئاوێنەی باڵانوێنی راستەقینەی کردار و رەفتاری کۆماری ئیسلامیە کە لە ماوەی ۳۷ سالێ رابردوودا لە گەڵ کۆمەڵگای ئێران کردوویانە و نیشاندەری ئەو راستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بایەخ بۆ کەسایەتی مرۆڤەکان دانانێن و هەموو هەوڵ و کۆششیان ئەوەیە کە کۆمەلگایەکی تێکرووخاو لە بواری روحی و جەستەیی لە خەڵکی ئێران دروست بکەن بۆ ئەوەی کەس بیر لە ماف و ئازادیەکانی خۆی نەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## ئیعدام، کەم کردنەوەی تاوان یا پەرەپێدانی

ئێعدام وشەیەکە کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا لەگەڵ ژیانی گەلانی ئێران گرێی خواردوە و هەموو رۆژێ لە راگەیەندراوە گشتییەکان و لە کۆڵان و گەرەک و شار و گوند گوێبیستی دەبن. بە جۆرێک خوویان پێگرتووە کە بۆتە بەشێکی عادی لە ژیان، بەو مانایە ئیعدام سزایەکی توند و قورسە و دەبێتە هۆی ئەستاندنی گیانی مرۆڤێک، خەڵک زۆر ئارام و هێدی دەچنە سەیرکردنی و یا بێتەفاوت بەلایدا تێدەپەرن و ئەوە کلتوور و فەرهەنگێکە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداری خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا، هەوڵی داوە لە رای گشتیی کۆمەڵگەی ئێراندا بیچەسپێنی و لە هەمانحاڵدا روحم و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێو تاک تاکی کۆمەڵگەی ئێراندا بسڕێتەوە..

دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئەوەدا خۆی ئەندامی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەشێکی بەرچاوی لە پەیماننامە نێونەتەوەیەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە و بە پێی یاساکانی نیوخۆشی دەبێ پابەند بێ بە نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانە، بەڵام دەبینین رۆژبەرۆژ توندوتیژی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دژی گەلانی ئێران بەرێوە دەچێ و روو لە زیاد بوونە و چوونە سەری رێژەی ئیعدام و بەرێوەبردنی ئەو ئیعدامانە لە بەرچاوی خەڵک نموونەی بەرچاو و زەقی چوونە سەری ئەو شێوە رەفتارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران.

بە گوتەی رێکخراوەکانی پاریزگاری و پاراستنی مافی مرۆڤ، لە زۆربەی ساڵەکاندا ئیران لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەی کە ئیعدامیان تێدا بەرێوە دەچێ، پلەی دووهەمی لە دوای چین بۆ خۆی دەستەبەر کردوە کە دیارە ئەگەر رێژەی حەشیمەتی ئێران لەگەڵ حەشیمەتی چین بەراورد بکەین ئێران پلەی یەکەمی لە جیهاندا وەبەر دەکەوێ و ئەوە لە حاڵێک دایە کە

لێکۆڵینەوە زانستی و ئامارەکان سەلماندویانە کە بەرێوەبردنی سزای ئیعدام نەیتوانیوە هۆکارێکی کاریگەر بێت بۆ کەمکردنەوەی تاوان و تاونکاری، بەڵکو بە پێچەوانە کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە بە تایبەتی کاتیک سەرپەرستی بنەماڵەیەک سزای ئیعدام کردنی لە سەر جێبەجێ دەبێ شیرازەی بنەماڵەکەی لێک هەڵدەوەشێ و هیچ سەیر نییە بە هەڵوەشانی ئەو جۆرە بنەماڵانە کەسانێک پەیدا بن کە تووشی تاوان و تاوانکاری بن.

بە پێی ئامارەکان پێش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ٥% زیندانیەکانی ئێران تاوانبارانی مادە هۆشبەرەکان بوون بەڵام ئێستا دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی رێژەی زیندانیانی مادە هۆشبەرەکان ٤٥% زیندانیانی ئێران پێک



سەرچاوە
Serchawe

دێنن. بە پێی هێندێک ئامار لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەزگای قەزایی ئێران زیاتر لە ٤ میلیۆن کەسی بە تاوانی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان دەستبەسەر کردوە و حوکمی زیندانیان بۆ دەرچووە و ئەوە لە حاڵێک دایە رۆژبەرۆژ گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرکان روو لە زیادبوونە و بۆتە گرفتی چارەسەرنەکراو بۆ کۆمەڵگەی ئێران. ئەو ئامارانەی سەرەوە تەنیا تایبەت بوون بە تاوانی فرۆشتن و بڵاو کردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و ئاماری ئەو کەسانەی کە بە هۆی قەتڵ و زینا و دزی و کۆمەڵێک تاوانی لەو بابەتە ئیعدام کراون زۆر لەوە زیاترە.

بە پێی راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی گشتی لە ٢٢ی رێبەندانی ٥٧ هەتا رەشەمەی ١٣٥٨ کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی نزیک بە یەک ساڵە، ٤٣٨ کەس ئیعدام کراون. بە پێی ئامارە جۆراوجۆرەکان لە ساڵی ٦٠ هەتا ٦٧ زیاتر لە ١٠٧٠٠ کەس بە تاوانی جۆراوجۆر بە حوکمی ئیعدام گیانیان لێ ئەستێندراوە، کە ئیعدامە سیاسیەکانی ساڵی ٦٧ بەشێکە لەو رێژەیە. لە ساڵی ٨٣ هەتا ١٣٩٤ بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە سایتەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بڵاو بوونەوە، رادەی ٦٠٥٨ کەس ئیعدام کراون.

ئەوەی لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە سزای ئیعدام لە کۆمەڵگەی ئێراندا پێڕەوی کردوە بۆ دروست کردنی فەرهەنگێک بووە کە زۆر دوور بووە لە مێژووی فەرهەنگی گەلانی ئێران، فەرهەنگێک کە روحم و بەزەیی و خۆشەویستی بکوژێ و دڵرەقی و خوڵقاندنی ترس و توندوتیژی پەرە پێبدا و ئەوە یەکێک لەو رێکارانەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان گرتوویانەتە بەر و بەو رێکارە زیانی گەورەیان لە کۆمەڵگەی ئێران داوە.

لە کۆتاییدا ئیشارە کردن بەم دوو خاڵە پێویستە: کاتێک بە حوکمی دەزگای قەزایی ئێران مەحکوم بە ئیعدام لە بەرچاوی خەڵک دەبێ ئیعدام بکرێ، کۆمەڵگە زیاتر دەکەوێتە بەر مەترسی توندوتیژی و لە هەمانحاڵدا خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی ئینسانی دەکوژێ و هەر ئەوە خۆی هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی. لە لایەکی دیکەوە لە بواری زانستی دەروونناسییەوە ئەوە سەلمێندراوە کە رەفتاری لەو بابەتە لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە زەربەی قورس لە ویژدانی کۆمەڵگە دەدا و زیاتر تۆوی دڕدونگی و توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە. ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە دیتنی کرداری جوان و مرۆڤدۆستانە وەخەبەر دێ نەک بە خوڵقاندنی دیمەنی ئیعدامی مرۆڤەکان هەرچەند تاوانباریش بن..

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## لە پەراوێزی قسەکانی روحانی لە کردنەوەی پیشانگای چاپەمەنی

رۆژی ١٧ی خەزڵوەری ١٣٩٣ رووحانی، سەرکۆماری ئێران لە کردنەوەی پێشانگای چاپەمەنی دا رەخنەی توندی لە دەزگای قەزایی و هێندێک چاپەمەنیی سەر بە لایەنی بناژۆخوازی نێو بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گرت و گوتی " هەر مەئموورێکی ئەمنیەتی ناتوانێ پێوانەیەک بێت بۆ چاپەمەنییەکان، ئێمە دەبێ بەرەو نیزام و قانوونی یەکسان بۆ هەمووان" بڕۆین. لەبارەی چاپەمەنی و دەزگای راگەیاندنەوە رووحانی بە دوو شێوە دوا و دیفاعی لە هێندێک رۆژنامە و گوڤار کردو گوتی "هیشتا لە دایک نەبوون و بەچاکی خۆیان نەناساندوە،بەڵام بە بەڵگەی پووچ وبێ بنەما دەکەونە بەر هێرش. وشەی ڕاگرتن و داخستن دەبێ ئاخرین وشە لە راگەیەنە گشتییەکاندا بێ " و لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا رەخنەی توندی لە هێندێک رۆژنامە گرت و گوتی"هەر بەو جۆرە کە ئێمە پێویستیمان بە ئورگانی راگەیاندن هەیە، نیازیشمان بە نیزامی چاپەمەنی و قانوونی روون هەیە، ئەگەر قانوون روون بێ هەر رۆژێ کۆمەڵێک بە کەڵکوەرگرتن لە یەک وشە یان رستەیەک ناتوانن گاڵتە بە ئازادیی خەڵک بکەن."

دوای ئەو قسانە، رووحانی دەگەڵ چەندین دژ کردەوە لە نێو دام و دەزگای کۆماری ئیسلامی و لەلایەن بەرپرسانەوە بەرەوڕوو بوو. رۆژی ١٨ی خەزڵوەر لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی بەرزی قەزایی دا سادقی لاریجانی سەرۆکی دەزگای دادوەری لە سەر قسەکانی رووحانی وە دەنگ هات و گوتی " جەنابی سەرکۆمار لە قسەکانی دا سێ عینوانی سەبارەت بە دەزگای دادوەری بە کار بردوە، وەک ئەوە کە دەڵێ دەزگای قەزایی دەبێ شوێنی ئەمنی کومەڵگا و خەڵک بێ و ئەگەر ئەو دەزگایە سالم بێ دەتوانرێ پێش بە خراپ بوونی زۆر شت بگیرێ" .

" بەڵام جەنابی سەرکۆمار لە کاتیک دا رووی قسەی لە دەزگای دادوەرییە کە خۆی سەرۆکی دەزگای ئیجرایی وڵاتە و ئێمەش دەتوانین بڵێین ئەگەر دەزگای ئیجرایی وڵات گەندەڵ بێ سەرکۆماریش گەندەڵ بێ ئەوکاتیش کارەکان خراپتر دەبن" سادق لاریجانی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵی ئەگەر سەرکۆمار دیەوی بە بیروڕای گشتیی ئێران بڵێ دەزگای دادوەریی ئیران عەیبدارە ئەوە زیادەڕۆیی کردوە و ئەگەر ئەوە نەبی ئەوە بێ حورمەتییەکی گەورە بە دەزگای قەزاییە.

لە درێژەی دژ کردەوەکاندا رۆژی ١٩ی خەزڵوەر بەشێک لە وتاری نوێژی هەینیی تاران کە لە لایەن کازم سەدیقییەوە بەڕێوە چوو تایبەت کرابوو بەرەخنەگرتن لە قسەکانی رووحانی.

ئیمام جومعەی کاتیی تاران لە بەشێکی قسەکانی دا ڕووی لە رووحانی سەرکۆماری ئیران کردو گوتی" ئاغای سەرکۆمار لە

ڕێوڕەسمی کردنەوەی پێشانگای چاپەمەنی دا هێندێک قسەی کردن " نیش" یان هەبوو، لە چ کەسیک دیفاع دەکا و هێرش بۆ کێ دەکا، ئێمە ئەو جۆرە لێدوان و ئاخاوتنانە لە ئاستی جێگەوپێگەی سەرکۆماردا نابینین".

جیگای سەرنج لەم دوو دژ کردوەیەدا ئەوەیە کە هەر دوولایەن واتە دەزگای قەزایی ئێران و شووڕای سیاسەت گوزاریی ئیمام جومعەکان لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نزیکن و بە بێ ئێزن یان خۆهاوسەنگکردن لە گەڵ نەزەرو بۆچوونی ڕێبەر هیچ هەڵوێستێک و دژکردەوەیەک لە خۆیان نیشان نادەن.

لێرەدا دوو ڕوانگە و دوو نیگەرانی لە نێو دام و دەزگای بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیدا لە بەربەرەکانی دان. ڕوانگەی یەکەم لە هەڵوێست و لێدوانەکانی ڕووحانی دا خۆی دەردەخا کە وەک سەرکۆمارو کەسی دووهەمی وڵات و بەرپرسی چاوەدێی ئیجرای قانوونی ئەساسی، نیگەرانی ئە وەیە کە نەتوانێ ئەو وادە و بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا بە خەڵکی دابوون بە جێ بگەیەنێ و لە دەورەیەکی دیکەی هە ڵبژاردندا دەنگی متمانەی خەڵک وەدەست نەهێنێتەوە. لە هەمان حاڵدا ڕووحانی بە هە ڵسوکەوت لە گەڵ دنیای دەرەوە، بە تایبەتی چارەسەرکردنی پرسی ناوکی لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەیەوێ ڕوخسارێکی جوان لە کۆماری ئیسلامی بە دنیا نیشان بدا و لە و ڕیگایەوە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا،لە قە یران ڕزگار بکا.

بەڵام ڕوانگەی دووهەم ڕوانگەی زاڵ بە سەر سیستمی کۆماری ئیسلامیدایە. ئەویش ڕوانگەی ڕێبەرە. بە پێی قسە و لێدوانی نزیکانی ڕێبەر وا دەردەکەوێ کە لە شێوەی بەڕێوەبەریی دەوڵەت و هە ڵسوکەوتی ڕووحانی ڕازی نین. چونکە ئەو لێدوانانەی لەم دواییانەدا سەبارەت بە قسەکانی ڕووحانی کران سەرچاوەگرتوو لە قسەیەکی خامەنەیین کە دەڵێ "دەبێ وریای نفوزییەکان بین کە خۆ لهنێو دامودەزگاکانی حکوومەت نەخزێنن. خامەنەیی پێی وایە هەرجۆرە باسێک لە کرانەوەی فەزای سیاسی یان ڕەخنەگرتن لە بەرپرسان ودامودەزگای ئیداریی کۆماری ئیسلامی، خەیانەت بە ڕێبازی ئیسلام و ئینقلابە و هەر کەس خۆ لەو شێوە هە ڵسوکەوت و لێدوانانە بدا، مۆرەیەکی "نفوذی"یە و هەروەک باسمان کرد هەموو ئەو لێدوان و دژکردەوانەی بە دژی ڕووحانی و دارودەستەکەی ئەنجام دەدرێن لە ژێر چەتری ئەو لێدوانانەی خامنەییدان، دەنا هەم ڕووحانی و هاوبیرەکانی و هەم خامەنەیی و قۆڵی بناژۆخواز لە سەر یەک شت کۆکن، ئەویش مان و بوونی کۆماری ئیسلامییە بە هەر نرخێک، تەنانەت ئەگەر سەرکۆماری وڵاتیش بکەوێتە بەر لۆمە و هێرشی دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی نیزام.

بە ڕوونی دیارە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە وڵامدانەوە بە خەڵکی ناڕازی و کۆمەڵێک قەیرانی گەورە و بچووکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و... وڵات عاجز و داماون. هەر بۆیە هەموو کات باڵەکانی نێو دەسەڵات لە کێشە و بەربەرەکانی دەگەڵ یەکتر دان و هەرکام لە قۆڵەکان ئەوی دیکە بە بێکیفایەتی و شتی لەو بابەتە و تەنانەت خەیانەت

بە ڕێبازی "رهبر فقید انقلاب" و "نفوذی" تاوانبار دەکەن.

هەرچەند قۆڵی بناژۆخواز کە تا ئێستاش لە پشتیوانیی ڕێژەیی خامەنەیی بەهرەمەندە، خەون بە گەڕانەوە بۆ دەورانی ئەحمەدینژادەوە دەبینێ، بەڵام وا دیارە ڕێبەری نیزام نایەوێ جارێکی دیکە خۆی تووشی کێشە و ژانەسەرەکانی دوو دەورە سەرکۆماریی ئەحمەدینەژاد بکاتەوە. هەر بۆیە هەوڵ دەدا لە لایەک دڵی هەموو قۆڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو نیزام ڕاگرێ و لە لایەکی دیکە وا نیشان بدا کە ئەوەی ئێستا لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەبینرێ نەک شەڕ و کێشەی دەسەڵات لە نێو باڵە جیاجیاکانی ڕێژیم، بەڵکوو ئەو دێمۆکراسییە ئیسلامییەیە کە ناوبراو ماوە بە ماوە لە قسەکانیدا ئاماژەی پێدەکا. هەڵبەت لەو دێمۆکراسییەش!! دا زۆر ئاساییە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران، ئەگەر پێویست بێ کاربەدەستانی پایەبەرزی وڵاتیش ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە!!

بەڵام خەڵکی ئێران دەزانن کە نە ئەو کێشە و دەمەقاڵێیانەی نێو نیزام لەبەر خاتری ئەوانە و نە ئەو سیمایە کە هیندێک لە قۆڵەکانی ڕێژیم دەیانەوێ بە بیروڕای گشتیی بناسێنن، سیمایەکی خەڵکی و دێمۆکڕاتیکە. هەموو ئەوانە لەبەر ئەوەیە کە ئەو هیوایە لە دڵی خەڵکی ئێراندا زیندوو ڕابگرن کە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ گۆڕان بە سەر خۆیدا بێنێ و بەم شێوەیە هانیان بدەن کە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا چالاکانە بەشدار بن. بەڵام ئەگەر خەڵکی ئێران وا بیر بکەنەوە کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانن ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پێک بێنن، بە بێ شک هەڵەیە، چونکە لە لایەک تەجرەبە و لە لایەکی دیکە قانوونی بنەڕەتی و قانوونەکانی دیکەی ڕێژیم دەرخەری ئەوەن کە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕهەڵگر نیە، مەگەر ئەوە کە قانوونی بنەڕەتیی ئێران بگۆڕدرێ و دابەش کردنی سەڵاحییەتەکان بگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵک.

لە ژمارە ٦٦٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵبژاردن و پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا

مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران یەکێک لە پایە گرینگەکانی دێموکراسییە و پێوانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی مەشرووعییەتو خەڵکی بوونی سیستمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان. لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کاتێک تاک لە کۆمەڵگادا ئەو مافەی پێ دەدرێ کە بە پێی پێوەرەکانی تەمەن و ڕادەی پێگەیشتوویی، هەم نوێنەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ و هەم بتوانێ خۆ بەربژێر بکا و خەڵک دەنگی پێ بدەن، ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێ کە لە بەڕێوەبەری و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵکدا بە شدارە. هەر بۆیە لە کاتی هەڵبژاردندا زۆر چالاک و ئەکتیڤ دەبێ و هەوڵ دەدا بە باشترین شێوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشدار بێ.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداریی خۆیدا وای نیشان داوە کە باوەڕی قووڵی بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد هەیە و هەموو کاتێک هەوڵی داوە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا خەڵکی زۆر لە دەوری سندووقەکانی دەنگدان کۆ بکاتەوە، بۆئەوەی بە دنیا بڵێ "امت همیشه در صحنه" هەموو کات لە پشت نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاون. بەڵام لە پشت ئەو تابلۆیە ڕاستییەکی تاڵ خۆی حەشار داوە، ئەویش ئەوەیە کە نزیک بە زۆربەی خەڵکی ئێران وەک ژنان، کەمە ئایینیو مەزهەبییەکان و تەنانەت باوەڕدارانی مەزهەبی شیعەش کە باوەڕیان بە ئەسڵی "ولایت فقیه" نەبێ، بە پێی قانوونی بنەڕەتی لە مافی خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتداری بێبەشن. بۆ نموونە: ئەسڵی ١١٥ی قانوونی ئەساسی مافی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرکۆماری تەنیا بە پیاوان دەدا و تەنیا ئەو پیاوانەش دەتوانن بەربژێر بن کە باوەڕیان بە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات هەبێ.

بە پێی ئەو ئەسڵە ژنان کە نیوەی کۆمەڵگای ئێران پێک دێنن لەو مافە بێبەش کراون و ئەو پیاوانەی باوەڕداری مەزهەبی سوننین، یان ئایینیان جیاواز لە ئیسلامە، ناتوانن لە کێبەرکێی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا خۆیان بەربژێر بکەن.

لە سەردەمی ئێستادا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییە ئابوورییە تێکچڕژاوەکان، جیهانیان داگرتووە و ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ نەخش و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاوتر دەبێ، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانەوە دەبینین وەزعییەتی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕوا و ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی وەزعی ژنان لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان ئەگەرچی لە سەردەمی ڕاپەڕین بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا زۆر چالاک بوون، بەڵام دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، چ وەک تاک و چ وەک توێژێکی کۆمەڵگا، زیانێکی زۆری ڕووحی و جەستەییان پێگەیشتوە و بە جێگای

بەرەوپێشچوون بۆ وەدەستخستنی مافی زیاتر، ئارام ئارام ئەوی پێش راپەرینی ٥٧ یش وەدەستیان هینابوو لە دستیان داوە. بۆ نموونە: ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢ مەجلیسی شووڕای میللی قانوونی پارێزگاری لە بنەماڵە "قانون حمایت از خانواده"ی پەسند کرد. لەو قانوونەدا "یەک لایەنە تەڵاقدان قەدەغە ڕاگەیەندرابوو، چەند هاوسەری ڕێوشوێنی دژواری بۆ دانرابوو، مافی داواکردنی تەڵاق بە ژنان درابوو و سەرپەرستیی منداڵ لە حاڵەتی جیابوونەوە یان مردنی باوکدا، دەدرا بە دایک و.... بە دوای ئەوەدا قانوونی هەڵبژاردن و داڕشتنی قانوون پەسند کرا کە لەو قانوونەشدا ماف درا بە ژنان بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و لە پێکهاتنی ئەنجومەنی پارێزگا و شارستان و ئەنجومەنی شار و دێدا بەشدار بن. خاڵی جێگای سەرنج لە قانوونی هەڵبژاردندا ئەوە بوو کە دوو مەرجی "پیاوبوون و موسڵمانبوونی" لێ لاچووبوو، واتە هەموو پێکهاتەکانی ئێران بە پێی قانوون، بێ جیاوازی دەیانتوانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بن. کاتێک قانوونی هەڵبژاردن پەسەند کرا خومەینی کە لە قوم دادەنیشت وتارێکی توندی بە دژی ئەو قانوونە دا. دژکردەوەی خومەینی بە تایبەتی لە سەر لاچوونی دوو مەرجی " پیاو بوون و موسوڵمانبوون" لە قانوونەکە بوو، هەربۆیە لە وتارەکەیدا گوتی" ئەوە پیلانگێڕییە بە دژی ئیسلام". لە ئاکامی ئەو بیرو بۆچوونەدایە کە دەبینین دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، ژنان نەک ئەو مافەیان لێ ئەستیندراوەتەوە و ناتوانن خۆیان بۆ هیچ پۆستێکی باڵای دەسەڵات بەربژێر بکەن، بەڵکوو تووشی زۆر گیروگرفتی دیکەش بوون و راستەوخۆ مافەکانیان پێشێل دەکرێ و وەک مرۆڤی دەرەجە ٢ دێنە ئەژمار. بۆ وێنە کێشەی ڕەچاوکردن یا نەکردنی "حجاب" لە لایەن ژنانەوە بۆتە قەیرانێکی گەورەی کۆماری ئیسلامی. چەندین دامودەزگا بۆ چاوەدێری بە سەر کردار و رفتاری ژناندا پێک هاتوون کە بە قسەی خۆیان بۆئەوەیە کەرامەتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پارێزراو بێ. بەڵام دەبینین رۆژ بە رۆژ نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەئەستاندندان و بە داخەوە ژنان بە دەرەجەی یەکەم قوربانیی ئەو بەڵاماڵوێرانکەرانەن کە بە شێوەی جۆراوجۆر روویان لە کۆمەڵگای ئێران کردەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئەوە زۆری لە کچان و ژنان بکەن بۆ ڕەچاوکردنی "حجاب"، دەبوایە بە هاوکاریی خەڵک لە هۆکارەکانی ئەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتییانەیان کۆڵیبایەوە، چونکە زانست و تەجرەبە سەلماندوویانە هەتا بیروڕای گشتی نەتوانێ بە ئازادی سەبارەت بە وەزعی شێواوی کۆمەڵگا قسە بکا و ئامارێکی دروست لە دەستی کارناسانی ئەو بوارەدا نەبێ، ناتوانرێ ئەو چاوەڕوانییە هەبێ کە ئەو مەسەلانە لە لایەن دەسەڵاتەوە وەک خەمی گشتی کۆمەڵگا سەیر بکرێن و رێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. واتە تاکی کۆمەڵگاش دەبێ لە چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگادا بەشدار بێ و هەست بەوە بکا کە وەک تاک، هەیە و لە چارەسەری گیروگرفتەکان و هەوڵی پێشخستنی کۆمەڵگادا حیسابی لەسەر دەکرێ.

لێرەدا پێویستە ئیشارە بەو خاڵە گرینگە بکەم کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ وا نیشان بدرێ کە ژنان هۆکاری گیروگرفت و شێوانی ئەخلاقی کۆمەڵگان. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە جێدا دروست نیە، بەڵکوو دەبێ ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێن کە کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری شێواوی و دابەزینی ئەخلاقی دەبا. یەکێک لەو هۆکارانە بایەخنەدانە بە تواناکانی ژن و

پێشگیری لە بەشداریی ژنان لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتداو لە بەرچاونەگرتنی مافەکانی ژن وەک مرۆڤێک کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا نیە.

لە کۆتایی دا پێویستە وەبیر بێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و قانوونەکانی ئەو سیستمە خولقێنەری سەرەکیی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن. هەر کات ئەو نیزامە توانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو و پێکهاتە نەتەوەیییەکانی ئێران دابین بکا، ئەو کات دەتوانێ بەسەر نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانە ئابوورییەکاندا کە هەموویان سەرچاوەگرتوو لە بەڕێوەبەری هەڵەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە، زاڵ بێ. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو شێوازە تێڕوانینە بۆ قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە پەرەئەستاندندا بێ، قەیرانەکان بەرینتر دەبن و هەر ئەوە دەبێتە هۆی دارمانی نیزامی کۆماری ئیسلامی. چونکە نێوەرۆکی قەیرانی کۆمەڵایەتی وەک گەردەلوول وایە، هەتا وێرانییەک و زیانێکی گەورە دروست نەکا ئارام ناگرێ.

لە ژمارە ٦٦٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥



## لەدەفتەری بیرەوەری‌یەکانی پێشمەرگەیەک نانی تەنگانە و ئیمانی پێشمەرگە

...هاوینی ساڵی ١٣٦٩ماوەی حەوتوویەک بوو هێزێکی زۆری سپای پاسداران کە بە چەکی قورس تەیار بوون بناری چیاکانی نێوان ناوچەکانی مەهاباد . رەبەتیان هاڵۆز کردبوو و ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە مۆڵگەی چەکدارەکانی خۆیانی لێ بوو. ئەو هێزەی دوژمن زۆربەی ئێواران لە مەسیری حەرەکەتی پێشمەرگەدا دەجووڵان و دێیەکانیان دەگرت و کەمینیان لە دەو وبەری گوندەکان دا دەنا.

کومیتەی شارستانی مەهاباد و هێزی پێشەوا لەو ماوەیەدا بە هەر جۆرێک بووبێ، توانیبۆیان بەشی حەوانەوە و لە سەر پێ راوەستان و خواردەمەنی پێدابکەن بەڵام ئاساری بێ خواردەمەنی وشەکەتی لە سەر روخساری پێشمەرگەکان بەدی دەکرا.
هێزەکانی دوژمن سەرەڕای ئەوەی ئاوایی‌یەکانیان ئابلووقە دەدا، ئیزنیان بە کەس تەنانەت شوان و گاوانیش نە دەدا کە لە چەند نانێک زیاتر لە ئاوایی بەرنە دەرێ تەنانەت هەربەوە ڕانەدەوەستان ، رۆژانە بێ ئامانج و کوێرانە شێوو دۆڵ و بەرزایی‌یەکانی ئەوناوچانەیان تۆپباران دەکرد کە وای لێهاتبووخەلک لەترسی گیان وماڵیان کەمتر لە دێیەکان دوور دەکەوتنەوە. هەربۆیە جۆرێک چۆڵی بە ناوچەکەوە دیار بوو.

ئێمە دەبوو بە جۆرێک خۆمان لەو وەزعە نالەبارە رزگار بکەین. هەر بۆیە بڕیارمان دا لە بەری ناوچەی مەنگوڕایەتی‌ڕا بپەرینەوە بۆناوچەی گەورکایەتی و لەویش‌ڕا بۆ ماوەیەک بەرەوناوچەکانی بانە و سەقز بڕۆین. لەو ڕاوڕاوێنەدا گەیشتینە بناری چیای مەیدانچۆغە بە رووکاری ئاوایی گردشیلاندا.

شەو درەنگانێک گەیشتینە ئەو شوێنەی مەبەستمان بوو، دۆڵەکە پۆلە سپیدارێکی تێدا بوو کە بۆ سێبەری سبەی بەیانی و شاردنەوەمان شتێکی باش بوون، بڕیارمان دا لە بن سێبەری ئەو پۆلە سپیدارە سبەی هەتا ئیوارێ تێپەڕ بکەین و ئێوارێ بڕێک بە زوویی هەر جۆرێک بێ خۆمان بگەیەنینە نێو ئاوایی گردشیلان.

رۆژ سیوادی هەڵدا، دیدەبان پەیوەندی‌یان گرت و گوتیان وڵات ئارامە و هیچ جووڵەیەکی دوژمن هەست پێ ناکرێ. دەوروبەری سەعاتی ١٠ی بەیانی چەند کەس لە خەڵکی ئاوایی وەدیار کەوتن کە گوتیان هاتووین بۆ مووچەو مەزرا . پرسیاری جموجۆلی هێزی دوژمنمان لێکردن،گوتیان سوێناس نیرووی زەربەتی لێیە، بەڵام گردشیلان بێجگە لە پایگا هیچ هێزێکی دوژمنی لێ نیە. چەند کەس لە کادر و پێشمەرگەکان گوتیان دەرفەتە با ئەوانە بچنەوە ئاوایی هێندێک نان و پێخۆرمان بۆ بێنن، هەرچەند بیرۆکەیەکی باش نەبوو بەڵام لە رووی ناچاری قەبووڵ کراو دەوروبەری سەعاتی ١٢ ئەو

چەند کەسە بەرەو ئاوایی گردشیلان بوونەوە کە زۆرمان لێ دوور نەبوون تەنیا لێمان نەدیو بوون.

سەعات بوو بە ٢ی پاشنیوەڕۆیەو ئەو کەسانە نەگەڕانەوە، وەشک کەوتین، ڕەنگە هێزی دوژمن هاتبێ یان هەر پێشتر لێی بووبێ و ئەو کەسانە درۆیان لەگەڵ کردبین. لەو فکرانەدا بووین، دیدەبان ئاگاداری کردینەوە کە هێزێکی زۆری دوژمن هاتۆتە باسکی نێوان ئاوایی ماژگی و گردشیلان.

سەرپەلی ئەو پەلە پێشمەرگەیە کە نۆرە دیدەبانی‌یان بوو بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر وەزعییەتی هێزی دوژمن رەوانەی لای دیدەبانەکان کرا. کاکی سەرپەل خۆی پێشمەرگەیەکی بەئەزموون و ئازای مەیدانی شەڕ بوو هەر کە گەیشتنە شوێنی دیدەبانی لە ڕێگای پەیوەندی بێسیمەوە ،بێ مەعتەڵبوون گوتی داوا دەکەم بۆخۆت بێیە سەرێ و کورەکانیش هێندێک خۆ کۆ بکەنەوە. لەسەر نەزەری ئەو وامان کرد و هەم ئەمن چووم بۆلای دیدەبانی و هەمیش پێشمەرگەکان خۆیان کۆ کردەوە . شوێنی دیدەبانی زۆر دوور نەبوو، کاتێک گەیشتمە ئەوێ هێزێکی زۆری دوژمن تەیار بە چەکی قورس لە سەر باسکی نێوان ئاوایی ماژگەو گردشیلان مۆڵی خواردبوو، و لوولەی چەکە قورسەکانیان ئاراستەی ئەو دۆڵە کردبووکە ئێمەی تێدا مابووینەوە.

هەر بۆیە بریارمان دا پێشمەرگەکان یەکیەک و بە مەودای زۆر لە یەکتری بەرەو چیای مەیدانچۆغە وەسەر کەون. لە گەڵ یەکەم جووڵەی پێشمەرگەکان ئاوربارانی دوژمن دەستی پێکرد. ئاوری چەکەکانیان بە ڕادەیەک توند بوو کە لەو دۆڵەدا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتا و گڕی گرتبوو. لەو کاتەدا هیچ نەدەکرا و تەنیا خۆڕاگری و وره و ئیمانی پێشمەرگانەی دەویست بەسەر ئەو وەزعەدا زاڵ بی. بە خۆشی‌یەوە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکی گرت کە هەموو پێشمەرگەکان لە حاڵێکدا برسی و هیلاک بوون و ماوەی حەوتوویەک بوو ئەو هێرشە بەربڵاوەیان لە سەر بوو، بە سەلامەت گەیشتنە بەرزایەکانی مەیدانچۆغە و بەسەر لوتکەکانی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا دابەش بوون و سەنگەریان گرت ئەو جار ئەوە پێشمەرگەکان بوون بەسەر شوێنی دوژمن دا زاڵ بوون.

لەو وەزعە دا کە پێشمەرگەکان لە ژێر ئاوری توندی تۆپخانەی دوژمندا سینگی هەورازیان دەبڕی، نەدەکرا شوێنی دیدەبانی کە لە چاو هەڵکەوتی خۆی شوێنێکی حەساس بوو چۆڵ بکرێ. هەر بۆیە لە گەڵ هاوڕێی سەر پەل و دوو پێشمەرگەی دیدەبان ماینەوە دوای تێپەڕبوونی پێشمەرگەکان لە ژێر ئاوری تۆپخانەی دوژمندا و زاڵ بوون بە سەر بەرزایی‌یەکانی ناوچەکەدا، دوژمن لوولەی چەکە قورسەکانی بەرەو شوێنی دیدەبانیی ئێمە وەرسووڕاندو ئاوربارانێکی خەستی کردین کە هەموو جارێ پێم وابوو کەسمان دەر نەچووین. لەو وەزعەدا هاورێی بەرپرسی کومیتەی شارستان و کادر و پێشمەرگەکان نیگەرانی وەزعی ئێمە بوون هەر بۆیە لە فکری ئەوە دا بوون کە ڕێگایەک بدۆزنەوە پەلاماری دوژمن بدەن.



سەرچاوە
Serchawe

سێبەر شۆڕ بوونەوە و دیدی دوژمن کەم بۆوە و، ئێمەش لەو دەرفەتە کەڵکمان وەرگرت و شوێنی دیدەبانیمان چۆڵ کرد و بەرەو تەختایی دۆڵەکە داکشاین. تازە نەماندەتوانی بە شوێنی پێشمەرگەکاندا وەسەر بکەوین. هەر بۆیە بڕیارمان دا بە هاوڕێی بەرپرسی کومیتەی شارستان بڵێین کە ئەوان بەرە وناوچەی بانە بڕۆن و ئێمەش هەتا بەیانی خۆمان دەگەیەنینە لای ئەوان. کاتێک داکشاینە خوارێ مەجبوور بووین هەتا نزیک ئاوایی گردشیلان بڕۆین کە هێزی دوژمنی لی بوو و لە دوایی‌دا بە دۆڵێکی دیکەدا بەرەو بەرزایی هەڵگەڕاین.

هەر چوارمان بە زەحمەت لاقمان بۆ هەڵدەهاتەوە، هەورازیش هەر دەهات و خۆی لەبەر یەک دەکێشایەوە. سێبەر بەسەر هەموو ناوچەکەدا کشابوو و خۆر هێدی هێدی بەرەو ئاوابوون دەچوو. لەشمان ئارەقی ساردی پێدا دەهاتە خوارێ و لە برسان هەنگاوەکانمان چرکە بۆ چرکە شل و شلتر دەبوون. جار ناجارێک خشەی دەنگی بێسیم و ڕاوێژی هاوڕێیانمان لە هێز لە گەڵ یەکتری وەخۆی دێنامەوە و ئەمنیش چەند شتێکم دەگوت و وام نیشان دەدا کە هیچ رووی نەداوە و ئەوە وەرەی پێ‌دەدام کە پێ بە پێی هاوڕێیانم بەگژ هەورازدا بچمەوە.

خۆر بە تەواوی ئاوا ببوو پێدەشتەکان لە تاریکی‌دا نوقم ببوون کە ئێمەش گەیشتینە بەرزایی سەرێ و شوێنێک بە ناوی سێ‌کانیان کە وەختی خۆی جێ‌هەواری مەڕداران بوو و گەلێک ئاوەدان و زۆر ڕێبواری هەورازبڕی شەکەت و ماندوو لە سەر ئەو کانیاوانە لایان داوەو لە هۆبەو هەواری مەڕداران حەساونەتەوە. بەڵام بەداخەوە بۆ ئێمە هەواری خاڵی بوو، بێجگە لە تروسکایی ئاوی کانیاو هیچی دیکەی لێ بەدی نەکرا.

لەسەر یەکەم کانیاو کە دەوری بە بەرد گیرابوو دانیشتین بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەین لە گەڵ ئەوەی بە هەورازدا وەسەر کەوتبووین و ئارەقی زۆرمان کردبوو و لێوەکانمان ویشک بوون بەڵام لە برسان هەستمان بە تینووەتی نەدەکرد.

هەر چوارمان لە دەروری کانیاوەکە ڕاکشاین و تۆزێک شەکەتیمان لە لەش دەرکرد، دەبوایە بڕۆین، گوتم کورینە هەرچۆنێک بێ بزانین شوانێک نابینینەوە نان و چایەکی لەلا بخۆین. خۆ تازە کومیتەی شارستان و هێز ڕۆیشتوون و ئێمەش هەتا بەیانی پێیان ناگەینەوە. لەو قسانەدا بووم یەکێک لە پێشمەرگەکان "حەمەرەسووڵ" گوتی مادام لای شوانێک لادەدەین وەرن با یەکی پاروە نانێک بخۆین. وامزانی حەمەرەسووڵ گاڵتە دەکا و هەر وەک جاران لە کاتی تەنگانەدا بۆ بردنەسەری رووحییەی پێشمەرگەکان قسەی خۆش دەکا.

کاتێک هەرسێکمان رووما بۆ لای حەمەڕەسووڵ وەرگێڕا دیتمان کوڕە ئەوە بە ڕاستی خەریکە شتێک لە کۆڵەپشتی‌یەکەی دەردێنێ. سەری هەڵبڕی گوتی بۆ وا حەبەساون وەرن نانی ناخۆن؟ بەشێوەیەک وای گوت دەتگوت سفرەی ڕاخستوە و پڵاو و گۆشتی لەسەر داناوە ئێمەش لێی چووینە پێشێ لە نێو نایلۆنێک دا نانێکی دەرهێنا لەگەڵ تۆزێک شیرێژ. گوتم

حەمەرەسووڵ ئەوە ئەتۆ بۆ ئەو نانەت پێماوە و لە کوێت بووە، چۆنە نەتخواردوە. گوتی خاڵە ئەوە چوار ڕۆژە هەڵمگرتوە کە ئاخرجار نان و پێخۆرمان دابەش کرد دیتم وەزع خراپە گوتم با ئەو نانە هەڵگرم بۆ ڕۆژی تەنگانە و ئەو چەند ڕۆژە نەمخواردوە ئەگەر ئێستاش ئەتۆ نەتگوتبایە لای شوانێک لادەدەین ئاشکرام نەدەکرد،چونکە ئێستاش نەگەیشتووینە تەنگانە.

نانەکەی حەمەرەسووڵمان لەنێو خۆماندا دابەش کرد و یەکی بڕێک شیرێژمان تێهەڵسوو، بە ئیشتیا کەوتینە خواردنی. کاتێک لەو سێ هاوڕێ پێشمەرگەم ڕوانی ئەوەندە بە ئارامی و شێنەیی ئەو پارووە نانەیان لە زاری دا دەهێناو دەبرد دەتگوت قەت ئارەزوو ناکەن بەو زووانە ئەو نانخواردنە تەواو بێ.

ئەو پارووە نانە هەرچەند زۆر کەم بوو بەڵام لەو کات و ساتەدا وەک ئەوە بوو لە سەر سفرەیەکی ڕەنگین نانمان خواردبێ و هەر ئەوە هێزێکی پێ بەخشیین و خۆمان توندوتۆڵ کردەوە بە نیازی گەیشتنەوە بە هاوڕێیانمان. دەست خۆشیم لە حەمەرەسووڵ کرد و گوتم ئەتۆ هەر لە مەیدانی شەڕدا پێشمەرگەیەکی بە تەدبیر نی، بەڵکوو کار و کردەوەی دیکەشدا پوختی. لە کاتێک دا فیشەکدانی بی کەی سی لە خۆی توند دەکرد گوتی قسەی قەدیمیان ڕاستە تەنگانە بەریان کورتە بەو شەرتە خۆی بۆ ئامادە بکەی و ئومێدت هەبێ.

بەرەو دۆڵی نێوان ئاوایییەکانی برایم خەسار و گەنمان شۆڕ بووینەوە. ڕیگامان گەلێک خیزک و هەڵدێر و سەرەولێژ بوو بەو حاڵەش خۆمان گەیاندە تەختایی دۆڵەکە. لەکاتی داگەڕاندا ئاوری شوانێکمان هەڵنابوو کە لەو بەری ڕووبارەکە بوو. کاتێک گەیشتینە تەختایی دۆڵەکە بەرەو شوێنی شوانەکە تازە ئاوری دامرکاندبوو ڕۆیشتین، سەگەڵ هەستیان کردین و بەرەو پیرمان هاتن لەو دۆڵە دا چەق و لووری سەگان دەنگی دەدایەوە، شوانیش پێی وابوو سەگەڵ دەوری حەیوانی شاخیان داوە هەر تێیەوەی دەقوولاندن، لە سەرەخۆ بانگی شوانمان کرد وەرە سەگەلمان لێ دەربکە؛ شوان کە گوێی لە دەنگمان بوو هات و سەگەلی دوور خستەوە. دوای پرسینی خەبەر و باس گوتمان نان و چایەک دەخۆین. شوان تەڕدەست ئاوری هەڵکردەوە هەرچەند لە پایگای برایمخەسار دەترسا کە نەکا تەقەی لێ بکەن چونکە تازە ئاورەکەی کووژاندبۆوە. گوتمان گوێ مەدەیە، هیچ نابێ.

خەریکی ئەوە بووین کە بەئیشتیا لە دەوری ئاوری شوان و لە بازنەی چیا بەرزەکان و لە ژێر درەوشانی ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا نانێک بخۆین لە پڕدا قرمەو ڕێژنەی تفەنگ لە دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە و ئارامیی شەوی تێک دا. کەریم هەستا سەر پێ بزانێ ئەو دەنگە لە کام لاوە دێ، تۆزێک دوور کەوتینەوە گەڕایەوە گوتی ئەو تەقەیە لە دۆڵی گەنمانڕا دێ، خوا بکا هاوڕێیانمان تووشی کەمین نەبووبن هەر چوارمان نیگەران بووین. گوتم هەوڵ بدەن پەیوەندیی بێسیمی کۆنترۆڵ بکەن بزانن دەنگی هاوڕێیانی خۆمان دێ. "سەید کەریم" لە جێی خۆی هەستاوکەمێک دوور کەوتەوە و هێندەی پێ نەچوو

گەڕایەوە ، گوتی وا باشە بڕۆین. لای کابرای شوان هیچی نەدەگوت سەر و بابۆڵەمان هەڵگرت و لەو کاتەدا حەمەرەسووڵ گوتی بابۆڵەی تەنگانەش هەڵگرن . لەشوانەکە دوور کەوتینەوە "سەید کەریم" گوتی تیمی پێشڕەوی هێز لە سێ ڕێیانی گەنمان ـ موسێ ـ برایمخەسار لە کەمین کەوتوون و یەکێک لە پێشمەرگەکان لە شوێنی کەمین ماوەتەوە و دەرناچێ.

بە دۆڵەکەدا بەرەو دەراوی گەنمان هەڵکشاین هەتا دەهاتین نزیک دەبووینەوە دەنگی بێسیمی هاورێیانمان چاکتر دەبیست. شوێنی کەمینەکەمان بە دروستی پرسی و هاورێیانمان لە هێز گوتیان ئێمە بەسەر شوێنی کەمینەکەدا زاڵین و خەریکین دەستەیەک ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی لە کەمینی دوژمن بدەین و ئەو هاورێیەمان ڕزگار بکەین. گوتمان دەست ڕاگرن، ئێوە پشتگیریمان بکەن، ئێمە لە پشتەوە را لێیان دەدەین ، چونکو ئێمە دەکەوینە نێوان پایەگای دوژمن لە مووسێ و شوێنی کەمینەکە و ئەفرادی دوژمن بە خەیاڵیاندا نایە لەوێ ڕا لێیان بدرێ.

چوار پێشمەرگەی ماندوو، شەکەت و برسی چەند سەعات پێشتر، ئێستا دەبووایە گیانی هاوسەنگەرێکیان لە مردن ڕزگار بکەن. هێدی هێدی و بە ئەسپایی بە بن ڕەوەز و تاشە بەردەکانی شاخەڕەشی مووسێ دا خۆیان گەیاندە پشتی کەمینەکەی دوژمن. ئێستا کەمینەکەی دوژمن لە ئابلۆقەی هێزی پێشمەرگەدا بوو، هاورێیانمان لەو بەری بەرزاییەکەی زاڵ بەسەر دۆڵەکەدا دامەزرابوون و ئێمەش لە سەر پشتی کەمینەکە. ئەفرادی کەمینەکەی دوژمن بە خاترجەمی خەریکی جێخۆشکردن بوون کە هەتا بەیانی لەوێ لێی بخەون، لەپڕدا کەوتنە بەر هێرشی هەردوولای پێشمەرگەکان و لە چەند چرکەیەک دا کەمینی دوژمن هەڵتەندرا و هێندێک کیسەخەو و کەلوپەلیان لێ بەجێ ما، پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە ئەو هاورێ پێشمەرگەیە کە کەمینی دوژمن ئابلۆقەی دابوو، دیسان تۆپباران دەستی پێ کردەوە. بەڵام هەموو کادر و پێشمەرگەکانی کومیتەی مهاباد و هێزی پێشەوا بە سلامەت یەکتریان گرتەوە و بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوتین و دیسان ڕۆژێکی دیکە و ئومێدێکی دیکە بە سەرکەوتن....

*******************

تێبینی: حەمەرەسووڵ قادرزادە ناسراو بە حەمەرەسووڵ دارەلەکی لە دەروازەی کۆیە لەگەڵ چەندهاوڕێی دیکە بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو.
سیدکەریم مستەفازادە لە شەرێکی قارەمانانە لە دۆلی شێخانی ناوچەی مەهاباد شەهید بوو.

لە ژمارە ٦٧٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# ساڵی ٢٠١٦

## ڕوانینێک بۆ قسەکانی رووحانی لە کونفرانسی "وحدت اسلامی"دا

رۆژی یەک شەممە ٦ی بەفرانباری١٣٩٤ لە "کنفرانس وحدت اسلامی " رووحانی لە وتارێکدا کە پێشکەشی ئامادەبووانی کرد هەوڵی دا چەند پەیامێک بۆ دەوڵەتانی ناوچە و بەگشتی دنیای ئیسلام بنێرێ.
رووحانی لە قسەکانیدا هەوڵی دا روخسارێکی دژێو و شەڕفرۆشانە لە هێندێک لە دەوڵەتانی ناوچە و بە پێچەوانەوە روخسارێکی فریشتە ئاسا و نەرمونیان لە کۆماری ئیسلامی نیشانی بەشدارانی بە ناو "کنفرانس وحدت اسلامی" و دنیا بدا بەشێوەیەک کە لە وتارەکەی خۆیدا گوتی: "ئایا ئەوە جێگای پەسندە کە پووڵی نەوتی موسوڵمانان بدرێ بە ئەمریکا بۆ ئەوەی مووشەکی پێ بکرن و بەسەر موسوڵمانانیدا بڕژێنینە خوارێ؟ لە ساڵی رابردوودا چەندتان بۆمب وموشەک لە ئەمریکا کڕیوە؟..."

سەرکۆماری ئیران لە کاتێکدا ئەو وتارە پێشکەش دەکا و باس لە کوشتار و کاولکاری لە وڵاتانی ئیسلامی دەکا کە خودی ئێران یەکێک لە ئەکتەرە چالاکەکانی ئەو مەیدانەیە و لە سازکردن و درێژەدانی قەیرانەکانی ناوچە و کوشتاری خەلک و کاولکاری لە وڵاتانی وەک "عیراق ویەمەن و سووریەدا دەستی باڵای هەیە ".
بە پێی راپۆرتی سایتی ئەڵمانیی شپیگل، لە ئیستا دا بە بەراورد لە گەل هاوپەیمانی نێودەولەتی لە مەیدانی دووشەر کە وڵاتانی عیراق وسوریە گرتۆتەوە،ئیران راستەوخۆ و لە هەموان زیاتر تێیدا بەشدارە.

ئەوسایتە لە دەرێژەی راپۆرتەکەی دا دەڵێ: ئیران لە ساڵی ٢٠١١وە هەتا ئیستا بە ڕادەی ٩میلیارد دۆلار هاوکاریی دەوڵەتی بەشار ئەسەدی کردوە بۆئەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بمێنێتەوە. هەرلەو کاتەدا دژبەرانی دەوڵەتی سووریە دەڵێن دەبێ هەموو ئەویارمەتییە نەوتی ،دەرمانی وخواردەمەنییانەش کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد و دەوڵەتەکەی تەرخانی کردوە،و بە پێی لێکدانەوەی دژبەرانی سووری دەگاتە نزیک بە ١٥میلیارد دۆلار بخرێتە سەر ئەو٩میلیارد دۆلارە.
بێجگە لە یارمەتیی مادی و چەکوچۆڵە، رۆژانە لە هەواڵەکان دا گوێمان لە خەبەری کوژرانی ئەندامانی بەرزی سپای پاسدارانی ئیران لەشەری سووریەدا دەبێ. بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئێران هیچ کام لە لایەنە دەرەکییەکانی بەشدار لە

شەڕی نێوخۆی سووریە وعیراقدا هەتا ئیستا هێزی پیادەیان لە مەیدانەکانی شەڕدا بە لایەنگری لە هیچ لایەک بەکوشتن نەداوە و هەر ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە سیاسەتی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی درێژەکێشانی شەڕ و ماڵوێرانی لەو وڵاتانەدایە. ئەگەر هەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە لە قسەکانی ئاغای رووحانی شی بکەینەوە دەتوانین ئەو پرسیارە رووبەڕووی رووحانی بکەینەوە کە ئایا گەلانی بەشخوراوی ئیران بەتایبەتی گەلی کورد لەروانگەی سیستم و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەکەونە نێو پێناسەی "امت اسلامی"؟ ئەگەر وەڵام ئەوە بێ کە بەڵێ گەلی کوردیش بەشێکە لە "امت اسلامی"،لەو حاڵەتەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، کە: ئەدی چۆنە کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە کە بەدەسەلات گەیشتوە شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر کوردستاندا سەپاندوە و بە هەزاران جۆر بۆمب ومووشەک و تۆپ و خومپارەی بەسەر شار و گوند و مڵک و مەزرای خەڵکی کوردستاندا باراندوە و بە دەیان هەزار کەسی کورد لە پیر و لاو و ژن و پیاوی کورد لەماوەی ئەو ٣٧ساڵەدا کەوتوونەتە بەر تیغی جیهادگەرانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لی ئەستێندراوە و لەو ماوە دوورودرێژەدا بۆ جارێکیش دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتی‌یان لەو کوشت و کوشتارەی خەلکی کوردستان دەرنەبڕیوە و جاریک لە جاران باسیان لەوە نەکردوە کە بۆچی نەوت و سامانە سروشتی‌یەکانی ئەو گەلە و گەلانی دیکەی ئیران دەفرۆشن و دەیدەن بە بۆمب و مووشەک بەسەریاندا دەبارێنن.

ئەوەی رووحانی و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەوجۆرە کۆڕوکۆمەڵانەدا لە دووتوێی وتارێکدا پێشکەشی ئامادەبووانی دەکەن لە قسەکردنێکی رواڵەتی زیاتر نیە. چونکە بە کردەوە جۆرێکی دیکە لەگەل ئەو مەسەلانە هەڵسوکەوت دەکەن و ئەوەش هەڵقولاو لە زاتی کۆماری ئیسلامی‌یە و تەنانەت ئەگەر ئاغای رووحانی باوەریشی وا نەبێ ناتوانێ لەو ئیدیئۆلۆژی‌یە کە کۆماری ئیسلامیی لە سەر دامەزراوە لا بدا. بۆ روونبونەوەی زیاتری ئەو بابەتە پێویستە چاوێک لە قانوونی بنەڕەتیی ئیران بکەین و بزانین بۆ پێکهێنانی جیهانێکی ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و فەرمانڕەوایی وەلیی فەقیهدا چ ڕێکارێک لە بەر دەم بەڕێوەبەرانی دادەنێ هەتا ئەوانیش بتوانن بەستێنێکی لەبار بۆ هەناردەکردنی شۆرش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆش بکەن. "...قانوونی ئەساسی بە سەرنجدان بەوە کە شۆرشی ئێران نێوەرۆکی ئیسلامیی هەیە و جووڵانەوەیەکە بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی زورلێکراوان بەسەر زۆرداراندا،بەستێنی درێژەکێشانی ئەوشۆرشە لە نێوخۆ و دەرەوە پێک دێنێ، بەتایبەتی تێدەکۆشی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان لەگەڵ جووڵانەوە ئیسلامی‌یەکان پەرە پێبدا هەتا ڕێگای پێکهێنانی ئۆمەتی یەکپارچەی ئیسلامی خۆش بکا."
هەموو لایەک باش ئەوە دەزانن کە قانوونی بنەڕەتی لە هەر نیزام و سیستمێکی سیاسی‌دا گرینگترین و بە ئێعتبارترین رێککەوتننامەیە لە نێوان خەڵک و حکوومەتدا. ئەوسەنەدە لە روخسارو نێوەرۆکدا بناخەیەکی گرینگی قانوونی‌یە بۆ رێکخستن و سازماندانی کۆمەڵگا لە بواری فەرهەنگی،سیاسی وئابووری و پاراستنی مافی تاکە کەسی هەتا مافی گشتی و دامەزراندنی پێوەندیی ئاشتی‌یانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەتا شەڕ و ناخۆشی...

بەپێی ئەو پێناسەیە دەبینین بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵسوکەوتی رۆژانەیان لە گەڵ گەلانی ئیران و لە پێوەندی‌یە سیاسی و ئابووری و فەرهنگی‌یەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی ئیراندا بە پێی قانوونی بنەڕەتی هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەگەر سەرنجێکی دیکە بدەینە ئەسڵ و برگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئیران زیاتر نییەت و نیازی کۆماری ئیسلامیمان دەربارەی دەست تێوەردان لە بەرێوەبەریی وڵاتانی دراوسێدا بۆ دەردەکەوێ. خاڵی ١٦ی ئەسڵی٣ی قانوونی بنەڕەتی باس لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دەکا و دەڵێ: "دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر پێوانەکانی ئیسلام، پەیمانی برایانە لە بەرامبەر هەموو موسوڵمانان و پشتیوانی و پارێزگاری بێ ئەملاوئەولا لە زۆرلێکراوانی جیهانە." بۆ وەدی‌هێنانی ئەوئامانجە، قانوونی بنەڕەتیی ئێران دەڵێ: "دنیای ئیسلام پێویستیی بە رێبەرێکی بەهێز هەیە کە ئەویش لە رێگای حاکمییەتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهەوە بە ئەنجام دەگا." بە پێی پێناسەکان و رفتار و کرداری وەلیی فەقیهـ لەماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا بە روونی و ئاشکرا بە گەلانی ئێران و دنیای ئیسلام دەڵێ کە وەلیی فەقیهـ نوێنەری خوا لەسەر زەوی‌یە هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زەمان. لەو شێوە تێروانینە بۆمان دەردەکەوێ کە "ولایت فقیە" دنیای بە سەر دووبەرەدا دابەش کردوە: بەرەی "حق" و بەرەی "باطل" کە لە ڕوانگەی بیری کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئەو دوو بەرەیە بەدائیم لە حاڵی شەڕدان و بە خوێندنەوەی نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە نوێنەری بەرەی "حق"دەزانی و بۆشەر لەگەڵ بەرەی "باطل" پێویستیی بە کۆکردنەوەی هێزلە سەرانسەری دنیای ئیسلام هەیە و بۆ ڕەوایی‌بەخشین بەو بیروبۆچوونە قانووندانەر لە سوورەی ئەنفال کەڵکی وەرگرتوە و لەئەسلی ١٥١ی قانوونی بنەڕەتی‌دا بەم شێوەیە هێناویەتی کە: "هەتا دەتوانن هێزو ئەسپی سواری ئامادە بکەن هەتا دوژمنانی خواو خۆتان...و ئەوانە کە ئێوە نایانناسن و خوا دەیانناسێ ...بترسێنن."

هەروەک پێشتر باسمان کرد ئەودەوڵەت و دەسەڵاتەی لە هەمووان زیاتر لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی ئالۆزی و شەر و پێکدادان و خولقاندنی دووبەرەکی لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرە ئایینی و مەزهەبی، نەتەوەیی و عەشیرەیی‌یەکان،حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لە هەموو دەوڵەتان زیاتر لە دروستکردن و پێگەیاندنی تاقم و گرووپی توندئاژۆدا بە ناوی جۆراوجۆری ئیسلامی دەستی هەبووە، هەر بۆیە لە هەموو دەوڵەتانی ناوچە زیاترخوێنی بەناحەقڕژاوی خەڵکی بێ تاوانی ئەو وڵاتانە دەکەوێتە ئەستۆی و ئەگەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی ئەو نیزامە هەر لەسەر ئەو رەوتە بەردەوام بێ درەنگ یان زوو ئەو سیاسەت و کردارە ئاژاوەگێرانەیە پێچەوانە دەبێتەوە و بە رووی دەسەڵاتدارانی تاراندا دەتەقێتەوە و ئەو کات دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەزانن باجی دەستتێوەردانی نابەجێ و دوژمنانە لەو وڵاتانەدا چەندە بۆگەلانی ئێران قورس و زیانبار بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێویری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەفتاری دووفاقەی کۆماری ئیسلامی و حوکمی ئیعدام

ماوەیەک لەوە پێش "شیخ نمرباقرالنمر" کەسایەتیی شیعە لەگەڵ ٤٦ کەسی دیکە بە تاوانی مەترسی بۆ سەر ئەمنیەتی نەتەوەیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعوودیەوە حوکمی ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ کرا. بەدوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئێعدامی "شیخ نمر" دژکردەوەیەکی توند و بەربەرین لە نێو دنیای شیعەدا بەدژی دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعوودی دروست بوو کە پاڵنەر و وەگەڕخەری ئەو حەرەکەتە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئایەتوڵلاکانەوە بگرە هەتا فەرماندەکانی سپا و نوێنەرانی مەجلیس هەرکام بە نۆرەی خۆیان لێدوانیان دا و بە توندی ئێعدامی "شیخ نمر"یان مەحکووم کرد کە سەرەنجام کۆمەڵێک بەسیجی و حیزبوڵلایی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی عەرەبستانی سعوودی لەتاران و کونسوولگەریی ئەو وڵاتە لە مەشهەد و زیان و خەسارێکی زۆریان بەو دوو شوێنە گەیاند. حەرەکەتێک کە لەگەڵ هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی تەبا نیە و لەڕاستیدا پێشێلکردنی هەموو ئەو ڕێکەوتننامانەیە کە بۆ پاراستنی شوێنە دیپلۆماسیەکان و گیانی دیپلۆماتەکان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە پەسەند کراون و ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ئەو ڕێکەوتننامانەیان واژۆ کردوە .

ئەوەی لە تاران و مەشهەد بەدژی ناوەندە دیپلۆماتیەکانی عەرەبستان ڕووی دا، بوو بە هۆی نیگەرانیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە ناوچەکەشدا کۆمەڵێک لە دەوڵەتانی عەرەبی بۆ پشتیوانی لە عەرەبستانی سعوودی پێوەندیە سیاسیەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران پچڕاند.

بەو پێشەکیە دەمانەوێ بچینە نێو باسێک بۆ ئەوەی ڕوخساری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی دەگەڵ ئێعدامی "شیخ نمر"، هاونیشتمانی عەرەبستانی سەعوودیدا، کە گەیشتە جێگایەک پێوەندیە دیپلۆماسیەکانی خۆی لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر بپچڕێنێ، دەر بخەین. ئەو نارەزایەتیدەربڕینە لە حاڵێکدایە کە لە نێوخۆی ئێراندا ساڵانە بە سەدان کەسی بێتاوان لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ خوا و نیزامدا ئێعدام دەکرێن بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی وە دەنگ بێ یان لە نێوخۆی وڵاتدا ئێزن بەخەڵک بدرێ بەشێوەی مەدەنیانە ناڕەزایەتیی خۆیان لەو ئێعدامانە دەر ببڕن.

هەموو شارەزایان ئاگادارن کە بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران سەرکۆماری ئەووڵاتە بەرپرسی ئیجرا و چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی برگە و مادەکانی قانوونی ئەساسیدایە، بەڵام ڕۆژانە دەبینین سەرەرای کەموکورتیی قانوونی ئەساسی دیسان بە ئاشکرا لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دا ئەو ئەسڵ و برگانەی لە بەشی سێهەم "حقوق ملت"دا هاتوون لە بەر چاوی سەرکۆمار

و دەوڵەتەکەی‌پێشێل دەکرێن. بەڵام جەنابی سەرکۆمار، ئاغای ڕووحانی لە دیدارێک دا کە لە تاران دەگەڵ وەزیری دەرەوەی دانمارک هەیبوو لە پێوەندی دەگەڵ ئێعدامی "شیخ نمر"دا دەڵێ "وەڵامی ڕەخنەگرتن سەرپەڕاندن نیە" و لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ " هیوادارین وڵاتانی ئوروپایی کە هەموو کات لەسەر مەسائێلی مافی مرۆڤ هەڵوێستیان هەبووە، لەو بابەتەش‌دا ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەن".

ئەو دووخاڵە لە وتەکانی ڕووحانی‌دا جێگای سەرنجن و جێگای خۆیەتی ڕووبەڕووی خۆی و دەسەڵات و حکوومەتەکەی بکرێنەوە و بیری بخرێتەوە، پێش ئەوەی قسە لەو بابەتە بکا پێویستە مێژووی ٣٧ساڵەی کۆماری ئیسلامی بێنێتە بەرچاوی خۆی و پرسیار لە خۆی بکا، ئایا بەڕاستی هەموو ئەوانەی لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا ملیان بە پەتی سێدارەوە کراوە یان بە کۆمەڵ گوللەباران کراون ،تاوانبار بوون و ئێعدام کردنیان وەک سزا لە گەڵ تۆمەتەکانیان هاوسەنگ بوو؟

لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا بە پێی ئامارە ڕەسمی‌یەکان بە هەزاران کەس لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران تەنیا لەسەر ڕەخنەگرتن لە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات یان داوای ژیانێکی باشتر لە سێدارە دراون و گیانیان لێ ئەستێندراوە.

ئێعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا بە شێوەیەک بە دژی نەیارانی بەکار هێنراوە کە لە کۆمەڵگەی ئێران دا بۆتە کردارێکی عادی بە جۆرێک کە لەداردانی مرۆڤەکان لەبەر چاوی خەڵک کە ئەو شێوە ئێعدامکردنە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسا نێو نەتەوەیی‌یەکانە بۆتە نەریت و فەرهەنگ .

مێژووی کۆماری ئیسلامی پڕە لە زەبروزەنگ و تۆقاندن و ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی هەڵدەدەینەوە دەردەکەوێ کە بە قەد هەموو ڕۆژەکانی ساڵ و بگرە زۆر جار لە ژمارەی ڕۆژەکانیش پتر خەڵک ئێعدام کراون، بەبێ ئەوەی پێیان گوترابێ لە سەر چی و بە چ هۆکارێک حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

بۆ ئەوەی زیاتر قووڵایی و پانتایی تراژیدیای ئێعدام لە کۆمەڵگەی ئێران لە سەر دەمی کۆماری ئیسلامی‌دا دەر بخەین پێویستە بەراوردێک لە نێوان حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بکەین. هەر چەند نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە زۆر خالی جەوهەری‌دا کۆپیی یەکترن، بەڵام نیزامی پاشایەتی لەگەڵ ئەوەی لە نێوخۆی ئێران‌دا مافی مرۆڤی پءشێل دەکرد هەمووکات هەوڵی دەدا روخسارێکی سەردەمیانە لە خۆی نیشانی دنیای دەرەوە بدا. بە پێی ئامارەکان لە ماوەی ٣٧ساڵ پاشایەتیی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی‌دا لە سەر یەک ٦٢١کەس ئێعدام کراون کە بە شێوەی نێونجی دەتوانین بڵێین لە ساڵدا لە نێوان ١٦ بۆ ١٧کەس ئێعدام کراون. بەڵام ڕێژەی ئێعدامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌لە



سەرچاوە
Serchawe

ماوەی ٣٧ساڵ دەسەڵاتدارەتی‌دا سەر لە هەزاران کەس دەدا بۆ نموونە بە پێی ئاماری ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی‌دا ١٠٧٨٧کەس سزای ئێعدامیان لە سەر جێبەجێ کراوە و هەر لە نێوان ئەو ساڵانەدا بە پێی ئامارەکانی بەردەست ٨٣٢کەس لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئێعدام کراون. ئەگەر لەو دەورانە تێپەڕ بین و بەراوردی ڕێژەی ئێعدامەکان لە نێوان ساڵەکانی ٧٤ هەتا ٩٤ی هەتاوی بکەین دەبینین ئاماری ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی‌دا ساڵ بە ساڵ ڕووی لە زیادبوون کردوە. بە پێی ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە ساڵی٧٤ی هەتاوی‌دا ٩٤ کەس سزای ئێعدامیان بەسەردا جێبەجێ کراوە کە لە سالی ٩٤ی هەتاوی‌دا ڕێژەی ئێعدام خۆی لە ٩٠٠کەس نزیک کردۆتەوە.

ئێستا پێویستە بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئاغای ڕووحانی بکەینەوە، کە چۆنە لە پلەی سەرکۆماری‌دا ڕێوشوێن بۆ دەوڵەتێکی دیکە دادەنێ و دەڵێ "وەڵامی ڕەخنەگرتن ئێعدام نیە" بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی ئێعدام لە ژێر سێبەری دەسەڵاتەکەی ئەودا ڕوو لە زیادبوونە؟ یان تەحەممولی ڕەخنەگرتن بۆ دەولەتانی دیکە بە ئەرک دەزانێ، بەڵام بۆ خۆیان تەحەممولی ڕەخنە ناکەن و یان لە پلەی کەسی یەکەمی دەزگای ئیجرایی کۆماری ئیسلامی‌دا قەت بۆی نەبۆتە پرسیار کە بۆچی و بە چ هۆکارێک ڕێژەی ئێعدام لە ئێران‌دا بەو شێوە تۆقێنەرە چۆتە سەرێ. ئەگەر ئەو دیاردەیە نیشانەی زیادبوونی تاوان و تاوانکاری بێت ئەوە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا لە سەر پایە و بناخەیەکی نادروست دانراوە و لە ماوەی ٣٧سالی رابردوودا کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌دا نەیتوانیوە مۆدێلێکی سەرکەوتوو نیشان بدا.

بەشێکی دیکەی قسەکانی ڕووحانی ڕووی لە وڵاتانی ئوروپایی و وەزیری دەرەوەی دانمارک بوو کە دەڵێ: "ئێوە وڵاتانی ئورووپایی هەمووکات لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وەدەنگ هاتوون و هەڵوێستتان هەبووە و ئێستاش لەسەرتانە ئەو کردارەی عەرەبستانی سعوودی (ئێعدامی شێخ نەمر) مەحکووم بکەن". لە حاڵێک دا سەرکۆماری ئێران ئەو قسەو داخوازی‌یە ڕووبەڕووی وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی ئورووپایی دەکاتەوە کە خۆیان واتە کۆماری ئیسلامی سەردەمانێک خاکی ئورووپایان کردبوو بە مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆرو تیرۆریستە دەستپەروەردەکانیان و لەوکاتەدا وڵاتانی ئورووپایی بە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونوس‌دا هەڵوێستی ئێستای وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمان واتە پچڕاندنی پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانیان لەگەڵ ئێرانیان ڕەچاو کرد و هەر ئەوە وای کرد کە کۆماری ئیسلامی واز لە تیرۆری دژبەرانی لە وڵاتانی ئورووپایی‌دا بهێنێ. بێجگە لەوە وا دیارە ئاغای ڕووحانی ئاگای لەوە نیە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ لە لایەن ڕێکخراوە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤەوە بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێ و بڕیارنامەی لەسەر پەسەند دەکرێ.

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوە بگوترێ کاتێک گەلانی ئێران دەتوانن پشوویەکی ئاسوودە بدەن کە یان کۆماری ئیسلامی

ڕووخابێ و لە دەسەڵاتدا نەمابێ و بە جێگای ئەو حکوومەتێکی دیموکراتیک و خەڵکی جێگیر بووبێ و یان کۆماری ئیسلامی وازی لەو خەونە گەورەیەی خۆی هێنابێ کە بە کوشتار و تیرۆر و تۆقاندن و پەروەردەکردنی تیرۆریست، "شۆڕش" هەناردەی وڵاتان دەکا و دەتوانێ ئیمپراتووریەتی ئیسلامی بە ڕێبەری ولایەتی فەقیهـ و ناوەندیەتیی ئێران دابمەزرێنێ، کە وازهێنان لەو خەونەش بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مەحاڵە، چونکە کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو فەلسەفەیە دامەزراوە کە دەبێ ڕێبەریی "امت واحدة"ی ئیسلامی بکا.

لە ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦



## پێشێل کردنی مافی کەمینە نەتەوەو ئایینی‌یەکان لەژێر ناوی قانوون

مەسەلەی مافی کەمینە نەتەوە و ئایینی‌یەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا هەمووکات جێگای سەرنج و تێڕوانینی ڕێکخراوە جیهانی و ناوچەییەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بووە، چوونکە ئەو وڵاتانەی کە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز پێک هاتوون کۆمەڵێک کێشەو گیر وگرفتی سیاسی و کلتووری و تەنانەت ئابووریش لە نێو خۆیاندا لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا سنووره جوگرافیاییەکان بەهۆی تێک چرژاوی ئابووری وپەرە ئەستاندنی زانست و تەکنولۆژی کۆچ و کۆچبەری زۆر کاریگەرییان نیە لە سەر نەتەوە و ئایینەکان، بەڵکوو ڕۆژ بەرۆژ ئەو نەتەوە و ئایینانە ناچار دەبن لە نزیک یەکتری بژین و بەرژەوەندیەکانی یەکتریش بپارێزن و لە سەر ئەو خوێندنەوەیە ڕەچاو کردنی مافی مرۆڤ بۆتە ئەرکێکی هەمە لایەنە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەدەی ٢١ دا بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە.

پێکهاتەی زۆربەی وڵاتانی دنیا سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە زۆرینە و کەمینە هەیە، بەو مانایەی کە وڵاتێک زۆرینەیەکی تێدا دەژی کە مێژوو و زمان و فەرهەنگ و ئایین و مەزهەبی هاوبەشیان هەیە، بەڵام کەمینەش هەیە کە تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئایینی هەیە و لێرەدایە کە سیستمی سیاسی و دەسەڵاتداری وڵاتان بە پێی ڕێ و شوێن و پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکان لە سەریانە چۆن لە کۆمەڵگای خۆیاندا مافی زۆرینە لە بواری جۆراو جۆرەوە دەپارێزن، هەر ئاواش پێویستە مافی کەمینەکان بپارێزن. بەڵام هەندێک لە دەوڵەتان سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دا بەشدارن و ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، ڕەچاوی پاراستنی مافی کەمینە نەتەوە و ئایینی‌یەکان ناکەن و هەوڵ دەدەن بۆ ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ پاساو بە یاسا نێوخۆییەکانی خۆیان بهێننەوە و ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەندام بوون لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ئەرک دەخاتە سەرشانی ئەو دەوڵەتانە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان.

یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە بە ئاشکرا پێشێلکاری مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان دەکات کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە نوێترین پێشێلکاری دا مافی شارۆمەندی ئایینی یارسانەکانی پێشێل کردووە. یارسانەکان ئەگەر لە بواری ئایینی‌یەوە جیاوازیان هەبێ بەڵام لە بواری نەتەوەییەوە کوردن و نیشتەجێی سەرخاکی باب و باپیرانی خۆیانن کەوایە ئەومافەیان هەیە کە بڕیاردەربن لەسەر هەربابەتێکە پێوەندی هەبێ بە چارەنووسی خۆیان و نەتەوەکەیان و لە لایەکی دیکەوە لەو جوگرافیا سیاسیە دەژین کە بە ئێران ناسراوە و زۆر سروشتییە دەبێ لە مافی شارۆمەندی ئەو وڵاتە وەک هەموو شارۆمەندەکانی دیکەی ئێران سوودمەندبن، بەڵام دەبینین کە هەم بە حوکمی ئایینی و هەم بە حوکمی نەتەوەیی بە میلیونان کەس لەو مافانە بێ بەشن کە مافی سروشتی و بێ ئەملاولای هەر مرۆڤێکە لە هەر کۆمەڵگایەک دا بژی.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێکە پارسانێک مافی ئەوەی پێ دەدرێت کە بچێتە سەر سەندۆقی دەنگدان دەبێ مافی ئەوەشی هەبێ کە چۆنی پێ باش بوو ئاوا دەنگ بدا و لەوەش گرنگ تر ئەوەیە کە مادام مافی دەنگدانی هەیە دەبێ مافی دەنگ وەرگرتنیشی هەبێت واتە دەبێ ئەو مافەی هەبێ کە خۆی بەر بژێر بکا بۆ هەر پۆستێکی ئیداری و لەشکری کە هاووڵاتیەکی دیکە بۆی بەربژێر دەبێ.

لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی وەکوو سیستمی بەڕێوەبەری وڵات دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و سیاسی ئێرانی خستوتە ژێر ڕکێفی خۆی، هەوڵی داوە سیاسەتی ڕەزاخانی لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێران درێژە بدا، بەڵام ئەوجارەیان لەژێر ناوی «امت اسلام» هەر بۆیە لە داڕشتنی یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئەو ئامانجە بە تەواوەتی ڕەچاو کراوە ولە سەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە و هیچ ڕووناکی و ڕۆچنەیەکی نە هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی کەمینە نەتەوە و ئایینیەکانی پێک هێنەری ئێران خۆیانی تێدا ببیننەوە و بە یاسا کەڵک لە مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانی خۆیان لە ڕاستای بەرژەوەندی خۆیان و ئاوەدانی ناوچەو شارەکانیان وەربگرن.

ئەگەر چاوێک بە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بخشێنین ئەو ڕاستیەمان بە تەواوەتی بۆ دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای بە یاسایی کردنی کۆمەڵێک بنەماو بەرژەوەندی خۆی بە تەواوی ڕێگری دەکا لە پاراستنی مافی کەمینەکان.

یاسای بنەڕەتی ئێران لە ئەسلی٤دا دەڵێ « هەموو یاسا و ڕێوشوێنەکانی (مدنی، جزائی، مالی، اقتصادی، اداری، فرهنگی، نظامی، سیاسی و...)، دەبێ لەسەر بنەماکانی ڕێوشوێنی ئیسلامی بێت. ئەو ئەسلە بەسەر هەمو بنەماکانی دیکەی یاسای بنەڕتی و ڕێوشوێنە یاساییەکانی دیکەی ئێران دا زاڵە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارە لە ئەستۆی شوورای نیگابانە و لە ئەسلی ١٢دا دەڵێ» ئایینی فەرمی ئێران ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری ١٢ ئیمامی یە».

ئەگەر تەنیا ئەو دوو ئەسلە لە یاسای بنەڕەتی ئێران بە بنەمای یاساکانی دیکەی ئێران وەربگرین دەبینین کە بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی ئێران چ نەتەوەیی و چ ئایینی لە مافەکانیان بێبەش دەبن بە تایبەتی ئەو مافانەی کە پێوەندییان هەیە بە بەڕێوەبەری وڵاتەوە وەکوو» هەڵبژاردن و هەڵبژێران». چوونکە ئەو دوو ئەسلە ئەوەمان پێ دەڵێن کە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن لە بەڕێوەبەری وڵات دا بەشدار بن یا بچنە ژێر چەتر و پارێزگاری یاسا کە دەبێ پێڕەوی ئایینی ئیسلام بن و لە هەمان کات دا پێڕەوی مەزهەبی جەعفەری ١٢ئیمامی بن، واتە پێڕەوانی ئایینی ئیسلام کە مەزهەبی سوننەیان هەیە و ئایینەکانی وەک کەلیمی و جوولەکە و زەردەشتی کە لە قانوونی بنەرەتی ئێراندا دا ناویان هاتووە لەو مافانە بێ بەشن کە پێڕوانی شێعەی ١٢ ئیمامی سوودی لێ وەردەگرن.

بە واتایەکی دیکە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە مەزهەبی شێعەی ١٢ئیمامی دامەزراوە و

هەر جۆرە چالاکی پەرەپێدانی مەزهەب و ئایینەکانی دیکە بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ شێعە «واتە مەزهەبی فەرمی وڵات بە پێی یاسای بنەڕەتی» دادەنرێ و بە پێی مادەی ٥ لە یاسای سزادانی ئیسلامی ئێران ئەوە بەتاوان دەژمێردرێ و تاوانی لەو بابەتەش حوکمی زیندانی و تەنانەت لەنێوبردنیشی بە دواوە دەبێت، هەروەک هەتا ئێستا شاهێدی ئەوە بووین کە چۆن لەگەڵ « بەهاییەکان، دەروێشەکان، یارسان و سوننییەکان» هەڵسوکەوت کراوە و بە بیانووی بێ مانا و دوورلە هەر یاساو ڕێسایەک چالاکانی ئەو ئایین و مەزهەبانە تووشی گیران و ئەزیەت و ئازار بوون.

لە کۆتایی دا دەتوانین ئەوە بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای یاسای بنەڕەتیەوە هەڵاواردنی کردۆتە بنەمایەکی یاسایی و بە شێوەیەکی بێوچان و بەردەوام ڕۆژانە لەسەر تاک تاکی کۆمەڵگای کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئێران بەڕێوە دەبرێ و لە ئاکام دا هەلومەرجی هەڵاواردنی کەمینە نەتەوە و ئایینییەکان کە یاسایی دەبێ، فەرهەنگی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، لەلایەک دەوڵەت بە پشت بەستن بە یاسا، ویستەکانی خۆی بەسەر تاکی کەمینەدا دەسەپێنێ و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگای کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن و ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشە کردنی فەرهەنگی توندوتیژی.

لە ژمارە ٦٧٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٦



# کارەساتی هەڵەبجە و ناسینی بە ژینوساید

ڕۆژی ١٦ی مارسی هەموو ساڵێ (٢٦ی ڕەشەمە) بیرخەرەوەی ڕوداوێکی تاڵ و دڵهەژێنە بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە باشوری کوردستان بە تایبەتی، لەو ڕۆژەدا جینایەتێکی سامناک درحەق بە بەشێک لە خەڵکی کورد واتە لە سەر دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو کە دەتوانین بڵێین لە دوای کارەساتی "هیروشیما وناکازاکی" ژاپۆن، مێژووی مرۆڤایەتی کارەساتێکی وای بە خۆیەوە نەدیبوو، بە تایبەتی کە ئەو جینایەتە سامناکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بە دژی خەڵکی ئاسایی کە بە بەشێک لە هاووڵاتیانی عێراق دەهاتنە ئەژمار، بەڕێوەچوو. واتە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە خەڵکی بێتاوانی وڵاتەکەی خۆیان بە چەکی قەدەغەکراو، لەبەر چاوی دنیای پێشکەوتوو قەتڵیعام کرد، بە شێوەیەک کە لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی حەشیمەتی شاری هەڵەبجە بە هۆی هەڵمژینی گازی شیمیایی گیانیان لە دەست دا و شار لە ماوەی چەند سەعات دا بوو بە شاری مردووان و ئاسەواری ژیانی لێ ئەستێندراوە.

لە کاتێکدا ئەو جینایەتە سامناک و دوور لە ویژدانی مرۆڤایەتی ڕووی دا کە دنیا لە کۆتایەکانی شەری ساردی نیوان جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا دەژیا و بە هۆی ململانی و کێبەرکێی بەرەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزەکان، جیهان لە بەرامبەر ئەو جینایەتە سامناکە کە خۆی بە تەنیا تراژیدیایەک بوولە سەدان تراژیدیای دیکە کە بەسەر نەتەوەی کورد دا هاتبوون، بێدەنگ بووو وای کرد کە ئەوجارەش وەک هەموو جارەکانی دیکە، مافی کورد پشت گوێ بخرێ. تەنانەت دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵاتی ئەو کات بە نوسراوەیەک یا زارەکیش ئەو کردەوەی دەوڵەتی ئەو کاتی عێراقیان مەحکوم نەکرد.

ئەو کارەساتەی بەسەر هەڵەبجە داهات لە تەواوی ئەو ماوە زەمەنییەدا کە کوردستان بە هۆی بەرژەوەندی زلهێزەکان بەسەر چوار دەوڵەت دا دابەش بوو، بەڕادەی کەم و زۆر و مانگ و ساڵ نەبووە بەسەر خەڵکی کوردستان دا نەیە، ئەویش لە شێوەی بیرکردنەوە وتیروانینی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان دا سەرچاوەی گرتووە کە هەمووکات بە کردەوەی ڕێکخراو و سازماندراوی وەک:

"گۆرینی دێموگرافی کوردستان"، "کوچی ئیجباری"، "بڵاوکردنەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان"، " بە تالانبردنی سامانی نەتەوەیی کورد"، "قەدەغەکردنی زمان"، "شێواندنی مێژوو" و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە، لە هەوڵی ئەوە دابوون کە کورد لە نیو نەتەوەکانی خۆیاندا بتوێننەوە و نیشتمانەکەی داگیر بکەن، بەڵام بەوحاڵەش لەماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا نەتەوەی کورد بۆ وەدەست هێنانەوەی مافەکانی خۆی و وەسەریەکخستنەوەی نیشتمانەکەی لە خەبات کردن ڕانەوەستاوە و

لەو ڕێگایەدا قوربانی زۆری داوە، بەڵام بە پێچەوانەی دوژمنەکانی قەت هێرشبەرنەبووە، بەڵکوو هەوڵی داوە دەرکی ڕاستییەکانی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان و هەلومەرجی ناوچەکەی کە تیدا دەژی، بکا. بەڵام دوژمنەکانی ڕاست بە پێچەوانەوە جوڵاونەتەوە و زۆر جاران هەموو ئەو پرنسیپ و پابەندیە نێودەوڵەتی‌یانەی کە خۆیان ئیمزایان کردوە یا تێیاندا ئەندامن لە ژێرپێ ناوەو بۆ سەرکوت و پاکتاوکردنی ڕەگەزی، هەموو سنوورەکانی دڕندەیی وفەوتان واتە ژێنوسایدیان تێپەر کردوە، چونکە بە پێی ئەو پێناسانەی کە بۆ جینایەتی ژێنۆساید کراوە بەشێکی بەرچاوی کردارەکانی دەوڵەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەچنە ئەو بازنەیەوە.

وشەی ژێنۆساید لە سەرەتاکانی شەڕی دووهەمی جیهانی دا هاتە نێو قامووسی سیاسی و قانوونی بۆ ئەوەی ناسێنەری ئەو جینایەتە دڕندانانە بێت کە نازی‌یەکانی ئاڵمانی لە حاڵی پێشرەوی خۆیاندا بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت بە دژی خەڵکی لەهێستان بەرێوەیان دەبرد، جیهانی ئەو کاتی توشی سەرسووڕمان کرد و تەنانەت سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا سەبارەت بەو تاوان و جینایەتەی سپای ئاڵمان دەڵی "ئێمە لە حاڵی ئیستادا شاهیدی بەرێوەچونی تاوانێکین کە ناوی نییە"

"ڕافائێل لمکین" قانوون زانی لەهێستانی ئەو جینایەتی ناونا "ژێنۆساید" و بەو جۆرە پێناسەی کرد:

"مەبەستی ئێمە لە دستە واژەی ژێنۆساید، لە نێوچوونی کۆمەڵێکی نەتەوەیی یا نیژادیە. ئەو واژەیە لە لایەن نوسەرەوە داهێندراوە هەتا بەکردارێکی کۆن لە ڕوخساری نوێ دا مانای پێ ببەخشێ.... ژێنۆساید بە دژی کۆمەڵێکی نەتەوەیی کە بوونیان بە شێوەی سەربەخۆ هەیە، بەرێوەدەچێ و بەرێوەبردنی کرداری لەو بابەتانە نە بە هۆکاری کەسایەتی فەردی قوربانی‌یەکان، بەڵکوو بە هۆی ئەندامەتیان لە کۆمەڵێکی نەتەوەیی لەسەریان جێبەجێ دەکرێ."

بەو پێناسەیە بێت هەموو ئەو کردارانەی کە پێشتر باسمان کرد دەچنە خانەی ژێنۆسایدەوە، یا بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین چاو لە پێناسانە بکەین کە لە دادگاکانی جۆراوجۆر کە لە وڵاتی جیاواز بە مەبەستی سزادانی تاوانبارانی ژێنۆساید پێک هاتوون. لە مادەکانی ٢و٤ پێرەوی دادگاکانی تایبەتی سزادانی "یوگوسلاوی و ڕواندا" هەمان پێناسەیان کردوە لە مادەی ٢ی کۆنوانسیونی قەدەغە و سزادانی جینایەتی ژێنۆساید. لەو کۆنوانسیۆنەدا دەڵێ: "هەر یەک لەو کردەوانە کە بە نییەتی لەنێوبردنی تەواو یان بەشێک لە کۆمەلێکی نەتەوەیی، نیژادی یان مەزهەبی بەرێوە بچێ بە ژێنۆساید دەناسرێ ." هەروەها کردەوەکانی لە ٥ خاڵ دا بەشێوەی خوارەوە دەسنیشان کردەوە:

ا: کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە.

ب: گەیاندنی زیانی قەرەبوونەکراو بە سلامەتی جەستەیی و ڕوحی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە.

ج: دانانی بە ئانقەستی کۆمەڵەیەک لە هەل ومەرجی نالەباری ژیان کە ببێتە هۆی لەنێوچوون و تەلەف بوونی تەواو یا بەشێک لەو کۆمەڵەیە.

د: بەرێوەبردنی هێندێک کردار بە مەبەستی پێشگیری لە زاووزێ لە نێو ئەو کۆمەڵەیەدا.

ە: ڕاگواستنی ئیجباری منداڵانی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی دیکە.

لێرەدا پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە مادەی ٥ی پەیرەوی دیوان سزادانی نێونەتەوەیی و مادەی ١١ لە پەیرەوی "دادگای تایبەت بە جینایەتی جەنگی عێراق" داهەر هەمان پێناسەی سەرەوەیان بۆ ژێنۆساید دووپات کردۆتەوە.

لە سەردەمی ئێستا دا قەدەغە کردنی ژێنۆساید پێگەیەکی بەرزی لە نێو پەیماننامە و ڕێوشوێنە قانونیەنێونەتەوەییەکاندا هەیە و تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ پێشگیری لە جینایەتی ژێنۆساید و سزادانی بکەرانی، پابەندیان هەیە و بەستنی هەر پەیمانێک یان ڕێککەوتننامەیەک کە دژایەتی هەبێ لە گەڵ قەدەغە کردنی ژێنوساید لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە پووچ و بێ ئیعتبارە، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جۆراوجۆری زۆری تێدایە و پاراستنی ئەو جۆراوجۆرییە بۆتە یەکێک لە بنەماکانی نەزمی گشتی نێونەتەوەیی، واتە ئەگەر ئەو جۆراوجۆری نەتەوەیی و نیژادی و مەزهەبی و زمانی نەپارێزەرێ نەزمی گشتی نێونەتەوەیی تێک دەچێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چارەگەسەدەیەک هێشتا لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتیەوە تاوانی هەڵەبجە بە ژێنۆساید نەناسراوە و یەکێک لە پێویستیەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە سەدەی ئێستادا ناسینی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە بە تاوانی ژێنۆسایدە، چونکە ئەگەر تاوانی شیمیایی بارانی هەڵەبجە بە ژێنۆساید بناسرێ، دەتوانێ ببێتە پاڵپشتێکی قانوونی بۆ نەتەوەی کورد و، ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و لەگەڵ جوڵانەوەی ئازادیخوازی ڕۆڵەکانی کورد ڕوبەروون، جارێکی دیکە نەتوانن بیر لە خوڵقاندنی کارەساتێکی لەو بابەتە بکەنەوە و لە هەمان حاڵ دا ئەگەر بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە بە ژێنۆساید بناسرێ، هەم دەوڵەتی عێراق و هەم وڵاتانێک کە یارمەتیدەری عێراق بوون لە دەسراگەیشتن بە چەکی شیمیایی دەبێ قەرەبووی دەسەڵاتی کوردی و کەس و کاری قوربانیانی ئەو کارەساتە بکەنەوە و ئەوەش دەبێتە هەنگاوێک بۆ ئەوەی پێشگیری بکرێ لە دووپات بوونەوەی کارەساتی لەو بابەتە و لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەست بەوە بکەن کە کۆمەڵگای جیهانی بەرامبەر بە کردەوەی لەو بابەتە بێدەنگ نابێ، بە خاتری ئەوەش بێ بێر لەوە ناکەنەوە کە دەست بۆ هەموو کردەوەیەکی قێزەون بەرن بۆئەوەی کورد لە نێوبەرن و نیشتمانەکەی داگیر بکەن.

لە ژمارە ٦٧٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦

## لە پەراوێزی سەفەری روحانی بۆ تورکیە

لە ماوەی چەند رۆژی ڕابردوودا "روحانی" سەرکۆماری، کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەشداری کردنی لە "کۆنفرانسی هاوکاری وڵاتانی ئیسلامی" کە بە میوانداری دەوڵەتی تورکیە لە شاری ئیستامبوڵ پێک هاتبوو سەفەری ئەو وڵاتەی کردو لە ماوەی چوار رۆژ مانەوەی دا کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیە هەبوو کە مەبەستی ئەو وتارە ئاکامەکانی ئەو دیدارانەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیە، نەک ئاکامی کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی.

دامەزراندنی پێوەندی و هاتووچۆی دیپلۆماسی و بازرگانی لە نێوان دەوڵەتەکان دا شتێکی سروشتییە. بەڵام کاتێک چاو بە مێژووی کۆن و نوێی "تورکیە و ئێران" دا دەخشێنین، دەبینین ئەم دوو وڵاتە لە سەردەمی "سەفەوی و عوسمانییەکان"ەوە هەتا ئیستا هەمووکات لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و زاڵ بوون بەسەر ناوچەکەدا پێکەوە لە شەڕ و ململانێی سیاسی دابوون، بەڵام لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە بوونی هەموو کێشەو ململانێیەکان کە ئەو دوو دەوڵەتە پێکەوە بوویانە، لەسەر یەک مەسەلە پێکەوە کۆک بوون، ئەویش مەسەلەی کورد و خاکی کوردستانە کە چۆن بەرەنگاری جوڵانەوە رەواکانی کورد کە بۆ وەدەست هێنانەوەی مافەکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکەن، ببنەوە.

هەر کاتێک هەیئەتەکانی ئەو چوار وڵاتەی کە خاکی کوردستان و نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە چ دوو لایەن یان هەر چوار لایان پێکەوە دانیشتنیان هەبووبێ، کورد بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو کۆبوونەوانەی کردووە، چونکە مێژووی ئەو سەدساڵەی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە لەو دانیشتن و کۆبوونەوانە دا کورد و خاکی کوردستان و مەسەلەکەی هاتۆتە بەر باس و نەک بۆ چارەسەری مەسەلەکە، بەڵکوو بۆ دارشتنی گەڵاڵەو پرۆژەیەک کە بتوانن سەرکووتی جووڵانەوەکانی کوردی لە هەر پارچەیەک لە کوردستان بکەن و لە هەمان حاڵ دا پلانی شێوازی گۆڕینی دێموگرافی کوردستان و بە تاڵان بردنی سامان و مێژووی نەتەوەی کورد بە هاوکاری یەکتر جێ بەجێ بکەن.

سەفەری ئەو جارەی روحانیش بر رواڵەت بە مەبەستی بەشداری لە کۆنفرانسی هاوکاری وڵاتانی ئیسلامی بووە، بەڵام دەبینین لە پەراوێزی ئەو سەفەرەدا روحانی کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی بەرزی تورکیەدا هەبووە کە بە قسەی خۆی دەسکەوتی سیاسی و ئابووری گرینگی هەبووە و توانیویەتی کەش و هەوای سیاسی و ئەمنییەتی و بازرگانی لەگەڵ تورکیە عادی بکاتەوە و کۆمەڵێک دردۆنگی کە لەوماوەدا لە نێوانیان دا بوو بڕەوێنیتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە چەند نوکتەیەکە کە روحانی لە لێدوانەکانی خۆیدا بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکان ئاماژەی پێکردوون. لە یەکێک لە قسەکانی دا دەڵێ: ئێران و تورکیە "لە ئوسوولدا هیچ جیاوازی بۆچوونیان نییە". کە ئەوە پرسیاری زۆری

خوڵقاندوە کە دەبێ مەبەستی روحانی لە کام ئوسوول بێ کە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیە لەسەری ناکۆک نین. چوونکە شناختێک کە لەسەر تێروانین و بۆچوونی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە هەیە، راست پێچەوانەی ئەو قسەیەی روحانی دەسەڵمێنی کە نەک لەبەریوەبردنی سیاسەتی نێوخۆییدا جیاوازیان هەیە، بەڵکوو لە تێروانین بۆ مەسەلەکان لە سەتحی جیهانی وناوچەیی و لە سیاسەتی خارجیش دا جیاوازیەکی یەکجار زۆریان هەیە. بۆ زیاتر روونبوونەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانە بکەین:

ـ تورکیە بە پێی یاسای بنەرەتی خوی وڵاتێکی لائیکەو لە ریگای هەلبژاردن وململانی حیزبەکان دەسەڵات دەستاو دەستی پێ دەکرێ.

ـ ئێران بە پێی یاسای بنەرەتی خۆی وڵاتێکی مەزهەبی‌یە ورێبەر نوینەری خوایە لە سەرزەوی وقابیلی ئالوگۆرنییەو هەموو یاساو قانوونەکان لە چوارچێوەی مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی‌دا بەرێوە دەچی.

ـ لە تورکیە حیزبێکی ئیسلامی سوونە مەزهەب لە حاڵی حازر دا دەسەڵاتدارە، بەڵام لە ئێران مەزهەبی شیعە دەسەڵاتدارە کە دروست لە بواری تێروانین بۆ مەسەلەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێچەوانەی یەکترن.

ـ تورکیە ئەندامی رێکخراوەی ناتۆیە و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوو دا لەگەڵ دەوڵەتانی پێکهێنەری رێکخراوەی ناتۆ لە کێشە و ململانی‌دا بووە.

ـ تورکیە، ئیسرائیل وەک دەوڵەت بە رەسمی دەناسێ و پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵدا هەیە.

ـ ئێران، ئێسرائیل بە دەوڵەت ناناسێ و دەیهەوێ لەسەر زەوی پاکی بکاتەوە.

ـ تورکیە خوازیاری رووخان ونەمانی حکوومەتی بەشار ئەسەدە لە سوریە و پشتیوانی لە ئۆپۆزسیونی سوریە دەکا.

ـ ئێران ویستیاری مانەوەی بەشار ئەسەدە و بە هێزی مادی و ئینسانی و سیاسی پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکاوهەتا ئیستاهەزینەیەکی زۆری مادی وئینسانی بۆ مانەوەی بەشارئەسەد داوە.

ـ تورکیە دۆستی نزیکی عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی کەنداوە.

ـ ئێران لەگەڵ عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو لە کێشەو ململانێ دایە.

ئەو نموونانەی سەرەوە سەلمێنەری ئەو راستی‌یەن کە ئێران و تورکیە لەگەڵ ئەوەدا هەردوو لا وەک دراوسێ نیازیان بە پێوەندی ئابووری دەگەڵ هەیە، بەڵام لەسەر ئەومەسەلانەی کە لە سەرەوە باس کران پێکەوە ناکۆکن و تەنانەت لە هەوڵی ئەوەدان یەکتر لە مەیدانی ململانێکانی ناوچە دا دەربکەن. هەر بۆیە پێویستە ئەو پرسیارە رووبەرووی روحانی بکرێتەوە کە لەسەر کام ئوسوول لەگەڵ تورکیە جیاوازی بۆچوونتان نییە؟ کە دیارە وڵامی ئەو پرسیارە لای سیاسی‌یەکانی کورد و تەنانەت تاکی کوردیش روون و ئاشکرایە. مەبەستی روحانی و دەوڵەتی تورکیە لەو ئوسولە پیوەندی هەیە بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان کە بۆ سەرکوت و لە ژێرپێنانی مافی کورد و وێران کردنی کوردستان جیاوازی هەڵوێست و



سەرچاوە
Serchawe

بۆچوونیان نییە.

ئاغای روحانی هەر لەو وتوووێژانەدا کە بۆ چاپەمەنی و راگەیەنە گشتییەکان لە دوای سەفەرەکە بۆ تورکیە کردویەتی،دەڵێ: "دەوڵەتی ئانکاراو تاران لەسەر ئەوە کۆکن کە سنووری وڵاتانی ناوچەکە دەبێ وەک خۆی بمێنێتەوە و پارچە پارچە بوونی هیچ وڵاتێک لە ناوچەکەدا پەسەند ناکەین." کە دیارە ئەوە راستەوخۆ دژایەتی کردنە لەگەڵ پرسی راپرسی لە باشووری کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کورد لەو پارچەیە و لە هەمان حاڵدا پەیامە بۆ کورد لە رۆژئاوای کوردستان کە ماوەیەک لەوەپێش فدراڵیان راگەیاندووە و بە گشتی پەیامێکی روونە بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان کە ئانکارا و تاران لەگەڵ ئەوەدا لەسەر زۆر بابەت لەگەڵ یەک ناکۆکن، بەڵام لەسەر ئەوە کە کورد مافی ئەوەی نییە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا کۆک و هاودەنگن و بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن لەو قۆناغەی ئێستا دا پێش بە پارچە پارچە بوونی عێراق و سوریە بگرن، چونکە ئەگەر ئەوە رووبدا، تاران و ئانکاراش ئەوە باش دەزانن کە رووی لەئەوانیش دەبێ. هیچ دوور نییە لە هەل ومەرجێکی وادا هەموو ناکۆکییەکان وەلا بنێن و لەسەر دژایەتی کردنی کورد یەک هەڵوێست و بڕیار بن، هەر وەکی لە رابردووشدا ئەو کۆدەنگی و هاوکاریان بە دژی جووڵانەوەکانی کورد پێکەوە هەبووە.

لە کۆتایی دا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە مادام دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا هەوڵ نادەن لە رێگای ئاشتییەوە مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن و دان بە مافەکانی کورد دابنێن، بەڵکوو هەموو ناکۆکییەکان وەلادەنێن و یەک دەگرن بۆ ئەوەی کورد زیاتر سەرکوت بکەن، پێویستە لە هەل و مەرجی ئێستا دا کە هەتا ڕادەیەکی باش ڕەوتی روداوەکان لە بەرژەوەندی گشتی کورد دایە، کوردیش نێوماڵی خۆی رێک بخا و بە تایبەتی ئەحزابی سیاسی کورد کە رۆڵ و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر چارەنووسی کورد هەیە، جیاوازی بۆچوون و بەرژەوەندی حیزبیەکانیان لە لایەک دابنێن و هەوڵ بدرێ کۆدەنگییەک لەسەر ئەو مەسەلە گشتییانەی کە پێوەندیان بە مافی نەتەوایەتییەوە هەیە، پێکبێنن و هەوڵ بدرێ بەرژەوەندی هەر چوارپارچەی کوردستان لەبەر چاو بگیرێ بۆ ئەوەی قورسایی کورد وەک نەتەوەیەک باشتر دەربکەوێ، لە هەل و مەرجی ئێستادا کار بۆ ئەوە بکرێ کە کورد ببێتە خاوەنی ئادرەسێکی دیاری کراوە بۆ بریاردان لەسەر مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، نەک چەند یا چەندین ئادرەس بە لیکدانەوە وتێروانینی جیاواز لەسەر مەسەلەی کورد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. ئەو پرش وبڵاویە هەتا ئێستا زیانی بە کورد گەیاندووە ودوژمنان قازانجیان لی کردووە.

لە ژمارە ٦٧٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## با ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە: ڕۆژی یەکیەتیی نەتەوەیی

یازدەی ڕێبەندانی هەر ساڵێک بۆ کورد بە گشتی بیرخەرەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدە، کە بە بیرو هزری ڕێبەریکردنی جووڵانەوەیەک، نوقتە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا پێک هێناوە کە دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ و ڕووداوی گەلێک ڕووداوو، نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا و تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەڵاتداریی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، ئیستاش بیر و فکر و ئەندێشەی پێشەوا بە ڕوخساری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینرێ و لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ناوی پێشمەرگە و... دا خۆی دەردەخا.

باسکردن و لێکدانەوە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوار و سەختە و لە سەر کەسانی زانستگایی و ئاکادێمیستە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشەوا بکەنە بابەتی توێژینەوە و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی خۆیان، بۆ ئەوەی نەسلی ئیستا و داهاتووی نەتەوەی کورد باشتر پێشەوا بناسن و لەگەڵ بیر و ئەندیشەکانی زیاتر ئاشنا بن. د. قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا لەسەر کەسایەتیی پێشەوا دەنووسی: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو... پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەممەد لە شارستانەتی و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو."

ئەو بابەت و نووسراوانە کە تا ئێستا لەسەر کەسایەتی و ڕۆڵی پێشەوا لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و پێکهێنانی یەکیەتی و تەبایی و برایەتی لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردەواریدا چاپ وبڵاو بوونەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە کەسایەتیی پێشەوا و ڕۆل و نەقشی ئەو لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتیدا پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و باسلەسەرکردنی زیاتر هەیە.

قازی محەممەد بە هۆی وەزعیەتی بنەماڵەیی زۆر زوو توانی تواناکانی خۆی لە بەڕێوەبردن و ڕێبەریکردن لە کۆمەڵگادا دەربخا و متمانەی خەڵک بە دەست بێنێ. قازی محەممەد بە دوای فەوتی بابیدا بوو بە قازیی شار، وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتیە لەو سەردەمەدا کە بە دەیان کەسایەتیی ئایینی و عەشیرەتی کە هەم لە بواری تەمەنەوە و هەم لە بواری هێز و دەسەڵاتەوە لە قازی محەممەد گەورەتر و بەهێزتر بوون، نیشانەی ئەوەیە بەهۆی تواناکانی لە فێربوونی زانستی سەردەمی خۆیدا توانیبووی سەرو گەردنێک لە سەرتر بێ، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵک و، ئەوە ببوو بە هۆکارێکی

بەهێز بۆ ئەوەی بتوانێ متمانەی خەڵکی شاری مەهاباد و دەوروبەری بۆ لای خۆی رابکێشێ.

هەرچەند پێگەی ماددی و مەعنەویی بنەماڵەی قازی محەممەد شوێنەوارێکی گرینگی لە سەر پێگەیشتن و وەرگرتنی نەقش و رۆڵی ئیدارەکردنی شاری مەهاباد و دەوروبەری هەبوو، بەڵام پێشەوا چ ئەو کات کە قازیی شار یان بەڕێوەبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بوو و چ ئەو کات کە وەک سەرۆکی کۆماری کوردستان ئەرک و بەرپرسایەتیی لەسەر شان بوو هەمووکات هەوڵی داوە خوڵقێنەری شتی نوێ بێ لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای کوردەواریدا و یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەوپێشەوەچوونی خەڵک لە باری سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریەوە و ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە قازی محەممەد هەر لە منداڵیەوە تایبەتمەندیی رێبەر و رێنیشاندەری هەبووە و پێ بە پێی زەمان ئەو کەسایەتیە گەشەی کردوە، هەتا گەیشتۆتە لوتکەی پێشەوایی و رێبەریکردنی حیزبێکی مۆدێڕن و سەردەمیانە کە توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنی و گەلێک دەستکەوتی گرینگی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ خەلکی کوردستان دەستەبەر بکا.

کەسایەتیی پێشەوا وەک رێبەر و کاریزمایەک ئەو کات بە تەواوی دەردەکەوێ کە کار و تێکۆشانی خۆی تەنیا لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی شاری مەهاباددا قەتیس ناکا و روو لە کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەکا و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژـ کاف و لە ماوەیەکی کەمدا بە تێگەیشتن لە هەل و مەرجی ناوچەکە و خوێندنەوەی ڕەوتی رووداوەکان، کۆمەڵەی ژ.کاف لە حاڵەتی رێکخراوەیەکی داخراو و نهێنی دێنێتە دەرێ و دەیکا بە حیزبێکی کراوە و ئاشکرا کە بتوانێ هەموو ئازادیخوازانی کورد لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ئەو حیزبە کە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر دانرا، لە ماوەیەکی کورتدا لە ژێر رێبەری و رێنوێنیی قازی محەممەددا توانی هەلومەرجی ناوچەکە بقۆزێتەوە، خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ببێتە حیزبێکی چالاک و سەردەمیانە و بچێتە ریزی حیزبە بە هێز وگەورەکانی ئێران کە کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگای ئەوکات هەبوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشەوا، ئەو رێبەرە بووە کە هەلومەرجی سەردەمی خۆی بە باشی ناسیوە و دەرکی کردوە و کەڵکی لێوەرگرتوە.

کار و کردەوەکانی قازی محەممەد بە رادەیەک جێگای سەرنج و متمانەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان بوون کە بوونە هۆی ئەوەی لە لایەن رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نازناوی پێشەوای پێ بدرێ و لە لایەن کومەڵانی خەڵکی کوردستانەوە پەسەند بکرێ و هەتا ئێستاش نازناوی پێشەوا هەر بۆ قازی محەممەد ماوەتەوە و لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا هیچ رێبەر و سەرکردەیەکی کورد بەو نازناوە ناوبانگی دەرنەکردوە و ئەوە نیشاندەری ئەو راستیەیە کە پێشەوا لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەک رێبەرێکی نەتەوەیی جێگای رێز و حورمەتە.

رێز و حورمەتی پێشەوا هەر لە نێو گەلی کورددا نەبووە، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێرانیش لە لوتکەی بەرزی دەسەڵاتدا بە چاوی رێز و حورمەتەوە روانیویانەتە کەسایەتیی پێشەوا و ئەوە لە رۆژنامەکان و ئەسنادی ئەو سەردەم دا

بە روونی دیارە. کاتێک پێشەوا لەسەر بانگهێشتنی "قوامالسلطنه"( ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦) دەچێتە تاران ڕۆژنامەی "ایران ما" سەبارەت بە پێشەوا ئاوا دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێیکەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو بەرقەراریی ئازادی و دێموکراسی لە تەواوی ئێراندایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێدایە. هەر کارێک بە سوودی دێموکراسی بێ لە لایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازیی لێ دەکرێ. هیواداریین جەنابی "قەوام" لەو سەفەرە مێژووییە کەڵک وەرگرێ."

نموونەیەکی دیکە لە داننان بە کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە لە حەوتوونامەی "کوهستان" لە سەرماوەزی ١٣٢٥دا بەرچاو دەکەوێ. لە ژمارەی ٧٢ی ئەو حەوتوونامەیەدا نێوەرۆکی "تلگراف"ێک بڵاو کراوەتەوە کە ئیمزای "قوام السلطنه" سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێرانی لەسەرەو لە نێوەرۆکی ئەو پەیامەدا بۆمان دەردەکەوێ پێشەوا لە کار و کردەوە و هەڵسوکەوتیدا چۆن توانیویەتی بە لایەنەکان بسەلمێنێ کە بێ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کورد هێچ پرۆژەیەک لە ناوچەکەدا ناتوانێ بچێتە پێش و سەرکەوتوو نابێ. دەقی تلگرافەکە:

**ئاغای قازی محەممەد:**

بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری من کە دەبێ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی هێزی ئەمنی کە لە ناوەندەوە دەنێردرێ، بەڕێوە بچێ و پێویستە هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاری دۆستانەو ڕەزامەندی تەواوی ئێوە بەڕێوە بچێ، هەر بۆیە لە "خۆی، شاپوور ـ ڕەزائیە ـ مەهاباد" کە ناوچەی کوردنشینن، پێویستە دیاری بکرێ چۆن ئێوە لەگەڵ هێزی ئەمنی هاوکاری دەکەن کە لەو پێوەندیەدا فەرمانی دیار و روون دەربچێ. بە هاوکاریی دۆستانە و هۆگرییەکی تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شەخسی تۆم دیوە و هەستم پێکردوە لەو بەشەدا کە بابەتی کوردانی تێدایە چاوەڕوانیم هەیە ، ڕەزامەندیی تەواوی خۆت بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان بە کردەوە نیشان بدەی."

پێشەوا تەنیا لە نێو خەڵکی کوردستان و ئێراندا جێگای ڕێز و حورمەت نەبووە بەڵکوو بێگانەکانیش بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە روانیویانەتە پێشەوا قازی محەممەد. لەو سەردەمەدا هیچ بێگانەیەک شک نابەی کە رووی لە مەهاباد کردبێ و هەوڵی نەدابێ پێشەوا لە نزیکەوە ببینێ و بە تێگەیشتوویی و پیگەیشتوویی پێشەوا لە هەلسوکەوت و شارەزایی بەسەر زمان و فەرهنگی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوکاتدا و دیفاعکردن لە مافی بڕیاردانی کورد لە سەر چارەنووسی خۆی، سەرسام نەبووبێ.

پێشەوا٧٠ سال پێش ئیستا دەرکی بەو ڕاستیە کردبوو کە دەبێ کورد یەکگرتوو بێ بۆ ئەوەی بتوانێ کیانی خۆی هەبێ و ئەوەشی بە کردەوە سەلماند. کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی کەم بوو بەڵام پێکهاتەکەی بە جۆرێک ڕێبەری دەکرد کە

کوردی هەر پارچەیەک لە کوردستان دەیتوانی خۆی تێدا ببینێتەوە و لە تواناکانی خۆی بۆ بەرەو پێشبردنی کۆماری کوردستان کەڵک وەربگرێ.

لە کۆتاییدا هیوادارم رێزگرتن لە پێشەوا و یادی لەدایکبوونی بکەینە دەرفەتێک بۆ باشترناسینی بیر و هزری رێبەرێک کە تەمەنی کەم بوو، بەڵام پڕ بوو لە دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخ کە پێویست دەکا رێبەرانی دوای خۆی لێی فێر بن. با یادی ١١٦ ساڵەی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەوەی لاوان و نەسلی نوێی نەتەوەکەمان لەگەڵ بیر و ئەندیشە و تایبەتمەندیەکانی کەسایەتیی پێشەوا ئاشنا بن و دەرسی لێ وەربگرن.

لە ژمارە ٦٧٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦



## دیسان چەواشەکردنی ڕاستییەکانی کوردستان

ماوەیەک لەوەپێش موحسین رەزایی دەبیری "مجمع تشخیص مصلحت نظام" بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆڕیادی کوژراوەکانی سپای پاسداران و جاش و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە شەڕ لەگەڵ هێزی پیشمەرگەی کوردستان دا کوژراون، سەردانی شاری سنەی کرد. لەو کۆڕیادەدا ناوبراو لە قسەکانی دا باسی شەڕی کوردستان و چۆنییەتی فیداکاری و ئازایەتی هیزەکانی سپای پاسداران و جاشەکانی کرد کە چۆن توانیویانە بەرەنگاری پیلانەکانی دوژمنانی خاریجی و دژی شۆڕش ببنەوە و ئیزن نەدەن خاکی کۆردستان لە پەیکەری ئێران جیا بێتەوە. لەو کورتە نووسینە دا هەوڵ دەدەین هەڵوێستەیەک لەسەر قسەکانی موحسین رەزایی لەو کۆڕیادە دا بکەین.

موحسین رەزایی دوای تێپەربوونی ۳۷ ساڵ بەسەر دەسەڵاتدارێتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە قسەکانی دا هەوڵ دەدا بیر و فکری بەشدران و کۆرگێڕان بەرێتەوە فەزای ساڵەکانی ٥٩ و ٦٠ی هەتاوی و بەگێرانەوەی رووداوێک مەزڵوومییەت و خەڵکیبوونی سپای پاسداران نیشان بدا و لە هەمان کاتدا وێنایەکی ناشیرین و دزێو و دژە ئینسانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نیشان خەڵک و بەشدارانی کۆبوونەوەکە بدا. ئەوەی موحسین رەزایی وەک روداوێکی تراژیدیا باسی دەکا، ئەوەیە کە ۳ برا تەنیا لەبەر ئەوەی کە لە هەڵسووکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵک نارازی بوون، بێ ئیزنی شەرعی و قانوونی هێرشیان کردۆتە سەر ماڵەکەیان و هەر ۳ کەسیان ئێعدام کردوون.

بە پێ ئەوەی هەموو لایەک دەزانن و بۆخەلکی جیهانیش روون بۆتەوە کە هێزی پێشمەرگە هێزیکی خەلکی و نیشتمان پەروەر و پارێزەری مافی مروڤ و کەرامەتی ئینسانەکانە، چیڕوکی لەم بابەتە ناتۆانی کاری پێشمەرگە بێت، چونکە لە جەریانی شەری کوردستان دا بە هەزاران پاسدار و هێزەکانی ئەرتەش کۆماری ئیسلامی لە مەیدانەکانی شەر دا بە دەستی پێشمەرگە بە دیل گیراون یان رەوانەی زیندان کراون و دوای تەواو بوونی ماوەی گیرانیان، ئازاد کراون یان لە مەیدانی شەرەکە بە پێی هەلومەرجەکە ئازاد کراون و هەر ئەو شیوەیە هەڵس و کەوتەی پێشمەرگە لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، گرفتێکی گەورەی بۆ فەرماندەرانی سپا و ئەرتەش درووست کردبوو کە هێزەکانیان کەمتر وا بوو مقاومت بکەن، بەڵکو خۆیان تەسلیم دەکرد و ئازاد کران.

بەڵام ئەوەی دەبێ لێرەدا سرنجی زیاتری پێ بدرێ و هەڵوێستەی لەسەر بکرێ ئەوەیە کە ئاغای رەزایی باس لەوە دەکا کە پێشمەرگە بێ ئیزنی شەرعی و قانوونی هەڵیان کوتاوەتە سەر مالی خەلک واتە بێ "مجوز قانونی" خەلکیان گرتووە و سزایان داوە.

ئەو دەربڕینەی ئاغای ڕەزایی لە حالێک دایە کە لە ماوەی ٣٧ ساڵ ڕابردوودا ئەوەی قانوون و یاسا و ڕێسا بێ، لە لای جەنابی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مانای نەبووە و ئەوە هەر مەئمورینی سپای پاسداران بوون و هەن کە خۆیان بە نوینەری ئیمامی زەمان دەزانن و بێ پرس و ڕا و بێ "مجوز قانونی" هێرش دەکەنە سەر ماڵی خەلک و پەروەندەی جۆراوجۆریان بۆ دروست دەکەن. هەر لەو کاتە دا کە ئاغای موحسینی ڕەزایی لە سنە، ناوەندی پارێزگا قسە لە قانوون و ئیزنی دادگا دەکا، "محەممەد سەدیق کەبوودوەند" کە خۆی خەلکی ئەو شارەیە کە ئاغای ڕەزایی لەوێ باسی سەروەری قانوون دەکا، ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵە لە زینداندا بەند کراوە و تەنیا تاوانی ئەوەی کە دەیەوێ لە ڕێگای قانوونییەوە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بکا و، لەگەڵ ئەوەدا کە پێشتر حوکم دراوە و نزیک بۆتەوە لە تەواو بوونی ماوەی حوکمەکەی، دەزگای قەزایی دووبارە دەیەوێ بە تاوانی ئەمنییەتی حوکمی بداتەوە! بەوە دەگوترێ پابەندبوون بە قانوون!؟

لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە دەسەلات گەیشتنی کەسانی وەک "موحسینی ڕەزایی" فەرهەنگی هەڵکوتانە سەر ماڵ و حالی خەڵک و ڕەچاو نەکردنی قانوون ، دامەزراندنی زیندانە شاراوەکان و ئێعدامی بێ محاکەمە و قازی ،ڕەشەکوژی و تێرۆری جیابیران لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان پەرەی گرت و هەتا ئیستاشی لەگەڵدا بێ ئەوانەی قانوون شکێن و پێشێلکەری مافی مرۆڤن و بێ یاساو ڕێسان، هاوقەتارەکانی ئاغای ڕەزایین.

موحسینی ڕەزایی لە درێژەی باسەکەی دا دەڵی: "شانازی ئەوەمان پێ براوە کە لەگەڵ ئەو کەسانە شەر و بەربەرەکانیمان کردوە". ناوبراو یا ڕاستییەکە دەزانی و خۆی لێ گێل دەکا و یان نازانێ کە ئەوەش بۆخۆی شتێکی سەیر و سەمەرەیە کە دوای ٣٧ سال نەزانێ ئەوانەی ئەو بە دژی شورش و یاغی و جینایەتکار ناویان دەبا، کور وکچی خەلکی کوردستانن و جیگەی شانازی دایک و باب و بە گشتی میللەتی خۆیانن.

ئەوە کە ناچار بوون چەک هەڵبگرن سیاسەتی دوژمنکارانە و دژی ئینسانیانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە، هەموو ئەو کەسانەی لە ریزی پێشمەرگایەتی دا شەهید بوون یان ئێستاش ئیدامەی ڕێبازەکەیان دەدەن، بۆ دیفاع لە خاک و فەرهەنگ و زمان و وەدەست هێنانەوەی مافە لێ ئەستێندراوەکانی خەڵکی کوردستان چەکیان لە شان کردوە و بە گژ هێزەکانی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی دا هاتوونەوەو، سەرانسەری خاکی کوردستانی گەوەرەش شاهیدی دەدا بۆ ئازایەتی و فیداکاری و لە هەمان حاڵدا ئینسان‌دۆستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو، باشە ئاغای ڕەزایی بزانێ شەڕ لە گەڵ هێزی پێشمەرگە تەنیا لەو ڕوانگەوە دەتوانێ بۆ ئەو جێگای شانازی بێت کە قەبوولی بکا وەک هێزیکی دژی ئینسانی و داگیرکەر بە گژ هێزیکی مروڤدۆست و دێمۆکراسی‌خوازدا چۆتەوە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا دەڵێ: "داواکارم لە دەوڵەت کارێکی وا بکا کە خەڵکی کوردستان هەست بەو سەرمایە



سەرچاوە
Serchawe

گوزاریانە بکەن کە دەوڵەت بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات کردوویەتی."

هەر ئەو قسەیەی ئاغای ڕەزایی نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە هەتا ئێستا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئیزن نەدراوە کوردستان لە سەرمایەکانی ئێران بە گشتی و سەرمایە و توانا نێوخۆیەکانی خۆی بە تایبەتی، کەڵک وەربگرێ. بۆ نموونە بە پێ ئامارەکان ڕێژەی بێکاری شاری سنە وەک ناوەندی پارێزگا زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە سەرترە و هەر بە گوتەی بەرپرسانی ئیداری پارێزگای سنە نزیک بە ٦٠٠٠ هەزار کەس کارتی هاتووچۆی سنووریان هەیە بۆ ئەوەی کۆڵکێشی بکەن و لەو ڕێگایەوە نانێک بۆ ماڵ و منداڵیان پەیدا بکەن،و، کەم ڕۆژ هەیە کەسێک یا چەند کەس لەو کۆڵبەرانە بە دەستی هێزە بە ناو سنوورپارێزەکانی ئێران نەکوژرێن و بریندار نەبن. حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە هاتنەسەر دەسەڵاتەوە هەتا ئێستا بە چاوی ئەمنییەوە دەڕوانێتە کوردستان و بێجگە لەوە کە لە بواری سیاسی و فەرهەنگییەوە خەلکی کوردستان دەچەوسێنێتەوە و لە بواری ئابووریشییەوە نەک هیچی بۆ کوردستان نەکردوە، بەڵکوو سامانی ژێر زەوی و سەر زەوەی کوردستانی بە تاڵان بردوە و ناوچەکانی ناوەندی ئێرانی کە پێگەی کۆماری ئیسلامین پێ ئاوەدان کردۆتەوە.

لە کۆتاییدا، واباشە ئاغای ڕەزایی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییە قبوول بکەن کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە دەرنگ یا زوو مافەکانی خۆی دەستەبەر دەکاو، دەبێتە فاکتەریکی بەهێز بۆ سەقامگیری دێموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکەدا و، دوژمنان و نەیارانی کورد دەبێ ئەوە باش بزانن لێدوان و کۆڕوکۆبوونەوەی لەو چەشنە نابنە هۆکار بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پشت لە جوولانەوی مافخوازانەی خۆیان بکەن،و، لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی خەلکی کوردستانەوە پێشمەرگە هەمووکات لە لوتکەی بەرزی خۆشەویستی دایەو جاش بەکرێگیراو و خۆفرۆشە و سپای پاسداران داگیرکەر و زاڵم و ڕەشەکوژە.

لە ژمارە ٦٨٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## سەفەری روحانی بۆ مەهاباد و چەند سرنجێک لە قسەکانی

حەسەن روحانی سەر کۆماری ئێران لە ماوەی رابردوودا سەردانی پارێزگای ورمێ کرد و بێجگە لەوە کە لە ناوەندی پارێزگا واتە شاری ورمێ بۆ ئامادە بووانی کۆبوونەوەیەک کە بە مەبەستی پیشوازی لە ناوبراو تەرتیب درابوو قسەی کرد، رۆژی دواتر سەردانی شاری مەهابادی کرد لەوێش قسەی بۆ خەلکی ئامادەبوو لە ستادیومی وەرزشی ئەو شارەدا کرد و لە قسەکانی دا کۆمەڵێک بابەتی لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریدا هێناگۆڕێ و هەر لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێک قەول و بەڵێنی دا کە دەوڵەت و دەزگاکانی ئیجرایی و ئیداری پارێزگا رادەسپێری بە جێ بە جی کردنیان کە ئەو بەلێنیانە و جێ بەجێکردنیان باسێکی دوور ودرێژ هەڵدەگرێ. بەڵام ئەوەی لەو بابەتەدا دەمانهەوێ تیشکی بخەینە سەر ئەو بەشە لە قسەکانی ناوبراوە کە بە تەواوی لە گەڵ قانوونی بنەرەتی ئێران و کردەوەکانی دەوڵەت و دەزگای حاکمەی کۆماری ئیسلامی لە ناتەبایی دان. روحانی لە بەشێک لە قسەکانی لە شاری مەهاباددا دەڵێ: "هیچ کەس مافی ئەوەی نییە فەرق و جیاوازی لە نیوان مەزهەب و نەتەوەکان (اقوام) دابنێ و ئەسل لە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەر شایستە بوونە." تەنانەت بەوەندەش بەسەندە ناکا و بۆ ئەوەی لە حزووری خەلک دا قورس و قائیم قسە بکا دەڵێ: "من بە عینوانی سەر کۆمارو رەئیسی شورای ئەمنیەتی میللی بە ئاشکرا رادەگەیێنم کە لە ئێراندا هیچ کەس ئەو مافەی نییە لە نێوان موسوڵمان و پێرەوانی مەزهەبێک لە گەڵ مەزهەبێکی دیکە فەرق و جیاوازی دابنێ." ئەگەر ئەو دوو رستەیە لە قسەکانی روحانی تەتەڵە بکەین و لەگەڵ ئەسلەکانی قانوونی بنەرەتی ئیران کە سەرچاوەی قانوون و دەسەڵاتەکانە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا بەراوردبکەین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو قسانەی روحانی بە پێ قانوونەکانی ئێران ناتوانی هیچ مەبنایەکی قانوونی لە پشت بێ.. لە حاڵەتی زۆر گەشبینانەدا رەنگە ئاغای روحانی خۆی بەو قەناعەتە گەیشتبێ کە سەقامگیری سیاسی و ئابووری لە ئێراندا بەوە بەندە کە دەبێ نەتەوە جیاوازەکانی پێکهێنەری ئێران لە بەرێوەبەری و دەسەڵاتداریەتی حاکمییەتی ئێراندا بەشداریان پێ بکرێ ، بەڵام هەر وەک لە سەرەوە ئیشارەم پێ کرد تەنیا قەناعەتی ئاغای روحانی بۆ ئەو پرسە گرینگە کە بەشداری کردنی هەموو نەتەوە و پێرەوانی ئایینە جیاوازەکانە لە دەسەڵاتداری ئێراندا، بەس نییە بەلکو لە پێش هەموو شتیکدا قانوونی بنەڕەتییە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەر دامەزراوە و دەسەڵاتی ڕەهای داوە بە کەسێک بە ناوی رێبەر کە بۆ "دائم العمر" لە سەر کورسی دەسەڵاتداریەتی جێگیر بێ، پیویستە بگۆردرێ، چونگە رێبەر لە بەرامبەر هیچ کەس و لایەنێکدا خۆی بە وڵامدەر نازانێ، بەڵکو بە پێ ئەسلی پێنج لە قانوونی ئەساسی رێبەر نوێنەر و راسپاردەیە لە لایەن ئیمامی زەمانەوە کە ئەویش نوێنەری خوایە لە سەر زەوێ. لە نیزام و سیستمێکی ئاوادا ئەو قسانەی روحانی تەنیا وەک قسەیەکی جوان و دڵخۆشکەر دێنە بەر چاو، دەنا لە مەیدانی کردەوەدا ناتوانن هیچ مەبنایەکی قانوونیان هەبێ. ئەسلەکانی ٤، ١٢، ١١٥، ١٥٧ و چەند ئەسلێکی دیکە ئەوە راستییە دەسەلمێنن کە چۆن ئەسڵ وبڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی بەربەست دروست دەکەن لە بەرامبەر بەشێکی بەرچاو لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە

دەیانهەوەی بەشداری دەسەڵات و بەڕێوبەری وڵات بن. چونکە لەو ئەسلانەدا بە روونی دین و مەزهەبی رەسمی وڵات دیاری کراوە و گوتراوە هەموو قانوونەکان دەبێ لە چوارچێوەی دین و مەزهەبی رەسمی کە هەمان ئیسلام و ئەویش لە نەوعی شیعەی ١٢ ئیمامییە دابێ، واتە هیچ کەس ناتوانێ وەک رێبەر، سەرکۆمار، سەرۆکی پارلەمان، سەرۆکی دەزگای دادوەری، فەرماندەهانی ئەرشەدی نیزامی و... تەنانەت دیپلۆماتکار خۆی بەربژێر بکا، مەگەر موسلمان و پیرەوی شیعەی ١٢ ئیمامیی باوەردار بە "ویلایت مطلقە" بێ و لە بێژینگی شوورای نیگابان دەرچووبێ. بۆیە لە ئاکام دا دەبینین قانوونی بنەرەتی ئێران ئەو فەرق وجیاوازیە لە نێوان نەتەوە و مەزهەب و ئایینەکان لە ئێراندا داناوە و لێرەدایە کە دەردەکەوی ئەو قسانەی رووحانی لە پلەی سەرکۆماردا کە خۆی بەڕێوبەری قانوونە، دژایەتی هەیە لەگەڵ نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی ئێران، واتە ئەو قسانەی روحانی تەنیا دەتوانی مەسرەفی کاتی هەبێ، چونکە سەر کۆمار ناتوانێ بە پێچەوانەی ئەسل و مادەکانی قانوونی ئەساسی بجوڵێتەوە.

لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا روحانی دەلێ:" شانازی بە "قومیت" لە قوناغی سیهەم دایە" و لە درێژەی قسەکانی دەڵێ: "پێش هەموو شتیک دەبی بزانین ئێمە ئێرانین و بە ئێرانی بوونی خۆمان شانازی دەکەین و هەمووما‌ن موسوڵمانین و شانازی پێوە دەکەین." ئەو روانگە و بۆچوونەی ئاغای روحانی دەبێ لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە نەتەوەکەی خۆی بە درێژایی مێژووی ئێران هەستی بە چەوسانەوە نەکردووە، تەنانەت ئەو کاتەش کە خاکی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی "موغول و تاتار و عەرەب و تورک ..." دابووە، چونکە هەمووی ئەوانە خزمەتیان بە فەرهەنگ و زمانی فارسی کردوە. بەڵام نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێران وەک کورد و تورک و بەلوچ و عەرەب ... و تەنانەت ئایین و ئایینزاکانی غیرە ئیسلام و شیعە هەموو کات لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە چەوساونەوە و ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی رێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دا قەراری گرتووە بە ئێسک و پێستەوە ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنانەیان هەست پێ کردوە. ئاغای روحانی حەتمەن وەک سەر کۆمار و کەسێکی شارەزا لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئەوە باش دەزانێ کە ئەو پارێزگایە کە بە ناحەق ناوی ئازەربایجانی بەسەر دا براوە هەر لە ئێستا دا زیاتر لە ٦٠% دانیشتووانی کوردن کە بە پێی ئامارەکان تەنیا نزیک بە ٥% ناوەندی بریار دان و بەرێوەبەری ئەو پارێزگایە بە دەستی کوردانە. لە وڵاتێکی ئاوادا کە هەڵاواردن دەکاتە پلەی ١٠٠% ، خەڵکی ئەو ناوچەیە چۆن بە ئێرانی بوونی خۆیان شانازی بکەن. لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی کورد بوون خەڵکی ئەو دەڤەرە قەتلیعام دەکەن و دووبەرەکی داوێنە نێو دوو نەتەوەی کورد و ئازەری و ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەو دوو نەتەوەیە توانیویانە لە تەنیشت یەکتر بژین لە کاتێکدا کە هەر ئەو دوو نەتەوەیە خوازیاری ئەوە بوون کە دەوڵەت و ئیدارە و بەرێوەبەری خۆیان هەبێ، بەلام دوای ٧٠ ساڵ لەو رێکەوتە بە پێی سیاسەتی شا و کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ لەو پارێزگایە کورد چەوساوەتەوە و بێحورمەتی پێ کراوە و لە زێد و ئاو و خاکی خۆی هەڵقەندراوە، تەنانەت ئایینی هاوبەشیش کە هەمان ئیسلام بێ فریای نەکەوتووە. ئاغای روحانی دەبێ ئەوە باش بزانێ

زۆر سروشتییە کە دابەش کردنی نادادپەروەرانەی دەسەڵات و نەبوونی سەرمایەگوزاری و پشت گوێخستنی داواکاری خەڵک و ڕێز دانەنان بۆ مافی شارۆمەندی، تاکەکانی ئەوە نەتەوەیەی کە بەو شێوەیە دەچەوسێنەوە، خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەت و وڵاتدا بە بەرپرسیار نازانن و لە هەموو ڕێگایەکی مومکین کەڵک وەردەگرن بۆ نارەزایەتی دەربڕین و شێوەی خەباتی جۆراجۆر هەڵدەبژێرن بۆ وەدەست هێنانەوەی مافەکانیان. مرۆڤ کاتێک شانازی بە هاوڵاتی بوون دەکا کە مافەکانی وەک هاوڵاتی راستەقینە پارێزراو بێ.

لە ژمارە ٦٨١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦



## شیمیایی بارانی سەردەشت و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی

٧ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشتە کە بە هۆی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە لە چوار نوختە و شوێنی شارەوە بۆمبارانی شیمیایی کران کە لە ئاکامی ئەو بۆمبارانە دژئینسانی و دوور لە عورفی شەڕ و پەیمانە نیونەتەوەییەکاندا، بە پێی ئامارەکانی ئەو سەردەمە نزیک بە ٢٠٠ کەس شەهید و نزیک بە ٨٠٠٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە بریندار و گازگرتوو بوون کە بە داخەوە دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا بە ئاشکرا ئاساواری برین و گازگرتوویی و نەخۆشیی بە جەستەی زۆربەی ئەوانەوە دیارە کە ئەو رۆژە لە شاری سەردەشت لە نزیک تەقینەوەی بۆمبەکان بوون، بێ ئەوەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی زۆری خۆ پێوە ماندوو کردبن یا بە واتایەکی دیکە خۆی لە بەرانبەردا بە بەرپرس زانیبن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە حکوومەتی کوماری ئیسلامی چەندە خۆی بەرپرسیار دەزانێ چ لە کاتی بۆمبارانەکە و چ دوای بۆمبارانەکە؟ ئایا بەراستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی و خەڵکی سەردەشت بەتایبەتی بە هاووڵاتیی ئێرانی دەزانێ؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارانە ئەرێنی بێت ئەدی چۆنە لەو بابەتە دیار و بەرچاوەدا کە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق و درێژەدانی ئەو شەڕە لە لایەن خودی خومەینییەوە، خەڵکی بێتاوانیش لە شار و گوندەکانی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی، تێوەگلان و ئاوری شەڕ ژیان و ماڵی تێکەوە پێچان، هەتا ئێستا بە هاواری بەرکەوتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە نەچوون! بە پێی بنەما نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەت و سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵ و ئەمنییەتی هاووڵاتیانی دەکەویتە سەرشان و هەر جۆرە کەمتەرخەمییەک لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا، نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەت نییەتێکی بە ئەنقەستی تێدایە بۆ ئەوەی زیان بە خەڵک بگەیەنێ. لەو کارەساتە سامناکەی سەردەشتدا ئەوە بە روونی دەردەکەوێ کە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران بە ئەنقەست چ پێش لە رووداني بۆمبارانەکە و چ دوای ئەوە، خۆی گێل کردوە و کەمتر بایەخی پێ داوە و تەنیا هەوڵی داوە لە بازنەیەکی بەرتەسکی ناوچەکەدا بهێڵدرێتەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی دەبوایە چ بکا کە نەیکردووە؟ ئەگەر زۆر بە کورتی ئیشارەیان پێ بکەین دەتوانین گرینگترین خاڵەکان بەم شێوەی خوارەوە دەست نیشان بکەین؛ ئەلف: بە پێی هەموو شاهیدحاڵەکان و راپۆرتی هەواڵنێرە نێوخۆییەکان، خەڵکی سەردەشت کەمترین زانیاریان لە سەر چەکی شیمیایی لە کاتی تەقینەوەدا نەبووە کە بزانن یەکەم کاردانەوەی سەرەتاییان تا گەیشتنی تیمی فریاکەوتن دەبێ چۆن بێ و ئەو کەسانەی کە وەبەر ئەو جۆرە چەکانە کەوتوون چۆن هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ بۆ ئەوەی کەسانی تووش نەبوو و سالم، لە گازگرتوویی و تووش بوون بە مەوادی شیمیایی پارێزراو بن. ب: نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی و پێراگەیشتنی خێرا بە بریندارەکان، یەکێکی دیکە لەکەمتەرخەمییەکانی



سەرچاوە Serchawe

کۆماری ئیسلامی‌یە، بە پێی قسەی " دوکتور حەسەن سەفقت فرۆش" ناوەندی فریا کەوتنی شیمیایی لە گوندێک بە ناوی "هەوار سێمان" کە ١٥ کیلۆمیتر لە شاری سەردەشت دوورە، دامەزراوە و هەر ئەو دوکتورە دەڵێ کاتێک خەڵکمان ئاگادار کردەوە کە ئەوە بۆمبارانی گازی شیمیایی‌یە کە زیاتر لە ٢٠ خولەک بە سەر تەقینەوەی بۆمبەکان تێپەر ببوو و بۆ بە هاناوەچوون و تیمار کردنی بریندارەکان لانی کەم سەعاتێکی خایاندوە کە ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ بڵاوبوونەوەی گازی شیمیایی و زۆر بوونی خەسارەتی مرۆیی. ج: هەر چەند شاری سەردەشت وەک شارێکی سنووریی لە کاتی شەڕی عێراق - ئێراندا هەموو کات ئامانجی هێرشی فرۆکە شەڕکەرەکان و تۆپدوورهاوێژەکانی عێراق بووە، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کەمتر حاڵەتی پەدافەندیی بۆ کەمکردنەوەی خەسارە مرۆییەکان لەو شارە رەچاو کردووە و هەر ئەو دوو نموونەی سەرەوە خۆی دەرخەری ئەو راستیيەن. د: ٢٩ ساڵ بە سەر کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت تێپەڕ دەبێ بەڵام بۆ جارێکیش نە دەوڵەت و نە مەجلیس لە بیری ئەوەدا نەبوون بە پەسەند کردنی پرۆژەیاسایەک ئەو کارەساتە سامناکە لانی کەم لە نێوخۆی ئێراندا وەک جینایەتی جەنگی سەدام حوسێن دژ بە خەڵکی بێ‌دیفاعی کوردستان بناسێنن و رەوتی قانوونی و ئیجرایی پێ بدەن. ه: لە دوای راگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئێران و عێراق، دەوڵەتی ئێران هەلی ئەوەی بۆ رەخسا بوو کە داوای قەرەبووکردنەوەی زیان و زەرەری ماڵی بکاتەوە، کارەساتی سەردەشت دەیتوانی یەکێک لە بەڵگە بەهێزەکان بێت بە دژی سەدام حوسێن و دەوڵەتەکەی، چونکە بە پێی پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژێنێڤ، بە کار هێنانی گازی سەممی و خنکێنەر لە شەڕەکاندا قەدەغەیە کە دەبینین دەوڵەتی عێراق لە ماوەی شەڕی عێراق- ئێراندا لانی کەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە ١٣ جار لە سەر خەڵکی بێ دیفاع تاقی کردۆتەوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٦١ لە "ساوجی" ناوچەی مەریوان وچلە‌پۆپەی ئەو بومبارانە شیمیایانەی عێراق لە شاری سەردەشت لە ساڵی ٦٦ بەڕێوەچووە. بەڵام ئێران بە ئەنقەستیش بووبێ نەیویستووە ئەو پەروەندەیە ببێتە جیهانی و نیودەوڵەتی، هەر بۆیە لە کاتی دەسەڵاتدارەتی سەدام حوسێندا بە دوایدا نەڕویشتووە وهەوڵی داوە ئیمتیازی سیاسی بە قازانجی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە سەدام بستێنێ و وا نیشان بدا کە لەو شەڕەدا براوەی شەرە. هەرچەند رەنگە لەو نووسینەدا کە بابەتەکە بەرپرسیارەتیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌یە بەرامبەر بە شەهیدان و بریندارانی شیمیایی بارانی سەردەشت، بەڵام دەکرێ ئەو پرسیارانەش بێنینە ئارا و لە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی بپرسین، دەسکەوتی شەری ٨ ساڵەی ئێران- عێراق چی بووە بۆ گەلانی ئێران، بێجگە لە ماڵوێرانی و زیان و زەرەرێکی زۆری ماددی و مەعنەویی و، بە چ پێوانەیەک خۆیان بە سەرکەوتووی ئەو شەڕە دەزانن؟ چونکە دوای تێپەر بوونی٢٨ ساڵ بە سەر ئاگربەستی ئەو شەڕە هێشتاش ئاسەواری جەستەیی و ماددی و مەعنەوی لانیکەم بە جەستەی بریندارانی شاری سەردەشتدا دەبیندرێ و تێپەر بوونی کات نەیتوانیوە و ناشتوانی ئەو برینە قووڵە سارێژ بکاتەوە. ق: دوای روخانی سەدام حوسێن و هاتنە سەر کاری حکوومەت و دەسەڵاتیکی دیکە لە عێراق دیسان ئەو هەلە لە دەستی سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی‌دا هەبوو کە لە رێگای پیوەندیی دیپلوماتیکی دوو لایەنەی عێراق- ئێران، ئەو پەروەندە زیندوو بکرێتەوە و داوا لە حکوومەتی عێراق بکرێ کە کردەوەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت کە بە فەرمانی سەرکۆماری پێشووی عیراق واتا سەدام حوسێنەوە ئەنجام دراوە مەحکووم بکا و لەهەمان حال دا

دەوڵەتی عێراق ئەرکدار بکرێ بە قەرەبوو کردنەوەی زیانی بنەماڵەی شەهیدان و بەرکەوتووەکانی چەکی شیمیایی، کە هەتا ئێستا بە هەموو تەراتێنەکانی ئێران لە عێراق، ئەو پەروەندەیە بێدەنگی لێکراوە. بەڵام ئەگەر لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی عێراق وەڵامی داخوازیی دەوڵەتی ئێرانی نەدابایەوە دەوڵەتی ئێران دەیتوانی لەو مافەی خۆی کەڵک وەربگرێ کە دەعوای قەزایی لە دیوانی دادگوستری نیونەتەوەیی بە دژی عێراق تۆمار بکا و وەک پەروەندەیەکی سەربەخۆ بیدا بە دادگا و داوای مەحکوومییەتی عێراق و قەرەبووەکردنەوەی زیان لێکەوتووەکان بکا و ئەوە مافی هەر دەوڵەتێکە کە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتوەکانی واژۆ کردوە و بۆتە ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانی‌یەدا و، بە پێی مادەی ٩٣ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێڕەوی دیوانی دادگوستری نێونەتەوەییان قبووڵ کردوە، هەر بۆیە لەو دیوانەدا مافیان هەیە شکایەت ڕادەستی دادگا بکەن و هەم دادگا مافی هەیە ئەو دەوڵەتانە بانگهێشتن بکا بۆ وڵامدانەوەی ئەو سکاڵایەی لێیان کراوە. بەڵام دەبینین ئێران پەروەندەی شیمیایی بارانی سەردەشت کە لە چەشنی خۆیدا کارەساتێکی مرۆییە و یەکەم شارە لە مێژووی شەڕەکاندا وەبەر چەکی شیمیایی دەکەوێ و بە شێوەیەکی بەربەرین خەسارەتی ئینسانی لێ دەکەویتەوە کە هەتا ئێستاش ئاسەواری دیارە، دەوڵەتی ئێران بە هەر هۆکارێک بێ خۆی لەو بابەتە بواردووە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە نزیک بە ساڵێک دواتر لە بۆمباران شیمیایی سەردەشت فڕۆکەیەکی مەدەنی لە سەر ئاوەکانی کەنداوی فارس بە هۆی تەقەی ناوگانێکی جەنگی ئەمریکا کەوتە خوارێ و دەمودەست ئێران ئەو پەروەندەیەی بردە دادگای نێونەتەوەیی و شکایەتی لە ئەمریکا کرد و لە ئاکام دا ئەمریکا مەجبور بوو قەرەبووی کوژراوەکان بکاتەوە. لێرەدا ئەو ئاکامە وەردەگرین کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست و بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی لە عێراق، نە ڕاستەوخۆ داوای لە دەوڵەتی عێراق کردووە و نە پەروەندەی شیمیایی بارانی سەردەشتی بردۆتە بەردەم دیوان دادگوستری نێونەتەوەیی، بۆ ئەوی ئەو کارەساتە بە جینایەتی جەنگی بناسێندرێ و لەو ڕێگەیەوە قەرەبووی زیان وێکەوتووان و برینداارانی شاری سەردەشت بکرێتەوە. لە کوتایی‌دا هەرچەند دەوڵەتی عێراق تاوانباری سەرەکیی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتە بەڵام کەمتەرخەمیی و پشت گوێ خستنی ئەو پەروەندەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە قەت تاوانەکەی سەدام حوسێن قورسە، چونکە چ پێش ڕووداوەکە و چ دوای ڕووداوەکە وەک دەوڵەت بەرپرسایەتیی خۆی لە بەرامبەر هاونیشتمانیان دا بەڕێوە نەبردوە ، واتا نەیتوانیوە لە ئاگری شەر بیانپارێزێ و لە دوای ڕوودانی کارەساتەکەش، وەک ڕووداوێکی ئاسایی مامەڵەی لە گەڵ کردووە وەک دەوڵەتێکی بەرپرس بەهانای خەلکی سەردەشتەوە نەچووە.

لە ژمارە ٦٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

## بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت و ڕاگرتنی شەڕی ئێران - عێراق

شەڕی ئێران - عێراق لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی دوای چەندین تێکهەڵچوونی سەر سنوور، بە هێرشی بەربەرینی عێراق بۆ سەر خاکی ئێران لەو ڕۆژەدا دەستی پێکرد و ماوەی ٨ ساڵی خایاند و لە ئاکامدا بە قبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاوربەسی ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان سپای ئەو دوو دەوڵەتە ڕاگەیەندرا و بەکردەوە شەڕ کۆتایی پێهات بەڵام قەت ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا کە سەدام حوسێن لە لایەک و خومەینی لە لایەکی دیکەی هەڵکەوتبوون، ئیمزا نەکرا و هەتا ئێستای لەگەڵ بێ، بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەت تەنیا بەڵگەیکی نێودەوڵەتی‌یە کە شەڕی ٨ ساڵەی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی پێڕاگیرابێ وهیچ بەڵگەیکی دیکە چ لە سەردەمی سەدام حوسێندا و چ لە دوای ڕووخانی حکوومەتەکەی ناوبراودا لە پێوەندی شەڕی هەشت ساڵەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدا نییە.

شەڕی ئێران و عێراق لە ڕوانگەی ستراتیژی‌یەوە یەکێک لە گرینگترین شەڕەکانی مێژووی هاوچەرخە کە بەرژەوەندیی هەموو وڵاتانی دونیای بە جۆرێک لە جۆرەکان خستبۆوە مەترسی‌یەوە، چونکە ئەو شەڕە لە ناوچەیەک ڕووی دا کە زۆرترین پاشەکەوتی نەوتی لێهەڵکەوتووە و ئەگەر چاو لە مێژووی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران-عێراق بکەین و تێڕوانین و بۆچوونی هێندێک لە خاوەنڕایان لە سەر ئەو بابەتە لە تەنیشت یەکتر دابنێین، دەردەکەوێ وڵاتانی زلهێز و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش هەوڵیان نەداوە هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە(ئێران-عێراق) لەو شەڕەدا سەربکەون. چونکە پێیان وابوو سەرکەوتنی هەر لایەک بە سەر لایەکەی دیکەدا هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە تێک دەدا بۆیە دەبینین لە ماوەی ٨ ساڵەی شەڕدا هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە لە مەیدانی شەڕدا نەیانتوانی یەکتر بشکێنن. بەڵام هەر ئەو زلهێزانە و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵیان دەدا شەڕەکە کۆتایی پێ بێنن بێ ئەوەی سەرکەوتووی شەڕ دیاری کرابێ و لە ڕاستی‌دا هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە سەرکەوتووی شەڕەکە نەبوون و هەر دوو دەوڵەت لە دوای شەڕ بەدەست ئاسەوارەکانی بەجێماوە لە شەڕ و، ئەو برینە قووڵەی لە جەستەی کومەڵگای هەر دوو لا ببوو، دەناڵێنن.

بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت لە ٢٩ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بە مەبەستی کوتایی‌هێنان بە شەڕی ئێران-عێراق لە لایەن ئەو شووڕایەوە پەسند کرا. هەر ئەو کات لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە قبووڵ کرا بەڵام لە لایەن ئێران دوای ساڵێک لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارنامەکە واتە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ نێوەرۆکی بڕیارنامەکەی قبووڵ کرد و خومەینی لە ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی هەمان ساڵدا پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی ئێران و هێزی نیزامی ئەو وڵاتە کرد و دانی بە شکانی خویاندا هێنا کە لە مێژوودا بە "خواردنەوەی جامی ژەهر" لە لایەن خومەینی‌یەوە نێوبانگی دەرکرد. بە قبووڵ

کردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت لە لایەن ئێرانەوە بەکردەوە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە کۆتایی پێهات.

هەر وەکی پێشتر باس کرا لەو شەڕەدا هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی ئامانجەکانی خۆیان وەدەست بێنن کە ئامانجی هەرکام لەو دوو دەوڵەتە(ئێران و عێراق) لە یەک خاڵدا کۆ نابێتەوە و بە واتایەکی دیکە ئامانجەکان کە هەمان هۆکاری دەسپێکی شەڕەکە بوون، خۆ لە چەندین هۆکاردا دبینێتەوە کە هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە لە کۆتایی شەڕدا نەیانتوانی ئەو ئامانجانەی خۆیان بپێکن و یا تەنانەت لێیان نزیک ببنەوە. ئەو هۆکارانە دەتوانن بە شێوەی خوارەوە و بە کورتی دەستنیشانیان بکەین:

- شەڕی ئێران و عێراق تەنیا کێشەی خاک نەبوو، بەڵکو زیاتر خۆسەپاندنی هێز بوو لە ناوچەکەدا و لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی بیر و باوڕ و ئەندیشەی لایەنەکان بوو بە سەر یەکتریدا.
- سەدام حوسێن و خومەینی وەک ڕێبەرانی عێراق و ئێران هەتا سنووری یەکتر فەوتاندن وهەڵایسانی شەڕ یەکتریان ناخۆش دەویست.
- کۆماری ئیسلامی تازەدامەزراوی دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی بە ڕێبەری خومەینی درووشمی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانی هەڵگرتبوو و تەنانەت لە نێوەرۆکی قانوونی بنەرەتیی ئێرانیشدا چەسپاندبووی.
- سەرانی حیزبی بەعس و شەخسی سەدام حوسێن کاتێک دەسەڵاتی عێراقیان بەدەستەوە گرت ئارەزوو و بیرۆکەی ئەوەیان هەبوو کە ڕێبەری جیهانی عەرەب بەدەستەوە بگرن.
- سەدام حوسێن پێی وابوو کە لە ڕێکەوتننامەی "الجزایر"دا، غەدر لە عێراق کراوە و دەبێ ئەو غەدرە نەمێنی و مافی عێراق بێتەوە سەر جێ خۆی، هەر بۆیە لەبەر چاوی ڕاگەیەنە گشتییەکاندا ڕێککەوتننامەی "الجزایر"ی دڕاند و گوتی: لەوە بە دواوە عێراق پابەندی ئەو ڕێککەوتنامەیە نابێ.
- خومەینی لە دوو نوتقی خۆی لە ١٩ و ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ لە دوو بۆنەی جیاوازدا هێرش دەکاتە سەر سەدام حوسێن و بە پیاوی ئەمریکای دادەنێ و لە کردار و ڕەفتاردا بە مەغوولی دەشوبهێنێ و خەڵکی عێراق و سپای ئەو وڵاتە هان دەدا کە بە دژی ڕێژیمی بەعس ڕاپەڕن و کودیتا بەدژی سەدام حوسێن بکەن.

هەموو ئەوانەو دەیان ڕەفتاری دیکە لە لایەن هەردوو دەسەلاتەوە(تاران و بەغداد) بوونە هۆکاری سەرەکیی هەڵایسانی شەڕێک کە ماوەی ٨ ساڵ درێژەی کێشا و خوێنی هەزاران لاوی هەردوو وڵات بەبێ سوود و قازانج و تەنیا لەبەر هەواوهەوەسی چەند کەسێک لە هەر دوو لا ڕژایە سەر زەوی و دنیایەک ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ گەلانی ئێران و عێراق لە دوای خۆی بەجێهێشت.

بە پێ ئامارێک کە "ایرانا" لە ساڵی ١٣٩٣ بڵاوی کردۆتەوە باس لە ڕادەی بەشداریی هێزەکانیان و کوژراو و بریندار و نقوستان و بەدیلگیراوی ئێران دەکا لە ماوەی ٨ ساڵدا؛ "ایرانا" لە ڕاپورتەکەدا دەڵێ: ٢١٧ هەزار ئەرتەشی و دوو میلیۆن



سەرچاوە Serchawe

و ١٣٠ هەزار بەسیجی و ٢٠٠ هەزار سپا و شارەبانی و ژاندارمری بەشداریی شەڕیان کردوە لەو رادەیە ١٩٠ هەزار کەس لە هێزەکانی ئێران کوژراون و ٦٧٣ هەزار کەس نوقستان و ٤٢ هەزار کەس لە لایەن عێراقەوە بە دیل گیراون و بە پێی هەڵسەنگاندنی کارناسانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان زیان و زەرەری ماددی ئێران بە ٩٧ میلیارد دوڵار خەمڵێندراوە، کە ئەو ئامارانە لە هێندێک لە راگەیەنەکانی دیکە رادەی کوژراو و بریندار زۆر لەوە زیاتر باس دەکەن کە ئەوە زۆر لە مەسەلەکە ناگۆڕێ چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران بەستێنی شەڕەکەیان خۆش کرد ودرێژیان پێدا تەنیا بە مەبەستی مانەوەی دەسەڵاتی خویان کە ئاسەواری ئەو شەڕە ئێستاش بە جەستەی برینداری ئێرانەوە دیارە و ئێستاش خەڵکی بێ تاوانی ئەو وڵاتە باجەکەی دەدەن.

شەڕی ٨ ساڵەی ئێران - عێراق ئەگەر بۆ گەلانی ئێران بوو بە مایەی ماڵوێرانی و ئاوارەیی و چێشتنی تامی گازی شیمیایی و نوقستانی و هەژاری و بێکاری، بە پێچەوانەوە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیعمەتێکی گەورە بوو چونکە لە رێگەی شەڕ توانیان زۆر بە ئاسانی لە نێوخۆ بەسەر دژبەرانی خۆیاندا زاڵ بن و لە ژێر سێبەری شەڕدا سیستمی ویلایەتی فەقیە جێگیر بکەن و بە بیانووی شەڕ سپای پاسداران رۆژبەرۆژ بەهێزتر بکەن و لە رێگای ئەو سپایەوە دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بسەپێنن و دەرگای بازاری تداروکات و دابین کردنی کەرەسەی شەڕیان، بۆ فەرماندەرانی سپای پاسداران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئاوەڵا کرد کە ببنە میلیاردێر و خاوەن سەرمایەی نجومی. شەڕی ٨ ساڵەی ئێران-عێراق رێگای بۆ سپای پاسداران خۆش کرد لە هێزێکی نیزامی‌یەوە ببێتە دامودەزگایەکی ئابووری، کە دەست بە سەر بەشی زۆری ئابووریی ئێراندا بگرێ.

لە کۆتایی‌دا دەتوانین بڵێین راستە ماوەی ٢٨ ساڵە شەڕی ئێران – عێراق راوەستاوە بەڵام کۆمەڵگای ئێران ئێستاش بە دەست ئاسەوارەکانی ئەو شەڕەوە دەناڵێنێ. سەردەشت بە هەزاران برینداری شیمیایی کە نیازیان بە ئاگا لێبوون و تیمارکردن هەیە، خورەمشار بەدەست وێرانی و کاولکاری سەردەمی شەڕدا دەناڵێنی، لە سەرانسەری ئێران بە هەزاران بریندار و نوقستانی شەر پێویستیان بە دەرمان و پەرەستاری هەیە، بە هەزاران کەس کە لە مەیدانی شەڕدا بەشداریان کردوە و تووشی نەخۆشی روحی بوون و پێویستیان بە دوکتور و دەرمان و دابین کردنی سەرەتایی‌ترین کەرەسەی ژیان هەیە کە بە هۆی کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و بەفیڕۆدانی سامانی ئێران بۆ قەیرانخۆڵقاندن لە ناوچەکەدا، نەتوانراوە بە هیچ کام لەوانە رابگەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و هەتا رادەیک ئاسەواری شەڕیان لە سەر لابچێ و بە دۆخە نالەبارە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەتی‌یەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خولقێنەرین، دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای ئێراندا شەڕ هەر بەردەوامە و گەلانی ئێران دەستەچیلەی ئەو شەڕەن و دەسەڵاتداران لەبەر سێبەری ئەو شەڕەدا زیاتر هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٥ی گەلاوێژ لە روانگەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان"(١٣٢٤)ەوە

٢٥ی گەلاوێژ، رۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لە ماوەی ٧١ سالی رابردوودا گەلێک وتار و بابەت لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان نووسراون و پێویستیی دامەزران و کار و تێکۆشانی ئەو حیزبە لە روانگەی جۆراوجۆرەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە و لە نێو ئەو کۆمەڵە بابەت و وتارانەدا چەندین بابەت لەسەر پێویستیی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کار و تێکۆشانی ئەو حیزبە دوای دامەزرانی لە رۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا چاپ و بڵاو بوونەوە و گرینگیی ئەو بابەتانە لەوە دایە کە نووسەرەکان خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان ژیاون و پێویستی و نیازی نێو کۆمەڵگەیان لە نزیکەوە هەست پێکردوە و لەگەڵ هەڵوێست و ئیحساسی خەڵک بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بوون کە ئەوە بە روونی لە وتار و شێعری شاعیرانەدا دەردەکەوێ. لێرەدا هەم بۆ سەرنجدان بە هەلومەرجی ئەوکات و هەم وەک رێزدانانێک بۆ نووسەرانی ئەوکات کورتەی چەند بابەتێک دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی رۆژنامەی "کوردستان".

٧١ ساڵ لەوە پێش پێشەوا قازی محەممەد و رێبەرانی کۆمەڵەی (ژ.کاف) و کومەڵێک نیشتمانپەروەر و رووناکبیر، حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند. حوسەین مەدەنی لە کتێبی "کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان" سەبارەت بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی (ژ.کاف) ئاوا دەنووسێ:

"قازی محەممەد دوای گەڕانەوەی لە سەفەری باکۆ کۆبوونەوەیەکی بەناوبانگی کۆمەڵەی (ژ.کاف)ی پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی دواییهێنان بە تێکۆشانی کۆمەڵەی هێنایە گۆڕێ و پێشنیاری کرد لە جێگای ئەو رێکخراوەیە لەسەر ئەساسی رێزلێنان لە ئازادیە دێموکراتیەکان و دابینکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد بناغەی حیزبێک بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابڕێژن. دوای ساغبوونەوە لەسەر پێویستیی بوونی ئەو ئاڵوگۆڕە تۆمارێکی چەند گەزیان لە قوماش ئامادە کرد بۆ پشتیوانی لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نێو خەڵکدا گێڕایان ئیمزای بکەن، خەڵکێکی زۆر تۆمارەکەیان ئیمزا کرد."

بە دوای ئەوەدا گۆڤاری "کوردستان" ژمارە ١، لاپەڕە ١١(١٣٢٤) لەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەنووسێ: "لە دوای هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر(آبان)ی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مهاباد داندرا و بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە و لە رۆژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ هەوڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کورد پێک هێنا."

هەر لە گۆڤاری کوردستاندا ژمارە ١، لاپەڕە ٥ وتارێکی تێدایە بە قەڵەمی "ع.خ" کە باسی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا. "تەشکیلی حیزبی موقەدەسی دێموکراسی و خودموختاری کوردستان بە هەموو ئەهالی رەشید و جانبازی کوردستان تەبریک عەرز دەکەم و بە دەلیلێکی هێزدار دەڵێم وەرن خائینان وەدەرنێن و لە نێویان بەرین و بزانین تەشکیلاتی حیزبی بۆ کەسب و مەنفەعەتتەڵەبی نییە. بەڵکە یەک سازمانی میللی کە مەقسوود و مەرامی ئەو حیزبە تأمینی ئازادی و ئابڕو و قودرەتی میللی کوردە. مەرام و ئارەزووی حیزبی دێموکرات نەجاتی کوردستان لە جەهل و نفاق و دوژمنایەتی خۆبەخۆیە... ."

بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گۆڤاری "کوردستان" جێگای خۆی دا بە رۆژنامەی "کوردستان" کە هەم زمانحاڵی حیزبی دیموکرات بوو و هەم بڕیار و قەرارەکانی حکوومەتی کۆماری کوردستانی تێدا بڵاو دەبوونەوە و تاکەسەرچاوەی رەسمی بوو کە توانیویەتی پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بێ. لە رۆژنامەی "کوردستان"دا گەلێک بابەت لەسەر پێویستی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرک و وەزیفەی ئەو حیزبە نووسراون کە پێشاندەری ئەو راستییەن کە رێبەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەیەکی کەمی زەمەنیدا چەندە کاریگەرییان لەسەر تووڕهەڵدانی فەرهەنگ و داب و نەریتی خراپ هەبووە و، بۆ ئەو ناوچەیەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا لە دایک بوو، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. کار وتێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ناوچەیەی لە بواری پێگەیشتوویی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لە باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا دەکردەوە.

لەو بارەوە "سەید محەممەدی حەمیدی" سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان لە ژ ١، لە بابەتی "ئامانجی ئێمە"دا دەنووسێ: شەهریوەری ١٣٢٠ هاتە پێش، ئێمە لە زنجیری دیلی رزگاریمان بوو و دەستی بەستراومان کراوە، چاوی نوستوومان وەخەبەر هات. کۆمەڵێک لە لاوان و گەنجانی کوردستان کۆ بوونەوە، دەستی برایەتی و یەکێتییان دا دەست یەک، بێوچان سەعییان بە خەرج دا تا حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە وجوود هێنا و هەر بەرهەڵەست و خائینێک کە لە نێو کوردستاندا هەبوو لە نێویان هەڵگرت، حێزبی دێموکرات لە مەودایەکی کەمدا توانی لکی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە، ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دێبوکری و... هەر پیتێکی کە بۆنی جودایی لێ بێ، ناکوترێ هەموو بە یەکدەنگ دەڵێن ئیمە کوردین و کوردمان دەوێ، ئیمرۆ سەرکزیمان بە سەربڵیندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکگرتوویی گۆڕیوەتەوە. هاونیشتمانان بە چاوێک تماشا دەکەین و هەموومان بۆ میلەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین... ."

پێشەوا قازی محەممەد لە وتاری رۆژی راگەیاندنی کۆماردا کە لە ژ ١٠، ل ٤، رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە سەبارەت بە هەلومەرجی ئەوکات و پێویستیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو شێوەیە بۆ ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە دەدوێ:

"... لە شەهریوەری١٣٢٠دا فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزاخانی تێکشکاند کورد سەری لەو هەموو فشار و ئەزیتە کەمێک فارغ بوو، فەوری ئیحساسی کرد چۆن دەبێ لەو فورسەتە ئیستفادە بکا؟ پیاوانیکی بە بیر و هۆش و بە شەرەف کە زۆر لەمێژ بوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەرونیان دەهاتە دەرێ، زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کار و فورسەتە، دەبێ بهرە وەرگیرێ و ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەکجار بە خێرایی و بێوچان و بێ ڕاوەستان دستیان بە کار کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بە چاوێکی ورد و بەدیقەت ئیحتیاج و پێداویستیی کوردیان تەشخیش دا و بەدی کرد. ... نێوی عەشیرەت و تایەفە و هەرچی ئەسبابی نفاق و پرشوبڵاوی بوو فڕێ درا و عمومەن لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کۆبوونەوە، یەکدڵ و یەکزمان تێکرا بەرەو ئامانجی ئازادی کەوتنە رێ... ."

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا سەبارەت بە حیزبی دێموکرات و کار و کردوەکانی نووسراوە بە قەڵەمی "احمد الهی"یە، نووسەر لە سەرەتادا هەڵسەنگاندن بۆ نێوخۆی تەشکیلاتی حیزب و شێوەی پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتر و تاک لەگەڵ حیزب دەکا و بە زمانێکی زۆر سادە دەڵێ: "حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەحزابی دیکە بەراورد ناکرێ ئەندامانی نێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو تەواوی مەنتیقەی کوردستانی ئازاد هەڵبژێردراون و بە نێوی کومیتەی مەرکەزی یان هەیئەتی حیزب نێو دەبردرێن. ... لە نێو کومیتەی مەرکەزیدا هەرکەس دارای یەک رایە و هیچ نوعە پارتیبازی بەکار نایە. لەو ماوەکەمەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پیرۆزێکی زۆر گەورە گەیشتووە کە وێنەیەک و عەرز دەکەم." ناوبراو دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند خاڵدا دەستنیشان دەکا : "وەک دروست بوونی یەکێتی نەتەوەیی و نەمانی نیفاق ودووبەرەکی، خوێندن بە زمانی کوردی و کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکانەکان، دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، دابینکردنی نەزم و ئەمنیەتی گشتی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دەستنیشانکردن و دانانی قازی محەممەد وەک پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان." نووسەر لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنووسێ: "ئەو چەند نموونەیە ئەسبات دەکا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئیمان و باوەرێکی قائیم بە گیان و بە ماڵ بۆ پێشکەوتنی میللەتی خۆی تێ دەکۆشێ..." دڵشاد ڕەسووڵی یەکی دیکە لەو نووسەرانەیە کە لە رۆژنامەی کوردستاندا لەسەر بابەتی جۆراوجۆر وتاری نوسیووە و سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوو ژمارەدا لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بەو شێوەیە باس لە حیزبی دێموکرات دەکا:

"حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمان حیزبە کە پارێزگاری وڵاتە، هەمان دێموکراتە کە سەرچاوەی خۆشبەختی و نیشانەی ئینسانیەتە... ."

ناو براو لە وتارێکی دیکەدا لە ژێر ناوی "خدماتی حیزبی دێموکرات" کە لە ژمارە ٩٢ی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە دەنووسێ:



سەرچاوە Serchawe

"... حیزبی دێموکرات کوردستان بۆ پەرەپێدانی مەرامی دێموکراسی کۆششێکی فراوانی کرد و لە ڕێگای بڵاو کردنی ئەو مەرامە موقەدەسە و ئاشنا کردنی میللەتی کورد بە ئازادی، فەخرێکی گەورەی وەدەست خست. کوردی لە تەنگوچەڵەمە و زیندان و دیلی هێنا دەر، کوردی بە کوردی خوێندن و نووسین ئاشنا کرد و دووبەرەکی و نیفاقی لە نێو وڵاتدا نەهێشت... حیزبی دێموکرات کوردستان فکری کردەوە بۆ زیندوو کردنەوەی وڵات ئەوەی ڕێگای حەق و عەداڵەت بوو گرتیە پێش و ئەوەی بۆ مەساڵحی نیشتمان چاک بوو گرتیەبەر، ئەوەی گوتیشی بە کردار بردیە سەر و میللەتی لە ژێر باری دیلی هێنا دەر... ."

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم کە دوای تێپەر بوونی ٧١ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوحیزبە بەهۆی ئەوەی کە بە ڕێبازەکەی وفادار بووە و کۆسپ و گیروگرفتەکان لەمپەر نەبوون لەسەر ڕێگای خەباتی تیکۆشەرانی ئەو حیزبە و، لە خەبات بۆ وەدەست هینانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بووە، هەر بۆیە ئیستاش خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەلکی کوردستانە.

لە ژمارە ٦٨٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦






سەرچاوە
Serchawe

## سزای ئیعدام؛ کەم کردنەوەی تاوان یان پەرەپێدانی!

ئیعدام وشەیەکە کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا لەگەڵ ژیانی گەلانی ئێران گرێی خواردوە و هەموو رۆژێ لە راگەیەندراوە گشتییەکان و لە کۆڵان و گەرەک و شار و گوند گوێبیستی دەبن. بە جۆرێک خوویان پێگرتووە کە بۆتە بەشێکی عادی لە ژیان، بەو مانایە ئیعدام سزایەکی توند و قورسە و دەبێتە هۆی ئەستاندنی گیانی مرۆڤێک، خەڵک زۆر ئارام و هێدی دەچنە سەیرکردنی و یا بێتەفاوت بەلایدا تێدەپەرن و ئەوە کلتوور و فەرهەنگێکە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداری خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا، هەوڵی داوە لە رای گشتیی کۆمەڵگەی ئێراندا بیچەسپێنی و لە هەمانحاڵدا روحم و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێو تاک تاکی کۆمەڵگەی ئێراندا بسڕێتەوە.

لە ئێرانی ژێردەستی کۆماری ئیسلامیدا ژمارەیەکی زۆر لە تاوانەکان سزای ئیعدامیان لە سەرە، کە هێندێک لەو تاوانانە لە روانگەی قانوونی نێونەتەوەیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لە ریزی ئەو تاوانانە نایەنە ئەژمار کە سزای بەو چەشنە قورسیان لە سەر بێ، وەک تاوانی سیاسی، ئابووری، مادە هۆشبەرەکان و تاوانە جنسییەکان. دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئەوەدا خۆی ئەندامی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەشێکی بەرچاوی لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە و بە پێی یاساکانی نیوخۆشی دەبێ پابەند بێ بە نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانە، بەڵام دەبینین رۆژبەرۆژ توندوتیژی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دژی گەلانی ئێران بەرێوە دەچێ و روو لە زیاد بوونە و چوونە سەری رێژەی ئیعدام و بەرێوەبردنی ئەو ئیعدامانە لە بەرچاوی خەڵک نموونەی بەرچاو و زەقی چوونە سەری ئەو شێوە رەفتارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران.

بە گوتەی رێکخراوەکانی پاریزگاری و پاراستنی مافی مرۆڤ، لە زۆربەی ساڵەکاندا ئێران لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەی کە ئیعدامیان تێدا بەرێوە دەچێ، پلەی دووهەمی لە دوای چین بۆ خۆی دەستەبەر کردوە کە دیارە ئەگەر رێژەی حەشیمەتی ئێران لەگەڵ حەشیمەتی چین بەراورد بکەین ئێران پلەی یەکەمی لە جیهاندا وەبەر دەکەوێ و ئەوە لە حاڵێک دایە کە رۆژبەرۆژ بە ژمارەی ئەو دەوڵەت و وڵاتانە ئیزافە دەبێ کە سزای ئیعدام لە قانوونی سزادانی خۆیان لادەبەن و چەند هۆکارێک دەستنیشان دەکەن. لە سەردەمی ئێستای ژیانی مرۆڤایەتیدا ئیعدام ناتوانێ سزایەکی گونجاو بێ بۆ بنبڕکردنی تاوان؛ بۆ نموونە کاتێک سزای ئیعدام لە سەر تاوانبارێک بەرێوە دەچێ، و حوکمەکە ئیجرا دەکرێ قابیلی گەڕانەوە نییە و ئەگەر بە تێپەڕبوونی کات روون بێتەوە ئەو کەسە بەبێتاوانی ئیعدام کراوە تازە ناتوانرێ ئەو زیندوو بێتەوە و قەرەبووی بکرێتەوە کە زۆر جاران لە مێژووی دادگاکان و قەزاوەتدا لە وڵاتانی جۆراوجۆردا ئەوە رووی داوە کە بێتاوانێک ئیعدام



سەرچاوە Serchawe

کراوە. بەڵام زیندان و حەبس وا نییە و ئەگەر کەسێک دوای ماوەیەک کە لە زیندان دایە بێتاوانی دەربکەوێ زۆر بە ئاسانی حکوومەت و دەسەڵات دەتوانن قەرەبووی بکەنەوە و ئەویش بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و ژیانی عادی خۆی دەست پێ بکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە تەجروبە و زانستی ئامار سەلماندویانە کە بەڕێوەبردنی سزای ئیعدام نەیتوانیوە هۆکارێکی کاریگەر بێت بۆ کەمکردنەوەی تاوان و تاونکاری، بەڵکو بە پێچەوانە زیانیشی بە کۆمەڵگە گەیاندوە و کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە بە تایبەتی کاتیک سەرپەرستی بنەماڵەیەک سزای ئیعدام کردنی لە سەر جێبەجێ دەبێ شیرازەی بنەماڵەکەی لێک هەڵدەوەشێ و هیچ سەیر نییە بە هەڵوەشانی ئەو جۆرە بنەماڵانە کەسانێک پەیدا بن کە تووشی تاوان و تاوانکاری بن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکەن کە تاک لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئازادە و ئەوە خۆیەتی بەرەو تاوان و تاوانکاری دەروا، خەڵک و کۆمەڵگە و دەوڵەت هیچ رۆڵ و نەقشێکیان لەو بابەتەدا نییە و ئەگەر تاکێک تووشی تاوان و سەرپێچی دەبێ ئەوە خۆیەتی دەبێ وڵامدەر بێ، لە دانی جەریمەڕا بگرە هەتا زیندانی هەتاهەتایی و لێئەستاندنی گیانی. ئەو بۆچوونەی دەوڵەتی ئێران دەرخەری ئەو راستیەیە کە دەیهەوێ خۆی لە ئاستی مەسئولیەت بەرامبەر بەخەڵک و کۆمەڵگە بدزێتەوە. مەسئولیەتی دەوڵەت پێش هەر شتێک لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەوەیە کە لە بواری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی، ئەمنیەت و خۆشبژێوی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە دابین بکا. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری بە زاڵکردنی فەزای ئەمنی بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا و گرتنەبەری سزای قورسی ئیعدام، ویستی دەسەڵاتی خۆی داسەپێنێ و شوعاری "دامەزرانی ئەمنیەت و پاراستنی کۆمەڵگە بە رێگەی ئاسنین پێک دێ، نەک بە نەرمی نواندن لەگەڵ تاوانباران"، کە ئەوە لە قسە کردنی "آیت الله خومەینی"را بگرە هەتا کاربەدەستێکی رەدە خوارەوەی ئەو نیزامە لە ٣٧ ساڵی رابردوودا بە ئاشکرا دیارە و کاری پێ دەکرێ. بۆ نموونە:

ئایەتوڵا خومەینی ١٤ی رێبەندانی ١٣٦٣ لە رێورەسمی دەهەی فەجردا لە قسەکانیدا دەڵێ: "ئەگەر ئیمامی عەلی خاوەنی روحم و بەزەیی بوایە شمشیری هەڵنەدەکێشا و ٧٠٠ کەسی یەکجێ نەدەکوشت، بە دانانی دادگا و زیندانی کردن کاری ئێمە جێبەجێ نابێ، ئەو روحم و بەزەیە منداڵانەیە وەلا بنێین...". لە راستیدا وتار و قسەکانی خومەینی بوونەتە قانوون و لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بە روونی رەنگی داوەتەوە. ئەسڵی ١٦٧ دەڵێ: "قازی لەسەریەتی هەوڵ بدا حوکمی هەر تاوانێک لە قانوونی نوسراوەدا بدۆزێتەوە بەڵام ئەگەر پەیدای نەکرد، پاڵپشت بە سەرچاوەکانی ئیسلامیی جێگای باوەڕ، بە فتوای جێگای ئێعتبار، حوکمی قەزیەکە بدا...". واتە قازی دەستی ئاواڵەیە بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی هەر حوکمێک بە دروستی بزانێ لە سەر کەسێک کە تاوانبار کراوە یان تاوانبارە، بێ ئەوەی کە لە بەرامبەر ئەو حوکمەدا بەرپرسیار بێ، حوکمی بۆ دەردەکا. بە واتایەکی دیکە ئەو قانوون و قسەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەستی دەزگای قەزایی ئاواڵە کردوە کە حوکمی سزای ئیعدام و سەنگسار و پەراندنی دەست و پێ و... وەک ئەو ئەفسەرەی ئیدارەی

چاوەدێری و ڕێگاوبان و شۆفیرەی وایە کە بەرگەیەکی جەریمە بۆ شۆفیرێکی سەرپێچیکار دەنووسێ. هەر بۆیە لەو کاتەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستەوە گرتووە بە بەهانەی جۆراوجۆر خەڵک ئیعدام و زیندانی دەکا. بەڵام دەبینین لەگەڵ چوونە سەری ڕێژەی ئیعدام، ڕێژەی تاوان و تاوانکاری لە ئێراندا ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە و ئەو ئیعدام و زیندانی کردنە بەو شێوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبەن نەیتوانیوە رادەی تاوان و تاوانکاری کەم کاتەوە و بۆ گەیاندنی زیاتری ئەو بابەتە پشت بەو ئامارانە دەبەستین کە زۆربەیان لە سایت و راگەیاندنەکانی ئێران و جیهاندا بڵاو بوونەتەوە و دەرخەری ئەو راستییەن کە ڕێژەی ئیعدام ڕۆژبەڕۆژ لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا چۆتە سەرێ.

بە پێێ ئامارەکان پێش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ٥% زیندانیەکانی ئێران تاوانبارانی مادە هۆشبەرەکان بوون بەڵام ئێستا دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ڕێژەی زیندانیانی مادە هۆشبەرەکان ٤٥% زیندانیانی ئێران پێک دێنن. بە پێی هێندێک ئامار لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەزگای قەزایی ئێران زیاتر لە ٤ میلیۆن کەسی بە تاوانی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان دەستبەسەر کردوە و حوکمی زیندانیان بۆ دەرچووە و ئەوە لە حاڵێک دایە ڕۆژبەرۆژ گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرکان ڕوو لە زیادبوونە و بۆتە گرفتی چارەسەرنەکراو بۆ کۆمەڵگەی ئێران. ئەو ئامارانەی سەرەوە تەنیا تایبەت بوون بە تاوانی فرۆشتن و بڵاو کردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و ئاماری ئەو کەسانەی کە بە هۆی قەتڵ و زینا و دزی و کۆمەڵێک تاوانی لەو بابەتە ئیعدام کراون زۆر لەوە زیاترە. دەسەڵات بە جێگای دۆزینەوەی ڕێگاچارەی زانستی و کۆمەڵناسانە تەنیا لە ماشێنی ئیعدام کەڵک وەردەگرێ بێ ئەوەی کاریگەری لە سەر کەم کردنەوەی تاوان و تاونکاری هەبێ.

بێجگە لەو ئیعدامانەی سەرەوە کە بەهۆی تاوانی کۆمەڵایەتی، مادە هۆشبەرەکان، قەتڵ، دزی و زینا، "محاربە با خدا و مفسدفی الارض" لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا ئیعدام کراون بێ ئەوەی کە لە دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی بکرێن و لە هەمانحاڵدا دەستیان بە پارێزەر رابگا.

ئەگەر دەزگایەک یا ڕێکخراوەیەکی لێکۆڵینەوە یا پاراستنی مافی مرۆڤ بتوانێ دەستی بە ئەسناد و بەڵگەی کۆماری ئیسلامی رابگا و لە ساڵی ٥٨ هەتا ئێستا ئاماری ساڵ بەساڵی ئیعدامەکان دەست نیشان بکا، ڕەنگە ئاماری ئیعدامەکان سەر لە دەیان هەزار کەس بدا. بۆ ئەو مەبەستە ئیشارە بە ئاماری چەند قۆناغ لە ژیانی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین بۆ نمونە:

بە پێی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ٥٧ هەتا ڕەشەمەی ١٣٥٨ کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی نزیک بە یەک ساڵە، ٤٣٨ کەس ئیعدام کراون. بە پێی ئامارە جۆراوجۆرەکان لە ساڵی ٦٠ هەتا ٦٧ زیاتر لە ١٠٧٠٠ کەس بە تاوانی جۆراوجۆر بە حوکمی ئیعدام گیانیان لێ ئەستێندراوە، کە ئیعدامە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧ بەشێکە لەو ڕێژەیە. لە ساڵی ٨٣ هەتا ١٣٩٤ بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە سایتەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بڵاو بوونەوە، رادەی ٦٠٥٨ کەس ئیعدام کراون.

ئەوەی لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە سزای ئیعدام لە کۆمەڵگەی ئێراندا پێڕەوی کردوە بۆ دروست کردنی فەرهەنگێک بووە کە زۆر دوور بووە لە مێژووی فەرهەنگی گەلانی ئێران، فەرهەنگێک کە روحم و بەزەیی و خۆشەویستی بکوژێ و دڵرەقی و خوڵقاندنی ترس و توندوتیژی پەرە پێبدا و ئەوە یەکێک لەو رێکارانەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان گرتوویانەتە بەر و بەو رێکارە زیانی گەورەیان لە کۆمەڵگەی ئێران داوە و بە جێگای رێگری لە پەرەگرتنی تاوان و تاوانکاری، رێگاخۆشکەر بوون بۆ پەرەپێدانی تاوان و هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بڵاو بوونەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەک "گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان، دزی و زینا و قەتڵ و...". کاتێک دەوڵەت هیچ پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەی ئابووری و سیاسی نەبێ بۆ بنبڕ کردنی بێکاری و دابینکردنی ژیانێکی خۆش و پاراستنی مافە کلتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و، تەنیا بۆ بەرەنگار بوونەوەی تاوان پشت بە ئیعدام و زیندانی کردن ببەستێ، زۆر سروشتییە نابێ چاوەڕوان بین لە کۆمەڵگەیەکی وادا تاوان و تاوانکاری پەرە نەستێنی.

لە کۆتاییدا ئیشارە کردن بەم دوو خاڵە پێویستە: کاتێک بە حوکمی دەزگای قەزایی ئێران مەحکوم بە ئیعدام لە بەرچاوی خەڵک دەبێ ئیعدام بکرێ، کۆمەڵگە زیاتر دەکەوێتە بەر مەترسی توندوتیژی و لە هەمانحاڵدا خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی ئینسانی دەکوژێ و هەر ئەوە خۆی هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی. لە لایەکی دیکەوە لە بواری زانستی دەروونناسییەوە ئەوە سەلمێندراوە کە رەفتاری لەو بابەتە لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە زەربەی قورس لە ویژدانی کۆمەڵگە دەدا و زیاتر تۆوی دڕدونگی و توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە. ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە دیتنی کرداری جوان و مرۆڤدۆستانە وەخەبەر دێ نەک بە خوڵقاندنی دیمەنی ئیعدامی مرۆڤەکان هەرچەند تاوانباریش بن.

لە ژمارە ٦٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## ٢ی خەزەڵوەر ساڵڕۆژی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەموو ساڵێک ١ی خەزەڵوەر بیرهێنەرەوەی رووداوێکی مێژوویی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە، لەو رۆژەدا بوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما و تاروپۆی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" دامەزرا و ئێستا کە ٧١ ساڵ بەسەر ئەو رۆژەدا تێپەڕ دەبێ بە پێویستمان زانی کورتەئاورێک لە چۆنیەتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێویستیی ئەو دامەزرانە، بدەینەوە.

ئاوری شەڕی دووهەمی جیهانی دنیای تەنیبۆوە و پەلوپۆی ئاساری ئەو شەڕە گەیشتبووە ئێران و لەو نێوەشدا رۆژهەڵاتی کوردستانیش بێبەش نەبوو لە حزووری هێزە نیزامی‌یەکانی دەوڵەتانی ئەمریکا و بریتانیا و روسیە. هێزەکانی روسیە لە باکووری ئێرانەوە هاتبوونە نێو خاکی ئێران و هەتا ورمی پێشرەویان کردبوو و لەو لاوە هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە باشووری ئێرانەوە هاتبوونە نێو خاکی ئێران و لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر ببوون. بوونی هێزی ئەو دەوڵەتانە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوە کە حکوومەتی ناوەندی لە زۆربەی شوێن و ناوچەکەنی ئێران دەسەڵاتی خۆی لە دەست بدا و دەسەلات و بەڕێوەبەری بکەوێتە دەستی خەڵکەوە. ناوچەی موکریانیش یەکیک لەو ناوچانە بوو بە هەر هۆکارێک بووبێ هیچ کام لەو دەوڵەتانە هێزی نیزامیی خۆیان لێ دانەمەزراندبوو، هەر بۆیە ناوچەیەکی ئازاد و دور لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی تاران بوو و هەر ئەوە وای کرد کە چەشنێک ئازادی و سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا دەستەبەر بێت و خەڵکی کاروباری رۆژانەی خۆیان بە دەستی خۆیان رایی بکەن.

لەو سەروبەندەدا، کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر لە شاری مەهاباد کەوتنە خۆ بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیەکی سیاسی کە بتوانێ لەو هەلومەرجە بە قازانجی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێ و ماف و ئازادی‌یەکانی دەستەبەر بکا. ئەو رێکخراوەیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە ژێر ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێ ـ کاف) دامەزرا و دەستی بە ریکخستن و چالاکیی جوراوجوری وەک چاپ کردنی رۆژژمێری کوردی و بڵاوکردنەوەی نامیلکە و شێعری شاعیرانی کورد کرد و لەو رێگایەوە توانی جێگە و پێگەی خۆی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بکاتەوە. بەڵام دوای سێ ساڵ کار و تێکۆشان بۆ رێبەرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" دەرکەوت کە لەو سەردەم و هەلومەرجانەدا بەو شێوە کار و تێروانینەی ئەوان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد هەیانە، ناتوانن ئەندام و لایەنگری زۆر لە دەوری بەرنامەی خۆیان کۆ بکەنەوە و بەو شێوەیە چالاکانە ناتوانن لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کاتدا مانۆڕ بدەن و تەبلیغ بۆ ئیدە و بەرنامەکانی خۆیان بکەن. هەر بۆیە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ دا بڕیاریان دا لەسەر بنەمای"ژێ ـ کاف" حیزبێکی نوێ و بە بەرنامەیەکی سەردەمیانە و پیشکەوتوو کە بتوانێ لە گۆرەپانی سیاسی ئێراندا جیگە و پێگەی خۆی بکاتەوە و

لە هەمان کاتدا نوێنەر و نوێنگەی ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، دابمەزرێنن. ئەو بڕیارەی ڕێبەرانی "ژێ - کاف " لە سەرەوەی هەمووان قازی محەممەد، لە دایک بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە کە لە ڕۆژی ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ بە ڕاگەیاندراوێکی نوسراو و رەسمی بوونی خۆی ڕاگەیاند و لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٢٤ یەکەم کۆنگرەی خۆی بە بەشداری نوێنەرانی تەشکیلات، هۆز و عەشیرەتەکان و نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە شاری مەهاباد بەست و لەو کۆنگرەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رەسمی و ئاشکرا دەستی بە کار و تێکۆشان کرد و شێوەی خەبات و ئامانجەکانی دیاری کرا و خەت و ڕێباز و ستراتژی حیزب لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە پەسەند کرا و قازی محەممەد بە پێشەوای حیزب دیاری کرا و ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ کە ساڵرۆژی دامەزرانی (ژێ ـ کاف) بوو بە ڕۆژی دامەزرانی حیزب پەسەند کرا و مەبەست لەو کارەش ئەوە بوو کە کار و تێکۆشانی ئەو چەند ساڵەی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ببێتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی کوردستان ژ. ٧٩ ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژ ١٣٢٥ لەو بارەوە لە ژێر ناوونیشانی "جێژن و چراخانی" دەنوسی:

"ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرهەیوان و حەساری عەمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرابوو، لەو جێژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرنیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد..." هەر لەو ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا وتارێک بە ناوونیشانی "موبارێزەی ئازادی و دێموکراسی ئیمە پێ دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا" بە قەڵەمی سەید محەممەد حەمیدی بڵاو بۆتەوە کە دووپاتی ئەو ڕاستیە دەکاتەوە مێژووی "ژێ ـ کاف" بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.
گرینگیی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا لەوە دایە کە هەتا ئەو کات یەکەم حیزبی کوردی بووە کە بە شێوەی مودێرن و سەردەمیانە خاوەنی کۆنگرە و بەرنامە و پێرەوی نوسراو بێ و بەرێوەبەرانی بە دەنگی بەشدارانی کۆنگرە هەڵبژێردرێ. سەبارەت بە گرینگیی دامەزرانی حیزب، د. قاسملوو لە کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دیموکرات "چل ساڵ خەبات"دا ئاوا دەنوسێ: "دامەزرانی حیزبی دێموکرتی کوردستان نوختەگۆرانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێڕن. چونکە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورددا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێک نەهاتبوو... ."
هەروەها باشە لیرەدا ئیشارەیەک بە بەشێک لە ڕاگەیاندراوی حیزب (١ی خەزەڵوەری ١٣٢١) بکەین کە باسی پێویستی دامەزرانی حیزب دەکا.

"... هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خۆمان خەبات بکەین. ئەو خەباتە یەکیەتی و یەکرەنگی پێویستە. بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە حیزبی دیموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان دامەزرا و دەستی بە کار کردوە ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوە و لە پیناو وەرگرتنی مافی رەوای نەتەوەیی خۆتان فیداکاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان رێبەر و رینوێنی ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئالای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە مەترسی تەفروتونا بوون رزگار دەبێ..."

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو ماوە کورتەدا بەرنامەی خۆی دارشت و خستیە بەر چاوی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان. بەرنامەی حیزب "مەرامنامە" سێ فەسڵ و ٢٢ مادە لە خۆ دەگرێ کە هەر کام لە فەسڵەکان کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی کوردستانی لە خۆ گرتووە و بە کورتی دەتوانین بڵێین مەرامنامەی حیزب هەڵگری ئەو بابەتانەی خوارەوەیە:

- "چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران لەسەر بنچینەی "خودموختاری میللی" و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی لە نێوان کورد و کەمایەتییەکانی وەک، "ئازەری و ئاسوری و ئەرمەنی" و پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ژن و پیاودا.
- " گەشەپێدانی کشتوکاڵ و مکانیزە کردنی ئەو بەشە و دابینکردنی بازاڕ بۆ فرۆشتنی بەروبۆمی خۆماڵی و دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی و کەڵک وەرگرتنی بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی و دامەزراندنی کارگە و کارخانەی پیشەسازی و رەخساندنی هەلی کار، دروست کردن و پەرە پێدانی رێگاوبانی گونجاو بۆ ئاسانتر کردنی هاتوچۆی خەڵکی کوردستان و دابەش کردنی دەرامەتی باج لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمی و ناوەندیدا بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ لە بواری ئابووری و خۆشبژیوی خەڵکی کوردستان.
- دەستنیشان کردنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی ناوچەی خودموختاری کوردستان و بە ئیجباریکردنی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بۆ کچ و کور. دانانی پرۆژەی بنبڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان و بەدەستەوە گرتنی ئەمنیەتی نێوخۆیی و پاراستنی لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای تێپەربوونی ٧١ ساڵ بەسەر بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی و بەستنی ١٥ کۆنگرەی دیکە و بەڕێکردنی مێژوویەکی پڕ لە کار و تێکۆشان و فیداکاری، سەرکەوتن و شکان، خوێن و قوربانیدان و لەدست دانی رێبەرانی، "قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی"، ئێستاش بەو خەت و رێبازە کە لەسەر دەستی پێشەوا و هاوڕێکانی لە یەکەم کونگرەدا بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان پەسندکرا و لە دواییدا سەریان لە پێناویدا دانا، وەفادارە و درێژەدەری ئەو رێگایەیە.

لە ژمارە ٦٩١ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## سرنجێک لەسەر قسەکانی پاسدار ڕەحیم سەفەوی

لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا سیاستی گشتیی دەوڵەت ئەوە بوو کە کوردستان ئاوەدانییەکی ئەوتۆ بە خۆیەوە نەبینێ، هەر بۆیە هەموو کات بە چاوی نیگرانی وئەمنیەتییەوە لە کوردستانیان دەڕوانی ولە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە لایەن کار بەدەستانی ئەو نیزامەوە هەر هەمان سیاستی ڕەزاخانی لەسەر کوردستان دووپات بووە وهەتا ئیستاشی لەگەل دابێ هەرردێژەی هەیە. چەوسانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر ناوی جۆراجۆر وبە ئەمنیەتی کردنی ناوچەکە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ وماوە بەماوە بە هۆکار وبێ هۆکار دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لێدوان دەدەن وباس لەوە دەکەن کە بێگانە و ئیستکباری جیهانی دەیانهەوێ کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوە و بەو بیانوویە کۆمەڵێک تۆمەت وبوختان دەخەنە پال حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

چەند ڕۆژ لەوە پێش یەحیا ڕەحیم سەفەوی ڕاوێژکاری سەربازیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەو بوختان وتۆمەتانەی جارێکی دیکە دووپات کردەوە. ناوبراو ئەو جار ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکا وبە زمانی هەڕەشەو لە هەمان کات دا وەبیر هێنانەوەی ڕووداوەکان دەیهەوی بە حکوومەتی هەریمی کوردستان _عیراق بلێ ،نەکا سەرکەوتنەکانتان لە مەیدانی شەر دا و پێوەندیەکانتان لە گەڵ دنیای دەرەوە ئەوەتان لە بیر بەرێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا حوزووری هەیە وسنوورێکی دووردرێژی لەگەڵتان هەیە .ڕەحیم سەفەوی لەوە توورەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندی سیاسی ودیپلۆماتیکی لە گەل ولاتانی دنیا وبە تایبەتی ناوچە داهەیە ونایشارێتەوە کە چەندە بە بوونی کۆنسوولخانەکانی ولاتان بە تایبەتی عەربستانی سعودی قەلس وتوورەیە ولەونێوەدا کۆمەڵێک بوختان هەڵدەبەستی وبڕیاریان لە سەردەدا و بە زمانی هەڕەشە دەدوێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی بە بێ ڕەچاو کردنی هیچ پرنسیپێکی نێودەوڵەتی وناوچەیی و بێ گوێدان بە سەروەری عێراق وەک دەوڵەتێکی دراوسێ وحکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەسەلاتێکی سیاسی ناوچەکە ،بە کۆمەڵێک بەهانەی وەک پاراستنی سنوورەکانی ویارمەتی دانی خەڵکی عیراق وپاراستنی شوینە پیرۆزەکانی شیعە لە عیراق، ماوەی زیاتر لە ١٣ساڵە لە عێراقدا تەراتێن دەکاو لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە ٢٠ساڵە سنوور دەبەزێنێ. هەموو لایەک ئەوە دەزانن کە نزیک بە ٢٥٠ کەس لە کادر وپێشمەرگە وئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەلات لە ساڵانی ڕابردوودا لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون وهەر لە ماوەی ئەو ساڵانە دایە کە بەهێزێکی زۆر و کۆک وپۆشتەی نیزامی ئەوسنوورانەی کە ئەوەندە داواکاری پاراستنی هەن بەزاندیان و٢٠٠ کیلۆمیتر بە قووڵایی هاتنە نێو خاکی هەرێمی کوردستان وشوێنی حەوانەوەی بنەماڵەکانی حیزبی دیموکراتیان تۆپ ومووشەک باران. لەڕاستیدا نیزامی کۆماری ئیسلامی و دەسەلاتدارانی ئەو نیزامەن کە بێ پرنسیپی سیاسییان هێناوەتە مەیدانی کایە سیاسیەکان ودەست بۆ هەموو ڕێکارێکی ناڕەوا دەبەن بۆ مانەوەی دەسەلاتی خۆیان. لێرە

دایە دەبێ حیزبەکانی گۆڕەپانی خەباتی کورد بەتایبەتی حیزبەکانی باشوور ورۆژهەڵاتی کوردستان زۆر وریای پیلانگێڕییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بن.

لێرەدا پێویستە ئەوپرسیارە بێنینە ئاراوە کە لە حاڵەتی ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی خۆی لە لووتکەی بە هێزی دا دەبینی چۆنە لەو ماویەدا بێ هۆکار وبەهۆکار باس لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا ،وەڵامی ئەوپرسیارە دەتوانێ چەندین هۆکاری هەبێ :یەکەم ئەوەیە لە ماوەی ٣٧سالی رابردوودا سەرکوتی خەلکی کوردستان وتەبلیغ بۆ رەش کردنی خەباتگێڕان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە نەیتوانیوە خەلک وپێشمەرگە لێک بکاو جووڵانەوەی ماف خوازانەی خەڵکی کوردستان بە چۆکدابێنێ. هەر ئێستا دەبینین کە رۆژ بە رۆژ هەستی نەتەوایەتیی تاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە گەشەکردن دایە وئەو گەشە کردنەش زۆر سروشتییە بەستراوەتەوە بە بەرەوپێشچوونی خەباتی گەلی کوردلە هەر چوارپارچەی کوردستان و شاهیدی ئەوەین کە دۆزی کورد لە باشوری کوردستان وپارچەکانی دیکە چ لە ئاستی نێو خۆییدا وچ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا رۆژ بە رۆژ لە گەشە کردن دایە و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر چەند بە ئاشکرا ناتوانرێ تیکۆشانی سیاسی هەبێ ،بەڵام خۆشەویستی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رووی لە کزی نەداوە و بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامی جێگە وپێگەی ئەوحیزبانە رووی لە گەشەی زیاترە و خەڵکی کوردستان دەڕواننە گوتار وکرداری حیزبەکان ولە کار وکردەوەی رۆژانەی خۆیاندا رەچاوی دەکەن .بۆ نموونە کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆنەی جۆراوجۆردا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لە هەر شێوەیەکی مومکین کە بۆیان دەلوێ کەڵک وەربگرن بۆبەرەوپیش چوونی شوناسی نەتەوەیی وئەستاندنی مافەکانیان ، دەبینین چالاکانی مەدەنی دەرفەتەکان دەقۆزنەوە وبە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بۆ فێر کردنی زمانی کوردی بە منداڵانی کورد ،بەرێوە چوونی کۆمەڵێکی بەر چاو لە چالاکی ژینگە پارێزی کە وانەی نیشتمان خۆشەویستی تێدا فێری تاکی کورد دەکری وبەرێوە چوونی دەیان کۆرکۆبوونەوەی شیعر وگۆرانی وموسیقای کوردی ... نیشانەی زیندوو بوونی هەستی نەتەوایەتی وبوونی حیزبەکانی رۆژهەڵاتە لەنێو خەڵکی کوردستاندا، کە ئەو زیندوو بوونەی کۆمەلگای رۆژهەڵات بۆ ئەحزابی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگای دڵخۆشی وپشت گەرمییە و بۆ کۆماری ئیسلامی جێگای نیگرانی وتووڕەیی.

هۆکارێکی دیکە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پێ تووڕە و قەڵسن سەرکەوتنەکانی هیزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەری داعشە ،چونکە پێیان وایە ئەوسەرکەوتنانە زیاتر رێبەرانی هەرێمی کوردستان هان دەدا کە پرۆسەی راپرسی بۆ بریاردان لە سەر مافی چارەنووس بێننە مەیدانی کردار ولە ئاکامدا کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەو راستییانە ترسی خستووتە دڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیران و رەحیم سەفەوی بە ئاشکرا دەڵێ "ئێمە نیگرانی ئەوەین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە عیراق جیابکاتەوە وئەوە بۆ ئێمە قابیلی پەسند نییە." ئەو قسەوباسانە لە کاتێکدا لە زمانی راوێژکاری سەربازیی رێبەری کۆماری ئیسلامی بڵاو دەبێتەوە کە مەسەلەی کورد لە چاپێوەی سیاسەتی نێو خۆیی

ئەودەوڵەتانە هاتۆتە دەری کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە ومەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەیکی جیهانی. چونکە ئەو راستییە سەلمێندەراوە کە بێ چارەسەری پرسی کورد ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و وەزعی نێو خۆیی ئەودەوڵەتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ئارامی وئەمنیەت بەخۆیانەوە نابینن.

لە کۆتایی دا پێویستە وەبیر ئاغای رەحیم سەفەوی وهاوپیشەکانی بێنینەوە کە رەورەوەی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەست هێنانەوەی ماف وئازادیەکانی بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە بەرەوپێش چوون نەکەوت و ماوەی ٣٧ ساڵیشە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە سەرکوتی بکا وئێستاش بەو هەڕەشەو گورەشانە ئەوجوولانەوەیە لە حەرەکەت ناکەوێ وخەلک وپێشمەرگە شان بەشانی یەکتر بە کار وتیکۆشانی خۆیان ئەو خەباتە بەر حەقە دەگەیننە لووتکەی سەر کەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



## ٢٦ی سەرماوەز لە چەند قۆناغی مێژوویی‌دا

ڕووداوەکانی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی کە بە هۆی هاتنی سوپای سۆڤیەت و بریتانیا بۆ نێو خاکی ئێران ڕوویان دا، کاریگەریی تەواویان هەبوو لەسەر لاواز کردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری حکوومەتی ناوەندی لە تاران و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئازادی و چالاکی سیاسی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و، کوردستانیش بێبەش نەبوو لەو فەزایە کە هاتبووە پێشێ. خەڵک زۆر چالاکانە و ئازایانە هەلومەرجەکەیان قۆستەوە، بەتایبەتی کە سوپای سۆڤیەت نزیک بوو لە ناوچەی موکریان و لە ورمێ جێگیر ببوو، دامودەزگای دەسەڵات لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە تێکەوە پێچران و تەنیا شوێنێک کە ئاسەواری دەسەڵاتی پاشایەتیی ئێرانی لێ مابوو شاری مەهاباد بوو کە لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاوی‌دا شارەوانی ئەو شارە بە دەستی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو شارە دەستی بەسەردا گیرا. (ڕۆژنامەی کوهستان ژمارەی ١، سەبارەت بە گرتنی شارەبانی مەهاباد بە دەستی خەڵکی شار، تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەش کە بۆ وەزیری مشاویری تاران نووسیویەتی، بڵاو کردۆتەوە).

دوای گرتنی شارەوانی مەهاباد بە یەکجاری ئاسەواری دەسەڵاتی ڕەزاشا لە ناوچەکەدا نەما، هەرچەند حکوومەت هەوڵی دا لە ڕێگای سەرۆک خێڵ و عەشیرە بە دانی پۆست و عینوان، دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو؛ چونکە خەڵک گرینگیان بە نوێنەرانی حکوومەتی ناوەندی نەدا بەڵکوو لە شاری مەهاباد شووڕایەکیان لە خەڵکی شار بە سەرپەرستی و مەسئولیەتی قازی محەممەد پێک هێنا کە ڕۆژانە ئەو شووڕایە کاروباری خەڵکی لە بواری قەزایی و ئەمنی‌یەوە ڕایی دەکرد.

گرتنی شارەوانی مەهاباد لەو سەردەمەدا لە چەند بواردا گرینگی هەبوو: یەکەم: لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک لە دەسەڵاتداران کاریگەری هەبوو. دووهەم: ئەو حەرەکەتە سەرەتایەک بوو بۆ پێکهێنانی هێزێکی چەکدار کە بتوانێ پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بکا. سێهەم: گرتنی شارەوانی مەهاباد دەسپێکێک بوو کە خەڵکی کوردستان بەڕێوەبەریی کاروباری خۆی بە دەستی خۆی بێت و لەو بوارەدا ئەزموون کۆ کاتەوە و بە دەسەڵاتداران و نەتەوە ئازادەکان بسەلمێنی کە ئەگەر مەجالی خۆبەڕێوەبردنی پێ بدرێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێت، دەتوانێ وڵاتی خۆی بە باشترین شێوە ئیدارە بکا.

لە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕەسمەن بوونی خۆی ڕاگەیاند و لەو ڕۆژە بە دواوە بە کردەوە کاروباری سیاسی، ئەمنی، دادوەری، ئابووری و فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە لایەن

بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئیدارە دەکران. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ڕاگەیاندنەوە هەتا ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان گەلێک کاری پڕبایەخ و گرینگی ئەنجام دا کە هێندێکیان ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جێگای شانازی نەتەوەی کوردن، وەک دامەزرانی سوپای میللی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان... .

پێک هێنانی سوپای میللی بەشێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، چونکە لە بەرنامەی حیزبدا هاتبوو کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کاروباری کوردستان دەبێ بە دەستی گەلی کوردەوە بەڕێوە بچێ هەر بۆیە حیزبی دێموکرات دەبوایە لە فکری پێکهێنان و دامەزراندنی سوپایەکدا بێ کە بتوانێ دیفاع لە نەتەوە و دەستکەوتەکانی بکا. هەرەسی ئەرتەشی پاشایەتیی ئێران بە دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت و بریتانیا بۆ نێو خاکی ئێران، هەر وەکی لە پێشدا باس کرا، بوو بە هۆی ئەوەی کە پادگان و پاسگاکان لە لایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەردا بگیرێ و خەڵک دەستیان بە چەک رابگا و لەو بارودۆخەدا ڕێبەرایەتیی حیزب بێکار دانەنیشت و هەلەکەی قۆستەوە و ئەندام و لایەنگرانی خۆی کە چەکدار بوون، لە هێزێکدا بە ناوی هێزی دێموکرات ڕێکی خستن کە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠دا کە لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە روونی ئیشارە بە بوونی هێزی چەکدار ڕێکخراو دەکا کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

"... موتابقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا ساز کرابوو پێشەوا بە تەواوی حوزار ڕۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لە تریبون هاتنە خوارێ و بە پێش تەواوی گوردان و گوروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستاندا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەموانی ڕۆژ باش فەرموو لەو کاتەدا بە دستووری معاوینی فەرماندەی هەموو هێز لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستان شیلینگ کرا".

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ یەکی دیکە لەو ڕۆژە مێژوویانەیە قەت لە بیر و زەینی تاکی کورد ناسڕێتەوە. لەو ڕۆژەدا بە فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار بە شێوەی رەسمی و بە بەشداری هەزاران کەس ئاڵای کوردستان لە ڕێوڕەسمیکی بە شکۆدا لە مەهاباد، هەڵکرا.

گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی سێهەمیدا لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە مەهاباد" ئاوا دەنووسێ: "هەر وەکوو لە پێش دەرهاتی کوردستاندا عەرز کرا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حزووری دەهەزار نەفەر هەڵکرا و لە کاتێکدا دەستەی میوزیک مارشی میللی لێدەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی سەفی نیزام کە لوولەی تفەنگ و موسەلسەل و سەرنێزەیان دەدرەوشاوە، دەستەی لاوان و قوتابییانی مەکتەب، کچ و کوڕ، لە لای ڕاستی ئاڵا لە حەرەکەتدا بوون ، گەورە و چووکی مەهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە پشت سەری ئاڵا سەری تەعزیمیان بۆ دانەواندبوو، بۆ ئیحترام

چەپڵەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا و، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەممەد وتارێکی بەتینی لە بابەت ئاڵای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو. ئەو جار لە پاش نوتق و خیتابە و تیر هاویشتنێکی زۆر و بەجێهێنانی مەراسم و نەسبی ئاڵا لەسەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان جێژنە دوایی هات".

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ لە گەرمەی شەڕی داسەپاو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر کوردستاندا، رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی زانی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە ناودێر بکا، لە لایەک نیشانەی پێزانین و ئەمەکداری بوو لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازایەتی و فیداکاری و گیانبەختکردنەی هێزی پێشمەرگە و لە لایەکی دیکەوە پێویست بوو هێزی نیزامی کوردیش وەک هەموو ئەرتەشەکانی وڵاتان، رۆژێکی دیاری کراوی هەبێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا حکوومەت و خەڵک وەیەکڕا رێز لە فیداکاری و ئازایەتیی گیانبەختکردنی رۆڵەکانی خۆیان بگرێ. هەر بەم مەبەستە کومیتەی ناوەندیی حیزب لەسەر رۆژی ٢٦ی سەرماوەز ساغ بووە کە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر وەکی پێشتر باس کرا، دوو رووداوی گرینگن لە دوو ساڵی جیاواز و بە دوای یەکدا (١٣٢٣ ـ ١٣٢٤)؛ لەو رۆژەدا رووی داوە و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەبووە یەکیان سەرەتایەک بووە بۆ پێکهێنانی سوپای میللی کوردستان و ئەویتریان ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرا کە هێمای نەتەوەیی کوردە و، هەموومان باش ئەوە دەزانین کە پێشمەرگە و ئاڵا دوو جمکی لێک دانەبڕاون.

ئەوەتا دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ بە هۆی فیداکاری و ئازایەتی و خوێن و قوربانیدان، ناوی پێشمەرگە لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی و زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بۆتە ناوێکی ئاشنا. هەرچەند لەو رۆژەوە کە ناوی پێشمەرگە بە بەژنی چەکداری کورد بڕا و ئەرکی شەکاوە راگرتنی ئاڵا و دیفاع لە شەرافەت و کەرامەتی گەلەکەی کەوتە سەر شانی، دوژمنانی کورد بە تەواوی هێزی سیاسی و ماڵیی خۆیان هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە بەدناو کەن و وەک تیرۆریست و پیاوکوژ و جەردە بە دنیای بناسێنن، بەڵام بە هۆی راستگۆیی و پاکی، جوامێری و ئازایەتی و پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە پێشمەرگە، پڕوپاگەندەی دوژمن نەیتوانیوە کاریگەری هەبێ و لە بەدناو کردنی پێشمەرگە و لەو بوارەدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، بەڵکوو بە پێچەوانەی هەوڵی دوژمنان، پێشمەرگە رۆژلەرۆژ خۆشەویستتر دەبێ، چونکە لە سەردەمی ئیستادا خەڵکی کوردستان لە لایەک و بەرەی دژەتیرۆر لە سەرانسەری دنیادا لەلایەکی دیکە، بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر ئەوە وایکردووە دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەگەر بە زاهیریش بێ، بە رەسمی ناوی پێشمەرگە وەک رزگاریدەر و هێزی کاریگەری لە بەرابەر تیرۆردا، بێنن.

**لە کۆتاییدا پیرۆزبایی رۆژی پێشمەرگە و ئاڵا لە هەموو پێشمەرگە و پارێزەرانی خاک و ئاڵای کوردستان دەکەم.**

**لە ژمارە ٦٩٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦**



سەرچاوە
Serchawe

## تنۆکێک لە دەریای فیداکاریی پێشمەرگە

خۆر لە پشت چیا بەرزەکان پەنای گرتبوو. شێوەی ڕۆژانی پێشووتری نەدەدا. ئارام و هێورتر خۆی دەنواند. دیار بوو هەواڵێکی پێیە. مخابن نەیدەتوانی ئەو هەواڵە بە ڕۆڵە پاک و بێگەردەکانی کوردستان رابگەیێنێ. تەنیا هەوڵیدەدا، ئیزن نەدا سپای تاریکی بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بێ و ڕێگا و کوێرەڕێییەکان لە بەرچاوی کوڕانی دێموکرات ون بن.

دەستەی تیمی پێشڕەو ئارام و هێدی بەرەو شوێنی مەبەست ڕێگایان دەپێوا و لەگەڵ هەر هەنگاوێک لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانی و تێدەکۆشان بەسرنجەوە سەیری هەر جموجۆڵێکی گوماناویی بکەن. ئەوان ئەرکیان گران بوو چونکە دەبوایە ڕێگای بەردەمیان تاقی بکەنەوە، تاکوو پێشمەرگەکانی دوای خۆیان تووشی لەمپەر و گیروگرفت نەبن و بە شادی و سڵامەتی بگەنە باوەشی خاک و خەڵک لە قووڵایی ناوچەکە.

مەترسی ڕێگا، کۆنەڕێ، پێگەی دوژمن، دەوروبەری مەیدانی مین کەم نەبوو، شوێنی سەرەولێژ و کەندۆڵ و گەو و پێچیش دەستیان وەدەستی هەورازی پشووبڕ دابوو. تیمی پێشڕەو لەسەرهەست و چاوکراوە ڕێگای دەبڕی. لەو بێدەنگی‌یەدا، لەنەکاو یەک لە پێشمەرگەکان ڕاوەستا و بە دەست ئیشارەیەکی کرد:

* مەیێنە پێش!

ئەو چاوی لە قەراغی جادەکە بڕیبوو.

* ئەو تەمبازەیە چیە لێرە؟ زۆر تازە دیارە!

کەس هیچی نەگوت. خۆی وەجواب هات.

* ڕەنگە مین بێت.

یەک لە پێشمەرگەکان کە زۆر تامەزرۆی باوەشی نیشتمان بوو، وەدەنگ هات.

* کوڕە خۆ مەعتەل مەکەن، ئەو دەوروبەرە پڕە لە مەیدانی مین، ڕەنگە کۆنەمین بێت خۆی، تێ‌مەگەیێنن.

بەدوای ئەو قسەیەدا وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی، قاقایەکی لێ دا. بەڵام نە پڕ بە گەرووی، بەڵکوو بە ئەسپایی...

بەدوای ئەو قسە و باسانەدا تیمی پێشڕەو دەستی بە جووڵە کردەوە، چەند هەنگاوێک لەو شوێنە دور نەکەوتنەوە کە لەپڕدا دەنگ و گرمەی چەند تەقینەوەیکی بەهێز هات. بێدەنگی ناوچەکەی شکاند و تەپوتۆزیکی وەک گەردەلوول تیمی پێشڕەوی دەخۆیەوە پێچا. بۆ چەند چرکەیەک ئاگایان لە یەکتر بڕا. روون نەبوو کە چی قەوماوە. هەر ئەوەندە کە فەرماندەی دەستەکە کەوتبووە سەر پشت و دەستی بۆ تفەنگەکەی دەبرد و دەیهەویست هەستێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی لەجێی خۆی ببزوێ. ئەو تازە بەخۆی زانیبوو کە بە توندی بریندارە. هاواری لێ‌هەستا:

* کوڕینە!

کەس وڵامی نەداوە. جاریکی دیکە بانگی هاوڕێیانی کرد. ئەوجار وەڵامی وەرگرتەوە:

* ئەی ئەوانی دیکە...

دەستی بۆ بێسیم برد و تیمی سەرەکی لە وەزعییەتی خۆیان ئاگادار کردەوە.

پێشمەرگەکان دەستەو تفەنگ هەنگاوەکانیان خێرا کرد. لە هیندیک شوێن بە راکردن و لە هێندێک جێ بە نەرمەغار خۆیان گەیاندە شوێنی تەقینەوەکە. بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەر جموجۆڵێکی ئیحتمالی دوژمن لە دەوروبەری ئەو جێگایە دامەزران.

لە شوێنی تەقینەوەکە شەهید و برینداری لێ بوون. چەند کەس لە پێشمەرگەکان چوونە سەر جەنازەی شەهیدەکان و چەند کەسی دیکەش هەوڵیان دەدا برێندارەکە لەو مەیدانە دوور بخەنەوە.

راست لەو کاتەدا کەوتنە بەر پەلامار و ئاوری چەکی هێزەکانی دوژمن. بەڵام ئەوجارەیان وەکوو سەعاتێک پێشتر نەبوو. پێشمەرگەکانی دێموکرات لێیان وەدەست هاتن و سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ کردن و پاشەکشەیان بەوان کرد. ئازایەتی و دەستوبردی پێشمەرگەکان وای لە دوژمن کرد کە نەتوانێ هەموو پیلانەکەی، واتە لەنێوبردنی هەرهەموو پێشمەرگەکان،



سەرچاوە
Serchawe

وەک چۆن دایڕشتبوو جێبەجێی بکا.

بەرەبەرە تاریکایی بە تەواوی باڵی بەسەر ناوچەکە داکێشابوو. هێزەکانی پیادەی دوژمن لە مەیدانی شەڕەکە دوور کەوتبوونەوە. تەنیا دەنگی تەقینەوەی تۆپ و چەکی دوورهاوێژی دوژمن بوو لە خڕ و دۆڵ و لاپاڵی ناوچەکە دەداوە و دەوروبەری رووناک دەکرد. بەو وەزعە، پێشمەرگەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەوەندەی بۆیان بکرێ و لە تاقەتیاندا بێ، شەهیدەکان و بریندارەکە لە شەڕگە دوور بخەنەوە. بەڵام رژد و هەڵدێریی ئەو دەڤەرە و مەیدانی مین، رێگرییەکی تەواویان لەسەر رێگای راگوێزانی خێرای شەهیدەکان و بریندارەکە خوڵقاندبوو. شەو بەردەوام بەرەو درەنگی دەچوو. پێشمەرگەکان فرسەتیان بۆ جووڵەی خێرا لەکەمی دابوو. ئەوان بەنۆرە تەنیا چەند هەنگاوێک دەیانتوانی شەهیدەکان و بریندارەکە بە کۆڵ راگوێزن. بەرەبەرە توانای جەستەییان لەکزی دابوو. بەرەبەیان نیزیک دەکەوتەوە. هەر بۆیە ناچاربوون خێرا جەنازەی شەهیدەکان لەبن سێبەری تاشەبەردەکاندا حەشار بدەن. بەو هیوایە کە لە یەکەم دەرفەتدا بگەڕێنەوە و جەنازەکان بگەیێننە گۆڕستانێکی ئەمین و دوور لە دەستی دوژمن.

لە کات و ساتێکی ئەوتۆ ئەستەمدا، لەرووی ناچاری و پێچەوانەی ویستی خۆیان، هەر ئەوەیان لە دەست دەهات. ئەوان دەبوایە بریندارەکە لەو شوێنە پڕمەترسی‌یە دوور بخەنەوە.

هێدی هێدی تاریکایی شەو روو لە کۆتایی بوو. خەریک بوو سپێدە دابێ. تا ئەو کاتەش پێشمەرگەکان هێشتا نەیانتوانیبوو بریندارەکە بەمەودای پێویست دوور بخەنەوە کە ئیتر مەترسی لەسەر نەمێنێ. ئەوان ناچاربوون بڕیارێکی دیکە بدەن، هەم بۆ نەجاتدانی بریندارەکە و هەم بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. لەجێوە بوونە چەند دەستە. هەر دەستەیەک هەوڵی‌دا پێش خۆرهەڵات بگاتە شوێنی مەبەست. بەڵام لەبەر هیلاکی و ماندوویی پێشمەرگەکان و رووناک بوونی هەوا و وەزعی نالەباری بریندارەکە، نەدەکرا لەوە زیاتر رایگوێزن. پێویست بوو چەند پێشمەرگەیەک و کادری دەرمانی لەگەل ئەو بمێننەوە. هاوڕێی فەرماندە لەگەڵ ئەوەی بە مێشک و جەستە زۆر ماندوو بوو، بەڵام هەوڵی دا وەسەرخۆی نەهێنێ. ئارام، لەسەرخۆ، قاتع و خۆراگر رووی لە پێشمەرگەکان کرد.

* کوڕینە من بڕیارم داوە لای بریندارەکە دەمێنمەوە هەتا هەلی مومکین بۆ دەرباز کردنی دێتە پێش و ئێوەش بڕیاری خۆتان بە دەستی خۆتانە. من دەزانم مانەوەمان لێرە لە حالەتی ئاشکرابووندا رەنگە بەرامبەر بە مەرگ بێت و منیش ئەو مەرگە هەڵدەبژێرم و هاوڕێی پێشمەرگەی بریندارم بەتەنیا جێ ناهێڵم.
* ئیمەش وەک تۆ دەکەین چونکە لە فەرهەنگی پێشمەرگەی دێموکراتدا نەبووە تەنگوچەڵەمە چۆکمان پێ دابدا، بەڵکوو ئازایەتی و لەخۆبووردەیی پیشەی کوڕانی دێموکرات بووە و دەبێ.

برینداره‌که بەدەم دوو ئازارەوە دەتلایەوە. ئازاری برینێکی قووڵ، خوێن لەبەرڕۆیشتنێکی زۆر، لە هەمان کاتدا نیگەرانی لە مەترسی کەوتنی گیانی هاوڕێ پێشمەرگەکانی بۆخاتری ئەو، ئەویان پترووپتر لە دەروونەدا ئازار دەدا تاکوو برینەکەی.

رووی لە هاوڕێیانی کرد. بە دەنگێکی نزم، بەڵام پڕ لە وره و ئیمان و ئازایەتی وەدەنگ هات.

* داواتان لێ دەکەم لەبەر رزگارکردنی من گیانی خۆتان مەخەنە مەترسییەوە. لەو حەرەکەتەدا زیانمان وێکەوتووە، بەڵام با زیانەکان لەوە زیاتر نەبن. ئێوە بڕۆن و تەنیا چەکەکەم بۆ جێبهێڵن. ئەگەر خوا کردی زیندوو مام، ئیوارە بە دوامدا وەرنەوە. ئەگەر شەهیدیش بووم سەربەرزییە بۆمن کە تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی ڕێبوارانی ڕێی ئازادی و ڕزگاری خاک و نیشتمان دەبم، تکایە... تکایە...

پێشمەرگەکانیش بڕیاری خۆیان بەر لەو قسانەی هاوڕێی بریندارریان‌دابوو.

* سپاس لە وره و ئیمانەت، بەڵام خاترجەم بە بەتەنیا جێتناهێڵین، یا دەربازت دەکەین، یا هەمووومان پێکەوە دەمرین.

دوای ئەو قسە و باسانە پێشمەرگەکان وەخۆکەوتن. لەبن تاشەبەردێک جێگایەکی وەک سەنگەریان بۆ بریندارەکە بە بەرد دروست کرد و خۆشیان بە چوار دەوریدا سەنگەریان بە شیوەیێک دروست کرد کە زۆر لەچاو نەدا. هەتا ئەو کارانەیان کرد گزینگی خۆر لە سەرانی‌دا و دنیا بە تەواوی رووناک بوو. هەوا بەرەبەرە گەرمتر دەبوو و دڵەخورپە و چاوەڕوانیش پتر، کە دوژمن دوای تەقە و لێکدانی دوێنی ئێوارە دژکردەوەی هەبێ. زۆری نەخایاند هێزێکی زۆر و زەوەندی دوژمن بە ئارایشێکی نیزامی بە ناوچە وەربوون و تا نزیک پێشمەرگەکان هاتن، بە جۆرێک کە کەوتبوونەبەر سێرەی چەکی پێشمەرگەکان. پێشمەرگەکان بڕیاریان‌دابوو بریندارەکە رزگار بکەن، نەک شەڕی دەستەویەخە. بۆیە لە هێرش‌کردن خۆیان پاراست و بە ئامادەگی‌یەوە چاوەڕوانی دوژمن مانەوە. هێزی دوژمن دوای گەڕان بە داخەوە تەرمی شەهیدەکانی دۆزیەوە بە پەلەپەل و خێرا کەوتنە راگواستنی جەنازەکان. پاشان چەندین دەستڕێژیان لە دەوروبەری خۆیان کرد و بەرەو دواوە گەڕانەوە.

دوژمن رۆیشت، دیسان ناوچە لە جووڵە کەوت، برینی بریندارەکە قورس بوو، خوێنی زۆری لەبەر رۆیشتبوو. شوێنەکە ویشکارۆ و بێ‌ئاو بوو. ئاوی قومقومەکان هەر شەوی پێشتر بەرەو تەواو بوون چووبوون. هەڵبەت ئەگەر ئاویش لە دەوروبەر بوایە، دیسان پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەو دەڤەرە هەمووکات لەژێر چاوەدێری پایگاکانی دوژمن دابوو. دەبوایە هەتا ئێوارە بەبێ ئاو و خۆاردن هەڵبکەن، بەڵام ئەوەی گرفت بوو وەزعی بریندارەکە بوو. ئەو زۆری خوێن لەبەر رۆیشتبوو. پێویستی بە ئاوەکییەکی وزەبەخش هەبوو بەڵام لە دەسترەسی کادری درمانی‌دا نەبوو. بۆیە کادری دەرمانی



سەرچاوە Serchawe


هەوڵیدا لە نیوە قومقومەیەک ئاو، کە لە کوێ ئەوانیتر دەستی کەوتبوو بە فلیقاندنەوەی چەند دەنک خورما و تیکەڵ کردنی لەگەڵ چەند قەترە ئاو، وزەبەخشێک دروست بکا و جارناجارێک بەدەمی بریندارەکەی دابکا. پێشمەرگەکان هەتا ڕۆژ ئاوابوو، بەو شێوەیە لە دەوری بریندارەکە مانەوە و گیانیان خستە مەترسی و برسییەتی و تینوایەتی‌یان تەحەموول کرد و کۆڵیان نەدا و بەسەر سەختی‌یەکاندا زاڵبوون. هەرچەند نەیانتوانی جەنازەی شەهیدەکان دوور بخەنەوە، بەڵام بە لەخۆبووردەیی توانیان بریندارەکە ڕزگار بکەن و لاپەڕێکی دیکەی فیداکاری و بوێری پێشمەرگەی کوردستان لە مێژوودا تۆماربکەن.

**تێبینی: شەهیدانی ئەم حەماسەیە بریتین لە: ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی**

**لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦**























سەرچاوە
Serchawe




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧١٦ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٦ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ عومەر باڵەکی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe